
یەکگرتن

گۆڤاریکی ڕۆشنبیری تیۆریە



16
1993

بنکەی ڕۆشنبیری یەکگرتن بڵاوی دەکاتەوە



هیممەت کاکەیی



هیممات کاکەیی



مایەی ڕەسوڵ



فایەق ڕەسوڵ

١٦ / ١٩٩٣

هەوالنامەی کتێب

یەکگرتن

گۆڤاریکی ڕۆشنبیریی تیۆرییە

چەند سەرنجێك

★ داوای لێبوردن دەکەین بۆ دواکەوتنی ئەم ژمارەیەی گۆڤارەکە . بێگومان هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاو گیروگرفتە سەختە ئابووریەیەی بەدەستیەوە دەناڵێنین و لە ژمارەی پێشوویشدا هیمامان بۆ کرد و داوای درێژکردنی دەستی یارمەتیمان لە خوێنەر و نووسەرە بەڕێزەکان کرد . شایانی باسە ، بەردەوامبوونی گیروگرفتەکە دەگەڕێتەوە بۆ : ١ـ بەدەگەوە نەماتنی خوێنەر و نووسەران ، ژمارەیەکی زۆر کەم نەبێ ، بۆ کۆمەکیکردن و یارمەتیدان . ٢ـ نەناردنەوەی نرخی گۆڤارەکە و تێچووی پۆست لەلایەن هەندێ خوێنەر و نووسەرەوە . ٣ـ نەبوونی سەرچاوەیەکی ڕەسمی بۆ یارمەتیدانی بەردەوامی گۆڤارەکە . هیوادارین خوێنەرانی بەڕێز نرخی گۆڤارەکە بنێرن و قەڵەم دۆستانی کورد و نەمنۆرانی پەرەسەندنی ڕۆشنبیریی کوردیش دەستی یارمەتیمان بۆ درێژکەن و لەم تەنگانەیەدا بەپیرمانەوەبێن .

★ بۆ کونترۆلکردنی هاتنەوەی پارەی گۆڤارەکە ، پێمان باشە خوێنەرانی بەڕێز لە دوو شت ئاگاداریکەینەوە : ١ـ ناردنی نرخی گۆڤارەکە پێش وەخت دەبێ و بەهۆی دانی ئابوونەی بەشداریەوە دەبێ ، ئەمەش بەناردنی ناو و ناونیشان و داواکارییەکە لەگەڵ نرخی بەشداریی بەنامەیەکی ڕێکۆمێند (زامنکراو) بۆ ناونیشانی گۆڤارەکە . ٢ـ هەر کەسێك پارەی ژمارەکانی ڕابردووی نەناردووە لەگەڵ پارەی ئەم ژمارەیەدا نەیانێرێ ناچاردەبین (پیرەمێرد) ی شاعیر ئاسا ناویان لە ژمارەی داهاتوودا بڵاوبکەینەوە و نەلکانی تریان لێ بەئاگابهێنین .

★ زۆر سوپاسی فۆندەسیۆنی (FREDSFONDEN) دانیمارکی دەکەین کە ئیمسالیش وەك سالی پار دەستی یارمەتیان بۆ درێژکردین بۆ زامنکردنی دەرچوونی ژمارەکانی گۆڤارەکە لە کوردستان کە زۆربەی بەهۆیایی یان نرخێکی زۆر کەم بڵاودەنەوە.

★ زۆر سوپاسی کاك (شیروان و ئاراس) دەکەین لە شاری فرانکفۆرت ـ ئەڵمانیا بۆ هاوسەرکردنی پارەی کۆمپیوتەرێك بۆ (یەکگرتن) لەوێناو پەرەپێدانی لایەنی هونەریی گۆڤارەکەدا .

★ لەماوەیەکی نزیکی داهاتوودا ژمارە دووی گۆڤاری (دەروازە) کە تایبەتە بەدەقی وەرگێڕدراو بڵاودەبێتەوە ، هەرکەسێك دەتوانێ دانەیەکی دەستکەوێ بەنامەیەك ناو و ناونیشانی خۆی لەگەڵ نرخی گۆڤارەکە (٦٠) کرۆنی دانمارکی بەنامەیەکی ڕێکۆمێند بۆ ناونیشانی (یەکگرتن) ڕوانەبکات .

★ تکا لە نووسەرانی بەڕێز دەکەین ، چ لە ئاوارەیی و چ لە کوردستان ، ئاگاداری ئەوەبن بەرهەمەکانی بۆ (یەکگرتن) ی ڕوانەدەکەن ، نەنێرن بۆ جێگەی دیکەش یاخود لە کتێبێ تایبەتیدا چاپیان نەکەن ، چونکە ئەوە دژی پرنسیپی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەگەرییە و پێمان ڕاست نییە بەرهەمێك لەدوو جێگە بڵاوبێتەوە . پێچەوانەی ئەوە ئێمە ناچاردەبین ناوی ئاو نووسەرانە لە گۆڤارەکەدا بڵاوبکەینەوە و خوێنەر و نووسەرانیان لێ بەئاگابهێنین .

★ ژمارەی داهاتووی گۆڤارەکە تایبەتە بەدوو فایل ، یەکێکیان دەربارەی ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیریی کورد ، ئەوی دیکەیان سەبارەت هونەری شێوەکاریی کورد . بۆ ئەم فایلەش چاوەڕوانی بەرهەمی بەپێزی هەموولایەکین .

یەکگرتن

گۆڤاریکی ڕۆشنبیریی تیۆرییە



بنکەی ڕۆشنبیریی یەکگرتن بڵاوی دەکاتەوە

صفحه‌ی کتێب

١٦ / ١٩٩٣

سەرنووسەر

هەڵکەوت عەبدوڵلا

بەرپرسیاری ئەدەب و هونەر

فەرهاد پیربالّ

بابەتەکانی بڵاوەپێنەوە دەربڕی بیروڕای نووسەرەکانە و مەرج نییە لەگەڵ تێڕوانینی بنکەی ڕۆشنبیریی یەکگرتندا یەکبگرنەوە

نرخی گۆڤارەکە (٦٠) کرۆنی دانمارکیە
ئەندامەتی ساڵانە (٢٠٠) کرۆنی دانمارکیە
لەگەڵ ژمارەی تایبەتیدا نرخەکە ٤٠٪ زیادەڕەوی دەکات

ناونیشان

YEKGIRTIN
Post Box..227
1502 KBH. V
DANMARK

تەلەفون

٤٤٩٤٧٦٨٤

ناواخن

- هالکەوت عەبدوللا :
خواروووی کوردستان و « دیموکراسیەت » ٩
- ڕێبوار سیوەیلی :
ڕۆڵی تەلەفزیۆن لەبەرهەمهێنانی زهروزمنگدا ١٥
- نازاد حەمە :
وتووێژێکی سیمیۆلۆژیا لەڕمنەی عەقلدا ٣١
- عەتا فایەق قەرەداغی :
سەرمایەکی میژووویی دەربارەی تێکشکاندنی کەسایەتی نەتەوەیی کوردو پڕۆژەی بنیادنانەوەی ٥١
- یەکگرتن :
سیمینارێک سەبارەت شوێنەواری کورد لە « سیستەمی نوێی جیهانی » دا ٦٥
- ئەنوەر سولتانی :
شەش دەستووسی کوردی « گۆرانی » لە کتێبخانەکانی ئینگلستان ١٠٥
- مەریوان وریا قانیع :
عەقڵی سیاسیی عەرەبی (خوێندنەوەیەک) ١١٧
- ئومێد مەهدی (هەندرێن) :
گفتوگۆیەکی ئاوالای نێوان ئەدۆنیس و فاتیع مودەریس (وەرگێڕان) ١٢٧
- ڕێبوار :
جیهانی نووسین لەسەردەمی وێنەدا(وەرگێڕان) ١٤٨
- د . هاژار :
ڕەوتی کیسەڵ لەوڵاتی ICE دا
یا شیزۆفرینیای دیبلۆماسی ! ١٦٤
- فەرهاد پیربال :
ڕێکخراوی (ئیتیحاد و تەرەقی) :
کێشەی کورد باباتی سەروتارێکیان ١٧٣
- فوئاد عەبدولڕەحمان :
دەمامک و شیعری جیهانی ١٧٧
- عبدالمطلب عبدالله :
تازەگەرێتی لە شیعردا ١٨٢
- بەختیار عالی :
کەرنەڤال ١٨٩
- حەمە فاروق :
گوڕ و کرمە نالتوونییەکان ١٩٩
- مەمەباد قەرەداغی
١/١/١ ٢١٢
- مارف عومەر گوڵ
قیژە ٢١٤
- عەباس عەبدوللا یوسف
کێشمەکێش ٢١٥
- نەوزاد ڕەفعەت
خۆر و شەوگار ٢١٦
- شێرزاد حەسەن
کەوتنی ژمارەکان ٢١٧
- عەبدوللا سەراج
چەند چیرۆکێک ٢٢٢
- ڕزگار عەبدوللا
شام لەدوو سەحەردا ٢٢٧
- سابیر ڕەشید
تانۆک ٢٣٠
- ئارام کاکەی فەلاح
کۆچێکی لەناکاو ..مەرگێکی تر ٢٣٤
- مەولوود ئیبراهیم حەسەن
ناترسێم ، بەڵام ڕقم لێیان دەبێتەوە! ٢٣٦
- زریان کاکەیی
بزلووک ٢٣٩
- فەرهاد پیربال
مەدحەت کاکەیی ٢٤١
- گارا ڕەسوڵ
پێشانگایەک بۆ ٣٠ هونەرمەندی شێوەکاری کوردستانی خواروو لە شاری موینشین ٢٤٨
- یەکگرتن
هونەرمەندانی کورد : هاژار ٢٥٦
- ئەحمەدی مەلا
نازادییەکی برسی (دوالاپەرە) ٢٦٠

ڕووبەرگی پێشەوە : هونەرمەند دارۆ

ڕووبەرگی پشتەوە : هونەرمەند فایەق ڕەسوڵ

هەوالنامەی گەل

خواروو کوردستان
و
« دیموکراسیەت »

لە کۆتایی هەشتاکانەوە هەتاکو ئیمرۆ ، بەتایبەتی دوای گۆڕانکارییەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات ، مشتومڕ و گفتوگۆکردن لەسەر دیموکراسیەت لەسەر ئاستی دنیا باو و بەربڵاوە ، بەجۆرێك کە پێدەچێ بەردەوامبن و وا بزووێی کۆتاییان پێ نەیەت . باوی و بەربڵاوی مشتومڕ و گفتوگۆکان بەجۆرێکە ، ئەگەر سەربکەی بەهەر کون و قوژبنێکی دنیادا گوێت لە بانگداشەی جێبەجێکردنی « دیموکراسیەتی بێ وێنە » و «دیموکراسیەتی هاوچەرخ» و ... دەبێت ، تەنانەت لەلایەن ئەو ڕژێمە تۆتالیتار و سەرکردە دیکتاتۆرانەیشەوە کە ڕۆژانە مرۆڤ بەدڕندەترین شێوە دەمەوسێنناوە و نەریتە مرۆڤایەتیەکان بە ناشرینترین شێوە پێشێلدەکەن . مەترسی ئەوەش بانگداشەکردنە بۆ دیموکراسیەت و کارکردنە بەپێچەوانەیەوە ، وات خۆحەشاردانە لە جلوبەرگی دیموکراسیەتدا کە دەبێتە هۆی ڕەواکردنی چەکە دیموکراسیەکان و ساختەکردنی مافی دیموکراسیی مرۆڤ .

ئەگەرچی ئەو مشتومڕ و گفتوگۆیانەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی بالادەستی جیهان بەڕێوەیاندەبەن ڕێگەیەك نییە بۆ چەسپاندنی دیموکراسیەتی ڕاستەقینە و هەمەلایەن لەسەر ئاستی دنیا ، بەڵکو ڕێگەیەکە بۆ هێرشبردنە سەر سۆسیالیزم و تاکتیکێکە بۆ جێگیرکردنی بەکاربردنی پێویست بۆ بەردەوامبوونی سەرمایەداری . نموونەی ئەوە داکۆکیکردنی ئەو ئامرازانەی ڕاگەیاندنە لە دیموکراسیەتی بێ چەندوچوون لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و سازاندنی هاوێستەکان لەهەر « جیهانی سێیەم » بەپێی بەرژەوەندییەکانی زلهێزەکانی دنیا - بەڵام هێشتا پێشکەوتنێکی چۆنایەتیە لەووی پەرەسەندنی هوشیاریی دیموکراسیەوە لەسەر ئاستی جیهان و نابێ پتشتگوێخرێت .

مشتومڕ و گفتوگۆکردن دەربارەی دیموکراسیەت لە خواروو کوردستان ، بەتایبەتی دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی ئازاری (مارس) ١٩٩١ و لەژێر کاریگەریی گۆڕانکارییەکانی جیهاندا ، باو و بەربڵاوە . دیموکراسیەت لای ئێمە لەم سەردەمەدا تاکە دروشمێکە ڕۆژانە بەرزدەکرێتەوە بێ ئەوەی هاڵگرانی هەست بەپێویستی داکۆکیکردن لە ڕەوایەتی و شیکردنەوەی ناوەڕۆکەکانی بکەن . تەنانەت مرۆڤ دەرك بەوە دەکات زۆربەی جار بەرزکردنەوەی ئاو دروشمە بەری هوشیارییەکی قوڵ نییە بەرامبەر دیموکراسیەت و ئەو خۆبەختکردنانەی پێویستە لەپێناویدا بکرێت ، بەڵکو ئەنجامی هەندێ ویستی کاتییە کە هیچ شتێك بەردەوامیان مسۆگەرناکات ، بەتایبەتی ئەگەر کۆتایی بە هاندەرە ڕاستەوخۆکانیان هات . بۆ نموونە ، هەندێك لەژێر فشاری ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی بالادەستی تاکەهیزبی یا چەند هێزبیدا داوای دیموکراسیەت دەکەن . هەندێك داوای دیموکراسیەت دەکەن چونکە لە ئۆپۆزسیۆندان ، بەڵام بێ ئەوەی ئەوە بەو مانایەبێ ئەگەر هاتنە سەر حوکم پێڕەویدەکەن . هەندێکی تر داوای دیموکراسیەت دەکەن و تەنیا بیر لەلایەنێك یا چەند لایەنێکی

دەکەناوە ، وەک مافی کەمایەتیەکان و سەربەستیی ئابووری ، هەندێکی دیش داوای دیموکراسیەت دەکەن بێ ئەوەی مەترسیی خۆیان بەرامبەر سەرکەوتنی لایەنێک یا ڕەوتێک بشارنەوە کە زۆرایەتی بەدەستهێنێ و ئەوان بەشێکی پێکنایەنن ، واتە هێشتا دیموکراسیەت پێویستی بە دامەزراندن و جێگیرکردن هەیە لە مێشکی مرۆڤی کورددا ، هێشتا پێویستی بەوە هەیە لە هۆشمەندیی ئەو مرۆڤەدا لە مەسەلەیەکی گومان هەڵگرەوە ببێتە بڕوایەکی پتەو و نەهەژاو .

ماوەیەکی زۆرە لە خواروووی کوردستان و لەسەر ئاستی ڕەسمی ، واتە لەسەر زاری سیاسەتمەداران و لە نامەرازەکانی ڕاگەیاندندا ، باس لەدیموکراسیەت لە کوردستان و تایبەتێتی نموونە کوردییە بێ وێنەکەی لە ناوچەکەدا دەکرێت . ئەم باسکردنە بەجۆرێک فراوانبووە کە زۆربەمان بڕوا بەبوونی ئەو نموونەیە بهێنین و بکەوینە داکۆکی لێکردنی ، بەو جۆرەش بە بابەتێتی هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرتن ناموبین و خوێندنەوەی واقیع و پێداویستییەکانی پشتگوێنەین . لێرەدا دەشێ بگووترێ بوونی هەر تاقیکردنەوەیەکی دیموکراسی بەوە دیاریدەکرێ کە ڕوالەت و کاریگەرییەکانی دەرکەون و لەلایەن هەموو کەسێکەوە هەستیان پێ بکرێ و ئەنجامەکانیان تێیدا بەدیکرێت . بۆیە قسەکردن لەسەر بوونی نموونەی کوردی دیموکراسیەت پێویستی بەدەرکەوتنی ڕوالەت و کاریگارییەکانی هەیە لە کۆمەڵگای کورددا . دووبارەکردنەوەی بانگداشەی بوونی پڕۆسەی دیموکراسیش لە خواروووی کوردستان پێویستی بەپرسیارکردنەوە هەیە دەربارەی سروشتی ئەو پڕۆسەیە لە ووتە و کردار ، دەربڕین و ڕفتاردا . چونکە قسەکردن لەسەر دیموکراسیەت بێ کارپێکردن لەڕێگەی دام و دەزگا و دامەزراوی جۆربەجۆرەوە ، کە دەربڕی ئاستی پێگەیشتن و ڕادەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتییە ، وەک بانگەوازێکی سۆزخوازانە دەمێنێتەوە .

++++

کاتێک کوردستان پاش ڕاپەڕینە مەزنەکەی ئازار (مارس) ی ۱۹۹۱ لە دەسەڵاتی دیکتاتۆریی فاشیی عیراق ڕزگاریبوو ، ئەو سیاسەتمەدارانەی دەسەڵاتیان گرتەدەست هێشتا تێروانینی ڕوون و ئاشکرایان سەبارەت بە سەرچاوەکانی ڕەوایەتیی بنچینەیی نەبوو : هەندێک لەسەر ئەو بڕوایەبوون ئەو ڕەوایەتیە لەسەر بنچینەی پەرلەمانی بێت ، هەندێکی دیکە بەپێی هاوپەیمانێتی حیزبە سیاسییەکان . ئەم فرەدیدیی و تێکەڵییە دەربارەی سەرچاوەکانی ڕەوایەتی لە واقیعدا هەڵبژاردەی (ئازادانە) ی سیاسەتمەدار و حوکمڕاوەکان نەبوو ، هەروەها دەربڕینی (ڕاستگۆیانەی) نەخشەی کۆمەڵایەتی کوردستانیش نەبوو ، بۆیە سەرەڕای هەمەجۆریی دەستەوەستاوبوون لەناستی پڕکردنەوەی بۆشایی ڕەوایەتیدا .

پێڕەویکردنی شێوازی ناڕاستەوخۆ (پەرلەمانی) - واتە شێوازی هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی گەل بۆ دانانی یاسا و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی کۆمەڵگا لەلایەن گەل خۆیەوە و هەڵبژاردنی حکومەت و لێپسەندنەوەی بڕوا لێی - لەخواروووی کوردستان و پاش کێشمەکێش و ململانێیەکی زۆر ، جێی سەرنجە و دەبێ ووردبینانە سەیریکرێ و لە ناستەنگ و خەوشیەکانی بکۆڵرێتەوە .

سەرەتا شێوازی ناڕاستەوخۆ (پەرلەمانی) بەری گەشەکردنێکی مێژووییی زۆر و کوێرەوەرییەکی زۆری کۆمەڵایەتیە کە کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوا بەچەند سەدەیەک و لەڕێگەی ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای سەرمایەداری پێشەسازییەوە بنیادیناوە . چاوخشاندنێک بە بیری فەلسەفی و یاسایی و بەرهەمە ئەدەبیەکانی سەرەتای سەدەی نوێی کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوادا ئەوە دەردەخات کە وێستی تاکەکەس وەک سەرچاوەی مافی ئەرکەکان و بنچینەی بەرپرسیاریی یاسایی و ئاکارییی بووە . واتە پشتبەستن بە دەقی یاسایی و کۆمەڵایەتی تاک مەسەلەیەکی گرنگی کۆمەڵگایەک بووە کە لەئاستێکی بەرزی زانین و دەرکپێکردندا بووە و ئەوش ئەوەری پڕۆسەی بەرهەمهێنان و بەڕێوەبردن و بەرخۆری بووە . پاش ئەوەی کۆمەڵگای سەرمایەداریش ووردە ووردە چووە قۆناغی مۆنۆپۆلییەوە ، کە تێیدا ڕۆڵی دامەزراوە ئابوورییەکان بەدەردەکەون ، چەند گۆڕانێک هاتنەئاراوە : لەسەر ئاستی بەڕێوەبردن سیستەمی لامەرکەزی بۆ وەرگرتنی بڕیارەکان پێڕەوکرا ، لەئاستی سیاسیدا سیستەمی فرەحیزبی هاتەکایەوە ، لەبواری یاسایشدا بیری کەسایەتی مەعنەوی سەریهەلدا .

لە کۆمەڵگای کوردستاندا مەسەلەکە زۆر جیاوازە و بیری تاکەکەسی بەهەمان قۆناغەکانی ڕۆژئاوادا تێنەپەڕیوە و لەهەمان زەمینەی ئابووری و گەشەکردنی کۆمەڵایەتیدا سەریهەڵنەداوە . ئەمە سەرەڕای ئاستی بەرزی نەخوێندەواری و ئاستی نزمی پلەی هوشیاری و دەرکپێکردن . کۆمەڵگای کوردی یەکەمین هەنگاوی گەشەکردنی لە سەدەی ڕابردووەوە هەڵهێناوەتەوە . یەکە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگای کورد ئەو گروپە لاوەکیانە بوون کە لەئێوان تاک و دەسەڵاتدابوون و زۆرجار تاک تێیاندا تواوەبووە . واتە ئەو گروپە لاوەکیانە : خێزان ، هۆز ، خێڵ ، کۆمەڵ پیشەییەکان ، ڕەوتە ئایینیەکان و گروپە ناوچەییەکان ، لەسایەی

نابووریی کشتوکالی و بازرگانی نەبزوکەوە ، وەک کیانی بنچینەیی بەرپوەبردنی کۆمەڵگا وابووە . هەروەها گۆڕانی کۆمەڵگای کورد بۆ قۆناغی سەرمایەداری بەری کەڵەکەبوونی چەندایەتی و گۆڕانی چۆنایەتی پڕێمی دەرهەگایەتی خێزانی نەبووە ، بەڵکو بەپلەی یەکەم بەپیرەوچوونی پێداویستیەکانی کۆڵۆنیالیزم و داگیرکەران بووە .

بەو پێیە سەرمایەداریی کورد وەک سەرمایەداریەکی وابەستە هاتە مەیدان و ڕەگ و ڕیشەی لە کۆمەڵگای خۆیدا نییە و بەهەمان ڕۆڵی ژیواریی (حضاری) سەرمایەداری ڕۆژئاوایی هەڵناستێ کە سروشتیانە لە منداڵدانی کۆمەڵگای دەرهەگایەتیەوە و بەپێی پێداویستی لەدایکبووە . هەر لەبەر ئەوەش بووە کۆمەڵگای کورد لەبنەما و ناستی فەرهەنگیی خۆیدا تەقلیدی ماوەتەوە ، تاک لەنێو کۆدا وون و بێ دەسەڵاتە ، داب و نەریت و ئینتیماء بۆ کۆمەڵ و گروپ و هۆز و خێڵ بەهێزترە و کاریگەری لەسەر پڕۆسەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و نموونە سیاسیەکان زیاتر و بڕیاردەرە .

مەبەست لەو دەربڕینەی سەرەوە ئەوەیە کە دیموکراسیەت لە بۆشاییەوە هەڵناقوواڵێ ، بەڵکو لەواقیعێکی کۆمەڵایەتیدا کاری پێدەکرێ کە ناکرێ نەخشە کۆمەڵایەتیەکەی و سەرجەمی گەشەکردنی میژوویی و بەرهەمەکانی پشتگوێخرێت . هەروەها ئەوەیە کە دیموکراسیەت مەسەلەیەک نییە کۆپیکرێت ، چونکە لەڕووی عەقڵی و میژوویی و واقیعیەوە ئەوە کارێکی مەحاڵ و دەبێتە هۆی شێواندنێک کە کاریگەریی پێچەوانەی لەسەر پڕۆسەی دیموکراسیەت دەبێت . وە لەبەر ئەوەی دیموکراسیەت ، وەک چەمک و پراکتیک ، یەکێکە لە دەستکەوتەکانی تاقیکردنەوەی میژوویی کە ڕەنگی سەردەم و شوێن و ڕووخسارە چۆنایەتیەکانی نەتەوە یان گەلێک وەردەگرێت ، هەتا زەمینە و مەرجە بابەتی و خۆییەکانی لەناراداندا بێ ، جێگیرنابێت . بەواتایەکی دیکە ، لەبەر ئەوەی دیموکراسیەت خۆی بەری کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوایە ، بۆیە دەبێ لەکاتی گوێزانەوەدا لە بیر و پراکتیک و لەناستی سیاسی و فەرهەنگیدا بچەسپێنرێت و زەمینە و پێداویستیەکانی جێگیرکردنی لە دەوڵەت و کۆمەڵگا و میشکی مرۆڤدا دابنرێت .

لایەنێکی دیکەی مەسەلەکە ، ئەگەرچی شێوازی ناڕاستەوخۆ (پەڕلەمانی) دەشێ بەجۆرێک لە جۆرەکان دیموکراسیەت و ئازادییە سەرمایەیەکانی مرۆڤ دابینکات ، بەڵام تاقیکردنەوەکانی میژوو ئەوەیان سەلماندووە کە دەشێ ئەو شێوازە ببێتە ئامرازێک بۆ شاردنەوەی مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵات و ماتی و ڕێگەگرتن لە گوێزانەوەی ئازادانەی دەسەڵات. هەروەها ئەگەر لە واتا و ناوەڕۆکە کۆمەڵایەتیەکەی دابڕا ، ئەوا دەشێ ببێتە ئامرازێک بۆ گەمەکردن بەویژدان و کۆمەڵ و دەنگەکان ، بەو جۆرەش دەبێتە دەمامکێکی ڕاستەقینەی ئەو ئیستیبدادەی پێویستە بەرهەنگاری بێتەوە . بەواتایەکی دیکە ، خۆبەستنەوە بە شێوازەکانی دیموکراسیەتی ڕۆژئاواییەوە ، بێ گوێدانە ڕیفۆرمە کۆمەڵایەتیەکانی بەپێویست دەبێ ڕووبدەن ، دەبێتە هۆی هاتنەکایەوەی کاریکاتۆری دیموکراسی و جەماوەر ناتوانێ داکۆکی لێ بکات .

++++

ئێستا ئەگەر بمانەوێ چاوێک بە « نموونەی کوردیی دیموکراسیەت » دا بخشێنین ، دەشێ سەرەڕای هێماکردن بە گرنگی تاقیکردنەوەی هەڵبژاردن و دامەزراندنی پەڕلەمان و تەمەن کورتی تاقیکردنەوەکە و نەبوونی شارەزایی پێشینە لەو بوارەدا ، پەنجە بۆ هەندێ لایەنی دیکەش ڕابکێشرێ کە پێویستە باسکرێن و گفتوگۆیان لەسەر بکرێ ، بۆ زیاتر چەسپاندنی پڕۆسەی دیموکراسی لە خواروووی کوردستان . ئەوەش نەک بەبەراوردکردنی لەگەڵ تاقیکردنەوەکانی دیکەدا ، بەڵکو پشت ئەستوور بە سادەترین پرنسیپە سەرەتاییەکی دیموکراسیەت و ڕووداوەکانی خواروووی کوردستانی خۆی .

دیموکراسیەت بەواتا فراوانەکەی مانای ئەوەیە دەسەڵاتی سیاسی بەدەست گەل خۆیەوەبێ و ماف و سەربەستیی دانیشتوان بپارێزرێ . واتە دیموکراسیەت ئەو شێوازەی پراکتیکی سیاسییە کە زەمینەی هاوشێوە و بێ جیاوازی بۆ بەشداریکردنی تاکەکانی گەل لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیی گشتیدا خۆشدەکات ، ئەوەش بەو شێوەیەی ڕێکخستنی جەماوەر و گۆشکردنی وزە و توانا داهێنەرەکانی لەپێناو هێنانەدی ئامانجەکانیدا مەیسەربکات . بێگومان دیموکراسیەت لەم بوارەدا ، وەک هاوواتای بەشداریکردن ، لەبۆشاییەوە سەرهەڵنادات ، بەڵکو بۆ کارپێکردنیی دامەزراوەی هاوچارخ و ڕاستەقینە و کۆمەڵێک نەریت و نموونەی سیاسی پێویستن . لەساڕووی هەمووپانەوە باوەڕبوونێکی ڕاستەقینەی دەسەڵاتدارەکان بە دیموکراسیەت ، ئامادەیی سیاسی و دەروونیان بۆ قبوولکردنی بیروڕای ئەوی دی (فرەدیدیی و فرەلایەنی) ، ڕێزگرتنی ویستی ئەو جەماوەرەی لەڕێگەی دامەزراوەکانەوە نوێنەرایەتی دەکەن ، بەرهەڕبوونەوەی هەموو دەرچوونێک لە ڕێکەوتنی بەکۆمەڵ کە دەبێتە هۆی هەوڵدانی دەستبژێرەکان و کەمایەتییەک بۆ زاڵبوونی زۆرەملێ بەسەر زۆرایەتیدا . بێگومان دیموکراسیەت بەواتا ڕاستەقینەکەی لەکۆمەڵگایەکدا دێتەدی کە زۆربەی زۆری خەڵک پێویستیان پێی هەبێ و بڕوایان بەوە هەبێ یەکێتی و گەشەکردن و

ئاسوودەیی کۆمەڵگا بە دیموکراسیەتەوە گرێدراوە، چونکە ئەگەر ئەم هوشیاریە نەبێتە دیاردەیەکی سیاسی کە لەلایەن هێزی چالاکەوە بچەسپێنرێ، ئەوا دیموکراسیەتیش وەک قسەی کتێبی تۆزگرتووی ڕەفەکانی لێدێت.

شان بەشانی ئەوانە، یەکێک لە مەرجە گرنگەکانی چەسپینی دیموکراسیەت بوونی (کۆمەڵگای شارستانی - مدنی) یە. مەبەست ئەو تاکەکەس و دامەزراوە نارەسمیانەیە کە لەبواری پەروەردە و ئابووری و خێزانی و تاندروستی و ڕۆشنبیری و خێرخوازی و ئەوانی تردا چالاکن. لەڕاستیشدا کۆمەڵگای شارستانی بەرامبەر کۆمەڵگای دەوڵەت کە بریتییە لەو دەزگا و دامەزراوانەی دەوڵەت چاودێریان دەکات. بانگەوازی کۆمەڵگای شارستانی لەسەر چەمکێکی بنچینەیی ڕادەوستێ: پەیوەندی نێوان دیموکراسیەت و کۆمەڵگای شارستانی پەیوەندییەکی پتەوە، چونکە هەتا دامەزراوە شارستانییەکان بەفراوانی بڵاوبنەوە و چالاک بن، دەرفەتی دیموکراسیەت زیاتر دەرهەنسێ، پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە. واتە کۆمەڵگای شارستانی چالاک دژی دەوڵەتی دەسەڵاتخوازە و مەرجێکی بنچینەیی دەوڵەتی دیموکراسییە.

جێی داخە، دیموکراسیەت بەڵای سیاسەتمەدارانی کوردەوە بەرنامەیەک نەبووە بۆ ژیان و شێوازێک بۆ تێروانینێکی هەمەلایەن سەبارەت پەیوەندییەکانی نێو کۆمەڵگا و دیاریکردنی نەرک و مافەکان، بەڵکو ئامرازێک بووە بۆ حوکمکردن و دەسەڵاتگرتنەدەست. هەروەها دیموکراسیەت بەری پرۆسەیەکی هوشیارکردنەوەی دوورودرێژ نەبووە کە لەخێزانەوە دەستپێبکات و بەدروستکردن و نووسینی میژوو کۆتایی بێت، بەڵکو دەروازەیەک بووە بۆ خۆسازاندن لەگەڵ ڕەوتی دیموکراسیی جیهان و بەدەستهێنانی شوێنەوار و ئیمتیازات تیایدا. ئامرازێک بووە بۆ مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵاتی سیاسی و سامانێی لەوەرگرتنی بڕیارمکاندا و دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان هێزە بااڵدەستەکاندا، شێوازێک بووە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ فشارمکانی کۆمەڵگا و ڕامکردنی بزووتنەوە سەربەخۆکانی جەماوەر. بۆیە بینیمان دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمان) ئەنجامی هەڵبژاردنێکی ڕووالەتکارانە و لەسەر بنچینەی لایەنگیری کەسایەتی و حیزبی و خێڵایەتی کەوتە دەستی هێزە بااڵدەستەکان. بەو جۆرەش پرۆسەی کاری سیاسیی کوردی تووشی ڕقەهاڵتن و دۆگما بوو و دەستەوستاوە لەناست گۆڕانکارییەکانی واقیعی کۆمەاڵیەتی دینامیکیدا. دەسەاڵتی جێبەجێکردنیش کە دەبوایە هەڵبژاردەی دەسەاڵتی یاسادانان بێت، ڕاستەوخۆ لەلایەن هەمان ئەو هێزانەوە و بەمەبەستی سیاسی حیزبایەتی نەک نیشتمانی دابەشکرا. لەئەنجامی ئەوە کۆمەاڵێک دەسەاڵتیان کەوتە دەست کە زۆربەیان: ناستیان ئاسایی یان خوار ئاساییە و ناتوانن هاوکاری لەگەڵ ژیری و بلیمەتیدا بکەن، سۆز دەیانجوڵێنێ تا عەقڵ و لۆژیک، بیر و ئامارێ سنووردار و بێ بنچینەی زانستی ئاڕاستەی چالاکیەکانیان دەکات.

ئاشکرایە دەوڵەت، هەر دەوڵەتێکی دیموکراسی، هەیکەلێکی گشتییە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دانیشتوانەکەی بێ گوێدانە جیاوازی تێروانین و جیهانبینیان، بەمەرجێک هەموو ئەو پەیوەندییە ئوسوڵیانە بپارێزن کە دەوڵەتەکەی لەسەر دامەزراوە، مەبەست دەقە یاساییەکانە، بەو پێیە دەوڵەت لە حیزب یان چەند حیزبێک فراوانترە و بااڵدەستی حیزبێک یان چەند حیزبێک لە دەوڵەتدا، مانای هەوڵدانی کەسایەتیەکی کۆمەڵگایە بۆ خستنەگەڕی هەموو کۆمەڵگا بەپێی تێروانین و بەرنامەی خۆی.

سەیرکردنێکی خێرای واقیعی لای خۆمان ئەوە دەردەخات کە حیزبە بااڵدەستەکانی کوردستان دەستیان بەسەر هەموو ئاڵقەکانی زنجیرەی دەسەاڵتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری و زۆربەی زۆری پێکهاتەی جەماوەرییەکاندا گرتووە، بەپێی ئەوەش وا پێویست دەکات بەپێوەبەرانی ئاستە جیاجیاکانی ئەو ئاڵقانە سەر بەیەکێک لە هێزە بااڵدەستەکان بن. ئەنجامی ئەوەش دیاردەیەکی زۆر ترسناک هاتۆتە ئاراوە، ئەویش زاڵکردنی ئەندامێتی حیزبییە بەسەر توانا و بەهای زانستی و هونەریدا. بۆیە دەبینین ئەندامێک یان لایەنگرێکی حیزبی دەبێتە بەرپێوەبەری کۆمپانیایەکی پیشەسازی یان دائیرەیەکی فریاگوزاری کە لە دوور و نزیکەوە پەیوەندی بە کاری ئەو کۆمپانیا یان دائیرەیەوە نییە. ئەمە لەکاتێکدا کە چەندین توانای لێهاتوو و کارامە و شارەزا لەو بێگانەیانە کاردەکەن و لەبەر هۆی ئینتیما کەنارخراون. لێرەدا ئەگەرچی ئەوە قبووڵدەکرێ حیزبە بااڵدەستەکان باوەڕی پڵە یەکیان بە ئەندام و لایەنگرانی خۆیان هەبێ، بەاڵم ئەوە قبووڵناکرێ ئەو بڕوایە تەنیا لەواندا خڕکرێتەوە و توخمە چالاک و شارەزاکانی کۆمەڵگای لێ بێبەشکرێ، چونکە ئەوە کارێکی تەسکبینانە و دژ بە دیموکراسیەت و پرنسیپەکانیەتی.

جێی باسە لەئەنجامی بوونی پێوانەی حیزبی ئەم چەند شتە سەریان هەڵداوە: ١- پێشخواردنەوەی توانا نیشتمانپەروەرەکان و ناچارکردنیان بەبوونە ئەندامی حیزبێکی بااڵدەست ئەگەرچی بڕواشیان پێی نەبێ. ٢- بەرێڵاوی هەڵپەرستی لەنێو ئەو توانایانەدا. ٣- هەڵەی کوشندە لە بەرێوەبردنی کاروبارەکانی دەوڵەتدا کە زیانی زۆر بەکۆمەڵگا

دەگەیەنێ . ٤- تێکەڵکردنی حیزبایەتی و نیشتمانپەروەری کە دەبێتە هۆی تاوانبارکردنی هەر نایارێک بۆ تێروانینەکانی حیزب بە خیانەتی نیشتمان و بەرژەوەندییە گشتیەکان .

« نموونەی کوردی دیموکراسی » دەستەوەستاوە لەئاست نەخشەی ململانێی ڕاستەقینە لەپێناو سەربەستییە بنچینەییە شارستانی (مدنی) و سیاسییەکانی کۆمەڵگای کورددا ، بەڵکو زۆرجار وەک سەرچاوەی مەترسی ، کە هەرهشە لە هەبوونی دەکات ، لەو سەربەستیانەی ڕوانیوە . بەو جۆرە لەتوانایدا نەبووە کار بۆ ئەمانەی خوارەوە بکات ، یان تەنانەت بیرێکی جیددیان لێ بکاتەوە :

١- تێکەڵکردنی جەماوەر بەشێوەیەکی فراوان بە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی . ٢- قووڵکردنەوەی چەمکەکانی کەرامەتی کەسێتی و حورمەتی مرۆڤانە و خۆحکومکردن . ٣- بەشداریکردنی پۆزەتیڤانە لەکاروباری گشتی و خستنەڕوی بەرپرسیاریدا . ٤- بەرابەری لەنێوان دانیشتواندا . ٥- تێکشکاندنی تۆپژگەری و دەستەگەری و خێلایەتی ... هتد . بەو پێیەش ئەو دیموکراسیەت بۆتە هۆی دوورکەوتنەوەی جەماوەر لە دەسەڵات و بڕیاری سیاسی ، کەمبوونەوەی هاستکردن بە بەرپرسیاری و هاندەری خۆیی بۆ داهێنان و دەسپێشکەری ، بڵاوبوونەوەی بێ هیوایی و ڕەشبینی ناوەکی و بێ باوەڕی بە پەرلەمان و دەوڵەت .

لەم بوارەدا زۆرجار بەهانەی ئەوە هێنراوەتەوە کە کارکردن بەسەربەستیە بنچینەییەکان پێویستی بە « کاملبوونی گەل » هایە ، بۆیە پێویستە ئەو مەسەلەیە دواخرێت هەتا کاتی « کاملبوونەکە » . لێرەدا ئەوە لەیاددەکرێت کە کارپێکردنی ئەو سەربەستیانە وەک مەسەلەی پێگرتنی منداڵ وایە ، هەرچۆن منداڵ بۆ پێگرتن پێویستی بە کاری ڕۆیشتن هایە ، ئاوهەناش زەوتکردنی دەسەڵات بەهەر بیانوویەک بێ ناهێتە هۆی « کاملبوونی گەل » ، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێتە هۆی خنکاندنی دەرفەتی پشکوتن و پێگەیشتن .

بێگومان پرنسیپی ڕێزگرتنی ئەوی دی (فرەدیدەیی و فرەمیزبی) و گواێزانەوەی دەسەڵاتیش بە شێوەیەکی ئاشتیانە مەرجێکی گرنگی جێگیرکردن و پاراستنی دیموکراسیەت . ئەوەی سەرنج ڕاکێشە لە خواروووی کوردستان سەرەڕای دانان بەفرەمیزبیدا دەبینین : ١- سروشتی دەستەگەری و خێلایەتی و تایەفەگەری زاڵە . ٢- دامەزراندنی حیزب کۆمەڵێک دەستووری بۆ دانراوە کە ڕێگرە لە پیادەکردنی لەلایەن هێزە ڕادیکاڵەکانەوە و یارمەتیدەرە بۆ لایەنە تەقلیدی و غەیبیەکان . ٣- سەرەڕای دانان بەدامەزراندنی حیزب و بوونی ئۆپۆزسیۆندا ، دەبینین هێزەبااڵدەستەکان لەڕێگەی بەرژەوەندی خستنەبەر یان هەڕەشەوگوڕەشە و تیرۆرەوە هەوڵدەدەن ئەو حیزبانە لەو سنوورەدا ڕابگرن کە مەترسیان بۆ دروست ناکەن ، خۆ ئەگەر بۆیشیان بلوێ لەڕێگەی « یەکگرتنەوە » ، قووتیان بدەن . بەو پێیە دەبینین لەبری فراوانکردنی فرەمیزبی و ئاراستەکردنی بەشێوەیەکی ئۆسوڵی ، هێزە بااڵدەستەکان هەوڵدەدەن سنوور بۆ ئەو فرەمیزبییە دابنێن و سوورن لەسەر مۆنۆپۆڵکردنی دەسەڵاتی سیاسی و ڕەنگکردنی واقیع بە تێروانینێک یان دوو تێروانینی دیاریکراو .

ئەگەر مەسەلەکە بەمەوە بوەستێ باشە ، بەڵام بەپێی ئەو پێشبڕکێ و کێشمەکێشەی نێوان هەردوو هێزی بااڵدەستی کوردستان ، کە دەبێتە هۆی گەشەکردنی پیرۆزیی خۆی هەرلایەک ، مرۆڤ لەوە دەترسێ ئەو هەنگاوانە سنووری هێڵی سوور بترازێنن و ڕووداوە دڵتەزێنەکانی شەڕی ناوخۆ دووبارەبنەوە . لێرەدا دەشێ هێما بۆ ئەوە بکەم کە زامنکەری ڕوونەدانی ئەو مەسەلەیە ، هەتا کاتی جێگیربوونی کۆمەڵگای شارستانی (مدنی) ، پێویستی بەوە هەبوو هێزێکی ناوەڕاست یان سێیەم هەبێت کە بتوانێ جۆرە لەنگەربەستێک ڕابگرێت . بۆیە دەشێ بڵێم هەموو ئەو لایەن و سەرکردانەی لەبەر پشووکورتی و خۆڕانەگری بەرامبەر فشاری هێزە بااڵدەستەکان و کەمبوونەوەی ئاستی جەماوەری و ڕێکخراوەیی یاخود لەبەر بەرژەوەندیی تایبەتی ڕەدووی یەکێک لەو هێزە بااڵدەستانە کەوتن ، بەرامبەر چارەنووس و داهاتووی پرۆسەی دیموکراسیەت لە کوردستاندا بەرپرسیارن .

هەژاری یەکێک لەو هۆکارانەی ڕێگە لەمرۆڤ دەگرێ ئازادانە کار بەسەربەستی خۆی و مافە دیموکراسیەکانی بکات . هەژار ناچاردەبێ دەنگی خۆی بفرۆشێ یان بەلای کەمەوە بەلای خاوەن پارە و دەسەڵاتدا بچێ . لێرەدا چارەسەری ئەم کێشەیە تەنیا بەبڕینی پەتی پێداویستی نێوان ئەو و دەوڵەمەند دەبێت . چونکە ئاسوودەیی ئابووری دەبێتە هۆی ئاسوودەیی دەروونی و یارمەتی مرۆڤ دەدات چالاکانە بەشداری لەجێگیرکردنی مافەکان و دیموکراسیەتدا بکات . ئیمرۆ لە کوردستاندا هەژارییەکی بێ وێنە بااڵوە ، ئەمەش وایکردووە پرۆسەی بەشداریی سیاسی و دیموکراسیەت وەک پێویست ناچنەپێشەوە . چونکە مرۆڤی کورد پێویستە بەر لەهەموو شتێک بەدوای نانی ڕۆژدا وێڵبێت و بۆ ئەمەش زۆرجار ناچاردەبێت دەنگ و سەربەستی خۆی بفرۆشێ . کۆتایی نەهێنان بەهەژاری لەلایەن دەسەڵاتدارانی کوردستانەوە و دەرفەت نارەخساندنی هاوتا و دابین نەکردنی ئاسایش و ئاسوودەیی بۆ مرۆڤی کورد خۆی

لەخۆیدا ئاستەنگ دروستکردنە لەبەردەمی پرۆسەی دیموکراسیدا .

ئەگەر سەرنجێکی دیمانی پۆشنبیریی کوردیش بدەین ، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە «نموونەی کوردی دیموکراسیەت» نەبۆتە هۆی زەمینەخۆشکردن بۆ ئازادی دەربڕینی بیروڕاوڕاتا زانستیەکەی ، بەڵکو تا ڕادەیەکی زۆر بۆتە هۆی تێکشکاندنی هەموو جۆرە ناریتێکی هونەریی و ئامرازێکی داهێنان و بەرهەمهێنانێکی پۆشنبیری . ئەمش بەدەستگرتن بەسەر هەموو ئامرازەکانی ڕاگەیانی بینراو و بیستراوەدا و گومانکردنی بەردەوام بە هەموو پۆشنبیرێك و دانانی پۆشنبیری بە زیادەماسرەف . هێزە بااڵدەستەکانی کورد بەکردەوە و هەمیشە ئەوەیان دووپاتکردۆتەوە کە پۆشنبیری ووشەیەکی بێبێزە و پێویستە ڕێگە لە بەگشتیبوون و بااڵبوونەوەی بگیردرێت ، چونکە پۆشنبیری لەباشترین باردا ماسەلەیەکی دەستەبژێرانەیە و دەستەبژێریش ئیتر کەس ناترسێنێ . شایانی باسە ، پێناسەی پۆشنبیر بەسەر هەموو کەسێکدا ناچەسپێ ، ئەمش نك لەبەر ئەوەی خاوەنی زانیاری و بیری تایبەتی نین ، بەڵکو لەبەر ئەوەی هەژاندنی واقیعی پۆشنبیریی کۆمەڵگا و بەرزکردنەوەی هوشیاریی زانستی و جوانکاری و ئەدەبی خەڵك لەهەموو ئاستەکاندا و شکاندنی ئەو ئاستەنگانەی لە ماسەلەکانی جیهان جیایان دەکاتەوە بەئارکی سەرشانی خۆیان نازانن و خۆیان لە «کلیشەی دەسەاڵت» دا دەبینەوە .

++++

دیموکراسیەت بە شاو و ڕۆژێك نایەتەئاراوە و بەماوەیەکی کورتیش جێگیرنابێ ، بەتایبەتی لە کۆمەڵگایەکی وەك کۆمەڵگای کورددا کە بەدرێژایی مێژوو دیموکراسیەتی بەخۆیاوە نەدیوە و هەمیشە ژێردەستەی حکومەتە داگیرکەرە دیکتاتۆرییەکانی ئاتاوەی سەردەست بووە ، بەڵکو پێویستی بەماوەیەکی دوورودرێژ و ئاشونەکردنێکی (صیرورة) مێژوویی ئالۆز و درێژخان هەیە .

دیموکراسیەت تەنیا دەروازە نییە بۆ سەربەستی دەربڕین و ڕزگارکردنی کەرامەتی مرۆڤی کورد لە پێشێلکردن و کۆیلەێتی جەستەیی و دەروونی کە گەیشتۆتە سەر نیستمان ، تەنیا دەروازە نییە بۆ داکۆکیکردن لەبژێوی هەرشەلێکراوی کورد ، بەڵکو دەروازەیشە بۆ خەباتی بزووتنەوەی ڕزگارێخوازی کوردستان دژی داگیرکردن و وابەستەیی . لێرەشدانابێ دیموکراسیەت ، وەك ڕەهەندێکی گرنگی ئەو بزووتنەوەیە ، بەبیانووی «گەمارۆدانی ئابووری» و « پاراستنی یەکێتی نیشتمان » و « بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانی دەرەوە » وەلانرێت و دەبێ جیاوازییەك لەنێوان ماسەلەی نیشتمانی و ماسەلەی دیموکراسیەتدا بکرێ و دووەم لەژێردەستەیی یەکەم ڕزگاربکرێ . ئەمەش بێگومان پێویستی بە هوشیارییەکی دیموکراسیانە هەیە کە تازە خەریکە لەلای ئێمە چەکەرەمکات و سەردەردێنێ .

دیموکراسیەت بۆ گەلی کورد تەنیا ماسەلەیەکی سیاسی نییە ، بەڵکو لە بنچینەدا ماسەلەیەکی ئەخەوجیشە ، واتە زەمینەخۆشکەریشە بۆ یەکگرتنەوەی پارچە و ئاقارە جۆراوجۆرەکان . هەروەها ماسەلەیەکی مێژووییشە ، چونکە دەتوانێ هەلومەرجی پێویست بۆ ئاراستەکردنی ململانێ کۆمەاڵیەتیەکان بەو جۆرە مایسەربکات کە بەرەوپێشەوەچوون بێ ، واتە سەرهەاڵدانی نوێ لە منالدانی کۆندا . بۆ جێگیربوونی دیموکراسیەت و چوونەپێشەوەی پرۆسەی دیموکراسیش ، پێویستە :

١- ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕەخنەگرانەی جیدی لەگەڵ خۆدا بێتەئاراوە بۆ دەرخستنی هەموو لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکان . ٢- دەسەاڵت لە کوردستاندا دیموکراتیزەبکرێت و کراوەبێ بۆ ئاڵوگۆرکردنی گشتی . ٣- کۆمەڵگای کورد لەقۆناغی پەرش وبڵاوی کۆمەاڵیەتی ڕزگاربێ و کۆتایی بەدابەشبوونی لەسەر بنچینەی خێزان ، هۆز ، خێڵ ، حیزب بهێنرێ و بگوێزرێتەوە بۆ کۆمەڵگای (دەوڵەت/ گەل) و بەو جۆرەش ئێنتیما بۆ نیشتمان زاڵبێ بەسەر هەموو ئێنتیمایەکی دیکەدا . ٤- کۆمەڵگای شارستانیی (مدنی) کۆمەاڵیەتی ، پۆشنبیری ، سیاسی و پیشەیی لەکوردستاندا جێگیرکرێت . ٥- نوێکردنەوە لەبواری فیکریدا بکرێت ، دەرفەت بۆ گەشانەوەی خونچەکانی داهێنان بڕەخسێ ، عەقاڵنیەت و زانستیتی جێ بە تەقلیدییەت و سالەفیەت چۆلکەن ، ووتاری دیموکراسی لەدایکبێ و جێ بەووتارە نادیموکراسیەکان لەقەکات .

سەرنجێک

بۆ نووسینی ئەم بابەتە پشتم بەژمارەیەکی زۆری ئەو ڕۆژنامانە بەستووە کە لە کوردستان باڵودەکرێنەوە ، وەك « کوردستانی نوێ » ، « خەبات و برایەتی » ، « ئاڵای ئازادی » ... هتد . هەروەها کۆمەاڵێك نامە کە لەخەڵکانی باوەڕپێکراوی کوردستانەوە بۆم هاتوون لەگەڵ گفتوگۆکردن لەتەك ژمارەیەکی باش و خاوەن بیروڕای جیاوازی ئەو کوردانەی سەردانی وواڵتیان کردووە . ئەمە جگە لەخوێندنەوەی چەند سەرچاوەیەك بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی .

ڕۆڵی تەلەفزیون
لە بەرهەمهێنانی زەبروزەنگدا

« دیدەنیکردنی ئایدۆلۆژیا و سەرلەبدانێ لە سیاسەتی فەرهەنگی »

بەشی یەکەم :

سەرمایەکی میتۆدی

تەلەفزیۆن وەک دەزگایەک بەشێکە لە ئایدۆلۆژیای دەسەلاتدار . وەک بەشێک لە ئایدۆلۆژیای دەسەلاتدار چوارچێوەیەکی میعماری لە (شوێن)دا دائیرکردووە .. ژمارەیەک یان چەند ژمارەیەک خاتی تەلەفزیۆنی هەیە و جێگەی سەرنجدانی خەلک و کارمەند و خزمەتچی تایبەتی بۆ دانداراوە .. بەکورتیەکەی هەمان ڕۆڵی مزگەوت و کڵێسا وپەرستگاکانی هەیە لە ڕوانگەی ئایدۆلۆژیای دینییەوە .

ئایدۆلۆژیای دەسەلاتدار ، دەشێ تێکەڵێک بێت لەسەرجەمی ئایدۆلۆژیا باوەکانی دی . بەڵام پێدەچێت هەموو دەم ڕووخساری تێکەڵاویانەی بەدەرەوە نەبێت ! بەڵکو بەهۆی ڕووخسارێکی بەرجەستاوە وتاری سەرجەمی ڕووخسارە نابەرجەستبووەکان دەردەبڕێ . بۆ نموونە : دەشێ ئایدۆلۆژیای باوی دەسەلاتدار ڕووخسارێکی دینی لەخۆی بەرجەستە و ئاشکرا بکات ، ئەمە لەکاتێکدا ئەم ڕووخسارە تێکەڵێک بێت لە ئایین ، داب و نەریتە کۆن و پەککەوتەکان و عەقڵی پاشکەوتووی کۆمەڵگا و ناسیۆنالیزم و ڕەگەزپەرستی و هتد .. گرنگ ، ئایدۆلۆژیای دەسەلاتدار لەماوەی دەسەلاتداریەکەیدا هۆکارە فەرهەنگییەکانی خۆیشی ! واتە بونیادەکانی شێوازە ستاتیکییەکەیشی چێدەکات . ئەم بونیادە بەهۆی ئایدۆلۆژیبوونەکەیەوە تاک ڕەهەندە و بەهۆی تاک ڕەهەندبوونەکەیشیەوە ناتوانێت سەر بەئایدۆلۆژی دەسەلاتدار نەبێت . لێرەوە هەموو تێروانینێکی بۆ ڕەوندە جیاوازە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکان چوارچێوەیەکی یەکدیدەیی بەخۆیەوە دەگرێت . بەم پێیەش دەبێتە هاڵگری هەموو ئەو تووخمە بکۆژانەی دەچنە گیانی بونیادە فرەوداکان و وتارە ستاتکییەکانیانەوە و ڕەوندەکانی داهێنانی فەرهەنگی لەجەستەی کۆمەڵدا دەسڕێنن .

بۆیە لەبارودۆخێکی ئاوادا هیچ مەرج نییە (سانسۆر) ڕەنگێکی یاسایی سەر بە ئایدۆلۆژیای دەسەلاتداری بەخۆیەوە گرتبێت . مەرج نییە بالأخانەیەک ، فەرمانگایەک ، هەندێ کارگوزار و پسپۆر بەناوی دەزگای سانسۆرەوە کاربکەن .. مەرج نییە نووسەران و داهێنەران و هونەرمەندانی دەرەوەی دەزگاکانی ئایدۆلۆژیای دەسەلاتدار بەپێی یەکێک لەبەندەکانی یاسای سانسۆر ! قەڵەمەکانیان یاساخکرابێتن .. مەرج نییە ڕەوتی داهێنانی ڕەوندەکانی بیر و دیالێکتیکی بزاڤ فەرهەنگییەکان بەڕەسمی وەستێنرابێتن .. چونکە دواجار هەموو بالأخانە و فەرمانگە و

هەوالنامەی کێر

کارگوزارانی دەزگای دەسەلاتدار لەئاست دەرەوەی خۆیاندا ، هەمان ئەرك جێبەجێدەکەن کە دەشێ سانسۆر جێبەجێبکردبا .. ئەوان و سانسۆری ڕەسمی لەیەك چالاکی هاوبەشدا یەکدەگرنەوە کە بریتییە لە شڵەژاندنی بواری سەرهەڵدانی چالاکی نوێ .. مۆنۆپۆڵەکردنی هەموو بوارەکانێ ڕاگەیاندن و ڕاپۆرت دان لەهەموو ئەو بزاڤانەی لەدەرەوەی دەزگاکانی ئایدۆلۆژیای باو ڕوودەدەن .

++++

لێکۆڵینەوە و ئاخاوتن لەسەر تاڵەفزیۆن و خوێندنەوەی شاشە ، بەهیچ جۆرێك وەك خوێندنەوەی دەقێکی ئەدەبی نییە : دەقی ئەدەبی بنەماکانی خۆی لەخۆیدا هەڵدەگرێ ، بەڵام تاڵەفزیۆن بنەمای دەرەوەی خۆی ئاشکرادەکات . دەقی ئەدەبی پەیامێکە لە تاکێکەوە (نووسەر) ئاراستەی تاکەکانی دی (خوێنەر) دەکرێت ؛ کەچی بەرنامەکانی تاڵەفزیۆن بەرهەمی دەستەیەك لە کارگوزارانی دەزگای تاڵەفزیۆنن کە بەسەر بینەردا دەسەپێنرێن .. دەقی ئەدەبی لەنووسراودا خۆی دەخوێنێ ؛ لەکاتێکدا بەرنامە تاڵەفزیۆنییەکان تێکەڵێکن لە نووسراو ، نیگار و ڕەنگ ..

لەلایەکی ترەوە ؛ تاڵەفزیۆن وەك دەزگایەکی ڕاگەیاندن لە زۆر ڕووەوە خۆی لە دەزگاکانی دی ڕاگەیاندن جوێ دەکاتەوە ؛ بۆ نموونە ، کاتێك تۆ خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامەیەکیت ئازادی ئەوت هەیە هەموو ساتێك لەخوێندنەوەی بابەتەکە یان هەواڵەکەی بەردەست ڕاوەستیت و لەکاتێکی دیکەدا سەرلەنوێ بیخوێنیتەوە . لەو کاتەدا ڕۆژنامە دەخوێنیتەوە ئازادی ئەوەیشت هەیە گوێ لە مۆسیقا و غەلبەغەلبی دەروبەری خۆت بگریت و لە گفتوگۆ و مقۆمقۆیشدا بەشداربیت و ڕەنگە بتەوێت لە هەمان کاتی خوێندنەوەدا کورتکراوەی نووسراوەکان بۆ کەسانی دەروبەری خۆت باس بکەیت ... بەڵام تەماشاکردنی تاڵەفزیۆن مەرجی دیکەی هەیە و پرنسیپی دیکەمان بەسەردا دەسەپێنێ . ئەم مەرجانە بەئاسانی خۆیان نادەن بەدەستەوە و پێویستە زۆربەی هەستەکانمانیان بۆ تەرخان بکەین و خۆمان لەگەڵ (ئەوەی - لەدەنگ و ڕەنگ و نووسراو - بەبەرچاوماندا ڕادەبوورێ) بگونجێنین . یاخود ڕاستترە بڵێم خۆمانی بەدەستەوە بدەین !

تاڵەفزیۆن بەرهەمی قۆناغێکی پێشکەوتووی تەکنۆلۆژیایە و تەنیا بەوە لێمان خۆش نابێت کە (گوێی بۆ بگرین) تەنیا هەر (تەماشای بکەین) و تەنیا هەر (بیخوێنیناوە) .. یاخود لەکاتی گوێگرتن و تەماشاکردن و خوێندنەوەدا مێشکمان ئازادانە کاریکات ؛ بەڵکو یەکێك لە مەرجە هەرە سەختەکانی تاڵەفزیۆن ئەوەیە بمانکاتە بەشێك لەبوونداو و چالاکییەکانی خۆیی و واقیعی خۆیمان بەپێی ماوەی بەرنامەکانی بەسەرموە بکاتە مال و بێگومان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیشمان کاریگەربێت .. (ئی . دیامۆند) دەڵێت ؛ بینەر هیچ توانایەکی نییە تا بەبابەتە پێشاندراوەکاندا بچێتەوە و شان و کەویان بکات ؛ وەك ئەوەی خوێنەری ڕۆژنامەیەك یان کتێبێ پێی دەکرێ (1) ژان بودریلار ، ڕەخنەگری پۆست مۆدێرنیست ، ئەم بۆچوونە زیاتر قوواڵدەکاتەوە و دەڵێت ؛ بینەری تاڵەفزیۆن مرۆڤێکی مۆنۆپۆڵەکراوە (2) .

++++

ئەو هەواڵانەی لە کوردستانەوە دێن ، پێمان دەڵێن کە ئەوڕۆکە لەهەرێمی حکومەتی کوردستاندا ئێمە خاوەنی زیاتر لەچەند کاناڵێکی تاڵەفزیۆنین و هەر کاناڵەی نوێنەرایەتی ئایدۆلۆژیانەی پارتێکی کوردی یان چەند پارتێکی کوردی دەکات . ئەوەی لەم سەرنجانەدا دەخرێتە بەرباس بریتیە لەو پەیوەندییەی کە (بودریلار) لەنێوان دەزگایەکی ڕاگەیاندن (تاڵەفزیۆن) و بینەرانیدا بە ڕەوەندی مۆنۆپۆلیزەبوون ناوزەدی دەکات و من دەمەوێ دەستنیشانی هێڵی ئایدۆلۆژی ئەم ڕەوەندە بکەم و هەندێ لە ماترسییەکانی بەسەریکەماوە . بێگومان بەو هۆیەوە لەزمانی تاڵەفزیۆنەکانی کوردستان دەدوێین ، شتێکی ئاشکرایشە مەبەستمان لەبینەران ، بینەری بەرنامەکانی ئەو کاناڵانەن . وە لەبەر ئەوەی پێشتریش گوتمان تاڵەفزیۆن بنەماکانی دەرەوەی خۆی ئاشکرادەکات ؛ ئەوە ناچارین بەپێی توانا ئەو بنەمایانە بەسەریکەینەوە، دەستمایەی سەرەکی ئەم باسە چەند لەچەند نامەیەکی تایبەتی کە بەشێوەیەکی گشتی باسی تاڵەفزیۆنەکانی کوردستان و بەتایبەتیش شاری سلێمانی دەکەن بریتیە لە بینینی (٢ - سێ) کاسێتی ڤیدیۆیی ئەو کاناڵە تاڵەفزیۆنیانە کە سەرجەم و بە لەبەرچاوگرتنی هەندێ دیمەنی دووبارەبووی لەهەرسێ کاسێتەکەدا ، ماوەی

(هاوت سەعات و نیو - ۲۰ر۷) ی ڕەشگاوڕەنگ دەخایەنێ .

وێستومە لەم باسەدا خۆم لە دووبارەکردنەوەی هەندێ بوار بپارێزم . وەکو باسەرکردنەوەی ڕاوبۆچوونی پارتە کوردییەکان لەسەر ئەدەب و هونەر و بەشێوەیەکی گشتی سیاسەتی فەرهەنگییان و کۆچکردن و دیاردەی پەنابەرێتی گەنجانی کورد . ئەم پشتگوێنخستنە بەو نیازەبووە کە بەشێکی زۆری خوێنەرانی کورد لەو سیاسەتانە شارەزان و لە نزیکەوە ئاگاداریانن و ڕەنگە لەژێر کاریگەریشیاندابێتن .. هۆی دووەمی هەمان پشتگوێخستن بریتیە لە نەبوونی (سیاسەتێکی فەرهەنگی) لە چوارچێوەیەکی داڕێژراودا کە مرۆڤ بتوانێت بۆی بگەڕێتەوە .. هەروەها گوێم نەداوەتە ئەو ڕێگرە ڕەوشتامێزانەی (اخلاقی) کە دەشێت لێکۆڵەرەوە لەئاست ڕووبەڕووبوونەوەی شێلگیرانەی دیاردەکاندا سست بکات . بۆ نموونە ، یەکێک لەو ڕێگرانەی کە گوایە دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان تازە و کەم ئەزموونن و نابێت هەر لەئێستاوە ڕەخنەیان لێ بگیرێت .. یاخود : پارتەکان شەهیدیان داوە و نابێت سەرکۆنەبکرێن و پێویستە توانای چاوپۆشینمان هەبێ و .. هتد .

دیارە ئەم ڕێگرانە بەپلەی یەکەم دروستکراوی سیاسەتی پارتە کوردییەکان خۆیانن و لەسەر جەستەی قەڵەمدارانی کوردیش کاریگەریی خۆیان جێهێشتووە .. هەر ئەم ڕێگرانەن دیدەی ڕەخنەگرانەی ڕۆشنبیرانی کورد لەسەر شەڕی چەکداری تاکۆتایی هەشتاکان دەپەستێنێ و هەر هەمان ڕێگرن ئاماوتن لەسەر گەلێک لایەنی فەرهەنگی سیاسی ئێمە و کاریگەریە بەدەکانی ڕادەگرن ... ئەمجۆرە ڕێگرانە بەهۆکەمی پەسەندبوونیان بەلای چاندایەتی زۆربەوە ، ڕۆڵی دەمکوتکردنی چۆنایەتی کەمایەتیش دەگێڕن .. ئەمجۆرە ڕێگرانە نەک هەر زیانیان بە چالاکبوونی عەقڵی ڕەخنەیی ئێمە گەیاندووە ، بەڵکو لەدووبارەبوونەوە و چەندبارەبوونەوەی زۆر ڕووداوی دڵتەزێنیشدا ! زۆر هەڵەی دزێو و زۆر خیانەتی گەورەیشدا ڕۆڵی خۆیان گێڕاوە . ئەگەر پاشخانی فەرهەنگییانەی پرنسیپی (چاوپۆشین) نەبایە ، یەکەم شەڕی براکوژی دوا شەڕی لەمجۆرە و یەکەم چوونەپاڵ دەوڵەتانی داگیرکەر دوا هەڵەی لەم بابەت و یەکەم ماچکردنی جەلادێکی وەک سەرۆک کۆماری عێراقیش دوا خیانەتی گەورە دەبوو بەناوی مرۆڤ و فەرهەنگی مرۆڤی کوردەوە ... ئەم ڕێگرانە کە زیاتر لەچوارچێوەیەکی ڕەوشتامێزدا خۆیان دەنوێنن ؛ جگە لەوەی نازانستین ، ئەرکی دڕێژەپێدانی هەندێ فەرمانی دێرینەی کۆمەڵگایشیان لەسەر شانە کە ئەو فەرمانانە بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆی ئێمە هیچ بەهایەکیان نەماوە ، ئەگەرچی بازیندوویش مابێتنەوە .

++++

بۆ کەسێک بیەوێت سیمای بەوێنەکراوی ئایدۆلۆژیای پارتە کوردییەکان دیاری بکات ؛ پێویستە ئاگاداری ئەوەبێت تەلەفزیۆن یەکەم بوار نییە ئەو ئەرکەی ئەنجامدابێت .. نیشانەی سەرنامە و نووسراوی ڕەسمی هەر پارتێ ، دروشمەکانی سەر دیوار و نیشانە گرافیکییەکانی لایانەوە ، وێنەی سەر دیواری شەهیدان ، وێنەی سەرۆک پارت و شێوازی ڕازاندنەوەی چوارچێوەکانیان و پلاکات و بانگەوازی ئاهەنگ و بۆنەکانی حیزب ؛ لەسەرو هەموو ئەمانەیشەوە هونەری فۆتۆگرافی (بەتایبەتی کامێرای کۆداکی فەوری) کەم تا زۆر ئەو سەرمایانەن کە سیمای ئایدۆلۆژیا لە نووسراوەوە دەگوێزنەوە بۆ نیگار و وێنە و نیشانەکان ... لێرەوە ئەرکی من ئەوە نییە تەلەفزیۆن بەسەرمایەک بۆ ئەم دیاردەیە دەستنیشان بکەم و بەوێت وەک دۆزینەوەیەکی نوێی لەقەڵەم بدەم .. بەڵکو دڕێژەی ڕەوشەکە (پڕۆسەکان) م مابەستە کە بەر لە پەیدابوونی تەلەفزیۆنیش لە ئاناتۆمی پارتەکاندا ، هەمان ئەرکی دیدەنیکردنی پەیامە ئایدۆلۆژییەکانی لەسەرشان بووە . بەهۆی ئەم قسەیەوە گەرەکمە بڵێم : ئێمە چیدی ناتوانین لەئاستی فیکری و میتۆدی ئایدۆلۆژیانەی پارتەکاندا ڕەهەندی نوێ بدۆزینەوە .. چونکە ئەمە بواریکە ڕەهەندی نوێ بەرهەم ناهێنێت ، بەڵکو خۆی لەسەر ئاستی نوێ بەرهەم دەهێنێتەوە . لێرەوە ، بۆ نموونە ، تەلەفزیۆن پەنجەرەیەکی نوێیە تا پارتەکان پڕۆژەکانیانی لەرێگەوە بەرهەمبهێننەوە و دیمەنەکانی سەر دیوار ، نیشانەکانی پارت و سەرجەمی لایەنەکانی دی نومایشە ئایدۆلۆژییە نەبزۆکەکان بکەنە دیمەن و پەیامی زیندووی ناو سندووقی تەلەفزیۆن .

کەواتە ئەمە بەرهەمهێنانی نوێی ئایدۆلۆژیا نیە .. چەسپاندنی ئەو ئایدۆلۆژیایەیە و لەو ڕێگەیەشەوە گۆڕینێتی بە

ئاگایی رۆژانەی پەساندکراو .. بەسەرچاوەی هۆشەماندیی رۆژانە و پارسەنگی لێکدانەوەکان. دیارە بۆ کارێکی ئاوا پێویستە پەنا بۆ هۆکارێکی ئەوتۆی کارێگەر ببرێت کە توانای پەستاوتنی نائاگایی مرۆڤی هەبێت و لەدەسەڵاتیدابێت زۆربەی هەستەکانی داگیربکات .. لەچاو ئەو بۆرمفسانە تەکنیکییانەی ئەمرۆی کوردستانیشدا ، بێگومان تەلەفزیۆن باشترین هۆکارد بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئامانجە ...

++++

شتێکی بەڵگەنەویستە کە پارتە کوردییەکان هەمان ڕوانینیان لەسەر ئەرکی دەزگایەکی وەک تەلەفزیۆن هەبێت کە لەسەر ئەرکەکانی ئەدەبیش هەیانە .. لەڕوانگەی ئاوانەوە ئەرکی ئەدەب بەپلەی یەکەم دەبوو نوێنەرایەتیکردنی ئایدۆلۆژیانەی پارتی بێت و پەیامەکانی بەخەڵک ، یان چین و توێژەکانی کۆمەڵگا ڕابگەیەنێت و هتد .. تەلەفزیۆنیش وەک بواریکی تازەی ڕاگەیاندن لەڕوانگەی بەرژەوەندیی بارتییەوە هەمان ئەرکی بۆ لەبارچاوگیراوە .. بەڵام بەشێوازێکی تەکنیکی بەرزتر و ئاڵۆزی کاریگەرانەی خێراترەوە بۆ سەرگەرخستنی ئەم پڕۆژەیەش ، دەبێ جیاوازی (دەستی هاوکاری) بۆ هونەرمەندان ، ئەدیبان و شاعیران ڕابکێشێ و « بواریان بۆ بڕەخسێنێ » ، تا لەئاست ئەرکە تەقلیدییەکانیان، دا کەمتەرخەم نەبن .. وە « ئازادییان پێدرێتێ » ، تا بەهۆی بەرەەمەکانیانەوە کۆمەڵانی خەڵک بەئاگابهێننەوە .. بەکورتیەکەی تەلەفزیۆن بکرێتە ئەو سندووقەی کە هەر پارتەی بتوانێت زۆربەی خەڵک بهاوێنە ناوی(٣) .

تەلەفزیۆن بەحوکمی جادووبازانەی ناردنی پەیامەکانی ؛ بەحوکمی ئەوەی گوایە واقیعمان پیشان دەدات ؛ دەسەڵاتی ئەوەی هەیە هونەرمەندی بەنیوبانگ ، شاعیری توانا ، ئەدیبی خاوەن بیر و ڕۆشنبیری چالاک بەرەو خۆی ڕاکێشێ و بیانکات بێژەری پەیامە ئایدۆلۆژییەکان ... لەلایەکی ترەوە ؛ جادووبازی شاشە و زیندوویێتی وێنەکانی لەتوانایدایە جەڵادەکانمان لێ بکاتە پەیامبەرانی پاشەڕۆژ ، خیانەتکارانمان لێ بکاتە قارەمان ؛ قاچاخچی و دەستبڕە سیاسیەکانیشمان لێ بکاتە دیپلۆمات و دەمڕاست ؛ مرۆڤی نەزانمان لێ بکاتە ڕێ پیشاندەر و بەکورتیەکەی لە کۆمەڵگایەکی وەک کۆمەڵگای ئێمەدا بەهۆی نەبوونی زانیاری تەواو لەسەر بواره تەکنیکییەکان و شێوەی دروستکردنی پڕۆگرام و ڕێکخستنی بەرنامە ، تەلەفزیۆن دەکارێ و توانای هەیە کەسایەتیەکی ساختە بۆ هەموو ڕووخسارێکی ئەدیو شاشەوە دروست بکات و لە ڕووبارە واقیعییەکانمان دووڕیخاتەوە(٤) .

++++

تەلەفزیۆن بەئاسانترین شێوە دەتوانێت لەگەڵ هەست و ئاگایی بینەرەکانیدا پەیوەندی دروست بکات و بەهۆی واقیعی شاشەوە لەزەمینەی کۆمەڵایەتی و دەروونیاری دابڕکات .. مەترسی تەلەفزیۆن بەو ئاڕاستە مۆنۆپۆلیەی ئەورۆکە لە کوردستاندا جێبەجێدەکرێت ، لەوەدایە کە چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرێ جۆرێ مرۆڤ پەروەردەبکات ! توانای هەیە کاریگەرییەکی ئەوتۆ بکاتە سەر مندالان کە پانتایی زەینی و هۆشی ئەو مرۆڤە نەتوانێت بەشێوەیەکی ڕاست و دروست هەستەکانی بەکاربهێنێت و توانای لێکدانەوەی دیاردەکان و ڕەفتارکێرتنیان بمرێنێ .. بۆیە لێدوان لەم ڕووە پیسەرسییەی تەلەفزیۆنەکانی کوردستان و ئاگادارکردنەوەی بەرپرسان لەئاست ئەو زیانانەی کە چاوەڕێ دەکرێت بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان بەسەر مرۆڤی کوردی بگەیەنن ! ئەرکی هەموو کەسێکە بڕوای بە دواڕۆژێک بۆ مرۆڤی کورد هەبێت .. هونەرمەند ، ئەدیب و ڕۆشنبیری کورد ئابێت ڕێگ بەخۆی بدات بەهۆی بەشداریکردن لەبوارەکانی ڕاگەیاندنی ئایدۆلۆژیای ڕابردووخوازدا ! بەشداری لەڕەوەندی وێرانکردنی هەست و توانا سروشتییەکانی مرۆڤی کوردی پاشەڕۆژ بکات . گرنگە ئەوان بەدروشمی هاندانی وەک « بوار بۆ ڕەخسان » ، «ئازادی پێدان» ، « دەستی هاوکاری و یارمەتی بۆ درێژکردن » و لەم بابەتە ، کە لەلایەن پارتەکانەوە ئاراستەیان دەکرێت ، لەخشتەنەچن و نابنە ئەو گۆیندەیەی بەگوتەی (غادە سەمان) ؛ جگە لە درۆ و ئاگایی دروزنانە هیچی دیکەی لەگەروو نایەتەدەر ...

++++

بەشی دووەم :

وێنە وەک سیاسەت / سیاسەتی وێنە :

(والتەر بنیامین) دەڵێت : ئامانجی ڕەخنەگرتن لە زەبروزەنگ لەو پرسیارەدا

دەردەکەوێت کەدەبێ ڕەوتی ڕەخنەگرتنەکە بیهێنێتەئاراوە : « تا کوێ زەبروزەنگ لەکاتی جیاوازدا و بۆ مەبەستی جیاواز ، هۆیەکە بۆ ڕەوایەتی و نارەوایەتی بەدەستهێنانی ئامانجەکان؟(٥) .

ئێمە بۆ ئەوەی بتوانین ئەم گوتەیەی (بنیامین) لەچوارچێوە میتۆدی و بابەتیەکەی خۆیدا تێبگەین ، پێویستمان بەپێناسەکردنی زەبروزەنگ و کاریگەرییەکانی هەیە . بەڵام بۆ ئەوەی خودی پێناسەکردنەکە نابێتە چوارچێوەیەک؛ هەوڵدەدەم ئاستەکانی بەرهەمهێنانی زەبروزەنگ لەبواری خستنەڕووی ئەم سەرنجانەدا بخەمە ڕوو کە لەسەر بەرهەمی تەلەفزیۆنەکانی کوردستان لەلام دروستبوون .

مەرجی یەکەم لەباسێکی ئاوادا بریتیە لەوەی دووبارەی بکەینەوە کە پارتەکان بەهۆی تەلەفزیۆنەوە ئایدۆلۆژیا بەرهەم ناهێنن ، بەڵکو بەکاری دەهێنن بۆ کردنی ئایدۆلۆژیا بە کاڵ و پاڵێکی پەسەندکراوی گشت .

تەلەفزیۆن ، بەپێچەوانەی ڕادیۆ و بەیاننامە و ڕۆژنامە و بوارەکانی دی بڵاوکردنەوەوە کە « نووسراو » ڕۆڵی گرنگیان تیادەگێڕێ ؛ دەتوانێت ئایدۆلۆژیا لەسەر ئاستی وێنە و دەنگ و نووسراویش بەرهەمبهێنێتەوە . ئەمە جگە لەوەی بینەری تەلەفزیۆن بینەرێکی گرێدراوە بەشاشەوە . واتە : گەر گوێگری ڕادیۆ و خوێنەری ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی دی بتوانێت لەکاتی (گوێگرتن / خوێندنەوە) دا ، چالاکی و ووزەی هۆشمەندانەی خۆی دابەشکات ؛ ئەوا بینەری تەلەفزیۆن ناچارە لەبەرامبەر شاشەدا هۆشمەندیی خۆی لەسەر « ئەوەی بەبەرچاویدا ڕادەبڕێ » چڕبکاتەوە .

بەم پێیە ، ئەگەر (گوێگر / خوێنەر) بۆی هەیێت بۆ چەند چالاکییەکی جیاواز سوود لە (یەک) کاتی دیاریکراو وەربگرێ ؛ ئەوا بینەری تەلەفزیۆن دەبێ بەوە ڕازی بێت بتوانێ لەگەڵ خێرایی تێپەڕبوونی بەرنامەی تەلەفزیۆندا بڕبکات ... لەبەر ئەم هۆیە زۆر گرنگە لەپشت هەموو بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیەوە سیاسەتێکی فەرهەنگی (٦) هەبێت و ئەو سیاسەتە فەرهەنگییە بتوانێت تەلەفزیۆن لەدەزگایەکی گرێدراو بەئایدۆلۆژیای دەسەڵاتدارەوە بکات بەدامەزراوەیکی ڕۆشنکەرەوە . بتوانێ تەلەفزیۆن لەدەزگایەکەوە کە ئەرکی خۆی بە بانگاشە بۆ کردنی پەیامی پارتێکی دیاریکراو دەزانێ ؛ بگۆڕێ بەدەمەزراوەیکی بەرپرسیار لەئاست کۆمەڵگادا . چونکە ماسەڵەکە هەر ئەوە نییە کە تەلەفزیۆن وەڵامی نیازە هەمەچەشنەکانی بەشێک لەکۆمەڵانی خەڵکی لەڕوانگەیەکی یەکلابینەوە بداتەوە ؛ بەڵکو ئەرکی گرنگ ئەوەیە کە بتوانێت خاڵی هاوبەش لە کۆمەڵانی خەڵکدا بدۆزێتەوە و ئاراستەیان بکات بۆ گۆڕینی نیازەکانیان .

ئەم پێشنیارە کە تەلەفزیۆن دەبێ دامەزراوەیکی « سەربەخۆ » ، « ڕۆشنکەرەوە » یاخود « نا گرێدراو » بێت ، نەک دەزگایەکی وابەستەی جارێدان و گرێدراو بەدەسەڵاتەوە ؛ شتێک نییە لە ئەبڕۆی کوردستاندا پشتگوێ بخرێت و بەهۆی (کەم ئەزموونی و کەم تەمەنی) دەسەڵاتی کوردییەوە پاساوی بدرێتەوە . بەڵکو ماسەڵەیەکە دەتوانێت لە پاشەڕۆژی دامەزراوەیکی وەک تەلەفزیۆن خۆیشیدا دەستنیشانکەر و گرنگ بێت : لەواقیعێکی کۆمەڵایەتی وەک واقیعی ئێمەدا بەهۆی نەبوونی بڵگەی ڕۆشنکەرەوە و ئامادەبوونی بەردەوامی لێڵی و تاریکی لەئاست چارەسەرکردن و گفتوگۆ لەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژانەدا و بڕێرلچەوەکردنی زۆر دیاردە بایارەتی زمانی دیپلۆماسیانەی ڕەسمییەوە ... هەرکات کانالێکی تەلەفزیۆنی یاخود هەر بوارێکی دیکەی ڕاگەیاندن توانی سەربەخۆیی خۆی لەپێناوی ڕۆشنکردنەوەی (نەک تەرویج و بانگاشە) دا بەدەست بهێنێت و لەبیاتی خەستکردنەوەی تەم و مژەکانی خستنەکاری زمان لووس و تەفرەدەرانی نێو کۆمەڵ ؛ بڵگەی هۆشمەندانە و مرۆڤی ژێر بخاتە بواری چالاکییەکانەوە - ئەوا توانیوێتی دواڕۆژێکی باشیش بۆ چارەنووسی خۆی لەلای وەرگرەکانی بەدەست بهێنێت ... وە هیچ دوورنییە ئەم ئامادەبوونە ڕۆشنگەرانەیە ببێتە هۆی کەمبوونەوە و هەڵوەشاندنەوەی ئەم ژمارە زۆرەی کانالەکانی تەلەفزیۆن کە بەناوی چالاکی کولتووری و شتی لەم بابەتەوە پێویستی بابەتیانەی خۆیان سەپاندووە ..

++++

لەلایەکی ترەوە : هەبوونی ئەو چەند ژمارەیەی کانالەکانی تەلەفزیۆن لەناوچایەکی جوگرافی دیاریکراودا (بۆ نموونە شارێکدا) بەهیچ جۆرێ ڕووخساری ڕەوشتی دیموکراتیزەبوونی کوردستان پیشان نادات و

ناسالمینێ ، بەڵکو دیسانەوە ڕاگرتنی ئاستەنگێکی ئایدۆلۆژییە کە بەناوی دیموکراسیەتەوە ئاراستەدەکرێت .. با کەمێ زیاتر لەم بۆچوونە وردبینەوە : هەبوونی ئەو ژمارەیەی کانالی تەلەفزیۆن و پشتیوانیکردنیان لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە ، هێشتنەوەی هەمان دابەشبوونی سیاسیی خەڵکی کوردستانە بەسەر ژمارەی پارتەکاندا .. کاتێ گوێمان لێدەبێت فلان تەلەفزیۆن سەر بەفیسارە پارتییە ! ئەوە مانای ئەوەیە کە لایەنگرانی ئەو پارتە بینەری پلەیەکی بەرنامەی ئەو کانالەن .. ئەم دابەشبوونە لە سیاسییەوە بۆ فەرهەنگی (چونکە تەلەفزیۆن بەپلەی یەکەم دامەزراوێکی فەرهەنگییە) دەشبێتە هۆی دابەشکردنی زانیاری و ئاگایی بینەران (خەڵک) لەسەر واقیعی کۆمەڵگا ، کە دواجار بەزەرەمەندیی ئەندامانی کۆمەڵ دەکەوێتەوە . ئەم زەرەر و زیانە یەکەمجار لەبواری پەیوەندییەکانی ڕۆژانەی تاکەکان بەیەکتریيەوە : (نەبوونی زمانی هاوبەش ، گرنگی نەدان بەمافی یەکتر و دابەشبوونی کۆمەڵ بەسەر زاراوەکانی وەک (هاورێیان ، هەقاڵان و برادەران ... و هتد) دەردەکەوێت و پاشانیش ئەم زیانە لە ڕێکخستنەوەی هەرەوەزیانەی کۆمەڵدا (کۆمەڵی ویرانکراوەدا) چەندین جار زیاتر ئاشکرادەبێت . ئەمە لەکاتێکدا زانیاری هاوبەش لەسەر ئەم یان ئەو دیاردەی کۆمەڵگا ، زمانێکی هاوبەشیش دروستدەکات و لێرەیشەوە ئەو دیاردەیە دەبێتە شوێنی چاوتێبڕانی تاکەکانی کۆمەڵ و (بەجیاوازی بیروڕای سیاسییانەوە) بۆ چارەکردن و لەناوبردنی - بەپێی بەڵێنی ئەرکی هاوبەش - تێدەکۆشن .. یاخود وەکو یەک هەست بەدزێوی و زیانەکانی دەکرێت و (بێ موبالاتی) و (بێ بڕوایی) ، نابنە زاراوەکانی پاساودانەوە و خۆپاڕاندنەوەی خەڵک ...

++++

بەبارێکی تردا ، هێشتنەوەی دابەشبوونی بینەران لەئاستی فەرهەنگیدا ، بەپێی لایەنگیریيان بۆ پارتەکان خۆی لەخۆیدا وەستانەوەیە لەدۆی یەکێک لەبنەما ئایدۆلۆژییەکانی عەقڵی سیاسیمان . چونکە هێشتنەوەی ئەم دابەشبوونە فەرهەنگییە ، هێشتنەوەی ئەو جیاوازییەیە کە لەبەرنامەی کولتووری سیاسیی ئێمەدا بەشێوەیەکی گشتی ڕەتکراوەتەوە : هیچ پارتێکی کوردی نییە جەختی لەسەر (یەکگرتوویی) مێژوو ، زمان و فەرهەنگی کورد وەک میللەتێکی یەکپارچە نەکردبێت . واتە هیچ بەرنامەیەکی سیاسی ئەوتۆمان نییە کە بنەمای ڕەسەنایەتی خۆی لەسەر ئاستی بەها پیرۆزەکانی کولتوور و مێژووی کوردستان و بیرەوەری دێرینەی مرۆڤی کوردەوە دانەڕشتبێ ... یاخود ددانی بەنرخی میللی ئەو بەهایانەدا نەنابێت .. کەشکۆڵنامەی هەر پارتێکی کورد هەڵدەپێچی دەیان و سەدان لاپەڕەت لەسەر(شانازی پێوەکردن و بەپیرۆزگرتنی کەسایەتی نەتەوەیی ، ئایینی و ڕۆشنبیری - مێژووییەکان) و قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی کوردستانت بەرچاودەکەوێت .. هەموو ئەمەش لەسەر حیسابی (یەکگرتوویی) فەرهەنگ و مێژووی ئێمەوە (قۆناغی بەرگریکەرانەی ئایدۆلۆژیای پارتەکاندا) هاتوونەتەئاراوە و سەبارەت بەو قۆناغەیش لەشوێنی شیاوی خۆیاندا بوون .. بەڵام ئەم ئاراستەکردنە لەقۆناغی ئێستادا کە ئایدۆلۆژیا لەبەرگریکردنەوە ئەرکی دەسەڵاتداریێتی خۆی خستۆتە ئەستۆی خۆی ، دووچاری پراکتیزەبوون هاتووە و بەپێچەوانەی ئامانجە سیاسییەکەیەوە کاردەکات ..

ئەم کێشەیە پرسیاری ئەوە دروستدەکات : ئایا ئاراستەکردنی بەهاکانی فەرهەنگ و مێژووی کورد بەهۆی ڕەهەندە (ئایینی ، میتۆلۆژی ، سیاسی و میللییەکانیەوە) دۆی ئەو دابەشکردنە نییە کە ئەمڕۆ پارتەکان لەسەر جەستەی واقیعی مرۆڤی کورد و (فەرهەنگە یەکگرتووەکەی) ، بەهۆی بۆ نموونە (چەند تەلەفزیۆنێکەوە ، بادینی و سۆرانییەوە ، هەولێر و سلێمانیەوە و .. هتد) کاری پێدەکەن . ئایا ئەمە ئەوپەڕی بێ بەرنامەیی عەقڵی سیاسی و دەزگاکانی نیە لەئاست بینەرانەوەی خودی یەکگرتووی فەرهەنگیی کورددا ؟.

++++

پرۆژەی تەلەفزیۆن بەبێ هەبوونی سیاستێکی فەرهەنگی ، هیچ کاتێک نابێتە پرۆژەیەکی فەرهەنگیی ئەفراندنی بەرفراوان و لەسەودای کێبەرکێیەکی ئایدۆلۆژی تەسک دەربازنابێت . هەربۆیەشە لێکۆڵەرەوە بواری ئەوەی نییە وەک پرۆژەیەکی فەرهەنگی لەم کێبەرکێیانە بدوێ : بوونی ئەو ژمارەیەی کانالی تەلەفزیۆن لەشارەکانی کوردستاندا ، نە - بەناچاری (ضرورة) جیاوازی فیکری و نە نیشانەی هەبوونی پرۆژەی فەرهەنگییە ، بەڵکو

بەباریکی دەروونیدا دەکرێ وەک بەرگریکردنی پارتەکان لەپێناوی سیمای کۆمەڵایەتی - سیاسی خۆیاندا لێکبدرێتەوە . با کەمێ زیاتر ئەم حوکمە ڕوون بکەینەوە :

ڕۆشنبیری گشتیی کۆمەڵگا پرسیاری خۆی دەکات و کاریگەری خۆیشی بۆ سەر لایەنە دەسەڵاتدارەکان دەبێت . لەو ڕێگەیەشەوە (کەسایەتی و هەیبەتی) کۆمەڵایەتیانەی پارت و (شەرافەتمەندی) ئەو پارتە دەخاتە ژێر پرسیارەوە .. بۆ نموونە : گەر ڕۆشنبیری گشتی دەستیەکی کۆمەڵ بەنیازی دیتنی دەسەڵات و هەیبەتی پارتەکەی خۆی لەئاست پارتیەکانی تردا ، داوایان لە پارتی خۆیان کرد بۆچی ئێزگە و تەلەفزیۆنی نیە و نابێت (٧) ؟ لایەنی لێپرسراو لەم پارتیەدا دوو ڕێگای دێتە بەردەم : یەک : یان ئەوەتا خۆی بدات بەدەست داواکاری ڕۆشنبیری گشتەوە و ، دەست بەکردنەوەی کانالی تەلەفزیۆنی ، دروستکردنی یەکێتیی نووسەران ، تیپی شانۆیی و تیپی مۆسیقای حیزب بکات و بەم کارەیش (سەنگ و ئابرووی) خۆی لەلای خەڵکی ڕابگرێت .. یاخود دووەم : بەدەردی بێ تەلەفزیۆنی و ئازار و نالەی بێ (مینبەری) یەوە بتلێتەوە و (پیاوەتی) و (هەیبەت) و (شکۆداری) خۆی لەبەرچاوی میللەتدا بدۆڕێنێ ...(٨)

ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم داواکارییانەی ڕۆشنبیری گشتیی ، وەک ڕێگا چارەی سێیەم ؛ هێندە ماترسیدار نییە بەمەرجێ لایەنە بەرپرسیارەکان بەپێی پرنسیپەکانی سیاسەتی فەرهەنگییان ، لەپێش هەموو شتێکدا بڕوای ئەوە لەخۆیاندا دروست بکەن و پاشان بۆ لایەنگری پارتەکەیان ڕوونکەنەوە کە : هەبوونی کانالی تەلەفزیۆن مەرجی (توانایی / بێ توانایی) ، (هەیبەت / بێ هەیبەتی) ، (پیاوەتی / ژنێتی) ، (ئابروومەندی / بێ ئابرووییی) ئەو پارتە نییە .. بەڵام لەبەر ئەوەی عەقڵی سیاسی ئێمە دواجار گیرۆدەی دوالیزمە باوەکانە و لەخەیالی خۆیدا بیر لە ئەفراندنی میتۆلۆژییە سیاسی - میژووییەکان دەکاتەوە ، ئەوە ناتوانین و چاوەڕێی ئەوەی لێناکرێت ئەو جۆرە داواکارییانە بەداواکاری و نیازە گرنگەکانی کۆمەڵانی خەڵک پێربکاتەوە .

بەم پێیە لەجیاتی ئەوەی ڕووخساریکی هۆشمەندانە و پراکتیکی بدرێتە بەرهنگاریکردنەوەی دیاردەکان ، تەماشادەکەین ڕووخساریکی ڕەوشتامێزیان پێدەدرێت و پارتیش بەکردنەوەی کانالی تەلەفزیۆن (پاڕێزگاری) لەئابرووی خۆی دەکات و خاتری خەڵکیش دەپارێزێ !

++++

لەلایەکی ترەوە : ئەگەر لەجیهانی هاوچەرخدا سوودوەرگرتن لە (کات) تایبەتمەندییەکی شارستانی بێت و ڕێکردن بێت لەگەڵ ڕەوتی ژیارەکانا ؛ ئەوا هەبوونی ژمارە زۆری کانالی تەلەفزیۆنی لە کوردستان - وەک باسدەکرێ - ڕۆیشتن نییە بەپێی ئەو تێگەیشتنەی کە جیهانی هاوچەرخ بۆ سوودوەرگرتن لەکات پێشنیاری دەکات .. تەلەفزیۆنەکانی کوردستان خێرایی ڕزگارکردنی مرۆی کورد لە کێشەکانی نییە ، بەڵکو ونکردنی ئەم مرۆڤ و داگیرکردنێتی لەزۆنگاوەکانی دووبارەبوونەوەدا .. (منداڵانی کورد لەم مەیدانەدا گەورەترین زیانیان لێدەکەوێت و دەبێ زۆرترین باجیش بدەن) .. ئەو کەسەی بەڵای کەماوە لە حەوتوویەکەدا (دە) کاتژمێر وەختی خۆی بەدیار بەرنامەی سەرگەرمیکردن ، فلیمی تورکی و هیندی و ... پڵە چوار و پێنجەوە بباتەسەر بێگومان لەزیان و باجدان زیاتر دەسکەوتێکی نەبووە . ئەو منداڵەی بەفلیمی کارتۆنی بەدوور لە ئاکامی پەروەردەیی گونجاو لەگەڵ گەشەی منداڵی کورد و بەتەماشاکردنی فلیمی هاڵدانەوەی گۆڕستان و بینینی کەڵەسەر و لاشەی مرۆڤی مردوو گۆشکرێت ، لە بوویەکی ترس داگرتووی توقێنراو زیاتر چاوەڕێی چی لەدواڕۆژی دەکرێت ..؟

++++

بەشی سێیەم :

پێم وایە تا ئێرە لایەنێکی ئامانجی ڕەخنەگرانەی ئەو باسەم ڕوونکردەوە کە (بنیامین) بەڕوونی هەر ڕەخنەگرتنێک لە زەبروزەنگ دەقاڵەمی داوە . لێدوان لە ئەنجامەکانی ئەم ڕەخنەیە هەڵدەگرم بۆ بەشی کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیە ، بەڵام لێرە بەدواوە دەچمە سەر لایەنی دووەمی ئامانجی باسەکەم و لەتێبینی و سەرنجی گشتییەوە دەپەڕمەوە بواریکی تایبەت .

یەکێک لەڕەهەندەکانی کانالی تەلەفزیۆن لە کوردستاندا لەو بەرنامانەدا ئاشکرادەبێت کە زیاتر بەرنامەی (فەرهەنگی و ڕۆشنبیرین) و

لەلایەن بینەرانەوە وەرگرتنیان بەپێی میتۆدی (سەرگەرمیکردن) زووتر بەئەنجام دەگات و لە لادلی خالکیدا جێگەی خۆیان) دەکەنەوە ... تێبینی دەربڕین و ئاخاوتن لەسەر ئەجۆرە بەرنامانە بەو مانایەیە کە بتوانم کاریگەریی نێگەتیڤانەیان لەسەر مینتالیتەی کوردی ناوەوە لەسەر کوردەکانی هەندەران وەبڕووخێم و سەرنج بۆ ئەوەیش رابکێشم ، هەرچەندە ئەمجۆرە بەرنامانە بەناوی کولتوور و ڕۆشنبیرییەوە دەیانەوێت بێ گوناهی خۆیان ئاراستەکەن (!) لەمەیشدا تاراددەیەک چاپووکبوون ! بەڵام دواجار هەر دەچنەوە بواری خزمەتکردنی سەرجەمی ئایدۆلۆژیای بە (وێنەکراو) ی پارتەکان بەهۆی شاشەی تەلەفزیۆنەوە .

بۆ بیرهێنانەوە پێویستە بڵێم : سیاسەتی پارتییەکانی کوردستان ، بەتایبەتی (پارتی و یەکێتی) ، لەسەر کۆپکردن و پەنابەرێتی کوردان ، بەشێوەیەکی گشتی سیاسەتێک بووە نەگۆڕ و بە وشە و زاراوەی وەکو : (هەڵاتن) ، (بێ بەرپرسیارێتی) ، (بازیو) ، (چوون بۆ ڕابواردن لە ئەورووپا) و دیمان شێوازی دەربڕینی دیکەی گوێمان لێ بووە ... زۆربەی پەنابەران لەیەکێک لە وێستگاکانی سەفەردا : (ئێران و تورکیا و شام) و پاشانیش لەیەکێک لەوڵاتانی خۆرئاوا ؛ لەگەڵ شێوازی هەمان سیاسەتدا دەستەوێخابوون کە زیاتر لەدەستنەتە کاروبار ، بەچاوی نزم تەماشاکردن و تەنگوچەڵەمە بۆ دروستکردن لەلای کاربەدەستانی ئەو وڵاتانە بەدیارکەوتوون (!) شتێکی ئاشکرایە ئەم ڕەفتار و گوتارانە لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و ئێزگەی ئەو پارتانەوە جاریان بۆ درابێت و دیسانەوە شتێکی ئاساییشە هەمان سیاسەت ئەوڕۆکە بەهۆی میدیایەکی پێشکەوتووتر و لەچوارچێوەی بەرنامەی سەرگەرمیکردنی خالکدا ، دڕێژەی پێبدرێت .

ئەوەی بەڵای منەوە گرنگ ، ئەوەیە کە لەشوێن و ژینگەی پەنابەرێکەوە قسان دەکەم و پێم وابێت پەنابەران فریشتەکانی دونیاین ! ئەوەی سەرنجم ڕادەکێشێ هەستکردن بەو مەترسییە کە دەشێ (سیاسەت / وێنە) لەڕێگەیەوە ڕق و کینە و زەبروزەنگ بەرهەمبهێنێ .. ئەمە جگە لەوەی دەمەوێت سەرنجێ بۆ ئەو گۆڕانە ڕابکێشم کە لە سوونەتی ئایدۆلۆژی عەقڵی سیاسی - حیزبی ئێمەدا ڕوویداوە ، واتە هەوڵدانی ئەم ئایدۆلۆژیایە بۆ دروستکردنی سیمایەکی نوماێشی بۆ خۆیی و شاردنەوەی زەبروزەنگەکانی لەچوارچێوەی بەهونەرکردنی خۆیدا ..

++++

ڕووشکاندن و ڕۆڵی تەلەفزیۆن :

لە کۆمەڵگای ئێمەدا زۆر شێوازی ڕووشکاندن پەیرەودەکرێت و کراوە .. ڕووشکاندن تایبەتمەندییەکی هەموو کۆمەڵگا تەقلیدییەکانە و لەبواری کۆمەڵایەتیدا بریتیە لە هێرشێکی ڕاستەوخۆی ڕووشکێنەر بۆ سەر دەروونی ڕووشکێنراو ، لێرمێشەوە ، ڕووشکێنەر هەردەم پێناسەی سوڵتەی بەسەردا دەسەپێت ..

لەکۆمەڵگای تەقلیدیدا ، کارپێکردن بەفەرمانە دێرینەکان هەردەم ڕەواجی هەبووە و هۆکارێکی تۆقێنەری هێرشبەرانەی دەسەڵاتداریێتی بوون بۆ سەر خودێتی مرۆڤ . لەکۆمەڵگای ئێمەدا ئەگەر فەرمانێکی دێرین بەنیازی ڕووشکاندن نەیتوانیبێ ڕاستەوخۆ هێرش بکاتە سەر لایەنی دووەم (ئەوەی ڕووی شکێنراوە) ئەوا هیچ باکمان نەبووە لەوەی جێگەی فەرمانەکە بەرەو ئەو ڕووبەرە ئاراستەبکەین کە پەیوەندارییەکی ماددی - ڕۆحی بەلایەنی دووەمەوە هەبووبێت : (پیرکردنەوەی سەرچاوەی ئاو و کانی ، کڵک و گوێ بڕینی وڵاخ و قاچ شکاندنی ئاژەڵان و هەڵپاچین و هەڵکەندنی درەخت و نەمام و) شاکاری لەم بابەتە .. هەموویان شێوە سەرەتاییەکانی کارپێکردن بەفەرمانە دێرینەکانی فەرهەنگ و کۆمەڵگا ، کە لایەنێک دژی لایەنێکی دیکەی هەمان کۆمەڵ بەنیازی ڕووشکاندن دەکاری بردوون ..

لەقۆناغی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەمان کارپێکردن ڕەهەندی گەورەترین سەبارەت بەیاساکانی کۆمەڵ بەخۆیانەوەگرتووە : (ناڤەک بڕین ، « ئەم » کردنە بارمتەی « ئەو » ، ناوونانوێرە بەسەرابڕینەوە ، تەفەنگ بەسەراهەڵتۆقاندن ...) و هتد .. شێوازی دیکەی میتۆدی ڕووشکاندن بوون کە ڕووشکێنەر وێستوێتی بەهۆیانەوە دەروونی سوڵتەیی و دەروونی کۆمەڵایەتی ڕووشکێنراویان پێ وێران بکات .. هاوەها لەزمانی کوردیدا - جگە لەزمانی شیعر و پەند و داستانە میللییەکان - زۆر دەستەواژەی وامان هەیە و بەردەوامیش

بەکاردەهێنرێن ، کە دیسانەوە پێشاندەری دەسەلاتی ڕووشکێنەرانەی بەشێک لەکۆمەڵی ئێمەن لەبەرامبەر بەشێک یان بەشەکانی دی خۆی ...(کلاو بۆ دروون ، کلاو لەسەرنان .. سەر ژانی ...) شایەنی باسە ، جگە لەوەی ئەم دەستەواژانە مانای کۆمەڵایەتی خۆیان لەبارودۆخی گرژییەوە بۆ خاوی و بەپێچەوانەیشەوە دەگۆڕێن ، بەڵام تێڕوانینێکی ئێرانەی ڕەگەزپەرست لەم دەربڕینانەدا لەدژی ڕەگەزی مێ (لەگەڵ ئەوەشدا زوو زوو دڵی خۆمان بەوە خۆشدەکەین گوایە ژنانی کوردستان ئازاترن لەهاوسێکانیان و شتی لەم بابەتە ...) بە سەختی ڕەنگی داوەتەوە و لەهەموو ئەم دەربڕینانەدا لایەنی مێ وەک لایەنە (عەیباوی) یەکە بەرجەستەکراوە (کاتێک دێمە سەر نموونەهێنانەوە لە نمایشە تەلەفزیۆنییەکاندا ، ئەم بۆچوونەی ئێرە زیاتر ڕوون دەبێتەوە) .

کەوابێ ئێمە ناتوانین مەسەلەی ڕووشکاندن تەنیا وەکو تراژیدیایەکی ئێستای کۆمەڵگەمان تەماشابکەین ، بەڵکو ڕاستیەکەی لەوەدایە ئەم تراژیدییە ؛ تراژیدی مێژوویی - فەرهەنگیی ئێمەیە و لەو ڕێگەیشەوە تراژیدی هەرەکێ لە ئێمەیە .. هەموو ئەم ناوازانەی ڕووشکاندن وا تەماشابانکراوە کە گوایە وەکمی ڕەوای دەسەلاتی خۆمەلایەتیانەی ئێمە بێتن و تەنانەت زۆرجارانیش وەک ڕێگا چارە پێربان بۆ دانراوە ..

لەفەرهەنگی سیاسیشماندا زۆرەی ئەم شێوازانە بۆ ڕووشکاندن ئامادەبوون و کاریان پێکراوە .. جێی سەرنجدانە کە لەهەندێ بارودۆخدا میتۆدی ڕووشکاندن وەکو بەندێکی یاسایی شۆڕش بەکارهێنراون : (بێکارپێکردن ، زەوتکردنی وڵاخ لە وڵاخدار و تراکتۆر و چەککردن و زۆر لایەنی دیکەی وا کە هەموو شوێنی قسەلەسەرکردن ...) گرینگ ، هەموو ئەم شێوازانە دووبارەکردنەوەی دەسەلاتمەندانەی ڕووشکێنەرانەن لەئاست ڕووشکێنراواندا ...

++++

بەڵام بۆچی بەکارهێنانەوەی ئەم فەرمانە دێرینە لەلایەن تەلەفزیۆنەوە مەترسی چەندجارەی بۆ سەر دەروونی مرۆڤ هەیە ؟ ئایا خودی فەرمانەکە گۆڕانێکی بەسەرادێت ؟ یاخود تەلەفزیۆن ڕەهەندی دیکەی هەمان فەرمان ئاشکرادەکات کە سەختترین کاریگەری لەخۆیدا گلداوەتەوە ؟!(11)

پێش هەموشتێک دەبێت ئەو سەرنجە دووبارەبکەمەوە کە لەبەشی پێشەوەی ئەم باسەدا دەرمبڕی : تەلەفزیۆن بەر لەهەرشتێک ئامێرێکە (مۆبێلێکە) و بەرهەمی قۆناغێکی پێشکەوتووی زانست و بیری مرۆڤایەتیە و تا ئەم شوێنە چاوەڕێی زیانی گەورەی لێناکرێت و هەر لەبەر ئەوەیش ڕەتکردنەوەی شیاونییە .. بەڵام کاتێک ئەم مۆبێلە لەچوارچێوەی دەزگایەکدا بەپێی خواست و ئامانجەکانی ئەو دەزگایە بەکاردەهێنرێت ؛ ئیدی ناتوانین هەمان پێناسەی پێشووی بۆ بکەین . لەبەر ئەوەی سنووری چالاکییەکانی و لەو ڕێگەیشەوە : ڕووبەری کاریگەرێتی خۆی فراوانترکردووە . بۆیە گەر ڕەخنە ئاراستەی تەلەفزیۆنەکانی کوردستان دەکرێت ، ئەم ڕەخنەیە بەپلەی یەکەم ئاراستەی ئەو لۆژیکە دەکرێ کە تەلەفزیۆن لە ئامێرێکی ڕاگەیاندنی ڕۆشنگەرەوە دەکاتە دەزگایەک بۆ سەپاندنی دەسەلات .. بەکورتیەکەی ئەم سەرنجانە دژی سیستەمی تەکنۆلۆژیانەی بەرهەمێکی تەکنۆلۆژیا نین ؛ بەڵکو دژی سیستەمێکی عەقڵیی ئامۆن بە بەکارهێنانی داهێنانە سەرکەشانی تەکنۆلۆژیا ... کەواتە ئەو کاتەی تەلەفزیۆن بەشێک بێت لە دەزگاکانی پارتەکانی کوردستان ئەوە بەشێکیشە لەسەرجەمی هێزی دەسەلاتدار و لەم ڕێگەیشەوە دەتوانێت باشترین هۆی ڕووشکاندنی ئەم سەردەمە بێت لەکۆمەڵگای ئێمەدا ...

++++

یەکێک لە کاریگەرییەکانی ڕووشکاندن بەهۆی تەلەفزیۆنەوە ئەوەیە کە ڕووشکێنراو دەخرێتە بەردەم نیگا و وێژدانی سەربەخۆی بینەرانی شاشە و دەکرێتە فەرمانی ئەو دیمانەی پێشکەش دەکرێت . کەسی ڕووشکێنراو دەکرێتە بوونەوەرێکی بێدەسەلاتی نێو تەلەفزیۆن و بینەرانیش دەبنە ئەو گشتەی لەلایەن دەرهێنەرەوە بۆ تەماشاکردن و چێژوەرگرتن لەدیمانی پێشاندراوەکە بانگکراون . لێرەوە ، بینەران تەک هەر دەبنە بەشێکی سەرەکی ئەوەی بەبەرچاویاندا ڕادەبڕێ ! بەڵکو بەدانیشتنیشیان بەدیار تەلەفزیۆنەوە و تەماشاکردنی دیمانەکان ، ڕەوشدی بەرهەمهێنانێک تاوادەکەن کە بڕیتیە لە ڕەوشدی ڕووشکاندنی پێشاندراو .. یاوەکو دەتوانم بە دەربڕینێکی دی بڵێم : کاتێک دەرهێنەر (ڕووشکێن) دیمانی ڕووشکاندن دەخاتە سەر تەلەفزیۆن ، مانای وایە (گشت) بانگدەکا تاکو

بەهۆی ڕۆیشتن لەگەڵ ڕووداوی دیمانەکاندا بەشداری ڕێ و ڕەسمی ڕووشکاندن بکات !

دیارە ئەم سەرنجە زەمینەخۆشکردن نییە بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین بەهۆیەوە داوا لەبینەرانی کوردستان بکەین بەهۆی « کوژاندنەوە » ی تەلەفزیۆنەکانیانەوە بەربەرەکانێی بەشداربوون لەو ڕێ و ڕەسمەدا بکەن (!) چونکە هەرومکو پێشتر گوتمان : تەلەفزیۆن لەکوردستاندا وەک دەزگایەکی ڕاگەیاندنی گرێدراو بە ئایدۆلۆژیای پارتەکانەوە ئامادەیە و ئەمایش ڕێگە بەبینەران نادات لەسەر حسێبی جێگرەوەکانی دی ڕەفتاریکات .. واتە : ئەگەر بەرنامەیەکی « بەدل » نەبوو ! بتوانێ تەماشای بەرنامەیەکی دی شوێن پەسندی خۆی بکات . چونکە جێگرەوەکانی تریش گیرۆدەی هەمان پابەندبوونن بەلایەنەکانی ترەوە .. واتە نەبوونەتە (جێگرەوە) .

++++

کاریگەرییەکی دی نومایشی ڕووشکاندن بریتیە لەوەی کە ڕووشکێنراو بوونیەکی بێ پایە و بێ بونیادە . سەرمتای پەیدابوونی لەجیهاندا بریتیە لەساتی یەکەمی دەرکەوتنی لەشاشەدا .. دروستکراوێکی بێ مێژوو ، کەسایەتی و ڕابردووە و هیچ کەرستەیەکی نییە بەهۆیەوە بەرگری لەخۆی بکات .. هەموو مێژووی ئەو بریتیە لەو مێژووەی تەلەفزیۆن لەماوەی پێشاندانیا بۆی دروستدەکات و دەیکاتە کەسایەتیەکی بێ کەسایەتی - نەفرەت لێکراوی ڕووشکێنراوی بەردەمی خەڵک ...

سەبارەت بەوەی کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن واقیعی خۆیان دێننە نەفراندن (بودریلار) ڕایەکی جوانی هەیە و دەڵێ : وێنەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن - لەوانەیش تەلەفزیۆن - چیدی وێنەی واقیع نین ! بەڵکو وێنەی بۆچوونەکانی دەزگای ڕاگەیاندن ... بەرهەمهێنانەوەی هێرۆگلیفییانەی واقیعن .[12]

بۆ نموونە ، کاتێک ئێمە نومایشی (پەنابەرێک) لەیەکێ لە تەلەفزیۆنەکانی کوردستاندا دەبینین ، تەنک هەر تەنیا ئەو پەنابەرە دروستکراوی وەهمی ئایدۆلۆژیای دەسەڵاتدارە ! بەڵکو لەنێوان ئەو - وەک پەنابەرێک - و بینەراندا دیواری شاشە ئامادەیە .. کە ئەو دیوارە جیاوازی و ماوەدای نێوان واقیعی بینەران و واقیعی پەنابەرانیشە !. کەواتە جادووی تەلەفزیۆن هەر ئەوەیە کە دیمەنی پەنابەران پێشکەشدەکات ، بەڵکو واقیعی ئەو دیمەنەیش بەناوی سەکۆی واقیعی پەنابەران لەخەڵک دەگەیەنێت .. کە ئەمە دواجار بریتیە لە دروستکردنی دیوارێک لەنێوان پەنابەران و بینەراندا ..

++++

نموونەیەکی دی : لەم باسەدا چەندجارێ ئاوەم دووپاتکردەوە کە ئەرکی تەلەفزیۆن ڕۆشنکردنەوەیە . ڕۆشنکردنەوە بەمانای : دیدەنیکردنی ئەو مانا و زانیارییانەیە کەهەر تاکەکەسێ لەکۆمەڵدا دەتوانێت وەک خاڵی هاوبەش لەگەڵ تاکەکانی دیکەی هەمان کۆمەڵگادا لەسەریان بدوێ و پەیوەندی خۆی لەڕێگەیانەوە پتەوبکات . ئەگەر بەرنامەدارێژانی سیاسەتی فەرهەنگی و بەرنامەکانی تەلەفزیۆن لەئاست ئەم ئەرکەدا ئاگادارنەبێتن (وەک لەناوەوە دەیبینین) ، ئەوە بەلادێبردنی ڕۆڵی دەزگای نێوبراو ، دەکارێ مەترسی گەورەی بۆ سەر دەروونی کۆمەڵ هەبێت:

کۆمەڵی ناوەوە چەند پرنسیپێکی گشتی و خۆڕسکی لەسەر بۆ نموونە :(پەنابەرانی دەرەوە) هەیە ، یاخود هەبوو .. کە ئەم پرنسیپانە لەژێر دەسەڵاتی کاریگەرانەی پەیوەندییە بونیادییەکانی ناوەوەی کۆمەڵدا (پەیوەندی خوێنی ، ڕەگەزایەتی ، ئایینی و فەرهەنگی و هتد ..) بەڕێوەدەچن . هەر باوکێک و دایکێ لەژێر کاریگەریی نادیاری ئەم بونیادانەدا خۆی بەوە (ڕازی) دەکات کە ژیان و ڕەفتاری کەسێتی و ڕەوشت و بەکورتیەکەی بار و گوزەرانی کوڕ و کەس و کارەکانیان لەدەرەوە (دەبێ چۆن بێت) .. وێنەی ئەم (دەبێ چۆن بێ یە) ، بێگومان پابەندی هەندێ هەڵقەی دیکەیشە .. وەک : ڕاددەی ناسینی پێشووی دایک و باوک و دەوروبەری ناوەوە لەسەر کەسێتی دەرەوە .. پلەی زانیاری خێزانی ناوەوە لەسەر (ئەوروپا) و ئەو زانیارییانەی کەسی پەنابەر لەڕێگەی (نامە ، وێنە ، تەلەفزیۆن ، فلیمی ڤیدیۆ و ڕێگەکانی دی پەیوەندیکردنەوە - بەڕاستی ودروستی یاخود بەدرۆو زیادەڕۆیی) بۆ ماڵەوەیی و کەس و کاری ناردۆتەوە ...

کاتێک تەلەفزیۆن ئەو پرنسیپانە و ئەم هەڵقانە لەبەرچاونەگرێت ، بێگومان دەبێتە هۆی بەلادێبردنی هەموو ئەو شێوازانەی کە ناوەوە وێنەی (دەبێ چۆن بێ) ی خۆی لەسەرەوە بیناکردبوون .. چونکە وەکو پێشتر هێمامان بۆ کردووە ، لەکوردستاندا تەلەفزیۆن وەک (ڕاستییەک - حقیقة) ئامادەیە و توانای ئەوەی هەیە

لەپێناوی پتەوکردنی ئەم (بەراست) ئامادەبوونەدا هەموو ڕاستییەکانی دی لەنێو خۆیاندا ناکۆک بکات ..

کاتێک وێنەی دایک و باوک لەسەر ژیانی (دەبێ چۆن بێ) ی کوڕ و کچ و کەس و کاریان لەگەڵ (ڕاستی - حەقیقەتی) نومایشی تەلەفزیۆنیدا جووت وێکنەهاتەوە ، بێگومان خۆیان لەبەردەم کێشەیەکی خێزانیدا دەبینەوە بەبێ ئەوەی لایەنی دووەمی کێشەکە (واتە پەنابەرەکەی بەهۆی هەڵقە باسکراوەکانی سەرەوە دەبەستێتەوە پێیان) ئامادەبێت !

کەواتە : تەلەفزیۆن بەلەبیرکردنی بونیاد و پرنسیپە گشتییەکانی کۆمەڵگا و پیرکردنەوەیان بەبونیاد و پرنسیپەکانی خۆی ؛ تاک هەر لەئەفراندن و چێکردنی زمانی هاوبەشدا بەشداری ناکات ؛ بەڵکو خاڵە هاوبەشەکانیش لێکدی دوور دەخاتەوە .. ئەمەیش هەمان شتە کە پێشتر (بودریلار) ناوی ناوە : بەرهەمهێنانەوەی هێرۆگلیفییانەی واقیع ..

++++

ئەم شێکردنەوەیە ئەوە دەگەیەنێت ، کە پارتە کوردییەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ژێر دەسەڵاتیان توانای ڕووبەڕووبوونەوەی سەکۆی واقیعی پەنابەرانیان نییە و بیر لەوە ناکەنەوە ئەم مەسەلەیە پێویستی بەخۆئامادەکردن و بەرنامەدارشتنێکی ستراتیژیانە هەیە ... بەڵکو بەهۆی هاندانی پێشاندانی ئەم نومایشە تەلەفزیۆنیانەشەوە لەسەر پەنابەران و تەنانەت هاندێ لایەنی ژیانی نێوخۆیش ؛ کارێک دەکەن بێتوانایی و دەستەوەستانی خۆیان لەئاست سەکۆی کوردستاندا بشارنەوە و بەهۆی سەرگەرمکردنی خەڵکانەوە ، ووزەی پرسیار و ناڕەزایی دەربڕین لەدەروونی کۆمەڵدا بمرێنن..(١٢)

++++

بەشی چوارەم :
نمووندکان

ئەگەرچی نموونەهێنانەوە لەبەرهەمی تەلەفزیۆنەکانی کوردستان ماندووییی دەوێت (چونکە دێرە بێدەنگ ڕەشەکانی سەر کاغەز هیچ کاتێ ناتوانن دیمەنە بگۆ ڕەنگینە بزاوتەکانی ناو شاشە بێتن) ، بەڵام کارێکی پێویستە ؛ ماندووییی دەوێت ، لەبەر ئەوەی تۆ پێویستت بەوە هەیە ئەو نموونەیە سەرجەمی ئەو تایبەتمەندیانەی لەخۆگرتبێت کە بەشێوەیەکی تیۆری هێمایان بۆ کراوە و لەهەمان کاتیشا ئەو نموونەیە ، نموونەیەک بێت کەمترین دووبارەبوونەوەی لەخۆی گرتبێ .. پێویستیشە چونکە بوار بۆ خوێنەر / بینەر دەرهێنێت دواجار پابەندی ئەم باسە و دراوەکانی نەبێت و خۆی هەوڵبدات بەلێتێپەراندنی ئەم شیکردنەوانە ، پەیوەندی خۆی بەنومایشەکانەوە دیاری بکات . گرنگە ئەم قسەیە وەها لێکدەینەوە : لەبەر ئەوەی کاریگەریی تەلەفزیۆن لەسەر بینەران کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی بێ نێوانە (وسیط) ، پێویستە هەڵوێستی بینەر و پەرچەکردارەکانیشی لەئاست نومایشە تەلەفزیۆنیەکاندا بێ نێوان بێت .

واتە لێرەدا ڕۆڵی ڕەخنەگر ئەوەیە کە بتوانێت یەک بەیەکی بینەران لەئاستی کاریگەرێتی نومایشەکان بۆ سەریان ڕۆشنکاتەوە . چونکە ئەو کاریگەرییە لەدەرەوەی پەیوەندی نێوان (ڕەخنەگر) و (بینەر / خوێنەر) اندا هاتۆتەدی . بەم پێیە ، ئەرکی ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەوە بەپلەی یەکەم باسکردنی ڕاستەقینەی ئەو پەیوەندییەیە کە لەنێوان (خۆیی) و نومایشەکاندا هاتۆتەدی . کاتێک ڕەخنەگر لەچوارچێوەی وتارێکدا پرسیار لەو پەیوەندیە دەکات و ڕەخنەی لێدەگرێ ، لەڕاستیدا تەنیا باسی ئەزموونێک دەکات کە خۆی پێیدا تێپەڕبووە .. گرنگی باسکردنەکەی بۆ بینەران و نووسینەوەی سەرنجەکانی بۆ خوێنەران تەنیا لەوەدایە کە ئەزموونەکانی خۆی دەکاتە هۆکارێک و لەگەڵ خوێنەر / بینەرانی تردا بەهۆیانەوە مشتومر و دیالۆڕ دروستدەکات .. بەڵام تا ئاستێک ئەزموونی بینارێکی ڕەخنەگر وەک دەرهێنامێکی گشتی و (زۆربە پەسند) ڕەخنەدەاتەوە ، ئەمیان کەس ناتوانێت پێشتر بریاری لەسەر بدات . بەڵام هەرکات ئەو پەیوەندییە بووە پێوانەیەک لەلای بینەری ئەو نومایشانەی گفتوگۆیان لەبارەوە کراوە ؛ ئەوا ڕەخنەی بینەری ڕەخنەگر بەزایەنەچووە ...

++++

لێرە بەدواوە سێ نموونە لە نومایشە تەلەفزیۆنییەکان دەهێنمەوە کە پێم وایە تاکاتی نووسینی ئەم باسە بەرجەستەترین وتاری تەلەفزیۆنەکانی کوردستان بێتن . گرنگی ئەم نموونانە بۆ ئێرە لەوەدایە نموونەی ناسراون و ئەمەش وادەکات پێویستیان بەشیکردنەوەی

دووروودریژ نابێت . هاروهها لەنێوان نموونەکاندا تەباییەکی نومایشی هایە . واتە لەوانەیە لەیەك دیمەندا تەنیا یەکێکیان بەشداربێت و لەوانەیشە هەرسێکیان لەهەمان دیمەندا قووت بووبێتنەوە ، نموونەکانیش ئەمانەن :

نموونەی یەکەم : بەموزالکردن (نموونەی دینی) .

نموونەی دووەم : ڕووتکردنەوە (نموونەی فەرمانی دێرینە - نەرێت) .

نموونەی سێیەم : ناوچاوچێتی (نموونەی نایدۆلۆژی دەسەلاتدار) .

١- بەموزالکردن (ڕەوشتامێزی) :

مەبەستم لەبەکارهێنانی زاراوەی بەموزالکردن یاخود (ڕەوشتامێزی) پێناسەکردنی ئەو دیمەن و بارەمەتەلەفزیۆنیانەیە کە دیاردەیەك لە کێشەکانی کۆمەڵ دەخەنەڕوو . یاخود دەیانەوێت لە ئەنجامی پێشاندانی دیاردەیەکەوە خەڵکی لەمەترسیە پەیوەندارەکان بەو دیاردەیەوە ئاگادارێکەنەوە (مەترسی ڕاوەستاسی لەنزیك ئێستگەی بارهەڵهێنانی کارەبا ، بریندارەوی دارتاڵی کارەبا ، دزینی چاتری سەرقەبران و پەردەهەڵدانەوە لەسەر ڕیشۆمۆڕی پۆلیسی ڕێگای هامشۆ و ... هتد) .

خستنەڕووی ئەم دیاردانە بەنیازی کەمکردنەوەیان خۆی لەخۆیدا کارێکی گرنگە ؛ بەڵام ڕووبەڕووبوونەوەیان و تەفسیرکردنی مەترسی ئەم دیاردانە بەپێتودی ئەخلاقی ، ئەو چارەسەرە زۆر لاوازەیە کە هیچ کارێگەرییەکی بنەبڕکراو دروست ناکات . بۆ نموونە : کاتێك تەلەفزیۆن لایەکێ لەدیمەنەکانیدا فەرمانبارێکی دایەرەی کارەبا ڕووبەڕووی ماسیگرەکان دەکاتەوە ، ئەرکی ئەو فەرمانبەرە - وەکو لەو دیمەنەدا دەبینین - پەند و ئاموژگاریکردن و تەبێی ڕەوشتامێز نییە بەهۆی ڕستەی : (ئەری کاکە عەیب ناکەن .. شەرم ناکەن ؟) ... بەڵکو وا چاوەڕێدەکرێ زمانی فەرمانبەر زمانی تێگەیاندن و ڕۆشنکردنەوەی مەترسی تەقاندنەوەی دینامێت بێت لەنزیك بەربەستێکی بارهەڵهێنانی کارەباوە .. و پاشانیش کارێگەرێتی ئەو مەترسییە و بێ کارەبایی بەگوزەرانی خەڵکەوە و ... (ئەوجا قڕخستنە سامانی ئاوی - ئەوەی لەکیمیای ڕزگاربووە - بەهۆی دینامێت تەقاندنەوە کارێکی شیاوە یان نەء ، ئێرە شوێنی باسکردنی نییە ..)

بەهەمان شێوە ، لەدیمەنی پێشاندانی پۆلیسی هات و چۆ (مرور) لێك هەڵوەشاندنی پرد و دادگاییکردنی تاوانبارانداء ، چارەسەری ڕەوشتامێز و پەند و وەعزی مەلایانە پەردە بەسەر شیکردنەوەی پیشەیی و ورد و کارێگەری ئەو دیاردانە بەژیانی مەدەنی کۆمەڵگای نێمەوە ، دادەدەنەوە . لێرەیشەوە زمانی ڕەوشتامێز ، کە لەڕاستیدا زمانی مزگەوت و دامەزراوە ئایینییەکانە ؛ دەبێتە زمانی پێشکەوتووترین هۆی ڕاگەیاندن و عەقڵی دەسەلاتداری بەو لەشێوەی ئاموژگاری مەلایاندا خۆی بەیان دەکات .

++++

٢- ڕووتکردنەوە :

بێنەر لەدیمەنی ڕووتکردنەوەدا کەسێکی لاواز لەپشتەوە دەبینێت کە لەیەکێك لەگەرمکە پێشکەوتووەکانی شاری هەولێردا جانتایەکی چارخداری گەڕۆك بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێت . ئەو کەسە (لاواز) ، (پرچ درێژ) ، (قاچ ڕووتە) و بەرەنگێش لە هاوولاتیانی کوردستان ناچێت . تەنانەت زمانیشی کوردی نییە . لە دووەمین بزاڤی کامێرای هەمان نومایشدا - دیمەنی لانکشۆت - بێنەر ڕووبەڕووی کەسێکی (قەڵەو) ، (توانا و چوارشانە) ی (کوردی پۆشی) (کوردی گۆ) دەبێتەوە کە یەکەم ڕستەی پاش هەڵوێستەیەکی سەرسام ئامێز لەناست کەسی یەکەمدا ، بریتیە لەوەی بڵێت : (ئای لەو کێژە جوانەی !) .

هەڵبەت هاوڕەگەزی خوێنەری ئەم دێڕانە لەوە ئاگادارەبێت کە من لەسەر ئاستی (ڕۆڵی کامێرا) لەڕووتکردنەوەدا قسان دەکەم نەك ڕۆڵی دیالۆژەکان و جوولەی ئەکتەرەکان ، کە لەڕووتکردنەوەدا دەوری تایبەتی خۆیان هەیە ... دوو خوولەکی یەکەمی ئەم دیمەنە ڕووبەڕووی ئەو دوالیزمەمان دەکاتەوە کە نایدۆلۆژیای دەسەلاتدار لەنومایشی تەلەفزیۆنیدا سوودی لێوەرگرتووە : (لاواز / قەڵەو) ، (کوردی پۆش / بێگانەپۆش) ، (پرچ درێژ / پرچ کورت) ، (کوردی گۆ / نا کورد) و (پیاو / ژن) .. ئەگەرچی ئەم دابەشبوونە لە خوولەکەکانی لەوەپاشی نومایشی ڕووتکردنەوەدا دەبێتە دابەشبوونی : (کورد لە ناوەوە / کورد لەدەرەوە) ، بەڵام دوانەی (پیاو / ژن) لەسەرجەمی بارهەڵهێنانەکەدا ئامادەیە و بەشی

دوومی هەریەکێ لەم بەرامبەرە دوالیستییانە لەبۆتەیەکی نزم و خەراپدا وەبووخراوە ...

لەراستیدا دیمەنی ڕووتکردنەوە دواهەنگاوی دەسەلاتدارێتییە کە بەهۆیەوە پەیوەندی دەسەلاتمەندانەی خۆی بە ئاوی دیکەوە؛ سەرەتا (ئاویدی بێگانە و پاشان ئاویدی خۆیی) دیاریدەکات . لەڕوانگەی ئەم ئایدۆلۆژیایەوە : ئاویدی هەم (لاوازە) هەم (بێ ئابڕوو) ، چونکە پرچی درێژە و لاقی ڕووتە .. هەم (بێ بەرپرسیارییە و ونبووە) ، چونکە زمانی کوردی بیرچوتەوە .. سزای ئەم کەسە ئاوەیە بە (مێ) ناوزەدبکرێ ؛ ئای لەو کچە جوانەی !

ئامادەبوونی ئەم بونیادە پەتریارکیە لەزمانی تەلەفزیۆنەکانی کوردستاندا هیچ پەیوەندییەکی بەو پرنسیپە کۆمەلایەتیانەوە نیە - بڕوانە کۆتایی بەشی سێهەمی ئەم باسە - کە کۆمەڵی ناوەوە لەئاست تاکەکەسی دەرەوەدا پێیان قاییلە .. بەڵکو ئەمە یەکێکە لەبونیادەکانی ئەو عەقڵەی لەڕێگای تەلەفزیۆنەوە دەکرێتە عەقڵی باوی پەسەندکراو ، ئاوێش بەیارمەتی زیندووکردنەوەی بونیادە دێرینەکانی فەرهەنگی پاشکەوتووی ئێمە ...

++++

٢ - ناوچەپێتی :

ناوچەپێتی وەک زاراوەیەک بەکاردێنم کە ئامادەیە بۆ گۆڕین و لابردن و پێکردنەوەی جێگەکەی بەزاراوەیەکی دی . بەهۆی سوودوەرگرتن لەم زاراوەیە ، دەماوێ ئاوە ڕووتبکەمەوە کە زمانی تەلەفزیۆن چۆن هاوکاری نەرێتی ناوچەپیانەی ناوچەیەک - شارێک لەشارۆچکەکانی کوردستان و لەژێر کاریگەریی دابەشبوونی ئاو شوێنانە بەسەر یەکێک لەپارتە گەورەکاندا ! هەوڵدەدات پەسەندێتی خۆی بەسەر ناوچە و شارەکانی دیکەدا بسەپێنێ ...

بۆ نموونە : لەیەکێک لە نوماینە بەرهەمهاتووەکانی کانالی تەلەفزیۆنی سلێمانیدا باوکێک دەبینین نامەیەکی کوڕەکەی لەهەندەرانەوە بۆ هاتووە . پەیامی ئەم نومایشە بریتیە لەئاگادارکردنەوەی (باوکان / بینەران) کە کوڕەکانیان / کەس و کاریان لەئاوروپا ، زمانی کوردییان بیرچوتەوە . نیازی تەلەفزیۆن لەم دیمەنەدا بریتیە لەڕووشکاندنی ئاو (کەسە - نائامادە - پەنابەرە) لەبەردەمی باوک / بینەراندا و پاشانیش سەرزەنشکردنی ئاو باوکانەی کوڕەکانیان لەئاوروپا زمانیان بیرچوتەوە ...

وەڕووخستنی نومایشی لەبیرچووناوەی زمانی کوردی لەنێو پەنابەراندا تەنیا هەروەکو (نومایش) دەمێنێتەوە و هەروەکو ڕۆشنبیرێکی کوردیش دەڵێت بنەمایەکی بابەتی نیە . چونکە بەهۆی تێکەڵبوونی زاراوەکانی زمانی کوردی لە هەندەران و ووشە و زاراوەفواستنی کوردان لەشێوە دیالێکتی ناوچەی یەکدی ؛ ئەک هەر خازێنەی زمانیان دەوڵەمەندەمێنێت ، بەڵکو ئەم پەیوەندیانە ڕۆڵی خۆشیان لە (پاراو) کردنی زماندا دەگێڕن ..

بەڵام بابزانین تێگەیشتنی تەلەفزیۆن بۆ لەبیرچووناوەی زمان چۆنە ؟ :


لەم دیمەنەدا ، بەپێچەوانەی پەیامی نومایشەکەوە ، نێرەری نامەکە زمانی بیرنەچوتەوە ، بەڵکو شێوەی زمانی لەشێوەی (سۆرانی) یەوە بۆتە شێوە (بادینی) - ئەمە ئەگەر واقیعی شاشەمان پەسەندکرد - بەڵام لەبەر ئاوەی چەقی قوورسایی بەرهەمهێنانی نومایشەکە ناوچەی سۆرانە و شوێن سلێمانییە و سلێمانیش بەپێی دابەشبوونی سیاسی ئێستای فەرمانڕەوایی سەر بە (یەکێتی) یە ؛ ئاوا شێوە دیالێکتی سۆرانی دەسەلاتێکی زمانی وەرگرتووە و بۆتە پێوانەی (معیار) لەبیرچووناوەی زمانی کوردی! چونکە زمانی نامەکە وەک شێوە ئاخاوتنی ناوچەی بادینان بەرجەستەکراوە (ئەمە ئەگەر چاومان لەهەڵکانی ناویشی پۆشی : من .. باش .. بێ تاقەت .. ئێوە ... هتد) ، کە ئاو بەرجەستەکردنە لێرەدا ڕۆڵی (دەرەوەی زمانی کوردی / سۆرانی) دەبینێ .

++++

ئەگەر لەنموونەی یەکەمدا ڕەوشدی ڕەوشتامێزی ، زمانی دیققەت و ڕۆشنگەرانەی تەلەفزیۆن دەکاتە زمانی وەعز و خوتبە .. وە لەنموونەی دووەمدا تێڕوانینی ئایدۆلۆژیانە خۆی بەرهنگی فەرمانە دێرینەکانی فەرهەنگی پاشکەوتوو بۆیاخدەکات ؛ ئاوا لەنموونەی سێهەمدا شۆڤێنیزمی بیری خێڵایەتی ناوچەیەکی دەسەلاتداری ئایدۆلۆژی لەئاست ناوچەیەکی دیکەدا ، شارماوێترین نموونەمان دەخاتە بەردەست ...

لەئەنجامی شیکردنەوەکانی پێشوومەوە دەتوانرێ سێکۆشایەکی مۆدێلی لەسەر

ئایدۆلۆژیای دەسەلاتداری باو لەکوردستاندا پێشکەشکرێت .. لەهەر یەکێ لە گۆشە نیگاکانی سێگوشەی ناوبراودا چەقێکی دەسەلاتمەندی ئایدۆلۆژی دەبینرێت ! بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە ئەو چەقانەی دەسەلات شوێن گۆڕکێ ناکەن و دەسەلات ناگۆڕنەوە و جلوبەرگی یەکتر ناپۆشن و بەزمانی یەکدی نائاخڤن .. بەڵکو بەمانای ئەوەیە کە هەریەکێ لەو سێگۆشانە و پەیوەندییەکانی نێوانیان و هەندێ جار دژایەتیەکانیشیان دواجار سەرجەمی کارلێکەکانی نێوخۆی ئایدۆلۆژیای باو جێبەجێدەکەن و تێکڵ بەیەکتر دەبن بۆ ئەوەی درێژە بەتەمەنی خۆیان بدەن .. ئەوەی بەڵای منەوە گرنگ و جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە : ڕێزمانی ئەم ئایدۆلۆژیانە دەبێتە ڕێزمانی دامەزراوەکانی دیکەی کۆمەڵگایش ، ئەمەیشمان لەبواری لێکۆڵینەوەی دام ودەزگای تەلەفزیۆنیدا بینی ...



++++

ئەنجام و پێشنیار :

تەلەفزیۆن هۆیەکی ڕاگەیاندنی ڕاستەوخۆیە و ئەرکی سەرەکی لەپاڵ گرنگیدا بەزمان و ستاتیکای بونیادەکانی خۆی ، بڕیتیە لەڕۆشنگەری ئەو خاڵە هاوبەشانەی تاکەکانی کۆمەڵ بەیەکەوە دەبەستێ ، بۆ گەیشتن بەم ئامانجە و جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە بنەماییە زۆر گرنگە تەلەفزیۆن بەرنامەیەکی تۆکمەی سیاستی فەرهەنگی لەپشت بێت و ئەو سیاستە فەرهەنگییە بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگای لەبەرچاوگرتبێت ، مەرج نییە سیاستی فەرهەنگی لەلایەن کاربەدەستانی ئیداری تەلەفزیۆنەوە دارێژرابێت و زۆر شیاوە بۆ گەڵاڵەکردنی ئەو کارە هونەرمەندانی داهێنەر ، نووسەری شارەزا و کۆمەڵناسان و دەروونزانەکانیش ئەرکی سەرشکیان پێ بسپێردرێت ..

زۆر گرنگە تەلەفزیۆن لەڕووی فەرهەنگییەوە گرێدراوی هیچ یەکێ لەئایدۆلۆژیا باوەکان نەبێت و ناسنامەی خۆی بەهۆی ناسنامەی دەسەلاتێکی سیاسییەوە (ئەگەرچی لەڕووی ئابووریەوە گرێدراویش بێت) ، ئاراستەکات ... بۆ ئەوەی تەلەفزیۆن وەکو دەزگایەکی ئاراستەوخۆی سانسۆر لەئاست بەرهەمی داهێنانی ئازادا کارنەکات ، پێویستە کاری داهێنەرانەی ڕۆشنبیری و هونەری وەک ئاستی ئاگایی سەردەم ڕەواج پێدات و سوود لەتوانا و بەهرەی داهێنەرانە وەربگرێت و مەرجی سیاسی بەسەر هونەرمەند و خەڵکانی چالاکدا نەسەپێنێ .. و هەروەها بۆ گەیشتنی تەلەفزیۆن بەئاستی کاری هونەریی خۆی ، پێویستە سوود لەو هونەرمەند و نووسەر و ڕێنەگر و فلیم ئاسانە وەربگرێت کە لەگەڵ ڕەوتی کاری هونەریی سالانی پێشوودا پێگەیشتوون و لەچالاکییە هونەرییەکانی شارەکاندا بەشداربوون .. نەک لایەنگر و خەڵکانی نەشارەزای خۆبەرهێنەوە .

تەلەفزیۆن وەک دەزگایەکی ڕاگەیاندنی ڕۆشنەرەوە ئەرکی بەرزکردنەوەی چێژی ستاتیکییانەی بینەرانیشی لەسەرشانە ، ئەمەیش خوازیاری کەمکردنەوەی بەرنامەی سەرگەرمیکردن و چارەسەری ڕەوشتامێزانەیە بۆ کێشە و دیاردەکان ، کە ئەمەی دواییان ئەرکی دامەزراوە ئایینییەکانە .

ئایدۆلۆژیای باوی دەسەلاتدار لەکۆمەڵی ئێمەدا ، ئایدۆلۆژیایەکی تەنگوچەڵەماوییە و ڕەوشی هەڵگەڕانەوەکەیشی لەقۆناغی بەرگریکەرانەیەوە بۆ قۆناغی ئیستای نەبوتە هۆی گۆڕانێکی ماهیەجی ، واتە مەترسی ئەوەی لێدەکرێت لەکات و شوێنی دیاریکراودا ئەو میتۆدانەی لەمێژووی گەشەکردنی قۆناغی بەرگریدا دژی دەرەوەی خۆی ، لەژێر دەسەلاتی

هەوڵنامەی کرد

بەڵگەی جۆراوجۆردا ، دەکاری هێناون : (شەڕی نێوخۆیی ، لێدان لە ڕەوت و لایەنی سیاسی دیکە و ... هتد) لەسەردەمی ئێستاشدا کارا (فعال) و شوێنی ئاوڕلێدانەوە بێتن و پەنایان بۆ ببات . لەئاستەنگێکی وا تەنگوچەڵەماویشدا ، بێگومان ئەرکی هەرمگرنگی دەزگایەکی گرێدراوی وەک تەلەفزیۆن دەبێتە ئەوەی جەنگ و ململانێکان لەسەکۆی بڕیاردانی سیاسییەوە بگوێزێتەوە ناو دەروونی مالآن !

ناوەڕاستی حوزەیرانی ١٩٩٢

دانمارک

پەراوێز و سەرچاوەکان

1- John Fiske og John Hartly : Fjernsznets sprog [زمانی تەلەفزیۆن] på dansk ved Kim Schrøder , 1981 , København . [S. 15 - 16] .

2- Jean Baudrilland : I de tavse flertals skzgge [لەسێبەری زۆرینەی بێدەنگا] S. 30 og 48 - 72 , لەکتێبی « Implosion og forførelse : Redigeret af Stig Brøgger . København 1984 , på dansk ved Carsten Juhl .

٢- جێگەی سەرنجە ئەوڕۆکە پارتەکان بەهۆی بەکارهێنانی هاندێ ڕستەوە : (دەستی یارمەتی درێژکردن) ، (بوار بۆ ڕەخساندن) ی ئەدیبان و ڕۆشنبیران تا (لە ئەرکە نیشتمانیەکانیاندا کەمتەرخەمی نەکەن) ، و دەیان فۆرمۆڵی لەم بابەتە ... توانیویانە زۆر ئەدیب و نووسەر و هونەرمەند بکەنە درێژکەرەوەی خۆیان و توانا و چالاکییان لەڕەوتی ئایدۆلۆژیانەی پارتەکاندا دەکاربهێنن .. دیارە بەهۆی ئەم کارەوە سنووری کاری هونەری ، وەک (بەرهەمی داهێنانی سەربەخۆی هونەرمەندان) و (کاری سیاسی بەهونەرکراو) ، تێکشکاوە و هەموو کالایەک بەناوی هونەر و ئەدەب و ڕۆشنبیرییەوە لەژێر ناوی (داهێنان) دا ، دەخرێتە بازاڕی فەرهەنگییەوە .. بەم پێیە گاڵێک سیاسی دەبنە ڕاوێژکاری هونەری و ئەدەبیمان و گاڵی هونەرمەند و ئەدیبیشمان دەبنە گوێ ڕایەڵ .. لەم مەیدانەدا عەقڵی سیاسی - حیزبی لەعەقڵی ڕۆشنبیری باو وریاترە و هاڵوەڕجاکان خێراتر دەقۆزێتەوە . بۆ نموونە ، سیاسی ڕێگ بەخۆی دەدات لە ئاهەنگ و بۆنە فەرهەنگی و سیرف ڕۆشنبیرییەکاندا بچێتە پشتی مایکرۆفۆنەوە و بەناوی حیزبی خۆیەوە ، وتارێک خیتابەبکات : لەڕاپۆرتی کۆنگرەی دامەزراندنی گۆڤاری (پەیامی وەرگێڕ) دا کە (گۆڤارێکی کەلتوری گشتییە - تایبەت بە وەرگێڕان) و (کۆمەڵەی وەرگێڕانی کوردستان) دەریدەکات ! ئەک هەر بەرهو ڕووی یەکەم دوو وتاری (بەرەی کوردستانی) و (پارتی دیموکراتی کوردستان) دەبێنەوە ، بەڵکو لەسەر زاری ئەمەی دواییان لە (گرینگی ڕۆڵی وەرگێڕان) ئاگادارمکرێنەوە !!

٤- ئەم ڕایە سەبارەت بە بوارەکانی دیکەی هونەری پێشاندانیش - وەک هونەری فۆتۆگرافی - هەر ڕاستە . (ڕۆڵان بارت) لەکتێبە شاعیرانەکەیدا (ژوورۆکەی ڕووناک) ، کە دێتە سەر باسکردنی وێنەیەکی (Piet Mondrian) ، کە ساڵی ١٩٢٦ لەپاریس گیراوە ، دەڵێت : (چۆن مرۆڤ وەک ڕۆشنبیرێ بنوێنێ بەبێ ئەوەی بیر لەهیچ ڕۆشنبیرییەک بکاتەوە ؟) ، بارت لێرەدا هێما بۆ ئەو جیاوازییە دەکات ، کامێرا لەنێوان خودی کەسێتی وێنەگیراو و ئەو پارچە کاغەزەی وێنەی ئەو کەسایە ، هێناوێتییەئاراوە ...

ژووری ڕووناک [Roland Barthes : Det lyse kammer] , på dansk ved Karen Nicolajsen , 1983 , København . S. 134 .

3- Walter Benjamin : Kulturindustri (udvalgte skrifter) [کۆمەڵە وتاری کارگای فەرهەنگ] , på dansk ved : Claus clausen , 1973 , Rhodos , København , S.15 .

٦- چەمکی سیاستی فەرهەنگی بەو مانایە بەکاردەهێنم کە ئامانجی ئەو سیاستە فەرهەنگ بێت ، نەک بەفەرهەنگکردنی سیاست . واتە بەرهەمی ئەو سیاستە فەرهەنگییە ئاگایی ڕۆشنبیری بێت نەک سیاسی .

۷ـ ئەم پرسیارە هەرومکو ئەو پرسیارانە وایە کە لەقۆناغی بەرگریکەرانەدا لە پارتەکان دەکران : (بۆچی فلان پارتیش« گومرگانە » وەرنەگرێت ؟ بۆچی بنکەی پەیوەندی (علاقات) ی لەئێران و تووران و شام نەبێت ؟ بۆچی ....!.

۸ـ بەبارێکی تردا ، زۆر لە ڕۆناکبیرانی کوردی هەندەران دووچاری هەمان وەهم بوون : لەگەل ئەوەشدا باری ئابووری گۆڤارەکانیان نالەبارە ، لەگەل ئەوەشدا ژمارە لەدوای ژمارەی ئەو گۆڤارانە چاپدەبن و جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە ؛ کەچی هێشتا بەردەوامن لەبلاوکردنەوەیان بەبێ ئەوەی بیرێکی جیدی لەهاوکاری و پرۆژەی هاوبەش و تەنانەت وەستانی گۆڤارەکان بکەنەوە ..

۹ـ هەمان دیاردە لە ئەورووپاش بەدی دەکرێ : چەندین کولتوورخانەمان دی ، چەندین مالبەند و بنکەی ڕۆشنبیری و کۆڕی هونەری ... کە هەموویان بەناوی خزمەتکردن بەکولتووری کوردییەوە ڕەوایەتی دەدەنە خۆیان و بڕیاردەردەکەن ...!

۱۰ـ ئەوتا لەو بانگەوازەدا کە بەناوی بیرۆی حکومەتی کوردستانەوە لە بۆن ـ ئالمانیا بۆ کوردە نیشتمانپەروەرەکانی ئەو وڵاتە نووسراوە «هەر کوردێک کە کەمتەرخەمی بکات و ئەو ئەرکە نیشتمانییەی لەسەر شانێتی جێبەجێ نەکات ، خۆی تووشی لێپرسینەوەی مێژوو دەکات و بەرپرسیاردەبێت لەبرسیبوونی خەڵکەکانی کوردستان » ... هەرکەسێک لەم بارەیەوە ـ وائە یارمەتی ناردن بۆ کوردستان ـ کەمتەرخەم بێ ، دوا ڕۆژ بەرپرسیار دەبێت بەرامبەر دادگای گەل و وێژدانی جەماوەر » ...!


۱۱ـ خسرو پرتوی لەوتارێکی گرنگدا ـ کە من لەم بەشەی باسەکەدا سوودم لێوەرگرتووە ـ ئەم پرسیارە بەشێوەیەکی دی دەکات و دەڵێت : ئایا دەتوانرێت وەها قسە لەسەر تەلەفزیۆن بکرێت کە هۆیەکی تازەی ئەشکەنجە و سزادانە لەبەردەم گشتدا ؟ . بڕوانە : اختر : ترس ، شجاعت ، خطر تلویزیون ، ص ۸٤ . دفتر نهم ، زمستان ٦٩ .

۱۲ـ سەبارەت بەم ڕایەی (بودریلار) و سەرجەمی بیروڕای ئەم فەیلەسووفە لەسەر ڕۆڵی دەزگاکانی گەیاندن لە بەخودنامۆبوونی مرۆڤدا ، سەرنج بۆ سەرچاوەی دووەم ڕادەکێشم : هەروەها سەبارەت بەڕۆڵی تەلەفزیۆن لەکۆمەڵی هاوچەرخی وڵاتانی یەکگرتووی ئەمریکادا و کاریگەری بۆ سەر ژیانی مرۆڤ بڕوانە ئەم کتێبەی دی بودریلار :

Jean Baudrillard : Amerika , på dansk ved Michel Helm , 1987 , Akadimisk forlag ; København .

۱۳ـ بەبڕوای من ئابێ هەروا بەئاسانی بەسەر ئەم کێشەیەدا بازبدرێت . وە ئابێت وەها تێگەین کە لایەنە سیاسییەکان ئاگاداری بەرنامەی تەلەفزیۆنەکانیان نین و تەنیا کارمەندانی سەر بە تەلەفزیۆن لەو کارانە بەرپرسیارن و هەروەها ئابێ تەنیا لەئاستی بەرنامەی سەرگەرمیکردن و خاڵ هێنانە پێکەنیندا تەماشای ئەم نومایشانە بکەین ، بەڵکو پێویستە دڵنیابین لەوەی پارتەکان بەرپرسیاری یەکەمن و بەوپەڕی وریایشەوە توانیویانە سوود لە خاڵکانیکی بەناو هونەرمەند و ڕۆشنبیریش وەربگرن .. هەروەها گرنگە بیر لە ڕەهەندی دووەمەودای بەکارهێنانی تەلەفزیۆن بکەینەوە بۆ ڕووشکاندن و سەرکوتکردن و ئەشکەنجەدان ..

□□□□



نازاد حەمە

ونبوونی سیمیۆلۆژیا
لە ڕەخنەی عەقڵدا

هەوالنامەی کێژ

-١-

دەروازەی ژینالۆژی باسەکەمان :

باسی پەرەسەندنی سیمانتیکی عەقڵ لە ووتاری فەلسەفی و فیکری ڕۆژئاوایدا ناکەین ، بەڵکو جەخت لە ونبوونی پرۆسەی سیمانتیکی ئەو عەقڵە دەکەین کە لە بونیادی ڕۆشنبیریماندا کەلێنێکی ئەپستیمۆلۆژی و سیمیۆلۆژی بونیادناوە ، هەروەها تاقانەوەی زمانی سیمیائی ونبوون و زناکە شێواوینراوەکانی دەسەلاتی سمبۆلی عەقڵ ڕێگا بۆ دیالۆگی دی دارشتووە و سەرلەنوێ بوونی لێکۆڵینەوە ئەنتۆلۆژییەکانی خستۆتە ژێر پرسیاری میتۆدییەوە ، ئەگەرچی دەسەلاتی سمبۆلی بە قەولی (پێر بۆردۆ) دەسەلاتێکی نەبینراوە . ئەمە سەرباری ئەوەی ، لەمەڕ عەقڵ و عەقڵانیەت ، پرۆژە پێشنیارکراوەکانی ڕۆژئاوایی لە بن نایە ، تەنانەت ووتاری سوفستای نوێی ڕۆژئاوایش ڕێگای جۆراوجۆریان بۆ دیالۆگی فەلسەفی دۆزیوەتەوە .

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە ئەوەیە کە ئاستی فەلسەفی هاوچەرخی ڕۆژئاوایی ، پرۆژە بە سەرچووەکانی ووتاری فەلسەفی ڕۆژئاوایی خستۆتە بناری دیدی فەلسەفی و میتۆدی شیکردنەوەی جۆربەجۆرەوە ، کە ئەو پرۆژانە نیمڕۆ خولیای پرسیار و دیدی دین ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا جیهانبینییەکانی پێشوویان نەنستۆتە زۆنی ونبوونەوە . جا بۆ نموونە ، ڕێرەوی فینۆمینۆلۆژی (هیگڵHegel) و پاشان (هۆسرڵHusserl) ، یاخود پرۆژەی ئەپستیمۆلۆژی (کانتKant) و ئەوانی دوای ئەو) وەکو (باشلارBachelard) و (کانگلیم Canguilhem) .. هتد ، هەروەها تاقەلا ئەنتۆلۆژییەکانی (دیکارت) و (هیدگەر) یاخود پرۆژە پسیکۆلۆژییەکانی (فرۆیدFreud) ، کە پاشان لە لایەن (لاکان) و (دیلۆز) موە گۆڕاون بە هاندێ تاقەلای بالاتر ، جەخت لە دڵەڕاوکێی ناستی فەلسەفی هاوچەرخ دەکەن کە چەند شیدای بارهەمهێنانی دیدە . ئەگەرچی لە لای نیمە ژینالۆژیای فیکری فەلسەفی هاوچەرخ لە نێو عەقڵ و گەردوون و ئەفسانەدا بابەتی پرسیار نەبووە و بە زمانێکی لۆژیکی بەهای فیکری و ئەنتۆلۆژی پێشچاو نەخراوە . هەر بۆ نموونەش تا زێتر لە تێزی سیمیۆلۆژیا ، کە بایەخ بۆ ناستی ووتار و ڕەهنەی فەلسەفی ڕۆژئاوایی گەراندۆتەوە ، نزیکبینەوە ، ئەگەرچی ئاوەڕۆک و قورسایی ئەم تێزە لە کودەتای ووتاری زمانەوانی دانابراوە ، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئەم ووتارە ئەرکە ئەنتۆلۆژییەکەی خۆی وەن

نەکردووە ، بۆ ئەو مەبەستەش دەمانەوێ تەقلا تیۆرییەکانی ستروکتۆرالیستە فەرمنسییەکان لە تێزی زمانەوانی پراگماتیەکانی (ئۆستن Austin) و (فتگنستین Wittagenstein) ، کە تێزی زمانەوانی ئەنگلۆسکسۆنیەکان پێکدێنن ، جیاکەینەوە ، تاکو لەو بوارەدا ناسنامە ووتارییەکان تێکەڵ بە یەکدی نەکەین . بۆ ئەوەی دوور لە ئاراستەی مێژووخوازی* پێوەندی دابڕاوی نێو جەستە و ڕۆحی شەکەتی ووتاری فەلسەفی و ڕۆشنبیریی هاوچەرخ بەرچاو بخەین ، پێویستە لە پرۆژەی میتافیزیکی هاوچەرخی ڕۆژئاوایی قوولببینەوە . مەبەستم هەڵوەشاندنەوەی مێژووی میتافیزیک نیە ، چونکە فەلسەفەی ئەگزیستانسیالیزمی هاوچەرخ هەر لە (کیرکگارد Kierkegaard) موە تا دەگاتە (سارتەر) مەسەلە بنەڕەتییەکانی ئەو پرۆژەیەی ڕونکردۆتەوە . بێگومان لەم بوارەدا با گرنگی پرۆژەی (کۆجیتۆ Cogito) ی دیکارت (من بیردەکەمەوە ، کەوابێ من هەم) لەوڵاوە بوەستێ کە ج کاریگەرێکی بەسەر لۆژیکی میتافیزیکی ڕۆژئاوادا بەجێ هێشتووە ، ئەگەرچی لەبارەدم هێرشی دڕندانەی عەقڵانیەتی تەکنەلۆژیدا بەهای ئەنتۆلۆژی و فیکری کۆجیتۆی دیکارت وەکو خۆی نەماوە . هەروەها (ئالان بادیۆ A.Badiou) ش پانجەی بۆ ئەو دیاردەیە ڕاکێشاوە ، کە تەکنەلۆژیا کۆتایی بە فەلسەفە دێنێ یاخود تەکنەلۆژیا دەبێ فەلسەفەیەک لە بۆخۆی دامەزرێنێ .

ئەوەی جێگای سەرنجە لەم بوارەدا ئەوەیە ، میکانیزمی جیهانبینیە فەلسەفییەکان لەسەردەمی عەقڵانیەتی تەکنەلۆژیدا بە هەمان جیهانبینی (ڕێنسانس Renaissance) ی بەرهەم ناهێنرێتەوە و بنەما سیمیائییەکەی لە بنەمایەکی ئەپستمۆلۆژییەوە نارسکێ . بەڵام پێدەچێ بەرهەمهێنانی(دیسپۆتیزم Dispotisme) و(فیتشیزم Fétchisme) و میتافیزیک لە شارستانیەتی ڕۆژئاوادا و لە نێو عەقڵی زانستی/ پیرۆزی ، ئەپستمی / سمبولی دا مێژوویەکی قوولی هەبێ !!

لە دووتوێی ئەم چەند لاپەڕەیەدا ، جەخت لە سیمیۆلۆژیای ڕەهنەی عەقڵ دەکەین و ئەو سیمیۆلۆژیایەش دابەشی دوو بەشی سەرەکی دەکەین : یەکێکیان سیمیۆلۆژیای ڕەهنەیە ، دووەمیان سیمیۆلۆژیای (عەقڵ) ە . واتە دەڵالاتی (ڕەهنە) و (عەقڵ) دەکەین بە بنەمیچی باسەکەمان و پەیتاپەیتاش ڕۆڵی عەقڵی کۆردیمان لە نێو هەردوو لە عەقڵی ڕۆژئاوا (نیۆهند) یی و عەقڵی ڕۆژهەڵات (تەوەر یاخود پەراوێز) یدا دیاری دەکەین . ئەگەرچی ئەو دیاردە و بابەتانەی کە لە دووتوێی ئەم باسەدا ئاوڕی لێدەدەینەوە ، توانایەکی ئەپستیمۆلۆژی و فەلسەفی و سێمانتیکی بەڵاتری لەم هەوڵدانە ڕاگوزاری و سەرەتاییەی ئێمە پێویستە ، بەڵام هیوای ئەوە دەخوازین کە لە پرۆژەکانی دیماندا بیبینەوە سەری* .

- II -

پرۆژەی ئەپستیمۆلۆژی ڕۆژئاوایی لە قۆناغی تازەگەری و ئەودیوی تازەگەریی ئایدیۆلۆژی و تەکنەلۆژیدا ، خۆی لەبەردەم قەیرانێکی هەمەیی و بێ ناسنامەیدا دەبینێتەوە . هەروەها ئەرکی سیمیۆلۆژیاشی لە نێو عەقڵ و ڕەهنەی ئەفسووناوی و میتافیزیکیدا ، پابەندی دەرگایەکی نازانستی و نامیتۆدیانەی چەمکیی و زاراوەیی ئەوتۆ کردووە ، کە بەرپەرچی هەموو تەقەلایەکی ئەپستیمۆلۆژی بداتەوە .

ئەم باسەی ئێمە عەودالی دیاریکردنی میکانیزم و شێوازی ژیان و بیری تەنگوچەڵەماوی ڕۆژئاوایی نییە ، بەڵکو زێتر عەودالی ئەوەیە کە تەکانێکی چۆنایەتی بە بیری ووتاریی و شێوازی ئاخاوتن و دیالۆگەکانمان بدات ، تاکو بتوانین ئامرازی ناتەبا و گومڕای ووتاری ڕۆشنبیریی و مێژوویی و فیکرییمان

★ پێویستە لە لێکۆڵینەوە مێژووییەکانماندا ئاراستەی مێژووخوازی لە ڕێڕەوی مێژوویی جیابکەینەوە .

★ داوای لێبوردن لەخوێنەری مێژادەکەین کە بەپێی پێویست ڕوناکبووینەتا قوولایی ئەو بابەت و دیاردانەی کە لە دووتوێی ئەم باسەماندا ئاماژەکراون ، چونکە لەچەند لێکۆڵینەوەیەکی دیدا کە لای خوارەوە دیاریاندەکەین لەو بابەت و دیاردانە دواوین :۱- ووتار و مێتۆدی دەربڕینی ڕۆشنبیری و بنەمای ڕۆشنبیریمان ؛۲- ڕەهەندی ئایەپستیمۆلۆژی و ناسیمانتیکی بیری مێژووییمان ؛۳- ئاکسیۆلۆژیای دیالۆگ .

دیاریبکەین ، بە تایبەتی ووتاری(تۆتەمTotem)ی تەکنەلۆژیای ئایدیۆلۆژیاوی سەردەمی نەهلەست و بۆشایی توانیویەتی زووخساریکی میتافیزیکی و تیۆلۆژی بداتە پاڵ قەیرانی ناسنامەیمان و بوونی ئەو ناسنامەیەش بخاتە بەر تاقیکردنەوەیەکی مێژوویی سەختەوە ، ئەگەرچی ئەوەیان یەکێکە لە دیاردە ووتارییەکانی شارستانییەتی وڕێنە و خەفەکردن ، کەواتە ئەمە ئەوە دەگەیەنێ ، ئەو لایەنانەی دەبێ لە لێکۆڵینەوە زمانەوانیی و فیکریی و مێژوویی و سۆسیۆلۆژییەکانماندابایەخێکی بێ پایانیان بدرێتێ ، بابەتی مێژوویی سیمیۆلۆژی عەقڵی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتیی ، چونکە تاکو ئەو لایەنە نامێژوویی و ناشارستانی و نازانستییانە نەناسرێنەوە کە بنەمای هاردوو عەقڵی ڕۆژئاوایی و عەقڵی ڕۆژهەڵاتییان پێکهێناوە ، ناتوانرێ ئەو میکانیزمە بناسرێتەوە کە سیمیۆلۆژیای عەقڵی کوردیمانی جڵەوکردووە ، هەرچەندە لە ڕووی پەراوێزکردن و سەرکوتکردن و ئەتککردنەوە میکانیزم و ڕەفتاری هاوبەش لەو عەقڵانە لە زۆر ڕووەوە جیاواز نەبووە و بگرە لە کۆتایدا هەمان ئامانج و هیوایان پێکاوە ، کەوابێ لە نهێنییەکانی سەروەری و کەڵەگایی ئ عەقڵی ئەوی دی (ڕۆژئاوایی) و ئ عەقڵی ئەمی دی (ڕۆژهەڵاتی) کەولکردن و ئەنک کردنی ناسنامەی شارستانی و ڕۆشنبیریی و مێژوویی ئەوانی دی بووە .

جا وەک ووتمان ، بابەتی زانستی سیمیۆلۆژیا ناکەین بە دەروازەی باسەکەمان ، بەڵکو لە میانەی سیمیۆلۆژیادا دەمانەوێ جەخت لە ونبوونی ڕەفتە (ڕەفتەی سیمیۆلۆژی) لەهەر عەقڵ و عەقڵانیەت بکەین . واتە (کۆد) و(دال) ی ڕەفتەیی عەقڵ و عەقڵی ڕەفتەیی ، دەبێ بە دینگەی ئەو کارە ڕەفتەییەی کە پێی هەڵساوین .

وێڕای ئەمانە دەبێ ئەوە بزانین ، میکانیزمی هەموو ووتارێکی عەقڵی و عەقڵیەتی هەموو ووتارێ مانا و دەڵالەی جۆراوجۆر بەرهەمدەهێنێ کە لە ڕەهەندی ئاکسیۆلۆژی و میتۆدی و ئەپستمی ووتارێکی دییەوە دوورە ، کەوابێ ئاوابوون و ونبوونی هەموو ووتارێ پابەندی ئەو غەم و ئامانجایە کە لەوەوبەر ئەو ووتارە هەڵیگرتووە . هەروەها بۆ ئەوەی بە هەمان دید و جیهانبینی ووتارە باو و تۆتالیتارییەکانی نێو پۆلە فەلسەفی و مێژوویی و سۆسیۆلۆژییەکانەوە نەڕوانینە بەرهەمهێنانی ڕەوایی و مانای ڕاستی ، پێویستە چەمک و زاراوە و مەدلولی ئەو ووتارانە لە ڕەهەندە زەمەنی و شارستانیەکەی دوور نەخرێتەوە ، تاکو ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەرهەمهێنەری دال و مەدلولی ڕەوایی و ڕاستین لە ووتارەکانی ئایندەدا جێگای متمانە نەبن ! پێدەچێ لە سەردەمی سۆسیۆلۆژیای ڕۆشنبیریی(ئانهیومانیزمیAnti-humanisme) و(ماشینزمیMachinisme) یدا گەیان بە دووی یەکسانییەکی(کۆسمۆپۆلۆژیCosmopologie) تەقەلایەکی وڕێناوی و میتافیزیکی بێ ، بە تایبەت لە ووتاری شارستانیەتدا هەموو ڕۆژێک ئەفسانەیەک بە ئەفسانەیەکی دی و سانسۆرێک بە سانسۆرێکی دی پردەکرێتەوە و بەهای ئەنتۆلۆژی و زانستی ئەو یەکسانییە دەشێوێنرێ. بۆیەشە زۆربەی ڕوناکبیر و تیۆریستانی ڕۆژئاوایی لە نێو خۆیاندا لەسەر ئەوە کۆکن کە سەدەی نۆزدەیەم ئاستێکی بۆ زانستییەتی عەقڵ یاخود ووتاری زانست داناوە ، هەروەها سەدەی بیستەم لەقەڵەم دەدەن بە سەدەیەکی مشەخۆر و ناڕێنسانسی . چاترە بوترێ کە پێشهاوخستنی ووتاری فەلسەفەی هاوچەرخی ڕۆژئاوایی ، ناشێ بە تەنیا لە ڕەهەندی دووفاقییی(نێو عیلمانی Secularisme) / تیۆلۆژی ، تەکنیکی / غەیبی ، زانستی / ئایینی دا ببینرێتەوە ، بەڵکو دەبێ لە میانەی پێوەندی نێو نالۆژیکیەتی ووتار و ناڕەوایی ڕەوا و نائیستاتیکیەتی ماناداباسکرێ ، ئەگەرچی لە میانەی ئەم باسەدا ، بە پێویستی نازانین لە ئایدیۆلۆژیای ڕەوایی و مانای ڕاستی بدوێین ، یاخود هەوڵی بازانستیکردنی ئایدیۆلۆژیا نادەین . بێگومان جێگای دانە کە هەمیشە زۆربەی ڕوناکبیرانی نێوەند و بگرە تەوەریش ، بە دووی تەقەلای عەقڵانی و ئەپستمی ئایدیۆلۆژیادا وێڵن . واتە هەمان ئامرازی ئەپستمی و زانستی هەر جارەی بۆ مەبەستێکی ئایدیۆلۆژی بەکاری دەهێنن . بێگومان ئەوەش یەکێک بووە لە ڕوخسارە نائیستاتیکییەکانی ووتارەباو و ئاوابووەکان .

- III -

خودی ئەو ئاقار و شێوازە فەلسەفییانەی بەسەر زانستی شیکردنەوە و کاری ڕەفتەی فەلسەفیدا کاریگەرییان هەبووە ، لەبەردەم عەقڵی زانستی کۆسمۆپۆلۆژیدا کەوتونەتە حاڵەتی

ناتەبایی و ناچووستییەوە و زۆر جاریش نەیانتوانیوە دیدێکی ڕەخنەگرانەی فەلسەفی و لۆژیکی هاوتا بونیادنێن ! ئەگەرچی ئەو ووتارانە زۆر جار توانیویانە دابڕانێکی ئەپستیمۆلۆژی بێننە کایەوە ! تاکو ئاستێ بۆ سیستەمی ئەپستەمی و سیاسی ڕابردوویان دابنێن . بەڵام ئەوتان و لەناوچوونی ئەو جیهانبینییە فەلسەفییانە شتێکی ئاسان نییە و کاریگەرییەکی نێگەتیڤانەیان بەسەر عەقڵی مێژوویی و شارستانیدا بەجێ هێشتووە . سەرباری ئەوەی ئەو جیهانبینییە ڕەخنەیی و مێژوویی و فەلسەفییانە لەبەر کۆمەڵێ جیهانبینی ڕەخنەیی پێشوودا شۆڕاونەتەوە ، تاکو بتوانن تێکستێکی ڕەخنەیی نوێ پێشنیار بکەن . پێمان وایە ، والأکردنی ئەو نهێنیانە لەسەر دەستی هێرمینۆتیکییەکان ، کە بە دامازرێنەرانی هێرمینۆتیکای ڕۆژئاوایی دادەنرێن ، وەکو (شلایر ماخر) و (دلتای) و (هێدگەر) و (گادامێر) و (دێریدا) گەیشتۆتە پۆپە . لەگەڵ ئەوەشدا ، ئەو غەمەی کە ئەو زانستە لە کۆڵی گرتووە سەبارەت بە پرۆژەی ڕۆشنبیریی ڕۆژئاوایی جارێ نەهاتۆتە دی . ئاشکراشە کە بلێسەی قۆناغی ووتاری (پاش تازەگەری) ، جارێ ئەگیشتۆتە ووتاری فەلسەفی هاوچەرخ ! هەرچەندە مێژووی ئایدیۆلۆژیا و ئایدیۆلۆژیای تازەگەری بناغەیەکی چاکی بۆ ناسینەوەی بنەما و پێشینەی ووتاری ناوبراو دارشتووە ، بەڵام پێدەچێ بارودۆخی ئایدیۆلۆژی ووتاری فەلسەفی هاوچەرخی ڕۆژئاوایی بتوانێ لە بەردەم پرۆسەی ووتاری ناوبراودا تەگەرە دروستکات . ئەمە لە لایەک ، لە لایەکی دییەوە ئەوڕۆکە سەردەمە ئەپستەمییە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژئاوایی بونەتە دەکومێنت بۆ خوێندنەوەی ئەم ئێستای ووتاری پاش تازەگەریی و بەهانە هێنانەوە بۆ ئەو ووتارە ئایدیۆلۆژییە تەنگوچەڵەماوی و سەرابستانییەی کە پێوەندی دووفاقیی زانستی (ئەپستەمی) / ئایدیۆلۆژی (تیۆلۆژی) هێناوەتە کایەوە . ئەمەش باشترین بەڵگەیە بۆ ڕاستی ژیۆلۆژی عەقڵی ڕۆژئاوایی هەر لە عەقڵانیەتی گریکەوە تا دەگاتە عەقڵانیەتی ئەڵمانی و فەرەنسی .

- IV -

شیاوی باسە ، ووتاری سیمیۆلۆژی لە دووتوێی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا کودەتایەکی ڕەخنەیی بەرپاکردووە و بە یەکێ لەو پۆلە زانستیانە دەژمێردرێ کە شان بەشانی ووتاری زمانەوانی ئاسۆی ووتاری تازەگەری فراوانکردووە . بەمجۆرە ووتاری سیمیۆلۆژی لە هەناوی مۆدێلی زمانەوانییدا هاتۆتە دەرێ و کاریگەرەرێکی زۆرێشی بەسەر کاری شیکردنەوەدا هەبووە . مەبەستمان خستنەڕووی مشتومڕی تیۆری نێو فۆرمالیستە ڕووسی و ستروکتۆرالیستە فەرەنسییەکان نییە ، بەڵکو دەمانەوێ جەخت لە تایبەتێتی ئەم ووتارە بکەین لە ژیانی ڕۆشنبیریی ڕۆژئاوایدا و بە تایبەت ئەم ووتارە کە توانیویەتی ئاستێک بۆ ژینالۆژییەتی پێوەندی نێو دال و مەدلول دابنێ و چارەنووسی نادیار و گومڕای کاری ڕەخنەی فەلسەفی دیاری بکات . ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە ووتاری سیمیۆلۆژی توانیویەتی ووتاری شیکردنەوەی سەردەم بهۆنێتەوە و کودەتا ئەپستیمۆلۆژییەکەشی بە شێنەیی بەرەو ووتاری فەلسەفی هاوچەرخ ڕێچکەببەستێ . جگە لەوانە لە ڕۆژئاوادا ئەو بۆشاییە بە کودەتای ڕەخنەی سیمیۆلۆژی پرکرایەوە و شێوازی نووسین و خوێندنەوە و بواری دیالۆگ و ئاخاوتنی گۆڕی . مەبەستمان ئەوە نییە لە دووتوێی ئەم باسەدا خۆمان لە دەرئەنجامی کودەتای ئەپستیمۆلۆژی و سیمیۆلۆژی ووتاری تازەگەری و پاش تازەگەری ڕۆژئاوایی هەلسووین و زامی چەندین ساڵەی فیکریی و ڕۆشنبیریمانی پێی تیماربکەین .

ئەوەی پێویستە تێبینی بکرێ لێرەدا ئەوەیە ، ووتاری ڕەخنەیی ناوبراو ئاکامی چەند سەدەیەکی ئەپستەمی و زانستییە لە لایەک ، لە لایەکی دییەوە لەگەڵ کۆمەڵێ ووتار و پۆلی دیدا پێوەندییەکی چوونێتیۆیەکدی ووتاریی هەیە . مەبەستم بۆ ئەوەی ووتارەکانمان لە میانەی ئەو جەستە زامدار و شەکەتەدا ڕۆنەنیشێ کە لەماوەیەر باسمان لێکرد ، دەبێ لە دووتوێی ئەو جەستەیەدا بێنۆقرە و سەرگەردانی ناسنامەی ووتارییەکەی بێ ، هەروەها دیالۆگی بێباکانەی لەبەردەم ئەوانی دیدا والأبکات . بەڵام لە نێو ئێمەدا ئازمووننی دیالۆگی زۆر کەڵەک و کەمتر دیاردەی دیالۆگ و دیالۆگناسیمان پیادەکردووە. هەروەها هەمیشە دیالۆگەکانمان بە پلیکانەی دیالۆگی ئەوانی دیدا سەرکەوتووە و قەتماغەی دیالۆگ و ناسنامەی ئاخاوتنی ئەوانی دی

بەسەرەوە بووە . ئاشکرایشە کە گەمەی دیالۆگ گەمەیەکی وەرزشی نییە ، بەڵکو گەمەیەکی شارستانی و مێژووی و ناسنامەییە ، هەروەها تاکە رێگایەکیشە بۆ خۆناسین و خۆهەڵبژشتن . جگە لەوە دەبێ کردنەوە و ناسیناوەی (من)ی خۆمان غەم و چێژی گەورەی ئەو گەمەیە بێ . کەواتە تاکو لەو گەمەیەدا هەموو بوونی ناسنامەیی ئەوانی دی لەبەرچاوبگیردرێن ، دەبێ ڕاز و نیازی دیالۆگەکانمان ئاشکرابکرێن لە لایەک ، لە لایەکی دییەوە ئابێ ئالۆسکاوی و شێواوی دیالۆگەکانمان وامان لێبکات کە نەفرەت لە ووتار و دیالۆگی ئەوانی دی (چ ئەوی دی و چ ئەمی دی) بکەین یاخود دیالۆگ و ووتاری ئەوانی دی لە بەرۆکی دیالۆگەکانی خۆمان بدەین .

- ٧ -

ئەستی ماسۆخیمان لە دەورووبەرێکی هێندە سادیدا (Sade) پەروەردە بووە ، هەمیشە نامادەیە هەمان بنەمای سیمیۆلۆژی و ڕۆشنبیریی و ڕەخنەی پێشووی بەرهەم بهێنێتەوە، بێجگە لەوەش ئەو کارەساتە چڕ و تراژیدیانەی کە ڕۆژ بە ڕۆژ بەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا دێن ، جێگایان بە پێشبینی چۆلکردووە و ئایندەی جێگا(شوێن) ناسی و تێروانینی ئایندەییان لێلکردووە . بە واتایەکی دی ، ئایندەناسی و پێشبینیناسی لە مەترسی و شکستیدا دەژین و حاڵەتی غەیبی و ئەفسووناوی جێگایانی گرتۆتەوە . ئەگەر چی باسی ئایندەناسی و جێگاناسی و پێشبینیناسی ، بەپێی ئەوەی خاوەنی یەک بینای گونجاون ، لە باسی ئیکۆلۆژی و گەردوونناسی و ئەستێرەناسی دانابڕێ ، بەڵام بە پێویستی دەزانین ئەوەیان لە دەرفەتێکی دیدا باسی بکەین ، تاکو باسەکەمان لەمەڕ دیالۆگی مرۆڤی کورد ڕەهەند و ئاسۆی ناتەبایان نەبێ .

هەمیشە لە تێروانینە تیۆرییەکانماندا لەمەڕ ئەم ئێستا و ئایندەی دیالۆگ و ئاخاوتنەکانمان ، خۆمان لەبەردەم دوو ڕای جیاوازدا بینیوەتەوە : یەکێکیان ڕای خۆمان بووە لەمەڕ خۆمان و ئەوانی دی ، دووەمیان ڕای ئەوانی دی بووە لەمەڕ خۆمان و خۆیانیش . کەوابێ چاومان لە دەستی ئەوانی دی بووە کە چ جۆرە ئایندە و جێگایەکمان لەم سەردەم و شارستانیەتەی کە لە ئارادایە بۆ دەخوازن .

هەروەها هیچ کاتێکیش ئەو جۆرە تێروانینانە ئەوەیان یەکالانەکردۆتەوە کە ئەو مرۆڤە (مەبەستم مرۆڤی کوردە) لە چ ڕوانگەیەکەوە تەماشادەکرێ و چ جۆرە بایەخ و گرنگییەکی پێدەدرێ !! بێگومان ئەو شێوازە شارستانی و عەقڵییەتەی کە سەردەمی ئەم ئێستا دەبات ڕێوە ، توانیویەتی سیمای پەراوێزیی و لاپەرێزیی لۆژیکی و دەماک بکات . جگە لەوانە ، دەکرێ لە زۆر دەلاقەی دییەوە تەماشای دیدی تیۆلۆژی و پەراوێزیی و شۆڤێنی ئەوانی تر (ڕۆژئاوا و ئەو میللەتانەی لە تاک کوردا دەژین) بکرێ ؛ بە تایبەت لە دیدی ئەوانی دییەوە .

چەمکی ناسنامەی کوردی بووە بە چەمکی میتافیزیکی و ئەفسووناوی ؛ هەروەها لە دیدی ئایدیۆلۆژی و سیاسی ڕۆژانەیاندا جێگایەکی غەیبی و وڕێناوی بۆ داگیرکراوە کە مەحاڵ واقیعی بوونی . چاکتر وایە لە لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکانماندا ڕەخنە ئاڕاستەی عەقڵی سیاسی و فەلسەفی ، هەروەها ئەنتۆلۆژیای ئایدیۆلۆژی و مێژوویی ئەو عەقڵ ووتاریی و فیکرییە ڕۆژئاواییە بکەین کە ئەو دیدە پەراوێزیی و وڕێناوییانەیان بەرهەم هێناوە . بێگومان ئەوەش لە سەرێکی دییەوە دەروازەی لاپەرە نێهێنییەکانی عەقڵی ئەمی دی (ڕۆژئاوا) دەکاتەوە ، والاّ دەمانەوێ عەقڵی کوردیشمان بەشێکە لێی !!

بەم پێیە دەبێ لە سەردەمی گێژاوی ئایدیۆلۆژی و ووتاری ڕۆشنبیریی وڕێناوی کۆمەڵگەی بەرخۆریدا ، گەیان بە دووی دەلالاتی پەراوێزیی و ئاسەوەریی و چارەسەرکردنی سیستەمی بێ دەنگی و تۆتمیەت و خەفەکردن و یاساغی ، ببێ بە غەمی بنەڕەتی و سەرەکی ووتاری مێژوویی و سۆسیۆ-ڕۆشنبیریمان ، بە تایبەت ئێمە هەمیشە لە میانەی ئەوانی دیدا (ئێوەند و ئەوەر) خۆمانمان ناسیوە . کەواتە خۆناسینمان لەو حاڵەتەدا سەرەتایەک بووە بۆ پرۆسەی کاوێژکردنی پەراوێزیمان ، هەروەها لە سەر هەمان ڕێچکەی ئاپستەمی و دۆگمایی ئەوانی دی سیمیۆلۆژیای سۆسیۆلۆژی و ڕۆشنبیریمان ڕسکاوە .

بەپێی ئەو سەرنجانەی لە سەرەوە وەڕوومانخستن ، هیچ ڕەخنەیەک لە عەقڵی کوردیمان (ئێمە لە ئامێزی ئەم باسەدا چەمکی عەقڵی کوردیمان لە ئێو دوو کەوانەدا دادەنێین) بگیرێ ، ئەو ڕەخنەیە نابێ لە باسی عەقڵانیەتی

کوردیمان (لەبەر ئەوەی لە ئامێزی ئەم باسەدا باسی عەقڵی کوردیمان خستۆتە نێو دوو کەوانەوە ، ئەوا باسی عەقڵانیەتەکەشی دەخەینە نێو دوو کەوانە) دوورخرێتەوە ، بەڵام ئەك بەپێی ئەوەی کە لێکۆڵینەوە پۆزەتیڤمی و عیلمانیەکاندا باوە ، بەڵکو بەپێی ئەوەی بوونی ئەو عەقڵە لە بونیادی ذهنی و فیکریماندا جۆرە میکانیزم و ڕێبەرەیەتێکی ئەوتۆی خولقاندووە ناشێ لە بەر زەبری بارودۆخی ووتاری ڕۆژئاوایدا وەلابخرێت .

دوورکەوتنەوە لە ڕەهەند و ئاسۆی یۆتۆپی و پۆزەتیڤمی عەقڵانیەتی ڕۆژئاوایی ئەوە ناگەیەنێ کە بۆ ئامێزی ڕابردووی باو و سەلەفیمان بگەڕێینەوە ، یاخود لە داخاندا بە ناوی جەختکردن لە بوونی ووتاریمان بکەوینە بەرهەڵستیکردنی هەندێ حاڵەتی ووتاری ئەوی دی یاخود ئەمی دییەوە . یاخود چاکتر وایە بپرسین : ئایا دەشێ بۆ هاوردنەکایەوەی ئەپستیمیەتێکی ناسنامەیی و ووتاریی بە هەمان زۆنگاوی ئەوانی دیدا بڕۆین ؟! یاخود دەشێ بە نیازی خستنەڕووی پرووژەیەکی ئەپستیمۆلۆژی ڕەجمی هەموو شتێکی ئەوانی دی بکەین ؟! بێگومان لە وەڕووخستنی ئەو پرسیارانەدا مەبەستمان ئەوە نییە هەمان هۆرەی ووتاری عەقڵانییەتی ئەوانی دی بچڕین ، چونکە ئەوەی پێوەندی بە هەڵوەشاندنەوەی عەقڵ و ووتاری عەقڵیی و عەقڵی ووتارییەوە هەبێ ، پابەندی پێوەندی دووفاقیی نێو تەکنەلۆژیا / میتافیزیك ، زانست / تیۆلۆژیا ، تیۆر / پراکتیك ، ئەپستیم / ئایدیۆلۆژیای ئەو ووتارە هەمەییەیە کە بینەفاقای ووتاری ئاخاوتن و دەربڕینی سەردەمی گرتووە . ئاشکراشە ، لە هەموو سەردەمێکی ئەپستمی و مێژووییدا پرۆسەی ڕێنسانس لە نێو دوو دەستەی جیاوازدا گیرخواردووە : یەکێکیان کۆنخواز و دووەمیان نوێخواز . واتە لەو سەردەمەدا هەموو پرۆسەیەکی داهێنانیی لە ژێر کارتێکردنی بنەمای دووفاقیی ئەو دوو دەستەیەدا دارێژراوە . جا ئەوەی تایبەت بە پرۆسەی (ڕێنسانسی عەقڵی کوردیمان) (زۆر بە ڕاڕاییەوە ئەم دەربڕینە بەکاردەهێنین) جارێ لە دەستی ئەو پێوەندییە دووفاقییەی نێو عەقڵی کۆنخوازی / نوێخوازییە ئەتوانیوە ڕزگاری بێ . ئەمە سەرباری ئەوەی ئەو عەقڵە لە بارودۆخێکی بێ ناسنامەی مێژووییو سیاسیدا ژیاوە ، هەروەها هەمیشە پرۆسەی پەرەسەندنی میکانیزمی ئەو ووتارە پابەندی ئەو بنەما مێژوویی و سیاسییە بووە کە لە ئامێزی ناسنامە و کالتوورێکی دیدا سەری هەڵهێناوە . لەبەر ئەوەی ئەوی دی (نێوەندی سەرمایەداری) بە هەمان دیدی پراگماتی و پۆزەتیڤمی سادەکانی پێشووی عەقڵی مێژوویی شۆڤێنیستانە و کۆڵۆنیالی خۆیان بەرهەمدەهێنێتەوە ، ئەوا ئەو پرۆسە مێژووییەی کە لە ئارادایە لە لایەن زۆربەی میللەتانی تەوەر بە قۆناغێکی نامێژوویی و نائەپستیمۆلۆژی لەقەڵەمدەدرێ . کەچی ئەمی دی (ئەو میللەتانەی کە لەگەڵ کوردا دەژین) لەگەڵ ئێمەدا گەمەی مێژوویی دووبارە دەکەنەوە !!

لەگەڵ ئەوەشدا ، نەبوونی دابڕانی ئەپستیمۆلۆژی لە بیری مێژوویی و ڕۆشنبیریماندا ڕۆڵێکی سەرەکی لە دووبارەکردنەوەی هەمان سیستەمی ئەپستمی دۆگما و باوی نازانستی و ناعەقڵانی و نا مێژوویی ڕابردوومانداهەبووە . هەروەها مامەڵەی ڕۆژانەمان لەگەڵ بیری هاوچەرخیدا بۆ خۆدەربازکردن بووە لەو سیستەمە نەگۆڕ و سەلەفیەی کە لێمان نالاوە ، بەمە دووجاران بونیادی سایکۆ-ڕۆشنبیریی و فیکریمان شێوێنراوە و دەرگای چەك و زاراوەی سۆسیۆلۆژی و ئایدیۆلۆژی و سیاسیمانی دوور لە هەموو زانستیەت و میتۆدۆلۆژییەتێك ژیاندووە . سەرباری ئەوە ، دیارینەکردنی دەرگای مانای باس و شیکردنەومکانمان و شارەزانەبوونیش لە حاڵەتی فەرهەنگی و ئەنسکلۆپیدیمان ، مانا و زناکی ئاخاوتن و دەربڕینەکانمانی شێواندووە .

بەڵام پێدەچێ لە یەك کاتدا لە ئامێزگرتنی ئەم ئێستا و ئایندەمان پێوەندییەکی بنەمایی بە تێگەشتنمانەوە هەبێ لەگەڵ ڕابردوومان . ئەگەرچی سیستەمی زمانەوانی و سیمانتیکی ئەو تێگەشتنە پابەندی بنەمایەکی سۆسیۆ-ڕۆشنبیریی ئەفسووناوی و غەیبییە ، هەروەها بیری ڕابردوومان بێجگە لەوەی جڵاوی بیری ئەم ئێستایی و ئایندەشمان دەکات ، ڕێگا لە بەرهەم هێنانی ئەو پێوەندییەش (پێوەندی ڕابردوومان بە ئەم ئێستا و ئایندەمانەوە) دەگرێ کە لاوکی بیرێکی دی دەچڕێ . واتە ، زمانی سیمۆلۆژی

ئاخاوتنی ڕابردوومان هێنده له زمانی سیمیۆلۆژی ئێستامانەوه جیاواز نییه .

وای بۆدەچم که دەبێ دڵنیابین لەوەی : ئایا ئەوەی ئێمه هەمانه لەم بواردا (بواری ووتاری عەقڵیمان) بەشی ئەوه دەکات که هەم خۆمان و هەم ئەوانی دیشی پێ بناسێنەوه ؟ یاخود ئایا دەرئەنجامی تەقەلاکانی ئەو بواره دەبن به جێگای متمانەی خۆمان و ئەوانیش ؟؟

بێمان وایه ، له وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارانەدا دەگەینه هەمان دەرئەنجامی پێشوو لەبەر خۆمان و ئەوانی دیش . مەبەستم قەیرانی عەقڵی کوردیمان و دیدی ئاخاوتن و دەربڕینەکانمانه . بەڵام جێگای داخه زۆربەی ڕوناکبیر و ئایدیۆلۆژیستەکانمان ئەو قەیرانه له نەبوونی دەوڵەتدا دەبینەوه ، هەروەها قەیرانی عەقڵی هەمیی زۆربەی کۆمەڵگه ناسنامەدارەکانی دی له بەرچاو وندەکەن .

- VI -

ئەگەر خۆزگەی زۆربەی ڕوناکبیر و تیۆریستەکانی ڕۆژئاوایی ئەوەبێ که بگەڕێنەوه بۆ سەردەمی ڕێنسانس تاکو دووبارەکەنەوه لەو سەردەمەی که تێیدا عەقڵی ڕۆژئاوایی دوور له هەموو تازەگەری و نوێکارییەک دەژی ، یاخود ڕاستتر بڵێین ، به قەولی خۆیان ، لەو سەردەمه دووبارەکەنەوه که مشەخۆره لەسەر سەردەمەکانی پێش خۆی و توانای پێشنیارکردنی هیچ جۆره پڕۆژەمەکی نوێی نییه ، ئەوا دەبێ ئێمەی کورد خۆزگەی گەڕانەوەی چ سەردەمێک بخوازین ؟ تۆ بڵێی سەردەمێکی ڕێنسانسی کوردی له ئارادا نەبووبێ ؟؟ مەبەستم : ئایا شک به بوونی سەردەمێ دەکرێ که به سەردەمی زێڕینی کوردی بژمێردرێ لەبەر ئەو دامێنان و نوێکارییانەی که تێیدا سەری هەڵدابێ ؟! پێدەچێ ئەو خەونه بیناقاقای خۆزگه و ئاواتی زۆربەی میللەتانی دی گرتبێتەوه تاکو له ئەبڕۆی ئازۆک و گومڕا دووبارەکەنەوه و بگەڕێنەوه بۆ ڕابردووی نوێکار و دامێنەریان ! چونکه ئەم سەردەمه له لای عەقڵناس و ڕوناکبیرانی میللەتانی نیۆهند (تەنانەت تەوەریش)* به سەردەمی ئاوابوونی دامێنان و نوێکاری دەژمێردرێ . هەرچەندە نامانەوێ به خولقاندنی ئەو پرسیاره لەسەر سەردەمه ڕابردووەکانی ووتاری فیکریی و مێژوویمان یاخود ووتاری فیکریی و سیاسی هاوچەرخمان ، تێڕامانێکی فینۆمینۆلۆژی بهێنینه کایەوه ، بەڵکو خوازیارین له وەڕووخستنی ئەم پرسیارەدا دەروازه بۆ تێڕامانێکی ئەنتۆلۆژی لەسەر کۆمەڵگەی کوردەواریمان بکەینەوه . پێدەچێ ئەو دیارده ئەبڕۆ بەپێی پرنسیپی ئەنترۆپۆلۆژی شتێکی تازه نەبێ ، به تایبەت که کێشەی گشت کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییه . بۆ ئەوەی له میانەی ووتاری هاوچەرخی کوردیماندا جەغت له بوونی ئەو دیارده بکەین ، دەبێ جیاوازی له نێو بوونی فینۆمینۆلۆژی و فینۆمینۆلۆژیای ئەو دیارده‌یەدا بکرێ . چونکه بێ ئەو جیاکردنەوەیه ناتوانین مامەڵه له تەک عەقڵی خۆماندا بکەین و ئەو دابڕینه شارستانی و مێژووییانەش له بەرچاوبگرین که هاندەری ناسینەوەی عەقڵی چ ڕۆژئاوایی و چ ڕۆژهەڵاتیش بوونه . کەوابێ تا ئەو لایەنه نالۆژیکی و نارەواییانه پێشچاونەخەین که پرۆسەی ئەو دوو عەقڵیان بەرەو ئاقارێکی عەقڵیی و شارستان دی بردووه ، ناتوانین قۆناغه سەرەوەری و شکستێنەکانی عەقڵی کوردیمان دیاری بکەین ، بەڵام هەڵکۆڵینێک که بۆ ئەو دیارده (عەقڵی کوردیمان) دەکرێ دەبێ له وێنه هاوچەرخانه دوورخرێتەوه که بەرۆکی ووتاری هاوچەرخیان گرتۆتەوه ، به مەرجێ ئەو تەقەلایه یەکالاکردنەوەیه نەگۆڕدرێتە پرۆسەی خەفەکردن و حەشاردان . هەروەها تێکشکاندنی وێنەی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و سایکۆلۆژی هاوچەرخ مەرجی سەرەکین بۆ چاندنی ڕێرەوێکی زانستی و بنبڕکردنی پرۆسەی پەراوێزیی ناسنامەی فیکریی و ڕۆشنبیریی . ئەگەرچی ئێمه لێرەدا ژینالۆژیای پەراوێزی ناسنامه له مێژووییی فیکر و ڕۆشنبیریدا له نێو دوو کەوانەدا دادەنێین ، چونکه تا له ئارکیۆلۆژیای ئەو پێوەندییه وابەستەییەی نێوان ئێمه و ئەوان نەگەین ، ناتوانین لەو کاتەنه بگەین که له ذهنی ئێمەدا بونیادنراوه . بێگومان پێدەچێ ئەو کاتەنەش کەمتر دەتوانرێ به هاندێ حاڵاتی ڕۆشنبیری و

★ بۆ نموونه دەبینین زۆربەی بزووتنەوه ئیسلامی و فۆندەمێنتالیزمەکانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی خۆزگەی ئەوه دەخوازن که بگەڕێنەوه بۆ سەردەمی چوارەمی هیجری که به سەردەمی ڕێنسانسی خۆیانی دەزانن .

سایکۆلۆژی غایرە پیربکرێتەوە ، پاشان هار ئەو ئارگیۆلۆژیایەشە کە جارێکی دی دەبێ بە دەروازەی والأکردنی ئەو ژینالۆژیایەی کە لەماوەیەر خستمانە نێو دوو کەوانەوە .

- VII -

بۆ ڕمنەگرتن لە عەقڵی ڕۆشنبیری و سیاسیمان ، دەبێ بایەخ بە ئاسۆ و ڕەهەندی عەقڵی ووتاریمان بدرێ تاکو بزانرێ بەرەو کوێ ڕێبکە دەستێ : بەرەو خۆخواردنەوە و خۆدزینەوە لەوانی دی یاخود بەرەو خۆلێسانەوە و خۆهەڵنزانە باوەشی ووتاری ئەوانی دییەوە ؟! بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی لای سەرەوە لە سەردەمی پێشبینی نەزۆک و ناماقوولدا دەبێ ئەوە لە بەرچاوبگیردرێ کە ئاسۆ و ڕەهەندی ئەو ووتارە فیکریی و ڕمنەییەی کە لە نێو تەومژی ووتاریی عەقڵ (ووتارێ عەقڵ) یدا بەرهەم دەهێنرێ ناکرێ بە ئاسانی دیاری بکرێ ، هەروەها ئەو پێوەندییە بنەماییەی نێو عەقڵ و ووتار مەترسی دەخاتە بەر ئەو پێوەندییە بنەماییەی کە لەوسەرەوە بەرهەم دەهێنرێ ! کەوابێ خۆخستنە داوی ووتارێکی عەقڵی دییەوە بەس نییە بۆ ڕزگاربوون لە ئاشووب و مەترسی ئەو بنەما تۆتالیتاری و ئاهیومانیزمییەی کە ناوانێی ئەو ووتارەیان پێکهێناوە . ئەمە ئەوە ناگەیەنێ ئێمە بمانەوێ ئابەدییەت بدەینە پاڵ ئەو بنەما میتافیزیکی و ڕەهاییەی ئەو جۆرە ووتارە عەقڵییانەیان بەرهەمهێناوە ، بەڵکو زێتر دەمانەوێ جەخت لە جیاوازی نێو فەزای ووتاریی و ڕمنەی تیۆلۆژی و ئەفسووناویدا بکەین ، هەروەها لەو ووتارانەشی دوورخەینەوە کە تێڕامان لەبەر مرۆڤناسی و خۆناسی دەشێوێنن ، ئەگەرچی ئەو تێڕامانانە لە سەردەمی شکستیی و نازۆکی ووتاریدا بە ئاسانی خۆیان بەدەستەوە نادەن ! ئالبەت ئەوەی تایبەت لە نێوماندا ، ونبوونی پرسیاری لێنوردبوونەوە لەبەر ئەنتۆلۆژیای خۆمان و کێیایەتی خۆمان (یاخود منایەتی من) ئەوەیە کە بۆشایی و کەلێنی ئەو وڕێنەیە ڕۆژ بە دوای ڕۆژ لە زیادبوونداید ، هەروەها هێرشی ئەوانی دی بۆ سەر عەقڵی میژوویی و ڕۆشنبیریمان دەمامک و ڕەوا دەکات . سەرباری ئەوە ، ونبوونمان و نەگرتنی جێگایەک بە خۆمان لەو بۆشاییە ئایدیۆمیژوویی و ڕۆشنبیرییەدا کاری جێگا (شوێن) ناسی مرۆڤی کوردی خستۆتە مەترسییەوە ، بێگومان دیاردەی ژینۆسیدیش چڕوڵەترین نموونەی ونبوونی ئەو جێگاناسییەیە . هەروەها پرسیاری ئەو جێگاناسییە هەمان پرسیاری ئەو خۆ (من) ناسییە دووبارە دەکاتەوە کە یەک ڕەهەند و ئاستی ئەپستمی و ئەنتۆلۆژی و میژوویی هەیە . چونکە ڕیشالی پێوەندی نێو خۆناسی و ئەناسییە یاخود ونبوونی ئەو (من) ە و وننبوونی جەخت لە کەمتەرخەمی ئێمە دەکات لەو ڕێنسانسەی کە لەماوەیەر ئاماژەمان بۆ کرد . ئەگەرچی ئێمە دەزانین ووتاری تازمگەری ڕۆژئاوایی دەرئەنجامی کۆمەڵێ سەردەمی میژوویی جیاوازە و پڕۆژەی ئەپستمیۆلۆژی (باشلار) و (فۆکۆ) ش لەو بارەیەوە چاکترین نموونەن بۆ ڕیسواکردنی عەقڵ ڕۆژئاوایی و ناوانێ ئەپستمی و زانستییەکەی . مەبەست ئەوە نییە کە ونبوونی خۆم (خۆمان) لە ئامێزی ووتار و کودەتای زانستی ئەوانی دیدا ببینمەوە ، بەڵکو دەمەوێ بزانم - یاخود ئێمەی کورد بزانین - ئەو کەموکوڕی و ناڕاستییەی لە هەست و هۆشماندایە ئەنجامی ناچووستی و کەمتەرخەمی خۆمانە ، یاخود ئاکامی بەدکاری و ناسالاری ئەوانی دی بووە ؟! بەم پرسیارە نیازم نیە ئەپستمێك بە نێوی خۆمان بخەمە گەڕ بۆ ئابڕووبردن و وەڕووخستنی پیلان و ئاکەسبایییەکانی ئەوانی دی . چونکە ئێمە بەو کارە خشتیکی دی دەخەینە سەر ئەو کۆمارە خەیاڵپڵاوییەی لەماوەیەر ڕمنەمان لێگرتووە ، هەروەها ئەو کەلێنە میژوویی و ئەنتۆلۆژی و ئەپستمییە لەیاددەکەین کە لەگەڵ ئەوی دیدا (ڕۆژئاوا) هەمان بووە . بە کورتییەکەی بۆ ئەوەی ئەکەوینە ئەو ناماقوولی و نازانستییەی کە هەندێ لە ڕوناکبیرانی ئەوەر (بە تایبەتی جیهانی عەرەبی) تێیکەوتوون لە بەراوردکردنی خۆیان لەگەڵ ئەوی دیدا ، هەروەها تاوانبارکردنی ئەوی دی بەوەی کە گوایە پڕۆژەی ئەپستمی ئەمی دی (پڕۆژەکانی - جیهانی عەرەبی ئیسلامی) دزیوە !! مەبەست تێکاڵکردنی سەردەمە ڕۆشنبیرییەکانی نییە ، بەڵکو چاوێك بە هەندێ حاڵاتی دی ئەو دیالۆگەدا بخشێنین کە نیازمانە لەگەڵ ئەوی دیدا ئەنجامی بدەین . ئالبەت دەبێ سترۆکتۆری ئەو دیالۆگە و ناوانێ سیمیائییەکەشی لەبەرچاو بگرین ، تاکو بنەمای ئەو ڕمنەیە کە ئاڕاستەی چ دیالۆگی ئەوان و چ

- VIII -

باسی ستروکتۆری سیمیائی و ئەپستمی هەموو ووتارێ ماسلایەکی سارمکییە و لە ووتارێکەوە بۆ ووتارێکی دیش پرۆسەی ئەپستمی و سیمیائی ئاو ووتارەش دەگۆرێتەوە . کەوابێ ناشێ لەگەڵ بنەمای فاسەفی و ئەپستمی و زمانەوانی زۆربەی ئاو ووتارانەی هاولیانداوە پێشیاری پرۆژەیەکی رەخنەیی بکەن هەمان ماسلایان لەگەڵدا بکرێ . بۆچی ؟ لەبەر ئەوەی زۆربەی ئاو پرۆژە رەخنەییانە لە سەر یەک ئاستی زانستی و ئیستاتیکی و ئەپستمیۆلۆژی کاریان نەکردووە ، هەروەها هەندێکیان لە بری ئەوەی لەسەر بناغەیەکی عەقلانی و ئەپستیمۆلۆژی ببنە تەقلا بۆ خوێندنەوەی مێژووی مرۆڤایەتی ، کەچی بە پێچەوانەوە لە بەردەم زانستی لێکدانەوە و کاری رەخنەگریدا کێشەیان دروستکردووە و بوونەتە پرۆژەیەکی ئایدیۆلۆژی و نازانستی رەها . بێگومان ووتاری تازەگەری لە ئاستی ئێستایدا توانیویەتی ئاو نەهێنییانە ئاشکرابکات کە پاڵپشتی ئاو جۆرە ڕێژمەوانە بووە ، ئەگەرچی ئاو ووتارانە تا ماوەیەکی زۆریش کاریگەریی خۆیان هەبووە بەسەر کاری رەخنەگری و زانستی شیکردنەوەوە . مەبەستم ئاو داببرانە ئەپستیمۆلۆژییەی ئیمرۆ ووتاری تازەگەری بەدەستیهێناوە ئاستی شیکردنەوە و تێڕوانینی دیالۆگی گۆڕیوە . بەڵام دەبێ ئاوەش لە بەرچاو وون نەکەین ، کە کاتێ باسی تازەگەری دەکەین واتە باسی ئەپستم و مێژووی کۆمەڵگایەکی دی دەکەین، یاخود مامەڵە لەگەڵ مێژوو و ئەپستمی کۆمەڵگایەکی دیدا دەکەین کە دوور لە بونیادی سۆسیۆمێژوویی و پرۆشنبیریی ئێمە هاتۆتە کایەوە . کەوابێ تازەگەری لە بنەمایەکی عەقڵی و ووتاریی دی (عەقڵی پرۆژاوایی) یەوە دێتە نێو بنەمای عەقڵ و ووتارێکی (بۆ نموونە پرۆژەهاڵاتی) ، دییەوە ، بە تایبەت ئەگەر ئاو عەقڵەی دی کەمتر لۆژیکی و زانستی و پراکتیکی بێ ، یاخود هاڵگری ستروکتۆرێکی سیمیائی تیۆلۆژی و ڕۆحانی و ئەفسوناوی بێ ، ئەوا بنەمای ووتاری ئاوی دی دەکەوێتە حاڵەتێکی دوالیزمییەوە ، کە تەنیا فۆرمی لۆژیک و زنانکی سیمیائی عەقڵی دی بگۆڕێتەوە . سەربارێ ئاوەی ئاو عەقڵە دوالیزمییە ڕۆحانی و غەیبییەی دەکەوێتە دوو حاڵەتەوە : یا بەرپەرچدانەوەی هەموو شتێکی ئاوی دی و گۆشەگیربوون بەرامبەر عەقڵی ئاوی دی ، یاخود بە پێچەوانەوە دەکەوێتە سەروەرکردنی عەقڵی ئاوی دی بەسەر ناسنامە و کەلتووری خۆیدا تاکو بوونەتە مشەخۆرخوازییەکەی (Parasitisme) خۆی بکات بە عەقڵێکی دی بە سەر شارستانیەتە مشەخۆرخوازمکانی دیدا . هەرچەندە ووتاری ڕۆژئاوایی لەم بارەیەوە خاوەنی نازموونێکی بالآترە وەک لە ووتاری ڕۆژهەلاتی ، بەڵام ئەمە ئاوە ناگەیەنێ کە ووتاری ئەمی دی (ڕۆژهەلات - یاخود ئاو میللەتانەی کە لەگەڵ کوردا ژیاون) لە سەر شانی ووتاری میللەتانی دی بونیادنانرابێ. جگە لەوانە ، بنەمای ڕۆشنبیریی و عەقڵیی ووتاری نانەوی دی و نە ئەمی دی نەبوونە جێگای بایەخمان ، ئەگەرچی ئاوان (ڕۆژئاوا-ڕۆژهەلات یاخود نێوەندستاوەر) لەم بوارەدا نازموونێکی دیبان هەیە و لەسەر بناغەی خۆناسین بە دریژایی مێژوو خەریکی موحاکەمەکردن و تاوانبارکردنی یەکدی بوونە . ئالبەت لە ژێر سایەی ئەم باسەدا بە دریژایی لە پرۆسەی ئاو تاوانبارکردن و بەرپەرچدانەوەی یەکدییەوە نادوێین ! بەڵکو تەنیا ئاو تێبینییە دەنێوڕوو کە نازموونی ئاو عەقڵە لە بواری ڕۆشنبیریی و ووتارییدا چ لە لای ئاوی دی و چ لە لای ئەمی دی یەک ڕەهەند و ناسۆی مێژوویی و ئەپستمی و سیمانتیکیان نەبووە . کەوابێ هەر ئاو جیاوازییەشە بارێکی دی گومرایی خستۆتە کاری رەخنەگریی و شیکردنەوەی ئاو دیاردەیە (مەبەست دیاردەی خۆناسی نییە) پێمان وایە پێش هەموو شتێک پێویستە پەنجە بۆ ئاو ڕاستییە گرنگە دریژ بکەین کە یەک لە دیاردە بنەڕەتییەکانی ئاو ووتارە تازەگەرییەی لە ڕۆژئاوادا لە ئارادایە بریتییە لە دیاردەی (خۆناسی) لەبەردەم خۆ و لەبەردەم ئاوانی دیدا (یاخود شارستانیەتەکانی تردا) . هەرچەندە ئەم دیاردەیە لە لای تیۆریست و ڕوناکبیرانی شارستانیەتی نێوەند پێشپاوخراوە ، بەڵام هێشتا ئاو بایەخە گرنگەی بە خۆیەوە نەگەرتووە* لە لایەک ، لە لایەکی دییەوە لە

* مەبەستمان ئاوە نییە لە تاقلا تیۆرییەکانی شتراوس و فۆکۆ و دیریدا و دیلۆز و هابرماز و دلتای و باتای و بادیۆ و لیۆتار و قیلکس

شارستانیەت و فەرهەنگی نیوەندا نەکو تەنیا ئەو کەسانەی کە لەم بوارانەدا کاریانکردووە خوێان و بەرهەمەکانیان خراوەتە زۆنی ونبوون و فەوتاندنەوە ، بەڵکو بگرە هاندێ لە شارستانیەتەکانیش هەمان چارەنووسی ئەوانیان هەبووە .

-IX-

هەڵ پێداچوونەوە و خوێندنەوەیەک کاتێ بۆ چەمکی ڕۆشنبیریمان بکرێ ئەوەمان بۆ ڕووندەکەنەوە کە کەسی ڕۆشنبیریمان نەیتوانیوە جیاوازییەکی بنەمایی لە نێو مومارەسەی ئیستاتیکی و ئەپستمۆلۆژی داهێنەرانە و مومارەسەی دەمارگیری و تیۆلۆژی ڕوخێنەرانەدا بکات . بێگومان ئەوش کاریگەرییەکی نێگەتیڤانەی بەسەر پرۆسەی ئەو خوێناسییە یاخود واتای مرۆڤی کوردەوە هەبووە. بەواتایەکی دی ، لێکۆڵینەوە لەبەر خودی کوردیمان دوور لە ڕەهەندە سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی و ڕوناکبیرییەکەی ، خودی ڕەهەند و ئاسۆی ئەو خودە ڕۆشنبیر و پرۆسە ڕۆشنبیرییە دەفاتە چوارچێوەیەکی میکانیکی و زاراوەییەوە ، هەروەها واتای گشتی حسی ئەو دوو چەمکەشیان (چەمکی ڕۆشنبیر و چەمکی ڕۆشنبیریی) خستۆتە بنارى ئەوانی دییەوە ، سەرباری ئەوە پرۆسەی ئەو دوو چەمکەش عەقڵی ئەفسووناویی گومڕای ئەم خودەیان بۆ دیاری نەکردووین کە لە ڕ ئایندەیەکی ناچووست و ڕۆژگارێکی سەخت و نەهەستیدا دەژێت . جا بۆ ئەوەی مۆڵگەی ئەم خودە شەکەت و گومڕایە بدۆزینەوە ، دەبێ هێرشی بەردەوامی نێوەند و تەوەر دیارییەکەین ، هەروەها ئەو ڕۆڵە میتافیزیکی و غەیبییەش دیارییەکەین کە بۆتە چارەنووسی ئەو پرۆسە ڕوناکبیرییە . جا تۆ بڵێی ئەو خودە شەکەت و وێڵە بتوانێ ئەتموسفیرێکی سایکۆ-ڕۆشنبیریی و ئایدیۆلۆژی ئەوتۆ بۆ بەرهەنگاربوونەوەی ئەوی دی دابین بکات ؟!* مەبەستم لەوی دی ئەو سیستەمە ماشینیزمی و بەرخۆرییەیە کە سەرتاپای شارستانیەتی نێوەندی تەنیوەتەوە و سمبول و دەلالەتی جۆراوجۆری بۆ پرۆسەی پەراوێزی ڕوناکبیری شارستانیەتەکانی دی خولقاندووە . هەروەها ئەو ئایندە تیۆلۆژی و غەیبییە نەبینراوەی چاوەڕێی ئەو خوێناسییە دەکات ، ناشێ تەنیا لە ڕووی ئایدیۆلۆژی و سیاسییەوە تەماشابکرێ . بە واتایەکی دی دەکارم بڵێم ، ئەو خوێناسییە شوێنی خۆی بۆ نائایندەگەری چۆلدەکات و شوێنی میکانیزمی پرۆسەی میتانایندە (ئەودیو ئایندە) شڵێژدەبێ . بۆ ئەو مەبەستە دەمانەوێ بڵێین ، هاوردنەکایەوەی دیالۆگێکی ڕەسەن لەبەر عەقڵی ئەمێستا و ئایندەییمان و بوونی میژوویی و سۆسیۆلۆژیی ڕابردوومان ، ناشێ لە مەسەلەی ئەو ئایندە (خۆ) ناسییە دوورخرێتەوە ، ئەگەرچی لە نێوانماندا جارێ بیر و دیدی ئایندەیی و خودی ئایندەناسی نەناسراوە . بێگومان ئەو پرۆژەیە (مەبەستم ناسینەوەی ئەو ئایندەگەرییەیە) تاکو لە حەقیقەت و کاریگەرییە نەبیرقییەکە دوورنەخرێتەوە ، دەبێ تیۆلۆژیا بکرێ . ئەمە ئەوە دەگەیەنێ باسی ستروکتۆری ڕۆشنبیریی و فیکرییمان ناشێ لە باسی هەمایی ووتاری ئەوانی دی دوورببخرێتەوە .

لێرەدا پێویستە پەنجە بۆ ئەو ڕاستییە گرنگە درێژبکەین کە ئەو پرۆژەیە (پرۆژەی خوێناسینەوە و خۆدۆزینەوە و خۆ .. هتد) دەبێ لە هەموو سۆزێکی ڕوخێنەر و ئایدیایەکی نازانستی و نالۆژیکی ڕەها دوورببخرێتەوە ، هەروەها پانۆرامای میژووی سیاسی و فیکری و باسی ستروکتۆری عەقڵی کوردی و دیالۆگەکەی لەبەرچاوبگیرێ . بێگومان میللەتانی تەوەر لەم

غەتاری و بروێڵ و باشلار و جان بودریار کەمکەینەوە . پاشان ئەو تەقەلایانە میژوویەکی هێندە کۆنیان نییە ، ئەگەرچی لە پیرۆژەیەکی دێرینتر دەکۆڵنەوە . هەروەها تەقەلاکانی پێش ئەوانیش ، وەکو هیۆم و دیکارت و کانت و کۆنت و سپێنوزا و لیبنتز ، کەمتر پەیان بەو دیاردەیە بردووە .

★ لەوەڕووخستنی ئەم پرسیارەدا ، مەبەستم وروژاندنی پرسیاری فەلسەفی هاوچەرخە لەبەر ناسنامە و شێوازەکاری گەمەی خوێندنەوەی یەکدی . جگە لەوە ، پێویستە ئەوش بووترێ کە دیاردەی ناسنامە و پوڵی لێکدانەوەی میژووی فەلسەفە لە باسی (خوێناسی) دابڕاوونییە ، بەڵام پرۆسەی ڕوناکبیری و ئایدیۆلۆژیای دەستبژێرانەی ناموێ ڕووناکبیرانی ڕۆژئاوایی دۆسییەی ئەو پرسیارە فەلسەفییانەیان خستۆتە ئەرشیفی خەفەکردنەوە .

بوارەدا (بواری خۆناسینەوە) خۆیان لە بەردەم هێرشێکی بەردەوامی ئەوی دی (نێوەند) دا بە نێوی ڕۆژهەڵاتناسی و خۆناسی و ئایندەناسی و کلتوورناسی و هاوچەرخیەتی و ئایینناسی و مرۆڤناسی و ... هتد . کەوابێ تا کۆدی ئەو ووتارە فیکری و ڕەخنەیی نێومان لەو قاوغە تیۆکراتی و تیۆلۆژییە دەرباز نەبێ کە بەرهەمهێناوە ، ناتوانێ دیالۆگە وڕێناوییەکانمان لەگەڵ خۆمان و ئەوانیش ڕێگای ئاخاوتنێکی میتۆدۆلۆژی بگرێتەبەر ، هەروەها بەرهەمهێنانی ئەو ڕێگا میتۆدۆلۆژیەش لە ئاخاوتندا ، واتە بەرهەمهێنانی سیستەمێکی لێکدانەوەی ڕەخنەیی دی و هاوردنە قسەی ناستی ڕۆشنبیریی و دەروونیمان ، یاخود دەستهەڵگرتن لە سیستەمی ئاخاوتنی قەیراناوی و ئەتککراو . بەمجۆرە بۆ ئەوەی ڕیشاڵی بنەمای قیتشی ئەو جۆرە دیالۆگە دیاریبکەین ، بە پێویستی دەزانین لێرەدا دوو ڕای ناکۆک پێڵ بکەین کە هەمیشە لە نێوماندا و لە یەک کاتدا خۆیان قووتدەکەنەوە: یەکێکیان ئەوەیە کە چۆن بتوانین لە پۆختەی ئەو ڕایە ڕەخنەیی فەلسەفییە هاوچەرخە یاخود ڕەوایی و ناڕەوایی ئاکامی ڕەخنەی فەلسەفی هاوچەرخ بگەین کە دەگەنە ئێمە و بونیادی ڕەخنەیی و فیکریمان دروستدەکەن ، بە تایبەت ئەو ڕێڕەوە فەلسەفییە هاوچەرخانەی ئەمڕۆ هەموو دیدی فەلسەفی عەقڵانی و ئیستاتیکی و فیکریی خۆیان بەرپەرچدەدەنەوە ، بۆ ئەوەی ئاستێ بۆ ڕەوایی ئەفسووناوی و تۆتمی خۆیان دابنێین ، تاکو نەبنە سەرچاوەی شارستانیەتەکانی دی . بێگومان ئەوەش یەکێکە لە دیاردەکانی ووتاری ناوبراو بە (تازمگەری تازمگەریی) ، بەڵام ئەوەی دیپان بریتییە لە خۆدزینەوە و خۆنەناسکردنی ووتاری ئەمی دی لە ووتاری نێوەند و دان نەنان بەو ڕوخسارە کۆسمۆپۆلیتییەی کە خاوەنی میژوویەکی ئەپستمی و ڕوناکبیریی خۆیەتی ، ئەگەرچی ئەو ئاقارە ڕەخنەیی فەلسەفی و سۆسیۆلۆژییانەی کارمان لەسەر کردون خۆیان لەوە غافڵکردووە ڕۆچنە نێو غەم و ویلیی خودی دیالۆگی ئەوی دییەوە و هەمیشە بونەتە دەزگای بەرهەمهێنانی ووتار و دیالۆگی وڕێناوی و سەرگەردانی . بێگومان مەبەستمان ئەوە نییە بەم چەند لاپەڕەیە ببینە هۆکاری هاوردنەکایەوەی ڕێڕەوی عەقڵ و عەقڵانیەت ، یاخود ئەم باسە بکەین بە پردی گواستنەوەی ئامراز و میکانیزمی ئاقارە ڕەخنەییە فەلسەفییەکانی ڕۆژئاوایی ، بەڵکو زیتر دەمانەوێ لە ئامێزی ئەم باسەدا پەنجەنومای ئەوە بکەین کە خودی ئێمە - یاخود مرۆڤی کورد - لە ژێر سایەی ئاقارە ڕەخنەیی فەلسەفی و سۆسیۆلۆژییە ئاوابوومکاندا نەیتوانیوە و نەیان هێشتووە (عەقڵ و زانین) ی خۆی جودابکاتەوە و بیپارێزێ . بێگومان ئەوەش بە شێنەیی بەرەو مەنزڵگای هوشیاری نێگاتیڤیی و ئالۆسکاویی بردووین .

بۆ ئەوەی لە ناواخنی باسەکەمان دوورنەکەوینەوە بە پێویستی دەزانین بۆ ئەو مەبەستە بچینەوە سەر ستراتی ووتاری ڕۆشنبیریی ڕۆژانەمان کە دوور لە خۆناسی و ئەوناسی دەچێرین . جا تۆ بڵێی تەقەلایەکی ڕۆشنبیریی ئەپستیمۆلۆژی لە ئارادا نەبێ بۆ بنەبڕکردنی ووتاری نێوەندیی ئەوی دی ؟! باشە دەبێ میکانیزم و ناواخنی ئەو ووتارە چی بێ ؟ تۆ بڵێی ئەو پرۆژە ئالتەرناتیڤە ڕۆشنبیرییە نەبێ کە جارجارێ سەرمانکێشمان لەتەکدا دەکات ؟ ئایا تۆ بڵێی بتوانرێ ئەو سیستەمە عەقڵانی و ئەپستمۆلۆژییە بە بڵاوکردنەوەی چەند سەرووتارێ بخرێتە گەڕ بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی میتۆدی شیکردنەوە و بیری قەیراناویمان ؟ مەبەستم ئەوەیە ، ئایا دەشێ بۆ تاڵکردنی قەیرانی بیر و هۆشمان پەنا بۆ ووتاری ڕۆشنبیریی غایرە بەرین ؟ ئایا دەشێ بۆ دانە ناسنامە بە ووتاری ئایدیۆسۆسیۆلۆژیمان بکەوینە پێناکردنی بیر و دیدە قەیراناوییەکانمان لەمەڕ کۆمەڵگەی کورد و بزووتنەوە نیشتمانییە ڕزگاریخوازمکەی و تێهەڵکێشکردنیشی بە بیر و دیدی سیاسی هاوچەرخەوە .. تاکو بە زوترین کات ڕێنسانسێکی کوردی بخولقێنین ؟! ئالبەت ئەو پرسیارانە و وەڵامەکانیشیان لە ئەنتۆلۆژیای خۆمان نزیکمان دەخەنەوە ، ئەو ئەنتۆلۆژیایەی کە جارێ هیچ جۆرە ڕۆشناییەکی نەخراوەتە سەر . هەروەها خودی ئەو سەرووتارانەی کە بۆ مەبەستی پەیبردن بەو ئەنتۆلۆژیایە دەووسرێن نازانن بەرەو کوێ دەچن و بە دووی چیدا وێڵن ؟! بە دووی خۆدا یاخود ئەوانی دیدا ؟! لە پێناوی ناسنامەی خۆدا دەژین یاخود ئەوانی دیدا ؟! ...

جا بۆ ئەوەی شتێکی دی بخەینە سەر خەرمانەی چەمکی ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیرییمان پێویستە جەخت لە پرۆسەی تێکشانەشونمای ئەو دوو چەمکە بکەین لە سەرتاپای میژووی

رۆشنبیریماندا ، بەڵام بێ ئاوەی ئاو باسە پابەندی هەندێ حاڵاتی غەیبی و تیۆلۆژییان بکەین . جگە لەوە ئاو شێواوی و سەرەڕۆییەی ئاو دوو چەمکەش ناشێ تەنیا بە تاڵ و دەزووی ناسنامە و وێنەی بوون و نابوونیی پێنەبکرێن. ئەگەرچی ئێمە نکوڵی لەوە ناکەین کە ئاوەیان رۆڵێکی بنەمایی لە خوڵقاندنی کێشەکانی کۆمەڵگای کوردەواریماندا دەبینێ . کاوەبێ لێرەدا ئامانەوێ بۆ ئاو مەبەستە بگەڕێنەوە سەر ئاو پرسیارد دۆگما و (دیۆنیزیۆسیای Dionysos) کە هەمیشە بە تەنیا لە ڕووی سیاسی و ئایدیۆلۆژییەوە خراوەتەڕوو ، کە (چی بکەین). ؟ بەڵکو زێتر بە پێویستی دەزانین بۆ ئاسینەوەی ژینالۆژیای میژووی سیاسی و فیکریمان یاخود پێداچوونەوەی بنەمای زمانەوانی و سیمیائی و ئاپستمی ئاو ووتارەی کە ئاو دیدانیان لە نێوماندا بەرهەمهێناوە ، بگەڕێنەوە سەر مەسەلەی (خۆناسی) . چونکە بێ ئاو خۆناسییە ناتوانین خۆمان یاخود ئەوانی دیش بناسین .

- x -

تاکو ئێستا لە ڕۆژئاوادا لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی فراوان لەسەر ڕەهەند و ناسۆی ناناگایی هاوچەرخی فەلسەفی ئەنجام نەدراوە . ئەمەش زێتر لەبەر ئەوەی خودی ووتاری فەلسەفی ڕۆژئاوایی گۆڕانکارییەکی زۆری بەخۆوەدیووە. بێگومان لە سەرێکی دییەوە ئاو گۆڕانکارییانەش خاڵی یەکگرتنەوەی کودەتا ووتارییەکانی نێو زانستە مرۆڤایەتییەکان و ئەمبیرقییەکانیانیشی پێکهێناوە .

ئەوەی بە لامانەوە گرنگە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە کە هەڵسەنگاندنی داهێنانی فەلسەفی و شێوازی میتافەلسەفی قۆناغی پاش تازەگەری ڕۆژئاوایی کارێکی ئاسان نییە . چونکە ناناگایی فەلسەفەی هاوچەرخی ڕۆژئاوایی ئەوە دەردەخات کە بزووتنەوەی ووتار و فیکری ڕۆژئاوایی پێناچێ هەندێ چەمکی پایان (پایانی فەلسەفە ، پایانی خودا ، پایانی میژوو ، پایانی مرۆڤ ، پایانی میتافیزیک ، پایانی ئایدیۆلۆژیا ، پایانی کۆجیتۆی دیکارتی ، پایانی فینۆمینۆلۆژیا ، پایانی ئەنتڕۆپۆلۆژیا ، پایانی زمان ، پایانی ئایین ، پایانی ئاکار ، پایانی .... هتد) ی پێشەکێشکرێ . کاوەبێ لە نێو سەرهەڵدان و داڕمانی ووتاری فەلسەفیدا ئەوەی پێوەندی بە پرسیاری هاوچەرخەوە هەبێت ، بۆ سەرلەنوێ دەستنیشانکردنی ناسنامەی ووتاری زانیاری سەردەم ، تایبەتە بە توانای بەرهەڵستی ووتارییی پۆلی فەلسەفی لە نێو پۆلەکانی دیدا . جا زاڵبوونی ناکامی ووتاری فەلسەفی بەسەر ووتارەکانی دیدا و یەکگرتنەوەی زۆربەی پۆلە ووتارییەکانی دی لە ئامێزی ووتاری فەلسەفیدا ، بواری تێڕامان و لێخوردبوونەوەی فەلسەفی ئاڵۆز و گومراکردووە . بێگومان ئەمەش یەکێکە لە تایبەتیەکانی ووتاری ڕۆشنبیریی قۆناغی پاش تازەگەری ، کە بە بەربڵاوترین و چڕترین قۆناغی ووتاری ڕۆژئاوایی دەژمێردرێ . بۆ نموونە ئاو کودەتایەی هانۆتە سەر زانستی لێکدانەوە لەلایەک ، لە لایەکی دییەوە گۆڕانی جێگا (شوێنی) زۆربەی پۆلە زانستییەکانی دی (وەکو ، سیمیۆلۆژیا ، زمانەوانی ، ئەنتڕۆپۆلۆژیا ، سایکۆلۆژیا ، سۆسیۆلۆژیا ، ... هتد) ناشێ لەو گۆڕانە هەمەییە دوورخرێتەوە کە هانۆتە سەر خودی میتۆدۆلۆژیا و کاری دەربڕین و تێگەشتن. بەڵام پێناچێ هەموو ئاوانەش خواستی ئایدیۆگرافی و میتافیزیکی و (میدۆلۆژی Mediologie)*یەتی سیاسی ووتاری فەلسەفی و ڕۆشنبیریی ڕۆژئاوایی پڕبکەنەوە . بە واتایەکی دی ، ووتاری فەلسەفی هاوچەرخ ، بە هەموو ناڕەزامەندییەوە ، ناتوانێ لە بەردەم شارستانیەتەکانی دیدا بەهانە بۆ ناعەقڵانییەتی ووتاری عەقڵانی هاوچەرخی تەکنەلۆژی بهێنێتەوە . بۆ ئەوەی لەبەر ئایندەی ووتاری فەلسەفی و ئیستراتیژییەتی فەلسەفەی ئایندەگەری ڕۆژئاوایی هەڵوێستەبکەین ، پێویستە بزانین بەردی بناغەی فەلسەفەی هاوچەرخی ڕۆژئاوایی بەچی بونیادنراوە ؟! هەروەها بۆچی لە سەردەمی تازەگەری تەکنەلۆژیدا زاراوە و چەمکی فەلسەفی ڕۆژئاوایی بەهای خۆی لەدەست داوە ؟!

بە کورتی ئەوەی مەبەستە لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە ، ڕۆشنایی خستنە سەر هەندێ لایەنی گومڕا و نادیاری ئاو بارودۆخە ووتارییەیە کە لەسەر ئاستی تیۆری و فیکری ووتاری پاش تازەگەری وورۆژاندوویەتی و

★ میدیۆلۆژیای سیاسەت بەبەربڵاوترین دواچەمکی فەلسەفی دەژمێردرێ کە لەسەر دەستی (ڕیجیس دۆبرێ) خراوەتەگەڕ .

بنەمایەکی زمانەوانی و ئەپستمی دی خستۆتە نێو تێزە ووتارییەکانەوە ، بە تایبەت پرسیاری فەلسەفی نائەپستمۆلۆژی و میتافیزیکی ئاسۆی فیکری فەلسەفەی هاوچەرخی تەنیوەتەوە و کۆمەڵگەی پاش پیشەسازی و ماشینیزمی ئامرازی دەربڕین و داڕشتنی ئەفسووناوی و هەمایی ئەوتۆی بەرهەم هێناوە کە ئەپستمیەتی فەلسەفەی هاوچەرخی خستۆتە مەترسییەوە . بەم پێیە ، بۆ ئەوەی لە پرۆسەی نهێنی داهێنان و مێژووی نووسین بکۆڵینەوە ، دەبێ دیاردەی سیمیۆلۆژی رەهنەی عەقڵ و هەموو ڕەهەندە جیاوازەکانی ووتاری فیکری و ڕۆشنبیریی نێوەند پێشچاوبخرێن . لەم بوارەدا دەمانەوێ سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین کە لە نێو دیاردەی سیاسی و زمانەوانی (سیمانتیکی) سۆسیۆلۆژیای ڕۆشنبیری نێوەندا ، هەمیشە پرۆسەیەکی ناهێومانیزمی و ناتەبا عەقڵی ڕەهنەگریی (بۆ نموونە کۆمەڵگەی تەوەری سەرمایەداری) دەباتەڕێوە و سەرچاوە لە ئایدیۆلۆژیای ماشینیزمی و شێوازی ژیان و بیری بەرخۆرییەوە هەڵدەگرێ ، چونکە ئەو دووڤاقییەی لە سیستەمی بیر و ژیانی ووتاری ئاخاوتنی ڕۆژانەی کۆمەڵگەی پاش تەکنەلۆژیای ئایدیۆلۆژییدا بەدی دەکرێ ، پابەندی ناواخنی سیمیۆلۆژی ئەو سیستەمە کراوە کە لە نێو دەربازبوون / شکستیی ، بەرهنگاربوونەوە / هەڵهاتن ، ڕاستی / درۆ ، ئازاد / یاساغ ، پایان / بێ پایان ، بەرەڵا / خەفەکراو ، واقیعی / وریناوی‌دا بەندکراوە ، بێگومان هەر ئەو سیستەمە سیمیۆلۆژیایەشە خولقێنەری هەموو دیاردە سایکۆزمانەوانی و سۆسیۆلۆژییەکانی ئەو ووتارە هاوچەرخیە . بەمجۆرە گواستنەوەی دەسەڵاتی میتافیزیکی لەبار ڕۆشنایی و کاریگەری تەکنەلۆژیادا بەرەو ئایدیۆلۆژیا ، هەروەها گۆڕانی سیمیۆلۆژیای ئایدیۆلۆژیا دووبارە ئەفسووناوی و میتافیزیکیەتی بە جۆرێکی دی هێناوەتەکایەوە . ئەبەتە ئەمێستای ووتاری ڕۆشنبیریی ئەوی دی بە ترسناکترین و جانبالترین قۆناغی ئایدیۆلۆژی نێوەند دەژمێردرێ . هەروەها لە شارستانیەتەکانی دیدا هەموو ڕۆژێ بە تازەترین و هاوچەرخیترین ڕێگای تەکنەلۆژی تاک ڕەهەندی ئایدیۆلۆژی و ڕۆشنبیریی بەرهەمدەهێنرێ و ساغدەکرێتەوە . بە تایبەت سیستەمی سەرمایەداری و تۆتالیتاریەتی جیهانی ئیمڕۆ لە وڵاتانی داماوی بە ناو سۆسیالیزمیدا بۆتە دەزگای بەرهەمهێنان و وەبەرهێنانی دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ ، دوای ئەوەی ئەو کالایانە (لە لیبرالیەتی دیموکراسیەت ، مافی مرۆڤ ، سەربەستی ڕادەربڕین و کڕین و فرۆشتن و دەنگدان ... هتد) لە مۆزەخانە ئیرۆتیکیەکانی سەرمایەداری جیهانیدا بۆ ماوەیەکی زۆر تەماشادەکران .

- XI -

ئەگەر بە زۆربەی ئەو چەمک و دەربڕینە فەلسەفی و سۆسیۆلۆژیانەدا بچینەوە کە لەماوبەر کارمان لەسەر کردوون ، بۆمان دەردەکەوێ سەرچاوەیان لە هەندێ ووتاری تۆتالیتاری داخراو و ئەگۆڕەوە هەڵگرتووە کە ئیمڕۆ لە ڕووی تیۆری و ووتارییەوە بەهای خۆیان لەدەستداوە . هەرچەندە لە مێژووی تیۆری و تێزی ئایدیۆلۆژی تاک ڕەهەندیدا سیمیۆلۆژیای ئاوابوونی ووتاری تۆتالیتاری دۆگما شتێکی تازە نییە ، سەرباری ئەوە ، هەموو تێز (ووتارێکی فەلسەفی خاوەن قۆناغێکی ئەپستمی و مێژوویی ئایدیۆلۆژی خۆیەتی ، هەروەها تەقەلای زۆربەی ئەو تێز (ووتار) ە فەلسەفییانە ئەوەبووە ، تاک تەنیا دابڕان لە تاک سەردەمی خۆیاندا ، بەڵکو لە تاک سەردەمی پێشووشیاندا بکەن ، تاکو بەوە ببن بە مۆدێلێکی ووتاریی بۆ سەردەمی دواتریان . بەڵام بە پێچەوانەوە ، هەندێ جار ، زۆربەی ئەو ووتارانە تاک تەنیا نەیانتوانیوە دابڕان لە تاک ووتارەکانی سەردەمەکانی پێشوودا بکەن ، بەڵکو تەنانەت نەیانتوانیوە پێداویستی سەردەمی خۆشیان پربکەنەوە . جا ئەوەیان لەبەر نەبوونی توانای زانستی و ئەپستمی ئەو ووتارانە بێ یاخود لەبەر کاویژکردنی دیدی فەلسەفی و ئەپستمی و نائەپستمی سەردەمەکانی پێشوویان بێ . دەرئەنجامەکانی ووتاری پاش تازەکاری تەکنەلۆژیای ئایدیۆلۆژیاوی جەغت لەوە دەکەن کە بەرهەمهێنانی ووتار لە هیچ سەردەمێک و شارستانیەتێکدا لە بن نایەت ، هەروەها ئەو دیالۆگە سۆفستاییەی لە ووتاری فەلسەفی هاوچەرخدا بەدیدەکرێ سەرچاوە لە سۆفستاییەتی ئەگریکەوە هەڵدەگرێ . بەمجۆرە ئەو تەماییە فەلسەفییەی ئەگریکەکان بۆ زانستە فەلسەفییەکانیان (لۆژیک ، نیستاتیکا ، ئەخلاق)

بونیادناوه ، تا ئەمرۆکە کۆماری فاڵسەفی
ڕۆژئاوایی پێی سەرەڕە . بێگومان بێجگە لەو
فیکرە فاڵسەفییە پراگماتیستییەی لە ڕۆژئاوادا پاش
فیکری فاڵسەفی سۆفستاییەکان سەریهەڵداوە و
کاریگەرێکی زۆری کردۆتە سەر ڕەوتی فاڵسەفی
ڕۆژئاوایی و دەرئەنجامی جیاواز و ناتەبای
خستۆتەوە . کەوابێ ڕۆژ بە دوای ڕۆژ لە نێو
ئەستمۆلۆژیای ڕۆژئاوایی و ئایدیۆلۆژیای
تەکنالۆژیاویدا لەگەڵ شارستانیەتەکانی دیدا
کەلێنێکی شارستانی و ڕۆشنبیریی دروستدەبێ ،
پێدەچێ سەرەتای ئەو کۆمەڵگە بەرخۆرییە
تەنگوچەڵەماوییە بێ کە لە شارستانیەتەکانی دیدا
بەرهەمدەهێنرێ . لەگەڵ ئەوەشدا ، سەدەی پاش
تازەگەری تەکنالۆژی قەیراناوی پڕۆژەی
ئەستمۆلۆژی ڕۆژئاوایی خستۆتە قەیرانێکی
هەمایی بێ دەرهتان و بێ ناسنامەوە ، بەڵام پێمان
وایە چارێ ئایدیۆلۆژیای پاش تازەگەری
تەکنالۆژی لە نێوەندی سەرمایەداریدا یاخود لە
تەوەردا توانای دووبارە بەرهەمهێنانی بنەمای
قەیراناوی خۆی هەیە . مەبەستم کۆمەڵگەی پاش
ئایدیۆلۆژیا و ووتار و چەمک لەبەر عەقڵی
کۆسمۆپۆلینی و هەمیشەیی ێ لەبەر خۆمان و ێ
خۆیان دەمانخاتە بەر مۆرفۆلۆژیای نەهەلست و
خەفەکردنی مانا و تێروانین . هەروەها لە سەدەی
گومرایی میژوویی و ئەخلاقیی و ناتەبایی
جوگرافی و ڕۆشنبیرییدا مەحکومماندەکەن
بەوەی کە ئێمەش بە ڕۆحێکی نەرجسی و
شۆڤێنییەوە مامەڵە لەگەڵ عەقڵی کۆسمۆپۆلینی
ئەواندا بکەین . گومانی تێدایە نییە ئەگەر بڵێین ،
ژینالۆژیای پاچە (دەمامک ، ماسک) ئامرازی
ئەستمی پڕۆسەی ووتاری ڕەخنەی عەقڵی ئەوانی
دییە بۆ والاکردنی مانای ڕاستی و بەها ،
ئەگەرچی لە بەرهەم هێنان و وەبەرهێنانی پاچەدا
ووتار و سیستەمی ئایدیۆلۆژی
سیاسەتمەدارەکانی ڕۆژئاوایی
دامێنانیانکردووە. کەوابێ مەحاڵ بە سوک -
سانایی ووتاری فاڵسەفی و فیکری کۆمەڵگەی
بەرخۆری لەو بنەما فاڵسەفییە نەرجسی و سادییە
ڕیشەکێشکرێن ! بە تایبەت دیاردە پاتۆلۆژییە
ڕۆشنبیرییەکانی ڕۆژئاوا ڕەگی قوڵیان لە
هۆشمەندی خەڵکدا داکوتاوە . هەروەها بە دەگمەن
ڕێدەکەوێت سیستەمی ووتاری ڕۆژئاوایی لەو
پۆلکردنە سێ کوچکییەی کۆنت (Conte)
ئەفسووناوی ، میتافیزیکی ، پۆزەتیڤی) کە بۆ
کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کێشاوە ، دەربازبێت .
هەرچەندە ئەوەمان بە یەکێ لە کێشە سەرەتاییەکانی
میتافیزیکای سەردەمی کلاسیک دەژمێردرێ ، بەڵام
ڕەهەندی فاڵسەفی سەردەمی کلاسیک جێگای خۆی
بۆ هەندێ تێروانینی ئەپستمی و زانستی
سەردەمی پاش ڕینسانس چۆڵنەکردووە .

بۆ خستنەڕووی بنەما و پێشینەی عەقڵی
فاڵسەفی و ئەپستمی لە پڕۆژەی ڕوناکبیریی
ڕۆژئاوایدا ، پێویستمان بە پێداچوونەوەی
میژووی سیستەمی فیکر و میژووی تیۆری
فاڵسەفی دەبێ . ئەگەرچی ئەو جۆرە باسانە لە
دووتوێی پڕۆژەی ناوبراودا زێندەبەچاڵکراوە ،
بەڵام ئاوابوونی ووتارە فاڵسەفییە دۆگماکان تا
ڕادەیەک نەخشەی داڕشتنی ووتاری هاوچەرخیان
گۆڕیوە ، دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر ببووە
ئامرازی سارێژکردنی ئایدیۆلۆژی . مەبەست
هەڵبڕشتنی پڕۆژەی ژینالۆژی پاچە و ڕاستی بەها
نییە کە ئالبەت لەسەر دەستی (نیتشە) ئەو
پڕۆژەیە سروەی لێهاتسا ، بەڵکو دەرککردن بە
شەقڵ و ڕوالەتی پڕۆژە ناڕەوا و نادیارەکانی
فاڵسەفە و فیکری ڕۆژئاوایە . چونکە ئەوەیان
باسێکە بەدووگەڕانی زۆری دەوێت . سا هەر
چۆنێک بێ ، ئەو بابەتە (مەبەستم عەقڵی
ڕۆژئاواییە) هەر لە سەردەمی ڕینسانسەوە تا
قۆناغی تازەگەری تەکنالۆژی بچمی ئاشکرای
ووتارە ڕوناکبیرییەکەی بووە ، هەروەها لە
سەردەماکانی دیدا ئەو ووتارە بەردەوام ڕەخنەی
لە عەقڵی ئەفسانەیی و ئەفسووناووی گرتووە ،
کەچی جارێکی دی لە سەردەمی عەقڵانیەتی
تەکنالۆژیادا هەمان عەقڵی ئەفسووناویی و
غەیبی ڕابردووی بەرهەمدەهێنێتەوە ، تەنانەت
ئەو عەقڵە زانستییەش کە (کانت) لە بەرامبەر عەقڵی
پوخت (ڕووت) یاخود میتافیزیک و پۆزەتیڤدا
پێشنیاریکردووە تا ئێستاش لە ووتاری تازەگەری
و پاش تازەگەری فیکری فاڵسەفی هاوچەرخدا
سەروەرە لەلایەک ، لە لایەکی دیشەوە بە شێواز و
میتۆدی فاڵسەفی جۆراوجۆریش
بەرهەمدەهێنرێتەوە .

کەوابێ هەرلەبەر ئەمەشە ڕەخنەی (کانت) لە
عەقڵی میتافیزیکی یا غەیبی بوو بە باڵیفی
پڕۆژەی فینۆمینۆلۆژی (هیگل) و ئەوانی پاش
ئەو . ئەگەرچی لەسەرێکی دییەوە پڕۆژەی سیاسی
پراگماتی (هیگل) و تەڤلا تیۆرییەکانی
پۆزەتیڤەکان پڕۆژەی سەروەری عەقڵانیەتی

ڕۆژئاوایی و پڕۆسە ڕوناکبیرییەکەیشین . ئەمەو جگە لە تەقلا ژینالۆژییەکانی (نیتشە) و (هیدگەر) لەبەر ناسنامە و بەها و بوون و گرێدانی ئاوانەیش بە باسی تەکنیکەوە شوێن دەستیان لە ووتاری پشکنیندا لێڵ نابێ . بەپێی ئەو سەرنجانەی لەسەرەوە خرانەڕوو ، خودی ووتاری مرۆڤخوازی ڕۆژئاوایی تاکو ئیمڕۆ لە پرسیارە پێشنیارکراوەکانی (کانت) لەبەر مرۆڤ و ئایندەی بێ پایان و زانیاری و بوونداو دەخولێتەوە ، هەرچەندە پرۆسەی فەلسەفی و هیرمینۆتیکی پڕۆژەی عەقڵانیەتی ڕۆژئاوایی هەر لە (ئەرستۆ) وە تا دەگاتە عەقڵانیەتی (دیکارت) و (کانت) و (هاشلار) خاوەنی یەک باگرۆندی زاراوەیی و چەمکیی نەبووە . سەرباری ئەوە ، لە سەردەمی عەقڵانیەتی تەکنەلۆژیدا تێزەکانی (نیتشە) و (هۆسرڵ) و (فرۆید) لە سەر دەستی (دیریدا) و (فۆکۆ) و (دیلۆز) و (لاکان) و(هابرماز) و (ئالان بادیۆ) و (هانز جۆناس) و (ڤلیکس غتاری) و (پۆل ڕیکۆ) کەوتۆتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوەی ناپستمی بالاوە. بۆ ئەوەی لەمە زێتر نەکەوینە غەفلەتی ئەو بابەتەوە ، دەبێ ئەو تێزانەی ئەو ڕوناکبیرە ڕۆژئاواییانە کاریان لەسەر کردووە مێژووی داببرانی ئاپستمۆلۆژی ڕۆژئاوایان لە سەردەمیی عەقڵانیەتی تەکنەلۆژیدا خستۆتە ژێر پرسیاری گومانەوی ڕەواوە .

- XII -

یەکێک لە ئاراستە پراگماتیست و سۆفستای ووتاریی و تێکستپەرستی لیبرالیەتی فەلسەفەی نێوەندی سەرمایەداری لە گۆڕەپانی ئایدیۆلۆژی جیهانیدا ، پاش پاشەکشەی ئایدیۆلۆژیا سادییەکەی یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی بەناو سۆسیالیزمی ، گەرانەوەی ووتاری فەلسەفی و سیاسی ڕۆژئاوایی و ئەمریکاییە بۆ تێکستی (هیگڵ) . ئەم گەرانەوە کتوپڕەی ڕوناکبیرانی نێوەندی سەرمایەداری (ئەمریکا ، ڕۆژئاوا ، ژاپۆن) بۆ لێکۆڵینەوە مێژوویی و فەلسەفیەکانی(هیگڵ) ، بە ڕای زۆربەیان ، یەکێکە لە تایبەتێتی و پێداویستییەکانی ووتاری فەلسەفی و ئایدیۆلۆژی و مێژوویی ئەمێستای ڕۆژئاوایی ، بەڵام پێمان وایە لە مێژووی ووتاری فیکری و عەقڵی سیاسی و فەلسەفی ڕۆژئاوادا یەکەڵاکردنی داهێنانی تێکستیە ووتارییەکان و وروژاندنی دیاردەی میتافیزیکی و زیندووکردنەوەی جیهانبینی باو و ئاوابووە بەسەرچووەکان شتێکی تازە نییە . کەوابێ لە هەموو سەردەمێکی ووتاریی و داهێنانی تیۆریدا کۆماڵگای شمەک بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئایدیۆلۆژی و فیکری و ڕۆحی و سایکۆلۆژییەکانی خود و بۆ ئەوەی ئەو کون و کەلەبەرانە پێنەبکات کە لە لۆژیکی دەربڕین ـــ نووسین و ئاخاوتن ـــ تێگەشتندا هەن ، کۆماڵێ ڕێگای ناتەبا و ناڕەوا دەگرێتەبەر کە چەند سەردەمێکی ڕەخنەییان ئاشکرادەکات . ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەوەیە کە ڕۆشنایی بخرێتە سەر تەقلا مێژووییەکانی ئەم دواییەی ڕوناکبیری ئەمریکایی (فرنسیس فوکۆیاما F.Fukuyama) یە کە لە ڕۆژئاوا و ئەمریکا بەوە ناسراو کە خاوەنی پڕۆژەی (هیگڵ)ی تازەیە - نیو هیگڵ -* .

ئەو تازەگەرییەی (فوکۆیاما) لە شیکردنەوەی دەروونی مێژووییدا کردوویەتی بە هۆی ئەو کتێبەی کە بۆ ئەو ماوەیە بەنێوی (پایانی مێژوو ودوا مرۆڤ) موە نووسیویەتی و پاشان بوو بە مانیفێستی سیاسی ڕوناکبیرانی ئەمریکایی و ڕۆژئاوایی ، چاکترین نموونەیە بۆ ئاشکراکردنی ناواخنی ئایدیۆلۆژیای دەستەبژێرانەی ڕوناکبیرانی نێوەندی سەرمایەداری ، کە چەند بە تانگ ساردکردن و تیمارکردنی ئەو نەخۆشییە ووتاریی و فیکرییانەوە دێن کە دووچاری سیستەمی ووتاریی وعەقڵیی سەرمایەداری هاتووە ، ئەوەی (فوکۆیاما) لەبەر سەرەتا و پایانی مێژووی دەوڵەتی لیبرالی دووپاتیدەکاتەوە بەهانەهێنانەوەیە بۆ مۆدێلی دیموکراتی و لیبرالی ئەمریکایی و کاوێژکردنی دیدی مێژوویی (هیگڵ) و مارکسی هیگڵی (چاکترە بووترێ مارکسی لاو)** یە . بەڵام ئەوەیان شتێکی تازە نییە کاتێ ئەو دەڤگا ئیمپریالیستانە بۆ ماوەیەک و بۆ مەبەستێکی ئایدیۆلۆژی خۆیان ناوباسی ئەو جۆرە ڕوناکبیرانە بووروژێنن .

★ جگە لە تەقلا مێگلییەکانی (کۆجێف) کە لەڕۆژئاوادا بە نوێنەری بیری هیگڵی دەژمێردرێ.

★★ بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گۆڕانکارییانەی کە پاشان هاتۆتە سەر خودی مارکس یاخود مارکسیزمەکان .

جگه لەوه ، داڕمانی ئایدیۆلۆژیای تۆتالیتاری و دیموکراتیزەبوونی ئەوه ئاگەنێنێ کە شارستانییەتی تەکنەلۆژیاوی و پیشەسازی بەرەو پێشەوە دەچێ ، بەڵکو بەپێچەوانەوە سەرمایەداریدا ، بەڵکە نییە بۆ ئەمانی سەردەمی بەرخۆری و ئاشتیخوازی شارستانی و جۆگرافی ، بەڵکو بەپێچەوانەوە سەرمایە بۆ هەرهەوێنانی ئەوانی دی (کۆمەڵگەی پەراوێزیی بەناو سۆسیالیزمییەکەی نیۆدندی سەرمایەداری) لەبەردەم ئەمانی دی (کۆمەڵگەی نیۆدندی سەرمایەداری بەرخۆری و تەکنەلۆژیاوی) دا ، ئەم ڕاستییە مێژووییەش (ڕاستی و مێژوویی بوونی پێکهاتەی پرۆفیتاس فۆکۆیاما و هاوڕا پێنەدۆزەکانی ئایدیۆلۆژیای نیۆدندی سەرمایەداری) دەمانخاتە بەر ئەخلاقی سادە و لانیکرەوی خودی تێکۆشەرانی پرۆژەکانی و ئەمریکایی ، کە لە بەردەم ناسیۆنالیست و زمانەکانی تەکنەلۆژیای ئەمڕۆدا بێ دەرمانن و سەرەڕۆ ماون ، کەوابێ ئەوانی دی (یەکێتی سۆڤیەت و ئەوروپای ڕۆژهەڵات) لە بەردەم ئەمانی دی (ئەمریکا و ژاپۆن و ئەوروپای ڕۆژئاوا) دا ، کارێ لە بەردەی ئالەمەدی سیاسی و ئایدیۆلۆژی دا ، هەروەها بەرپرسیارییە مێژووییەی و شارستانییەتەکەی خۆیانیان بە مانی دی (نیۆدندی سەرمایەداری) سپارد . ئەمەش ئەمانی دی (نیۆدندی سەرمایەداری) کرد بە کەلەکا و شامپیۆن نەک تەنیا بەسەر خۆیاندا ، بەڵکو بەسەر کۆمەڵگا بێ ناسنامە و پەراوێزییەکانیشدا .

دەمەوێ بڵێم ، ئانتروپۆلۆژیای ڕۆژئاوایی ، بنەمای سۆسیۆ- ئایدیۆلۆژی و ـــە ئەستی ڕۆشنبیریی عەقڵی نیۆدندیی چەند سەدەیەکی لەمەوبەری ڕۆژئاوا دەردەخات کە تا ئیمڕۆش دەیەوێ لە لای شارستانییەتەکانی دی ڕاستییە ئاشکراکانی دۆکۆمێنتی مێژووی مرۆڤایەتی بشێوێنێ . بەڵام لێرەدا تەنها ئانتروپۆلۆژییەکانی ستروکتۆرالیستی فەرەنسی (شتراوس) لە بەرچاو ون ناکەین کە بەشێکی سەرەکی دۆکۆمێنتی نیۆدندیەتی شارستانیەتی ڕۆژئاوای بۆ شارستانیەتەکانی دی پێشخستووە ، هەروەها عەقڵی شارستانی (پێشکەوتوو) ئی لە عەقڵی بەربەری (سەرەتایی) جیاکردۆتەوە* . کەوابێ لە لێکۆڵینەوە ئانتروپۆلۆژییەکانماندا (ئەگەرچی ئەم زانستە کەمتر لە لای ئێمە سەردەست بووە) دەبێ فیکری ئانتروپۆلۆژی لە هەموو دیدێکی کۆلۆنیالیزمی و ڕۆژئاوانوازی و نیۆدندیەتی زانستیی ڕۆژئاوایی پاکبکرێتەوە ، مەبەستمان ئەوەیە هەمیشە ڕۆڵی فیکری ئانتروپۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی نیۆدند نەک تەنیا بۆ زاڵکردن و بەتاڵکردنی قەیرانە تیۆرییەکانی نیۆدند بەکارهاتووە ، بەڵکو بۆ سەپاندن و ساغکردنەوەی سیستەمی نیشانە و زنانکی ئەو پۆلانەش بەکارهاتووە کە توانای پێشبینارکردنی دید و جیهانبینی ووتاری نوێیان هەیە ، ئەگەرچی کاریگەری سۆسیۆلۆژیا و ڕێرەوی شیکردنەوەی فیکری و ڕۆشنبیریی و سیاسی تەوەر (بە تایبەت جیهانی عەرەبی) بە سەرمانەوە لە ووتاری سۆسیۆ-ڕۆشنبیریی نیۆدند زێتر بووە .

- XIII -

ووتاری عەرەبی لە نالۆژیکیترین و ناعەقڵانیترین قۆناغی مێژووییدا دەژی ، هەروەها ماهیەت و داڕشتنی فیکریی و سیاسی ئەم ووتارە ناشێ تەنیا بەو چوار سەدەیەوە ببەسترێتەوە کە ووتاری عەرەبی لە ژێر سایەی عوسمانیدا زیندەبەچاڵکرابوو ، بەڵکو دەبێ ئەو بنەما مێژووییی و ئایدیۆلۆژی و ئایینییە تاقگۆڵەماوی و وابەستەیە فەرامۆش نەکرێ کە شەڵاڵ و ڕوالەتی پەواشایی و پەراوێزیی بەو ووتارە بەخشیووە . مەبەست ئەوە نییە لەم چەند دێڕەدا لاپەڕەی مێژووی ئایدیۆلۆژیای ووتاری عەرەبیزمیی هەڵدەینەوە ، یاخود جێگۆڕکێ بە بنەمای وردبینە بکەین ، هەر وەکو ئەوەی کە زۆربەی ڕوناکبیرانی عەرەبی دەیانەوێ لە بەردەم ئەوانی دی (نیۆدند و پەراوێز) دا ووتارێکی ئیستمۆلۆژی و فەلسەفی قووت بکەنەوە . بێگومان ساکسفۆنی ڕوناکبیرانی عەرەبی بۆ خستنەڕووی پڕۆژەیەکی عەقڵانی و ئیستمی بەهانەهێنانەوەیە بۆ ڕووخساری تەومژاویی و قەیراناوی ئانتۆلۆژیای ووتاری

★ لەم بوارەدا ئابێ پڕۆژەی هەڵوەشاندنەوەیی (جاك دێریدا) بۆ ڕێبازە فەلسەفییەکان و ڕووخاندنی نیۆدندیەتی عەقڵی ڕۆژئاوایی لەبەرچاو نەگرین .

عەرەبی ، پاشان دووقاقایی فیکری عەرەبی - ئیسلامی کێشەیەکی بنەڕەتی بۆ ووتاری عەرەبی هاوچەرخ خولقاندووە و نابوونی ڕێنسانسێکی ڕاستەقینە لە عەقڵی شارستانی و میژووییی عەرەبییدا وایکردووە کە ئەو ووتارە هاوچەرخە مشەخۆر بژی لەسەر پرۆسەی ڕۆناکبیری و ئەپستمی میللەتانی دی . ئەمە ئەوە دەگەیەنێ ، ووتاری هاوچەرخی عەرەبیی لەسەر هەمان ڕێچکەی ڕوناکبیری سەدەی ڕووناکی (ڕۆشنگەری) ڕۆژئاوایی نەڕۆشتووە و لە بەر زەبری ووتاری ئەفسانەیی و تیۆلۆژی ئیسلامی نەیتوانیوە ووتاری مرۆڤناسی بچڕێ . کەچی لە ڕۆژئاوادا بە پێچەوانەوە سەدەی ڕووناکی توانیویەتی گۆڕانکارییەکی بنەمایی لە سەراسەری زانیاری و زانستی و کۆمەڵایەتی و ئایینی بهێنێتەکایەوە ، هەروەها پڕۆژە ڕێنسانسییەکەی ڕەهەندی تیۆلۆژی و ئاپستمی سەردەمی کلاسیکی گۆڕیوە و کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی بەرەو کۆمەڵگایەکی عیلمانی و زانستخوازی و تەکنیکخوازی بردووە ، بەڵام ئەو کودەتا ئەپستمی و زانستییە ڕووخساری ناهیومانیزمی و بەرخۆری و دیسپۆتیزمی عەقڵی ڕۆژئاوایی ناشارێتەوە* . بەڵام ئەوەی پێوەندی بە عەقڵی ڕۆژهەڵاتی (ڕۆحانی ، ئایینی ، غەیبی) یەوەیە ، هەمیشە لە ژێر کارتێکردنی دوو عەقڵی پراگماتیدا کاریکردووە : یەکێکیان عەقڵی نێوەند (زانستی ، تەکنیکی ، پۆزەتیڤی ، هاوچەرخی ، ... هتد) بووە ، دووەمیان عەقڵی ڕابردووی سافی و ئەفسووناوی خۆی بووە . کەوابێ عەقڵی تەوەر بە بەردەوام (ڕۆژهەڵاتی ، عەقڵی عەرەبی ئیسلامی) لە عەقڵی تەکنیکی و پۆزەتیڤی و ئەبیرقی نێوەند خۆی دزیوەتەوە و خۆی گێلکردووە ، بێگومان ئەو خۆدزینەوەیەش کاریگارییەکی نێگەتیڤانەی هەبووە بەسەر ووتاری ئەنتۆلۆژی میللەتانی دییەوە یاخود ئەو میللەتانەی کە چارەنووسیان پابەندی چارەنووسی ووتاری ئەنتۆلۆژی ئەوان بووە . بەڵام جێگای

★ بێگومان باسی تەقانەوەی دەلالاتی شێوێنراو و نابوونی ڕێنسانس و کودەتای تەکنیکی ڕۆژئاوایی ، هەروەها چارەنووسی ڕووناکی و کودەتای فەرەنسی و پێوەندی دووقاقایی نێو هیومانیزم - دیسپۆتیزم ، زانستی - ڕۆمانی ، سمبۆلی - ئەپستیمی دەرفەتێکی بەرباوتری دەوێ .

داخە کە ووتاری (ئێمە) هێندە بێ ناسنامە و سەرکز ژیاوە ، توانای هیچ جۆرە داکۆکیکردن و بەرەلستیکردنێکی نابووە ، هاروەها هەمیشە لە گێژاوی عەقڵی پەراوێزی ئەو میللەتانەدا بووە کە بە درێژایی میژوو لە تەکیاندا ژیاوە . بەمجۆرە ووتاری ئێمەیان بە جۆرێکی ئەوتۆ بە خۆیانەوە گرێداوە کە دوور لە هەموو ناسنامە و کەسایەتییەک بژی . تەنانەت ناشنایی ئێمە لە میانەی ئەوانەوە بووە بە زۆربەی ئاقارە ڕەهەنیی و فەلسەفیەکانی ڕۆژئاوا . هەروەها دوورخستنەوەی ووتاری فیکری خۆیان لە بنەمای فیکری شارستانیەتەکانی دیدا (وەکو : هند و چین و فارس و ... هتد) چاکترین نموونەیە بۆ ڕەفتاری تۆتالیتاری و وێرانەی سایکۆلۆژی و ڕۆشنبیری فیکری عەرەبی ئیسلامی کە هەمیشە لە حاڵەتێکی ڕاڕاو تۆتۆلۆژییدا ژیاوە سەبارەت بە ناسنامە و بوونی ووتاری خۆی ، هەروەها پڕکردنەوەی پێداویستییە شارستانیەکان بەبونیادی دیسپۆتیزمی فیکری عەرەبی - ئیسلامی* .

ئێرەدا مەبەستم ئەوەیە بەراوردی نێوان ووتاری عەرەبی - ئیسلامی و ووتاری ڕۆژئاوایی بکەم ، بەڵکو دەمەوێ بڵێم دیاردە تەمومژاوی و ئەفسووناوییەکانی ووتاری فیکری عەرەبی - ئیسلامی لەبەردەم شارستانیەتەکانی دیدا ، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ، لەسەر هەمان ڕێچکەی قەیراناوی ووتاری نێوەند ، بەتازەترین شێوە بەرهەمدەهێنرێتەوە . ئەگەر بۆ نموونە دیاردەی کوێت وەربگرین لەسەر ئاڕۆکی و داماوی ستروکتۆری عەقڵی سیاسی و شارستانی عەرەبی ، بۆمان دەردەکەوێ ئەو قەیرانە عەقڵییەی کێشەی کوێت ئاشکرایکرد ، ناکامی ڕاستەقینەی ناتەبایی و ئاڕۆکی فیکر و ذهنی مرۆی عەرەبیی دەرخست .

- XIV -

ونبوونی لێخوردبوونەوەی فەلسەفی لەبەر پێشینە و بنەمای ئاپستمی و شارستانی

★ جگە لە تەوەر نێوەندیش ڕۆڵی دیوە لە پەراوێزکردن و سەرکوتکردنی شارستانیەتە دێرینەکاندا لەلایەک و لەلایەکی دییەوە سەروەرکردن و زاڵکردنی بنەمای فیکری و فەلسەفی ئاگریک بەسەر بنەما فیکری و فەلسەفیەکانی دیدا .

کۆمەڵگە جۆربەجۆرەکان ، باسی دیالۆگی عەقڵی ڕۆژئاوا (نیۆهند) و ڕۆژهەڵات (پەراوێز) و بچمی تیۆرامان و پێشبینی ڕۆشنبیریی دەشێوێنێ . بەواتایەکی دی ، وتبوونی ڕۆڵی فەلسەفە لە ژیانی ڕۆشنبیریماندا نەک تەنیا بواری هێرشی دیالۆگی نەو دوو عەقڵە مەیسەردەکات ، بەڵکو ڕۆڵی بیری فەلسەفەش لە ژیانی ئەوەی پێی دەڵێن دیالۆگی ڕۆژئاوای تازەگەر و ڕۆژهەڵاتیی مێژوو دەمامکدەکات . جا ئەگەر بەپێی ڕێڕەوی شیکردنەوەی هەلومشاندنەوەیی بێ ، پێویستە سەرجەمی ئامرازی لێکدانەوە و تێگەشتنی ئەو باسە (باسی دیالۆگی عەقڵی نیۆهند و پەراوێز) بخرێتە ژێر ئەشتەری شیکردنەوەی فەلسەفی و سۆسیۆ-ڕۆشنبیریيەوە . کەوابێ بۆ دیاریکردنی تایبەتێتی هەرێک لەو دوو عەقڵە دەبێ لێخوردبوونەوە لە هەندێ چەمکی فەلسەفی و ئەنترۆپۆلۆژیای ڕۆشنبیرییمان بکەین ، تاکو ئەو چرکەساتە نازانستی و میتۆلۆژییانە بناسینەوە کە بەهای عەقڵ و زانستی دەشێوێنێ . بێگومان ئەو دیدە میتۆلۆژی و نازانستییە لە یەک کاتدا پێوەندی ئایندەگەری و غەیبگەری لە هەست و ذهنی کەسی ڕۆژهەڵاتیدا ئامادەکردووە و پاراستووە . مەبەستم عەقڵی ڕۆژهەڵاتی هەمیشە خۆی لاداوە لە ئاکامی ڕاستەقینەی چەرخی ڕووناکی و ڕێنانسی ڕۆژئاوایی و لەبەر خۆی و ئەوانی دی و هەر خەریکی دامەزراندنی کۆماری وڕێناوی و نادیار و پیرۆزی خۆی بووە لەبەر خۆی و ئەوانی دیش . ئامانەوێ بەمانە بۆ عەقڵیەتی بەرخۆریی ڕۆژئاوایی بهێنینەوە ، بەڵام ناشکرێ پرۆسە ڕوناکبیریەکەی ڕووناکی ، کە گۆڕانێکی بنەمای هاوردۆتە سەر پێوەندی تاک / کۆمەڵ ، مرۆڤ / سروشت ، زانست / تیۆلۆژیا ، ... هتد ، لە ڕەهەندە شارستانی و ئەپستیمیەتەکەی دوورخەینەوە . ئەگەرچی پاشان لە ژێر زەبروزەنگی تەکنەلۆژیا و نایدیۆلۆژیادا ئەو عەقڵیەتە ڕێنانسییە عەقڵییەتێکی بەرخۆریی و ئەنتی هیۆمانیزمی بەرهەمهێنانەوە ، هەروەها دابڕینی خستۆتە نێو بنەمای بەهای ڕۆشنبیریی و ڕۆحیی و بنەمای بەهای ئابووری - بەرخۆرییەوە . ئەو دیاردەیەش ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە دەڵاوکێی ڕۆناکبیر و بیریارانی ڕۆژئاوایی و عەودالبوونیان بە دووی تەلیسمی شێوانی ڕێچکەی هیۆمانیزمی و ئەپستمیی پرۆژەی عەقڵانیەتی ڕێنانسیی ، کەوابێ ئەوەیە بابەتی بنەڕەتی و بنەمایی پرۆژەی ڕۆناکبیری قۆناغی پاش تازەگەری .

مەبەستمان خوێندکردنی پرۆژەی ئاوبراو نییە ، بەڵکو ئاسیبەوەی پەی سفری ووتاری فەلسەفی ڕۆژئاواییە . ئەگەرچی گەردەلولی ئەو ووتارە (یاخود پرۆژەی ئەو ووتارە) بە ئێمە نەگەیشتووە . ساهەر چۆنێ بێ ئەو بابەتە پێویستە لە ئاستیدا هەڵوێستەیەکی هوشیارانە و زانستیانە بکرێ ، تاکو نەکەوینە غەفڵەتیی و دەڵاوکێی ووتاری ئاوبراوەوە .

بە کورتییەکەی دەمانەوێ بڵێین ، قەیرانی فەلسەفی هاوچەرخ ، مەحکوومماندەکات بە گەرانەوە بۆ کەلەپووری فەلسەفی (مەبەستم ووتاری فەلسەفی نیە) خۆمان و بنەبڕکردنی وڕێنەی سایکۆ-ڕۆشنبیریی میتافیزیکی هاوچەرخ کە لە نیۆماندا تەراتێندەکات ، ئەگەرچی ئاراستەی میتافیزیکی ووتاری ڕۆشنبیریی و فەلسەفیی هاوچەرخ ڕەخنەگرانەوەی یەک دوو سەدەی تیۆری نیە ، هەروەها گرنگیی و بایەخی ئەو ووتارە میتافیزیکییە تەنیا لە ڕووی فەلسەفییەوە نیە ، بەڵکو لە پۆلە زانستیەکانی دیشدا شوێن دەستی ئەو ووتارە دەبینرێتەوە . جگە لەو جێگۆڕکێیەی لە پۆلەکانی دیدا بە بنەمای ووتاری میتافیزیک دەکرێ ، هەرچەندە ڕوناکبیر و بیریارانی ڕۆژئاوایی بە ئاگاییەکی هاوچەرخانە خۆیان لە قەرەی ئەو بابەتە دەدەن ، بەڵام ساختە چڕنووکی ووتاری ئاوبراو بە هەندێ تەقەلای ووتاریی ئارایشت ناکرێ ! ئەمەش بۆخۆی هۆکارێکی بووە بۆ زەلیلکردنی تەقەلای پۆلەکانی دی و سەروەرکردنی بنەمای میتافیزیکی یاخود جێگۆڕکێ بە میکانیزمی ئەو بنەمایە و ئارایشتکردنی دەرگا ڕەخنەیی و فیکرییەکەی .

من ئامانەوێ لێرەدا لەباسی ووتاری میتافیزیکیی هاوچەرخ بدوێم ، چونکە ئەو باسە لێکدانەوە و بەدووگەرانی زۆری دەوێ . جا بۆ ئەکەوتنە غەفڵەتی ، بەپێویستی دەزانین ڕایی باسەکەمان بەپێوەندی چوونە نێو یەکدی ووتاریی بەستینەوە کە بەدرێژایی مێژوو پێوەندی پەراوێزخوازی و مشەخۆرخوازی نێوان من و ئێمە و ، ئەو (ئەوان) ی گومڕاکردووە ، کەوابێ دەبێ هەلکۆڵین لەسەرجەمی ووتاری مێژوویی و ڕۆشنبیریی خۆمان بکەین ، تاکو مێژووی بیری فەلسەفی خۆمان یاخود نیۆهند (چاڵ) ی تەوەر (پەراوێز) و تەوەر (پەراوێز) ی

نیۆهند (چاق) یەکالایەنەوە . هەروەها ئاشکراکردنی نهێنییەکانی کۆمەڵگەی نیۆهند و پەراوێز ئەشەی (عەقڵ و عەقڵانیەت / ناعەقڵ و ناعەقڵانیەت) ی سەردەممان بۆ دەردەخات کە چەند بێ بەزەییانە وێنەکراوە . ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئێمە سیستەمی ئەپستیمی و سیمیائیی عەقڵانیەتی ئەوی دی (نیۆهند) یاخود ئەمی دی (پەراوێز) فەرامۆشدەکەین ، بەڵام باسکردنی بەربڵاوی ئەو سیستەمە پێویستی بەباسی سنووری تێۆری و ئەمبێرقی فالسەفەی عەقڵانیەتی هاوچەرخ و ناسنامەی دیالۆگی ئەمێستا و ئایندەی ئەوان هەیە. کەوابێ دیاریکردنی ئاستی بەرهەمهێنان و وەبەرهێنانی دیالۆگی عەقڵ و عەقڵانیەت لە شارستانیەتەکانی دیدا بۆتە ئەرکی ئەم باسەمان . چونکە ئەو باسە مەحکومماندەکات بەپێداچوونەوەی باسی عەقڵ و عەقڵانیەت ، هەر لەسەردەمی عەقڵانیەتی (ئەرستۆ) و میتافیزیکیەتی (ئەفلاتۆن) ـەوە تا دەگاتە ئەوەی پێی دەڵێین باسی عەقڵانیەتی (دیکارت) و (کانت) و (باشلار) و عەقڵانیەتی تەکنالۆژی ، کە سەرتاپای شارستانیەتی ئەمی دی و ئەوی دی تەنیووەتەوە و سەبۆڵ و دەڵالاتی سەیر و سەمەری خوڵقاندووە . کەواتە ئەم باسەی ئێمە سنگی بۆ ئەوە نەکوتیووە کە بۆچ دیالۆگ و ناخاوتن و دەربڕینەکان ونن ؟! بەڵکو زێتر شیوضی بۆ ئەوە کردووە کە بۆچ ئەم ونبوونە هەمیشە بۆتە چارەنووسی ناسنامە و بوونی ئایدیۆ - سۆسیۆلۆژیی و ڕۆشنبیریمان ؟!. بەم پرسیارە نامانەوێ تێڕامانێکی پرۆتیستی (احتجاجي) بۆ بنەبڕکردنی بنەمای ووتاری پاتۆلۆژی و کوشندەی ئەوی دی یاخود ئەمی دی بهێنینەکایەوە . چونکە دەمێکە ناواخن و میکانیزمی دیالۆگی ئەوان تا سنوورێکی باڵا بۆتە لۆژیکی ـ خوێندنەوەی قەیراناوی بێبەری یەکدی و بەرهەمهێنانی دیدی دیالۆگیی ڕەمزەیی تابۆ و وون . کەوابێ ئەم باسە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی لەم دەوڵەمەندترە لەووی مێتۆدی تێۆری و زانستییەوە ، بەڵام تا ڕادەیەك دەشێ نیازی خۆی پێکابێ . چونکە ئێمە بانگداشەی ئەوەمان نەکردووە کە بەراوردێکی شارستانی و فالسەفی و مێژوویی لە نێو عەقڵی ڕۆژئاوا (نیۆهند) ی و ڕۆژهەڵات (پەراوێز) ی دا دەکەین . هیوادارین ئەم دیاردەیە لە زۆر باس و لێکۆڵینەوەی دیماندا بێینەوە سەری ...

بەهاری ۱۹۹۲

تێبینی یەکان

سێمانتیك (علم الدلالة Semantique)
عەقڵ (Rasion)
ئەپستیمۆلۆژی (نظرية المعرفة Epistemologie)
سیمیۆلۆژی (علم الاشارة Semiologie)
سمبۆلی (رمزي Szmbolique)
ئەنتۆلۆژی (علم الكينونة Ontologie)
عەقڵانیەت (العقلانية Rationalisme)
فینۆمینۆلۆژی (الظاهراتية Phenomenologie)
پسیکۆلۆژی (علم النفس Psychologie)
ژینالۆژیا (علم الحفريات Genealogie)
گەردوون (Cosmos)
ئەفسانە (اسطورة Mythos)
زمانەوانی (الالسنيات Linguistique)
پراگماتیزم (الذرائعية ،النفعية Pragmatisme)
مێژووخوازی (التاريخانية Historicisme)
میتافیزیك (الماورائية Metaphysique)


ئەگزیستانسیالیزم (الوجودية Existentialisme)
کۆجیتۆ (Cogito)
دیسپۆتیزم (الاستبدادية Dispotisme)
فیتشیزم (الصنمية Fetichisme)
تازمگەری (الحداثة Modernite)
ئەودیوی تازمگەری (مابعد الحداثة Post Modernite)
تۆتم (Totem)
کۆد (Code)
دال (Signifiant)
ئاکسیۆلۆژیا (علم التثمين Axiologie)
تۆتالیتاریەت (الكلية Totalitarisme)
مەدلول (Signifie)
ئاهیۆمانیزم (النزعة اللإنسية Anti - Humanisme)
ماشینیزم (الآلية Machinisme)
کۆسمۆپۆلۆژی (الكونية Cosmopologie)
نیۆعیلمانی (Secularisme)

هەوڵدەی کتێب

تیۆلۆژی (علم اللاهوت Teologie)
هیرمینۆتیکی (التاویلیة Hermeneutique)
نیۆفورمالیزم (الشکلانیة Formalisme)
ستروکتورالیزم (البنیویة Structuralisme)
بۆشایی (Espace)
سادی (Sade)
ئیکۆلۆژی (علم البیئة Ecologie)
کەردوونناسی (علم الکون Cosmologie)
ئەستێرەناسی (علم النجوم Astrologie)
میتۆدۆلۆژی (علم المناهج Methodologie)
ئانسکلۆپیدی (الموسوعیة Encyclopedie)
پۆزەتیڤیزم (المذهب الوضعي Positivisme)
یۆتۆپی (Utopie)
ئانتڕۆپۆلۆژی (الأناسیة Anthropologie)
ڕێزەوی مێژوویی (المذهب التاریخي Historisme)

فۆندەمینتالیزم (السلفیة او الاصولیة Fondamentalisme)
دوالیزم (الثنائیة Dualism)
مشەخۆرخوازی (الطفیلیة Parasitisme)
ئەمپیریقی (التجریبیة Empiricisme)
تیپۆلۆژیا (علم التصنیف او الانماط Typologie)
دۆگماتیزم (الوثوقیة Dogmatisme)
دیۆنیزۆس (آلهة الحجاب Dionysos)
میدیۆلۆژی (الوسائطیة Mediologie)
مۆرفۆلۆژیا (التشکلیة Morphologie)
هیرمینۆتیک (التأویل Hermeneutque)
هەلوەشاندنەوەیی (التفکیکیة Deconstruction)
ڕۆژئاواخوازی (التغربیة Occidentalisme)
تۆتۆلۆژی (التکراریة Tautologie)
پەراوێزخوازی (الهامشیة Marginalism)

ooo o



هەوالنامەی کتێب

عەتا فایەق قەرەداغی


سەرەتایەکی میژوویی دەربارەی تێکشکاندنی کەسایەتی نەتەوەیی کورد و پرۆژەی بنیادنانەوەی

گفتوگۆکردن لەسەر میژووی کورد دوور لە میژووی ئیسلام و ڕۆڵی ئیسلام بەتایبەتی و مازهەب، مازهەب چ وەکو ڕێبازێکی ئایینی یان ئایدیۆلۆژیای بەمازهەبیوو، بەشێوەیەکی گشتی ناشێت ئەنجامێکی باش بدات بەدەستەوە، لە کاتێکدا بۆ نزیکەی چوارەدە سەدەیە ئیسلام وەکو ئایینی یەکەم لە کوردستاندا لەلایەن ئەتەوەی کوردەوە پەیڕەودەکرێت، ئەمەش بارێکی خوڵقاندووە کە لە زۆر هەلومەرجدا ئەگەر پەیوەستی مرۆڤی کورد بۆ ئاو فیکرە دینییە لە پەیوەستبوونی ئەتەوەیی بەهێزتر نەبووبێت ئاوە کەمتر نەبووە. خۆ ئەگەر کورد بار لە گەیشتنی ئایینی ئیسلام بەکوردستان خاوەنی ئایینی تایبەت بەخۆی بووبێت کە ئایینی زەردەشتی بووە، ئاوە لەبار لاوازی سوتراکتوری ئاو ئایینە و نەتوانینی پێشکەشکردنی وەڵامی هەموو پرسیارەکانی مرۆڤ بەناچاری ڕێگای بۆ ئایینی ئیسلام چۆڵکردووە. جا هەر لە سەرەتای گەیشتنی ئیسلام بە کوردستان، لەبار نەبوونی خودی کورد ایەتی و لاوازی ئایینی زەردەشتی ماسکەکان زیاتر ئالۆزبوون و ونبوونی فیکری و عەقڵیش کە لە بنەڕەتەوە مەبەست عەقڵی سیاسی و سارجەمی عەقڵی شارستانێتییە ئاشکرابوو، غەیبانیەت بۆتە ئەنەرناتیڤی عەقڵ و هەموو شتێکی بەتوانای سەرەوە و دەرەوەی خۆمان سپاردووە کە ئاوێش (هێزی بالای یەزدان و عەقڵی سیاسی و شارستانی و فیکری و ئایدیۆلۆژیای دەرەوەی پانتایی سیۆسیۆپۆشنبیری و سوتراکتوری سیۆسیۆلۆژی کوردییە). لەم بارەشدا ئێمەی کورد وەکو ڕاستییەکی شیاو و پەیوەست بەقەوارە و بوونی ئەتەوەییمان دەبوایە لە ناوەندی پرۆسەکاندا بووبنایە کەچی فرێدراوینەتە پەراوێزەوە، لەم بارەشدا بەدوای ڕووداوەکاندا کێشبووین و نەمانتوانیووە بەر لە ساتەوەختی ڕووداندیان دەرکبکەین یان ئامادەبوونێکی ئاوتۆمان لە ڕووی ئاو ڕووداوانەدا هەبێت چ لە بواری پراکتیک و چ لە بواری بەرهەمهێنانی فیکردا، وەلێکدانەوەکانمان سەرپێیی و دوور لە ماودای قوونڵی تێگەیشتنی گەوهەری ماسەلەکان بێت و ناتوانین قوونڵبینەوە بۆ شیکردنەوەی وردی سوتراکتوری ناناشکرای پەیوەندییەکانی نێو کۆمەڵگای کوردی و لەوێشەوە لە ئەنجامی دۆزینەوەی هەڵقە و هێڵ و ئاراستە و ئاستە شاراوەکانی ئاو سوتراکتورە سیفات و خەسڵەتی ئاو پەیوەندییانە دیاریبکەین و لەسەر ئاو بنەمایەش ببریاری ئاستی پێشکەوتن و پاشکەوتنی کۆمەڵ و هۆیەکانی بژێوی و بەرهەمهێنانی سامانی ئەتەوەیی بدەین و شێوەی پەیوەندییەکان، ئاست و پێکهاتنی چین و

توێژەکانی کۆمەڵگای کوردەواری دیاریبکەین و لەسەر ئاو زەمینەیەش قۆناغی مێژوویی و ئاراستەی خەبات و تێکۆشانی ڕزگاریخوازانەمان و هاوڵ و تەقەلای پەرش و بڵاوی ئێستای ئاستەکانی سەرهەو (سەرخان) کە ڕەنگدانەوەی ئاو سۆتراکتورەن یەکخەین و بزانین چۆن کاردەکەین و چی دەکەین و پێویستە چیبکەین ؟ هەڵبەت هەتا ساتەوەختی ئێستا نەتوانینی بەئاکامگەیاندنی ئاو خاڵانەی لەسەرهەو ئامازەمان بۆ کردن یەکەمین بەربەستبووە لە ڕێگای دروستبوونی عەقڵی کوردیدا ، سەرچاوەی ئەمەش بەندە بەنەبوون یان دروست نەبوونی فیکری کوردییەوە کە لە ئەنجامە کاریگەرەکانی گەلێک کارەسات و نووشتییە ، لەسەروی هەموو ئەمانەشەوە مانەوەی مرۆڤی کوردە وەکو ئامادەبوونێکی بێ گیان لە ڕووی گەشەکردن و گەیشتنی بە ماف مرۆییەکانی .


پێشتر باسی کاریگەری ڕۆڵی فیکری دینیمان کرد لەسەر مێژووی کورد ، بۆیە ئێستا هەوڵدەدەم شوێن و جێگای کورد لە سنووری پەیوەندییەکانی ئاو هەرهەدا دەستنیشان بکەم کە فیکری دینی پێکدێنێ یان فیکری دینی پراکتیکی خۆیی پێدەکات . شێوەی هەرەمی پێکهاتنی سۆتراکتوری هەموو فیکری دینی لە هێزی بالای یەزدانەوە دەسپێدەکات تا دواجەسار دەگاتە جەماوەر ، بەڵام لەنێوانی ئەم دوو جەسارەدا چەند خاڵێکی پەیوەستکردن هەن کە ئاراستەی پەیوەندییەکەیان لە سەرهەو بۆ خوارهەوە پێدا دەگوازرێتەوە . وەک گوتمان هێزی یەزدان دەکەوێتە سەرەوەی هەرەمەکە و هەرچی فەرمان و ئامۆژگاری و بەرنامە و هێزی جۆڵەی ئاو هەرەمەکەیە لای یەزدانەوە ئاراستەدەکرێت ، یەزدانیش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کەسی دووەمەوە هەیە کە نوێنەری ئاوە لەسەر زەمین و یەکەمین مرۆڤ ، ئاویش پێغەمبەرانن کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەهێزی بالای یەزدانەوە هەیە و نوێنەری یەزدانن لەسەر زەمین . ئەم جەسارە لەدوای وەرگرتنی هەموو فەرمان و پەیرەوەکانی ئاسمان ڕاستەوخۆ پەیوەندی دەکاتە خواری خۆیەوە کە بریتییە لە جەماوەری گەل . بەڵام لەهەمان پەیوەندیشدا دیسان شێوەیەکی لە نێو هەرەمە گەورەکەدا پێکدێت ، بەتایبەتی لە هەرەمەپەیوەندی ئیسلامدا ئەگەر دیاریبکەین ئاوە دەبینین پەیوەندییەکان لە پێغەمبەرەوە (محمد) دەگوازرێتەوە بۆ والی و ئیمامەکان ، بۆ مەلا و ڕابەرانی دین ، لەوێشەوە بۆ جەماوەر . واتە لە ئاراستەجۆڵەی پەیوەندییەکاندا یەزدان دەکەوێتە جەسارەی یەکەمەوە ، پێغەمبەر لە جەسارەی دووەمدا دەبێت ، جەسارەی دووەمی هەڵقەی یەکەم (یەزدان - پێغەمبەر) دەبێتە جەسارەی یەکەمی هەڵقەی دووەم (پێغەمبەر - والی و ڕابەرانی دین) کە پێغەمبەر فەرمانەکانی جەسارەی یەکەمی هەڵقەی یەکەمیان پێدەگەیەنێت . هەروەها جەسارەی دووەمی هەڵقەی دووەم (والی و ڕابەرانی دین) لەگەڵ خوار خۆیاندا هەڵقەی سێیەم پێکدێنن کە دواجەسارە ، واتە جەسارەی دووەمی هەڵقەی سێیەم بریتی دەبێت لە جەماوەری گەل و فەرمان و داواکارییەکانی سەرهەو بە هەرەمەکەدا دەگاتە جەماوەری گەل (دواجەسار) و دەبێ لەوێ جێبەجێکرێن .

لە هەرەمی فیکری دینیدا هەردەم ئاراستەی پەیوەندییەکان و جۆڵەیان لە سەرهەو بۆ خوارهەوەیە ، لە هەمان کاتدا لەهەر جەسارێکەوە بۆ خاڵی خواری خۆی بڕی هێزی فەرمانکردنەکە زیاددەبێت ، چونکە شێوەی پەیوەندییەکان لەسەر ئاستی من تۆ ڕەتدەکەمەوە و تۆش خواری خۆت ڕەتکەرەوە بنیادنراوە . پێغەمبەر تەنها فەرمانەکانی یەزدان جێبەجێدەکات ، بەڵام ڕابەرانی دین و والییەکان دەبێ فەرمانەکانی یەزدان و پێغەمبەریش جێبەجێکەن ، جەماوەری گەل دەبێت فەرمانی (یەزدان ، پێغەمبەر ، والی و ڕابەرانی دین) جێبەجێکەن . لێرەدا دەتوانین ئاراستەی فەرمان لە هەرەمەکەدا بەم شێوەیە دیاریبکەین :



هێڵکاری (١)

ئاو هەرمەی پەیوەندی کە لەسەرەوە دیاریمانکردووە (هێلکاری یەکەم) هەرسێکی گشتییە بۆ سەرجەم فیکری دینی ، چونکە شێوازی ئیشکردنی فیکری دینی بەو شێوەیە ، فەرمان لەسەرەوە دەردەچێت و دەبێ لە خوارەوە جێبەجێکرێت . لە کاتێکدا هەرگیز ناشێت ئاراستەی فەرمان پێچەوانەبکرێتەوە ، واتە لە خوارەوە بۆ سەرەوە ، دیسان کەس مافی ئەوەی نییە لە سنووری پەیوەندییەکانی ناو هەرمەکە دەربچێت چونکە ئەگەر ئەوە ڕووی دا یاخیبوون یان لادان لەو فیکرە دەنییە دروستدەبێ . هەر ئەمەشە سنووری داناوە بۆ مرۆڤ کە ناشێت لەدەرەوەی یاسا و پەیرەوەکانی فیکری دینیدا پراکتیکی خودی خۆی بکات ، بەڵکو دەبێ سەرجەم چالاکییەکانی لە سنووری هەرمەکەدابێت .. ئەمەش ئەو میکانیزمەیە کە ڕێگای لایەنی هەرەمەکی پراکتیککردنی دیموکراسی نادات .



گەلانی غەیری عەرەب (کورد)

هێلکاری (۲)

ئەگەر وامان دانا ئەو هێلکاری ڕووئکردنەوەی سەرەوە هێلکاری هەرمیپەیوەندی ئیسلامە کە نوێترین ئایینە و گەشتوتە کوردستان و کاریگەری لەسەر میژووی کورد هەبووە ، دەشێ بتوانین شێوەی ئەو کاریگەرییە دیاریبکەین . لەکاتێکدا کورد بەر لە هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ کوردستان خاوەنی ئایینی زەردەشتی بووە ، وەک گوتمان سەرجەم فیکری دینی هەمان شێوەی هەرمی پەیوەندی هەیە ، کەواتە ئایینی زەردەشتیش هەمان شێوە پێکهاتنی هەبووە . لە ئەنجامی گەشتنی ئایینی ئیسلام وەکو ئایینێکی نوێتر و هاوچەرختر بە کوردستان پێکدادان لە نێوان هەردوو یاسای هەرمە چوونیەکەکاندا دروستبووە و ئەنجام یاسای هەرمی ئیسلامی بەسەر یاسای هەرمی زەردەشتیدا سەرکەوتووە و هەرمی زەردەشتیەت هەرەسهێناوە و دواجار هەڵگرانی فیکری دینی زەردەشتی لە دواجەمساری هەڵقەی سێیەمی پەیوەندی هەرمی ئایینی ئیسلامەوە بە ئیسلامەوە بەندبوون کە دەشێ لەم شێوەیەی خوارەوەدا ڕوونکرێتەوە :

لێرەدا دەبینین گەلانی غەیری عەرەب کە پێشتر خاوەنی فیکری دینی و دینی تایبەت بەخۆیان بوون کاتێ دینەکەیان لەلایەن ئیسلامەوە هەرمی پێدەهێنرێ پەیوەستدەبن بە ئیسلامەوە ، بەڵام دەکەونە دواجەمساری هەرمەپەیوەندی ئیسلامەوە کە جەمسەرێکی نوێیە و دەبەسترێتە دواجەمساری ڕاستەقینەی هەرمی ئیسلام خۆیەوە . لێرەدا وەکو لەسەرەوە گوتمان دواجەمساری هەرمی پەیوەندی ئیسلامی جەماوەری گەلی عەرەب بوو کە ملکەچی ئەنجامدانی سێ فەرمانی سەرەوەی خۆی دەکات (فەرمانی یەزدان ، پێغەمبەر ، والی و ڕابەرانی دین) ، بەڵام لە هەرمە نوێیەکەدا ئیسلام گەلانی غەیری عەرەبیشی هێنایە سنووری هەرمەکەیەوە و ئەو گەلانەی خستە پەراوێزەوە ، واتە جەمسەرێکی تری بۆ زیادکردن ، ئەو دەمەش ئەو گەلانە لەبری سێ فەرمان لەسەریان چوار فەرمان کەوتە سەریان کە بریتین لە سێ فەرمانەکەی سەرەوە لەگەڵ فەرمانی جەماوەری گەلی عەرەبدا . لێرەوە سەرهتای تێکشکاندن و هەرەسهێنان و سڕینەوەی کەسایەتی کوردی دەسپێدەکات . ئەگەر

هەوڵدەی کوردی

زەردەشتیەت بەشێك لەو كەسایەتیەی پێكهێنابێت و وجودی نەتەوەیی كورد لەو فیكرەیدا ئامادەبوونێكی هەبووبێت ، ئەوا هەرهێنانی زەردەشتیەت لەلایەن ئیسلامەوە بەشێكە لە پرۆسەی ئەو هەرهێنان و تێكشكاندنەی كەسایەتی كوردی . لەلایەكی تریشەوە پەیوەستكردنی كورد بە دواجەساری هەرەمی فیكری ئیسلامەوە و دانانی لەدوای جامەوەری گەلی عەرەبەوە و دەركردنی شێوەیەك لە فەرمان لە جەساری یەكەمی هەلقەی چوارەمی تازەدروستبووەوە (جامەوەری عەرەب - گەلانی غەیری عەرەب كورد) ئەوەندەی تر ئەوپڕۆسەی تێكشكاندن وهەرهێنانەی كەسایەتی كوردی بەرەوپێشەوە بردووە و تا ئەنجام لە (ناستی Unconsciousness) مرۆڤی كورددا بارێكی رازیبوون بەو تێكشكاندنە دروستبووە و ئەنجامی ئەوەش تەماوكردنی كورد لەگەل فیكری ئیسلامدا هاتۆتە گۆڕێ و دواجاریش وەكو فەرد (تاك) كەسانێكی دەگمەن لە دواجەساری هەرەمەكەوە (گەلانی غەیری عەرەب) بەسەر هەلقەی چوارەمی پەیوەندییەكانی ناو هەرەمەكەدا و هاندێ جاریش بەسەر هەلقەی سێیەمیشدا تێپەڕبوون و گەیشتوونەتە جەساری ڕابەرانی دین و والییەكان ، بەتایبەتی دوای بەرفراوانبوونی سنووری ئیمپراتۆری ئیسلامی و لەو كاتەیدا كە (دین بەرەو گۆڕانی بۆ ئەدێن) دەپێت .

لە ئەنجامی ئەو تەماوكردنەی كورد لەگەك ئیسلامدا و لەلایەكی تریشەوە بەرزكردنەوەی دروشمەكانی ئیسلام بە ناوبونی جیاوازی لەنێوان نەتەوەكاندا و بڕیاردان لەسەر بنەمای دڵسۆزێتی و پەیڕەوكردنی یاساكانی دین زیاتر ڕێگا بۆ ئەوە خۆشبوو كە كورد ببێتە بەشێك لە هەڵگرانی فیكری ئیسلامی و ئەنجامیش لە خزمەتی بڕەوپێدان و بەرەوپێشەوەبردن و زیاتر چەسپاندنی دا كاربكات . ئەم هۆكارانە وایانكرد كە جارێكی دی كورد ببیر لە گەڕانەوەی بۆ یادەوەری دێرینەی خۆی نەكاتەوە كە بڕیتیبە لە گەڕانەوە بۆ زەردەشتیەت ، بەڵكو لە ڕووی ڕاستیەوە كورد بە ئەندازەیەك پەیوەستی ئایینی ئیسلام بوو كە زۆرێك لە خێڵ و عەشیرەتەكانی كورد كەوتنە دروستكردنی (شجرة الانساب) بۆ خۆیان و بەو هیوایەی بیسەلمێنن كە لە ڕاستیدا ئەمان سەر بە (ئومەتێكن) ئومەتی ئیسلامە . لەم بارەشدا هیچ ئومێدێكی گەڕانەوە بۆ یادەوەری كوردی نامێنێت و بەمەش كورد وەكو نەتەوەیەكی غەیری عەرەب كە لە دواجەساری هەرەمی پێكهاتن و ڕاستەی فەرمانی ئیسلامیدایە خۆی بەرەو جەساری یەكەمی دواهەلقەی هەرەمەكە ، واتە ڕیزی نەتەوەی عەرەب ، بكوێت . ئەگەر ئەمە لەسەرخۆ و لەسەردەمی (خلیفە عومەری كوڕی خەتاب) بەدواوە تا سنووردێك سەریگرتبێت ئەوە لەگەل گۆڕینی (دین بۆ ئەدێن) ئەو بۆچوونە بەرەو هەرەس ڕۆیشتووە ، هەتا دواجار لەگەل دروستبوونی هوشیاریی نەتەوەیی عەرەبدا بەتەواوی هەرەسیهێناوە .

هەر لەسەردەمی گەیشتنی ئیسلام بە كوردستان و هەرەس پێهێنانی هەرەمی زەردەشتی و هێدی هێدی تەماوكردنی مرۆڤی كورد لەگەل ئەو ئایینە نوێیەدا ئەو مەزهەبەی دواتر لە كوردستان جێگای گرت مەزهەبی (سونە) بوو . لەڕاستیدا پەیوەستبوونی كورد بەم مەزهەبەوە دواتر گرفتێكی خولقاند ئاوێش لەبەر شوێنی ئەم مەزهەبە لە پرۆژەی ئیسلامدا كە تا سنووردێكی دیار لە (ناوەند) دایە ، ئەمەش وایكردووە كە پەیوەندییەكی تووندی بە ناوەندێتی ئیسلامەوە هەبێت و ئەم پەیوەندییە بەهێزەش دواجار بۆتە بەربەست لە ڕێگای دابڕان یان جودابوونەوە و گەڕانەوەی كورد بۆ یادەوەری خۆی ، هەروەها لە بارێكی تردا لەبەر شوێنی دیاری لە ناوەندی پرۆژەی ئیسلامدا نەیتوانیووە وەكو چۆن مەزهەبی شیعە یان شیعەگەرێتی بووە فاكتەری زیندوكردنەوەی هوشیاریی نەتەوەیی فارس ئەمیش ، واتە سونەگەرێتی ، ببێتە فاكتەری زیندوكەرەوە و دروستكەری هوشیاریی نەتەوەیی كوردی . هەڵبەت هۆی بوونە فاكتەری شیعەگەرێتی بۆ زیندوكردنەوەی خودی فارسی و هوشیاریی نەتەوەیی فارسی لە باری یەكەمدا پەیوەندی بە شوێن و هەڵوێستی شیعە خۆیەوە هەیە بە گوێرەی پرۆژەی ئیسلام . شیعە وەكو مەزهەبێك تاڕادەیەك لە پاراوێزی ئیسلامدایە ، ئاوێش لە ئەنجامی ئەو مافخواردنەی (عالی كوڕی ئەبوتالیب) لەلایەن هەرسێ خلیفەكانی تری ڕاشدینەوە هەروەك شیعەمەزهەبەكان دەڵێن بەتایبەتی كە ئیمامی عالی لەهەرسێ خلیفەكانی تری ڕاشدین زیاتر گونجاوبوو و مەرجەكانی بوونە خلیفەی لە دوای پێغەمبەر لەوانی تر زیاتر تێدابوو . كاتێ ئەبوبەكر دەبێتە خلیفەی

سەرجەم ئەوانەی عالییان بەشایەنی ئەو جێگایە دەزانی هەست بەفریدانیان بۆ دەرەوەی ئیسلام دەکەن ، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی ئەبوبەکر لە عەشیرەتـــی (تەیمیمی) یە و هەروەک ئیبن خەلدونیش دەڵێت ئەم عەشیرەتە لاواز و بێتوانابوو و ستەمبوو بتوانێت فەرمانڕەوایی ئیمپراتۆری ئیسلامی بکات ، ئەم باری هەست بەچاوسانەوەکردن و لێدانە هەر لەسەرەتاوە لای شیعەمەزهەبەکان گیانێکی تووندڕەوانەی خولقاند و وەهایکرد کە تێڕوانینیان بۆ مەزهەبەکانی تر تێڕوانینێکی تارادەیەک دوژمنکارانەبێت و ئەم حاڵەتەش هەتا ساتەوەختی نێستا بەردەوامە .. بەتایبەتی نێستا و دوای مێژوویەکی دوور و درێژ و بەرەوپێشەوەچوونی ژیانیش دەبینین چ دەوڵەتی شیعەمەزهەبی ئێران و چ بزووتنەوەی شیعەگەرێتی عێراق کە هێشتا دەستی بەکورسی فەرمانڕەوایی نەگەیشتووە دان بەبوونی نەتەوەکانی غەیری خۆیاندا یان باشتر بڵێین مەزهەبەکانی غەیری خۆیانـــدا نانێن ، لەباری یەکەمدا دەیانەوێت پەیوەندییەکانی نێو ئیسلام بگێڕنەوە بۆ هەرسە سەرەکییەکەی فیکری ئیسلامی کە کورد وەکو نەتەوەیەکی غەیری عەرەب بە پەیوەندییەکی زۆرەملێیی بەدواجەسەرەوە (گەلی عەرەب) لکێندراوە ، لەباریکی تریشدا لەبەر ئەوەی کورد بەرێژەیەکی زیاتر و بەتایبەتیش لە کوردستانی لکێندراو بە عێراقەوە (سونە) یە ، لە تێڕوانینی مەزهەبی شیعەوە دانانن بەسانی کورددا جارێکی دی دانانە بەدەسەڵاتی مەزهەبی سونەدا ، کەواتە نێستا دەبینین دوو هۆکاری بەرامبەر بە یەک لەپرۆژەی فیکری دینیدا بوونەتە بەربەست لە ڕێگای گەڕانەوەی کورد بۆ زیندوکردنەوەی خودی نەتەوەیی و کەسایەتی نەتەوەیی تێکشکاوی خۆی .

نێستا نیمە تا سنووری شێوازی تێکشکاندنی کەسایەتی کوردیمان بەکاریگەری فاکتەری فیکری دینی ئاشکراکرد ، لەدرێژەی مێژووی کوردیشدا چەند هەوڵێکی دابڕان لەو فیکرەیە بەرچاودەکەون ، ئەگەرچی هەتا ئەم ساڵانەی دوایی ئەو هەوڵی دابڕانانە بەئەنجام نەگەیشتوون . من بەڵەوەی بڵێمە سەر باسی ئەو هەوڵانەی بۆ دابڕان لە فیکری دینی دراون .. پێم وایە لەباری یەکەمدا لەبەر ئەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی کورد وەکو شێوەی سروشتی و گەشەی مێژوو لەبەر گەلێک هۆکاری دەرەکی و ناوەکی کە گرنگەکانیان لەباری یەکەمدا فیکری دینی و نەبوونی بنەمای شارستانی و قەوارەی سەربەخۆیە وەکو وڵاتانی گەشەسایی، هەر بۆیە هۆشیاری نەتەوەیی کورد لە ئەنجامی بەرەوستاندن و شۆڕشی پێشەسازی و دروستبوونی بازاڕی هاوبەشەوە دروست نەبووە و لەباریکی تریشدا فیکری دینی وەکو چۆن شیعەگەرێتی بووە هۆی زیندوکردنەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی فارسی و دروستکەرەوەی خود و کەسایەتی نەتەوەیی فارسی ، ئەم فیکرە (فیکری دینی) نەبووە هۆی دروستکردنەوەی کەسایەتی تێکشکاوی نەتەوەیی کوردی ، ئەم دوو دەروازەی کە دەشیان خودی کوردایەتیان لەسەر بینابکرێتەوە هیچ ئەنجامێکیان لەسەر بەدەست نەهات و تازەش چاوەڕوانی ئەوە ناکرێت کە هیچ کام لەم دوو سۆنگەیە ببنە بنەما و وەکو فاکتەرێک بۆ زیندوکردنەوەی خودی نەتەوایەتی کوردی کاربکەن ، بۆیە بەڕای من زیندوکردنەوەی کەسایەتی تێکشکاوی نەتەوەیی نیمە لە پرۆژەیەکدا بەئاکامدەگات کە لە دەرەوەی سنووری ئەو دوو بۆچوونەیە کە دەشیا لە ڕابردوودا ببوونایەتە ئەو پرۆژەیە بۆ زیندوکردنەوەی کەسایەتی نەتەوەیمان ، بەڵام ئەنجام وا نەکاوتۆتەوە ، ئەمەش کارەساتێکی تراژیدیانەی درێژتەمەنی لە مێژووی نیمەدا خولقاند کە تاکو ساتەوەختی نێستا پێـــوەی دەنالێـــن .

نێستا دەتوانین بە شێوازێکی دی گوزارشتی باری مێژووییی و کەسایەتی نەتەوەیمان بکەین ، کە ئەمەش دوو بۆچوون بەخۆی دەگرێت چ لە مێژووی دێرینی کورد و فیکری دینیدا چ لە مێژووی نوێ و فیکری نەتەوەیی ئەو کۆلۆنیالیستانەی کوردستانیان کۆلۆنیکردووە . لە مێژووی دێرینداً ئەگەر شارستانی عەرەبی ئیسلامی خاوەنی ناسنامە و قەوارەی خۆی بووبێت و بتوانین وەکو (ناوەند) لێی بڕوانین ئەوا کورد لە کەناری ئەو شارستانێتییەدا بووە .. هەروەک نامانەوێت لێرەدا باسی گەوهەری ئەو شارستانێتییە بکەین . لە مێژووی نوێشدا ، بەتایبەتی دوای دروستبوونی دەوڵەت لە عێراق و سوریادا لەلایەن کۆلۆنیالیستەکانی ڕۆژئاواوە و گەیشتیان بۆ ناوچەکە ، سەرجەم ئەم وڵاتانە بوونەتە پاشکۆی ڕۆژئاوا ، هەروەک لە پرۆسەی

بالأتردا لەبار ئیشکردنی عەقلی ڕۆژئاوا ، ڕۆژئاوا بۆتە ناوهند و سەراپای ڕۆژهەلاتی پاشکۆی ڕۆژئاواش بۆتە کەنار. کوردیش وەك نەتەوەیەك مایەوە کە کۆلۆنیالیستەکانی ڕۆژئاوا نەیانکردە دەولەتێکی کۆلۆنیکراو ، بەڵکو دابەشیانکرد بەسەر پێنج دەولەتی تردا کە هەندێکیان خۆیان دەولەتی کۆلۆنیکراوبوون ، وەکو عێراق و سوریا . ئەم دابەشکردنە نوێیەی کوردستان بۆ جاری دووەم و دوای دابەشکردنی نێوان سەفەوی و عوسمانیەکان لە سالی (١٥١٤) دا کوردی وەکو نەتەوە فریدایە کەنارەی ڕۆژهەلاتەوە ، بەواتایەکی دی کەنارەوە . ئەگەر بمانەوێت بە باڵگەیەکی تری ئاشکرا ئەوە ڕوونکەینەوە ، ئەوا سەرنجی دەسەلاتی دەولەتی کۆلۆنیالیستی بەریتانیا دەدەین لە عێراقدا کە چۆن عێراق و کوردستانی لکێندراو بە عێراقیشەوەی داگیرکردبوو . دەولەتی سونەمازهەبی خێلەکی ئاو کاتەی عێراق (سالانی بیست) ملکەچی بەریتانیا بوو ، بەڵام بەهەمان ئاراستەی کە بەریتانیا فەرمانی خۆی دەسەپاند بەسەر عێراقدا بەهەمان شێوە عێراقیش دەسەلاتی خۆی دەسەپاند بەسەر کوردستاندا . ئەمەش سەد دەر سەد هەمان وێنەی شێوەهەرەمەکەی دەسەلاتی فیکری دینییە لەسەر کورد . چۆن لەو هەرەمەدا جەماوەری گەلی عەرەب لە دواجەمسەری دواهەلقەی هەرەمەکەدا هەلقەیەکی لاواز دروستدەکات و گەلانی غەیری عەرەب (کە لێرەدا مەبەستمان کوردە) بەخۆیەوە دەبەستێت . واتە ئەگەر جەماوەری عەرەب لە هەرەمەدا وا دابنێین لە کەناردان ، ئەوا کورد کە لە پەراوێزی ئەودایە دەکەوێتە کەنارەوە . بەهەمان پێودانگ کاتێ عێراق خۆی بەگوێرەی ڕۆژئاوا (ناوهند) لەکەنارداید ، بەڵام بەگوێرەی عێراق وەکو (ناوهند) ی لێدێتەوە و کوردستانی باشوور دەبێتە (کەنار) بۆی ، هەمان سوتراکتور بۆ پارچەکانی تری کوردستان و دەولەتە کۆلۆنیالیستەکانیان ڕاستە ، واتە کوردستان لە مێژووی نوێدا دەکەوێتە پەراوێزی کەنارەوە . ئەم جێگایەی کە کوردستان تێدایە لە ڕووی ناوهند و کەنارەوە خۆی لە خۆیدا بارێکی تری دروستکردووە بۆ پەرتکردن و دوورخستنەوەی کورد وەکو نەتەوە لە پرۆسەی گەشەکردن و بەرەوپێشەوەچوون و لەبارێکی تریشدا ئەم هەلومەرجە ڕێگای لەبەردەم دروستبوونی پرۆژەی زیندوکردنەوەی کەسایەتی نەتەوەیی کورد و هوشیاری نەتەوەییشدا تەسککردۆتەوە .

پێشتر ئاماژەم بۆ ئەوە کرد کە نە فیکری دینی و نە گەشەی بازاڕی هاوبەش هیچیان نەبوونەتە فاکتەری زیندوکردنەوەی کەسایەتی کوردی و بە تێڕوانینی من لە ئایندەشدا هیچ کام لەم دوو هۆکارەیە ناتوانن ببنە بنەمای ئەو پرۆژەیە ، چونکە لەگەڵ ڕەوتی ئێستای ژیان و هەلومەرجی نوێی گەشە و بەرەوپێشەوەچوون و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ڕۆشنبیریدا ، ئەگەر بەکارێگەری دەرەکیش بێت ، ئەوە مرۆڤی کورد کەسایەتیەکی (با لاواز و ئیفلیجیش بێت) بۆ دروستبووە کە ئێستا کەمتر چاوەڕوانی ئەوە بکات فیکری دینی بتوانێت ببێتە بەرنامەی زیندوکردنەوەی کەسایەتی نەتەوەیی . دیارە هۆکاری ناوەکی تریش هەیە بۆ ئەم بەربەستکردنە کە لە پێش هەموویانەوە ئالۆزبوونی کێشەکانی ژیان بەڕادەیەك کە چاوەڕوان ناکرێت فیکری دینی گوشادیانکات ، ئەمە سەرباری ئەوە کە ئەم فیکرە چارەسەری کێشەی نەتەوەیی پێ نییە . لەلایەکی ترەوە کاریگەری فیکری ئەوروپی و جیهانی لە کوردستاندا و ئامادەبوونی گەرچی ئامادەبوونێکی تاڕادەیەکی زۆریش ناعیلمیانەش بێت لە پانتایی سیۆسیۆڕۆشنبیری کوردیدا کە بەئاراستەیەکی پێچەوانەی ئاراستەی فیکری دینی کاردەکات ، لەلایەکی تریشەوە چاوەڕوان نەکردنی دروستبوونی هوشیارییەکی نەتەوەیی و بنیادنانەوەی کەسایەتی شکستی کوردی لە ئەنجامی گەشەی پیشەسازی و بازاڕی هاوبەش لە ڕابردوودا و بۆ ئایندەش دەمانگێڕێتەوە بۆ گەڕان لە دوای شێوازێکی تر یان ڕێبازێکی تر بۆ دروستکردنەوەی کەسایەتی نەتەوەیی کورد کە ئەویش پرۆژەیەکە لە دەرەوەی هەردوو بۆچوونی سەرەوە ، ئەویش لەبارەی یەکەمدا دابڕانە لە فیکری دینی . دابڕان لە فیکری دینی لە مێژووی ئێمەدا چەند هەوڵێکی بۆ دراوە لە ڕابردوودا ، بەڵام وەکو پرۆژەیەك کە توانییبێتی بگاتە ئەنجامی تاوان ئەوە بەدەست نەهاتووە .

بەتێڕوانینی من دابڕان بریتییە لە ڕەتکردنەوەی سەد دەر سەدی هەموو ئەو فاکتەرانەی کە بەدرێژایی مێژووی کورد ڕۆڵیان لە تێکشکاندنی ئایینی زەردەشتی و کەسایەتی نەتەوەیی کورد و داگیرکردنی کوردستان و

دابەشکردنیدا بینیووە و هەوڵیان داوە بەهەموو شێوەیەك ماهیەتی نەتەوەیی لە مرۆڤی کورد بسڕنەوە و جوگرافیاکەی داگیرکەن و مێژووی تێکشکێنن . بۆ ئەم ئامانجەش هەموو هێزێکی خۆیان بەکار هێناوە و هەوڵیان داوە بەهەموو شێوەیەك ئەم ئامانجە بپێکێنن . بۆ ئەم مەبەستەش هەموو ئامرازێکی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایینی و ئەدەبی و هونەری و ... هتد

دروستبووه . دەرکەوتنی پرۆژەی نالی دەشێ وەکو پرۆژەیەکی شیعری بە پرۆژەی بابان ناوببەین ، چونکە من پێم وایە میرنشینی بابان بووە هۆی دروستکردنی ئەو پرۆژەیە نەک پرۆژە شیعرییەکە وەکو پرۆژەی ڕۆشنبیری پێش دروستبوونی میرنشینەکە خاڵبێژی بەرنامەی دروستبوونی کردبێت . نالی لە سنووری دەسەڵاتی سیاسەتی میرنشیندا دەمێنێتەوە ، دابڕانی نالی لە فیکری دینی لە دۆزینەوەی دەڵالەتی ئەتەوەیی و لەلایەکی تریشەوە باسکردن و زەقکردنەوەی ئەو شتانەدایە کە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە قەدەغەن بەتایبەت ئەندامەکانی لەشی مێ، بەڵام دواجار نالی ناتوانێت دابڕانی تەواوەتی بکات ، بەڵکو هەرچۆن میرنشینی بابان ناتوانێت دابڕانی تەواوەتی لە سیاسەتی ئاوەندی ئیمپراتۆری ئیسلامی بکات کە ئەوەتا ئیمپراتۆری عوسمانییە و یاسای ئیسلام لە بەڕێوەبردندا پیادەدەکات و ئەمیش وەک میرنشینێک پەیڕەوی ئاوەندێتی ئەو یاسایە دەکات، نالیش لەهەمان سنووردا دەمێنێتەوە و لەدوای هەموو یاخیبوون و باسی دەڵالەت میللییەکانی کورد و مەسەلە قەدەغەکانی نێو ئیسلام سەرزەنشتی خۆی دەکات و خۆی دەداتە دەستی یەهودا و چاوەڕوانی نەفخی سوور دەکات. لێرەوە ئەگەر وای دابنێین نالی کەسێکی دیوالتییە (جووت کەسایەتی) و کەسایەتی یەکەمی ئەو کەسایەتیە بێت کە دابڕان دەکات لە فیکری دینی و کەسایەتی دووەمیشی ئەوە بێت کە دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ئامێزی فیکری دینی ، ئەوا کەسایەتی دووەم سەرکەتوودەبێت و هەرس بە کەسایەتی یەکەم دەهێنێت . هەرسهێنانی کەسایەتی یەکەمی نالی (داواکاری دابڕان) خاڵی یەکەمی هەرسی پرۆژەی بابانە کە سەرەتای خیتابی (گوتاری) مانەوەیە لە میژووی کورددا، کە ئەمش هەرسی پرۆژەیەک دەگەیەنێت کە دەشیا کەسایەتی کوردی بنیادبنێتەوە .

لە پرۆژەی بابانداو دەنگی هەرە دیاری تر ئەگەرچی درەنگیش هاتووە (مەحوی) ە ، بەڵام مەحوی لەساتەکانی هەرسی میرنشینی بابانەوە دێتەمەیدان ، کارەساتی هەرس لای مەحوی دەبێتە هۆی بەرجەستەکردنی گوتاری پرۆژەی بابان لە شێوەیەکی تردا کە ئەویش لە سنووری خودی مەحوی خۆیدا دەسووڕێتەوە . لە بارێکی تردا ئەگەر (خود) کە خودی مەحوییە بەرفراوانتربکەین و بیکەینە خودی نەتەوە ئەوا مەحوی لە گوتاری خۆیدا بەرجەستەی هەرسی کەسایەتیەک دەکات کە دەشیا دروستببووایە کە ئاویش کەسایەتی نەتەوەیە . مەحوی وەکو هێڵێکی پرۆژەی نالی داوای دروستکردنەوەی ئەو کەسایەتیە دەکات و ئەمش کەسایەتی مەحوی بەشێوازێکی جووتەکەسی دەردەخات : کەسایەتیەک دەیەوێت پرۆژەی بابان بەردەوام بێت و دابڕان لەگەڵ فاکتەری سەرەڕۆیی ئەو کەسایەتیەدا بکات ، کەسایەتیەک کە دەیەوێت خۆی بخاتە ژێر دەواری میژووی ئەو فاکتەرە سەرەڕۆیە کە میژووی فیکری دینییە (ئیسلام) . ئەنجام کەسایەتی یەکەم کە داوای دابڕان دەکات هەرسدەهێنێ و کەسایەتی دووەم بالادەست دەبێت کە ئەو کەسایەتیە ڕێگای تەسەوف لەبەردەگرێ و دەچێتەوە ژێر دروشمی میژووی فیکری دینی و بەمەبەستی پاراستنی خود و مسۆگەرکردنی ئەو دنیا . لێرەدا و لە کەسایەتی مەحویدا گەرانەوەیەک بۆ هەرەمە سەرەکییەکەی فیکری دینی ناشکرا دەردەکەوێت . لە هەرەمە سەرەکییەکەدا گەلانی غەیری عەرەب دەکەونە دواجەمسەرەوە کە بە هەڵقەیەکی لاواز بە گەلی عەرەبەوە بەسترابوون ، کەسانی دەگمەن و لێهاتوو دەیانتوانی لە دواجەمسەرەوە بازبدەن بۆ جەمسەری دووەمی هەڵقەی دووەم کە بریتییە لە (وڵاتی و ڕابەرانی دین) ، ئەمش بۆ نزیکبوونەوە لە لوتکەی هەرەمەکە و بەهێزکردنی پەیوەندییان پێیەوە . کاتێ (مەحوی) پەنا بۆ تەسەوف دەبات و دەیەوێت هەموو هەڵقەکانی هەرەمەکە بجینبهێڵی و بۆ خودی خۆی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە نووری یەزدانەوە بکات . بەمەش پەیوەندییەکی بێگەرد مسۆگەردەکات کە گەواهی مانەوەی (خود) ی خۆیی پێدەبەخشێ . ئالێرەوەیە گوتاری مەحوی دەبێتە (گوتاری خود) و مەبەستیش لێی مانەوەی خودی خۆیەتی وەکو فەرد . چونکە کاتێ کەسایەتی داواکاری دابڕان لەژێر فشاری کەسایەتی گەڕاوە بۆ میژووی فیکری دینی هەرسدێنێ ، واتە پرۆژەی زیندوکردنەوەی کەسایەتی نەتەوە کە کەسایەتی کوردییە هەرسدێنێ . بۆیە هەروا ئاسان نییە لەڕووی بنیادنانەوەی کەسایەتی نەتەوەیی کوردییەوە مەحوی بکەینە خاوەنی پرۆژە . ئەگەر ڕووی کەسایەتی بەرەو دابڕانی نالی و ئیحای ئەو دابڕانە لای مەحوی کاریگەرییەکی لاوازی

بەجیهێشتبێت ، پێم وایە لەو ئاستەدا نەبووە کە دواتر ببێتە فاکتەری دروستکەری شۆڕش و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە .

من پێم وایە سەرهەڵدانی تەواوەتی پێشەسازی و دەرکەوتنی چینی بۆرژوای ئەوروپی وەکو چینێکی کۆمەڵایەتی و لەگەڵیشیدا دروستبوونی هوشیاریی نەتەوەیی لە ئەوروپادا و شان بەشانی ئەوش دروستبوونی بازاڕی هاوبەش و بوونی بە فاکتەری سەرەکی بۆ دروستکردنی هوشیاریی نەتەوەیی و دواجاریش پەلهاوێشتنی کارێگەری ئەو پێشکەوتنانە بۆ دەرەوەی سنووری ئەورووپا کوردستانیش سەرباری دواکەوتوویی و پەرەوازەی خێڵایەتی لەو کارێگەرییانە بێبەش نەبووە .. سەرهەڵدانی شۆڕشەکانی شێخ عوبەیدوڵای نەهری و سمکۆ و شێخ مەحمود و شێخ سەعیدی پیران و بارزانیش بە ئەنجامی ئەو کارێگەرییانە بوون و زیاتر ڕووبەکی عەقڵییان هەبووە ، بەهیچ شێوەیەک لەژێر کارێگەری ڕووە لاوازەکەی دابڕانی پڕۆژەی باباندا نەبوون . ئەگەر بێت و کەمێ بەوردی سەرنجی هەرێکە لەم بزووتنەوانە و ڕابەرەکانیان بدەین ئەوا دەبینین سەرجەم ڕابەرانی دینی و کەسانی پەیوەست بەفیکری دینییەوە ئالاهەڵگری بزووتنەوەکان بوون ، کەسانێک کە بەتەواوی لەسایەی مێژووی فیکری دینیدا جوڵاون و کاریانکردووە . سەرباری ئەوەی کە فاکتەری ئەم بزووتنەوانە پڕۆژەیەکی ڕۆشنبیری نەبووە ، لەسایەی فیکری دینیشدا دانانی بەرنامەی دابڕان لەلایەن کەسانێکەوە کە بۆ خودی خۆیان لەنێو یاساکانی دین و بەپێی پەیرەوی دین جوڵاون و مامەڵەیانکردووە کارێکی نەشیاو و چاوەڕوان نەکراببووە . هەر بۆیە ئەم بزووتنەوانە ئەنجام لە سنووردا گیرساونەتەوە و بەرەو ئاشبەتاڵ چوون و بەگوێرەی دروستکردنەوەی کەسایەتی نەتەوەیی کوردی و بنیادنانی قەوارەیەکی سەربەخۆ بۆ کورد نەیانتوانیووە هیچ بکەن ، ئەنجام هەرێکە بەهەرمێک کۆتاییپێدێت کە دواجار شکستێک لەیادی مرۆڤی کورددا بەجێدەهێڵن و ئەو ماترسیە لە نەستیدا دروستدەکەن کە دەشێ بۆ هەتاهەتایە چارنووسی کورد هەرس بێت و لە هەڵقەیەکی داخراوی (شۆڕش - هەرس - شۆڕش - هەرس) دا بسووڕێتەوە و هەرگیز شۆڕش نەبێتە هێزی بالادەست و پانتایی مێژووی کورد نەگرێتەوە و جێگا بە هەرس چۆڵ نەکات کە لە ڕاستیدا دروستکردنەوەی کەسایەتی کوردی دوای دابڕانی تەواوەتی لە فاکتەرە سەرەکیەکەی بەدیدێت ، ئەودەمەش شۆڕش دەبێ سەرتاپای مێژوو و پانتایی سیۆسیۆلۆژی کورد بگرێتەوە و بوار بۆ هەرس نەهێڵێتەوە .

بەڵام ئەم ئاراستەیە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورددا دروست نەبووە . هۆی ئەمەش بەئاشکرا نەتوانینی دابڕانە لە فاکتەری تێکشکێنەر و سەرەکیەی کەسایەتی و مێژووی نەتەوە . نەبوونی پڕۆژەیەکی ڕۆشنبیری کوردیش هۆکارێکی سەرەکییە کە بەئاراستەیەکی نێگەتیف کاریکردووە بۆ بەربەستکردنی دروستبوونی گیانی دابڕان لەلایەکەوە و لەلایەکی دیشەوە بۆ هێشتنەوەی قەوارەی نەتەوە لە شێوەی پارت و بلاوی و ڕژێمی خێڵایەتیدا کە ئەمەش دواجار لە سوتراکتوری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورددا هەر لەسەردەمی میرنشینەکانەوە کە هەر یەکە وەکو خێڵێک کاریکردووە تاکو ئەمڕۆی نێو حیزبەکانی کوردستان ڕەنگی داوەتەوە . ئەگەر بهاتایە پڕۆژەیەکی ڕۆشنبیری لە پانتایی سیۆسیۆلۆژی کوردیدا دروستببوایە و توانای خوێندنەوەی وردی مێژووەکانی هەبوایە ، ئەوا ئەو پڕۆژەیە دەیتوانی بەئاراستەیەک کاریکات عەقڵی خێڵ و کۆمەڵگای لادێ و دروشمی لە پێشەوە خێلەکەم ئینجا نەتەوەکەم لەبنەڕەتەوە هەڵتەکێنێ و عەقڵی شارستانی و کۆمەڵگای شارستانی و دروشمی (تەنها گەل هەیە و خێڵ هیچ ناگەیەنێت) بنیادبنێ ، تەنها پڕۆژەیەکی لەمجۆرە چاوەڕوانی ئەو دابڕانەی لێدەکرێت .

پڕۆژەیەکی ڕۆشنبیری لەمجۆرە تاکو ساتەوەختی ئێستا بەدی نەهاتووە کە توانای ئەوەی هەبێت لەڕووی خوێندنەوەیەکی فیکری و عەقڵانیەوە بەرنامەی سەپێنێی نەتەوە دابنێ و خۆی لەسەودا و مۆتیفی سۆز و عاتیفەی سیاسیانە و خۆسپاردن بە غەیبانیەت ڕزگاربکات و لەسەر ئەو بنەمایەش لە هەنگاوی یەکەمدا هەوڵبدات بۆ ڕووچکردنەوەی کاریگەری و سڕینەوەی جێگەوتی ئەو فاکتەرانەی کە بوونەتە هۆی تێکشکاندنی کەسایەتی نەتەوەیی کورد . نەبوونی پڕۆژەیەکی لەمجۆرەش بۆتە گرفتێک کە تاکو ئێستا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد ئازاری پێوە دەچێژێ و ناتوانێت دوور لە

پەیرەوی بەرنامەیەکی ئاوتۆ ، کە عەقڵ و فیکر پوڵ لە بنیادنانیدا ببینێت ، بریاری خۆی بدات . هەربۆیە تاکو ئێستاش بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ئێمە لە نێوان کەسایەتی دیوالتی گەرانەوە بۆ سەودای لەگەڵ دەوڵەتی ئێستای عێراقدا کە بریتییە لە هەڵگری فیکری عەرەبی ، ئەو فیکرەیەی کە لەسەر بنەمای فیکری دینی (ئیسلام) پاش دەستکاری و دەستێوەردان و پڕۆسەی گۆڕینی لە (دینەوە بۆ تەدین) دامەزراوە و تاکو ئێستاش خاون بەدروستکردنەوەی ئیمپراتۆری ئیسلامیەوە دەبینێت و دابڕان لەو فیکرەیە واتە گەرانەوە بۆ ئامێزی فیکری دینی گۆڕاو بۆ فیکری کۆنۆنیالیستی عێراقی (لێرەدا بەنموونە کوردستانی لێندەراو بە عێراقەوە) وەرگیراوە و دەشێ هەریەکە لە پارچەکانی تریش وەربگیرێت و لەگەڵ ڕەچاوکردنی خەسڵەتی دەوڵەتی کۆنۆنیالیستیدا سەر بەو بەشەدا قسەی لەسەر بکرێت) تیاماوین و خاوەنی بڕیار نین وەکو سیاسەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەمان .


هەبەتە لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەم و بوونی زۆرێکی زۆری نەتەوەکانی جیهان بە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان و نەتوانینی کورد بۆ سوودوەرگرتن لەو بەندە تایبەتیانەی پەیمانی سیڤەر کە سەبارەت بە کورد بوون ڕاستەوخۆ سەلماندنی نەبوونی عەقڵی سیاسی و لەهەمان کاتدا ڕۆشنبیریشە لەو کاتەدا .. هەربۆیە لەبەر ئامادەنەبوونی خود کورد وەکو نەتەوە پەیمانی لۆزان چارێکی دی تروسکەی زیندوکردنەوەی کەسایەتی تێکشکاوی ئێمەی کوژاندەوە و دابەشکردنی ئەجزاءی کوردستان بەسەر پێنج بەشدا هێندەی تر خودی نەتەوایەتی ئێمەی بەرەو شکست برد و تاکو ساتەوەختی ئێستاش نەکە نەمانتوانیووە ستراتیژیەتێکی نەتەوەییمان هەبێت و لەپێناوی ئەم فاکتەری دیسان دابەشبووندا بجەنگین ، بەڵکو بێ ئاگا زۆرجار دەبینە بەشێک یان هێزێک شان بەشانی فاکتەرەکانی تێکشکێنەری کەسایەتی نەتەوەییمان کاردەکەین و خودی خۆمان دەسرینەوە ، لە میژووی نوێماندا شەڕەکانی براکوژی چ لە یەکێک لەپارچەکاندا چ لەنێوان پارچەیەک و پارچەیەکی تردا بەڵگەی هارە ئاشکران بۆ سەلماندنی نەتوانینی دابڕان لە هیچ کام لە فاکتەرە تێکشکێنەرەکانی کەسایەتی نەتەوەییمان . ئەگەر دابڕان لە فیکری دینی یەکەمین هۆکاری سەرەکی زیندوکردنەوەی کەسایەتی نەتەوەیی ئێمە بێت ، ئەوە گەیشتنی فیکری ئەوروپی و بەتایبەتی مارکسیزم و ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیستی بۆ کوردستان نەک هەر نەیانتوانیووە خاڵبێژی پڕۆژەی ئەو دابڕانە بکەن ، بەڵکو بەهەمان ئاراستە و بەهەمان خەسڵەتی فیکری دینی و فیکری نەتەوەیی شۆڤێنی (عەرەب ، تورک ، فارس) هەوڵی داوە جۆلەی بەرەو دابڕان بوومستێنێ و کورد لە سنووری کۆلۆنیالیستەکانیدا بهێڵێتەوە و نەمەش بەناوی یەکێتی نیشتمانی و پاراستنی ئەو یەکێتییە و یەکێتیی چینی کرێکار و دروستکردنی یۆتۆپیایەکی دیموکراسی لە کۆلۆنیالیستەکانی سەر کوردستاندا و کە لەسایەیاندا کوردیش بژی . گەیشتنی مارکسیزم بەکوردستان لە دەورووبەری جەنگی جیهانی دووەمدا ڕۆلێکی تەواو ئاشکرای لە خاساندنی تروسکەی ڕۆحی دابڕاندا هەبوو ، ئیشکردنی ئەم ئایدیۆلۆژیایە و فیکری نەتەوەیی عەرەب و فارس و تورک یەک گەوهەریان هەبوو و لەیەک پڕۆسەشدا کاریانکردووە بۆ زیاتر تێکشکاندنی کەسایەتی نەتەوەیی ئێمە . ئەگەر وەکو بواری ڕۆشنبیری گۆران شاعیری پێشەوەی ئەو ساتە میژووییە بێت ، دەبینین بەگوێرەی زیندوکردنەوەی کەسایەتی نەتەوەیی هیچێکی ئەنجام نەداوە و لەژێر دەواری میژووی کۆمۆنیزمدا ماوەتەوە و ئەگەر بەناچاریش هێندێ شتی بۆ کورد گووتبێت دەبینین بەشی زۆریان لە ساتەکانی پێش بوون بەدەقدا ماونەتەوە و تەنها وەک چەند دروشمێک دەرکەوتوون .

بەڵام دوای پەرش و بڵاوبوونەوەی هەمئاراستەیی لاوازی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد هەمان شێوەی یان باشتر بڵێین لەسەر هەمان بنەمای پەیوەندییە خێڵەکییەکان و ئیشکردنی عەقڵی خێڵ لەبەرنامە و پەیڕەوی حیزبەکاندا شێوەیەک لە پڕۆژە لەبواری ئەدەبی کوردیدا چاوەڕوانەدەکرێت ، بەڵام ئەو پڕۆژەیەش خۆی لەسنووری شیعردا دەبینێتەوە کە ئەمەش یەکێکە لە هۆیەکانی لاوازی ئەم پڕۆژەیە . سەرەتای پڕۆژەکەش وەک یەکەمین دابڕان لەفیکری دینی بریتی بوو لە پڕۆژەی (ڕوانگە) یان باشتر بڵێین پڕۆژەی (شێرکۆ ، ئانوەر قادر ، ڕەفیق سابیر) . ئەمەش لەساڵانی ١٩٧٠ بەدواوە دەستپێدەکات و یەکەمین جارە کە دابڕانی تەواوەتی لە میژووی ڕۆشنبیریی کورددا لە فیکری دینی (ئیسلام) بکرێت ، واتە دابڕان لەو

فاکتەرەی کە لە ڕابردووەوە کەسایەتی کوردی تێکشکاندووە و مێژووی کوردی بەرەو سڕینەوە بردووە بەتایبەتی کاتێ کە جوگرافیای کوردستانی داگیرکردووە . پڕۆژەی دابڕان لە گوتاری شێرکۆ و برادەرمکانیدا لەو ئاستەدا خۆی دەبینێتەوە کە جیهانبینی شیعرییان لە پانتایی مێژووی کوردەوە بەرجەستەدەبێت و دوای ئەوەی تاڕادەیەك توانیوویانە لە پانتایی سیاسیدا هونەر دروستکەن یان پرسیاری ئەدەبی لە پانتایی سیاسەتدا بەرهەمهێنن ، جیهانبینیان لەسنووری گوتاری مانەوەی نەتەوەدایە کە لەبارێکی تردا مانەوەی خودی نەتەوەیە یان زیندوکردنەوەی کەسایەتی تێکشکاوی نەتەوەیە . بەواتایەکی دی گوتاری پڕۆژەی شێرکۆ و هاوڕێکانی ئەو هەرەمە نوێیەی لەئەنجامی تێکشکاندنی هەرەمی زەردەشتیەت لەلایەن هەرەمی ئیسلامەوە دروستبووە و نەتەوەکانی غەیری عەرەب (وەکو لە هێلکاری دووەمدا لەسەرەوە دیارە) کەوتوونەتە پەراوێزی نەتەوەی عەرەبەوە و بەهەڵقەیەکی لاواز پێوەی بەستراون هەڵدەوەشێنێتەوە کە لەم هەڵوەشاندنەوەیدا کورد وەکو نەتەوەیەك لەو هەرەمەی ئیسلام دەیێتەوە و لەبووی تێکشکاندنی ئەو هەڵقە لاوازەی پەیوەندی بەهەرەمی ئیسلامەوە ئازادی وەردەگرێت .


ئەم دابڕانە لە پڕۆژەی (شێرکۆ ، ئەنوەر) و پاشتریش (ڕفیق) لەبەر ئەوەی لەسنووری شیعردا کراوە نەك وەکو فیکر یان پڕۆژەیەکی فیکری بۆیە نەیتوانیووە جێگەوتی خۆی بەچاکی لە مێژووی نوێی کوردیدا ببینێتەوە ، بەڵکو تەنها لای کەسانێکی ڕۆشنبیر دەگمەن و بااڵ هەستی پێکراوە . لەبارەی یەکەمدا دابڕان دەشێ بەشێوەیەکی سروشتی لەبواری فیکر و زانستدا بکرێت ، چونکە لەو پانتاییانەدا عەقڵ فاکتەری دروستکەری هەموو پڕۆسایەکە . مێژوو و ڕەوتی بەرەوپێشچوونی نەتەوەیەکیش ئەوەندەی فیکر و عەقڵ ڕۆڵ لەدانان و نەخشەکێشانیدا دەبینن بەو ئەندازەیە دووری لە سۆز و خەیالی شیعرەوە . شیعر ڕۆڵی دیاری لە نەستدا هەیە (دیارە لێرەدا مەبەست تاقیکردنەوەکانی شیعری کوردییە ئەگینا هەرگیز مەبەستم گەلێك ئازموونی وەکو ئیلیەت و ئەدۆنیس و ڕامبۆ و سالیم بەرەکات و هێنری میشۆ و ژاك بریڤار .. نییە کە هەر یەکە خولقاوی سامانێکی گەورەی مەعریفین) ، بەاڵم کاتێ شێرکۆ توانیوویەتی ئەرکی عەقڵ یان فۆنکشنی عەقڵ لەنێو شیعردا دروستکات ئەوە پەیوەستە بەخودی شێرکۆوە وەکو بکەری سینتاکسی دەقەکانی کە بۆ خودی خۆی بکەرێکە پەستان و فشاری مێژووی دەرەوەی خۆی (فیکری دینی ، ئایدیۆلۆژیای مارکسیزم) لەسەر ئەم بۆتە بکەرێك و دەیەوێت خودی ئەم بۆی ببێتە بەرکار کە ئەمە بەدرێژایی مێژووی گەیشتنی (فتوحات) ی ئیسلام بۆ کوردستان بەردەوامبووە ، بەاڵم ئەم واتە خودی شێرکۆ دەیەوێت ئەو ئاراستەیە بگۆڕێت و ئەو کۆنتێکستە هەڵوەشێنێتەوە کە خودی ئەو لە ڕاستیدا خودی نەتەوەیە و بەدرێژایی ئەو مێژووە کاری لەسەر کراوە و چیتر کاری لەسەر نەکرێت و بۆ خۆی لەسنووری جوگرافیای خۆیدا بکەربێت .

ئێستا دەتوانین شێوەی هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییە هەرەمیەکەی فیکری دینی دوای داگیرکردنی کوردستان لە (فتوحاتی ئیسلامیدا) کە پاش پڕۆژەی دابڕان بەدیدێت لەم شێوەیەی خوارەوەدا بنووسین :



هێلکاری (٢) بۆ لەهەڵوەشاندنەوە

کتێبخانەی کتێب



دوای هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی بەهەرەمی ئیسلامەوە

هێڵکاری (٤) دوای هەڵوەشاندنەوە

ئەوەی لە پرۆژەی شێرکۆ و هاوڕێکانیدا ناشکرایە دابڕانی کوردە لەو هەرەمەی کە بە زۆرەملێ پێوەی لکێندراوە ، بەڵام دابڕانەکە تاکو ساتەوەختی ئێستای ئەو پرۆژەیە تەنها لە سنووری داخراوی نێو دەقە شیعرییەکاندا ماوەتەوە و نەگواستراوەتەوە بۆ پرۆژەیەکی گشتی ڕۆشنبیری و تا ببێتە بنەمای بەرنامەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی . ئەگەر بە ڕستەیەک گەوهەری (Theme) ئەم پرۆژەیە دەربڕین ئەوا بریتییە لە گەڕانەوە بۆ دروستکردنەوەی میژووی کورد کە ئەمەش دروستکردنەوەی کەسایەتی نەتەوایەتییە . ئەم دروستکردنەوەیەش لەو چرکەیەوە دەسپێدەکات وەک پراکتیک کە چیتر ماترسی گەڕانەوە یان تەماهیکردنەوە لەگەڵ فاکتەری تێکشکێنەر و سڕەرەوەی میژووی نیمەدا نەمێنێت . پرۆژەی (شێرکۆ و ئەنوەرێش وەکو دەقگی دووەمی ئەو پرۆژەیە) پرۆژەیەک نییە لەسەر بنەمای دیوالتی بیناکرابێت لەنێوان کەسایەتی تەماهیکەر و گەڕاوە بۆ سایەی میژووی فیکری دینی و کەسایەتی دابڕان دروستکەر لەو میژووە ، بەڵکو کەسایەتی (شێرکۆ ، ئەنوەر) ئەگەرچی ڕووبەکی ئەنتۆلۆژی هەبووە هەر لەسەرەتاوە ، بەڵام لەڕووی نیشکردن و جیهانبینییەوە ڕاستەوخۆ لەنێو میژووی کورددا وەکو فاکتەری زیندوکەرەوەی ئەو میژووە لەدایکبووە و هەوڵی پراکتیککردنی بۆ دەستەبەرکردنی ئەو ئەنجامە داوە . لێرەدا گەرچی ناوی (ڕەفیق) ڕەنگە بەتەواوی دوای گۆڕانی فیکری بێت کە لەم دواییەدا لە خودی ڕەفیق دا ڕوویداوە ئەویش بەتەواوی دوای (لاوکی هەڵبجە و وەرزە بەردینە) ، بەڵام وەکو ئیمای هەمان گوتاری ئەدەبی ناتوانرێت هەر لە سەرەتای ئەزموونی ڕەفیقەوە تا ئەو ساتەی کە دابڕان دەکات لە ئایدیۆلۆژیای سیاسی پێشتری بە تەواوی لە پرۆژەی شێرکۆ جیابکرێتەوە ئەمەش لەڕووی جیهانبینی شیعرییەوە ، دیارە ئەوەشمان لا ناشکرایە کە (ئ ئەنوەر و ئ ڕەفیق) لە ئاستێکدا وەستاون و تاکو ئێستا نەیانتوانیووە شتێکی نوێ وەکو ئەزموون بهێنن ، بەڵکو زیاتر لە سای گوتاری شێرکۆدا ماونەتەوە کە بۆتە شاگوتارێک و کۆنترۆڵی پانتایی سیۆسیۆڕۆشنبیری کوردی کردووە . بەڵام بەتێڕوانینی من ئێستا لە شیعردا سەرهتای گوتارێکی نوێ و شێواز و ئەزموونێکی تەواو جیاواز کە سنووریکی ئاشکرای لەنێوان خۆی و گوتاری شێرکۆدا داناوە بەدەرکەوتووە کە یەکەم دەنگی ئەم ئەزموونە نوێیە لە کۆمەڵێ قەسیدەی دریژدا دەبینرێ کە جێگای داخە گەرچی لەنیوەی یەکەمی هەشتاکانەوە دەستیپێکردووە بەڵام تاکو ئێستا نەگەیشتۆتە بەردەستی خوێنەر ، ئەویش ئەزموونی (بەختیار علی) یە لە قەسیدەکانی « نیشتمان ، گوناه ، کەرنەڤاڵ ، عیشق ... » لەگەڵ چەند هەوڵێکی تری کەسانێکی تر بەشێوە و جیهانبینییەکی نزیک لە (بەختیار) موە چ لە ناوەوەی وڵات و چ لە هاندەران .

پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە پرۆژەی دابڕان بۆ یەکەمجار لە میژووی کورددا لە شیعردا دەکرێت ، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ڕۆشنبیری کورد ڕۆشنبیرییەکی شیعرییە ، ڕۆشنبیری شیعری یان سەرجەم دەقی ئەدبی ڕۆشنبیرییەکی بنەما پتەو و مکووم نییە ، چونکە ئەگەر پێ

هەوڵێکی کۆ

لەسەر ئەو ڕاستیەش دابگرین کە دەقی نامە و مەزنی ئەدەبی دەبێ ئاگاداری و سەرچاوەیەکی مەعریفی لەدواوە بێت هێشتا ناتوانین خۆمان لەو ڕاستییە ببوێرین کە ئەست و سۆز و خەیاڵ لە ڕەگەزەکانی ئەفرێندەری شیعرن و ئەمەش وا دەکات کاریگەری ئەم فاکتەرانە لە بەرنامەی پڕۆژەکەدا جێگەوتیان هەبێت ، وەک ئاشکراشە کاریگەری ئەم فاکتەرانەش لەووی زانستی و عەقڵانی پڕۆژەکە کەمدەکاتەوە . لەلایەکی خودی پڕۆژەکە توانای بەردەوامی نەبوو بەڵکو ڕابەرانی وا هەستدەکەن کە گەیشتوون بە ئەنجام ، واتە بەخاڵی کۆتایی ، ئەمەش یەکەمین هۆکاری هەرمەینانی (ڕوانگە) یە کە شێرکۆ و پڕۆژەکەی ئالاهەڵگری بوون . لەبارێکی تردا ئەگەر سەرمتا ئەم پڕۆژەیە وەکو یاخیبوونێك لە ئیستیمی باوەکانی نێو پانتایی سیۆسیۆڕۆشنبیری کورد هاتبێت ، دواجار تەماهی لەگەڵ کردون و ئەمەش خۆبەدەستەوەدانێکی ئەو پڕۆژە بۆ هەمان ئەو فاکتەرە تێکشکێنەرانەی کە بەگیانێکی کۆنەپەرستانەوە ، بەناوی ڕەفتار و بەهای کۆمەڵایەتی و هێندێ جار دینیشەوە لەهەمان مێژووەدا کاریانکردووە ، هەربۆیە دەبینین پڕۆژەی شێرکۆ (ڕوانگە) توانای خۆنوێکردنەوەیان نەبووە و نەیانتوانیووە موجازەفەکەن و گیانێکی خۆسازاندنیان هەڵبژاردووە .. ئەمەش تا سنووردێکی دیاریش لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورددا ڕاست و تەبا بووە . بۆیە گەرچی شێوازێك لە دابران لە فیکری دینی لەم پڕۆژەیەدا ئاشکرایە ، بەڵام گەران لەدوای ڕێباز و جیهانبینی و میتۆدی نوێ وتە . هەوڵ بۆ ئەم دۆزینەوانە لە ئارادا نییە .

هەر ئەم هۆکارانە و لەهەمان کاتدا سوتراکتوری پێکهێنەری کۆمەڵگای کوردەواری کە پێکهاتێکی پەرت و بڵاوی خێڵەکیانە و یاسای خێڵ و ستراتیژیەتی خێڵ تێیدا ئامادەیە و کاردەکات ڕێگای نەداوە پڕۆژەکە ببێتە پڕۆژەیەکی بەرفراوان و هەموو کوردستان بگرێتەوە و توانای یەکخستنی هۆشی مرۆڤی کوردی هەبێت . بەواتایەکی دی واتە توانای تێکشکاندنی ئەو یاسا خێڵایەتیەی هەبێت کە کوردی هەر لەسەردەمانی دێرینەوە کردۆتە بەش (خێڵ و پاشانیش میرنشین) کە هەریەکە لەم میرنشینانەش نموونەیەکی بەربڵاوی پیادەکردنی کەسایەتی خێڵ بووە لە کوردستاندا و سنووری دەسەڵات و یاسای لەسنووری جوگرافیای خێڵەکەی دەرنەچووە و بووبێتە دەسەڵات و یاسای کوردستانی . بەهەمان پێودانگ و لەبەر ئەو هۆکارانەی سەرەوە و دروستبوونی پڕۆژەی شێرکۆ و برادەرەکانیشی لە پانتایی شیعردا کە پانتاییەکی ناجێگرە و خودی پڕۆژەکەش نەیتوانیووە لە پڕۆسەیەکی بەردەوامی خۆنوێکردنەوە و بەرەو پێشەوەچوونداببێت ، بۆیە نەیتوانیووە هەموو سنوورە دەستکردەکانی کوردستان ببڕێ و عەقڵ و ستراتیژیەتی زیندوکردنەوەی کەسایەتی کوردستانی (نەتەوەیی کورد) بهێنێتە مایدان . دیسان گەوهەری ئەم پڕۆژەیە کە (دابران) ە لەفیکری دینی وەکو فاکتەری سەرەوەی مێژووی کورد کە تاکو ساتەوەختی ئێستا ئەم داواکارییە نەیتوانیووە ببێتە بەرنامەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد .. بەڵکو سەرباری تاڕادەیەك ئیفلیجی خودی پڕۆژەی دابران هێشتا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ئێمە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی لەگەڵ پڕۆژەی ڕۆشنبیری هاوشانی و کارکردنی پێکەوەیی هەبێت یان بەشێوەیەکی تر پڕۆژەیەکی ڕۆشنبیری دروستکەر و بزوێنەری ئەو بێت .

ئێستا دوای ئەوەی ئامانجەمان بۆ شێواز و ئاستی ئەو دابرانە کرد کە لە میژووی کورددا لەگەڵ فاکتەری تێکشکێنەر و میژووی ئەو فاکتەرەدا کردوویەتی ، بەتێڕوانینی من دروستکردنەوەی کەسایەتی نەتەوەیی کوردی و میژووی کورد و گەرانەوەی جوگرافیای کوردستان و لەسەر ئەو بنەمایەش دروستبوونی عەقڵی کوردی لەدوای ئەو دابرانەوە دەستپێدەکات. پێشتریش دەربارەی ئەوە دواین کە ناشێت فیکری دینی جارێکی دی ببێتە فاکتەری زیندوکردنەوەی ئەو کەسایەتیە نەتەوەییە ، هەربۆیە دوای دابران لەهەرمی فیکری ئیسلامی چاوەڕوانی ئەوە ناکرێت جارێکی دی هەرمی پێکهاتنی فیکری دینی زەردەشتیەت دروستببێتەوە و لەنێو پاپۆندی ناوکۆییەکانی سوتراکتوری ئەو هەرمەدا کەسایەتی تێکشکاوی نەتەوایەتی ئێمە بنیادبنرێتەوە . ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی تریشەوە چاوەڕوانی ئەوە ناکرێت لە ئەنجامی بەرەو پێشەوەچوون و گەشەکردنی بازاڕی

هاوبەش و بۆرژوا وەکو چینێکی کۆمەڵایەتی کەسایەتی کوردی و هوشیاریی نەتەوەیی دروستببێت . دیارە ئەمش گەلێك هۆکاری خۆیی هەیە کە لەپێش هەموویانەوە ناسروشتێتی گەشەی بۆرژوای کوردییە وەکو وڵاتانی گەشەناسایی و بەو پێیەی لە ماتریالیزمی میژوودا هاتووە ، هۆی ئەمش نەبوونی قەوارەی نەتەوەیی و نەبوونی میژوو و شارستانیە لە پانتایی سیۆسیۆلۆژیای کوردیدا ، دروستبوونی شار و بازاڕیش لە کوردستاندا لە ئەنجامی ئەو زەبروزەنگ و فشارە سیاسی و ئابوورییە نامرۆڤانەوە بووە کە ڕژێمە کۆلۆنیالیستەکان لە کوردستاندا پیادەیانکردووە. لە وڵاتانی گەشەناساییدا دروستبوونی شار و بازاڕی هاوبەش بەواتای گواستنەوەی کۆمەڵ لە پەیوەندی خێڵ و قۆناغی فیودیالیزمەوە بۆ پەیوەندی شارستانی و قۆناغی بۆرژوا ، لە ئەنجامی ئەم بەرەوپێشچوون و گۆڕانە هوشیاریی نەتەوەیی لەدایکدەبێت . بەڵام لەبەر ئەوەی کۆمەڵگای کوردی بەم شێوەیە قۆناغەکانی گەشەکردنی نەبڕیووە و دروستبوونی شاریش نەیتوانیووە پەیوەندی خێڵەکی هەڵوەشێنێتەوە و پەیوەندی شارستانیانە لە جێگایدا دروستکات و دروستکردنی ئەم پەیوەندییە شارستانیەش ببێتە هۆی دروستکردنی پڕۆژەیەکی زیندوکەرەوەی میژوو و کەسایەتی هەموو کورد و لەوێشەوە بەرنامەی بزووتنەوە و داواکاری گەل بەرجەستە و ئاراستەبکرێت . هەر هۆی ئەم گەشە ناناساییەیە کە ئێستاکە کۆمەڵگای کوردەواری شێوازە پەیوەندییەکی تێکەڵ و پێکەڵی هەر لە پەیوەندی قۆناغی کۆیلایەتی تا پەیوەندی قۆناغی سەرمایەداری تیادا دەبینرێ و ئالأبەدەستی ئێستاش لە پەیوەندی و پراکتیك و ستراتیژیەتی نیشکردندا پەیوەندی خێڵە کە ئێستا سوتراکتوری حیزبەکانی کوردستانی پێکهێناوە ، بەوانە لە جەمسەری یەکەمی پەیوەندییەکاندا خێڵ کارکەری خاوەن پرۆسە و ستراتیژە . جا کاتێ ئەم گەشە ناناساییە بواری بۆ چاوەڕوانکردنی دروستکردنەوەی کەسایەتی نەتەوەیی کورد لەئەنجامی دروستبوونی بازاڕی هاوبەشدا نەهێشتبێتەوە . ئێستا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات داخۆ بە چ شێوەیەك دوای دابڕان لە فیکری دینی و بێ ئومێدی لە کاریگەری بازاڕی هاوبەش بۆ دروستکردنەوەی ئەو کەسایەتیە دەبێ کاربکرێت ؟ یان ئەو کەسایەتیە چۆن دروستدەکرێتەوە ؟ ئەمە ئەو پرسیارە گرنگەیە کە هیوادارم لەبەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا وەڵامی بدەمەوە .

سلێمانی - سەرماوەزی ١٩٩٢



لوند ـ سوێد
٩٣/٦/٢٩

سیمینارێك سەبارەت شوێنەواری کورد لە « سیستەمی نوێی جیهانی » دا

هەوالنامەی کتێب

« سیستەمی نوێی جیهانی » و چەند سەرنجێک

هەڵگوت عەبدوڵلا

شوێنەواری کورد لە سێبەری « سیستەمی نوێی جیهانی » دا

عومەر شێخ موس

چارەی خۆنووسین لە پێش و پاش شەڕی سارد

خالید نازدار زادە

کوردستان لە « سیستەمی نوێی جیهانی » دا

بورهان ا . یاسین

هەوالنامەی کتێب

« سیستەمی نوێی جیهانی » و چەند سەرنجێک

پێشەکی بەناوی گۆڤاری یەکگرتنەوە بەخێرهاتنێکی گەرمتان دەکەم و سوپاستان دەکەم بۆ بەپیرموهاتنی بانگەوازی رێکخستنی ئەم سیمینارە ، کە کاک بورهان ا. یاسین رۆڵێکی کاریگەری لە سازکردنیدا بینیوە . بێگومان زۆر پێمان خۆشبوو ئەو برادەرانەی دیش ، کە بانگەوازەکەیان بۆ نێردرابوو ، ئامادەبوونایە هەتا بمان توانیایە لەڕوانگەی دیدی جۆراوجۆر و جیاوازەوە لەمەسەلەی دیاریکراو بدوێین . بەهەرحاڵ ، ئاواتەخوازم برادەران بتوانن کەلێنی نەهاتنی ئەو برادەرانەی دی پڕبکەنەوە و وەک پێویست لەمەسەلەکە بدوێن .

ماوەی چەند ساڵێکە زاراوەی « سیستەمی نوێی جیهانی » لە ڕۆژنامەگەری و لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندن و گۆڤارە تایبەتیەکانی سیاسەتی نێونەتەوەییەوە ، هاوڕەها لەووتار و ئاخاوتن و نووسینی شێکەرەوە ستراتیژییەکاندا بەکاردەبرێ ، ئەمەش چەندین پرسیاری هێناوەتە گۆڕێوە کە پێویستە لەسەرانسەری جیهاندا وەلامیان بدرێتەوە . کوردیش ، وەک نەتەوەیەک نەک یەکەیەکی سیاسی ، پێویستە بەشداری لەوەلامدانەوەی ئەو پرسیارانەدا بکات . بەتایبەتی لەبەر ئەوەی لە « سیستەمی جیهانی پێشوودا دووچاری چەوساندنەوە و زوڵم و زۆرێکی زۆربوو و ئەگەر بەووریاییەوە مامەڵە لەگەڵ هەلومەرجی نوێدا بکرێ ، دەشێ لە « سیستەمی نوێی جیهانی » دا باری زوڵم و چەوساندنەوەکەی لەلایەن داگیرکەرانەوە بەسەریدا سەپێنرابوو ، کەمتربکاتەوە . دەکرێ پرسیارەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە دەربڕین :

- مانەست لە « سیستەمی نوێی جیهانی » چیە و چۆن هاتەئاراوە ؟

- بۆ ئەم سیستەمە بەنوێ دادەنرێ و پایەندیی بەسیستەمی پێشووەوە چیە ؟

- ئەو توخمانەی گۆڕانکاری لەسیستەمی پێشووەوە بۆ « سیستەمی نوێ » چیە کە زاڵبووە بەسەر ووتاری سیاسیی ڕۆژئاوادا و ئەو لایەنانە کێن کە سوودی لێ وەردەگرن ؟

- ئایا تا چ ڕادەیەک ووتاری سیاسیی بانگداشە بۆ کراو لەگەڵ هاوێستی ڕاستەقینەی ئەکتەرە سەرەکیەکانی ئەو سیستەمەدا تەبایە ؟

- کاریگەریی ئەم سیستەمە لەسەر وڵاتانی وابەستە و خواروو چیە ؟

- دەرفەت بۆ ڕەخسانی کورد لەم سیستەمەدا چیە و شوێنەواری کورد تیایدا لە کوێدایە ؟

من لێرەدا وەڵامی ئەم پرسیارانە و قۆڵبوونەوەی تەواوەتی لەمەسەلەکەدا بۆ کەسانی شارەزا و لێزان جێدەهێڵم . چونکە بێگومان ئەوان چاکتر دەتوانن وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە و ڕۆشنایی بخەنەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی مەسەلەکە . بەڵام سەرڕای ئەوە ، پێم خۆشە هەندێ تێبینی ڕاگوزاری سەبارەت بەمەسەلەکە بخەمە ڕوو ، هیوادارم برادەرانی شارەزا و لێزان لێم زوێرنەبن کە فزولیانە خۆم لە مەسەلەکە هەڵدەقورتێنم .

سەبارەت بە سروشتی « سیستەمی نوێی جیهانی » ، ئەوەی بە ووردی لەم سیستەمە بڕوانی ، ئەوەی بۆ دەردەکەوێ کە مەسەلەکە بڕیتیە لە هاتنەئاراوەی بارودۆخێکی نێونەتەوەیی نوێ و

واقیعێکی جیهانی جیاکاره ، بەڵام زۆر ئاڵۆز و تەماوی . لێرەدا دەشێ بپرسین : ئایا ڕاستە ماسکۆکە بڕیتیە لە هاتنەگۆڕێوەی بارودۆخێکی بەڕاستی ڕێکخراو ؟ لەڕاستیدا زۆر سەختە بڕیار لەسەر بوونی کارێگەریی ڕێکخراوەیی لەم سیستەمەدا بدەین. چونکە ئەگەر توخمی ڕێکخستن لە بەشەکانی ئەم سیستەمەدا هەبێ و بارووبارێش پشت بەیاسا نێونەتەوەییەکان و پرنسیپەکانی ڕەوایەتی نێونەتەوەیی ببەستێ بۆ ئاراستەکردنی نوێی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان ، ئەوا کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بێ ڕێکخستنە . لەبەر ئەوەی توخمی هێز و بازونیشاندان زۆرجار زاڵن و هەوڵدانی چەسپاندنی ئاشتی و ئاسایش لە زۆر کاتدا بەشێوەیەکی نادیموکراتیانە ئەنجام دەدرێت ، جا لە شووڕای ئاسایشی نێونەتەوەییدا بێت یان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بێت یاخود لە دەرەوەی ئاوان بێت ، وەبەو شێوەیە ئەنجام دەدرێن کە لەخزمەتی ئەکتەرە سەرەکییەکانی «سیستەمی نوێی جیهانی» دابن . مەبەست لەو جۆرە ئاخاوتنە دەربڕینێکی ئەنارشیستانە (فوضوي) نیە بۆ لێکدانەوەی واقیعی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، ئەمەش لەبەر چەند هۆیەك : یەکەم/ چونکە باوەڕمان بە خەباتی گەلانی جیهان هەیە لەپێناو کۆمەڵگایەکی نێونەتەوەیی دادپەروەرانەی ڕێکخراودا . دووەم/ لەبەر ئەوەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی نیستا بە پرۆسایەکی پڕ ئازاردا دەڕوات کە هێشتا نەخەملیوە . سییەم / چونکە پشێوی و زەبروزەنگ هەموو کۆمەڵگاکان ناگرێتەوە و زیاتریش لەلایەن ئەو کۆمەڵگایانەوە پیادەدەکرێ کە هەبوونی ژیواری و مادییان لەسەر هەڵوشینی سامانی کۆمەڵگای تر ڕاوەستاوە .

لێرەدا دەبێ سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین ، کە ڕێکخستن مانای بوونی ڕێکخراوی هەمەجۆری نێونەتەوەیی نادات . هەروەها مانای بانگداشەکردنیش نیە بۆ پشتبەستن بە یاسا نێونەتەوەییەکان لەپێناو هێنانەدی ئامانجی بەرزتردا . چونکە زۆرجار ، لەڕێرەوی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا هەر لەسەرەتای ئەم سەدەیەوە تاکو ئێستا ، ڕووداوی جیهانی و تەنگوچەلەمەی زۆر ئاڵۆز هاتوونەتەپێش کە ماترسیداربوون بۆ مرۆڤایەتی ، کەچی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان نەك هەر وەك پێویست کارێگەر نەبوون بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی ، بەڵکو بێ توانا و بێ دەسەڵاتیش بوون . یاسای نێونەتەوەییش تەنیا یاسایەکی مۆنۆپۆلی بووە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی ئەو کۆمەڵگایانەی بە (ژیواری - حەزاری) خۆیان ناوبردووە . ئەمەش جۆرێکە لە ئاژاوە و بێ سەروبەری تاکو ڕێکخستن . لەڕاستیدا ، کرنگترین نیشانە کە پێویستە توخمی ڕێکخستنی بارودۆخی نێونەتەوەیی نوێی پێ جیاکارەبکرێ ، بڕیتیە لە : یەکسانی نێوان نەتەوەکان و ڕێزگرتن لە وێستی گەلان بۆ سەربەستی و نزیکبوونەوە و هاوکاری ، پەنانەبردن بۆ بەکارهێنانی زەبر و فشاری زۆرەملی لە بواری پەیوەندییە سیاسی و ئابووری و بازرگانییەکاندا ، سوورداننان بۆ هەڵمەت و هێرشی فەرهەنگی و ڕاگەیاندن بۆ سەر گەلانی دنیا .

(سیستەمی نوێی جیهانی) دەیەوێ خۆی وەك سیستەمێکی دیموکراتی بناسێنێ . ئەگەرچی ئەو سیستەمە لەژێنگەیەکدا لەدایکبووە کە پڕە لە بانگداشەکردن بۆ دیموکراتیەت و ڕێزگرتنی دەستوورەکانی مافی مرۆڤ ، بەڵام سیستەمێکی دیموکراتی نیە . چونکە پەیوەندییەکان لەسەر بنچینەی بەرابەری دانەمەزراون و مافی لایەنی لاواز تیایاندا پارێزراونیە . بۆ نموونە ، لەسەر ئاستی ڕێکەوتنەمەکان ، هەتا ئێستا توخمی هێز و زۆرەملێ لەو ڕێکەوتنامانەدا بەدی دەکرێ کە دەرگا دارایی نێونەتەوەییەکان لەگەڵ وڵاتە «دواکەوتووەکان»دا دەیان بەستن . ئەمەش ئەو پرسیارەمان لەلا دروستدەکات : ئایا ناشێ (سیستەمی نوێی جیهانی) دەرێکراوەی سیستەمەکەی پێشووبێ؟

لەواقیعدا ، لەڕووی ناوەڕۆکەوە ، جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان سیستەمی پێشوو و نوێدا بەدی ناکرێت . چونکە ئەگەرچی لەڕووی هاندێ لایەنی تەکتیکی و مناوەرە و گەمەوە دەشێ جیاوازییەك لەئارادابێت ، بەڵام (سیستەمی نوێی جیهانی) ، لەڕووی پراکتیکەوە دەرێکراوەی سیستەمەکەی پێشووە و چوارچێوەیەکە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی و سیستەمێکە پشت بەهێز دەبەستێ بۆ چەسپاندنی یاسا و ڕەوایەتی ، وە پشت بە یاسا و ڕەوایەتیش دەبەستێ بۆ کارپێکردنی هێز . ئەمەش لەکاتێکدا کە تەرازووی هێز بەلای ئەکتەرە سەرەکییەکانی ئەم سیستەمەی ئێستادا شکاوەتەوە .

ئەگەر بەماوێ ، سەرەڕای ئەوانەی سەرەوە ، چەند ڕووخسارێکی (سیستەمی نوێی جیهانی) بخەمە ڕوو ، ئەوا دەکرێ بڵێین :

- زۆربەی شیکەرەوە ستراتیژییە نێونەتەوەییەکان لەو بڕوایەدان کە (سیستەمی نوێی جیهانی) ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانە هاتنەئاراوە کە (بلۆکی سۆسیالیستی) یان لەو چەند ساڵەی دواییدا لەسەر نەخشەی سیاسی لابرد و کۆتاییان هێنا بە ململانێی ئایدیۆلۆژی نێوان (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) . بەو جۆرەش سیستەمی پەیوەندی لە سیستەمێکی دوو جەمسەرییەوە (قطب) بووە سیستەمێکی یەك جەمسەری .

- (سیستەمی نوێی جیهانی) هێشتا لەدۆخی

پێکهاتن و گەلالەبووندایە و دواشیوەی (دوا فۆرمی) خۆی وەرنەگرتووە و تیایدا لەبووی سیاسی و سەربازییەوە یەك لایەنییە (ئەمریکا) ، لەبووی ئابووریشەوە سێ لایەنییە (ئەورووپای خۆرئاوا و یابان و ئەمریکا) ، وە هێشتا زۆر لایەنی ئالۆز و تەماوی هایە . ئەمش ئەوە دەگەیەنێ کە دەسپێشکەری لە هێنانەکایەوەی شێلگیریی لە دنیادا بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە و زیاتر لەخزمەتی ئەواندا دەضرێتەگەر .

- ئەگەرچی لایەنی سازش و گفتوگۆکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشە نێونەتەوەییەکان لە (سیستەمی نوێی جیهانی) دا زاڵە ، بەڵام پرنسیپی بەکارهێنانی هێزی سەربازی و زەبر ڕەتنەکراوەتەوە و لەئارادایە ، بەڵکو بەبڕوای ئێمە ئەمەیان دیاریکەری سازش و گفتوگۆکان دەبێ .

- ئەگەرچی (سیستەمی نوێی جیهانی) بانگداشە بۆ پەنابردن بۆ (ڕەوایەتی نێونەتەوەیی) بڵاودەکاتەوە ، کە خۆی لە دەزگا نێونەتەوەییەکاندا دەبینێتەوە ، بەڵام هەمیشە ئەو ڕەوایەتیە لەگەڵ ویستی سیاسیی ئەکتەرە سەرەکییەکانیدا تێکەڵ دەکات و لەخزمەتی ئەواندا دەیخاتەکار .

- (سیستەمی نوێی جیهانی) هۆکاری ئەوەیی تیایدا بەئاشکرا خۆی دەنوێنێ ، ئەوەش بەچاکی لە هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و دروستبوونی چەندین دەوڵەتی نەتەوەیی و ڕووداوەکانی یۆگۆسلاڤیادا دەردەکەوێ . هاوڕەها لایەنی ڕاسیزم و دژ بەبێگانە و پەنابەران لایەنێکی زەق و پڕ مەترسیەتی .

بەکورتیەکەی ، (سیستەمی نوێی جیهانی) لەسەر (لەگەڵبەستنی بەڕژەوەندی) و (گرنگێتی لایەنی مرۆڤایەتی) و (ئاشتی و یەکسانی جیهانی) دانەوەزراوە و زیاتر سیستەمی چەسپاندنی دەسەلات و ملکەچکردنە . واتە (شێوەیەکی نوێی کۆلۆنیالیزمی کۆنە) .

دەشێ لەم دەرفەتەدا ئەوە بڵێم کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ئەمڕۆ بە کۆمەڵێك گۆڕانکاری سەرنج ڕاکێشەر و ترسناکدا تێدەپەڕێ کە زۆر لایەنی ئابووری و سیاسی و ستراتیژی و فەرهەنگی و ژیواری دەگرێتەوە و دەبنە هۆی دروستکردنی دابڕانێك لەنێوان ڕابردوو و سەردەمێکی نوێدا کە لایەنی چاك و خراپی هایە و کاریگەریی بەسەر هەموو جیهانەوە دەبێ ، کوردستانیش لەمە بێبەش نابێ . ئەمش هانم دەدات سێ سەرنجام بۆ ئەو گەشەکردنەی بووە هۆی هێنانەکایەوەی ئەم بارودۆخە دەربڕم :

- ئەو گۆڕانکاریانەی ئێمڕۆ لەجیهاندا ڕووەدەن ئەوە دەسەپێنن کە دامەزراندنی ڕێکخستنێکی نێونەتەوەیی و بەرقەرارکردنی ئاشتی کارێکی ئاسان و بێ ئالۆزی و کێشەکێش نابێ . چونکە لە هەلومەرجێکدا ئەنجام دەدرێ کە پشێوییەکی گەورە لە تەرازووی هێزدا هایە و پرنسیپە بنچینەییەکانی ڕێکخستنی لەنگەربەستن شڵەقاون یان لەناوچوون .

- نەخشەکێشانی بنچینەکانی بارودۆخی نێونەتەوەیی کە لەپێکهاتندایە ، دەستەومستاون لەئاست هێنانەدی داخوازییەکانی گەلانی چەوساوە و مافی نەو نەتەوانەدا کە لەسەرتای شەڕی ساردەوە هەتا ئەمڕۆ خەباتیانکردووە بۆ ئەوەی دەنگیان ببیسترێ و ڕێز لە مافەکانیان بگیردرێ ، لەوانە ماسافەی کورد .

- بەختی کورد لەم سیستەمەی ئێستادا ، بەختی لایەنی لاوازە و ئەگەر بە ژیرانە مامەڵ لەگەڵ ئەو بارودۆخە نوێیەدا نەکرێ ، دووربنیە کارەساتە دڵتەزێنەکانی مێژوو دووبارەببنەوە .

لەکۆتاییدا دەڵێم ، ئەگەر ئەوە (سیستەمی نوێی جیهانی) بێت و واقیعی کوردستان و ئاستی ڕابەرایەتیش بزووتنەوەی کوردیش بەو جۆرەبێ کە دەیزانین ، ئاخۆ شۆینەواری کورد لەو سیستەمەدا چی بێت و داهاتووی مەسافەی کورد لە ڕوانگەی ئەو سیستەمەوە بەچی بگات ؟ وەڵامی ئەم پرسیارانەش بۆ کەسانی لێزان و شارەزا جێدەهێڵم .

○○○○

عومەر شێخ موس*

شوێنەواری کورد

لە سێبەری « سیستەمی نوێی جیهانی » دا

پێش هەموو شتێك ، زۆر سوپاسی برادەرانی گۆڤاری یەکگرتن و کاك بورهان دەکەم بۆ ڕێکخستنی ئەم گفتوگۆ و مشتومڕە لەسەر باسێکی وا گرنگ ، کە بە بڕوای من پێویستە بەشێوەیەك لەشێوەکان بەزمانی کوردی بلاوبێتەوە ، بۆ ئەوەی هاندێ لە ڕووناکبیران و سیاسەتەدارانی کوردستان بتوانن سوودی لێ وەربگرن و قسە و گفتوگۆی لەسەر بکەن.

پێش هەموو شتێك ، لەسالی ۱۹۸۹ موە چەند گۆڕانکارییەك بەسەر سیستەمی سیاسیی جیهاندا هاتووە . ئەو گۆڕانانەی زۆر ئاشکرا و بەرچاون : یەکێکیان ئەوەیە کە سیستەمی دوو جەمسەری (قطبی) لەسەر ئاستی سیستەمی سیاسی جیهان لەناوچوو ، جەمسەرێکیان بەهەموو توانای خۆی و ئەو دەوڵەتانەی لەدەوروپشتی بوون ، بەهەموو بڵۆکی سیاسی و سەربازی چواردەورییەوە ، داڕما و لەناوچوو و لەو ناکۆکیە کشایەوە کە لەسەر ئاستی جیهان بەرامبەر جەمسەرەکەی تر هەیبوو . دووەم ئەو شتەی کە پێی دەگووترا شەڕی سارد ، کە مانی بەسیستەمی دوو جەمسەرییەوە بەسترابوو ، ئەما و کۆتاییهات . چونکە ئەو وڵاتانەی بەشێك بوون لە جەمسەری یەکەم دەستیانکرد بەهاوکاریکردن لەگەڵ سیاسەت و هاوێستی جەمسەرەکەی تر و هەڵگرتنی بۆچوونەکانی . سێیەم ئەوە بوو ووڵاتانی جەمسەری یەکەم کە بەخۆیان دەگووت « بلۆکی سۆسیالیستی » یان یەکێك لەو ووڵاتانە ، واتە یەکێتی سۆڤیەت ، دەستیانکرد بەوەرگرتنی هاندێ لە چەمکە هاوە گرنگەکان و بۆچوونە فیکرییەکانی جەمسەرەکەی دیکە ، واتە هێنانی دیموکراسیەت ، بازاڕی ئازاد ، سیستەمی ئابووری سەرمایەداری ، بۆ ووڵاتانی خۆیان . بۆچوونە کۆنەکانی خۆشیان ، یا لایان خاڵەکەی خۆیانەوە یاخود لەئاستی سەرکردە سیاسییەکانی ئەو ووڵاتانەدا ، ڕەتکراونەتەوە و دان بە نوشستەخواردنیاندا دەنرێ .

شایانی باسە ، لەنێو شارەزایانی سیاسەتی جیهانیدا ، گفتوگۆیەکی دوورودرێژ دەربارەی سیستەمی سیاسیی جیهانی نێستا هەیە و پرسیار لەو ڕووەوە دەکرێ داخۆ سیستەمێکی یەك جەمسەری دێنە یاخود بەرەو سیستەمێکی چەند جەمسەری دەڕوات . من لەنووسینەکەی خۆمدا هێمام بۆ ئەوە کردووە کە لەجیاتی سیستەمی دوو جەمسەری ، سیستەمی پێکەوە بەسترا و دێتەئاراوە . مەبەست لەو سیستەمە ئەوەیە کە هیچ هێزێك بەتەنیا ناتوانێ وەکو جاران ، لەبەر توانای چەکی ئەتۆمی یان ئابووری یاخود هێزی سەربازی خۆی ، ببێتە دەسەڵاتی جیهان بدات . ئەو سیستەمە ، وەك کاك هاڵگەوتیش لەقسەکانیدا جەختی لەسەر کرد ، خەریکە دەبێتە چەند پلە یان بەش یاخود ئاستێکەوە . لەئاستی سەربازی و چەکی ئەتۆمیدا ، گومانی تێدانیە کە ئەمریکا

* لە ناوەندی Center for Research in International Migration and Ethnic Relation ی سەر بە زانکۆی ستوکهۆڵم کاردەکات و وانەی زانستە سیاسییەکان و کۆمەڵناسیش لەسەر سیاسەت و کۆمەڵ لەیۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەداتەوە .

بەهێزترین وولاتی دنیایە ، بەڵام لەڕووی ئابوورییەوە ، نەک لەئێستاوە ، بەڵکو نزیکەی دەیانزە ساڵێکە ، ئەورووپای ڕۆژئاوا و ژاپۆن دوو جەمسەری هەرە گرنگی دنیان و ڕۆژ بەڕۆژیش لە بەهێزبوونداڵ .

لێرەدا دەشێ بپرسین : ئایا ئەمریکا دەتوانێ بەتەنیا ڕۆڵی بریاردەر ببینێ ؟ ئایا تێکچوونی سیستەمی دوو جەمسەری و داڕمانی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم لەجیهان و ئەو وولاتانەدا کە خۆیان پێوە بەستبوو ، مانای سەرکەوتنی ڕژێمی سەرمایەداریی (وەک خۆیان دەیانەوێ وای نیشاندەن)؟ من بۆ خۆم لەو بڕوایەدام کە ئەوە مانای سەرکەوتنی ئەوان نیە ، چونکە ڕاستە تاقیکردنەوەکەی جەمسەرەکەی دی نشوستی هێنا و سەرنەکەوت و نەیتوانی پاش ٥٠ ـ ٧٠ ساڵ پێداویستیە بنچینەییەکانی خەڵکانی ئەو وولاتانە جێبەجێ بکات ، بەڵام ڕژێمی سەرمایەداری خۆیشی خاوەنی چەندین کێشەی گەورە و گیروگرفتی زۆرە و لە تەنگوچەڵەمەدایە ، ئەویش نەیتوانیوە پێداویستیە بنچینەییەکانی خەڵکانی ئەو وولاتانە مایسەربکات . بۆیە لەوانەیە یەکێک لەشتە سەیرەکانی مێژوو ئەوەبێت کە بە داڕمانی کۆمۆنیزم ، خەریکە پڕۆسەی قوڵبوونەوەی تەنگوچەڵەمەی ڕژێمی سەرمایەداریش بێتەکایەوە . لایەنەکەی تری مەسەلەکەش ئەوەیە کە سۆسیالیزم ، وەک سۆسیالیزم ، بەتەواوەتی ڕیسوانەبووە و لەناونەچووە . چونکە ئەگەر تەماشای سۆسیال دیموکراسی بکەین ، دەبینین ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەگەشەکردندایە . ڕاستە چەند ساڵی یەکەمی پاش ڕووخانی بلۆکی وولاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات کەمێک زیانی لێ کەوت و کشایەوە ، بەڵام ئێستا دەبینین لە زۆربەی ئەو وولاتانەدا کە ڕژێمی سەرمایەداری تێدابووە ، بەتایبەتی ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمریکا ، تەنگوچەڵەمەی ئابووری لەقوڵبوونەوەدایە ، ئەوەش پێویستی بە بۆچوونێکی کۆمەڵایەتی هەیە ، بۆچوونێکی کۆمەڵایەتی بە دیموکراسیەتەوە ، بۆیە سۆسیال دیموکراسی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەشەدەکاتەوە و پایە لە وولاتانی ئەورووپای خۆرئاوا و هەندێ لە وولاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و وولاتانی (جیهانی سێ) دا پەیدادەکات . نموونەی ئینگلستان ، ئەڵمانیای خۆرئاوا ، دەوڵەتە ئیسکەندەناڤیەکان ، وە هەڵبژاردنەکەی دوایی ئەمریکا و هاتنە سەرکاری حیزبی دیموکراتی ، لەسەر پلاتفۆرمێک کە زیاتر بە سیاسەتێکی کۆمەڵایەتیەوە گرێدراوە (وەک داببێنکردنی تەندروستی و قوتابخانە و ئەو شتانە) نموونەی چاکن بۆ ئەو قسەیەم . سەبارەت بەوەش کە ئەمریکا بەتەنیا دەتوانێ ڕۆڵی بریاردەر ببینێ ، دەڵێم سیستەمی جیهانی ئێستا تووشی چەندین گیروگرفت بۆتەوە لەسەر ئاستی دنیا ، بۆ نموونە : مەسەلەی نارکۆتیکە (مخدرات) ، پەنابەر و کۆچکردنی بێ وێنە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا و زۆر کێشەی کۆمەڵایەتی دیکە ، کە هیچ وولاتێک بەتەنیا ، تەنانەت بەهێزترین وولاتیش ، ڕووبەڕووبان ببێتەوە و چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە . بۆیە پێویستی بەهاوکاری و پێکەوە کارکردن هەیە ، پێویستی بەجۆرێک لە یەکخستنی سیاسەتی بەشی زۆری ئەو وولاتانە هەیە ، هەتا بتوانن بەرهەنگاریان ببنەوە .

سەرەڕای ئەوەی سەرەوە ، پیاو ئەگەر بڕوانێتە تاقیکردنەوەکانی مێژوو ، ئەوەی بۆ دەردەکەوێ کە مەسەلەی سیستەمی جیهانی لەهەندێ کاتدا یەک جەمسەری بووە و لە ڕۆژگارێکی دیشدا دوو جەمسەری ، جاری واش هەبووە لەپڕێکدا چوار پێنج جەمسەری تێدابووە ، بەڵام هەمیشە ئەوە بۆ ماوەیەک بووە و لەدواییدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە . دوورنیە لەئایندەدا گۆڕانێک بەسەر ئەو سیستەمەی ئێستاشدا بێت ، کە وەک پێشتر هێمام بۆ کرد لەسێ ئاستدایە : سەربازی ، ئابووری و گیروگرفتە تایبەتیەکان .

پێویستە لێرەدا سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشم کە زۆرجار ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی ئاوچاکانی لای خۆمان ، بێ لێکۆڵینەوە و تێگەیشتنی ئاوەڕۆک ، خۆیان دەبەستنەوە بە زاراوە و چەمکی جۆراوجۆرەوە . زاراوەی (سیستەمی نوێی جیهانی) یش لەمە بەدوور نەبوو . چونکە هەر پاش سەرهەڵدانی ئەو زاراوەیە ، کەس وەکو گەلانی ڕۆژهەڵاتی ئاوەڕاست ، بەتایبەتی ڕاگەیاندنی وولاتەکانی ئەو ناوچایە ، جا ئێران و تورکیا بێ یان وولاتە عەرەبیەکان بێ یاخود هێزە کوردییەکان ، خۆیان پێوە نەبەستەوە . لەڕاستیشدا ئاوەڕۆکێکیان دایە کە واقیعی نەبوو و هیوایەکی لەڕادەبەدەریان پێی هەبوو .

زاراوەی (سیستەمی نوێی جیهانی) بۆ یەکەمین جار لەلایەن سەرۆک گۆرباتشۆفەوە بەکارهێنراوە ، ئەویش ساڵی ١٩٨٨ لە ووتارێکدا بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان . مەبەستی گۆرباتشۆف لەوەدا ئەوە بوو کە زلهێزەکان دەتوانن لەجیاتی ناکۆکی و دژایەتی و شەڕی سارد هاوکاری لەگەڵ یەکدا بکەن ، ئەوەش بەڕاستی بارودۆخی بلۆکی سۆسیالیستی و دەسەڵات و پایەی یەکێتی سۆڤیەت ، وە بەڕاستی سیستەمی دوو زلهێزی لەسەر ئاستی جیهان . بەڵام لەدواییدا سەرۆک بووش ، لەکاتی جەنگی کەنداودا زیاتر بەکاریهێنا و ناوەرۆکێکی ڕەوشتامێزی (اخلاقی) پێبەخشی بۆ ئەوەی بەکاریهێنێ بۆ ڕەوایەتیدان بەشەڕەکەی ، کەچی دەبینین پاش کۆتاییهاتنی جەنگی کەنداو

دارودەستەی بووش و حکومەتی ئەمریکا ئیتر زۆر بەکەمی بەکاریان هێنا . شتەکانیش کە سەرۆک بووش مەبەستی بوو : ١- ئەوە سیستەمێکی نوێیە کە شێوەیەکی نوێی کارکردنی و هاوکاری نێوان وولاتە دەسەلاتدارەکانی هێناوەتەئاراوە . ٢-چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە نەک بە جەنگ . ٣- پەلامارادانی هێزی داگیرکەری زۆرەملی یاخود بەگژاچوونی داگیرکردنی وولاتێک لەلایەن وولاتێکی تری ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە . ٤- هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی چەکی ئاتۆمی و تەقلیدی.

گومانی تێدانیە ، کۆتاییهاتنی شەڕی سارد هەندێ گۆڕانکاری دیکەشی لەگەڵ خۆیدا هێناوە ، کە هەندێ هێزی مرۆڤدۆست و دیموکراتی و لیبرال لەسەر ئاستی جیهان توانیویانە سوودیان لێ وەربگرن بۆ هێنانەدی چەند شتێک :

١- ڕزگارکردنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەو ڕۆڵە لاوازەی جارانی کە نەدبوو هەیبەت و خستنەگەڕی بەو شێوەیەی بتوانێ ڕۆڵی کاریگەر ببینێ لەسەر ئاستی دنیا . بۆ ئەم مەبەستەش ، ٣ سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ٣ ڕێکخراوە ناحکومیەکان دەستیانکرد بەکارێکی فراوان ، لەسەر ئاستی جەماوەر و وولاتەکان و ڕێکخراوە نێونەتەوییەکان ، بۆ ئەوەی بتوانن زیاتر پشت بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ببەستن و ڕۆڵێکی بەرزتری هەبێت لە بڕیاردان و کارکردندا .

٢- ئەگەر مرۆڤ بڕوانێتە ئەم دەسالەی دوایی ، بەتایبەتی پاش سالی ١٩٨٩ ، ئەوە بەدیدەکات کە ژمارەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە (٥٠٠ - ٦٠٠) دانەوە گەیشتۆتە نزیکەی (٢٠٠٠) دانە ، وە ڕۆژ بە ڕۆژیش ژمارەیان زیاتردەبێ . ئەم ڕێکخراوانە زیاتر ڕۆڵێکی ڕاوێژکارانەیان هەیە و پەیوەندیان لەگەڵ زۆر لە دەزگا جیهانییەکان و ئەو کۆنفرانسانەدا هەیە کە سەبارەت بە گیروگرفتە باوەکان دەبەسترێن . بەرزبوونەوەی ڕۆڵی ڕێکخراوە ناحکومیەکان ، کە بەشی هەرە زۆریان خەریکی مەسەلەی مافی مرۆڤ ، گیروگرفتی کۆمەلایەتی ، پاراستنی مافی منداڵ و ژنان و قۆلکردنەوەی پڕۆسەی دیموکراسین لە زۆر وولاتی جیهاندا ، یەکێک لەوانە کوردستان ، شتێکی زۆر گرنگە . لێرەدا پێویستە کورد بتوانێ سوود لەوانە وەربگرێ بۆ زیاتر بەجیهانیکردنی مەسەلەکەی و مسۆگەرکردنی مافەکانی . من دڵنیام ئەگەر ئەم پڕۆسەیە قوولتربکرێتەوە و فراوانتربێ ئەوا یارمەتیەکی زۆری بزووتنەوەی کورد و مافی گەلی کورد دەدات لەهەندێ لەو وولاتانەدا .

٣- گۆڕانێکی دی کە مرۆڤ دەبینێ ، ڕۆڵی هێزەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە بۆ پاراستنی ئاشتی لە هەندێ وولاتدا کاردەکەن . ژمارەی ئۆپەراسیۆنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسالی (١٩٤٥-١٩٤٦) موە پانزە دانە بوو ، بەڵام لەسالی ١٩٨٩ موە تاکو ئێستا ژمارەیان لە سی دانە زیاتردەبێ. هەروەها ژمارەی لەشکریشیان لەوەوبەر لە پانزە بیست هەزار زیاترنەبوو ، کەچی ئێستا تەنیا لە سۆمالیا لە بیست هەزار زیاترە .

بێگومان ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ، کە لەڕاستیدا دەبووایە ناوی ڕێکخراوی وولاتە یەکگرتووەکان بووایە ، بەپێی سروشتی خۆی نەیدەتوانی دەست بخاتە نێو کاروباری وولاتانی نەئداماوە ، بەڵام یەکێک لەو گۆڕانانەی پاش سالی ١٩٨٩ هاتۆتەکایەوە ، شکاندنی ئەو دیوارە پۆڵایینەبوو کە دەوڵەتان بۆ خۆیان دانابوو و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش دەیپاراست و جۆرێک پیرۆزی دابووی . واتە ئەو پرنسیپە شکا کە دەیگووت (وولاتانی جیهان ناتوانن دەستبخەنە نێو کاروباری وولاتێکەوە ، چونکە سەربەخۆیی ئەو وولاتە لەهەموو شتێک پیرۆزترە) ، ئەوەش بەدوو شێوە : یەکەم ئەوەیە کە مەسەلەی پاراستنی مافی مرۆڤ ، مەسەلەی دیموکراسیش پاش کۆنفرانسی ڤیەنا ، دووشتی گرنگن و هیچ وولاتێک مافی ئەوەی نیە بەکەیفی خۆی گەلەیان پێبکات و دنیا بێدەنگ دابنیشێ . ئەو پرنسیپە ، واتە شکاندنی پیرۆزی سنوورەکان ، بەتایبەتی پاش مەسەلەی لێقەومانی کوردستانی ١٩٩١ ، ٣ لەبڕیاری ٦٨٨ و ٣ لە ڕاپۆرتی سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ، وورددەوورده خەریکە دەپەسێ و ئەوە دێتە گۆڕێوە کە مەسەلەی مافی مرۆڤ و دیموکراسی مەسەلەی نێوخۆی هیچ وولاتێک نیە و هەموو دنیا بۆی هەیە لەسەر پێشێلکردنیان هەڵبداتێ . دووەم ئەوەیە کە پاش جەنگی کەنداو و دەرچوونی بڕیاری ٦٨٧ گۆڕانێکی کە سەریهەڵداوە ، ئەویش ئەوەیە کە هەندێ وولات ، بەدژی هەموو ڕێکەوتننامەکانی خۆیشیان ئیمزایانکردووە ، جۆرەها چەکیان دروستکردووە ، وەک چەکی ئاتۆمی و بایۆلۆژی و کیمیاوی . بۆ ئەمەش مافی هەموو دنیایە بچێ بەگژی ئەو وولاتانەدا و دەستیان لێ بوشێنێ . لەم بوارەشدا ، پاش عیراق ، چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ ئێران و کۆریای سەروو و چەند وولاتێکی دیکەش دەستیان لێ بوشێنرێ ، چونکە جۆرەها چەکی گشت کۆژمیان کەلەکە کردووە .

گۆڕانێکی دیکە کە لەسەر ئاستی جیهان هاتۆتەئاراوە ئەوەیە ، جاران هەموو دەمانووت ناکۆکی سەرەکی لەدنیادا لەنێوان سەرمایەداری و سۆسیالیزمدایە ، بەڵام ئێستا سروشتی ئەو ناکۆکیە گۆڕاوە . ئێمڕۆ ناکۆکی سەرەکی لەسەر ئاستی

جیهان لەنێوان دیموکراسیەت و دیکتاتۆریەتدایە ، لەنێوان پاراستنی مافی مرۆڤ و پێشێلکردنیدایە ، لەنێوان جێبەجێکردنی هەندێ داخوازی و پێداویستیە سەرەکیەکانی خەڵکی هەر وواڵاتێك و بێبەشکردنی زۆربەی خەڵکدایە . گۆڕانی سروشتی ناکۆکی لەسەر ئاستی جیهان وایکردووە لەبەشی زۆری وواڵاتانی دنیادا خەریکە پڕێمی دیموکراسی سەردەکەوێ ، بەاڵم ئایا پڕێمەکە لیبراڵ ، دیموکراسی یان سۆسیال دیموکراسی دەبێت ؟ ئەوە شتێکی تری . لێرەشدا پێرۆسایەکی سەرنج ڕاکێشەر هەیە ، ئەویش ئەوەیە کە ئەو وواڵاتە دیکتاتۆریانەی ماوەن خەریکی کۆکردنەوەی هێزی خۆیانن (وەك بلۆکێك) بۆ ڕاوەستان بەرامبەر بەو لێشاوە . بۆ نموونە ، کۆریای سەروو ، کوبا ، ئێران ، سووریا ، لیبیا ، سوودان و چەندین وواڵاتی دی (جیهانی سێیەم) لەبەشی زۆری کۆنفرانسە جیهانیەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسیەتدا ، وەك بلۆکێك خۆیان دەخوێنن . ئەمە لە کۆنفرانسی ڤیەنا و ڕیودۆجانیرۆش دووبارەبووەوە . لێرەشدا زۆربەی ئەو وواڵاتانە بەهانەی جۆراوجۆر دێننەوە بۆ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و دیموکراسیەت ، لەوانە گوایە وواڵاتەکانیان هەژارە و ئەخوێندەواری پێژەی بەرزە ، بۆیە پێویستە سیستەمێکی سیاسی وایان هەبێ کە خەڵك بەدوای خۆیدا ڕاکێشێ و ئاستی ژیان و تێکۆشتیان بەرزبکاتە ، ئەمەش بۆ ئەوەی بتوانن دیموکراسیەت جێبەجێ بکەن . شایانی باسە ، ئەم جۆرە بەهانانە ئێمڕۆ لەنێو ئەو وواڵاتانە خۆیاندا قبوڵ ناکرێن و ئەوە ئاشکرابووە کە ماسەلەی پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەاڵیەتی و ڕادەی خوێندەواری ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە پاراستنی مافی مرۆڤ و هێنانەدی دیموکراسیەتەوە نیە . ئەمەش یەکێك بووە لە ماسەلەکانی لەکۆنفرانسی ڤیەنادا جێی مشتومڕ و گفتوگۆ بوو ، زۆربەی وواڵاتە دیکتاتۆرییەکانیش ئەو بەهانەیەیان بەکارهێنا بۆ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ڕەتکردنەوەی دیموکراسیەت و ئەو هاوڵەی ئێستای دنیایان بە کۆلۆنیالیزمی نوێ لەقەڵەم دا . بەاڵم ئێستا لەناو ئەو وواڵاتانە خۆیاندا بزووتنەوەی بەهێز دروستبووە ، کە وەك تاکەکەس کە وەك گروپ و تاقم ، بۆ داکۆکی کردن لەمافی مرۆڤ و دیموکراسیەت . من لەم دەرفەتەدا دەمێم جێی داخە ئەو پێرۆسایەی ئەوروپای ڕۆژهەاڵتی گرتەوە لە بولگاریا ڕاوەستا و نەگەیشتە وواڵاتەکانی لای ئێمەش .

لێرەدا دەشێ بپرسین : ئایا ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر سیستەمی جیهانیدا هاتوون کە سوودێکیان بۆ ماسەلەی کورد دەبێ و کە کاریگەرییەکی لەسەر بەدیهێنان ؟ لەوەاڵمدا دەڵێین : پێش هەموو شتێك ، بەرزبوونەوەی ڕۆڵی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و کارکردنیان لە کوردستان ، بەتایبەتی لە کوردستانی عێراق ، وە دروستکردنی زۆنی ئاسایش ، خۆی لەخۆیدا یارمەتیدانیکە بۆ گەشەکردن و پاراستنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد لەو بەشەدا ، کە دەشێ لە داهاتوودا بەشەکانی دیش بگرێتە ، بەتایبەتی ئەگەر بارودۆخێکی وەها بێتە پێشەوە کە یارمەتیدەربێت بۆ ئەوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرفەتیان بۆ هاڵکەوێ داکۆکی لە کورد و بزووتنەوەکەی بکەن . لایەنێکی تر ، بەرزبوونەوەی ڕۆڵی ڕێکخراوە ناحکومیەکانە کە پشتیوانیەکە بۆ گەلی کورد و ماسەلەکەی .

هەروەها گۆڕان لە سیستەمەکەدا کارێکی ڕاستەوخۆی کردە سەر ماسەلەی کورد لە ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاستدا ، بەپێچەوانەی جارانەوە و لەسێبەری شەڕی سارد و سیستەمی دوو جەمسەریدا ، دەبینین زلهێزەکان ڕاستەوخۆ پشتیوانی لە ماسەلەی کورد دەکەن . واتە لەسەردەمی شەڕی سارد و لەسیستەمی پێشوودا هیچ زلهێزێك ڕاستەوخۆ پشتیوانی لەماسەلەی کورد نەدەکرد و هاڵوێستێکی ئاشکرا و ڕاشکاوی بەرامبەری وەرنەدەگرت ، بەڵکو زیاتر لەڕێگەی دەزگاکانەوە یارمەتی کورد دەدرا بۆ ڕووخاندنی حکومەتێك و هێنانەسەرکاری حکومەتێکی دیکە ، بەاڵم ئێستا ماسەلەکە بەجۆرێکی دیکەیە . لێرەدا دەبێ ئەوەمان لەیادنەچێ کە پشتیوانیکردنی ماسەلەی کورد و بەجیهانیکردنی لەبەر ڕەوایەتیبوونی نەبوو ، بەڵکو لەبەر لایەنی مرۆڤانەی ماسەلەکە بوو ، وەلەبەر ئەوەبوو کە ڕای گشتی جیهان حکومەتەکانیان ناچارکرد هاڵوێستی خۆیان بگۆڕن . سەرەڕای ئەوەش پشتگیریکردنی زلهێزەکانی دنیا : فەرەنسا و ئینگلستان و ئەڵمانیا و ئەمریکا ، و زۆربەی زۆری وواڵاتانی دنیا لەماسەلەی کورد و پاراستنی گەلی کورد ، کە یەکەمین جارە لە مێژووی گەلەکەماندا ، ماسەلەیەکی گرنگە . بەبڕوای من ، ئەم پێرۆسایە بەردەوامە و کۆتایی نەهاتووە ، هەتا ئەو پێرۆسایەش بەردەوام بێ ، ئیلتیزاماتی ئەوان کەم نابێتەوە ، بەپێچەوانەوە ڕۆژبەڕۆژ زیاددەکەن . هەتا سەددام حوسێن لەسەر کارێ ، بەپێی بڕیارەکانی شووڕای ئاسایش و بڕیاری بەشی زۆری حکومەتەکان ، ئەوان دەست لەگەلی کورد هەڵناگرن ، ئەك پشتیوانی خۆیان بۆ ماسەلەی کورد کەم ناکەنەوە ، بەڵکو زیاتری دەکەن .

سەبارەت بەبەشەکانی تری کوردستان ماسەلەکە جۆرێکی دیکەیە ، چونکە بەهەمان پێرۆسەدا تێنەپەڕیون . بەاڵم لە ئێران ، لە ئەنجامی هەندێ گۆڕانکاری ، بەدووری نازانم پشتیوانی لە کوردی ئاوێش بکرێت . بانگکردنی سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ئەمریکا ، خۆی

لەخۆیدا هێمایەکە بۆ گۆڕانی هاوێستی ئەمریکا . دەربارەی کوردستانی تورکیا ، هەموو باش دەزانین، ج بازاڕی یەکگرتووی ئەورووپا ج وڵاتانی ئەورووپا بەگشتی ، لەسەر مەسەلەی پاراستنی مافی مرۆڤ بەگڕ تورکیادا دەچن ، وە بەردەوام مافی گەلی کورد : مافی کولتووری و سیاسی ، تاڕادەیەکی دیاریکراو دەپارێزن و لە گفتوگۆی دوو قۆڵی و بۆنە جیهانیەکاندا سەرنجی تورکیا بۆ ئەوە ڕادەکێشن کە دەبێ ئاشتیانە چارەسەری مەسەلەی کورد بکرێ و دەبێ مافە سەرەتاییەکانی گەلی کورد بناسێنرێن . سەبارەت بە سووریاش ، ڕاستە مەسەلەی کورد لەوێ ڕۆڵێکی گرنگ نابینێ ، بەڵام ڕێکوردی حکومەتی سووریا لەسەر مەسەلەی مافی مرۆڤ ، دیسانەوە وا دەکات ئەویش هەڵبژێردرابێت بۆ بەگژاچوون ، کە دەشێ ببێتە هۆی ناساندنی داخوازییەکانی گەلی کورد لەوێش .

دەماوێ هێما بۆ ئەوە بکەم کە گۆڕانکارییەکی لەڕۆژگاری ئەورۆدا هاتۆتەکایەوە و بەقازانجی گەلی کوردە ئەوەیە کە دەرفەتی گۆڕانی سنوورەکان ڕەخساوە . جەنگی جیهانی یەکەم ڕێگای بەتێکچوونی چەند ئیمپراتۆرییەتێک و دامەزرانی چەندین دەوڵەتی نوێ دا ، بەڵام بەداخەوە وڵاتەکەی ئێمە لەئەنجامی ئەوە بووە چوار پارچەوە . لە جەنگی جیهانی دووەمەوە تاکو ساڵی ١٩٨٩ و لەسەردەمی سیستەمی دوو جەمسەریشدا بواری گۆڕانی سنوورەکان زۆر سنووردار بوو ، هەر کەسێک داوای گۆڕانی سنووورەکانی بکردایە یەکسەر ڕووبەڕووی یەکێک لە بلۆکەکان دەبووەوە ، چونکە وا دادەنرا کە بەقازانجی بلۆکەکەی تر تەواودەبێ . بەڵام بەگۆڕانی سیستەمی جیهانی کۆن و نەمانی شەڕی سارد ، ئیتر بارودۆخەکە گۆڕا و هەتاکو ئێستا (٢٤) دەوڵەتی نوێ لەدنیادا دروستبوون و بەشی زۆریان بوونەتە ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان . هەروەها سنووری چەندین وڵاتیش گۆڕاوە و هەندێ وڵاتیش سەربەخۆیی خۆیان وەرگرتووە ، ئەمەش نەک هەر لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات ، بەڵکو لە ئەفریقاش کە تیایدا ئەریتریا هاتۆتەکایەوە و خەریکە گۆڕانێکیش لە سۆمالیا ڕووبدات . بۆیە ئەو سنوورە پۆڵایینەی جاران وەک کۆسپی بەردەمی کورد دادەنرا و زۆربەی نامادەبوون دەستکاری بکەن ، ئێمڕۆ بەجۆرێکی دیکە سەیریدەکرێ و لەسەر ئاستی ڕای گشتی و حکومەتەکانیش ئەو بارودۆخەی کوردی تیا دەڕی ناسروشتییە . چونکە نزیکەی نەتەوەیەکی (٢٥-٢٠) ملیۆنی ، کە لەناوچەیەکی جوگرافی یەکگرتوودا دەڕی و خاوەنی بزووتنەوەیەکی بەهێزە خەبات بۆ مافی چارەنووس دەکات ، ڕێگای لێ بگیردرێ دەوڵەتی خۆی دابمەزرێنێ . ئێستا ئەوان قبوولیانە بەشێوەیەک لەشێوەکان چارەسەرێکی ئاشتیخوازانەی ناوچەیی بۆ مەسەلەی کورد بدۆزرێتەوە کە بەڵای کەمەوە دەبێ لەسەر بنچینەی ئۆتۆنۆمی یان فیدرالی یاخود کۆنفدرالی بێت .

لەم دەفەتەدا ئەگەر ئێمە بمانەوێ ڕەخنە لە سەرکردایەتی بزووتنەوەی خۆمان بگرین ، ئەوا دەشێ بڵێین مەسەلەی کورد لەئەنجامی لێتەوەمانەکەی ١٩٩١ گەیشتە ئاستی بەجیهانیکردنێکی فراوانی بێ وێنە لەمێژووی گەلی کورددا . ئەوەبوو لەو کاتەدا هەموو دنیا باسیان دەکرد و بڕیاری ئەوەش هەبوو ستراتیجیەتێکی جیهانی بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بێتەکایەوە . ئەگەر سەرکردایەتی بزووتنەوەی کورد چەند هەفتەیەک چاوەڕێی کردبایە ، دووڕنەبوو کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ڕاستەوخۆ دەست دەڕێبکات بۆ پاراستنی گەلی کورد ، وە دووڕنەبوو لەژێر چاودێری خۆیاندا جۆرە هەڵبژاردنێک لەناوچەکەدا بکرێ . بەداخەوە مەسەلەی گفتوگۆکردن لەگەڵ ڕژێمی عیراق و لەو سەردەمەدا(یاخود بێ چاودێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان) وایکرد کە نەک هەر ئەو دەرفەتەمان لەدەست دەربچێ ، بەڵکو جارێکی تر مەسەلەکەمان ببێتەوە مەسەلەیەکی نێوخۆیی عیراق .

گۆڕانێکی تر کە هاتۆتەئاراوە ئەوەیە کە ئێستا زلهێزەکانی دنیا : ئەڵمانیای ڕۆژئاوا ، فەرەنسا ، ئینگلستان ، ئەمریکا ، ژاپۆن و ڕووسیا (تا ڕادەیەک) ، ڕاستەوخۆ پشتگیری لە داخوازییەکانی گەلی کورد دەکەن ، هاندێکیشیان هانگاوی بەکردەوەیان بۆ ئەو مەبەستە ناوە . ئەمە خۆی لەخۆیدا ڕووداوێکی نوێیە و دەشێ مرۆڤ لەجیاتی خۆکشانەوە بتوانێ گەشەی پێ بدات و قوولتر و فراوانتریکاتەوە . یەکێک لە خەوشیەکانی بزووتنەوەی ئێمە ئەوەیە هەمیشە ڕووبەکەنە پەیوەندیکردن لەگەڵ حکومەتەکاندا . ڕاستییەکی زۆر ڕوون و ئاشکرا هەیە لەسەر ئاستی جیهان ، ئەویش گرنگی ڕای گشتی جیهانییە لە وڵاتانی دیموکراسی ڕۆژئاوای ئەورووپا و بەشی زۆری وڵاتانی دیموکراسی دنیادا . ڕای گشتی لەو وڵاتانەدا ڕۆڵێکی باڵا دەبینێ لە فۆرمۆلەکردنی سیاسەتی ئەو وڵاتانەدا . کەچی بەداخەوە بزووتنەوەی ئێمە و سەرکردایەتی سیاسیمان خۆیان بە ڕای گشتی ئەو وڵاتانەوە ماندووناکەن ، هەتا بتوانێ کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر مەسەلەی کورد جێبهێڵێ .

ئێوە کە زانست سیاسییەکان و میژوو دەخوێنن ، ئاگاداری ئەوەن پاش ئاشتی فێستفالیا سیادەت زیاتر خرایە دەستی دەوڵەتانەوە و پرنسیپی شۆڕشی فەرەنسی سەبارەت بەوەی سیادەت لەدەستی گەلدایە ، وەلاوەنرا . ئەمەش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لانێو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا زاڵبوو . بەڵام

ئێستا ، پاش جەنگی کەنداو و گۆڕانی سیستەمی جیهانی کۆن ، خاریکە جارێکی دی پرنسیپە لیبرالیەکەی لەشۆڕشی فەرەنسیدا زالبوون : سیادەت لەدەست گەلاندایە نەک لەدەستی حکومەتەکاندا ، دێتەوە ئاراوە . جا ئەگەر سیادەت لەدەستی گەلاندا بێ، ئەوا گەلان خۆیان مافی ئەوەیان هەیە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن . گەلی کوردیش دەتوانێ ئاو پرنسیپە بەقازانجی خۆی بەکاربهێنێ و ئاوە بسەپێنێ کە دەبێ خۆی بڕیاری ئاوە بدات بەچ شێوەیەك دەیەوێ بژی و پەیوەندی بەعیراقەوە چۆن بێ نەك گەلانی دیکە . چونکە ئاوە مافی گەلی کوردە نەك گەلی عیراق ، وەك هەندێ هێزی عیراقی و عەرەبی و هەندێ وڵاتی دیکە دەریدەبڕن . لێرەدا دەشێ ڕەچاوی هەندێ لایەنی سیاسی بکرێت و کورد ناچاربێت بەشێوەیەکی پراگماتیکانە و لەبەر بارودۆخی خۆی و پرۆسەی سیاسیی ناوچەکە و هاوپێستی وڵاتە ناوچەییەکان هەندێ شت قبوڵ بکات ، بەڵام وەك پرنسیپێك گەلی کورد مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەیە . من لەو بڕوایەدام لەسالانی ئەوەتدا گەلی کورد بەمافی چارەنووسی خۆی شاددەبێت ، بەڵای کەماوە لەشێوەی فیدرالیدا . بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە بزووتنەوەی هەموو بەشەکانی کوردستان بەپلان کاربکەن ، پلانی دە پانزە ساڵە بۆ خۆیان دابنێن ، یەکخستن بهێننە گۆڕێوە و کۆتایی بەسیاسەتی پارچەکردار و سارێیی بهێنن و زانستیانە مامەڵە لەگەڵ شتەکاندا بکەن .

گفتوگۆ

خالید نازدارزادە :

چەند سەرنجێکم لەسەر قسەکانی کاك عومار و تێبینییەکم دەربارەی قسەکانی کاك هەڵکەوت هەیە . یەکێك لەو شتانەی لە ووتارەکەی کاك هەڵکەوتدا سەرنجی ڕاکێشام ئەوەیە کە (سیستەمی نوێی جیهانی)، ئەگەر لەدایکبێ ، ئەوا دەبێ بەڕۆژێك لەدایکبێ ، ئەگینا لەدایك نابێ . پێم وایە بۆچوونەکانی کاك عومار ئەوەی ڕوونکردەوە کە ئەو سیستەمە ، ئەگەر وەك پرۆسێسێك سەیری بکەین ، لەوانەیە زۆر شتی نیجابی تێدابێت . مەرج نیە وەکو سێوێکی پاککراو لەبەردەستماندابێت ، ئەگەر لەو دروشمە گەورەیەش دوورکەوینەوە کە چەندین ساڵ لە کوردستاندا باوبوو : « کوردستان یان نەمان » ، ئەوەی کە هیچ ئالتەرناتیڤێك (بدیل) لەنێوان مردن و هەموویدا ناهێڵێتەوە ، ئەوا بۆمان دەردەکەوێ مەسەلەکان دەشێ بکرێنە مەنگاو .

لەسەر « سیستەمی نوێی جیهانی » ، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، کاك عومار ووتی ڕۆژنامەگەریی عەرەب ئەو شتەیان زۆر گەورەکرد . بەبڕوای من ، یەکێك لەهۆکانی ئەو گەورەکردنە ئەوەبوو ، ئەو ڕۆژنامەنووسانە وایان دەزانی گۆڕانێکی ئەوتۆ لەناوچەکەدا دێتەئاراوە کە بەقازانجی وڵاتە عەرەبیەکان دەگەڕێتەوە ، ئەویش بەپێی ئەو داڕشتنەی سەرۆك بووش لە مانگی ئازاری (مارس) ی ١٩٩١ دا دەربارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە « سیستەمی نوێی جیهانی » دا دەریبڕی : لابردنی چاك یان کەمکردنەوەی لەناوچەکەدا وەك مەسەلەیەکی گەورە ، مەسەلەی ئاسایشی دەوڵەتانی ناوچەکە ، هێنانەئاراوەی ئالوگۆڕێك یان گەشەیەکی ئابووری لەناوچەکەدا و دابەشکردنی سەروەت و سامانی ناوچەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ . ئەمە جگە لەوەی هیوا بە وەدەستهاتنی ئەنجامێکی بەهێز و خێرا لەچوارچێوەی ئاو کۆنفرانسی ناشتییەی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئامادەکرابوو ، زۆر گەورە و قەبەکرابوو . وڵاتە عەرەبیەکان وایان دەزانی ئەگەر چاك لەناوچەکەدا کەمکرێتەوە ، ئەوا ئیسرائیل لاوازدەبێ و مەسەلەی ناشتی دێتە پێشەوە و مەسەلەی فەلەستین وەك تاکە مەسەلەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەڕوانگەی وڵاتە عەرەبیەکانەوە چارەسەردەبێ ، چونکە بەڵای ئەوانەوە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ، پاش چارەسەرکردنی مەسەلەی فەلەستین ، شتێکی تر نامێنێ . وە لەئەنجامی دابەشکردنی ڕاستەوخۆی سەروەت و سامانی ناوچەکەش ، وڵاتە هەژارەکانی عەرەب ، کە ئەوتیان نیە و خەلکێکی زۆریان هەیە ، سوود لەو پارە زۆرەی وڵاتە دەوڵەمەندە خاوەن ئاوتەکانی عەرەب وەردەگرن.

دەربارەی ئەو مەسەلەیەی کاك عومار لەکۆتایی قسەکانیدا هێمای بۆ کرد ، واتە گەڕانەوە بۆ پرنسیپەکانی شۆڕشی فەرەنسی ، شتێکی ڕاستە . چونکە ئەگەر بێتەوە یادمان ، کاتی ڕەوەکەی گەلی کورد و مردنی خەلکێکی زۆر ، وەزیری کاروباری دەرەوەی فەرەنسی گفتوگۆی لەسەر ئەوە دەکرد کە پێویستە لەپێناو پاراستنی مرۆڤایەتیدا سەروەریی دەوڵەتی عیراق لەناوببرێ . بۆ ئەوەش کە پرۆسەکە لە بوڵگاریا ڕاوەستا ، ئەگەر پیاو بیری لێ بکاتەوە

دەشێ وابێ ، بەڵام ئەگەر سایری هەندێ ڕۆژنامە و گۆڤاریش بکات ، پێدەچێ وانەبێ . لە دیاربەکر ڕێکخراوی پاراستنی مافی مرۆڤ هەیە کە ڕۆژانە پەیوەندی دەتوانێ پێوەندیان پێوەبکات و ڕۆژنامەنووسی ئەورووپیش قسەیان لەگەڵ دەکەن . ئەگەر ووردبینانە لەوە بڕوانین ، پێم وایە هەنگاوێکی گرنگ بێ ، بەتایبەتی لە ناوچەی کوردستانی تورکیا کە مەسەلەی چەکداری زۆر گرنگە.

پێم وایە یەکێک لەمەسەلەکانی ئێستای کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەربارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە کە لە زانستە سیاسییەکاندا پێی دەڵێن (واقیعی نەبزواو) ، چونکە ئەگەر کۆرانێک لە کوردستاندا بێتەئاراوە و دەوڵەتی عیراقیش نەمێنێ ، ئەوا مان و نەمانی دەوڵەتی ئیسرائیلیش پرسیارێکی زۆر گەورە دەبێ . واتە ئەگەر هاتوو ئاوان بۆ ڕزگارکردنی کومیت دەوڵەتی عیراق لەناوبەرن ، بۆچی ناتوانن دەوڵەتی ئیسرائیل لەناوبەرن . لێرەدا لۆژیکێکی زۆر سایر دێتە پێشەوە .

یەکێک لەو شتانەی جێی دڵنۆشیە ، هەندێ لەو عەرەبانەی دەرەوەی ناوچەکە کەوتوونەتە سەر هێنانەپێشەوەی مافی مرۆڤ وەک خاڵی پەلە یەکی بەرنامەی کار . باشترین نموونەی ئەوش ئەو کتێبەی دوایی (کنعان مکیە) یە کە هێرشێکی زۆر دەکاتە سەر ئەو گروپە کەورەیەی عەرەب لە ئەورووپا و ئەمریکا کە لە دانیشکا و زانکۆکاندا قسەیان زۆر دەنوات و بابەت بۆ هەر ڕۆژنامە و گۆڤارێک بنێرن بڵاویدەکەنەوە ، وەک ئیدوارد سەعید و محەمەد حەسەنین هەیکەل ، وە بە ڕەتکەرەوەکان ناویان دەبات ، چونکە لەسەر مەسەلەی ئەنتی ئیمپریالیزم هەموو مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن. ئەوش دووپاتدەکاتەوە کە سەردەمی ئەو تێڕوانینە بەسەرچووە و دەبێ مەسەلەی مافی مرۆڤ بکرێتە خاڵی پەلە یەکی بەرنامەی کار . شایانی باسە ، لە نێو هەندێ نووسەر و ڕۆشنبیری عەرەبدا ، بەتایبەتی عیراقی و شیعە ، ئەو مەسەلەیە هاتۆتە پێشەوە کە نیتر نابێ لە چوارچێوەی سەرەڕیی دەوڵەتی عیراقدا قسەبکرێت و پێویستە لە چوارچێوەی پاراستنی مافی مرۆڤدا قسەبکرێت .

ئەو کێشەیەی کاک عومەر دەربارەی سیاسی کورد کە پێشبینی هەندێ شت ناکات ، حازدەکەم ئەوە بخەمە پێشچاو کە ساڵی ١٩٩١ و لەکۆنفرانسەکەی ستۆکهۆڵمدا ، لە کۆمیتەی مافی مرۆڤدا ، پێشنیارێکی زۆر چاک هاتەئاراوە ، ئەویش بریتی بوو لە کردنەوەی ماڵبەندێکی دەنگوباسی سەربەخۆ کە گرێدراوی ڕێکخراوە کوردییەکان نابێ . کەچی نووسەرێ ئەو سەردەمەی بەرەی کوردستانی یەکێک بوو لەو کەسانەی زۆر بەتووندی پێشنیارەکەی ڕەتکردەوە ، بەو جۆرەش پێشنیارەکە سەری نەگرت . پاش ئەوە ڕۆژنامەنووسەکان خۆیان چوونە کوردستان و دەنگوباسیان هێنا . لەبەر ئەوە ، ئەگەر بڕوانینە دەنگوباسەکان ، دەبینین زۆر پەرش و بڵاون. ئەمەش ئەوە دووپاتدەکاتەوە ، کە بەهۆی بۆچوونە سیاسییەکانەوە ، هێشتا ڕاگەیاندن بەترسەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ و کۆنترۆڵکراوە . بۆیە زۆربەی زۆری ڕێکخراوەکان زیاتر باسی ئۆرگانی سیاسیی خۆیان دەکەن هەتاکو باسی ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆ کە لەچوارچێوەی مرۆڤانەدا کاری ڕۆژانە ئەنجام دەدات .

هەڵکەوت عەبدوڵا :

من چەند تێبینییەکم هەیە کە دەشێ هەندێکیان لەشێوەی دەربڕینی تێڕوانیندا بێت و هەندێکیش وەک پرسیار دەربڕین .

ئەوەی کاک عومەر دەریبڕی ، ئیمپرێشنێکی (انطباع) لەلا دروستکردم کە (سیستەمی نوێی جیهانی) وەک شۆڕشێک وایە . چونکە کۆمەڵە گۆرانکارییەکی هێناوەتەئاراوە کە کاتی خۆی پەیامی شۆڕشی فەرەنسا بوون و بەتەواوەتی جێگیرنەکراون و ئێستا سەردەمێک هاتووە خەڵکانێکی دیکە بتوانن بیانچەسپێنن ! بەپێی ئەو جۆرە دەربڕینەش مرۆڤ ناچاردەبێت پشتگیری بکات ، یان بەڵای کەمەوە مامەڵەیەکی پۆزەتیڤانەی لەگەڵدا بکات . ووردبوونەوە ئەوە دەردەخات مەسەلەکە بەو جۆرەیە کە لەو دەربڕینەدا هاتووە ، بۆ سەلماندنی ئەوەش چەند سەرنجێک دەردەبڕم :

لەووتارەکەدا باسی زیادبوونی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و زۆربوونی ژمارەی هێزی سەربازی ئەو ڕێکخراوە کراوە ، هەروەها هێماش بۆ کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤ کراوە . بێگومان بایەخدان بە مەسەلەی مافی مرۆڤ و دانانی بەخاڵی یەکەمی بەرنامەی کار مایەی دڵنۆشی هەموو ڕۆشنبیرێک و دەسەڵاتێکی سیاسی دیموکراتیانەیە ، چونکە تێکۆشانی ئاوان لەواقیعدا بۆ ئەوەیە مرۆڤ ئاسوودە و ئازاد بێت و بەسەرفەرازی بژی . بەڵام پێم وایە زیادبوونی ڕۆڵی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤ یاخود ژمارەی هێزی سەربازی بۆ (پاراستنی ئاشتی لەجیهاندا) دەرخەری ناوەڕۆکی پڕۆسەکە نیە ، چونکە ئەوەی لەم بوارەدا گرنگە ئەوەیە کێ لەپشتی سەری ئەوانەوەیە ، واتە کێ کۆنترۆڵی کار و بەرنامەکانیان دەکات . بۆ نموونە ، کێ بڕیار دەدات هێزێکی نەتەوە یەکگرتووەکان بچێتە نێو وڵاتێکەوە کە دیکتاتۆرێک فەرمانڕەوایە و مافی مرۆڤ و دیموکراتیەت پێشێل دەکات ، بەڵام نەچێتە

وولاتێکی ترموە کە هەمان هاڵومارچ لەئارادایە ؟ کێ کۆنترۆڵی ئەوە دەکات لێدانی مافی مرۆڤ لەجێگایەک بە پێشێلکردن بژمێردرێ و لەجێگایەکی دی بە پاراستن ؟

سەبارەت بەوەی لەسایەی « سیستەمی نوێی جیهانی » یەوە ئەو سنوورانەی زۆر پیرۆز و پۆلایین بوون وەک جاران نەماونەتەوە و گۆڕانیان بەسەردا هاتووە ، حازدەکەم هیچا بۆ لایەنێکی مەسەلەکە بکەم کە لەباسەکەی کاك عومەردا نەهاتبوو. لەسەردەمی شەڕی سارد و هەبوونی سیستەمی دوو جەمسەریدا پێویستبوو سنووری وولاتان بلۆکیانە بپارێزرێن ، ئەوش بۆ ئەوەی لەئەنجامی تێکچوونی سنوورەکان هیچ جەمسەرێك زیانی پێ نەکەوێ . هەر لەبەر ئەو هۆیەش بەندێك سەبارەت دەست نەخستنە نێو کاروباری وولاتان دارێژرا . ئێستا هاڵومارچەکە گۆڕانی بەسەرداهاتووە ، بلۆکی (سۆسیالیستی) نەماوە و شەڕی سارد کۆتاییهاتووە و مەترسییان نەماوە ، لەلایەکی دیکەشەوە تەنگوچاڵەمکانی نێو خودی بلۆکی سەرمایەداریش قوولتربۆتەوە و پێویستە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە ، یەکێك لەو چارەسەرانە گوێزانەوەیەتی بۆ دەرەوەی سنووری خۆیان . بۆ ئەمش لابردنی پرنسیپی دەست نەخستنە کاروباری وولاتانی تر بایەخی خۆی لەدەست دەدات و پرنسیپی دەستنەخستنە نێو کاروباری وولاتانی تر دێتە مەیدانەوە. بێگومان لە وولاتەکانی ئەکتەری « سیستەمی نوێی جیهانی » ، خاڵکانی مرۆڤدۆست و دیموکراتخواز هەن کە هیوایانە بەهەر شێوەیەك بێ ئەو دیکتاتۆرانە لەناوببرێن کە مافی مرۆڤ و دیموکراتیەت پێشێل دەکەن ، بەڵام پێم وانیە ئەکتەرەکانی سیستەمی نێستا هەمان نیەت و وێستیان هەبێ .

مەسەلەی کەمکردنەوە یان لەناوبردنی چەکی هیوایەکی دێرینەی مرۆڤایەتی بووە ، بەڵام بۆ دەرکەوتنی جیددییەت و ڕاستگۆیی ئەو هەنگاوە تەنیا ئەوە بەس نیە چەکی گشت کۆژەی وولاتە دیکتاتۆرەکان لەناوببرێن کە بەخراپ بەکاریدەهێنن ، بەڵکو پێویستە چەك لەسەرتاسەری جیهاندا ، بەتایبەتی لەو وولاتانەدا کە خۆیان دروستکەر و فرۆشیارین و ئێمرۆ هاوڵی لەناوبردنی دەدەن ، نەمێنێ و یاسای بانیکە و دوو هاوا لەم هەنگاوەدا پێرەوی نەکرێ . چونکە پێچەوانەی ئەمە ، واتە لەناوبردنی چەك لە وولاتە (دواکەوتووەکان) دا کە خراپ بەکاری دەهێنن و پاراستنی لە وولاتە (شارستانیەکان) دا نابەڕابەرییەك دروستدەکات کە زەمینە بۆ داگیرکردن و چاوساندنەوەی زیاتر خۆشدەکات .

کاك عومەر باسی ئەوەی کرد کە مەسەلەی کورد دوای تێکشاندنی ڕاپەڕینەکە و کۆچە مەزنەکەی کورد و بەجیهانی بوونی دەگەڕێتەوە بۆ لایەنە مرۆڤایەتیەکەی . من لەگەڵ ئەودا بۆ ئەم مەسەلەیە هاوبیرم ، بەڵام دەشێم لەپشتی ئەو لایەنە مرۆڤانەیەوە دوو ئامانج هەبوو : یەکەم - کێشەیەکی وێژدانی لەنێو ڕای گشتی ئەو وولاتانەدا سەریهەڵدابوو کە جەنگی کەنداویان بەرپاکرد و هەتا دوائەنجام نەیانبرد ، واتە ئەرکی لەناوبردنی ڕژێمی عیراقیان تەواونەکرد . ئەوەش پاش ئەوەی بەو کارە گەلی عەرەب لەخواروووی عیراق و گەلی کورد لەکوردستان دووچاری گەورەترین تراژیدیا و کارەسات بوون . ئەو کێشە وێژدانیە زۆری بۆ ئەو وولاتانە هێنا و ناچاریکردن کارێك بکەن بۆ مەسەلەکە . دووەم - مەسەلەی کورد لەناوچەکەدا دەشێ یارمەتیدەری جێگیرکردنی سیاسەتەکانی ئەوان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان بێت . ئەمەش بەرێگرتن لە دروستبوونەوەی ڕژێمێکی عیراقی پتەو لەرێگەی کێشەی کوردەوە لەلایەك و دانانی کوردستان وەك بەربەستێك لەپێشی شالاوی پان ئیسلامیزم بۆ سەر ڕۆژئاوا لەلایەکی ترموە .

هەروەها کاك عومەر هێمای بۆ ئەوە کرد کە چۆن زاراوەی « سیستەمی نوێی جیهانی » قەبەکرا و تەلیسمێك بەدەوریدا دروستکرا ، بەتایبەتی لە ناوچەکانی لای خۆمان . هەروەها باسی ئەوەی کرد چۆن ئەو سیستەمە بووە هۆی فڕێدانی چەمکە کۆنەکان و هاتنەئاراوەی چەمکی نوێ . بەبڕوای من دروستبوونی چەمکێکی دیاریکراو بەری واقیعێکی دیاریکراو و هەڵقوڵاوی زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوە . بۆیە ئەگەر تابلێك لەنێوان چەمکی گوێزراوە و واقیعی بۆ گوێزراوەدا نەبێ ، یاخود زەمینەی ئامادەکردنی چەمکێك لە زەمینەیەکی تردا نەبێ ، ئەوا چەمکەکە نەك هەر ناتوانێ ڕوونیکی کارێگەر ببینێ ، بەڵکو دەبێتە هۆی شێواندنی تێڕوانین و ڕای گشتی ، یان بەڵای کەمەوە وەك بڵقی سەر ئاوی لێدێ . بۆ نموونە ، سەردەمانێك عەرەبەکان پاش سەرهەڵدانی پیرۆستروێکا لە سۆڤیەت کاوتە بانگداشەکردن بۆ دیموکراتیزەکردن و ئاشکراکردن و شتی لەو جۆرە، چەندین کۆڕ و دیداریشیان بۆ (پیرۆستروێکایەکی عەرەبی) سازکرد ، کەچی شتێکی بەرجەستە ڕووی نەدا. چونکە ئەو چەمکە بەری واقیعی یەکێتیی سۆڤیەت و بارودۆخی تەنگوچاڵەماوی ئەوێ بوو و نەدەکرا پێکهووێك لەنێوان واقیعی عەرەبی و سۆڤیەتیدا دروستکرێت . بەبڕوای من ، ئێمرۆ زاراوەی « سیستەمی نوێی جیهانی » و چەمکەکانی پێوە بەستراوەکانی هەمان مامەڵیان لەگەڵدا دەکرێت ، بەتایبەتی لەلایەن هێزە دەستڕۆیشتووەکانی کوردستانەوە . چاوخشاندنێك بەسەردەمی کۆچە مەزنەکەدا ئەوەمان بۆ دەردەخات چۆن ئەو هێزانە

بەشێوەیەکی زانستیانە مامەڵیان لەگەڵ ئەو زاراوە و چەمکانەدا نەکرد و چۆن وایان لە جەماوەر دەگەیاند لەسایەی ئەو سیستەمەوە کورد بێ بەڵا دەبێ و بێ جوولە و خۆماندووکردن زلهێزەکان بەرگریمان لێدەکەن و داکۆکی لەمافەکانمان دەکەن . ئەمش جگە لە تێنەگەیشتنی واتای ئەو زاراوە و چەمکانە ، دووپاتکردنەوەی ئەو سیاسەت سەپێنیی و پەرچەکردارانەیە کە کاک عومەر هێمای بۆ کرد و دووبارە لە ئامادەکردنی میللەتێک بۆ پرۆسەیەکی گەورە کە داهاتووی کوردی پێوە بەندە .

لێرەدا پێم باشە هەمان پرسیاری پێشووی خۆم دووبارەبکەمەوە : ئایا کاریگەریی سیستەمی دوو جەمسەری جاران لەسەر وڵاتانی (جیهانی سێ) بەکشتی و کوردستان چی بوو و کاریگەری سیستەمی ئێستا چی دەبێ لەسەر هەمان ئەو وڵاتانە و کوردستان ؟ ئایا چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ ئەم سیستەمەی ئێستا ، بەپێچەوانە ئەوەی پێشوومەوە کە زیاتر لەخزمەتی ڕژێمەکاندا ، لەخزمەتی خەڵکدا بێ ؟

بورهان یاسین :

لەبەر ئەوەی بابەتەکەی من هەمان چوارچێوەی هەیە و زۆر لەو شتانەی ئێوە هێناتان بۆ کرد لەوێدا بەشێوەیەکی دیکە قسەم لەسەر کردون ، بۆیە حەزدەکەم باسی هەندێ شتی تر بکەم .

بۆچی پرۆسەکە لە بوڵگاریا ڕاوەستا ؟ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەرنامەی (سیستەمی نوێی جیهانی) دا لەکوێدا ڕادەوەستێ ؟ بەبڕوای من ئەو ڕووداوانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاتنەپێش ، بە پێوەند لەگەڵ مەسەلەی کورد ، زیاتر دەرفەتامی ئەو هەڵانە بوو کە کێشەی کوەیت و ڕزگارکردنی کوەیت و بێ هێزکردنی دەوڵەتی عیراق و دانانی دەوڵەتی عیراق لەژێر نیشانەی پرسیار و تێکشکاندنی ئەو واقیعە نەبزواوە هێنابوویانە ئاراوە کە لەسەر بنچینەی تەرازووی هێز لەنێوان سێ دەوڵەتی زۆر گرنگی ناوچەکەدا : عیراق و ئێران و تورکیا ، هەبوو . ئێستا ئەو تەرازووی هێزە نەک هەر بزواوە ، بەڵکو تێکشکاوە . لەڕاستیشدا ڕۆژئاوا سەرقاڵی ئەوەیە بزانێ چۆن ئەو تەرازووی هێزە دروستکرێتەوە .

ئەگەر دوور لەهەندێ چەمکی وەک مافی مرۆڤ و دیموکراسیەت و ئەوانە و زیاتر لەلایەنی تەرازووی هێز و هێز و بەرژەوەندی تایبەتی و دەوڵەتەوە ، وەکو ئەکتەرێکی سەرەکی ، بڕوانینە مەسەلەکە ، ئەوسا بۆ دەردەکەوێ کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، بەپێی ئەو زانیارییانەی هەمە ، هەتا ئێستا حیسابێکی تەواوی بۆ نەکراوە و نازانرێ ئایا لەو گۆڕانکارییانەدا لەکوێدا دەوەستێ ؟ لەم بارەیەوە دەربڕینی زۆر هەن ، یەکێک لەوانە نوێکردنەوەی دەوڵەتی عوسمانیە ، گەورەکردنی دەوڵەتی تورکیایە . واتە هاتنەئاراوەی دەوڵەتی عوسمانی نوێ لەبەرامبەر بزووتنەوەی پان ئیسلامیزم ، یاخود بەرامبەر بەو بزووتنەوە ئیسلامیەی هەرمشە لەناوچەکە دەکات و بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا دەخاتە ژێر مەترسییەوە . ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک سندوقێکی باروت وایە ، واتە کۆمەڵێک مەسەلەی ئاڵۆز و گرانی تێدایە . ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێ ڕۆژئاوا نایەوێ کاتێکی تەواوی بۆ تەرخانکات . ئەمە یەک ، ڕەنگە مەسەلەی دووەم ئەوەبێ کە ژمارەیەکی زۆر ناوچە لەپێشچاوی دەوڵەتانی ڕۆژئاوان ، بەتایبەتی ئەمریکا ، لێرەشدا مەسەلەی بایەخدان بەناوچەیەک بەر لەناوچەیەکی دیکە دێتەئاراوە . ئەورووپا بەپێی زۆر بەڵگە یەکێکە لەو ناوچانەی زۆر گرنگە . ئەورووپا کارگەی دەرهێنانی مەترسیدارترین فیکرە جیهانیەکانە ، ڕ ئیجابی و ڕ سالبی ، بۆ ئەمریکا وەک ناوچەی پلە یەک و ناوەندی یەکەم دەمێنێتەوە لە بایەخپێداندا . ناوچەی دووەم خواروو ڕۆژهەڵاتی ئاسیایە : دەوروبەری ژاپۆن و پلنگەکان ، کە لەپێشکەوتنێکی خێرادایە . ئینجا ناوچەکانی تریش دێن ، بەڵام ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، بەبڕوای من ئەگەر گرنگیش وەرگرێت ، لەبەر چەمکی دیموکراسیەت یان مافی مرۆڤ وەری ناگرێت ، بەڵکو لەبەر نەوت و ئیسلام و هەبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل وەریدەگرێت . ئەم سێ شتە : نەوت و ئیسلام و هەبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل ، زۆر گرنگن و پێویستە ستراتیژیای کورد و مەسەلەی کورد لەئیمڕۆ و داهاتووشدا بتوانێ کار لەگەڵیاندا بکات و بزانێ لەکوێ دەوەستێ و چۆن دەتوانێ ڕۆڵێک ببینێ کە بەم یان بەو شێوەیە سەرنجی بایەخپێدانی ئیجابی ڕۆژئاوا بۆ لای مەسەلەکە ڕابکێشی . لێرەشدا من حەزدەکەم وەک پرسیار ئاڕاستەی کاک عومەر خۆی بکەم : تێڕوانینی ئێوە بۆ ئەو هەڵانەی ئەورووپای ڕۆژهەڵات چیە ، بەتایبەتی هەڵانەکەی یەکێتیی سۆڤیەت و لێک هەڵوەشانەوەی دەوڵەت و ڕاگەیاندنی مافی چارەی خۆنووسین لەلایەن نەتەوەکانەوە . ئایا بۆ ئەو هەڵانە نەگەیشتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، لەکاتێکدا زیاتر لەسوورێک لەگەڵ ئەو ناوچانەدا هەبوو ؟ ئایا چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ بگات یاخود هەر لەشوێنی خۆیدا ڕادەوەستێ ؟

عومەر شێخ موس :

زۆر سوپاستان دەکەم بۆ هەموو ئەو بیروڕا و پرسیارانەی دەرتان بڕی و زۆربەشیان لەجێگەی خۆیاندا بوون . لەبەر کورتی ماوەکە دەتوانم چەند

مەسەلەیەکی گرنگ بۆ وەلامدانەوەی پرسیارەکان دەربڕم.

سەرەتا زۆرجار دەبێ ئەوەتان لەبەرچاوبێ، مەبەستم لەقسەکانم ئەوە نەبووە کە دەستێکی ڕووەو و ئاشکرا، سیاسەتێکی پلانگێڕاو هەیە بۆ بەڕێوەبردنی ئەم پرۆسەیە. ئەنانەت زانیارەکان خۆشیان ووریا و بەئاگاین و دوای ڕەوتی پرۆسەکە کەوتوون، باشترین نموونە بۆ ئەوە چیە؟ هەموومان زۆرباش لەبیرمانە لە یۆگۆسلاڤیا (وولاتانی بالتیک)، وولاتانی ئەورووپا و ئەمریکا بەڕوون و ئاشکرایی ڕایانگەیاند کە دژی جیابوونەوەی ئاوان و داواکاری مافی چارەی خۆنووسینیانن و هەوڵیان دا ئەو پرۆسەیە ڕابگرن، کەچی گەلانی ئەو وولاتانە ڕای گشتی وولاتەکانیان گۆڕی و لەئەنجامی ئەوەش پرۆسەکەیان زۆر خێرا چووە پێشەوە. بێگومان لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاستیش ج زانیارەکان و ج وولاتەکانی ناوچە و هەندێ سیستەمی ناوچەیی، کە بەکەمی باسمانکردن، دووڕنیە لەدژی ئەو پرۆسەیەبن، بەڵام ئەگەر گەلانی ناوچەکە خۆیان بڕیاربدەن و هەژانێك وەک ئەوەی ئەورووپای ڕۆژئاوا بینینەتاراوە، ئەوا کەس ناتوانێ ڕێگەی لێ بگرێ. ئەگەر جەماوەری میسر و سووریا و ئوردون و سعودیە و ئێران و تورکیا بڕیاربدەن وولاتەکەی خۆیان بگۆڕن، ئەوا کەس ناتوانێ ڕێگەیان لێ بگرێت. ئەو ڕۆژگارە باسەرچوو کەس بتوانێ ڕێگە لە پرۆسەی وا بگرێت، بەتایبەتی پاش ئەو شۆڕشە گەورەیەی بواری کۆمۆنیکاشیۆن لە دنیادا. جاران کە شتێك لە وولاتێك ڕووی دەدا کەس ئاگای لێ نەبوو، بەتایبەتی لە کوردستان هەزار وێك شت لەلایەن ڕژێمە جۆربەجۆرەکانەوە کرا کەچی هیچ کەسێك ئاگای لێ نەبوو و دەنگیشی نەدایەوە. ئێستا بارەکە گۆڕاوە، بچووکترین ڕووداو بقەومێ سەینێ لەڕێگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەوە دەچێتە ناو مالی هەموو کەسێکە و ناچاردەبێ هەڵوێست لەبەرامبەری وەربگرێت. بۆیە داپۆشینی شت وەک جاران شیاونیە، ئەمەش ڕاستییەکە.

دووەم - بەداخەوە بوارنەبوو لە قسەکانی خۆمدا باسی ئەوە بکەم، ئەگەرچی ئەو هەموو گۆڕانکارییانەی جێگای ئومێد و هیوان لەئاستی سیستەمی سیاسیی جیهاندا ڕوویان دا، کەچی بەداخەوە لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست سیستەمی ناوچەیی وەکو خۆی ماوەتەوە. ئەو سیستەمەی تاك هەر لە ڕۆژگاری سیستەمی دوو جەمسەرییەوە، بەڵکو ڕۆژگاری پێش جەنگی جیهانی یەکەمیش لەسەر بنچینەی هێز و دەسەڵات و توانای سەربازی دامەزراوە و ناشرینترین شێوەی بەخۆوەگرتووە، بەتایبەتی لەڕووی ڕێگەنەدان بە گۆڕینی ئیجابی ئاوچەکەوە. ئێرەدا دەشی بپرسین: ئایا پێیان دەگەڕێ لەسەر ئاوە بەردەوام بن؟ لەوەڵامدا دەڵێین نەخێر، چونکە لەبەر ئاو شتانەی لەئاو خەڵك خۆیاندا هەن یان لەژێر کاریگەریی دەرەوە، وانە گۆڕان لەسیستەمی جیهان و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، بە ئێران و تورکیاشەوە، ئاکرێ هەتاهەتایە دەرگا بەڕووی ئاو گۆڕانکارییانەی دەرەوەدا داخرێ. چونکە ئەوانە پێویستیان بەپەیوەندیکردن بەدەرەوە هەیە و بەملیۆنەها خەڵکی ئاو وولاتانە لەدەرەوە دەژین، ئەگەر لەخۆشمان بڕوانین، ئاوە بەدیدەکەین کە ناتوانین ئەکەوینە ژێر کاریگەریی ئاو فیکرانەی بڵاودەبێتەوە، وە ناکرێ بۆچوونێکی دیکەمان نەبێ. بۆ نموونە، ئەم چەند کەسەمان، ئەگەر لەسااڵنی شەستدا دیدارێکی وامان بۆ لێکۆڵینەوەیەکی وەها سازکردایە، ئەوا لەوانەبوو بەچەقۆ یەکترمان کەلەپاچەکەردایە. بەڵام خۆشبەختانە گەیشتوینەتە ئاستێك کە دەتوانین شارستانیانە ئالوگۆڕی بیروڕا بکەین. لەکاتی جەنگی کەنداوەدا، زۆر دۆست و برادەر کە لەبەشی زۆری حکومەتەکانی ناوچەکەدان، هەروەها هەندێ ڕۆژنامەنووس دەیانووییست ڕام لەو بارەیەوە وەربگرن. من بۆچوونێکی وام هەبوو کە دەبێ ئەوەی بەئەڵمانیا و ژاپۆنیان کرد لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا ئاوەش بە ڕژێمی سەددام و ئێران و هەندێ وولاتی عەرەبی تر بکرێ، هەروەها دەستوورێکی دیموکراسییشیان بۆ دابنرێ، بۆ ئەوەی وەک ئەڵمانیا و ژاپۆن هەر خەریکی بازرگانی بن، بزانن ئێستا ج وولاتێکی دیموکراسی و باشن. ئەگەر ئەوانیش وەک ئەڵمانیا و ژاپۆنیان پێ کرا، ئەوا دەشێ ئومێدێك بۆ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست هەبێ.

بێگومان ئەوان بەرگری دەکەن، بەڵام بەپێی ئاو دوو ڕاپۆرتەی لە ئەمریکا سەبارەت بەعیراق بڵاوبۆتەوە پرسیاری ئاوە کراوە کە ئایا تا سااڵنی ٢٠٠٢ عیراق دەمێنێ یاخود نا؟ هەر نووسەرێ ئاو ڕاپۆرتە ووتارێکی لە (فۆرن ئەفێر) دا نووسیوە سەبارەت بەوەی مەسەلەی کورد لەناوچەکەدا دەبێ چارەسەربکرێ، ئەگینا دەبێتە هۆی سەرئێشەیەکی زۆر بۆ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و هێزوتوانای هەموو ئاو وولاتانە دەنووات و ناکۆکیەکان قوڵتردەبێتەوە و بەقازانجی گەلانی ناوچەکە نابێ. لەهەمان کاتیشدا ئاوە دەردەبڕێ کە تێکدانەوەی سنووری چوار وولاتە پراکتیکی و واقیعی نیە و دەشێ کاریگەریی زۆر سەلبی هەبێ، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی ئاشتیانە بێتەکایەوە ئەنجامەکەی بەجۆرێکی دیکە دەکاوێتەوە. لەسەر ئاو قسانە هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی عەرەب، ڕۆشنبیرەکانی عەرەب و ئۆپۆزسیۆنی عیراقی لەدەرەوەی (کۆنگرەی نیشتمانی عیراق) هەڵایەکیان

کرد ماپرسە ، وە ئاوەیان دەربڕی کە یەکێتیی خاکی عیراق لەمەترسیدایە . ئەمە لەکاتێکدا عیراق لەسالی ١٩٢٠ەوە دروستبووە و لەوەوپێش لەئارادانەبووە . جگە لەوە خۆ لەدنیادا چەندین دەولەت دروستبوون و هەلوەشاونەتەوە و هی تر لەجێگەیان دروستبووە و شتێکی سروشتیش بووە . هاروەها وولاتەکانی ناوچەکە : تورکیا و ئێران و سووریا ، چەندین جار کۆبوونەتەوە و ئاوەیان دەربڕیوە کە پشێوی و ئاژاوە لەکوردستانی عیراقدا هایە ، ئەوش کاریگەریی بۆ سەر ئەوان هایە ، وە ئاوەیان دووپاتکردۆتەوە کەدەبێ یەکخستنی کار هەبێ بۆ ڕێگەگرتن لەو کاریگەرییە . بەڵام کە تەماشای ڕاستی ماسەلەکە دەکەین ، ئاوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئەو پشێوی و ئاژاوەیەی لە کوردستاندا هایە ، زۆر لەوەی وولاتەکانی خۆیان کەمتر ، ئەو کوشتار و جەریمە و دزییەی لە کوردستاندا هایە ، زۆر لەوەی ئەو سێ وولاتە کەمتر .

بۆ قسەکانی کاک هەلکەوت سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی هاتوونەتە ئاراوە ، لەڕاستی فیکری و هوشیاریدا ، من وەکو کەس و بۆچوونیش بڕوام بەوە نیە هەموو شتێک بنچینەی مادددی هەبێت . زۆرجار تێڕوانینە فیکرییەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت کە ڕەنگە پڕۆسەی تر ڕۆڵی تێدا ببینێ ئەک گۆڕانە مادددییەکان . ئێنجا سەبارەت بەو گۆڕانەی لەسەر سیادەت بۆ گەلان و مافی مرۆڤ و شتەکانی دیکە ، ڕاستە ئەو وولاتانە جێگەی ئومێدنین و دەزانم چۆن سیاسەتی دەولەتان دادەڕێژرێت ، بۆیە منداڵێکی ساویلکە دەبم ئەگەر باوەڕم وانەبێ بەشی زۆری ئەو وولاتانەی دنیا ، تەنانەت ئەوانەش کە پرنسیپی زۆر پێشکەوتنخوازانەیان هایە ، لەسەر بنچینەی قازانجی میللی سیاسەتەکانی خۆیان دادەڕێژن . بەڵام جاری وا هایە سەرۆکێک دەتوانێ کاریگەری لەسەر ماسەلەکە هەبێ . بۆ نموونە ، لەئەنجامی هاڵگرتنی پرنسیپی مافی مرۆڤ لەلایەن کارتەرەوە لە ئەمریکا گۆڕان بەسەر زۆر وولاتی دنیادا هات . ئێستا بیل کلینتون بۆ خۆی باوەڕی بەهەندێ تێڕوانین و چەمک هایە ، ئەوانە کاریگەری خۆیان هایە . دوێنێ کە دەستیان لە عیراق وەشاند ، یەکسەر هەڕەشەی کرد و ووتی : دەبێ ئەو وولاتانەی مەترسی بۆ قازانجەکانمان دروستدەکەن و پشتیوانی کاری تیرۆریستی دەکەن زۆر ووریابن، چونکە ئەو هەنگاوەی نێمە تەنیا پووی لە عیراق نیە. واتە ماسەلەکان زۆر ڕوون و ئاشکران کە وەکو جاران ناتوانن بەکەیفی خۆیان کاری تیرۆریستی بکەن. بەشی زۆری ئەو وولاتانە ئەم پلاتفۆرمانە بەکاردەهێنن بۆ دابینکردنی قازانجی میللی خۆیان ، جا لەبەر ئەوەی ئەم پلاتفۆرمانە زۆر باون و جەماوەر و ڕای گشتی پشتیوانی لێدەکەن ، بۆیە ئەویش زیاتر بەکاریان دەهێنێ . ئێنجا بەکارهێنانی ئەوانە قازانجێ گەلی کوردی تیادەبێت یاخود نەء ؟ بەبڕوای من قازانجی گەلی کوردی تێدایە . چونکە ج ماسەلەی مافی مرۆڤ و دیموکراسیەت ، ج ماسەلەی ڕێگەنەدان بەچەوساندنەوەی خەڵک و تێکشکاندنی پیرۆزی سنوورەکان ، ج بەگژاچوونی تیرۆر لەلایەن دەولەتانەوە ، بەقازانجی خۆمانن وەکو گەلێکی بندەست .

کاک بورهان ، ڕاستە ئەو ناکۆکیانەی نێوان سیستەمی جیهانی و ڕژێمە ناوچەییەکان ڕۆڵێکی باڵایان هەبوو لەوەدا کە پڕۆسەکە نەگەیشتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست . تەنانەت یەکێک لەهۆکانی ئەوەی جەنگەکەی سەددام وا بەنیوەچڵی مایەوە دەگەڕێتەوە بۆ نارەزایی ڕژێمە ناوچەییەکان سەبارەت لابردنی ڕژێمی سەددام ، ئەوش لەترسی ئەوەی گەلی عیراق ڕژێمێکی دیموکراسی دانەمەزرێنێ و مەترسی بۆ ڕژێمی سیاسیی ئەوان دروست نەبێ . کاک بورهان و کاک خالیدیش هێمایان بۆ ئەوە کرد کە ڕۆژئاوا ، لەئەنجامی هەندێ بۆچوونی چەوت سەبارەت بە ئیسلام و گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، وەک ئەوەی ئەو گەلانە ناتوانن دیموکراسیەت لە وولاتەکانیاندا دامەزرێنن و پێیان ناکرێ پارێزگاری لەمافی مرۆڤ بکەن ، ئایەوێ دەست لە سیستەمی سیاسیی ناوچەکە بدات ، بۆ ئەوەی ڕابەرانی بزووتنەوە لەو وولاتانەدا هەر دۆستی خۆیان بن و لێیان دوورنەکەونەوە . لێرەدا نوکتەی برادەرێک دەگێڕمەوە سەبارەت بەم ماسەلەیە . جارێکیان برادەرێک بەناوی هاوڕێ جەبارەوە (لەناو یەکێتیی نیشتمانیدا) ووتی باوەڕیکەن هاڵگرتنی دروشمی دیموکراسیەت بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان دروشمێکی چەوتە ، وا چاکە بڵێین دیکتاتۆرییەت بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان. ئێنجا لەوە دەچێ وولاتانی ڕۆژئاواش بڵێن دیموکراسیەت و پاراستنی مرۆڤ بۆ هەموو ناوچەکانی دنیا جگە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست .

خالید نازدارزاده :

سەبارەت بە دواپرسیاری کاک بورهان ، واتە بەراوردکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سۆڤیەت ، پێویستە ئاوەمان لەیادنەچێ کە سۆڤیەت وەک ئیمپراتۆرییەتێک ڕووخا و لەسەر ئاستی ئایدیۆلۆژی پشتگیری لە ڕووخانەکەی کرا ، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاوە نابوو ، بۆیە ماسەلەکە لەسەر ئاستی خەڵک و ڕابەرایەتی دەمێنێتەوە. جا لەبەر ئەوەی گۆڕانکاری لەم ئاستەدا نەهاتۆتە ئاراوە ، بۆیە لەوەدەچێ گۆڕانکارییەکان هێشتا سەرهەڵیان بن .

خالید نازدار زادە

قوتابی دکتۆرایە لەزانکۆی یوتۆبۆری - سوید و بابەتی دکتۆراکەی لەسەر پرۆسیسی دروستکردنی دەوڵەتی عیراق .

چارەی خۆنووسین لە پێش و پاش شەڕی سارد

پێش هەموو شتێك حەزدەکەم سەرنجێکی بچکۆلانە بۆ ئەو چەمکە خۆی ڕابکێشم . کاتێك لە کوردیدا دەگووترێ لە چارەت نووسراوە ، مانای ئەوەیە یەکێك لەوەوپێش بڕیاری لەسەر داوە و چارنووسەکەش لەلایەن خوداوە دەدرێ تاوەکو یەکێکی دیکە . جا لەبەر ئەوەی لەکوردیدا هیچ بەرامبەرێکمان نیە ، بۆیە منیش هەر ئەو ووشانە بەکاردەهێنم .

باسەکەم بەوە دەستپێدەکەم کە کاك عومەر کۆتایی باسەکەی پێهێنا ، واتە گەرانەوە بۆ پرنسیپەکانی شۆڕشی فەرەنسی . بەڕاستی شۆڕشی فەرەنسی گۆڕانێکی زۆر گەورەی هێنایەکایەوە ، بەتایبەتی لە بیروبۆچوونی سیاسیدا . شۆڕشی فەرەنسی تاکە شۆڕشێك بوو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و لە چوارچێوەی دەستوردا بۆ یەکەم جار ئەو بۆچوونەی گۆڕی کە دەیگووت پادشا و دەسەلاتداران لەبەر ئەوەی حوکم لەخودا وەردەگرن سەروەرن ، وە لەبری ئەوە ئەو بۆچوونەی هێنایەئاراوە کە دەڵێ جەماوەر سەروەرە و دەبێ پادشا و دەسەلاتدارەکان هەڵبژێرێ و لەکاتێکدا دژی خەڵك بن مافی گۆڕینیانی هەبێ ، واتە جەماوەر و خەڵك ئەو مافەیان درایە . ئەم بۆچوونە زۆر نوێ بوو و لەسەرەتادا لە ئەورووپا بڵاوبووەوە ئینجا چووە دەرەوە و کارێگەریی خۆی هەبوو . ئەگەرچی ئەو شۆڕشە خۆی گۆڕانی بەسەرداهات و بەو شێوە لیبرالیە نەمایەوە ، بەتایبەتی لەکاتی داگیرکردنەکانی ناپلیۆن و پاش ساڵانی ١٨٠٠ ، لەگەڵ هاتنەکایەوەی سەروەریی جەماوەر مافی بەرهەڵستیش درایە مرۆڤەکان . لە بیروبۆچوونەکانی شۆڕشی فەرەنسیدا مرۆڤ وەك تاکەکەس مافی درایە ، بەڵام لەو گۆڕانانەی بەسەریداهات ، لەمافی تاکەکەسەوە چووە مافی نەتەوەکان . واتە دەبێ ئەوەمان لەلا ئاشکرابێ کە لەسەرەتادا ماف وەك مرۆڤێك نەك نەتەوەیەك درایە مرۆڤەکان ، بەڵام دوایی هاتە سەر ئاستی مەسەلەی نەتەوایەتی . ئەوەمان لەیادنەچێ ، ئەگەرچی شۆڕشی فەرەنسی ئەو بیروبۆچوونەی دروستکرد کە سەروەری دەگەڕێتەوە بۆ جەماوەر ، بەڵام چارەسەری بۆ زۆر گیروگرفتی ئابووری و کۆمەڵایەتی نەدۆزیبوەوە . بۆیە لەسەدەی پێشووەدا کاسانی وەك سان سیمۆن و مارکس جارێکی دی هاتن و ئەو بیروبۆچوونەیان بەشێوەیەکی دیکە دارشتەوە .

بەهەرحاڵ ، پرنسیپی سەروەریی جەماوەر ، وەکو مافی بڕیاری چارەی خۆنووسین ، کە مرۆڤ خۆی بڕیار لەسەر دیاریکردنی چارنووسی خۆی بدات ، لەکۆتایی جەنگی جیهانی یەکەمەوە بەتەواوەتی پەرەی پێدراوە . ئەو بڕیارە نەك وەك ئامانجێك مایەوە ، بەڵکو وورده وورده لەلایەن ئەمانی و ئیتالی و بۆلشەفیکەکانەوە وەرگیردرا و لە سیاسەت و سیاسەتی دەرەوەی ئەواندا بەکارهێنرا . لێرەدا ئەگەرچی ئەو پرنسیپە مافی ئەوە دەدات بە نەتەوەیەك (کورد بۆ نموونە) دەوڵەتی خۆی هەبێ ، بەڵام زۆرجار بەشێوەی سیاسی و لەقازانجی دەسەلاتدارەکاندا بەکارهێنراوە . لێرەدا حەزدەکەم

نموونه بهێنمەوە : هەوڵدانەکەی هیتلەری سالی ١٩٢٦ بۆ داگیرکردنی پراین مان و سالی ١٩٢٨ بۆ داگیرکردنی ئوتریش و چیکوسلۆڤاکیا ، لەچوارچێوەی ئەو داواکارییەدا بوو ، چونکە بەپێی بانگداشەی هیتلەر لەو ناوچانەدا ئەڵمانی هەبوون و دەبوایە بگەڕێنەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ئەڵمانی . هەروەها داگیرکردنەکەی قوبرس لەلایەن تورکیاوە بەپێی هەمان بۆچوون بوو . هەوڵی سەرنەکەوتووی داگیرکردنی کوەیتش کەبووە هۆی هاڵگیرسانی جەنگی کەنداو ، لە چوارچێوەی هەمان بیروبۆچوونداببوو . چونکە لەڕوانگەی حکومەتی عیراقەوە کوەیت دەوڵەتێکی دەستکردی کۆلۆنیالیزمە و دەبێ ئەو لقە بگەڕێتەوە بۆ درەختەکەی خۆی . لەو نموونانەوە ئەوە دەردەکەوێ کە ئەو پرنسیپە زۆر جاریش بەشێوەی سیر بەکاربراوە .

لە ١٩٤٢-١٩٤١ دا نوێنەری (٢٦) حکومەت ، لە جاری گەردوونی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ، ئیمزایان لەسەر کۆمەلێک ڕێکەوتننامە کرد کە تیایدا دان بەوەدا نرا خەڵک (تاک ، گەل ، نەتەوە) مافی چارەی خۆنووسینی هەیە و بۆی هەیە دواڕۆژی خۆی دیاریکات . دوای ئەوە بەردەوامی ئەم مافە گەیشتە ئەو پلەیەی ، بەتایبەتی لە قۆناغی ئەمڕۆدا کۆلۆنیالیزمدا ، ئەو کۆلۆنیانەی لەژێر دەستی ئەو وڵاتانەبوون ئەو مافەیان پێدرا . لێرەدا ، لە مەسەلەی ئەمڕۆدا کۆلۆنیالیزمدا ، مەسەلەی ئەژاد و قەوارەی نابووری و سیاسی و کولتووری مەرج نەبوو بۆ ئەوەی کێ ببێتە دەوڵەت و ببڕیار لەسەر پاشەڕۆژی خۆی بدات ، بەڵکو ئەو دەوڵەتانەی هەبوون ئەو مافەیان پێدرا . ئەم پرۆسەیەش بیست سی ساڵێکی خایاند ، لە پەنجاکانەوە تا کۆتایی شەستەکان .

بێگومان باشترین شتێک لەناو کوردا باوبێ و بیری لێبکرێتەوە ، پرنسیپی ویلسونە کە لەسەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمدا داڕێژراوە . بەپێی ئەو پرنسیپە ، هەموو ئەو نەتەوانەی لەژێر دەسەڵاتی عوسمانی کۆندا بوون ، پێویست بوو مافی خۆیان پێبدرێت . کورد لەسالی ١٩١٨-١٩١٤ موە هەوڵی داوە بەشێوەی جیاواز ئەو پرنسیپە بەپێی بەرژەوەندی سیاسیی خۆی ، ئەگەرچی بەربڵاویش نەبووبێ و لەلایەن هەندێ سەرکردە و ڕۆشنبیرموە بووبێ ، بەکاربهێنێ .

بۆچوونەکانی ویلسون و مارکس لە زۆر لایەنەوە لێک دەچوون و لەوەدا خۆیان دەبینیەوە کە میللەتێک (لەبۆچوونەکەی ویلسون دا) یاخود چینێکی سیاسی یا کۆمەڵایەتی (لەبۆچوونەکەی مارکس و پاشان لێنین دا) دەسەڵاتدارێتی کەسانێکی دیکە قبووڵ ناکەن . جا لەبەر ئەوەی میللەتێک دەسەڵاتدارێتی میللەتێکی دیکە قبووڵ ناکات و چینێکیش دەسەڵاتدارێتی چینێکی تر قبووڵ ناکات ، بۆیە مافی ئەوەیان هەیە شۆڕش دژی ئەو چەوساندنەوەیە بکەن ، یاخود کۆمەڵە هەنگاوێک بنێن بۆ گەیشتن بەو چوارچێوە سیاسییەی خۆیان گەرەکیانە دایبڕێژن . لەم پرۆسەدا دەشێ ئەوە جیابکرێتەوە کە کۆمەڵێک دەوڵەت لەو سەردەمەدا دروستبوون کە پرنسیپی سەرەکی لە دروستبوونیاندا سەروەریی دەوڵەت بوو ، کە دوایی بە دەوڵەتی نەتەوەیی ناوبرا . کاک عومەر چەند جارێک باسی ئەوەی کرد کە سەروەری ئەو دەوڵەتانە وەک شتێکی یەزدانی سەیردەکرا . ئەمەش پێچەوانە پرنسیپەکەی شۆڕشی فەرەنسایە کە سەروەریی بۆ خەڵکە نەک دەوڵەتان .

شایانی باسە ، لە چوارچێوەی شەڕی ساردا ، ئەو پرنسیپە بەجۆرێکی ئەوتۆ جێبگرت کە جێگەی خودای گرتەوە . واتە ئەو سەروەریی دەوڵەتە گەیشتە ئاستێکی یەزدانی ئەوتۆ کە پێناو نەتوانێ ڕاستەوخۆ بیشکێنێ و لەناوببەرێت . لەهەمان کاتدا ئەو دەوڵەتانە لەسەر یەک ئاست سەیردەکران . لەژێر ئەمانەوە گروپی تر (Subgroup) هەبوون ، کە بەگوێرەی سیاسیی ئەو سەردەمە - بەتایبەتی چل و پەنجا و شەستەکان و لە چوارچێوەی مۆدێرنیزمدا - ئەگەر هاتوو ئەو دەوڵەتانە بەردەوامبن لەسەر ئەو پلان و پڕۆژانەی هەیانە ، ئەوا ئەو گروپانەی ژێرموە وورده وورده لەناودەچن و بەرەو ئەوە دەڕۆن کە گرنگیی سیاسیان نەمێنێ و زیاتر گروپێکی هاوئاهەنگیی لەسەر ئاستی نەتەوەیی دروستبێ . بەڵام لەدواییدا ، پاش ئەوەی مەسەلەی نەمێشتنی کۆلۆنیالیزم بەردەوام دەبێ ، گۆڕانێک دێتەئاراوە ، بەتایبەتی لە (جیهانی سێ) دا و پاش گەیشتنە ئازادی و سەربەستی ، ئەویش ئەوەیە کە ئەو دەوڵەتانە خۆیان ڕووبەڕووی کۆمەڵێک گێروگرفت دەبنەوە (بەتایبەتی لە سالانی حەفتا و هەشتاکاندا) ، لە ئەنجامی ئەوەش گروپە ئیتنیکیەکان جارێکی دیکە دەگەنە سەر ئەو باوەڕەی داوای مافی سیاسیی خۆیان بکەن .

لەقۆناغی شەڕی ساردا مەسەلەی سنووردارێ زۆر گرنگ بوو . کەم شوێن لە دنیادا ڕزگاریان بوو و کەم سنووریش گۆڕان . ووردبوونەوە لەو سەردەمە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە چەند سنووریکی وەک پاکستان و دروستبوونی ئیسرائیلی لێ دەرچێت ، گۆڕانکاری لە نەخشەی سیاسیی جیهاندا ڕووی نەداوە و سەروەریی دەوڵەت لەو قۆناغەدا شتێکی یەزدانی بوو . لەهەمان کاتدا هیوای ئەوە هەبوو لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەدا کۆنترۆلێکی نابووری هەبێ بۆ ئەوەی بتوانرێ گەشەی نابووری و کۆمەڵایەتی و ئاسوودەیی کۆمەڵایەتی

بارپابکرێت ، بەو شێوەیەش هاوئاهەنگیەک لەنێو ئەو گروپانەدا پەیدابێ کە لەسنووری دەولەتێکدا پێکەوە دەژین . هاروەها هیوای ئەوەش هەبوو ، لەئەنجامی بەردەوامبوونی سیاستی کۆنترۆڵی ئابووری ، ناسنامەیەکی کولتووری تازە بێتەکایەوە . بۆ نموونە ، هەموو خەڵک خۆی بە عیراقی ، ئێرانی ، میسری ، یۆگۆسلاڤی بزانێ . هیوا و ئامانجەکانیش زیاتر لەو چوارچێوایەدا دەخولانەوە کە ئەو وەلائانەی (Loyalty) هەبوون و بە دواکەوتوو لەقەڵەم دەدران وورده وورده لەناوبچن و وەلائی تر بێنەئاراوە . لەهەمان کاتدا ئەو دەولەتانە لەلایان دەولەتانی جیهانەوە دانیان پیادانرابوو ، بۆیە دروستبوونی دەولەتانێک بێ دانپیانانی دەولەتەکانی دەوروپشت پڕۆسەیەکی زۆر سەخت بوو . ئەگەر بڕوانینە مەسەلەی (DDR) ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات ، دەبینین بەڵوکی سۆڤیەت هەموو کارێکی کرد بۆ بەرەسمی ناساندنی ، پڕۆسەکەش زۆری خایاند و بەرتیلێکی زۆریش ، لەشێوەی چەک و یارمەتیدا ، درایە وەڵاتانی (جیهانی سێ) لەپێناو دەنگ کۆکردنەوەی زۆردا . لەڕێگەی ئەم تێبینییەی دواییەوە ویستم سەرنج بۆ ناساندن و دانپیانانی دەولەتان ڕابکێشم ، چونکە یەکێکە لە خاڵە گرنگەکانی هەتا ئەم سەردەمەش بەدەستهێنانی زۆر سەختە . مەسەلەی یۆگۆسلاڤیا و مەسەلەی جیابوونەوەی کرواتیا و سلۆڤینیا و بۆسنە ، ئەوە دەردەخات سیستەمی کۆن چەند جێرە و گۆڕانی زۆر دەخایەنێ .

پاش سەربەخۆبوونی ئەو دەولەتانەی باسمانکرد ، پڕۆسەیەکی دیکەش هاتەکایەوە ، ئەویش ئەوەبوو کە ئەو دەولەتانە هەموو دەبوونە ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ، بەمۆی ئەوەشەوە ئەگەر گروپێکی ئێتنیکی داوای مافی خۆی بکردایە ، ئەوا دەبووە هۆی دروستکردنی مەترسی بۆ یەکێتیی خاکی ئەو دەولەتانە ، ئەمەش شتێکی قبووڵ نەکراوبوو . ئەگەر سەیری ساڵانی شەست و حەفتاکانی مەسەلەی کورد بکەین ، بەباشی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە وەڵاتەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات هەڵوێستی ئاشکرایان نەبووە لەسەر ئەوەی ئایا بۆچوونی ئەوان لەسەر مانەوە و پاراستنی سنووری ئەو دەولەتانە تاچ ڕادەیەک بەهێزبووە ، بەبەراوردکردن بەوەی میللەتێکی ئەوەندە ملیۆنی مافی خۆی هەبێ یان نەبێ ؟ واتە ئەو دوو چەمکە دژایەتیەکی سەیریان هەبووە و بەردەوامیەکیشیان هەیە . ئەگەر لەچوارچێوەی عیراق دەربچین و سەیری مەسەلەی کوردی تورکیا بکەین ، زۆرجار لە کۆنفرانسی ئاسایشی ئەورووپیدا هەڵوێستی دووڵایەنی بەرامبەر تورکیا بەدیدەکرێ ، لەلایەکەوە هەوڵدەدرێ ڕەفتاری لێ بگیردرێ ، لەلایەکی تریشەوە لەبەر بەکارهێنانی تورکیا لەماندی ناوچەی دیکە چاوپۆشی لێبکرێت .

لەسەر مەسەلەی بۆچوونی مارکسیزم بەرامبەر مافی چارەی خۆنووسین شتێک ناڵێم ، چونکە لەچوارچێوەی ئەتەوایەتی دەردەچێ و مەسەلەی چینایەتی دێتە پێشەوە . بەڵام پێم باشە هێما بۆ ئەو گۆڕانکارییانە بکەم کە ئێستا هاتوونەتەئاراوە و دەکرێ لەگەڵ ئەوانەی قۆناغی پێشوودا بەراوردبکرێن :

مەسەلەی گۆڕینی سنووری زۆر پیرۆز بوون و دانانیان لەژێر نیشانەی پرسیاردا . بێگومان دەستکاریکردنی سنووری کارێکی ئاسان نیە و بەپێی هەڵومەرجی تایبەتی و مێژووییی لە ناوچایەکەوە بۆ ناوچایەکی دیکە دەگۆڕێ . لەسەر سنووردارێتی هەندێ ناوچە ، وەڵاتانی ئەورووپا ڕۆلیان تێدا بینیوە و هەڵوێست وەرگرتنی تر بەرامبەریان ئاسان نیە . بۆ نموونە ، ئەورووپای ڕۆژئاوا ، بەتایبەتی فەرەنسا و ئینگلستان ، و تارادەیەکیش ئەمریکا لە مەسەلەی دەولەتی ئیسرائیلدا ڕۆلیان هەبووە و هەڵوێست وەرگرتنیان سەختە و وەک هەڵوێست وەرگرتنیان بەرامبەر سۆڤیەت نیە . چونکە ئەوان لە دامەزراندنی یەکێتیی سۆڤیەتدا ڕاستەوخۆ بەشدارنەبوون ، بەڵام لە نەخشەکێشانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەشداربوون . لەبەر ئەوە ئێستا ناچارن پانزە بیست جار بیر لەو هەڵوێستە بکەنەوە کە هەیانە ، هاروەها دەبێ شارەزایان لە بارژەوەندیی سیاسی و ئابووری و تارادەیەکیش جیۆسیاسی کارێکی ئەوتۆ بکەن هەڵوێستەکانیان ناشکرانەبێت .

دەبێ ئەوەمان لەبیرنەچێ کە گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییە ، بەتایبەتی مەسەلەی کوەیت ، دوو شتیان سەلماند : لەلایەکەوە مانەوەی دەولەتی کوەیت وەک سنوور مەسەلەیەکی گرنگە ، لەلایەکی تریشەوە چوونە ناو عیراق و پاراستنی کورد لەوێ ئەوە دەسەلمێنێ کە پیرۆزی سنوورمکان وەک ڕۆژگاری پێشوونیە و گۆڕانی بەسەردا هاتووە . جگە لەوە ، مەسەلەی سەروەریش لەچەندین جێگە گۆڕانی بەسەردا هاتووە ، دەتوانین بۆ ئەمەش نموونەی سۆمالیا و کوردستان بهێنینەوە ، کە ئەوان ئێستا بەشدارن لەپڕۆسەکەدا و بریاردەرن تیایدا . ئەگەر مرۆڤ سەیری ئەو هێزانەش بکات ، بۆنموونە کە لە سۆمالیان ، ئەوەی بۆ دەردەکەوێ بەشێکیان لەو وەڵاتانەوە هاتوون کە خۆیان گیروگرفتی زۆریان هەیە . ئەمەش بەبڕوای من ڕەخنەنامەی لە وەڵاتەکانی دیکەی (جیهانی سێ)دا دەبینرێتەوە .

سەبارەت کۆنترۆڵکردنی ئابووری ، بێگومان گۆڕانێکی ئەوتۆ نەهاتۆتەئاراوە . ئەگەر قسە لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین ، دابەشکردنی سەروەت

و سامان ڕووی نەداوە و کۆنترۆڵکردنی ئابووری بێ چارەسەر ماوەتەوە . مەسەلەی گرووپی ژێرمووبیش (Subgroup) لە چوارچێوەی دەولەتەکان و بەگوێرەی ئەو چاوساندنەوەیەی لەدژیان پیادەکراوە ، بەپێچەوانەی ویستی دەولەتەکان ، ناسنامەیان لەچوارچێوەی کولتووری خۆیاندا بەهێزتربووە . ئەگەر کورد بەنموونە بهێنینەوە ، دەبینین کورد لە تورکیا ، ئێران ، عیراق و تاڕادەیەکیش سووریا ، لەدژی ئەو چاوساندنەوەیەی دەرهەقیان کراوە ، ناسنامە و کولتوورەکەی بەهێزتربووە و ڕێکخستنی سیاسی و بزووتنەوەکەشی تاڕادەیەک گۆڕانی بەسەردا هاتووە . ئەمەش ئەوە نیشان دەدات ئەو پرۆسەیەی ئەو وڵاتانە بەنیازی تواندنەوە پیادەیانکردووە ، بۆتە هۆی بەهێزبوونی ناسنامەی گروپە ژێرموبیەکان .

لەسەر مەسەلەی دان پیانانی ئەوەی گرووپێک یان میللەتێک خۆی بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی ڕێگایەکی سیاسی بدات ، پێم وایە کوردستانی عیراق نموونەیەکە بۆ ئەو ناکۆکیەی لەنارادایە . ئەگەر کورد ، کە خۆی پەرلەمانی لەڕێگەی هەڵبژاردنێکی دیموکراسیاوە هەڵبژاردووە و خاوەنی دەولەتی خۆیەتی ، بڕیاری جیابوونەوە بدات ، ئەوا کێشەکەی بەباڕێکی تردا دەکەوێ . بەڵام لەبەر ئەوەی هێشتا لە چوارچێوەی دەولەتی عیراقدا ماونەتەوە و سنووری ئەو دەولەتە نەشکاوە ، ئەوا ڕێگەدان بە بەردەوامبوونی ئەو پرۆسەیەی لەلایەن وڵاتە زلهێزەکانەوە وەک پرۆسەیەکی ئابووری سەیری دەکرێت ، لەنارادادەمێ . بەڵام ئەگەر کورد هەنگاوێ لە فیدرالیزم زیاتر بنێ ، ئەوا جارێکی دیکە دێتەوە سەر چوارچێوەی تاقیکردنەوە ، کە ئایا تا چ ڕادەیەک دێی پێ دەدرێ ؟ ئەوسا کۆمەڵێک مەسەلەی وەک سنوور و سەروەری و جیۆسیاسی دێتەگۆڕێوە ، کە لەوانەیە تەواو دژی پرنسیپی بڕیاری چارەی خۆنووسین بێ . لەبەر ئەوەشە من تاقیکردنەوەی کوردستانی عیراق ، لەژێر چاتری بڕیاری چارەی خۆنووسیندا ، بەگرنگ دەبینم .

دەربارەی شێوەی دەربڕینی بڕیاری چارەی خۆنووسین ، یەکێک لەو کتێبانەی بۆ ئەم دانیشتنە بەکارمهێناوە ، کتێبی کابرایەکە بەناوی (دوب ڕۆنان) لەژێر ناونیشانی (The Quest For Self-determination) دا کە ساڵی ١٩٧١ دەرچووە . ناوبراو پێنج قۆناغی جیاکردۆتەوە کە تیایاندا مەسەلەی بڕیاری چارەی خۆنووسین ئاشکرابووە :

قۆناغی یەکەم ناودەنێ قۆناغی ناسیۆنالیزم . لەم قۆناغەدا جۆری ئاشکرابوونەکە بەو شێوەیە بووە ، کە بڕیاری چارەی خۆنووسین ، بڕیارێکی نەتەوەیی بووە . ئەم قۆناغەش لە سی و چلەکانی سەدەی پێشوودا بووە و ئەو شوێنەش کە پرۆسەکە تیایدا بەردەوامبووە ، ئەورووپا بووە بەگشتی .

قۆناغی دووەم ناودەنێ قۆناغی مارکسیزم . لەم قۆناغەدا بڕیاری چارەی خۆنووسین بۆ چینێک ئاشکرادەکرێ . ئەمەش وەک ڕێزمووێکی سیاسی لەناوەڕاستی سەدەی پێشوودا لە ئەورووپا باوبووە .

قۆناغی سێیەم ناودەنێ قۆناغی ویلسونی . بەپێی ئەمەش کەمە نەتەوایەتیەکان دەتوانن بڕیاری چارەی خۆنووسین بدەن . ئەم قۆناغە لە ساڵانی (١٩١٦-١٩٢٠) دا بوو و پرۆسەکەش زیاتر لە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا جێگیرت .

قۆناغی چوارەم ناودەنێ قۆناغی نەهێشتنی کۆڵۆنیالیزم . ئەمەش لەساڵانی (١٩٤٥- ١٩٦٠) لە ئەفریقا و هەندێ وڵاتی ئاسیاییدا ڕووی دا .

قۆناغی پێنجەم ناودەنێ قۆناغی ئیتنۆ - ناسیۆنالیزم ، کە لەوێدا جۆری بڕیاری چارەی خۆنووسین بۆ گرووپێکی ئیتنیکی بوو و لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە تا ئێستا بەردەوامە .

ئەگەر مرۆڤ بیەوێ لەسەر ئەم مەسەلەیە بەردەوامبێ ، ئەوا دەتوانی قۆناغی شەشەم دابنێ ، ئەویش قۆناغی گەڕانەوەیە بۆ پرنسیپەکانی ویلسون. ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەت ، جیابوونەوەی چیکوسلۆڤاکیا بۆ دوو دەولەت ، جیابوونەوەی هەندێ کۆماری یۆگۆسلافیا و یەکگرتنەوەی هەردوو یەمەنەکە ، مانای گەڕانەوەیە بۆ پرنسیپەکانی ویلسون ، بەڵام لە چوارچێوەیەکی تردا . واتە هەرچ نیە ئەمجارە گرووپی کەمەنەتەوایەتیەکان بێ و دەشێ چوارچێوەیەکی دیکەی هەبێ .

لەسەر مەسەلەی ئیتنیکی ، ئەگەرچی کەسانی دیکەش زۆر باسیان کردووە ، پێم باشە ئەوە بڵێم کە لە قۆناغی شەڕی ساردا ، ئەو دەولەتانەی دەبوونە ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ، وەک دەولەت سایەریان دەکرا و پیاو چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکردن گرووپێکی هاوئاهەنگی دروستکەن و یەکەیەکی سیاسی پێکبهێنن کە سەقامگیرە . وورده وورده ئەو بۆچوونە گۆڕانی بەسەردامات و بینیمان ئەو بزووتنەوە ئیتنیکیانەی وڵاتەکانی (جیهانی سێ) داوای نیشتمان و شوێنی دەسەڵاتداڕێتی خۆیان دەکرد ، چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد وەک گرووپێکی جیاکارە سایەربکرێن نەک بەو جۆرەی دەولەت تێی دەڕوانین . بێگومان ئەوەش بووە هۆی ئەوەی خۆیان بە خاک و نەتەوەیەکی دی ببینن و داوای گۆڕینی چوارچێوەی ئەو دەولەتە بکەن کە چاوەڕوانی مانەوەی دەکرا . بێگومان هەندێ داواکاری لەسنووری ئۆتۆنۆمی و فیدرالیزمدا بوو ، بەڵام هەندێکیش داوای دەولەتی جیایان کرد . ئەگەر بۆ نموونە لە کوردستانی عیراق بڕوانین ،

ئەوا دەبینین لەسەرەتای هەفتاکاندا ئۆتۆنۆمی پشتگیری زۆری لێ دەکرا ، چ لەلایەن ڕۆژئاوا و چ لەلایەن ڕۆژهەلاتەوە ، بەڵام ئێستا داواکارییەکە چۆتە چوارچێوەی فیدرالیزمەوە . هەتا ئێستا ، تا ئەو ڕادەیەی ئاگادارم ، هیچ وڵاتێك یان ڕێکخراوێکی سیاسی هەڵوێستی ڕەسمی لەو دارشتنە وەرنەگرتووە و پرسیارەکە هێشتا بەهەواسراوی ماوەتەوە .

سەبارەت بە ماسەلەی «سیستەمی نوێی جیهانی» و پەیوەندی بە بریاری چارەی خۆنووسینەوە . پێویستە هێما بۆ ئەوە بکەین ، ئەگەرچی تا ئێستا لەو سیستەمەدا بۆچوونێکی وا دروست نەبووە پیاو بتوانێ وەك بۆچوونەکەی ویلسون سەیری بکات ، واتە مافی هەر گرووپێك بۆ بڕیاردان لەسەر پاشەڕۆژی خۆی ، بەڵام دەشێ لە چوارچێوەی دارشتنی مافی مرۆڤ و پاراستنی کەمایەتیەکاندا ، کە لەکۆنفرانسی ڤیەنا ئاشکرابوو ، هیوای ئەوە بخوازرێ ئەو گرووپانەی تائێستا نەگەیشتوونەتە چوارچێوە و قەوارەی سیاسیی خۆیان ، لەسەر بنچینەی مافی مرۆڤ و پاراستنی کەمە نەتەوایەتیەکان بپارێزێن . هەروەها هیوای ئەوە دەخوازرێ ئەگەر گۆڕانکارییەك لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا هاتەکایەوە ، ئەوا فیدرالیەت یان کۆنفدراڵیەت لە شێوەی دەوڵەتی عوسمانی کۆندا بێ یاخود نوێ بێتەئاراوە . لەم بارەیەوە لەوە دەچێ گفتوگۆکان تازە دەستیان پێکردبێ و هێشتا شێوەیان وەرنەگرتبێ .

گفتوگۆ

هەڵکەوت عەبدوڵا :

سەبارەت بەهێماکردنی کاك خالید بۆ ماسەلەی مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد ، بەتایبەتی لە خواروو کوردستان ، دەمەوێ سەرنجتان بۆ ئەوە ڕابکێشم کە ئەو دروشمە : مافی چارەی خۆنووسین ، لەلای ئێمە ، بەتایبەتی لەم بیست سی ساڵەی دواییدا ، بەشێك نەبووە لە عەقڵیەتی سیاسەتمەدارانی کورد . تەنانەت ئەگەر جاروباریش لەهەندێ بۆنە و سەردەمدا دەریان بڕیبێ ، ئەوا لەئاستی پراکتیکدا کاریان پێ نەکردووە و بەو جۆرە ڕەفتاریان نەکردووە کە زەمینەخۆشکەربێت بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە ، بەڵکو زۆرجار بەو شێوەیەش کاریانکردووە کە بەرەو جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمی ڕۆیشتووە تا مافی چارەی خۆنووسین . دەشێ هۆی ئەوە بگەڕێنرێتەوە بۆ سیاسەتی کارپێکراوی سەردەمی شاڕی سارد و ناکۆکیەکانی سیستەمی دوو جەمسەری ، واتە پیرۆزی سنوورەکان و یەزدانی سەروەری و شتی لەو جۆرە ، بەڵام دوای ڕاپەڕینەکەی خواروو کوردستان و جەنگی کەنداو و گۆڕانکارییەکانی دنیا زەمینەیەکی لەبار هاتەئاراوە بۆ ئەوەی کورد بتوانێ توانای خۆی بخاتە سەنگی مەحەکەوە ، هێزە سیاسییەکانیش بتوانن توانستی خۆیان تاقیکەنەوە و بزانن دەتوانن ڕابەرایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بکەن و بەرەو مافی چارەی خۆنووسین نەك ئۆتۆنۆمی بەرن . سەرەڕای ئەوە بەرزکردنەوە و کارپێکردنی دروشمی مافی چارەی خۆنووسین سەنگی مەحەکە بۆ ئەو « سیستەمی نوێی جیهانی » یەی سیاستەمەدارانی کورد کردنەوەی گرێی زۆر کێشەیان پێوەبەستووە ، لەپێش هەموویانەوە چارەنووسی کورد . لەڕاستیدا سیاستەمەدارانی کورد لەسەردەمی ڕاپەڕینەوە نازنەکەدا لەدوای جەماوەرەوە ڕێیان دەکرد ، چونکە دروشمی جەماوەر سەبارەت مافەکانی گەلی کورد چارەی خۆنووسین بوو کەچی دروشمی هێزەکان ئۆتۆنۆمی بوو . ئەوەبوو ، وەك کاك عومەر باسیکرد ، لەئەنجامی پراکتیزەکردنی ئەو هەڵوێستە ، واتە گفتوگۆکردن لەگەڵ ڕژێمی عیراقدا ، جارێکی دیکە ماسەلەی کورد لە ماسەلایەکی سەربەخۆ و جیاکارەوە بووەوە ماسەلایەکی وابەستە و گرێدراوی نێوخۆی عیراق . من لێرەدا زۆر بەپێویست و گرنگی دەزانم ڕوونبێرەکانی کورد ، بەتایبەتی ئەوانەی لە بواری زانستە سیاسی و مرۆڤایەتیەکاندا شارەزان ، بچنە نێو قوڵایی ئەو دیاردەیەوە و بزانن بۆچی سیاستەمەدارانی کورد وا ڕەفتاردەکەن . بۆ هەمیشە سیاستەمەدارانی کورد ئەوەیان دووپاتکردۆتەوە کە ئەوان جیابوونەوەخوازنین ، لەئەنجامی ئەوەش هاوکێشەی شەڕ - گفتوگۆ - شەڕ دووبارەبۆتەوە . ئایا لەبەر ئەوەیە ئەوان حاز بەدامەزرانی دەوڵەتی کورد ناکەن ، یاخود توانای بەڕێوەبردنی دەوڵەتێکیان نیە ؟ ئایا سیاستەمەداران شتێك هەیە بیزانن و ڕێگرێبێت لە هێنانەدی مافی چارەی خۆنووسین و ئێمە نەیزانین ؟ ئایا زانەزەکان و هێزە ناوچەییەکان هیچ هێمایەکیان

بەرەسمی داونەتی لەدژی ئەو هەنگاوە ؟ ئایا مەسەلەکە ئەوەیە کورد میللەتێکی دواکەوتووی بێتوانایە و توانای حوکمکردنی خۆی نیە و پێویستە هەمیشە یەکێک دەستی بگرێ و ڕێگەی نیشان بدات ؟

بەبڕوای من لەقۆناغی ئێستادا زەمینەی ئەوە هاتۆتە پێشەوە دروشمی مافی چارەی خۆنووسین بکرێتە بەشێک لە عەقڵیەتی سیاسەتمەدارانی کورد و لە زەمینەتی جەماوەریشدا جێگیرکرێت . کاتی ئەوە هاتووە لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر بکرێ و دیداری فراوانی بۆ سازکرێ . کاتی ئەوە هاتووە کۆتاییەک بۆ ئەوە دابنرێ دروشمی ئۆتۆنۆمی جێگای خۆی لەئێوماندا بکاتەوە . سەردەمی ئەوە هاتووە کورد نەکرێتە داشی دامەی گەمەی نێوان زلهێزەکان و دەوڵەتە ناوچەییەکان ، چونکە پێچەوانەی ئەمە هەم کارەسات تراژیدییەکانی ڕابردوو دووبارەدەبنەوە، هەم مەسەلەی کورد دەخرێتەوە نێو قەفەسی مەسەلەی نێوخۆی عیراقەوە. لەم بوارەشدا ئەگەر ئەکتەرە سەرەکییەکانی « سیستەمی نوێی جیهانی » لەدژمان وەستان ، ئەوا حەقیقەتی بانگەشەکانیان لەمەڕ پاراستنی مافی مرۆڤ و دیموکراتیەت و مافی گەلەکانیان بۆ ڕای گشتی وڵاتەکانیان و گەلەکەشمان دردەکەوێ .

عومەر شێخ موس :

منیش چەند سەرنجێکم هەیە . پێش هەموو شتێک ئەو تاقیکردنەوەیەی ئێستا لە کوردستانی عیراق هەیە ، بێگومان لەچەند ڕوویەکەوە گرنگە لە مێژووی گەلەکەماندا ، جا لەڕووی دیموکراسیەتەوە بێ یا چەسپاندنی دەوڵەتی یاسا یان پاراستنی مافی مرۆڤ یاخود هەنگاونانی ئایندەی ڕژێمی سیاسیی کوردستان . لەم بوارەشدا هێزەکانی بەشەکانی تری کوردستان زۆر بەپەرۆشەوە چاویان بڕیوەتە ئەو تاقیکردنەوەیە . لێرەدا دەبێ دوو شت لێک جیابکەینەوە : بۆچوونە فیکرییەکان و خواستی دڵ لەگەڵ بارودۆخی جیۆسیاسی و تەکتیکی هێزە سیاسییەکانی کوردستان کە کاریگەریان لەسەر کاری ڕۆژانە و هەنگاوەکانیان هەیە . پێویستە مرۆڤ ئەو بارودۆخەی کوردستان لەبەرچاوبگرێ ، بۆ ئەوەی بزانێ بزووتنەوەی کورد ناتوانێ ئەو هەنگاوە بنێ . من واتیدەگەم یەکێک لە هۆکان کاریگەریی بۆچوونی حیزبە کۆمۆنیستیەکانی ناوچەکە بووبێ، چونکە دروشمی بزووتنەوەکە هەتا ساڵی (١٩٢٧) لە کوردستانی عیراق و تورکیا و ئێران مافی دیاریکردنی چارنووس بوو و دوایی لەژێر کاریگەریی بۆچوونی حیزبە کۆمۆنیستەکاندا ، کە کاریکردبووە سەر ڕێکخراوە سیاسیەکان و بزووتنەوەکانی ، ئەو دروشمە گۆڕا بە ئۆتۆنۆمی . مەبەست ئەو بۆچوونەی ستالینە ، کە لەگەڵ مارکسی و کۆمۆنیستەکاندا باوبوو ، بانگداشەی بۆ ئەوە دەکرد « کەمایەتیەکان چارنووسی خۆیان بەخەباتی چینی کرێکارانەوە ببەستنەوە تا بەهەشتی سۆسیالیزم دادەمەزرێ » ، ئەو کاتە مەسەلەی ئەوانیش ئۆتۆماتیکیانە چارەسەردەبێ . لێرەشدا باشترین شێوە بۆ خەباتی ئەوان ئەوەیە داوای جیابوونەوە نەکەن ، چونکە باشترین شێوەی چارەسەر ئۆتۆنۆمی یان فیدارلیەتە » . ئەم بۆچوونە لەلایەن هێزە سیاسییەکانی لای خۆمانەوە وەرگیرا و کارییێکرا ، تەنانەت تا ئەم دواییانە نەیانتوانی خۆیانی لێ ڕزگاربکەن .

هۆیەکی دیکەی مەسەلەکە ئەوەیە کە کاک هەڵکەوت خۆی هێمای بۆ کرد ، واتە ئەوەی هێزە سیاسییەکان زۆر گوێ دەدەنە ڕای زلهێزەکان و هێزە ناوچەییەکان . لەڕاستیدا هەر هێزێکی سیاسی و سەرکردەیەکی سیاسی لەو بارودۆخە جیۆسیاسییەی کوردستاندا بژی ، دەبێ بەشێوەیەکی پراگماتیکی بیربکاتەوە . ئاگاداری ئەوەشم لە دانیشتنەکانی لەگەڵ وولاتانی ئەورووپا و ئەمریکا و ناوچەکە دەیکەن ، هەڕەشەی ئەوەیان لێدەکرێ و پێیان دەگووترێ : ئەگەر جیابنەوە ئێمە یارمەتیتان نادەین و بەگژتاندا دەچین ، چونکە لەسووری ئەو فیدرالیەتە بترازێ ئێمە پشتیوانیتان ناکەین .

سەرەڕای ئەوانەی سەرەوە ، منیش پێم وایە بەکارهێنانی ئەو پرنسیپە و کارکردن بۆ چەسپاندنی لەئێو زەمینەتی گەلی کوردا ، کارێکی گرنگ و هانی دەدات کاریگەرانەتر مەسەلەکەی بخاتە سەر ئاستی جیهان . من ئالێم دەبێ سەرچاڵ بین و میللەتەکەمان تووشی مەترسی بکەین ، بەڵکو هەوڵدرێت وەک بۆچوونێک ، چۆن لە جەنگی جیهانی یەکەمەوە تا جەنگی جیهانی دووەم لەناو کورددا باوبوو ، دیسانەوە بێتەوە مەیدان . شان بەشانی ئەوەش بگووترێ بەشێوەیەکی پراکتیکی جیابینەوە ، چونکە لەقازانجی ئێمەدا نیە .

بۆ وەڵامی خاڵیکی کاک خالید ، دەڵێم دوو سەرکردەی دنیا ، کە سەرۆکی حکومەت بوون ، پشتیوانیان لە حکومەتی فیدرالی بۆ کورد کردووە ، ناوەش بەرسمی و ناشکرا ، یەکێکیان میتیران بوو و ئەوی دیش ئۆزال . بێگومان بازاڕی یەکگرتووی ئەورووپاش لە هەندێ نووسینی خۆیدا ووتوویەتی باشترین شێوە بۆ ئەوەی گەلی کورد بەمافی چارەنووسی خۆی شادبێت ، فیدرالیەتە . خەریکە وردە وردە ئەو بیروڕایە دەچەسپێ .

سەبارەت بە بۆچوونەکەی کاک خالید دەربارەی ئەوەی خەریکە بەشێوەیەکی دیکە دەگەڕێنەوە سەر پرنسیپەکانی ویلسون ، منیش لەگەڵ ئەو بۆچوونەدام

و خەریکە ئەوە بەڤشاری ڕای گشتی جەماوەری ئاو گەلانە ، جا گروپی ئیتنیکی بن یا میللی یاخود ژێرەوەیی ، دەسپێتەوە بەسەر دنیادا . بەڵام لەهەمان کاتدا بەرگرییەکی زۆر بەهێز لەدنیادا لەدژی ئاو پرۆسەیە لەئارادایە . ئەمانە دطێن لەدنیادا نزیکەی (١٥٠٠) گروپی ئیتنیکی هەیە ، ئێستا (١٧٨) دەوڵەت ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانن ، ئەوش کێشەیەکە . بۆیە پێویستە گروپی ئیتنیکی چەند مەرجێکی تێدابێت ، لەوانە : گروپەکە لەناوچەیەکدا ژیابێت و کاریگەرانە توانییێتی بەڕێوەبەرێت ، گروپەکە توانییێتی حکومەتێکی ڕێکوپێک بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دامەزرێنێ ، گروپەکە خواستی بەدیهێنانی مافی چارەنووسی هەبێت . بێگومان ئەم مەرجانە بەسەر هەموو گروپێکی ئیتنیکیدا جێبەجێ ناکرێن .

خالید نازدارزادە :

سەبارەت پرسیارەکەی کاک هاڵکەوت دەربارەی مافی چارەی خۆنووسین لە کوردستان ، کاک عومەر هەندێ شتی ووت من لەگەڵیم ، بەڵام دەبێ ئەوش لەبیرنەکەین کە بۆچوونی خەڵک ، وەک ئەوەی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی نوێدا دەژین ، لەگەڵ تێپەڕبوونی ساڵدا دەگۆڕێ . ئاو دەوڵەتانەی کوردیان بەسەردا داباشکرا کارێکی وایان کرد بۆ ئەوەی ژێرخانێك دروستکەن کە کورد بەناوەندی وولاتەکەی خۆیانەوە ببەستنەوە . لێرەشدا کەسانێکی سیاسی و دەسەڵاتدار ووردە ووردە بەرژەوەندیان زیاتر لەگەڵ ئاو ژێرخانەدا دەڵاڵێ و زۆردەبێ . لەبەر ئەوە ئەگەر ئەوان بەدەنگی بەرز هاواریان بۆ ئۆتۆنۆمی کردبێ ، ئەگەر لە بۆچوونی سیاسییەوە سەیری بکرێ ، ئەوا لە بەرژەوەندیی ئاو گروپەدا بووە . بۆیە ئەوان بەرنامەی سیاسیی کوردیان دیاریکردووە و بەرژەوەندیشیان زیاتر لە ئۆتۆنۆمیدا بووە . لەوانیە ئەوان لەودا ڕاستگۆبن، چونکە لە بەغدا گەورەبوون و دانیشگایان لەوێ تەواوکردووە و عەرەبی دەزانن ، بەڵێندەر و دەوڵەمەندن و لەبەغدا خەڵکیان هەیە . وانە دەشێ ئاو گۆڕانکارییانەی هاتوونەتەئاراوە لەگەڵ بەرژەوەندی ئەواندا یەکیانگرتبێتەوە یاخود کارێکی ئاوتۆیان کردبێ بەرنامەی سیاسی لەو چوارچێوە سیاسیە تێنەپەڕێ . لەهەمان کاتدا دەبێ ئەوەشمان لەبیرنەچێ کە میللەتێك دووچاری چەوساندنەوەیەکی تووندوتیژ بووبێ و دنیا بەرامبەر قەتڵوعامی بێدەنگ بووبێ ، بێگومان باوەڕی بەخۆی هێندە کەمدەبێتەوە کە وابزانێ لە ئۆتۆنۆمی زیاتری پێ ڕەوانابینرێ . ئەمش کارێگەری دەروونی خۆی هەبووە ، مەگەر چەپێکی ئاوتۆی لێدەرچووبێ کە لەچوارچێوەی تیۆریدا باسی ئەوەی کردبێ میللەتی کورد دەتوانێ چارەی خۆنووسین جێبەجێ بکات ، بەڵام لەگەڵ زۆربەی زۆری داڕشتنەکانیشدا ، دواجار بگەڕێتەوە سەر بەهێزکردنی چینێك لەو دەوڵەتانەدا ، بەمیوای ئەوەی ووردە ووردە بەقازانجی ئێمە بگەڕێتەوە .

بورهان یاسین :

ئەوەی ڕاستی بێت هەندێ سەرنجم هەیە ، دەمەوێ لە دوو لایەنەوە یاخود سێ لایەنەوە ، ئەگەر ئەوەی کاك هاڵکەوتیش بکەمە پرسیارێك و ئاڕاستەی هەوومانی بکەم ، دەریانبڕم :

یەکەم - پرنسیپی بڕیاری چارەی خۆنووسین لە پرنسیپەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا واتایەکی دووڵایەنی ناکۆکی هەیە ، یەکێکیان پاراستنی پیرۆزی سنووری دەوڵەتانە و ئەویتر مافدان بەمیللەتان بۆ ئەوەی بڕیاری چارەی خۆنووسین بدەن و ئاو ڕێگەیە هاڵبژێرن کە مەبەستیانە . ئاو ناکۆکیە هەتاکو ئێستا لاوازییەکە لەووی پرنسیپەوە ، بەتایبەتی لەبەرنامەی گرنگترین ڕێکخراوی جیهانیدا . جا لێرەدا دەمەوێ بڵێم : کاتێ ئەمڕۆ باس لەسەر مافی مرۆڤ و ڕووناکی ئەوش هەیە سەبارەت گفتوگۆ لەسەر مافی چارەی خۆنووسین بکرێ و بەناشکرا لە پرنسیپەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لایەنگیری میللەتان و کەمە نەتەوەییەکان بکرێ و پیرۆزی سنووردکان و سیادەت کەمتربکرێتەوە ، میللەتی کورد و بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان ستراتیجییەتیان چی دەبێ ؟

دووەم - ئەوەی بەلای منەوە گرنگترە و دەمەوێ ڕایەکیش لەسەری دەربڕم ، ئاستی کوردستانی مەزنە ، کە تاکو ئێستا یەکێك لە مێدیاکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان ئەوەیە دروشمی جیاجیا لە پارچەی جیاجیای کوردستاندا بەرزکراوەتەوە . ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی مەسەلەی کورد وەک مەسەلەیەکی پارچەپارچە بناسرێ و تراژیدیایەکی بۆ بخولقێ . بەبڕوای من ، کاتی ئەوە هاتووە ، بەڵکو ڕەنگە درەنگیش بێت ، بزووتنەوەی کورد لە پارچە جیاجیاکاندا ، لە چوارچێوەی پرنسیپی بڕیاری چارەی خۆنووسیندا بڕیاروەربگرن . لێرەشدا کە ئێمە باسی مافی بڕیاری چارەی خۆنووسین دەکەین ، پێویستە ڕەچاوی بکشی و ئارەزی ئاو پرنسیپە بکەین . چونکە پرنسیپێکی هەتا بڵێی بکش و ئارەزە ، هەر لە لامەرکەزیەوە بگرە تا دەگاتە ئۆتۆنۆمی و فیدراڵیەت و کۆنفدراڵیەت و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ . بوونی ئاو چوارچێوە هاوبەشە خێرێکی گەورەی بۆ

بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان دەبێ و بەهۆیەوە شتێکی هاوبەش دەناسێنرێ ، نەبوونی ئەو چوارچێوەیە یاخود دواکەوتنیشی دەبێتە هۆی دواکەوتنی بزووتنەوەکە . لێرەدا داواکارم برادەرانیش بتوانن شتێك لەسەر ئەم مەسەلەیە بڵێن .

سێیەم - ئەوەی کاك هەکەوت وەك پرسیار دەریبڕی : بۆ تائێستا دروشمی ئۆتۆنۆمی هەڵگیراوە ؟ مەسەلەیەکی زۆر گرنگ و پێویستە لەسەری ڕاوەستین . من وەك وەڵامدانەوەیەکی زۆر خێرا بۆ ئەو پرسیارە ، ڕەنگە سوود لەو بۆچوونەی (مارتن ڤان بروێنسن) وەربگرم کە دەڵێ : «بزووتنەوەی کورد یەکێکە لەو هاوت بزووتنەوە جوتیارییانەی لەجیهاندا لەسەرم خوێندونەتەوە ، کە شەشیان دروشمەکانیان شۆڕشگێرانەیە و یەکێکیان دروشمەکانی کۆنپارێزانەیە ، ئاویش بزووتنەوەی کوردە » . بێگومان بۆچوونەکەی ئەو سەبارەت کۆنپارێزی زیاتر دەربارەی لایەنی کۆمەڵایەتی بزووتنەوەکەیە ، بەڵام بەڵای منەوە لایەنە سیاسییەکەش دەگرێتەوە ، واتە دروشمەکانی بزووتنەوەکە کۆنپارێزبوون و ناکرێ خۆمان لەو ڕاستیە گێلکەین . ئەو کۆنپارێزییەش هۆی خۆیی هەیە ، واتە سەری بزووتنەوەکە ، هەروەها ئەو لایەنەی کاك عومەر هێمای بۆ کرد : مەسەلەی جیۆسیاسیی ناوچەکە . سەرەڕای ئاوێش قبوولنەکردنی ئەتۆسفێری سیاسی و فیکری و کولتووریی سیاسیی ناوچەکە ، تەنانەت هی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیش ، بۆ دەربڕینی فیکرەی مافی بڕیاری چارەی خۆنووسین ، وە کاریگەری شاڕی سارد و ماملەکردنی دەوڵەتانی گەورە لەگەڵ دەوڵەتانی گچکەدا وەك مەعمیل و داردەستێك لەو ناوچانەی گرنگن و پاراستنی سنوورەکانیان ، بزووتنەوەکە ناچاردەکات حیسابێك بۆ بارودۆخی جیۆستراتیجی ناوچەکە بکات . بەڵام لەدواییدا دەگەڕێمەوە سەر ئەو بڕوایەی دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی لە ووتارێکدا دەربڕیبووە ، ئاویش ئەوەیە کە دروشمەکانی بزووتنەوە ، بەتایبەتی لە کوردستانی عیراق ، دیفاعی بوون تا هێرشبەرانە ، ئەمە لەکاتێکدا لە قازانجی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستاندا بوو دروشمەکانی لە ئاستی دیفاعی و تواضعەوە بگۆڕێتەوە بۆ ئاستی هێرشبردن ، بەڵکو لەوێدا بتوانێ ببێتە بەرهنگاربوونەوەیەك بۆ ئەو مەسەلانەی لە ناوچەکەدا جێگیربوون .

عومەر شێخ موس :

ئەگەر یارمەتی هەبێت ، حەزدەکەم یەك دوو ڕوونکردنەوە دەربڕم . یەکێکیان ئەوەیە کە نێستا سەرکردەکانی بزووتنەوەی کورد بەگشتی وازیان لەدروشمی ئۆتۆنۆمی هێناوە و نێستا باس لە فیدرالیەت دەکەن . ئەمە سەبارەت بە کوردستانی عیراق ، لە کوردستانی ئێرانیش ئەگەرچی هێشتا دروشمی ئۆتۆنۆمی لەگۆڕێیە ، بەڵام خەریکە لەوێش دەگۆڕێ بە فیدرالیەت . هێزەکانی کوردستانی تورکیا لەمێژە دروشمی مافی چارەنووس و دەوڵەتی سەربەخۆیان بەرزکردۆتەوە ، بەڵام ئەوان خەریکە دەگەڕێنەوە سەر فیدرالیەت . لە کوردستانی سووریا هێشتا دروشمەکان بەڕێوەبردنی ناوچەیی و مافی فەرهەنگییە و کوردەکانی سۆفیەتیش داوای گەڕانەوەی دەوڵەتی ئۆتۆنۆمی کوردی (١٩٢٧) دەکەن یاخود ڕێگەیان پێبدرێ کۆچکەن بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان .

ڕوونکردنەوەی دووەم ئەوەیە کە ڕابەرانی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە ، لە چەند ساڵی یەکەمی پاش سەربەخۆییەوە ، هیچ کاتێك نوێنەری گەلانی خۆیان نەبوون ، بەڵکو یان بە کودەتای سەربازی هاتوون یاخود ئەنجامی کودەتایەك هێزبێك زالبووە . بۆیە مرۆڤ هەتا نێستا نازانێ هەوێستی زۆربەی ئەو میللەتانە بەرامبەر داخوازییەکانی گەلی کورد چی دەبێ . ئەگەر بۆچوونێکی دیموکراسی بێتەئاراوە ، بێگومان وەك ئەنجامێکی لۆژیکی دەبێ دان بەمافی گەلی کورد و هاوڕیانی و فیدرالیشدا بنێن ، وەکو نێستا هەندێ هێزی ئۆپۆزسیۆن لێرە و لەوێ نیشانی دەدەن . ئەگینا ئەو ناکۆکیەی کاك خالید باسیکرد لە دامەزراندنی دەوڵەتی میللیدا لەنێوان گەلی سەردەست و کەمایەتیەکاندا دروستدەبێ . واتە هەوڵدانی ساپاندنی ناسنامەی گەلی سەردەست بەسەر کەمایەتیەکاندا و تواندنەوەیان ، سەردەمی تێکشکاندنی هاتووە ، بەتایبەتی دوای هەژاندنەکانی ساڵانی دوای ١٩٨٩ . هەر لەبەر ئەوەشە هەندێ هێزی ئۆپۆزسیۆنیش فیدرالیەتیان قبووڵ .

سەبارەت بەوەی بزووتنەوەی کورد هەوێستی هێرشبەرانەی وەرنەگرتووە ، لەڕاستیدا هەوێستی بزووتنەوەکە پاش ڕاپەڕینەکە و دامەزراندنی زۆنی ئاسایش بۆتە هەوێستێکی هێرشبەرانە نەك دیفاعی ، ئەمەش لەڕێگەی دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی خۆیی و ڕاگەیاندنی فیدرالیەتەوە . چونکە پشتیوانیەکی بەهێز دەبێنێ ، ئەویش پشتیوانیکردنی ڕای گشتی جیهانە بەرامبەر ناوچەکە . من دەربارەی گۆڕانی سیستەمی ناوچەیی ، کە بەرگرییەکی زۆر بۆ هاتنەئاراوەی هەیە ، دوو شت دەبینم : یەکەم - شەڕمکەی سەددام حوسێن و داگیرکردنی کوەیت زۆر شتی گۆڕی . دووەم - بەدووری نابینم تورکیا و ئێران بەرەو شاڕ بڕۆن ، لەو کاتەشدا دەرگایەکی فراوان بۆ گەلی کورد دەکرێتەوە و سیستەمی ناوچەیی لەبنەڕەتەوە

دەگۆڕێ . ئێستا زلهێزەکان و هێزە ناوچەییەکان گەرمکیانە سیستەمێکی ناوچەیی بەهێز دامەزرێنن ، دەشێ لەچوارچێوەی ئەو سیستەمدا گەلی کورد بەهەندێ مافی خۆی بگات ، کە لەوانەیە فیدرالیەتیش بێت ، ئەگینا لەوضاچێ گۆڕانی زۆر گەورە لەئارادابێ . هەگەر ناکۆکیەکانی تورکیا و ئێران لەسەر ئاسیای ناوەڕاست و ئازەربایجان ، هەروەها مەسەلەی ئیسلام گۆڕانی لەو جۆرە بهێننەکایەوە .

خالید نازدارزادە :

من لەسەر قسەکان یەک دوو شتم هەیە : یەکەم - پێم وایە چ من و چ کاک عومەر باسی ئەو ناکۆکیەمان کرد کە لەدەستوورمکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەیە ، واتە ئەوەی لەلایەکەوە دانی پیادادنێ و لەلایەکی تریشەوە دەولەتەکان نابەر دروستدەکەن بەڵکو دەشیان پارێزن . لەوە دەچێ ئێستا هیوایەك هەبێ ، بەتایبەتی دوای کۆنفرانسی ڤیەنا ، کە ئەو پرۆسەیە بەردەوامبێ . جا کاوتۆتە سەر ئەوەی ئایا ڕۆشنبیرمکانی ئەو وولاتانە تا چ ڕادەیەك سوودی لێ وەردەگرن و تا چ ڕادەیەك بە دروشمی ئەنتی ئیمپریالیزم و شتی وا خۆن هێرش دەکەنە سەری و کارێکی وا دەکەن پرۆسەکە لەناو وولاتیشدا سەرنەگرێ . من پێم وایە ، ئەگەر کورد بگاتە ئەو بروایەی مافی مرۆڤانەی بپارێزرێ ، ئەوا دەتوانێ داواکاری بەرزتریشی هەبێ و بوێرێ دەربڕێ . باسکردنی ئەوەی داواکاری مافی مرۆڤ هەر لەچوارچێوەی ئەوروپادایە و لە بەرژەوەندی ئەواندایە کارێکی وا دەکات خەڵکی قبوولی ئەو بۆچوونە نەکات و بەقازانجی ئەو پرۆسەیە نەگەڕێتەوە . هەرچۆنێك بێت ، من بەشێوەیەکی ئیجابی لەو مەسەلەیە دەڕوانم و هیوای سەرکەوتنیشی بۆ دەخوازم . پیاو دەبێ ئەوەی لەبیرنەچێ ، گروپە ناحکومیەکانی ئێستا دروستبوون ، ڕۆلێکی زۆر چاك لەو مەسەلەیەدا دەبینن و لەگەڵ ئەو گروپانەدا کە پێیان دەڵێن گروپی ئیندجینس ، کارێکی باش بکەن و کارێگەریان لەسەر داڕشتن و داڕشتنەوەی بڕیاری چارەی خۆنووسین هەبێ و پەرەشی پێبدرێت .

دووەم - لەسەر ئەوەی لە کوردستانی مەزندا ناتوانرێ هەنگاوبنرێ ، دەڵێم هەندێ ناکۆکی ماوە : ناکۆکی ڕێکخراوەکان ، ناکۆکی ئایدیۆلۆژی ، ناکۆکی کەسێتی ، کە لەوانەیە ڕێگرین . باشترین نموونە ئەو شەڕەی نۆقمبەرە کەPPK ڕۆلێکی زۆری تێدابینی . دەبینین هەموو ڕێکخراوەکانی کوردستانی عیراق سەبارەت بە مەسەلەیەکی ستراتیژی گەورە ، کە فیدارلیەتە لە کوردستانی عیراقدا ، دەبێ بناغەیەکی ئابووری هەبێ و ئەوەش تەنیا لەڕێگەی تورکیاوە مەیسەردەبێ ، نەیانتوانی بڕوا بەوان بهێنن . ئەنجامی ئەوەش هەڵوێستی ڕێکخراوە کوردییەکان ، لەبەر ڕووبەڕووبوونەوەی ئیدارەکردنی ڕۆژانەی خەڵکی ، ناچاربوو بەجۆرێکی دیکە بکەوێتەوە . هەروەها هەڵوێستی هەڵباز و دابەزی ئەوانەی لەشاخن (PPK) بۆ ڕاگرتنی شەڕ و هەیسان دەستپێکردنەوەی و چاوەڕوان نەکردنی ئەوەی بزانن پرۆسەکە و حکومەتە تازەکە بەکۆی دەنگن ، کارێگەریی خۆیان هەبوو . بێگومان بێتوانایی ڕابەرانی کورد و ئەوانەی لەو پرۆسەیەدا بەشدارن و دۆگماتیکانە بیردەکەنەوە کارێگەریی زۆری هەیە ، پێم وایە هەتا لەشاخ بن نەتوانن زۆرشت بکەن ، چونکە بارودۆخی شاخ چاویلکەیەکی زۆر سەیر دەدات بەپیاو و وای لێدەکات لە ڕوانگەیەکی تایبەتیەوە سەیری مەسەلەکان بکات .

سێیەم - لەسەر بۆچوونەکەی کاك عومەر لەسەر شەڕی نێوان تورکیا و ئێران ، من لەو بڕوایەدانیم بەقازانجی کورد بێ . چونکە هەمیشە شەڕ لەکوردستاندا زیانێکی زۆری بەکورد گەیاندووە . دەشێ وەك بۆچوون شتێکی وا لەدووردا بەدی بکرێت ، بەڵام لە ڕوانگەیەکی مرۆڤانەوە ئاگرێکی زۆر خۆشدەکات و خەڵکێکی زۆر لەناودەچێ .

عومەر شێخ موس :

من مەبەستم لەقسەکانم ئەوە نەبوو کە شەڕم پێخۆشە ، بەڵکو ئەوەبوو کە دروستبوونی شەڕێکی وا لەوانەیە زۆر لەو شتانە بگۆڕێ کە ئێستا دامەزراون و پەسپاون .

هەندێ خاڵی تریش هەن کە لەیادمکرد باسیان بکەم . یەکێکیان ئەوەیە کە ڕاستە هێزەکانی کوردستان لەڕابردوودا بەکردەوە هەنگاویان نەناوە بۆ پرۆگرام و کاری هاوبەش و لێك نزیکبوونەوە و بەرزکردنەوەی دروشمی هاوبەش ، بەڵام ئێستا بەکردەوە پەیوەندی ڕۆژانە لەنێوان هێزەکانی بەشە جیاوازەکانی کوردستاندا هەیە ، جۆرێك لێك نزیکبوونەوە هەیە ، بەڵام هێشتا قالبی ڕێکخراوەیی وەرنەگرتووە . پێویستە لەم بوارەدا هێزەکان کار بۆ ئەوە بکەن قالبێکی ڕێکخراوەیی بدەنێ و تێکۆشن بۆ سازکردنی کۆنگرەیەك بۆ نزیککردنەوەی کار و بۆچوون و دروشمەکان و داڕشتنی بەرنامەی کاری هاوبەش . ئێنجا بێ ترس بڵاوبکەنەوە بۆ دنیا و ڕایگەیەنن ئەوە داخوازییەکانی ئەوانە ، بەڵام لە هەڵومەرجی سیاسیی ئەمڕۆدا بەو جۆرە ڕەفتاردەکەن.


خاڵەکەی تر ئەوەیە کە من لەگەڵ بۆچوونەکەی (مارتن) دانیم . چونکە ئەوە وەك ئەو بۆچوونەی

مارکس وایە کە دەیگووت گەلانی کۆنەپەرست (وەک چیکوسلۆڤاکیا و ئەورووپای ڕۆژهەلات) و دژی تیرۆرانینەکانی خۆی بوو . بیگومان کۆنپارێزی بزووتنەوەی کورد بە بەراورد لەگەڵ هەندێ بزووتنەوەی جووتیاری (جیهانی سێ) یە کە چارەسەری کێشەی زەوی و کێشە کۆمەلایەتیەکانیان کردوە و بزووتنەوەی کورد نایکردووە و هەر بایەخی بەمەسەلەی میللی داوە .لەو ماسەلەیەدا مارتن ڕاستە ، بەڵام لەمەسەلەی کۆنپارێزی بزووتنەوەکە لەبەر بەرزکردنەوەی دروشمی ئۆتۆنۆمی ڕاست نیە، چونکە ئەوە هۆی تری هەیە نەک ئەو هۆیە .

بورهان یاسین :

ئەوەی ئۆتۆنۆمی زیادەی خۆم بوو نەک هی مارتن ، چونکە ئەو تەنیا مەبەستی لایەنە کۆمەلایەتیەکەی بزووتنەوەکەیە .

* * * *



هەولێر کتێب

بورهان ا . یاسین

قوتابی دکتۆرایە لە زانکۆی لوند ـ سوید ،
پاندین بابەتیشی بەسوید لەسەر ماسەلای کورد
بلاوکردۆتەوە .

کوردستان لە « سیستەمی نوێی جیهانی » دا

دەماوێ سەرما بەوە دەست بەباسەکەم بکەم کە تائێستا پێناسە و واتە و ستراکتۆرێکی ئاشکرا بۆ ئەو سیستەمە لەئاردانیە ، بەڵام ئەوە ئاشکرایە کە سیستەمێکی کۆن کاتی بەسەرچووە و هەڵوەشاوەتەوە، ئەویش سیستەمی ماوەی جەنگی سارد بوو . ئەوەی ئێستا ڕووددەدات زیاتر پیرۆسەیەکە بۆ دروستبوونی سیستەمێکی نوێ و دیاریش نیە چەند دەیات بۆ ئەوەی ئەو سیستەمە لەسەر بنچینەیەکی قەرارگرتوو دابمەزرێ . دەشێ کاتێکی زۆری بووێ و وەک کاک عومەر باسیکرد لەوانەیە چل پەنجا ساڵێکی پێبچێ تا جارێکی تر ئەو سیستەمە کۆن دەبێ و یەکێکی دیکە لەسەر بنچینەی گۆڕانی تەرازووی هێزەکان دێتەپێشەوە . واتە باشترواپە بڵێین ئێمە لە قۆناغی گواستنەوەداین لەنێوان سیستەمێکی کۆن و سیستەمێکی تازەدا. بێگومان تا « سیستەمی نوێی جیهانی » قەراردەگرێ و دادەمەزرێ ، بەچەند تاقیکردنەوەیەکی سەختدا تێدەپەڕێ . دیارە ئەو کاتە بووش لە (١٩٩١-٨٩) دا باسی ئەو ماسەلەیەی کرد . ئەو کاتە جیهان بەتاقیکردنەوەیەکدا تێدەپەڕی، ئەویش تاقیکردنەوەی ئازادکردنی کوەیت بوو لەدەست داگیرکەرانی عیراق یاخود هێزەکانی سەددام، بەڵام لەدواییدا ئەو سیستەمە لەهەندێ قۆناغدا وەستا یان گیرێخوارد ، ئەویش بەهۆی ماسەلەی عیراقەوە ، واتە ماناوە یاخود نەمانەوەی سەددام حوسین و کارکردن لەگەڵ ئەو ماسەلەیەدا بەپێوەندی لەگەڵ ماسەلەی کورددا لەعیراق . تاقیکردنەوەیەکی سەختی دیکە ، ماسەلەی یۆگۆسلاڤیایە کە تاکو ئێستا ئەوروپا و ئەمریکا چارەسەریان بۆ نەدۆزیوەتەوە . شایانی باسە ، لە کێشەی کوەیتەوە بۆ یۆگۆسلاڤیا پەیوەندی ئەمریکا و ئەوروپای ڕۆژئاوا لەڕووی کارکردنەوە بۆ دامەزراندنی ئەو سیستەمە کۆنەی بەسەرداهاتووە . لەکاتی کوەیتدا دەستی باڵا یاخود دەسپێشکەری هەمیشە هی ئەمریکا بوو ، بەڵام کە بەرەو ماسەلەی یۆگۆسلاڤیا دەچین ، دەبینین ئەوروپای ڕۆژئاوا هەوڵی ئەوە دەدات تەرازووی هێزی خۆی لەگەڵ ئەمریکا هاوشان بکات و پێی بڵێن ئەوانیش وەکو ئەمریکا ، بگرە زیاتریش ، ڕۆڵیان لەماسەی یۆگۆسلاڤیادا هەیە ، چونکە لەناو ئەوروپادا ڕووددەدات .

دەماوێ لەم ماسەلەیەدا مێژوویی بم و بچمە دواوە و بڵێم : ئەمە یەکەم سیستەم نیە جیهان بەخۆیەوە دەبینێ و ئەگەر حیسابی ئەوەی ئەورۆکەش بکەین ، ئەوا جیهان هەرنابێ پێنج سیستەمی بەخۆوەبینیوە :

سیستەمی یەکەمیان لەکۆنگرەی ڤیەنادا (١٨١٥) ، دوای تێکشکاندنی هێزەکانی ناپلیۆن پاش شەڕی واترلۆ ، لەسەر پرنسیپی بوون دامەزرا . ئەو سیستەمە لەسەر بنچینەی چەمکی بوونی دوو شێوە دەوڵەت : دەوڵەتی بەهێز و دەوڵەتی بێ هێز ، دامەزرا .

سیستەمی دووەمیان ئەوەی ساڵی (١٨٧٨) ی کۆنگرەی بەرلینە ، کە لەوێدا دەکرێ ماسەلەی کورد لە دوو ڕووە باسکرێ : ڕووەکی باسکردن لە ئاو

کۆنگرەکەدا باسکردنی داهاتووی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو ، هەندێك هێز هەبوون (وەکو ڕووسیا) بۆ هەڵوەشاندنەوەی کاریان دەکرد و هەندێك هێزیش (وەکو بەریتانیای مازن) بۆ مانەوەی . ئەگەر بهاتبایە لەو سەردەمەدا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەڵوەشایەتەوە یان کار بۆ هەڵوەشانەوەی بکرابایە ، بێگومان مێژووی مەسەلەی کورد ڕەوتێکی دیکەی وەردەگرت ، بەڵام بەداخەوە ئەنجامی کۆنگرەکە بەمانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کۆتاییهات . ڕووەکەی دیکە لەکۆنگرەکەدا مەسەلەی کەمنەتەوایەتیەکانی نێو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو ، ئەگەرچی ڕاستتر وایە بڵێین مەسەلەی کەمە دینییەکان بوو ، چونکە لەناو سیستەمی میللیەتی عوسمانیدا چەمکی دینی هەبوو تا چەمکی ئیتنیکی . واتە باسکردنی کەمایەتیەکان لەکۆنگرەی بەرلین لەسەر بناغەی دینی بوو نەك نەتەوەیی .

سیستەمی سێیەم بریتیە لەوەی تاوابوونی جەنگی جیهانی یەکەم ، بە تایبەتی لە پەیمانی فەرسای (۱۹۱۹) و سیڤەری (۱۹۲۰) وە . لەوێدا بۆ هەوومان ئاشکرابوو کە مەسەلەی کورد ڕووناکیەکی تێدابوو و چارەڕوانی دوارۆژێکی باشی و بۆون بەخاوەن دەوڵەت یان کیانی بۆ دەکرا .

سیستەمی چوارەم دوای تاوابوونی جەنگی جیهانی دووەم بوو ، کە تیایدا ماوەیەك بەنیوی جەنگی سارد هەوە دەستپێدەکات . لێرەشدا دەکرێ باسی ئەو ئالوگۆڕانە بکرێن کە لەناو مەسەلەی کورددا هاتنەئاراوە ، بەتایبەتی لە کوردستانی ئێران ، واتە دامەزراندن و هەڵوەشاندنەوەی کۆماری مەهاباد ، کە پێوەندیی لەگەڵ سەرهتا زۆر زووەکانی جەنگی سارددا هەبوو .

سیستەمەکەی ئێستاشیان ئەوەیە کە لەسالی ۱۹۸۹ بەدواوە و تاکو ئێستا دەبینرێ .

ستراکتۆری نوێی جیهان هەتا ئێستا دانەمەزراوە و زیاتر شتێکە لەگۆڕاندایە . لەوانەیە بڕوای من لەوەی وەزیری کاروباری دەرەوەی دانیمارکەوە نزیکبێ کە لەبری (Ordning) (Uordning) ی بۆ بەکارهێناوە ، واتە شتێکە ناڕێکڕاو و دەیەوێ شێوەیەکی ڕێکڕاو وەربگرێ. لەڕاستیدا ئەو ئالوگۆڕ و گۆڕانکاریانەی لەئاستی جیهانی و ناوچەییدا ڕوودەدەن ئەوە نیشان دەدەن کە کام لەو دوانەیە .

وابزانم شتێکی چاك دەبێت باسی ئەو پرنسیپە بنەڕەتیانە بکەین کە ئەم سیستەمەی لەسەر دادەمەزرێنێ، ئەوش لەڕێگەی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەوە : ئایا (سیستەمی نوێی جیهانی) ئەوە دەگەیەنێت کە بەشێوەیەکی ئاشتیانە مامەڵە لەگەڵ ملمانێ ناوچەیی و نێونەتەوەیی و ناوەکیەکان بکرێ و پەیوەندییەکان لەسەر بنچینەی پرنسیپی ڕێز و مافی دەربڕینی هەڵوێستەکان و هاوڵاتیان بۆ پارێزگاریکردن لە پرنسیپەکانی دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ دەبێ ؟ ئایا ئەم سیستەمە ئەوە دەگەیەنێ کە تەنانەت بنیات دابنرێ بۆ مەسەلەی تەرازووی هێز دوای هەڵوەشاندنەوەی تەرازووی هێزی ماوەی جەنگی سارد لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت وەك سەرکردەی جەمسەرێکی ئەو تەرازووە ؟

لەوەڵامی ئەو دوو پرسیارەی سەرەوەدا ، دەمەوێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەم ، هەرنەبێ لەم دووسێ ساڵەی دواییدا ، پرنسیپی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان بەشێوەیەکی گشتی لەسەر بنچینەی تەرازووی هێز بەڕێوەچووە و ئەکتەری سەرەکیش لەو پەیوەندییانەدا دەوڵەت بووە . بە لەبەرچاوگرتنی تێوریە جیاجیاکانی سەبارەت شیکردنەوەی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان لەئارادان، کە تێوری (هانس مورجنتاو) ە یەکێکە لەو تێوریانە و لەسەر فیکرەی سیاسەتی واقیعیانە دامەزراوە و هێز و بەرژەوەندییە بنەڕەتیەکانی دەوڵەت دوو چەمکی ناوەندین تیایدا ، سیستەمی نوێشمان دیسان لەسەر بنچینەی تەرازووی هێز ، هەڵسوکەوتی دەوڵەتیش لەسەر بنچینەی سیاسەتی واقیعیانە بە دوو چەمکە بنچینەییەکەیەوە : هێز و بەرژەوەندییە تایبەتیەکان ، دەبن . لەگەڵ ئەوەشدا ئینکاری ئەوە ناکرێ کە لە داهاتوودا هەندێ چەمکی وەکو مافی مرۆڤ و هی تر زۆڵی زیاتر وەردەگرن .

لەلایەکی ترەوە ، هەتاکو ئێستا باس لەچوار مۆدێل دەکرێت بۆ پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و (سیستەمی نوێی جیهانی) لەداهاتوودا :

۱- مۆدێلی یەکەم :

The Interdependence - Global Villag Model

۲- مۆدێلی دووەم :

Pax Democratica Model

۳- مۆدێلی سێیەم :

Collective Security Model

٤- مۆدێلی چوارەم :

Pax Americana Model

بەپێی مۆدێلی یەکەم ، جیهان زۆر بچووکبۆتەوە و کۆمەڵێك کێشە هاتۆتەئاراوە کە پێویستی بەهاوکاری و کاری هەموو دەوڵەتەکان هەیە ، وەك : ژینگە ، ئابووری ، ئاسایش و شتی تر . بەپێی مۆدێلی دووەم ، کە زۆر گەشبینانەیە ، لەداهاتوودا شەڕ لەنێوان دەوڵەتە دیموکراسیەکاندا نابێ و مەسەلەی دیموکراسیەت بەرەوپێشەوە دەچێت و دەوڵەت دوای دەوڵەت ، کۆمەڵگا دوای کۆمەڵگا بەرەو دیموکراسی دەچن و لەئەنجامدا هەموو بەرەو ئاشتی دەڕۆن . مۆدێلی سێیەم ، کە زیاتر بۆ ماوەی

سالانی سی دەگەڕێتەوە ، واتە پێش پەیدابوونی جەنگی دووەمی جیهانی ، لەسەر فیکرەی ویلسون بۆ دروستکردنی ڕێکخراوی جیهانی (عصبة الامم) دامەزرا ، بەڵام لەسالی ١٩٢٩ دا ، پاش ئەوەی ئەڵمانیای نازی دنیای بۆ جەنگێکی جیهانی ڕاکێشا ، نوشستی هێنا . بەپێی مۆدێلی چوارەم ، ئەمریکا لەداهاتوودا تاکە هێزێک دەبێ کە دەتوانێ بڕیار لەسەر زۆر شت بدات لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا . وابزانم جۆرج بووش کاتی خۆی لەقسەکانیدا لە ١٩٩١-١٩٩٠ دا زیاتر کاری بۆ ئەمجۆرە سیستەمە دەکرد تاوەکو سیستەمێک کە لەسەر بنچینەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ دامەزرابێ .

سەبارەت بەو چوار مۆدێلە ، هەتا ئێستا ئەوە ڕوون نیە ئەو سیستەمەی ئێمە باسیدەکەین بەپێی کام مۆدێل دەدامەزرێ ، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەتوانم بڵێم دەشێ لەسەر بنچینەی پێوەندی نێوان زیاتر لە مۆدێلێک لەو مۆدێلانە دابمەزرێ ، واتە دەشێ تامی دوو یان سێ مۆدێلی تێدابێ .

ماسەلەیەکی گرنگ لە باسکردنی (سیستەمی نوێی جیهانی) دا ، تەواوبوونی جەنگی سارده . وەکو ئێوەش هێماتان بۆ کرد ، ئەو ماسەلەیە گرنگیەکی یەکجار زۆری هەیە . یەکێک لەو کەسانەی لەسەر ئەو بابەتەی نووسیوە و گفتوگۆ و مشتومڕێکی زۆری خستۆتە ، مێژوونووسێکی ئەمریکی بەڕەچەڵەک یابانیە بەنێوی (فوکۆ یاما) ، ئاوێش لەڕێگەی ووتارێکەوە بەناونیشانی (کۆتایی مێژوو - The End of History) ، فوکۆ یاما دەڵێ (ئێستا لەساردەمی تەواوبوونی مێژووداین . تەواوبوونی مێژووێش بەسەرکەوتنی فیکر و ئایدیۆلۆژییەتی لیبرالی و لەناوچوونی فیکری کۆمۆنیزم هاتەئاراوە) ، بێگومان ئەگەر ئێمە لێکدانەوەیەکی وامان بۆ جەنگی سارد هەبێ ، ئەوا لێکدانەوەکەمان گەشبینانەیە . باشتر وایە بڵێین ئەو جۆرە ململانێیە لە ئەورووپا خۆی دا لە ئەنجامێک ، بەڵام لە ئەورووپا بترازێین و بچینە (جیهانی سێ) ، ئەو جیهانەی ئێمەی لێوە هاتووین ، ئەوا لەو بڕوایەدام ململانێکە تازە خەریکە دەستپێدەکات ، تازە ئەورووپا باس لەوە دەکات لەجیهانی ئێمەدا دیکتاتۆریەت هەیە . هەتا ڕۆژی ئەمڕۆ ئەو دیکتاتۆرانە ، ئەو ڕژێمانەی مافی مرۆڤیان پێشێلدەکرد ، یارمەتی سەرەکیان لە زلهێزەکانەوە بوو ، چونکە لەسەر بنچینەی ئەو یارمەتیانە ئەوان دەیانتوانی ماعیل بن و دەستێکی ئامێنی ئەو زلهێزانە بن . بەواتایەکی دیکە ، ئێمەڕۆ ماسەلەی قۆناغ قۆناغێی فیکری لیبرالی و فیکری دیکتاتۆری گۆاستراوەتەوە جیهانی ئێمە و تازە دەستپێدەکات .

دەکرێ ئەنجامەکانی تەواوبوونی جەنگی سارد بەو شێوانەی خوارەوە تاماشابکرێن : یەکێک لەئەنجامەکان ئەوەیە کە ئیتر سنووری دەوڵەتەکان پیرۆزنین . ئامانج بێگومان سوودێکی زۆری بۆ ماسەلەی کوردستان هەیە . ئەنجامێکی دیکە ماسەلەی دەستخستنە نێو کاروباری دەوڵەتانەوەیە کە تا ڕۆژی ئێمڕۆ شیاونەبوو . شایانی باسە ، بەخێری ئەو قۆناغ قۆناغی و ململانێیەی نێوان دوو زلهێزەکە ، کە زیاتر لە وولاتانی (جیهانی سێ) بەکاریاندەهێنا ، هەرێک لە ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤیەت دەستێکی ئامینی پاراستنی ئەو سنووراندە بوون . ئامانج لەبەر ئەوەبوو کە ئەو سنووراندە وەک پرنسیپ پیرۆزبوون ، بەڵکو زیاتر پرنسیپیان بەکاردەهێنا بۆ پیادەکردنی سیاسەتی واقیعیانە ، بۆ ئەوەی ئەو دەوڵەتانە هاوپەیمانێتیەکانیان بۆ هێزی ئەوان هێزبوو بۆ ئەمریکا یاخود یەکێتیی سۆڤیەت . بەڵام لەئەنجامی ئەمانی ئەو ململانێیە ، دەوڵەتان بەتەنیا ماونەتەوە و دەبێ بەخۆیاندا ڕابگەن . زۆرجاریش دەبینین لەکاتی دروستبوونی کێشەیەکدا کە پێوەندی بە ئاسایشی جیهانی یاخود ناوچەییەوە هەیە ، زلهێزەکان لەوە ئاسانەترە پرنسیپەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەکارهێنن بۆ ئەوەی بچنە نێو ئەو دەوڵەتانەوە و هەندێک سیاسەت پیادەبکەن کە تائێستا شیاو و لەبارنەبووە . ئەنجامی سێیەم ماسەلە ناوچەییەکان و شارە ناوخۆییەکانە کە ئێستا ساربەخۆیی خۆیان وەردەگرن ، ئامانج ماسەلەیەکی زۆر گرنگە . لەکاتی جەنگی ساردا ئەو شارە ناوخۆییانە ، کە لەسەر بنچینەی ئایدیۆلۆژی یاخود بەناو (شارەی ئازادیخوازانە) پیادەدەکران ، دەبوایە پاڵ بدەنە یەکێتیی سۆڤیەت یاخود ئەمریکا ، بۆ ئەوەی بتوانن لەسەر پێ بوەستن . زۆربەی جارێش وادەبوو زیاتر پاڵ بدەنە یەکێتیی سۆڤیەت . لەهەر بارێک لەو دوو بارەشدا بزووتنەوەکان لەبری ئەوەی مێژووی خۆیان بنووسن ، زۆرجار مێژوویان بۆ دەنووسرا ، لەئەنجامی ئەوەش گەلێک جار تووشی تراژیدیا دەبوون ، لەماوەی شەو و ڕۆژێکدا و بەبڕیارێک هەڵدەوەشانەوە . دەتوانم نموونەی زۆر لەم بوارەدا بهێنمەوە . جگە لەوەی ماسەلەی کۆماری مەهاباد بەسەرهتای جەنگی ساردەوە دەبەستێتەوە ، کارەساتەکەی ١٩٧٥ پش ڕاستەوخۆ دەشێ بەبەستێتەوە بە ململانێی یەکێتیی سۆڤیەت و ئەمریکاوە . ئاوێش لە دەستپێکی پەیمانی یەکێتیی سۆڤیەت و عیراق (ئاپریلی ١٩٧٢) و خۆمالیکردنی نەوت (حوزەیرانی هەمان ساڵ) و ... هتدەوە . بەو جۆرە کورد لەعیراقدا بووە بەشێک لە جەنگی ساردی نێوان ئەمریکا کە لەپشت ئێرانەوە دەوەستا وەیەکێتیی سۆڤیەت کە لەپشت عیراقەوە دەوەستا . ئێستا ئەو ماسەلەیە ئاماوە ، ئەوەش خۆی لە خۆیدا ئازادبوونی بزووتنەوە ئازادیخوازەکانە ، ئەگەر زۆر گەشبینانە قسەنەکەم . هەتا ماوەیەکی

دوورەڕێ بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان بەنەفرەتدەکران ، چونکە ئارامیان دەشلەقاند و بەهۆکاری پشێوی دەژمێردران ، بەڵام ئێمڕۆ زیاتر هەوڵی تێگەیشتن لەو بزووتنەوانە دەدرێ و هەوڵدەدرێ بەباشترینەوە بەهەندێ چەمکی وەک دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنووسینەوە .

وابزانم بۆ هەموومان ئەو پرسیارە گرنگە ، وەک لە گفتوگۆکاندا دەرکەوت ، کێ هێزی سەرەکی دەبێ لە جیهاندا . ڕاستە ئەمریکا لەکاتی شەڕەکەی کۆمیتدا ئەو خواستەی نیشان دا و هەتا ئێستاش لەسەری بەردەوامە ، خۆ ئەگەر لەداهاتووشدا بۆی بلوێ ئەوا ئەو مۆدێلی پاکس ئەمەریکانەی پێشوو دەکاتە پرنسیپی (سیستەمی نوێی جیهان) ، ئەمەش بەبەکارهێنانی هەندێ چەمکی وەک مافی مرۆڤ و دیموکراسیەت و ئەوانە . بەبڕوای من پێدەچێ ئەو ستراکتۆرەی داهاتوو زیاتر ئاوەندی هێز دابەشدەکات ، ئەم دابەشکردنەش هەندێ جار لەسەر بنچینەی سەربازی - ئاسایشی دەبێ و هەندێ جار لەسەر بنچینەی ئابووری و هەندێ جاریش لەسەر بنچینەی ناوچایی . لێرەدا دەکرێ بەچوار شێوە تەماشای ئەو دابەشبوونە بکرێت :

١- ئەمریکا لەهەندێ مەسەلەی ئابووری و ئاسایشدا ڕۆڵی یەکەم دەبینێ .

٢- ئەمریکا و ڕووسیا ڕۆڵی کۆنترۆڵکردنی چەکی ئاتۆمی دەبینن ، هەرچەندە زۆر دەوڵەتی تریش ئەو جۆرە چەکەیان هەیە ، بەڵام ئەمریکا و ڕووسیا لەسەر گفتوگۆکردن دەربارەی کەمکردنەوە یان لەناوبردنی ئەو جۆرە چەکە وەکو مۆنۆپۆلێک تەماشادەکرێن ، ئەگەرچیش هەندێ وڵاتی تر هەن کە بەدەنگهاتوون و دەیانەوێ لەو گفتوگۆیانەدا بەشدارین ، بەڵام ناتوانم نیمڕۆ بڵێم ئەوە لەداهاتوودا دەبێتە حەقیقەت یاخود نەء .

٣- ئەمریکا و بازاڕی هاوبەشی ئەوروپا و یابان و پلنگەکان (کۆریای خواروو و ئەوانی دیکە) لەمەسەلەی ئابووری و بازرگانی نێونەتەوەییدا ڕۆڵی بنچینەیی دەبینن .

٤- هێزە ناوچاییەکان ڕۆڵێکی کەم لەمەسەلە ناوچاییەکاندا نابینن . بۆیە دەمەوێ ئەو هێزانەش بخەمە پاڵ ئەو هێزانەی تائێمڕۆ وەک زلهێز تەماشادەکرێن ، چونکە ڕۆڵی خۆیان دەبینن . بۆ نموونە تورکیا کە لە سێ ڕەهەندی (بعد) خواروو ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوەڕاستی ئاسیا و قەوقازدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە .

ئەوەی پێوەندی بە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستانەوە هەیە باگشتی ، جا لەهەر پارچەیەکدا بێ ، پێوار پرسیار گرنگ لەسەر مەسەلەی دامەزراندنی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ، واتە پرسیار لەسەر ئەوەی کێ دەبێتە هێزی پلە یەک و کێ دەبێتە هێزی پلە دوو : یەکەم - ئایا ئەوروپای ڕۆژئاوا ڕۆڵی پلە یەک وەردەگرێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و ئەمریکا ڕۆڵی پلە دوو ؟ دووەم - ئایا ئەمریکا ڕۆڵی پلە یەک وەردەگرێ لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپای ڕۆژئاوا ڕۆڵی پلە دوو ؟ سێیەم - ئایا ئەمریکا و ئەوروپای ڕۆژئاوا ڕۆڵیان یەکسان دەبێ لەگەڵ هەندێ گۆڕاندا لەماوەیەکەوە بۆ ماوەیەکی دیکە و لەماوەیەکەوە بۆ ماوەیەکی دیکە ؟ چوارەم - ئایا دەشێ ئەمریکا و ئەوروپای ڕۆژئاوا ڕۆڵی خۆیان بدەنە هێزە ناوچاییەکان و خۆیان خەریکی ماسەلەی زۆر گرنگترین ، وەکو پێوەندی نێوان خۆیان و پێوەندیان لەگەڵ یابان و سیاسەتی نێونەتەوەیی باشێوەیەکی گشتی ؟

ئەو بۆچوونانەی هەتاکو ئێستا هەن بریتین :

١- ئەوروپای ڕۆژئاوا دەبێتە ئەکتەری پلە یەک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا . لەڕاستیدا زۆر کەس داوای ئەوە دەکەن ، یەکێک لەوانە هێنری کیسنجەری وەزیری دەرەوەی پێشووتری ئەمریکایە کە لە ووتارێکدا نووسیویەتی (لەماوەی دە ساڵی داهاتوودا ئەمریکا دەبێ حیسابی ئەوە بکات کە ناوچەی ڕۆژهەڵات ناوەڕاست باجیهێڵێ ، ئەگەر بەبێشی نەیهێڵێ ئەوا ڕۆڵی بنچینەیی بدات ئەوروپیەکان) .

٢- بۆچوونێک هەیە کە دەڵێ ئەمریکا دەبێتە هێزی پلە یەک و ئەوروپای ڕۆژئاواش دەبێتە هێزی پلە دوو . ئەمەش زیاتر بۆچوونی خاڵکانێکە لە ئەمریکا کە بارۆمەندی بنچینەیی ئەمریکا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبینن ، بەپێوەند لەگەڵ ماسەلەی ئاوت و هەندێ ماسەلەی تر ، وە بەپێویستی دەزانن ئەمریکا بەهەموو توانای خۆی هەوڵی ئەوە بدات ئەک هەر ببێتە ئەکتەری پلە یەک ، بەڵکو کۆنترۆڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات ، بەتایبەتی هی ئاوت ، چونکە لەو ڕێگەیەوە دەتوانێ کۆنترۆڵی ئەوروپای ڕۆژئاوا و یابان بکات ، لەبەر ئەوەی ئەوان پشتی زۆر بە ئاوتی ئەو ناوچایە دەبەستن .

٣- بۆچوونەکەی دیکە ئەوەیە کە ئەمریکا و ئەوروپای ڕۆژئاوا وەکو یەک بن . ئەم بۆچوونە پێی وایە لەداهاتوودا ئەمریکا و ئەوروپای ڕۆژئاوا ، بەپێی هەندێ تێبروانین ، پێویستە هاوسەنگ بن . چونکە هەندێ بارۆمەندی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە کە دەبێ باشێوەیەکی هاوبەش کاریان لەگەڵدا بکەن . بەڵام ئەمە تەنیا دوابڕوا نیە سەبارەت بەو مەسەلەیە ، چونکە بۆچوونێکی دیکەش هەیە کە پێی وایە ئەگەرچی ئەمریکا و ئەوروپای ڕۆژئاوا لەسەرەوە باشێوەی ڕێکەوتن سیاسەتەکانیان دەنوێنن ، بەڵام لەڕاستیدا ململانێ لەنێوانیاندا هەیە . لێرەدا تێگەیشتن لەو پەیوەندیانە بۆ ئەکتەرە

سیاسیەکانی کوردستان ماسەلەیەکی گرنگ ، بۆ ئەوەی بتوانرێ لەسەر بنچینەی ئەو تێگەیشتنە سیاستەکان دارێژن و بڕیارەکان وەرگرن .

٤- بۆچوونی چوارەم پێی وایە ڕۆڵی ئەمریکا و ئەورووپای ڕۆژئاوا لەناوچەکەدا کەمدەبێتەوە و ڕۆڵی هێزە ناوچەییەکان زۆردەبێ . ئەوەش ئەنجامی هەندێ بڕوای ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمریکا سەبارەت بەوەی سەرچاوەیان لە قازانجیان زیاتر لەناوچەکەدا ، بۆیە ڕۆڵی خۆیان دەدەنە هێزە ناوچەییەکان و خۆیان وەک هێزی پلە دووی ناوچەکە قبوڵدەکەن .

بەهەرحاڵ ، من لەو بڕوایەدام کە دەبێ ئەورووپای ڕۆژئاوا لەداهاتوودا حیسابی پلە یەکی بۆ بکرێت لەناوچەکەدا . ئەورووپا پڕۆژەی خۆی هەیە لەناوچەکەدا ، پڕۆژەیەکی کۆنی چەند ساڵ بەر لەئاوابوونی جەنگی سارد . مەبەست پڕۆژەی خواروو ی ئەورووپایە : فەرەنسا ، پۆرتوگاڵ ، ئیسپانیا و ئیتالیا ، بەنیوی (پڕۆژەی کاری هاوبەش لەناوچەی دەریای ناوەڕاست) . ئەم پڕۆژەیە کاری زۆری بۆ کراوە ، بەڵام هێشتا نەبۆتە حقیقەتێک . هەروەها فیکرەی تریش هەیە بۆ دروستکردنی پڕۆسەیەک وەک پڕۆسەکەی هێلسنکی ، کۆنفرانسی هێلسنکی لەسەر مەسەلەی دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ و هەندێ مەسەلەی تر ، کە پێوەندی هەبێت بە وڵاتانی دەوروپشتی دەریای ناوەڕاستەوە و تیایدا ئەورووپا و ناوچەی ئێمە لەشێوەی پڕۆسەیەکدا تێکەڵ بەیەک دەبن ، دیارە ئەمەش لەسەر بنچینەی مێژوویی ، جیۆسیاسی ، جوگرافی و زۆر شتی تر . پێم وایە ئەورووپا هۆی مانەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زیاتربێ تاکو ئەمریکا .

باسێک لەگەڵ نووسینی کوردناسێکدا بەنیوی (ڕۆبرت ئۆلسون) ، سەبارەت بەڕاوردکردنی دەرفەتی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی لە سااڵنی بیست و سااڵنی نەوەتدا ، هاتۆتەئاراوە . بەبڕوای من ئەو شێوە بەڕاوردکارییە زیاتر لە سوودێکی هەیە بۆ : پەیداکردنی زانیاری دەربارەی هێزە جیۆستراتیژییەکانی لە ناوچەکە و دەرەوە هان ، تێگەیشتن لەوەی چ پڕۆسەیەک خاریکە لە ناوچەکەدا پێدابگرێ و ببێتە مۆدێل و چ هێزێک لە ناوچەکەدا بزربووە و ڕۆڵی نەماوە . دۆزینەوەی ئەو شێوە میکانیزمە ، بەبڕوای من ، شتێکی گرنگە بۆ باسکردن لەسەر دەرفەتەکانی دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی یاخود گۆڕانی بارودۆخی کوردستان بەرەو باشتر و هاتنەکایەوەی هەندی کیان یان چارەسەرێک بۆ مەسەلەی کورد .

دەمەوێ ئەوەش بڵێم ، ئەوەی لەناوچەی ئێمەدا بوودەدات زیاتر وابەستەیە بەهەژان یان تێکشکاندنی ئەو ئەمری واقیعەوە کە ئەک لە جەنگی جیهانی دووەمەوە ، بەڵکو لە تەواوبوونی جەنگی جیهانی یەکەم و دروستبوونی دەوڵەتە دەستکردە زۆرملێکانەوە بەسەر ناوچەکەدا سەپێنراوە . ئەو ئەمری واقیعە تائێستاش بەردەوامە . کێشەی کومیت و تێکشکاندنی ئامێری جەنگی عیراق ، کەم تا زۆر هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عیراق یان دانانی هەبوونی دەوڵەتی عیراق لەژێر نیشانەی پرسیاردا ، مەسەلەیەکی زۆر گرنگە بۆ میللەتی کورد . چونکە بەبڕوای من ئەو تێکشکاندنەی عیراق تێکشاندنی سێ کوچکەی تەرازووی هێزی ناوچەکەیە ، ئەوەی عیراق و تورکیا و ئێران . واتە ئەگەر عیراق لە ناوچەکەدا لاوازبوو ، تورکیا و ئێران چییان بەسەردێت . کاک عومەر باسی شیانی پێکدادانێکی سەربازی نێوان تورکیا و ئێرانی کرد . بەبڕوای من ئەوە شتێکە نابێ بەدووری بزانین و پێویستە دووربخەینەوە لاویست و ناویست . دەبێ ئەوە بزانین کە هەژانێکی دیکەی وەک ئەوەی کومیت لەناوچەکەدا ، دەشێ دەرفەتە مێژووییەکە بۆ گەلی کورد گەورەتر و لەبارتربکات .

هەندێ شار لەپێناو ئاشتی یاخود ئاشتەکی باشتردا دەکرێن ، هەندێکی دیش بۆ تێکشکاندنی ئاشتەکی خراپ و بەسەر خەڵکدا سەپێنراو . ئەو ئاشتەی لە کۆنگرەی لۆزان سەپێنرا بەسەر کورددا ، ئاشتەکی خراپ بوو و دەبێ هەڵوەشێتەوە و بە توانای خۆیی کورد . ئەمە ئاکۆکیەکە ، چونکە بەپێی ئەمری واقیع ئەمانتوانیوە هەڵیوەشێنێتەوە . ئێمە خاوەنی بزووتنەوەیەکی چەکدارین لە کوردستانی عیراق و تورکیا و ئێران کە ئەک هەر ئەیانتوانیوە ئەمری واقیعەکە لەناوبەرێ ، بەڵکو ئەیتوانیوە بێ هێزیشی بکات . کەواتە ڕەنگە هەندێ هەژان و گۆڕانکاری لەناوچەکەدا زیاتر ڕووناکی بداتە کورد بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەو ئەمری واقیعەی بەسەردا ئەسەپێتەوە .

لەم بوارەشدا دەشێ هەندێ مۆدێل بۆ تەرازووی هێز لەو سێ کوچکەیەدا لەئارادابێت : یەکێکیان ئەوەیە هەرسێ دەوڵەتی عیراق و ئێران و تورکیا بێ هێزبن ، دووەمیان ئەوەیە هەرسێ دەوڵەتەکە بەهێزبن ، سێیەمیش ئەوەیە ئەگەر عیراق لەناوبچێ ئەوا ئێران و تورکیا دوو هێزی هاوتابن . ئەگەر مۆدێلی سێیەم ، کە فیکرەی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عوسمانیە ، ببێتە حقیقەتێک ئەوا ڕەنگە کۆنفدراسیۆنێکی کوردستانی عیراق و تورکیا سەرهەڵدات . ئایا کام لەو سێ مۆدێلە دەبێتە حقیقەت و بزووتنەوەی کورد سستەماتیکانە بۆ کامیان کاردەکات ، کاک عومەر ووتەنی کارێکی بەپلان و ئەنقشە بۆ دانراو ؟ ئایا یەکێک هەڵدەبژێرن کە پێیان خۆشە و شیاوە ؟ ئایا یەکێک هەڵدەبژێرن پێیان خۆشە

و شیاونیە ؟ یاخود ئەوە هەڵدەبژێرن کە دەشێ دەرفەتی زیاتربێ و لەسوودی نیمەدا نەبێ ؟

واتیدەگەم لەماڵەی بەراوردکردنەکەی نێوان سالانی بیست و سالانی نەوەت دا دەبێ تەماشای سێ شت بکەین : یەکێکیان خودی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستانە ، ئەویتریان سیستەمی ناوچەییە ، ئەویتریشیان سیستەمی جیهانییە .

ئەوەی پێوەندی بە میکانیزمە ناوەکییەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستانەوە هەیە ، بێگومان زۆر مەسەلە هەن کە دەشێ بخرێنە ژێر بەراوردکردنەوە : شێوەی ڕێکخستنی هێزە کۆماڵایەتیەکان ، ئاستی هوشیاری و دروشمە سیاسیەکان ، بەگشتی پڕۆگرامی سیاسیی بزووتنەوەکە . ئەوانە زۆر مەسەلەن کەدەشێ بخرێنە قاڵبی بەراوردکاریی بارودۆخی کوردی بیستەکان و نەوەتەکانەوە . لە (سیستەمی نوێی جیهانی) دا من لەو بڕوایەدا نیم (لەوانەیە ڕاستیش نەبم) بتوانین بەتوانا خۆییەکانی بزووتنەوە چارەسەرێکی هەمەلایەن و یەکبوو بۆ مەسەلەی کورد بدۆزینەوە ، ئەمش لەسەر بنچینەی ئەو ڕاستیانەی خوارەوە :

١- ئەبوونی ستراتیژیەتێکی سەرتاسەری کوردستانی . ئەوەی ڕاستی بێت بزووتنەوەیەکی سەرانسەری کوردستانی مەزن لەئارادانیە بۆ دۆزینەوەی چارەیەک یاخود ڕێگەچارەیەک بۆ مەسەلەکە . ئەگەر بووترێ پارتی کرێکارانی کوردستان لە کوردستانی باکوور خاوەنی ئەو چارەسەرەن ، دەبێم نەخێر . ئەوەی تا ئێمڕۆ بەدیدەکرێ ، چەند بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی کوردی جیاجیایە لە پارچەکانی کوردستاندا . لێرەشدا ڕەنگە مرۆڤ کەم تا زۆر لە بۆچوونەکەی (ئیزەدی) یەوە نزیکبێ کە دەڵێ : « ئەگەر کورد بەخۆیدا ڕانەگات ، ئەوا دوای دە پانزە ساڵ دەبێ باسی نەتەوە کوردییەکان بکەین نەک نەتەوەی کورد» . ئەمە کێشەی کوردی قوڵترکردۆتە و ڕەنگە کەم تا زۆر بە بێ ئاگایی یان ئاگایانە کورد قبوولیکردبێ ، بەڵام ئێستر کاتی ئەوە هاتووە کار بۆ ئەوە بکرێ ستراتیژیەتێکی سەرانسەری بێتە ئاراوە . وات چەمکێکی گشتی هەبێ کە لەژێریدا چەند چەمکێکی تایبەتی هەبن ، دروشمێکی سیاسیی گشتی هەبێت کە لەژێریدا چەند دروشمێکی سیاسیی تایبەتی هەبن .

٢- کەموکوڕییەکی دیکەی نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد ئەوەیە کە تاکو ئێستاکە پڕۆژەیەکی نەتەوەیی کوردی لەئارادانیە ، شتێک بەناوی پڕۆژەی نەتەوەیی کوردی نیە کە لەنێویدا لیستەیەکی نەتەوەیی یان ناشنال چارتەر دەربڕدرابێ (وەک ئەوەی فەلەستینیەکان کە مافی یاسایی و دیموکراسی و مرۆڤایەتی و ئابووری و کولتووری ... هتد ی تێدایە) بێ ناکۆکی حیزبایەتی و لەبازنەیەکی کوردایەتیدا ، وات لەبازنەیەکدا کە میللەتەکەمان ئینتیمای بۆ شتێک هەیە هاوبەشە و سەروو هەموو ئەو سنوورانەیە کە دەوڵەتان و حیزبەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان لە پارچەکانی کوردستاندا دایان ناوە . باوەڕم وایە ڕاگەیاندنی پڕۆژەی نەتەوەیی مەسەلەیەکی گرنگ و ناساندنی بەکورد کارێکی گرنگترە .

٣- ئەگەرچی ئەو ڕاستیەش قبوولکەین کە کورد بزووتنەوەی نەتەوەیی جیاجیای هەیە لە پارچە جیاوازەکانی کوردستاندا ، ئەوا هەرنابێ ئەم قۆناغەی گۆڕانکارییەکان ئەوە دەسەپێنێ بەسەر هێزە سیاسییەکانی بزووتنەوەکە و ڕێکخراوە کوردستانیەکاندا لەسەر ئاستی کەمی کاری سیاسی نەتەوەیی ، ئۆرگانێکی نەتەوەیی ، وەک کاک عومەر هێمای بۆ کرد ، بۆ نموونە بەنێوی « ئەنجومەنی یەکخستنی نەتەوەیی بالا » دامەزرێنن . ئەم ئەنجومەنە دەتوانێ تایادەیەک وەلامێکی شیاو و پڕاوپڕ بێت بۆ پێداویستیەکانی قۆناغی ئێمڕۆی گۆڕانکاری و پەیوەندییە جیهانیەکان . لێرەدا ناتوانم بەدرێژی باسی ئەو دوو خاڵەی سەرەوە بکەم ، بەو هێوایەی لە دەرفەتێکی دیکەدا ڕوونکردنەوەیان بخەمە سەر .

ئەوەی ڕاستی بێت ، ئێمڕۆ بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان نەک هەر بەو شتانەی سەرەوە نامێنێ ، بەڵکو ئاتەبایی لێرە و لەوێش لەنێوان بزووتنەوەی سیاسیی پارچەیەکی کوردستان لەگەڵ پارچەکانی دیکەدا بەدیدەکرێ . نموونە بۆ ئەوە ، تێکەڵچوونەکەی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢ ی نێوان هێزەکانی حکومەتی کوردستان و هێزەکانی PPK یە .

مەبەست لەباسکردنی ئەو سێ خاڵەی سەرەوە ئەوەیە ، ئەگەر سیستەمێکی نوێی جیهانی یان هەر نەبێ بارودۆخێکی نوێ هاتبێتەکایەوە لە ستراکتۆری سیاسەت و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا ، ئەوا پێویستە بەم پێیە و وەک پێویست بزووتنەوەی سیاسیی کوردستانیش تازەبوونەوە و نوێبوونەوە بەخۆوە ببینێ . پێم وایە ، جگە لەبەرچاوگرتنی ئەو سێ مەسەلەیەی سەرەوە کە زۆر گرنگن ، دەبێ هاندی گۆڕانکاری تریش لەمەیدانی خەباتی سیاسیی کوردستاندا بێنەئاراوە ، لەوانەش : ١- لایەنی ئایدیۆلۆژی بزووتنەوەکە . ٢- ستراکتۆری ڕێکخستن ، لێرەشدا دەبێ بازنەی کوردایەتی دەستپێک بێ و بازنەی حیزبایەتی تێکشکێنرێت . ٣- دروشمە سیاسییەکان . ٤- بەدامەزراوکردنی دام و دەزگاکانی بزووتنەوەی کورد ، جا سیاسەتی بزووتنەوەکە بێت یاخود دروستکردنی دەوڵەتی کوردی . لێرەدا گرنگ ئەوەیە ستراکتۆری دەوڵەتێک بخەینە نێو قاڵبی کاری سیاسیی خۆمانەوە ، بۆ ئەوەی خۆمان ئامادەبکەین و ئەگەر سەبەینێ بوویە دەوڵەت یاخود زەمینەی ئەو

دەوڵەتە ڕەسمیا ، ئەوا ئەو دەوڵەتە بۆ ئێمە نامۆنەبێ و بتوانین کاری لەگەڵدا بکەین . ٥- ئێمەڕۆ بۆ نوێکردنەوەی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان زۆر گرنگە سیاسەت وەک بەهرەیەک (هیوایەت) مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت . واتە ئێتر بزووتنەوەی کورد کاری سیاسی بکاتە ئیحتراف و خەڵکانی لێزان لە بواری جیاجیاکاندا نابێ هەر گوێیان لێ بگیردرێ ، بەڵکو لەایەن سەرکردەکانەوە بۆ ڕاوێژکاری پەنایان پێ ببردرێ . لەم بوارەشدا دەشێ بپرسین : ئایا میللەتی کورد بۆ هەتا ئێستا خاوەنی ئەنجومەنێکی نەتەوەیی ڕاوێژکاری نیە کە بتوانێ سوود لەو کەسە شارەزایانە وەربگرێت ، جا کوردبن یاخود لەبواری کورددا شارەزابن ، بۆ دابڕشتنی بڕیارە سیاسییەکان و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی سیاسیەکان ؟ ٦- بۆ پێڕاگەیشتن بەو گۆڕانکارییانەی جیهان لەم قۆناغەدا ، بۆ ئەوەی کورد بتوانێ لە گۆڕانکارییەکانی داهاتوو بگات و تێڕامان و چارەی شیاویشی هەبێ بۆ بارودۆخ و کێشەکان ، هەروەها لەپێناو بەدەمەزراوکردنی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان ، نەتەوەی کورد پێویستی بە ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی سیاسی و ستراتیژی نەتەوەیی کوردی هەیە . من یەکەم کەس نیم بانگەوازی ئەوە دەکەم و تەنیا دەمەوێ دووپاتی بکەمەوە . ٧- بیرکردنەوەیەکی نوێتر و گونجاوتر لەئامرازی خەبات ، واتە پرسیاری ئەوە بکەین : ئایا بزووتنەوەی لەسەر خەباتی چەکداری بەردەوام بێت یاخود باس لە ئەلتەرناتیڤی تر بکات ؟ بێگومان دەربڕینی نەمبوورە پرسیارە ، سەرەڕای بوونی زۆر هۆ ، گرێدراوی تەواوبوونی جەنگی سارد . شایانی باسە ، لەژمارە (١٥) ی گۆڤاری یەکگرتندا سەبارەت خەباتی چەکداری و ئەلتەرناتیڤە شیاوەکان باسەتێکم بڵاوکردۆتەوە .

ئێستا هەر لەسەر ئەو خاڵەی دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان ، من چۆن دروستبوونی ئەو دەوڵەت لەسالأنی بیستدا دەبەستمەوە بە ستراکتۆری هێزەوە لە جیهان و ناوچەکەدا ، بەهەمان شێوە حەزدەکەم لەسالأنی نەوەتیشدابیبەستمەوە بە ستراکتۆری دابەشبوونی هێز و گۆڕانکارییەکانی تەرازووی هێزەوە لەسەر ئاستی جیهان و ناوچەکە . فیکرەی دروستبوونی دەوڵەتی کورد لەسالأنی بیستدا ، فیکرەی پەیمانی سیڤەرە ، کە ئینگلیزەکان مەبەستیان دروستکردنی دەوڵەتێکی بەربەستکەر (عازل) بوو لەنێوان ڕووسیای بۆلشەفیکی و بەژەوەندییەکانیان لە ناوچەی کەنداو و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، لەنێوان تورکیا و دوو نازەربایجاندا و تێکشکاندنی توانای یەکگرتن یاخود پێکەوەبوونی تورکیا و نازەربایجان لەسەر بنچینەی پان تورکیزم . واتە مەسەلەی دروستبوونی ئەو دەوڵەتە لەسەر بنچینەی مافی چارەی خۆنووسین نەبووە ، بەڵکو لەسەر بنچینەی دیتنی ستراکتۆری هێز و هێزە جیۆستراتیژییەکانی ناوچەکە بووە .

لێرەدا دەشێ بپرسین : بۆچی دەوڵەتی کوردستان دروست نەبوو ؟ دیسان دەبێ بگەڕێینەوە سەر ئەو سەرچاوە بنەڕەتیانەی لەئاراداین و بێگومان کاك خالید شتی زۆری لەو بارەیەوە هایە . سەبارەت گۆڕانی بڕوای بەریتانیەکان لەسەر دروستکردنی دەوڵەتی کوردی لە یاداشتێکی (تشرشل) دا شتێکی زۆر گرنگ هایە ، تەنانەت خوێندنەوەی لەسالأنی نەوەتیشدا گرنگیمان بۆ دووپاتدەکاتەوە . یاداشتەکە دوای پەیمانی سیڤەر نووسراوە و دەڵێ ئەگەر ئێمە تەماشای هێزەکانی ناوچەکە بکەین (واتە ئەوەی دەورووپشتی کوردستانیان گرتووە) چوار هێز بەدیدەکرێن : یەکەمیان یۆنانیەکانە کە دەبێ خەتیان بەسەردا بهێنین ، چونکە گرنگیەکی سەرەکیان نیە و بەڕژەوەندییەکیان لەناوچەکەدا نیە . دووەمیان تورکە و سێیەمیان عەرەبە و چوارەمیشیان ڕووس . کاتێك دێتە سەر باسی عەرەب و تورک و ڕووس ، دەڵێ دەبێ ئێمە هەموو هەوڵێك بدەین بۆ ئەوەی عەرەب و تورک ، وەکو دوو میللەت ، لەناوچەکەدا بەهێزبن و دۆستی ئێمە بن . بۆ ئەوەی نەبنە دۆستی ڕووسیای بۆلشەفیکی و مەترسی بۆ بەڕژەوەندییەکانمان لەناوچەکەدا دروست نەکەن . هەروەها دەڵێ ڕووس دوژمنی ئێمەیە و پێویستە بایەرمانی عەرەب و تورک بەڕژەوەندییەکانی خۆمانی لێ بپارێزین . جا لێرەدا دەشێ بپرسین ئایا دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی لەنێوان عەرەب لەخوارەوە و تورک لەسەرەوە نادەبووە هۆی ئەوەی ئەو دوو میللەتە ببنە دوژمن ؟ لەوەڵامی ئەوەدا دەڵێین بەڵێ . لەیاداشتەکەی تشرشلیشدا ئاوە هاتووە کە دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی لەو ناوچەیەدا هەڵەیەکی کوشندەیە ، چونکە دەبێتە هۆی دوژمنایەتیکردنی عەرەب و تورک بۆ بەڕژەوەندییەکانیان لەناوچەکەدا .

بابێینە سەر ئەو هێزانەی ئێستا لەناوچەکەدا هەن و بزانین کێن . ڕووسیا کەم تا زۆر ڕۆڵی کەمبۆتەوە و ئیسلام ڕۆڵی زۆربووە ، ئەمش لە هێلکارییەکەی تشرشلدانیە بۆ ناوچەکە . واتە هێزێکی نوێ هاتۆتەپێشەوە کە دەبێ کورد حیسابی بۆ بکات و بتوانێ ئالقەیەك لە مەسەلەی ئیسلامدا لەگەڵ ئەمریکا و ئەورووپا پەیدابکات . لێرەدا من وا بیردەکەمەوە ، لەوانە بەویستیش بێت ، نزیکبوونەوەی کورد بەشێوەیەکی گشتی لەتورکیا ، هەرنابێ کوردی عیراق و تورکیا ، وە دوژمنەوەی جۆرێك لێك تێگەیشتن لەگەڵیدا ، یارمەتیدەرە بۆ تێکشکاندنی ئەو سیاسەتی سێ کوچکەیەی دەورووبەری کوردستانی تەنیوەتەوە . خولانەوە لەنێو ململانێی نێوان ئەو سێ دەوڵەتەدا (تورکیا و

عیراق و ئێران) دەبێتە هۆی مانەوە و تێکنەشکاندنی ئەو سێ کوچکەیە . بەبڕوای من تێکشکاندنی ئەو سێ کوچکەیە لەئاستی ناوچەیی و جیهانیدا شیاوە ، ئەگەر کورد ستراتیژییەتێکی مازنی هەبێت و لەسالی خۆیەوە دەسپێبکات . چونکە ئالقەیەکی ڕێگر هەیە ، ئەویش پەیوەندی کوردی - کوردییە ، واتە پەیوەندی نێوان کورد لە کوردستانی عیراق لەگەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد لە کوردستانی تورکیا ، کە نیە . ئەگەر بێینە سەر ستراتیژیات و تێگەیشتنی هاوبەش ، ئالقەیەکی بەتاڵ پەیدادەبێت و ناتوانین ستراتیژییەتی کوردی - تورکی - ئەورووپی پیادەبکەین . جارێکی دیکە ئەوە دووپاتدەکەمەوە کە دەرفەتی تێکشکاندنی ئەو سێ کوچکەیە بەڕێگەی تورکیا و ئالقەیەکی کوردی - تورکی و لەسەر بنچینەی هەندێ چەمک لەئارادایە . یەکێک لەوانە مەترسی ئیسلام بۆسەر بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا لەناوچەکەدا و مەترسی ئیسلام بۆ تورکیا و کوردستان . چونکە لە تورکیا مەترسی شۆڕشێکی ئیسلامی لەو جۆرەی ئێران لەئارادایە و بالکەی زۆر دەربارەی گرژی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و تورکیا بەدەستەوەیە ، ئەویش لەبەر پشتگیریکردنی ئێران بۆ تیرۆری ئیسلامی لە تورکیا .

بەبڕوای من یەکێک لە هێزە بنچینەییەکانی ناوچەکە تورکیایە . تورکیا بەرەو ئاوە دەڕوات گرنگی زیاتر لای ئەمریکا و ئەورووپا پەیدابکات ، گرنگیەکەش لەسێ ناوچەدا : ١- خواروووی ڕۆژهەلاتی ئەورووپا (ناوچەی بالقان) ، ٢- ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ، ٣- ناوەڕاستی ئاسیا . لەبەر ئەوە دواڕۆژی تورکیا وەک هێزێکی زل لەناوچەکەدا ، ئەک بۆ خۆی زل بالکو بەبەها بۆ ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمریکا ، چاوەڕوانکراوە . ئاخاوتنەکانی ئەمریکاش لەسەر زاری وەزیری کاروباری دەرەوە ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە ئەمریکا هیچ کاتێک ئامادەنیە پشتی تورکیا بەردات . بەو پێیە تورکیا ئەک هەر لەجێگەی خۆی نەماوەتەوە ، بالکو وەکو میللەتێک بەهێزتر و بەبەهاتربووە بۆ سیاسەتی ڕۆژئاوا و ئەمریکا ، وە لەداهاتووشدا هێزی زیاتردەبێ . ئەگەر قسەکەی ئۆزال بەحرفی وەرنەگرین ، ئەوا ساڵانی دووهەزار ساڵانی تورک دەبێ ، واتە تورک دەبێتە هێزێکی زل . بۆیە دەبێ کورد حیساب بۆ ئەوە بکات . لێرەشدا قسەی یەکێکم وەبیردێتەوە کە دەیووت : ئەگەر ڕۆژێک لەڕۆژان کورد پەساپۆرتی لە بڕۆکسل بۆ دەرچوایە ، ئەوا بەختەوەر دەبووم .

گفتوگۆ

عومەر شێخ موس :

من یەک دوو تێبینیم هەیە ، دوایی لە گفتوگۆکانی کۆتاییدا هەندێ ڕاوبۆچوون دەردەبڕم . لێکۆڵینەوەکەت زۆر جوان داڕشتووە و لایەنی زۆر گرنگت هێناوەتەگۆڕێوە کە لەکاتی بڵاوکردنەوەدا سوودیان دەبێت . ئەگەرچی من تۆزی لە بڵاوکردنەوەی دانیشتنەکامان سڵدەکەمەوە و دەشێ تووشی کێشەبین ، چونکە لە (یەکگرتن) دا بڵاودەبێتەوە و لەوانەیە برادەران تەماشای ئەکەن و نایخوێننەوە . بەڵام بێگومان ڕووناکبیران سوودی لێ وەردەگرن و بەهۆی ئەوانەوە لەناو خەڵکدا بڵاودەبێتەوە .

تێبینی یەکەم لەسەر سیستەمە جیهانیەکانە کە تاکو ئێستا هاتوونەتەئاراوە . ئەوە ڕاستە و لەجێگەی خۆیدایە ، بەڵام ڕەوتێک یان مەیلێک لەلای ئەورووپیەکان هەیە هەتا سیستەمێک لای خۆیان دەسپێنەکات نازانن سیستەمێکی دیکەی جیهانی هەبووە .

تێبینی دووەم کە سەرنجی ڕاکێشام ، ڕۆڵی تورکیایە . ڕاستە ئێستا تورکیا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە و ئۆزالیش خواستی گەورەی هەبوو بۆ نوێکردنەوەی تورکیا لەسەر بنچینەی ئیمپراتۆریەتێکی عوسمانی ، بەڵام ئایا ئەوە مەیسەردەبێ ؟ زۆرکەس لە شارەزایانی سیاسەتی ناوچەکە و بۆ خۆشمان لەوە دەترسین پاش داڕمانی یەکێتیی سۆڤیەت تورک زمانەکانی ئەوێ ڕوو لە تورکیا بکەن و خۆیان لەگەڵ تورکیادا بەدەوڵەتێک بناسێنن . ترسەکەش زیاتر لەسەر کوردستان و ئەرمینیا بوو و ئەگەر ئەو کارە سەری بگرتایە ئەوا باری کورد و ئەرمەن زۆر خراپ دەبوو . ئەوەی جێی دڵخۆشیە ئەو ووڵاتانە پشتیان لە تورکیا کردووە ، چونکە تورکیا نە توانی ئیمکاناتی ئابووریان بۆ مەیسەربکات ، نە تورکیا بووە پردێک بۆ پەیوەندیکردن بە ئەورووپا و بازاڕی جیهانیەوە . ڕاستە تورکیا لە ملمانێدا لەگەڵ ئێران و ڕۆژئاواش پشتی پێ دەبەستێ ، ڕاستە تورکیا دەیەوێ ڕۆڵێک لە ئەورووپای ناوەڕاست و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا ببینێ ، بەڵام ئایا تورکیا دەتوانێ لەداهاتوودا ئەو ڕۆڵە ببینێ ، بەتایبەت پاش ئەوەی ئۆزال ڕۆیشت ؟ چونکە ئۆزال پیاوێکی دووربین و قوولبین بوو و بەشێوەیەکی ستراتیژی بیریدەکردەوە و خاوەن جورئەتیش بوو بۆ هەنگاو هەڵهێنان . من بەرامبەر ئەو مەسەلەیەی تورکیا هەڵوەستەم هەیە .

تێبینی سێیەم سەبارەت بەوەی ناکۆکی نێوان ئەورووپا و ئەمریکا دێتەکایەوە . پێم وایە ململانێی نێوان ئەمریکا و ژاپۆن ، ئەورووپا و ژاپۆن سروشتێکی هەیە کە جیاوازە لەگەڵ سروشتی جیاوازی نێوان ئەمریکا و ئەورووپا ، ئەمریکا و ئەورووپا ، سەرەڕای ململانێی سیاسی و ئابووری و پایەداری ، هەمیشە جۆرە ڕێکەوتن و لێک نزیکبوونەوەیەکیان هەیە لەچوارچێوەی پەیمانی ناتۆدا . ئایا ئەمە بەردەوام دەبێت یاخود نەء ؟ دیارنیە . ئێستا لەسەر (گات) ڕێکنەکەوتوون و خاریکە شەڕێکی ئابووری بێتەکایەوە ، لەسەر ئەوەی لەشەڕی کەناوادا پشتگیرییەکی چاکی ئەمریکایان نەکرد ، بەڵام هەر هاوکارییەکی فراوانیان هەیە . بۆیە بەبڕوای من مەسەلەکە ئاوەڕۆکێکی زیاد لەپێویستی درابووێ .

خالید نازدارزادە :

بۆچوونەکانم زۆر پێ باشبوو و تاڕادەیەکی زۆرێش شتی نوێیان تیدابوو بۆ منیش . ئەوەی جێی سەرنجە بەڵامەوە ، هێماکردنەکەبوو بە تشرشل ، ئەگەر ئێمە باسی بۆچوونی تشرشل بکەین پاش سالی ١٩٢٢ ، ئەوا دەبێ قسە لەسەر بۆچوونەکەی سالانی (١٩٢٠-١٩٢٢) پێش بکەین کە بەرامبەر (کۆکس) ئەڵتەرناتیڤی کورد لەپێش هەموو ئەڵتەرناتیڤێکی دیکە دادەنێ . کۆکس دەیویست کوردستان بخاتە ژێر ڕکێفی دەوڵەتی عیراقەوە ، بەڵکە بۆ ئەمە نووسینەکانی (ئولسون) ە . دەبێ لێرەدا گۆڕانی ئولسونیش باسکرێت و ڕاستیەکی مێژوویش بەرامبەر تشرشل دەربخرێت ، چونکە تشرشل ئەوە نەبوو کە لەوێدا دەرکەوت .

سەبارەت بۆڵی تورکیا ، لەوەدەچێ ئێستا زۆرتر ئاشکرابێت ، بەڵام بەپێی هەندێ زانیاری لەلایەن پەرلەمانی ئەورووپاوە ، پێدەچێ لەگفتوگۆکانی ئەم دواییەی کۆنفرانسی ئاسایشی ئەورووپیدا باس لەوە کرابێ بۆڵێکی تایبەتی بدەنە تورکیا ، بەتایبەتی لە مەسەلەی چارەسەرکردنی (ناگۆنۆ کەرەباغ) و (ئازەربایجان) دا ، لەبەر لایەنی نزیکی تورکیا لەو ناوچانەوە و لایەنی کولتووری و ئیمپراتۆرییەت . واتە ئەگەر ئیمرۆ تورکیا ئەو بۆڵە نەبینێ کە چاوەڕوانی دەکرێ ، ئەوا لەمەسەی سازش و ناکۆکیەکانی ئەو ناوچانەدا بۆڵی خۆی دەبینێ و زەمینەشی بۆ خۆشدەکرێ و لە پاشەڕۆژێشدا بۆڵەکەی گەورەتر دەبێ . لێرەشدا پێدەچێ سەرنەکەوتنی یارمەتیەکانی تورکیا بۆ ئەو کۆمارانە ئەگەرێتەوە بۆ تورکیا خۆی و زیاتر پەیوەندی بەکۆڕانکارییەکانی سیستەمێکی تۆتالیتارییەوە هەبێ ، کە خاوەنی ژێرخانێکە ناتوانێ قبوولی ئەو هەموو میکانیزمەی سەرمایەداری بکات کە لەتورکیا هەیە . بەڵکەش بۆ ئەمە ڕووسیایە کە تاکو ئێستا ناتوانێ ئەو گۆڕانکارییە خێرایانە قبوولکات ، ئەگەرچی توانای لەڕووی سوپەرمارکت و زۆرلایەنی ترەوەی هەبووە .

بورهان یاسین :

کاك عومەر باسی ئەوەی کرد کە بۆڵی تورکیا لەناوەڕاستی ئاسیا و ناوچەی قەوقاز سەرکەوتوونەبووە . لێرەدا من مەسەلەکە هەندێ ئالۆزتر دەبینم . پێش هەموو شتێك مەبەستم لە دەربڕینی ئەو بابەتە ئەوەبوو ، ئایا ئەگەر تورکیا سەرکەوتووبێ لە دروستکردنی ئیمپراتۆرییەتێکدا لە مانگۆلیاوە بۆ تورکیا ، لە مانگۆلیاوە بۆ بسفۆر و دەردەنیل ، ئەوە لەبەرژەوەندی کوردایە ؟ نەخێر ، ئەوە نەك هەر لەبەرژەوەندی کورددا نیە ، بەڵکو دژی بەرژەوەندییەکانی کوردە و ئێمە لەو کاتەدا دەبینە کەمایەتیەك لە ئیمپراتۆرییەتێکی تورکی گەورەدا . من تەنیا لەبەر گرنگی بۆڵی تورکیا لەناوچەکە و گۆڕانکارییە ستراتیژییەکانی ئەو ناوچایە هێمام بەو مەسەلەیە کرد . چونکە تورکیا بۆڵێکی سەرەکی دەبینێ ، بەڵام ئەوە مەسەلەیەکی ئالۆزە . من لەهەندێ سیمینارداً ئەوەم دەربڕیوە و لەلایەن شارەزایانەوە قبوولکراوە . تێزەکەی من لەسەر مەسەلەی ئاسیای ناوەڕاست دەبێتە هۆی تازەبوونەوەی نەوونەی کۆن کە (سڤین) پێیدەڵێ بەردەوامی مێژوو . ئەو سێکۆشەیەی هێز کە ئاسیای ناوەڕاستی گرتبوومۆی و لەئەنجامیدا چەند شەڕێکی فارسی - ڕووسی و تورکی - ڕووسی دروستبوو ئێستا لە دروستبوونەوەدایە . ئیمرۆ بابەت بابەتی ئێران و تورکیایە لەسەر ئەو ناوچایە ، سەبەبێ ڕووسیاش دێتە ناو بابەتەکەوە . بۆیە دەبینین ئێستا ڕووسیا خەریکە بۆڵی خۆی لەبابەتی جۆرجیا و ئەرمینیا و ئازەربایجاندا زۆردەکات . هەروەها تێهەڵکێشی ڕووسیا لەگەڵ ئۆکرانیا لەسەر کەشتی دەریایی . ئەوانە ئەوەمان نیشاندەدەن کە ئەو نەوونەی سێکۆشە کۆنەی هێزی تورکیا - ڕووسیا - ئێران خەریکە نوێدەبێتەوە . بەهەرحاڵ ، بۆڵی تورکیا تەواونەبووە ، بەڵام زۆر ئالۆزە و ڕووی ئابووری ، سیاسی ، کولتووری و ئاسایشی هەیە . ئەوەی من ئاگادارییم سێ پرۆژەی گواستنەوەی غاز و ئەوتە لە تورکمانستان و کازاخستان و ئازەربایجانەوە ، بەڕێگای تورکیا ، بۆ ئەورووپا . تەنیا گفتوگۆیەك هەبێ لەسەر ئەوەیە لەڕێگەی ئێرانەوە بێنە تورکیا یاخود لەڕێگەی جۆرجیاوە .

پەیوەندی ئەورووپا و ئەمریکا پەیوەندییەکی ئالۆزە ، باشترە بە هاوکاری و پێشبڕکێ ناوی

بەرین، بەتایبەتی کە پێشبرکێی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا نەما، ئیتر پێشبرکێی ئەوان زەقتردەبێتەوە . ئایا چۆن کورد دەتوانێ ماملە لەگەڵ ئەمدا بکات ؟ هەندێ جار ئاخاوتنێکی سەرکردەیەکی کورد ، هێمایەکی هەڵە بۆ ئەمریکا کە دیدات ئەورووپا و بەپێچەوانەشەوە کاریگەریی خۆیان هەیە .

ئەو کتێبەی کاك خالید باسیکرد ، کتێبەکەی ڕۆبرت تۆبسون ، باوەردی خوێندومەتەوە ، بەڵام تێایدا هیچ هێمایەك بە یاداشتەکەی تشرشل بەدی ناکرێت و ئەوە نالێ کە تشرشل ئەو فیکرەیەشی هەبووە ، ئەوش نالێ بۆ تشرشل لەلایەکەوە ئەو یاداشتەی نووسیوە ، کە لە دامودەزگای بریاری بەریتانیدا زۆر گرنگە ، لەلایەکی دیکەشەوە بەشێوەیەکی کتوپڕ لە کۆنفرانسی قاهیرە دەگات سەر ئەو بڕوایەی لەگەڵ ماسەلەی کورد بێت . بەهەرحاڵ تێبینیەکە جوانە و نەئەم و نەئەویش بەکۆتایی نازانم .

خالید نازدارزادە :

پیاو دەتوانێ بڵێ گۆڕانی بەسەردا هاتووە ، واتە پێش کۆنفرانسی قاهیرە جۆرێك بووە و پاش ئەوش جۆرێکی دیکە، بەتایبەتی پاش ماسەلەی لۆزان .

عومەر شێخ موس :

چونکە تورکیا مەرجەکانی قبوولکرد و بەئیمتیازی ئەوتی ئەوان ڕازیبوو و بار لەچوونە (عصبة الامم) مەبدەئیان لەسەر ماسەلەی مەسەلەکەیان ڕێکەوت . تەلەگرافەکانی ئەو سەردەمە ، کە سێ چوار دانەن ، زۆر بەڕوونی ئەوە دەردەخات کۆکس دەڵێ : دەبێ پاڵە لەدامەزراندنی دەوڵەتی کوردیدا بکرێت و قبوولمان نیە دوایخان و بازۆر بە عەرەبەکانەوە بیەستن .

بورهان یاسین :

لەلایەکی تریشەوە هەندێ پرۆسەی تر لەناوچەکەدا هەبوون ، وەك دروستکردنی دەوڵەتێکی بەهێز . دوایی لەماسەلەی دروستبوونی دەوڵەتی عیراقیشدا ڕەهەندی ئیتنیکی و دینی زۆر گرنگن و ڕۆبرت تۆبسون لە ووتارێکدا باسیدەکات . هەروەها پشت ئەستوور بەهەندێ سەرچاوەی دیکە ، ڕفیق سابیریش لەژمارە پێنجی (ڕابوون) دا باسی ڕەهەندی مەزهەبی لە دروستکردنی دەوڵەتی عیراقدا دەکات . واتە هاتنەئێوەوەی ڕێژمیەکی کورد کە سوونەیە بۆ ڕاگرتنی لەنگەربەستنی مەزهەبی لەعیراقدا . چوونکە ئێران ئەو تێروانینەی هەبوو کە خواروووی عیراق زۆربەی شیعەیە و ناوەندی شیعەشی لێیە بۆیە دەبێ وابەستەی ئەو بێ .

خالید نازدارزادە :

دەبێ لێرەدا خواستی مالیك فایسەلیشمان ، وەك مالیکێکی سوونی ، لەیادنەچێ کە خۆی خاڵکی ناوچەکە نەبوو و ترسی لە شیعە هەبوو نەك لەبار ئێران ، بەڵکولەترسی ئەوەی ئەو دەوڵەتەی دروستدەبوو ، عیراقی عارەبی ، کە بەحساب دەبوو سەرپەرشتی دەوڵەتێکی سوونی بکات ، خواستی ئەوەی نەبوو و سەرچاوەی ئەوەشی نەبوو ، بۆیە داوای پێکەوە لکاندنی کوردی دەکرد .

من قسەیەکی تریشم هەیە سەبارەت پرۆفیشونالیزمی سیاسی . پێویستە پیاو ئەوەی لەبارچاوبێ لە کوردستانی عیراق کە بزووتنەوەی سیاسی لە شاخ هاتۆتە شار و ڕووبەڕووی حوکمی ڕۆژانە و بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانەی خاڵك بۆتەوە ، بەپێویست لە ڕەوتی سێ چوار سالێکدا ناچاردەبێ ئەو خاڵکانەی دەسەڵات دەگرنەدەست شارەزابن ، چونکە ئەگەر وانەکەن هەموو دەزگاکان نشوستی دەهێنن . من پێم وایە هەتا بزووتنەوەی کورد لەشاخ بێت ، وەك کوردستانی تورکیا ، ماسەلەی پرۆفیشونالیزم جێ ناگرێت ، چونکە شێوەی بیرکردنەوەی شاخ ڕێگە بەو شتانە نادات . کابرایەکی پێشمەرگە خۆی لێپرسراوی سەربازی و سیاسی و ڕاگەیاندن و تیۆری و هەمووشتێکی بەشەکیەتی . بۆیە ڕێگە بە کەسانی شارەزا نادات ڕۆڵی خۆی ببینێ ، چونکە ئەگەر ڕێگەی دا ئەوا ڕخنەش دەبێ و هاڵوێست دەربڕین بەرامبەر بەو ماسەلانە دەبێ کە پێویستی بە بیرکردنەوە هەیە . ڕاستە خاڵکانی سەربازیی وامان هەیە کە دەتوانن بەئاسانی لوغم دەربهێنناوە ، ئەمش لەچوارچێوەی پرۆسەی شاخدا ، بەڵام کە ماسەلەکە هاتە سەر شار دەگۆڕێ . بۆیە ئەگەر سیاسەتمەداران خاڵکانی شارەزای دەرەوەی حیزبەکانیان لەخۆیان کۆنەکردەوە، ناتوانن ژیانی ڕۆژانەی خاڵك بەڕێوەببەرن . چونکە ماوەیەکی تر خاڵك داوای بوتڵە غاز ، خۆڵبڕشتن و کارەبا و پێداویستیەکانی تر دەکات کە هەموو پێویستیان بە خاڵکی شارەزا هەیە .

بورهان یاسین :

زۆرجار ئەو پرسیارە دەکرێت : بۆ ئێمە لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا سەرکەوتوونین ؟ بەبڕوای من ، جگە لەوەی باسکرا ، ئەوە سێ هۆی هەیە : یەکەم ـ دەوڵەت ، وەك دامەزراوەیك ، بەشێوەیەکی گشتی لەناوچەی ئێمەدا : ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ، بۆ

تاك پيواربووه (غائب) ، چونكه دەولەت هەميشه وەك ئامرازى سەركوتكردن و چەوساندنەوه و ئەشكەنجەدان و كوشتن بووه ، بۆيە هەميشه تاك ويستوويەتى لە دەولەت رابكات . واتە تاك لاى ئێمە ئەو دەولەته شارستانيەى ئەديوه و ئەناسيوه كە لەيشكى ئێمەدايە و بيرى لێدەكەينەوه ، دووەم - خەباتى ئێمە زۆرجار و بەدرێژايى مێژوو دژى دەولەت بووه ، واتە تێكەلكردنى خەبات دژى دەولەت و دامەزراوەكانى دەولەت . بەجۆرێكى ديكە ، زۆرجار ئەوه ڕووياوه كە دامەزراوەكان بەرگى دەرەوەى ڕژێم بن و ڕژێم خۆى لە نێويياندا بشارێتەوه ، بۆيە لێدانى ئەو دامەزراوانە و لەناوبردنيان پێداويستيەك بووه بۆ گەيشتە دەسەلأت. بەبڕواى من ئەو تێكەلكردنە كارێكى چاوتە، هەروەكو ئەوەيە كە ئێمە بەسندالى دەرنەدەچووين بەردەمان دەگرتە پەنجەرەى قوتابخانەكان و بەماموستاكان نەدەوێراين . سێيەم - لەبەر ئەوەى دروشمى بزووتنەوەى كورد لە كوردستانى عيراق كەم تا زۆر نۆتۆنۆمى بووه . نۆتۆنۆمى خۆى لەخۆيدا خەباتكردن نيە بۆ دروستكردنى دەولەت ، بەڵكو كاتێك ڕێكەوتن لەگەڵ بەغدا دێتەئاراوه ، بزووتنەوه دەبێتە سەر ئەو دامەزراوانەى لە ناوچەى كوردستان هەيە و هەندێ فەرمانبەر لادەبات و باقيەكەش دەپارێزێ . واتە لەبيرى بزووتنەوەدا وەكو بزووتنەوەيەكى نازادينواز ، لە ئێش و كارى ڕۆژانەيدا ، ئەوه نەبووه كە سەيرێ دەبێتە دەولەت .

عومەر شێخ موس :

بەڕاى من كێشەكە زۆر لەوه ئالۆزتره و هۆكارى ترى هەيە . چونكە زۆر بزووتنەوەى ديكەش كە لەشاخ بوون و شارەزاى زۆريشيان نەبووه، كاتێك هاتوونەتە سەر بەرێوەبردنى كۆمەڵگاى خۆيان ، توانيويانە لە ڕژێم چاكترى ئەنجامدەن . بۆ نموونە ، چين و ڤيێتنام و كوبا . بەڵأم لەلاى ئێمە بۆچوونێكى چاوت هەيە لەسەر دامەزراندنى دەزگا و دامەزراوى نيوترال (بێ لايەن) و زياتر لەسەر بنچينەى حيزبايەتى دەچنەڕێوه ، ئەوش زيانێكى زۆر دەدات . واتە خەلكى شارەزا ناخرێنە نێو دامەزراوەكانەوه و زياتر لەسەر بنچينەى حيزبى كاروبارەكان دابەشدەكرێن .

من لەگەڵ كاك خالیدام كە دەڵێ لەداهاتوودا ناچاردەبن پەنا بۆ خەلكانى شارەزا بەرن و خەلكانى شارەزاش لەدواييدا ناچاريان دەكەن بۆچوونەكانيان قبوولكەن .

سەبارەت بەوەى كاك بورهانيش ، خۆ دانەنان بەئالتەرناتيڤ و خەباتكردن بۆ نۆتۆنۆمى ، ڕاستە ، چونكە لە چين و ڤيێتنام و كوبا خۆيان بە ئالتەرناتيڤ دادەنا ، بەڵأم لاى ئێمە ئەوه نەبووه و هەميشه ئامادەيى ڕێكەوتن لەگەڵ ڕژێم لەئارادابووه . بەڵأم ئێستا مەسەلەكە گۆڕاوه و خاوەنى نيدارەى هەلبژێردراوى خۆمانين و داواى ڕووخاندنى ڕژێم دەكەين ، لەكاتى گۆڕانى ڕژێمێشدا داواى فيدراليەت دەكەين . بۆيە كەمێك ئومێد هەيە .

لەكۆتاييدا ، لەلاى ئێمە دياردەيەكى زۆر سەيريش هەيە ، ئەويش ئەوەيە كە بزووتنەوەى ئێمە و سياسيەكانمان زۆر دژى ڕۆشنبيرانن ، ئەمەش بە سووككردن و پاليێوەنانيان ، بەسوودوەرنەگرتن لە توانايان . هەموو دەزانين ڕۆشنبيرانى وڵاتێك مێشكى ئەو گەلەن ، ئەوەش دەبينين كە وڵاتى وا هەن بە ملياردە پارە لەسەر لێكۆڵينەوه و پشتيوانيكردنى خەلكانى شارەزا و ڕۆشنبير و بيركارانى خۆيان سەرفدەكەن ، چونكە بۆ ئايندە سوودبەخشن . بەداخەوه لەلاى ئێمە نەك هەر يارمەتى نادرێن ، بەڵكو گالتە و سووكايەتيشيان پێدەكرێ ، بەڵأم بێگومان ئەمە نابێ وامان لێ بكات كۆڵبدەين .

دواگوتە

عومەر شێخ موس :

لەڕاستيدا ، وەكو كۆتاييهێنان بە سيمينارەكەمان ، دەمەوێ دوو شتى كۆنكرێت باسكەم: يەكێكيان ئەركەكانى ڕۆشنبيرى كورده بەگشتى ، ئەوێتريان ئەركەكانى بەرێوەبەرايەتى كوردستانى عيراق بەتايبەتى . سەبارەت بەوەى يەكەميان ، تا ئەو ڕادەيەى پەيوەندى بە دانيشتنەكەى ئەمڕۆمانەوه هەيە ، پێويستە ڕۆشنبيرمكانى كورد چەند ئەركێك ڕەچاوبكەن :

ا- پێويستە ڕۆشنبيرمكانى كورد ، بۆ ئايندەى گەلى كوردستان و بارودۆخى ئێستاى كوردستان ، زياتر لەجاران هەوڵدەن بۆ بڵاوكردنەوه و چاپساندنى بيروڕا و كردارى ديموكراتيانەى بەكردەوه ؛ چ لەنێو كۆمەڵدا ، چ لەپەيوەندييەكانى نێو بزووتنەوەى كورددا ، چ لەناو ڕێكخراوەكان خۆيان و نێوان ڕێكخراوى جۆربەجۆردا ، چ لەنێوان حكومەت و سەركردايەتى سياسى و جەماوەرى خەلكدا بەگشتى . چونكە ئەوه پێداويستيەكى گرنگە بۆ ئەمڕۆ و داهاتووى گەلەكەمان .

٢- پێویستە ڕۆشنبیرمکانی کورد لەم بارودۆخەدا کە بەرەو داماڕاندنی دام و دەزگاکان و بەڕێوەبردنی خەلک دەڕوێن ، کاربکەن بۆ بەهێزکردنی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لەکوردستاندا . بۆ ئەوەی بابەتەکانی ساختی بارودۆخی کوردستان و گرانی ژیانی جاماوەر چاو لە کەم و کوڕی و خراپەکانی بەڕێوەبەران نەقووچێنین . چونکە چاوقووچاندن لەم قۆناغەدا ، بەتایبەتی بۆ ڕۆشنبیران ، ناک هەر خزمەت ناگەیەنێ ، بەڵکو زیانی گەورە بەکورد دەدا و ڕێگا بۆ زاڵبوون و چەسپینی ڕژێمێکی دیکتاتۆری لە کوردستاندا خۆشدەکات .

٣- پێویستە ڕۆشنبیرمکانی کورد ، بەتایبەتی ئەوانەی باوەڕیان بەدیموکراسیەت و مافی مرۆڤ هەیە ، بەجیاوازی بیروڕاوە ، بچن بەگژی ئەو هێزانەدا کە دیموکرات نین ، وەکو هێزە ئیسلامیەکان کە باوەڕیان بە دیکتاتۆریەتی خودا و ئایین هەیە ، وە هێزە چەپە تووندڕەوەکانی باوەڕیان بەدیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا هەیە .

٤- پێویستە ڕۆشنبیرمکانی کورد لە دەربڕینی بابەت و بۆچوونەکانیاندا بەجورئەت بن و ئامادەیی ئەوەیان تێدابێت ڕەخنە لەخۆ و خەلک و بزووتنەوە و سەرکردە و بەڕێوەبەران بگرن ، ئەگەر هاتە چاوتی و تاوانیان کرد .

٥- پێویستە ڕۆشنبیرمکان خۆیان زۆر ماندووبکەن بۆ خۆڕزگارکردن لە پاشماوەی فیکری عەشایەری لە ووتە و کردارەدا .

سەبارەت بەلایەنی دووەم ، واتە بەڕێوەبرایەتی کوردستانی عیراق ، کاک بورهان بەدرێژی باسیکرد ، بەڵام سەرەڕای ئەوە دوو کاری تر بەپێویست دەزانم بۆ ئەو بەڕێوەبرایەتیە ، کە هەم بۆ خۆیان و هەم بۆ گشت لایەک گرنگن :

١- سازکردنی کۆنفرانسێک لە کوردستان بۆ هەموو ئەو کورده خاوەن توانا و شارەزایانەی لەدەرەوەی وڵات دەژین ، بۆ گفتوگۆکردن و لێکۆڵینەوە دەربارەی گیروگرفتەکانی کوردستان و ئەو مەسەلانەی بۆ ئێمبرۆ و داهاتووی میللەتەکەمان پێویستن .

٢- سازکردنی کۆنفرانسێک بۆ ئەو کورده خاوەن پارە و بازرگانە شارەزایانەی کورد کە لەدەرەوە دەژین ، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر توانای دروستکردنی جۆرە پەیوەندییەک بۆ ڕاپەڕاندنی پێداویستیەکانی خەڵکی کوردستان و دووبارەکردنەوە لە پشتبەستن بە بازرگانی ئێرانی و تورکی و قاچاخچی عیراقی .

خالید نازدارزادە :

ئەو گۆڕانانەی هەن و خەریکن لەچوارچێوەی (سیستەمی نوێی جیهانی) دا جێگرن ، ئەگەر وەک پڕۆژەیەک سەیربکرێن ، دەشێ سوودیان لێ وەربگیردرێ . هەروەها ئەگەر پیاو تۆزێک بۆچوونی مێژوویی خۆی فراوانتربکات ، ئەوە بەدیدەکات کە پڕۆژەی سۆسیالیزم بە حەفتا ساڵ ساری نەگرت . پڕۆژەی یەکگرتنەوەی وڵاتە عەرەبیەکانیش لەسەدا نەوەد دەستیپێکردووە و ساری نەگرتووە . واتە پڕۆژەی (سیستەمی نوێی جیهانی) کە ئێستا هەیە ، لەوانەیە ساربگرێ و ئەگەر بەشەو و بۆژێک ساری نەگرت ، مانای ئەوەیە سارنەگرێت . ئەمەش کەوتۆتە سەر ئەو کەس و هێزانەی کاری بۆ دەکەن و ئەو کەس و هێزانەش کە هەڵوێست بەرامبەری وەردەگرن . ئینجا تا چ ڕادەیەک مافی مرۆڤی کورد یاخود مافی سیاسی لە چوارچێوەی بڕیاری چارەی خۆنووسیندا لەسێبەری ئەم سیستەمەدا دابین دەکرێت ، ئەمە بەتەنیا نەکەوتۆتە سەر سیستەمەکە خۆی ، بەڵکو کەوتۆتە سەر زۆربەی ئەو کوردانەی سیاسەتمەدارن و لەدوور و نزیکەوە بۆ مەسەلەکە کاردەکەن . چونکە مەسەلەکە بەو جۆرەیە کە مادام سیستەمێکی نوێ هاتۆتەکایەوە ، ئیتر دەبێ سارچۆپی بگرین و وابزانین هەموشتێک خۆبەخۆ چارەسەردەبێ . بەڵکو مەسەلەکە پێویستی بە ووریابوونەوەیەکی ئەوتۆ هەیە کە وا لەپیاو بکات چاوی بۆ هەموو مەسەلەکان کراوەبێ و بتوانی سوودیش لەو باسە وەربگرێ کە ئێمبرۆ ڕابەرانی (سیستەمی نوێی جیهانی) ، مەسەلەی پاراستنی مافی مرۆڤ بەگرنگ دەگرن ، جا تەکتیک بێ یاخود سیاسەتی ڕۆژانە . چونکە ئەگەر وامان کرد ، ئەوا ئەگەر پاشەڕۆژێکی ڕووناکیشمان نەبێ ، لەو تارکیایەی تێستا هەیووە ڕووناکتردەبێ .

هالکەوت عەبدوللا :

لە کۆتایی ئەم دیدارماندا حەزدەکەم هاندێ تێبینی دەربڕم . یەکەم : هیوادارم کۆبوونەوەی ئێمرۆمان ، بەهەموو دەستکەوتەکانیەوە کە ئەنجامی بابەت و گفتوگۆکان وەدەستهاتوون ، نموونەی زۆرتربێ ، چ لەناستی دەرەوەی وڵات و ئاوارەیی و چ لەسەر ناستی ناوەوەی وڵات . چونکە وەک لەقسەکان دەرکەوتن ، بوونی گفتوگۆی بەکۆمەڵ و دیدار و دەزگای لێکۆڵینەوەی زانستی بنچینەیەکی چاکن بۆ گەشەپێدانی بزووتنەوەی ڕۆشنبیری و شۆڕشگێڕی ، کە بەبڕوای من دوو مەسەلەی لێک دابڕاونین و پێویستە یەکەمیان بنافەبێت بۆ ئەوەی دووەم ، چونکە هیچ بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە بێ هەبوونی پڕۆژەیەکی ڕۆشنبیریی گەورە لەپشتییەوە ناتوانێ گۆڕانکاری بنەڕەتی بهێنێتەئاراوە . هەروەک کاک عومەریش هێمای بۆ

کرد ، کاتی ئەوە هاتووە سیاستەمەدارانی کورد بەچاوی گومان و ووریاییە نەرواننە ڕۆشنبیران ، بەتایبەتی ئەوانەی لەدەرەوەی بازنەی سیاسیی ئەوانن ، بەڵکو لەبری ئەوە حیسابیان بۆ بکەن و سوود لەمێژ و تواناکانیان وەربگرن و ئەوە گرینەدەنەوە بەئینتیما و تێروانینیانەوە ، چو پشتگوێخستنی ئەو توانایانە ج لە ئاوارەیی و ج لە کوردستان ، زیانێکی گەورە بەداهاتووی پڕۆسەی بنیاتنان دەگەیەنێ .

دووەم : ئەگەرچی من باوەڕم بە ڕێکخستنەوەیەکی عادیلانەی سیستەمی سیاسیی دنیا هەیە و پێم وایە ئەو جۆرە سیستەمە سوودێکی زۆری بۆ میللەتەکەمان هەبێ ، بەڵام هیوادارم خوێنەری بەڕێز لەئەنجامی بابەت و گفتوگۆکانی ئەم دیدارە بەرامبەر باوە ووریابن کە (سیستەمی نوێی جیهانی) دیاردەیەکی ڕیزپەڕنیە و داڕێکی تالیسماویش نیە چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی پێوە گرێدرابێ ، بەڵکو پێویستە بۆ تێگەیشتن لەو سیستەمە ڕەچاوی ئەمانەش بکەن : ١- ڕابردوویان لەبەرچاوبێت و بزانن ئەو هێزانەی کێن کە ئێستا ئەو سیستەمایان دامەزراندووە ؟ کاریگەریی ئەو هێزانە چیبووە لەسەر مێژوومان و ناوەڕۆکی سیستەمەکەی ئەوان چیە و چۆن کار لەسەر مێژووی ئێمڕۆ و داهاتوومان دەکات ؟ چونکە بەبێی قسەکانی کاك بورهانیش ئەوە دەرکەوت بنچینەی کارکردن و بیرکردنەوەی ئەو هێزانە بارژەوەندی و هێزە نەك ئەو دروشمانەی بانگداشیان بۆ دەکەن . ئێمە مافی خۆمانە سوود لەهەموو دەرفەت و بوارێك وەرگرین کە لەدنیادا بۆمان دەڕخسێن ، بەڵام نەك بەو جۆرەی لەبری خستنەگەڕی ئەو دەرفەت و بوارانە کارمساتە تراژیدییەکانی ڕابردوو لەڕێگەی پشت بەوان بەستن و خۆ پشتگوێخستنەوە دووبارەبکەینەوە .

سێیەم : بۆ ئەوەی لەواقیعی ئەمڕۆدا کوردستان ، بەتایبەتی خواروو کوردستان ، بتوانێ ڕۆلێکی کاریگەر بۆ خۆی و ناوچەکەش ببینێ، پێویستیمان بە دەوڵەتێکی دیموکراتی و مەدەنی هەیە، بە دەوڵەتێك کە ئازادی و مافی مرۆڤی تێدا پارێزراوبێ . لێرەدا مەبەست لە بوونی دیموکراتیەت لە دەوڵەتێکدا بوونی بڵاوکراوەی هەمەچەشن و ڕۆژنامەی جۆراوجۆری سەر شەقامەکان نیە ، مەبەست قسەکردن و ڕەخنەی بێ سەروبەری بێ لێپرسینەوە نیە ، بەڵکو مەبەست لە دیموکراتیەت پڕۆسەیەکی کۆمەڵایەتی ڕێکخراوە کەتیایدا مرۆڤ هوشیارانە بتوانی ئازادبێ و بەئازادی بیربکاتەوە و بەئازادانە کاربکات بۆ بنیاتنانی کەسێتی خۆی و کۆمەڵگا . جا ئەگەر ئێمە ئامانەوێ لەواقیعدا ببینین، وانە بوونی هەژارێکی زۆر لەلایەك و تۆژێکی کەمی دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتوو ، سانسۆری شاراوە و ئاشکرا بەدی بکەین ، چۆن دەتوانین چاوی خۆمان بقوچێنین و بڵێین دیموکراسیەت لەئارادایە ؟! لەم بوارەدا دەبێ ئێمە بۆ ئەوە بکەم کە جێگیرکردنی دیموکراتیەت پڕۆسەیەکی ناوەکییە بەپلەی یەکەم ، ئەگەر زەمینەی لەواقیعی کۆمەڵایەتی خۆماندا نەبێ و کار بۆ بەڕەقەرارکردنیشی نەکرێ ، ئەوا نە هێنانی تیۆرە دیموکراتیەکان و نە گۆڕانکارییە دیموکراتیەکانی دنیا لەتواناياندانیە بمانکەنە مرۆڤی دیموکراتی و کۆمەڵگای دیموکراتی و مەدەنی .

بورهان یاسین :

ئەوەی پێوەندی بە (سیستەمی نوێی جیهانی) یەوەیە ، بەڕاستی دەمەوێ لەسەر ڕستەیەك قسەبکەم ، ئاویش ئەوەیە : ئەگەر ئەو (سیستەمی نوێی جیهانی)یە سیستەمێك بێت جێگەی خاڵکی بێ هێز یاخود خاڵکی وەکو ئێمەی تیابێتەوە کە خاوەنی دەوڵەت نین و دوای مافەکانمان کەوتووین ، ئەوا دەبێ هەندێ مۆرالی زیاتربێ و کەمتر لەسەر بنچینەی هێز و بەرژەوەندی تایبەتی دروستبێ . چونکە پێچەوانەی ئەمە مانای هاتنەپێشەوەی سیستەمە کۆنەکەیە بەناوێکی دیکەوە .

بەبڕوای من (سیستەمی نوێی جیهانی) لەدیتنێکی کوردییەوە سێ ڕەهەندی هەیە :

یەکەم / ڕەهەندی پێوەندییە کوردی - کوردییەکانە لەسەر ئاستی هەر کوردستانێك : هیزبە و ڕێکخراوەکان و جەماوەر ، وە لەسەر ئاستی پارچەکانی کوردستان . بۆ پێڕاگەیشتن بەو گۆڕانکارییانەی بوون و دەبن و سەبێنێ دێنەپێشەوە، گۆڕانکاری زۆر بنەڕەتی پێویستە . ئەوەی تاکو ئێستا سەبارەت هەندێ ڕووداو لە کوردستان بیستومانە و خوێندومانەتەوە ، وەك کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانی ، گۆڕانکاری زۆر بەئاراستەی تێگەیشتنی قۆناغەکە و گۆڕینی پڕۆگرامی سیاسی و دروشمەکان هاتۆتەئاراوە . بەڵام پێم وایە شتی یەکجار زۆر ماوە بۆ ئەوەی کورد بتوانێ مالی خۆی وا بخەملێنێ کە وێنەیەك بداتە جیهان و پێیان ڕاگەیەنێ توانای ئەوەی هەیە خاوەنی دەوڵەتی خۆی بێت . هەروەها مالی کوردیش لەسەر بنچینەی پێوەندی پارچەکانی کوردستان لەگەڵ یەك و هێنانەدی ستراتیژییەك ، ئەگەرچی لەسەر ئاستی لایەنی کەمی پرسیارەکیش بێ کە کورد مرۆڤ و دەبێ وەك کورد مامەڵەی لەگەڵ بکرێ . دەشێ ئەگەر لەڕووی سیاسیەوە لەمە بڕوانی زۆر نەگەیەنێ ، بەڵام زۆر گرنگ و بایەخدارە و بۆ نابوونی ئەوە دەبێ سەبێنێ کورد زیاتر گلایی لەخۆی بکات و کەمتر گلایی لەخەڵك بکات .

دووەم / پەیمانی دووەم ئەوەیە کە دەبێ کورد کار لەگەڵ ستراکتۆری هێزی ناوچەکەدا بکات ، بۆ تێکشکاندنی ئەو سێ کوچکەیەی دەوروبەری کوردستان : عارەب لە خوارەوە ، فارس لە ڕۆژهەڵاتەوە ، تورک لە سەرەوە (لێرەدا مەبەستم نیە ئەوانە وەک ئەتاوە بناسێنم ، بەڵکو ئەوانە وا دەناسرێن) . تێکشکاندنی ئەو سێ کوچکەیە زۆر گرنگ و مانەوەی ئەو سێ کوچکەیە مانەوەیە لەژێر هەڕەشەی هاوکاری ئەو سێ لایەنەدا . تەنانەت لاچوونی سەددام حوسێن نوێبوونەوەی سێ کوچکەکەیە بە شێوەیەکی وا کە چاوەڕوانی کارێگەری سەلبی لێ بکرێ .

سێیەم / پەیمانی سێیەم ئاستە جیهانێکەیە . واتە زیادکردنی قورسایی لە پایەندییەکانی لەگەڵ دەرەوەدا دەکرێ و تێگەیشتنی ئەو سیاسەتەی لەوڵاتە خاوەن هێزەکاندا کاریپێدەکرێ ، بۆ ئەوەی کورد بتوانێ هاوێستی خۆی لەوێدا دیاریکات .

ئێوەش هێماتان بۆ ئەوە کرد کەدەبێ سوود لە خاڵکانی شارەزای و ڕۆشنبیری کارای کورد وەربگیردرێ و کاک عومەریش هەندێ پێشنیاری لەو بارەیەوە کرد . من لەچەندین کۆنفرانس و دەرفەتدا باسی ئەوەم کردووە کە پێویستە کۆنفرانسێک بۆ کەسانی شارەزا ڕێکخرێ لەکوردستان و سوود لەتوانایان وەربگیردرێ . شان بەشانی ئەوە لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان دانیشن و موحازەرەیان بۆ بدەن و گوێ بۆ گیروگرفتەکان ڕابگرن و بینەوە کاریان لەسەر بکەن .


لەلایەنی ئابووریشەوە پێویست بوو کورد تاکو ئێستا خاوەنی بانقێک بوایە و بزووتنەوە خاوەنی سامانی خۆی بوایە ، لەشێوەی ئەوەی ئیمارات و کوەیت کە خاوەنی سامانێکی چاکن و لەکون و کەلەبەری دنیادا حەشاریان داوە . چونکە پرۆژەی ئەتاوەیی کورد بەتەنیا لەکوردستان ئەنجام نادرێ و دەرەوەشی پێویستە . بزووتنەوەی زایۆنیزم پەنجا شەست ساڵ بەر لە دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل هەبوو و کاری بۆ پرۆژەی ئەتاوەیی جولەکە دەکرد .

لەسەر مەسەلەی دەوڵەتی کوردستانیش بەبڕوای من چەند شتێک گرنگە : ١ـ بەمەدهێکردنی پرۆسەکە ، ئەوەی کاک هەڵکەوت هێمای بۆ کرد . ئێستا ئەو بەمەدهێکردنە جێی گفتوگۆیەکی زۆری ڕۆشنبیرانی عارەب و ئاوانیە کە لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەنووسن . من ئەو ئیمپرێشنەم (انطباع) هەیە کە کۆمەڵگای کوردستان ئیمڕۆ دابەشبووە بۆ ئەوانەی بەهێزن و ئەوانەی بێ هێزن . بەو جۆرەش ناکۆکیەک دەبینرێ لەنێوان ئەوانەی توانایان هەیە و ئەوانەی بێ توانان . پێویستە ناکۆکیە لەئەنجامی بەمەدهێکردن کەمکرێتەوە .

عومەر شێخ موس :

سەبارەت بەوەی شارەزاکانی کورد موحازەرە بدەن بۆ ئەندامەکانی پەرلەمان ، ئێستا لێپرسراوانی گەورەی ئاوروپای ڕۆژهەڵات لەسەر ئاستی وەزیر دێن بۆ سوید و کۆرسیان بۆ دەکرێتەوە لەسەر پرۆسەی دیموکراسی ، مۆدێلی سوێدی . ئەوانە هەموو دێن و وەک قوتابی گوێ لە خاڵکانی شارەزا دەگرن و دەیانەوێ فێری ئەوەبن کە دیموکراسیەت چۆن کاردەکات . بەداخەوە لەوەدەچێ لەلای ئێمە پێویستیان بەوە نەبێ یاخود نایانەوێ دان بەوەدا بنێن کە شارەزانین . بەهەرحاڵ ئەوە فیکرەیەکی چاکە و دەبێ باسیکەین لەگەڵیاندا . من بەش بەحاڵی خۆم کە چوومەوە یەک دوو سیمینار بۆ حکومەت و پەرلەمان دەکەم لەسەر هەندێ مەسەلەی گرنگ ، بێگومان ئەگەر بیانەوێ .

* * * *



شەش دەستنووسی کوردی « گۆرانی »
لە کتێبخانەکانی ئینگلستان

لەناوەراستی سەدەی نۆزدەهەم بەدواوە ، زۆربەی کتێبخانە ئەوروپییەکان ، دەستنووسی شێوەی « گۆرانی » یان بەفارسی لە قەڵەم داوە و لەگەڵ دەستنووسە فارسییەکانا تۆماریانکردووون .

ئەم ئەریتە چاوتە لە« چارلز ریۆ »(١) وە کەوتۆتەوە کە لەنێوەی دووەمی سەدەی ناوبراوا ، بۆ ماوەیەك بەپرسی بەشی« دەستنووسا ڕۆژهەلأتییەکان »(٢) بووەلە « موزەخانەی بەریتانیا »(٣) و پاشان لەلایەن زۆربەی ڕۆژهەلأتناس و بەڕێوەبەرانی کتێبخانە ڕۆژهەلأتییەکانی ئەوروپاوە ڕەچاوکراوە .

ئەم ووتارە ، ئاڕکی ناساندنی شەش دەستنووسی کوردی گۆرانی گرتۆتە ئەستۆ ، کە پێنجیان لە« کتێبخانەی بەریتانیا » وانە « بریتیش لایبریری »(٤) و یەکێکیان لە « کتێبخانەی زانستگەی کەمبریج »(٥) لەشاری « کەمبریجی ئینگلستان » پارێزراون :

١) کەشکۆڵی « شێخ عبدالمؤمن مەردوخی » ، لەکتێبخانەی بەریتانیا پارێزراوە .
٢) چیرۆکی خوسرەو و شیرین ، لەهەمان کتێبخانە پارێزراوە .
٣) چیرۆکی خورشیدی خاوەر ، لەهەمان کتێبخانە پارێزراوە .
٤) چیرۆکی لەیلی و مەجنوون ، لەهەمان کتێبخانە پارێزراوە .
٥) چیرۆکی بارام و گولەندام ، لەهەمان کتێبخانە پارێزراوە .
٦) پەرێشاننامە یا دیوانی پەرێشانی ، لەکتێبخانەی زانستگەی کامبریج پارێزراوە.

١) کەشکۆڵی شێخ عبدالمؤمن مەردوخی [OR . 6999 کتێبخانەی بەریتانیا] (٦):

ئەم کەشکۆڵە شیعرە ، بەشێکە لە دەستنووسێکی گەورەتر کە بەشەکانی دیکەی بریتین لە تەجویدی قورئان و شیعر و دوعا و پارانەوە بەزمانی فارسی و عەرەبی . ئەوەی زمانی کوردی بگرێتەوە ، بەشی دووەمەی دەستنووسەکەیە کە نزیکەی (٢٦٠) پارچە شیعری چل شاعیری کوردی ناوچەکانی باشووری تێدا کۆکراوەتەوە .

کۆکەرەوەی هەڵبەستەکان« شێخ عبدالمؤمن » ی دووەمی مەردووخی (١٢١١ ـ ١١٥٢ ك / ١٧٩٧ ـ ١٧٣٩ ز) کوڕی« شێخ جمال الدین » ی یەکەمە (١١٦٩ ـ ١١٠٨ ك / ١٧٥٦ ـ ١٦٩٦ ز) . شێخ عبدالمؤمن ،

خاتیب و ئیمامی جومعەی شاری سنە ـ پێتەختی خانانی ئەردەڵان بووە لە ئەمارەتی«خوسرەوخانی گەورە» کوڕی « ئەحمەدخان » دا .

ـ « خوسرەوخان » لەنێوان ساڵانی ١١٦٨ و ١٢٠٤ ی کۆچیدا ، والی ئەردەڵان بووە ، بەڵام لەساڵانی ١١٧٦ تا ١١٧٩ بە ئەمری کەریم خانی زەند لەسەرکار لابراوە و بەدەستبەسەری لە« شیراز » ی پێتەخت راگیراوە . فەرمانی حکوومەتی ئەردەڵان لەو ماوەیەدا بۆ« سلێمان پاشا » و « عالی خان » ی کوڕی « محمدپاشا » دەرچووە کە هاردکیان لەبابانەکان بوون .

لەو ساڵانەدا جەعفەرخانی زەند ،« شێخ عبدالمؤمن » ی نێردوە بۆ دڵدانەوە و گەراندنەوەی کوڕ و برای خوسرەوخان ، کە پاش عەزلکرانی چووبوونە خاکی شارەزوور ، ئەمەش پلە و پایەی کۆمەڵایەتی شێخ و نزیکایەتی ئەو زاتە لە دیومانی ئەردەڵانەکان نیشان ئەدات .

شێخ ، کەشکۆڵەکەی لەنێوان ساڵانی ١١٩٧ و ١١٩٨ ی کۆچی (٤ ـ ١٧٨٢ ی زایینی) دا نووسیوەتەوە و جیا لەخۆی و شێخ جمال الدینی باوکی ، شیعری ٢٨ شاعیری ناسراو و نەناسراوی کوردی کردۆتە ناونانێنی بەیازەکە ، شاعیرەکان بریتین لە : بێسارانی ، استاد میکائیل ، مولانازین العابدین ، شێخ احمد تختی ، محمدقلی سلێمان ، ئاغاکە ، میرزا قاسم ، مەخزوونی ، پەشێو ، دەردین ، یوسف یاسەکە ، یاسەکەی (دایکی یوسف) ، شێخ لطیف اللە ، ملا طاهر اورامی ، الیاس بەگ ، ملا فضل اللە ، حاجی علی محمدبەگی تیلەکۆ ، مولانا فرخ پلنگانی ، ملا حافظ فرهاد ، رضابەگ ، محمدئەمین بەگی هاورامی ، شێخ یعقوب جان ، اویس بەگ ، ناظربستی ، شێخ حاسانی دەرەهەردی ، عابدی ، عومەر نەجاری (یا بوخاری) ، شاکە ، شێخ مصطفی تختی ، مویی ، مؤلفی عالی کێونانی ، لالۆ خسرو ، مولانا یوسف دۆیسە ، شیخ شمس الدین دەرەهەردی ، مولانا یوسف بۆ ملا حەبیبی کەلان و خانای قوبادی کە ئەگەر ناوی خۆی و باوکی و هەروەها هونەری دوو هۆنراوە کە بە« لاعلم » ی ناوبردوون بخەینە پاڵیان ، ژمارەی ڕاستەقینەی شاعیرەکان ئەبێتە چل کەس .

ناوی بێسارانی و شیعرەکانی ، بەشێکی گرینگی ماسەلەی خوێندنەوە و ساغکردنەوەی کەشکۆڵەکە پێکدێنن . هۆی ئەو گرینگایەتییەی ناوەیە کە سەرەتای یەکەم لاپەڕەی دەستووسەکە دراوە و ناوی یەکەم شاعیری بەسەرەوە نەماوە . خۆ دیارە ئەو شیعرانەش کە بەدوای ئەوا هاتوون و بەپێی ئەریتی ئاودەم ووشەی« وڵە » ی عەرەبییان لەسەر دانراوە ، خاوەنیان دیاری ناکرێ .

ماسەلەی دووەەم ئەوەیە کە شێخ ، ئالۆزییەکی پێکهێناوە لەنێوان هەڵبەستەکانی بێسارانی و « مەخزوونی » دا کە ئەمیان شاعیر و نووسەری دیومانی خوسرەوخانی گەورەبووە . شێخ عبدالمؤمن ، ناوی مەخزوونی لەسەر زۆر شیعری بێسارانی (یا بەهەی بێسارانی ناسراو) داناوە و بەم کارەی ، مایەڕەسۆن و مینۆرسکی و مەکەنزی چاواشەکردووە کە هەرکام جیاجیا لەساڵانی ١٩٢١ ، ١٩٤٢ و ١٩٦٥ دا ووتاری سەربەخۆیان لەسەر ئەم بەیازە نووسیوە .

لەباری « زمان » ی شیعرەکانەوە ئەبێ بگوترێ کەشکۆڵی شێخ عبدالمؤمن ، شیعری سێ تاقمی بەرواڵەت جیاوازی خستۆتە ناو یەک کاسەوە :

١) بێسارانی ، مەولانا قاسم و ... وەک نوێنەرانی شێوەی هاورامی ،

٢) خانای قوبادی ، یەعقووب جان و ... وەک نوێنەرایەتی شێوەی گۆرانی (بەگشتی) ،

٣) مەخزوونی ، یاسەکە ، ناظر بستی و ... وەک نوێنەرانی شێوەی ئەردەڵانی کۆن .

خوێنەری شارەزا بەشێوە زمانە باشوورییەکانی کوردستان ، جیاوازییەکی ئاوتۆ لەنێوان « زمان » ی ئەم سێ تاقمەدا هەست پێ ناکات و ئەمەش خۆی بەڕەچی بۆچوونی ئەو کوردناسە ئەورووپییانە ئەداتەوە کە شێوەی گۆرانی ئەدەنە پاڵ زمانی فارسی .

ڕاستە کوردی وەک زمانێکی سەربەخۆ ، لەپەیوەندیکی نزیکایە لەگەڵ فارسی و زمانە ئێرانییەکانی تردا ، بەڵام خۆ کوردیش زمانێکی تاک و « مجرد » نییە . ئەم زمانە ، لەچەندین لەهجە و بن لەهجە پێکهاتووە کە هەموویان وەک ئالقەی زنجیر بەیەکەوە لکاون . ئەم ئالقانە ، وەک لەلای باکوور ، بەهۆی شێوەی زازاوە پەیوەندییان بەزمانی« ئازەری کۆن » و « گیلەکی » و « تەبەری » و « فارسی » یەوە گرتووە ، لەلای باشوورپشەوە لە « لەکی » و « لوڕی » و

بەختیاری » و « فارسی » گرێدراون . ئەم پایوەندییانەش تەنیا لەڕێی « زمانەوانی میژوویی » یەوە جێی تووێژینەوەن و ئەو کەسانەی وا« سیاسەت » و « بەرژەوەندی » تێکەڵاوی مەسەلەکە ئەکەن ،لەڕاستی و واقیع دوورئەکەونەوە .

بەیازمکەی شێخ عبدالمؤمن ، لەسالی ١٩٠٦ دا « میرزا سەعیدخان » (٧)ی سنایی فرۆشتووبە بە « بریتش میوزیوم » . میرزا سەعیدخان ، چەندسال پێشتر ، واتە لە ١٨٩٨ دا ،لەگەڵ موژدەدەرە مەسیحییەکان کەوتووە و ماوەیەك بەشارەکانی سوێدا گەڕاوە و پاشان چوّتە لەندەن - ئەو شوێنەی وا دوو سال دەرسی پزیشکی لێ خوێندوە و ئینجا بەناوی« دوکتوّر سەعیدخان » موە گەڕاوەتەوە ئێران .

دوکتوّر سەعیدخان ، هەر ئەو کەسەیە وا« قەبالە ئەشکانی » یەکانی هەورامانی داوە بە مووزەخانەی بەریتانیا و هەروەها سەرچاوەی مەعلوومات بووە لەبەر زمان و ئەدەبی کوردی بوّ هەندێك لە پوژهەلاّتناسەکان . مینوّرسکی ، بەشێك لەووتاری« گوّران » ی بەو زانیارییانە نووسیوە کە لە« میرزا سەعیدخان » ی وەرگرتووە . دوورنییە دکتوّر سەعیدخان ئەم بەیازەشی لەگەڵ قەبالە ئەشکانییەکان لەو سەفەرەدا دەستکەوتبێ کەپێی هەستا لەسەرەتای سەدەی بیستەما و هەمەدان و سنە و هەورامان گەڕا و لە ئاوایی« دووبروە » چاوی بە « شێخ عەلائەددینی نەقشبەندی » کەوت .

هەرچۆنێك بێت ، پاش ئەوەی بەیازمکە ئەگاتە لەندەن ، بەماوەیەکی کەم لای پوژهەلاّتناسەکان گرینگایەتی پەیدائەکات و بەگشتی هەموو ئاوانای بەچەشنێك خۆیان بازمان و ئەدەبی کوردییەوە خەریککردووە ، کەشکۆلی شێخ عبدالمؤمنیان وەك سەرچاوەی سەرەکی دەستۆتە بەر لێکۆلینەوە .

یەکەم ئەوروپی کە باسی کەشکۆلەکەی کردبێ« مەیجەرسۆن » ە . سۆن لەووتارێکا کە لەگۆڤاری « ئانجومەنی پاشایەتی ئاسیایی » سالی ١٩٢١ دا بڵاوبۆتەوە ، تەرجەمەی حەوت پارچە لەشیعرەکانی ئەم کەشکۆلەی بەزمانی ئینگلیزی دەستۆتە بەرچاوی خوێنەران (٨)« مینوّرسکی » ش لەووتارە ناسراوەکەیا بەناوی« گوّران » ،کە لە گۆڤاری « مەدرەسەی موتالەعاتی پوژهەلاّت و ئەفریقا » ی سالی ١٩٤٢ دا چاپبووە ، بەشێك لە سێ بەشی ووتارەکەی خۆی ، واتە « شیعری لیریکی گوّرانی » لەسەر بنەمای ئەم کەشکۆلە نووسیوە (٩)

- « سۆن » لە ووتارەکەیا سەرلەنوێ فووی بازوێنا کۆنەکەی خۆیدا کردووە کە گوایە ئەم شێوەی گورانییە کوردی نییە و فارسییە . هەڵبەکی دیکەی سۆن ئەوەیە کە پێی ناوەتە جێ پێی شێخ و بێ وورد بوونەوە ، چەند شیعری« بێسارانی » بەناوی « مەغزوونی » و « شێخ ئەحمەدی تەختی» یەوە وەرگێڕاوەتە سەر ئینگلیزی و هەر بەو چەشنەش لەچاپی داون . هەڵبەکی تری سۆن ، ژمارەی شاعیرانی کەشکۆلەکەیە ، واتە بێ ئەوەی خۆی بەدۆزینەوەی پراستییەوە ماندووبکات ، سووك و هاسان گووتویە کەشکۆلی شێخ شیعری ٢٧ شاعیری گرتۆتەبەر و بەم شێوەیە ناوی سێ یەکێکی ئەو شاعیرانەی لەقەڵەم دەستووە .

- « مینوّرسکی » ش بەداخەوە زیاتر لەبەیازمکە پشتی بە ووتاری سۆن بەستووە و لەناکاما گەرچی ناوی ٢٨ شاعیری لە ووتارەکەیا هێناوە ، هەر گوتوویە بیست و حەوت کەسن ! هۆی بەهەڵەداچوونی مینوّرسکی زیاتر ئەوەبووە کە خۆی کوردییەکی تەواوی نەزانیوە و «تۆپالیان » ناوێك ، کە ئەبێ ئەرمەنی بووبێت ، لیستەی ناوی شاعیرەکانی بۆ پێکهێناوە . مامۆستا عەلائەددینی سەجادیش لەبەشی« باخیی شاعیران » ی میژووی ئەدەبی کوردیدا ، هەمان لیستەی مینوّرسکی یەك بەدوای یەکدا هێناوە (١٠) و صدیق صفی زادە بۆرەکەیش دووپاتەیکردۆتەوە (١١).

بەنرختترین ووتار لەسەر ناوەرۆکی کەشکۆلەکەی شێخ ، دوکتوّر دیویدنیل مەکەنزی نووسیویە (١٢) مەکەنزی لە ووتارێکا بەناوی« هەندێ شیعری لیریکی گوّرانی » لە گۆڤاری مەدرەسەی موتالەعاتی پوژهەلاّت و ئەفریقا ، بەرگی ٢٨ ، سالی ١٩٦٥ ، لاپەرە ٢٥٥ تا ٢٨٢ دا ، دوازدە پارچە لەشیعری کەشکۆلەکەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی و بەیازی شێخ عبدالمؤمنی بە « سیندرێلا » ی شێوەی گوّرانی ناوبردووە (١٣)

مەکەنزی زۆر هەڵەی سۆن و مینوّرسکی پراستکردۆتەوە و ژمارەی شاعیرەکانی بە ٢٨

زانیوه . ووتاری مەکانزی نموونەیەکی باشە بۆ لێکۆڵینەوەی زانستییانەی ئەدەبی و تیایا زۆرلایەنی تاریکی باسەکە ڕووندکراوەتەوە ، بەڵام مەکانزی لە خاڵێکی سەرەکیدا بەهەڵەچووە ، ئاویش ئاو شیعرانەی بێسارانین کە بەهی مەخزوونی لەقەڵەم داون .

ژمارەی لاپەڕەکانی ئەم کەشکۆڵە ناوەندوشەش ، قەوارەی لاپەڕەکانی ٨ × ٨ ر٢٢ و شێوەی خەتەکەی « نەسخ » ە . هەندێك لە لاپەڕەکانی دیاو و هالقرتاون و ئەمەش کاری ساغکردنەوەی شیعرەکانی تووشی سەختەتی کردووە . من ماوەیەکی زۆرە خەریکی ساغکردنەوە و ئامادەکردنی کەشکۆڵەکەم و هیوادارم بتوانم لەداهاتوودا ئەم گەنجینە بەنرخە ، کە بۆ بێگانە لەهاوزمانەکانی خۆی ناسراوترە ، بخەمە ژێر چاپ .

٢) چیرۆکەشیعری خوسرەو و شیرین [Add . 7826 کتێبخانەی بەریتانیا] :

مێژووی « ڕاز » ی خوسرەو و شیرین ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان (٦٥٢ - ٢٢٤ز). داستانەکە ، لەبنەڕەتا بەزمانی« پەهلەوی ساسانی » ، واتە زمانی ڕەسمی ئێرانی پێش ئیسلام ، ووتراوە . درەنگتریش ، لەزمانی« فارسی دەری » وەك زمانی ڕەسمی ئێرانی دوای ئیسلامدا ڕەنگی داوەتەوە .

چیرۆکەکە ، داستانی ئەوینی« خوسرەوی پەرویز » - شای ساسانی و شیرین یا « سیرا » - کەنیزێکی« ئارامی » یا کچە ڕەعیەتێکی خوزستانی یا شازادەیەکی « ئەرمەنی » یە، باسی ئەم چیرۆکە ، یەکەم جار لە« شاهنامە ابو منصوری »(١٤) دا هاتووە و « بالعەی »(١٥) لە تەرجەمەی فارسی « تاریخ طبری » دا ، حیکایاتی فەرهادی لێ زیادکردووە .

داستانی خوسرەو و شیرین ، تا سەدەی شەشەمی کۆچی لە توێی چەند کتێبێکا قەتیس ماوەتەوە و لێرەدا بووە کە« نیزامی گەنجەیی » (١٢٠٨ - ١٤٠ ز) لەنێوان ساڵانی ١١٨٤ و ١١٨٥ دا کردوویەتە شیعری فارسی و گەیاندوویەتە ئاوپاڕی جوانی و هونەر .

لەسەردەمی حوکماتی بنەماڵەی ئەردەڵانا ، گەلەك چیرۆکەشیعری فارسی وەرگەڕاونەتە سەر زمانی کوردی و بەگشتی ، شێوەی گۆرانی . نموونەی ناسراوی ئەم تەرجەمانە ، لەیلی و مەجنوون ، شاهنامە ، بێجەن و مەنیجە ، یوسف و زلێخا ، خورشیدی خاوەر و خوسرەو و شیرین . هەندێکی ئەم چیرۆکانە ، زیاد لە یەك وەرگێڕ ، تەرجەمەیانکردووە .

کار بەوەرگێڕان تەواونەبووە و هەندێ هونەرمەندی کورد ، بەهرەی خۆیان بۆ خولقاندنی بەرهەمی خۆمالی و سەربەخۆ خستۆتەکار . میرزا شافیعی کولیایی ، ئەلماس خانی کەندۆڵەیی ، مەلا وەلەدخان و محمد قلی کەندۆڵەیی چەند ناوی ناسراون لەبواری هۆندنەوەی چیرۆکە شیعری گۆرانیدا . بەڵام ناودارترین شاعیری داستانبێژی گۆران ، خانای قوبادیبە . خانا ، کوڕی قوبادبەگ ، حاکمی دەرێ و زەهاو ، لەدەوروبەری ساڵی ١٧٠٤ دا لەدایکبووە ، لە ١٧٤٠ دا خوسرەو و شیرینی هۆنیوەتەوە و لەساڵی ١٧٧٨ دا لەخاکی بابان کۆچی دوایی کردووە (١٦)

چیرۆکی خوسرەو و شیرینی کوردی بەناوی خانای قوبادیبەوە ناسراوە و زۆربەی ئەو چاپانەی کە تائێستا کەوتوونەتە کتێبخانەی کوردییەوە ، دانراوی خانان ، تەنانەت چیرۆکی شیرین و فەرهادیش کە باشێکە لە خوسرەو و شیرین ، هەر بەناوی ئەوەوە چاپکراوە .

کۆنترین چاپی ئەم چیرۆکە ، فەرهاد و شیرینی چاپی مامۆستا حوزنی موکریانییە . حوزنی لە ڕۆژنامەی« دەنگی گێتی تازە » دا چیرۆکەکەی بڵاوکردۆتەوە و پاشانیش بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەچاپی داوە . لەکاتی چاپی چیرۆکەکەدا ، حوزنی ناوی دانەرەکەی نەزانیوە و پاشان خۆی گوتەنی« گەورە ڕەوان پاکێکی کورد » لە نامەیەکدا بۆی نووسیوە کە شیرین و فەرهاد ، دانراوی خانای قوبادیبە .

بیست و سێ ساڵ دواتر ، « مراد اورنگ » بەهاوکاری صدیق صفی زادە (بۆرەکەیی) سەرجەمی چیرۆکی خوسرەو و شیرینی لەتاران چاپ و بڵاوکردۆتەوە (١٩٦٩) (١٧) شەش ساڵیش دوای

ئاو ، لە ١٩٧٥ دا كۆپی زانیاری كورد ، چاپی ماموستا محمدی ملا كەریمی لەچیرۆكی خوسرەو و شیرین بلاوكردۆتەوە (١٨) كە چاپێكی تریش لەلایەن« انتشارات صلاح الدین ایوبی » موە لەشاری (ورمێ) لەچاپ دراوەتەوە .

بەڵام وەك ووتمان ، خانا تەنیا شاعیری گۆرانی نییە كە خوسرەو و شیرینی هۆنیبێتەوە . دكتۆر كەمال فوئاد لەلیستەی دەستووسە كوردییەكانی بەرلیندا ، ئاماژەی بە سێ دەستووسی فەرهاد و شیرین (ژمارە ٢ ، ٢٠٠ ، ٨٩) و هەروەها دوو دەستووسی خوسرەو و شیرین (ژمارە ٢٠ ، ٨٨) كردووە كە هەڵبەستی ئەڵماس خان و میرزا شافیعی كەندوڵەیین (١٩)

بابا مەردووخی رۆحانی لە« تاریخ مشاهیر كرد » دا كاتێ دێتە سەر باسی « ملا وطەدخانی گۆران» ، ئەنووسێ : « ملا چیرۆكی زۆری بەشێوەی گۆرانی هۆنیوەتەوە و لەوانە شیرین و فەرهاد ...» (٢٠) محمدعلی سلطانی ، دانەری « حادیقەی سلطانی » ش قۆڵی بۆ شیرین و فەرهادی « ئەڵماس خان » ڕاكێشاوە (٢١) ، هەروەها لە « مێژووی وێژەی كوردی » بەرگی یەكەمدا ، صدیق بۆرەكەیی (صفی زادە) ئەنووسێ : ملا وطەدخانی گۆران (١١٢٧ ـ ١١٩٠ ك) شیرین و فەرهادی لە ١١٥٠ دا هۆنیوەتەوە (٢٢) لەهەمان شوێنا ، بۆرەكەیی بۆ ناساندنی سەرچاوەی نووسینەكانی خۆی ناوی شیرین و فەرهادی چاپی دوكتۆر صدیق صفی زادەی هێناوە كە لەسالی ١٣٢٨ دا لەتاران چاپكراوە [= ١٩٥٩ ز] (٢٣)

بۆرەكەیی لەبەرگی دووەمی« مێژووی وێژەی كوردی » دا ، كێشەی لاپەڕەیەك لە «خوسرەو و شیرینی میرزا عبدالقادری پاوەیی » چاپكردووە ، بەڵام لەباسی میرزا عبدالقادر دا تەنیا ناوی« كولە و عاینەمال » و « ئاسمان و زەوی » هێناوە و هیچ ئاماژەیەكی بە خەسرەو و شیرینەكەی نەكردووە (٢٤) بەم پێیە ، ئێمە بەڵای كەمەوە ڕووبەڕووی چوار شاعیری گۆران ئەبینەوە كە هەركام بەشێوەی تایبەتی خۆی ، چیرۆكی خوسرەو و شیرین یا شیرین و فەرهادیان هۆنیوەتەوە .

دەستووسی خوسرەو و شیرینی پارێزراو لە كتێبخانەی بەریتانیا ، لەسالی ١٢٣١ ی كۆچی / ١٨١٦ زایینیدا نووسراوەتەوە . ناوی دانەری چیرۆكەكە ، بەهۆی ناتەواوی سەرەتای دەستووسەكەوە ، نازانرێ ، بەڵام دەقی شیعرەكان جیاوازییەكی تەواویان هەیە لەگەڵ خوسرەو و شیرینی خانای قوبادیدا ـ چ لەشێوەی دەبڕین و بەیانا و چ لەژمارەی فەردەكانیدا : لەبەرانبەر نوسخەی چاپكراوی كاكە حەمەی ملاكەریم كە ٥٥٢٦ فەرد و نوسخەی ئاورەنگ كە ٥٥٠٠ فەردە ، ئەمیان بە مەزنە ١٨٠٠ فەردێك ئەبێت كە ئەگەر بەشە فەوتاوەكەشی بێنینە حیساب ، ڕەنگە لە ٢٢٠٠ فەرد تێپەڕنەكات . دەستووسەكە بەم شیعرانە دەستپێدەكات :

گشت بە پەشێو حاڵ ، بە دڵ گرانی — پەنجەی دا نەدڵ ، دەستەزرانی
جەسوب تا بەشام ، ڕانامونادی — طەی كرد مەنزڵان وادی بە وادی

كەباسی سەفەركردنی شیرینە بۆ مەدائین و هاتنی خوسرەو بۆ ئەرمەن و ئاو جێیەی وا خوسرەو چاوی بەشیرین دەكەوێ لەكاتی مەلەكردن لەناوی سەرچاوەی بێستووندا

دوابەشی چیرۆكەكە ، تەواو و یادداشتێكی كورتی فارسی بەسەرەوەیە كە ئاوێش لەدوو شوێنا كووژاوەتەوە و دوورنییە دووەمیان ناوی نوسخەەلگرێووبێت :« لەڕۆژی شەممە دووەمی مانگی .... سالی ١٢٣١ ی كۆچی ، بۆ (ابراهیم) ی برام نووسراوە ..... »

مانگی مەهەڕەمی سالی ١٢٣١ بەرانبەرە لەگەڵ دیسامبەری ١٨١٥ ی زایینی و پاشماوەی ١١ مانگەكەی تری سال ، ئەكەوێتە ١٨١٦ ی زایینییەوە . سەبارەت بەڕۆژی شەممەی دووەمی مانگ ئەبێ بوترێ لەسالی ١٢٣١ دا تەنیا دوو مانگ بەڕۆژی جومعە دەستپێكراون (كە ڕۆژی دووەمیان كەوتبێتە شەممەوە) : ربیع الآخر و رمضان . شەممەی دووەمی ربیع الآخر بەرانبەربووە لەگەڵ دووەمی مارس و شەممەی دووەمی ڕەمەزان بەرانبەربووە لەگەڵ ٢٧ ی جولای سالی ١٨١٦ ی زایینی . كەوابوو ، نووسینەوەی نوسخەكە ئەبێ لەدووەمی ربیع الآخر یا دووەمی مانگی ڕەمەزانی ١٢٣١ دا دوایی هاتبێت (٢٥)

نوسخەکە ، ١٥١ پەرە ، واتە ٣٠٢ لاپەرەیە (151 . ff) ، قەوارەی لاپەرەکان ٤ x ٦ ئینچ و هەر لاپەرەی چێی ١٢ فەرد شیعر بۆتەوە . درێژایی دێرەکان ٢٫٥ ئینچ و سەرجەمی چیرۆکەکە بەختی نەستەعلیقی شکستە نووسراوەتەوە .

دەسنووسەکە ، کاتی خۆی هی« کلۆدیوس جەیمز ریچ »(٢٦) بووە کە لەگەڵ ٢٩١ دەسنووسی تر لەسالی ١٨٢٨ دا ، کاتێ لەسەفەری بەغدا و ئێران گەڕاوەتەوە ، بەمووزەخانەی بەریتانیای فرۆشتووە ، ئەمەش وا ئاگەیێنێ کە نوسخەکە شازدەسال پێش ئەوەی پێی بکەوێتە لەندەن ، نووسراوەتەوە .

مینۆرسکی لەووتاری گۆڕاندا (ل ٩٠ و ٩١) باسی ئەم دەسنووسە ئەکات و ئاڵێ :« بەمازنە ١٨١٢ فەردە» . هەروەها ئاڵێ نوسخەیەکی تری ئەم چیرۆکە ، لە ئەڵمانیایە کە « HÖRNLE » لەسالی ١٨٢٧ دا لەشاری تەوریز کڕیویە و لەسالی ١٢٤١ ی کۆچی / ١٨٢٥ زایینی نووسراوەتەوە ، بەڵام ڕووبی ناکاتەوە لەکام شار و کام شوێنی ئەڵمانیا . مینۆرسکی خۆیشی دەسنووسێکی خوسرەو و شیرینی هەبووە . هەروەها لەباسی چیرۆکی شیرین و فەرهادیشدا ، ناوی دوو دەسنووسی جیاواز دێنێ کە یەکێکیان هی خۆی بووە (٢٧)

٣ و ٤)دوو چیرۆکەشیعر [OR . 7829 ی کتێبخانەی بەریتانیا] :

ئەم دەسنووسە لە دوو چیرۆکەشیعر پێکهاتووە : یەکەم/ خورشیدی خاوەر ، دووەەم / لەیلی و مەجنوون . نووسەری هەردوو چیرۆکەکە ، یەك کەسە و هەردکیان لەبەرگێك گیراون . بەسەرپەکەوە ٢٦٨ لاپەرە ، واتە ١٣٤ پەرەیە (ff. 134) ، قەوارەی لاپەرەکان ٥ ڕە x ٨ ئینچە ، درێژایی دێرەکان ٧٥ ڕ٢ ئینچ و شێوە خەتیان نەستەعلیقی شکستەیە . کاتالۆگی کتێبخانەکە ، تاریخی نووسرانی دەسنووسەکەی بە« سەرەتای سەدەی نۆزدەەەم » زانیوە . ئەم دەسنووسەش کاتی خۆی هی « کلۆدیوس جەیمز ریچ » بووە و خۆی لەیەکەم لاپەرەدا (بەئینگلیزی) نووسیویە : « ئەم دەسنووسە ، بریتییە لە دوو شیعری شێوەی گۆرانی زمانی کوردی کە لە ئاگۆستی سالی ١٨٢٠ دا لەشاری سنە کڕدراوە» . (دیارە لەو سەفەرەدا کڕیویە کە گەشتنامەکەی خۆی بۆ کوردستان نووسیوە و تیایا باسی سنە و بانەی لە کوردستانی ڕۆژهەلاتیش کردووە »(٢٨)

یەکەم / خورشیدی خاوەر :

ژمارەی لاپەرەکانی ١٣٤ ، واتە ٦٧ پەرە (ff. 1- 67) ، هەر لاپەرەی لە ١٥ فەرد پێکهاتووە و سەرجەمی چیرۆکەکە بە مازنە ٢١٠٠ فەردە . کاتالۆگی کتێبخانەکە (٢٩) ، دانەری ئەم چیرۆکەی ڕانەگەیاندووە و مینۆرسکیش کە چاوی پێی کەوتووە ، ئاڵێ :« خاوەنی نازانرێ کێیە » . ئەمەش لەکاتێکایە کە ناوی دانەر بەڕووپەڕی یەکەمی دەسنووسەکەوە ئەبینرێ :« هذا کتاب خورشید خاوەر من کلام کوکب» ، بەڵام خاتی نووسەری عیبارەتی « من کلام کوکب » لەخاتی پاشماوەی چیرۆکەکە جیاوازە و دوو ڕێییە درەنگتر نووسرابێت .

سەبارەت بە« کەوکەب » زانیارییکی ئەوتۆ بەدەستەوە نییە ، بەڵام شایانی باسە کە نوسخەیەکی چیرۆکی« حایدەر و صنەوبار » ، کە ئێستا لە کتێبخانەی بەرلین پارێزراوە ، دانراوی « ئەحمەد کەوکەب » ە و لەسالی ١٢٠٠ کۆچی / ١٨٨٣ زایینی لەلایەن « علی اکبر » ناوێکەوە نووسراوەتەوە . دانەر ، ناوی خۆی خستۆتە دوایین فەردی حایدەر و صنەوبارەوە :

هەرکەس ئەحمەدی کەوکەب کەڕۆیاد چاڵی یارۆیش بینشۆ بەشاد (٣٠)

دەسنووسی خورشیدی خاوەر لەکتێبخانەی بەریتانیا ، بەم فەردانە دەستپێدەکات:

دەای حەمد زات جیهان ئافەرین یاوام پەی تەعریف شای خاوەر زەمین
شنەفتم نەپیر دانای هونەروەر پادشاهێ بێ نەمولك خاوەر

بەم فەردانەش کە باسی شایی و زەماوەندی « خورشیدشا » دەکا ، دووایی پێدێت:

چل شەو و چل رۆژ عەروسی کەردن　　کەس نەداشت وەیاد ئەو رۆژی مەردن
هـزاران درود و هـزاران سـلام　　زمـابـر مـحـمـد علیـه السّـلام

(ئەو فەردە فارسییە لەکۆتایی چیرۆکی لەیلی و مەجنوونیشدا دووپات ئەبێتەوە .)

مینۆرسکی لەووتاری گۆراندا باسی چیرۆکی خورشیدی خاوەر ئەکا و ئەنووسێ : خوم نوسخەیەکی ئەو چیرۆکەم هەبوو کە لەگەل زۆر دەستنووسی گۆرانی دیکەدا لەسالانی ۱۹۱٤ و ۱۹۱۸ لەزەهاو و سنە کڕیبووم ، بەڵام پاش ئەوەی لەسالی ۱۹۱۹ ئێرانم بەجێهێشت ، هەمـووبان لێ دزیم!(۳۱)

ناوی دانەری خورشیدی خاوەریش ، وەک دانەری هەموو چیرۆکە شیعرییەکانی شێوەی گۆرانی ، جێی باسە : لەچاپی یەکەمی چیرۆکەکەدا کە ا . ش . مەریوانی لە ۱۹۳۲ دا خستوویەتە کتێبخانەی کوردییەوە ، مەریوانی ئەنووسێ :« دانەری ئەم کتێبە ، میرزا مصطفی دلێ دلێ خەلکی سنەیە ، لەسنە لەدایکبووە . زۆرمان هەوڵ دا کە تاریخی وەلادەت و وەفاتی ئەم زاتە بزانین ، بەڵام داخم چنگمان نەکەوت . ئەم زاتە تەمیلی علووەمی لەسنە کردووە ... سەفەرێکی حیجاز و مصری هەیە . گوایە لە مصر گەڕایەوە کتێبی« بدیع الجمال » ی لەعەرەبییەوە تەرجەمەکرد بەکوردی .... زۆر ئاثاری ئەدەبی نایاب و بەرزی هەیە .... « قارەمان و قەیتەران » یش ئاثاری ئەم زاتەیە . »(۳۲)

هەروەها « عالی کەمال باپیرئاغا » لەچاپی چیرۆکەکە بەشێوەی کرمانجی خواروودا دیاردەی ئەم ڕاستییە ئەکا و ئەڵێ :

ئەساوێ باسی خـورشیدی خـاوەر　　بەشیعری کوردی بهێنمە دەفتەر
لەساوێنش چونکە « مەلا مستەفا »　　کە بە هاورامی کردوویە ئینشا
کەم کەس تێی ئەگەن، «عالی باپیر»　　بەکوردی پاتی زووکردی تەحریر
ئـومێـدم وایـە پـیـاوێکـی ئـازا　　هـاڵـکـەوێ ڕۆژێ لەچاپـی بدا

ئەم پیاوە ئازایە هاڵکەوتووە و لەچاپی داوە ! ناوبراو« ملا محمد صالحی عەبابەیلی کتێب فرۆشی دانیشتووی سلێمانی» بووە کە لەسالی ۱۹۵۷ دا بۆ یەکەم جار خورشیدی خاوەری « مەلا مصطفی دلێ دلێ» کە « عالی باپیر » کردوویەتە کرمانجی خواروو لەچاپ داوە و پاشان « حاج محمود دولت آبادی » لەشاری سنە چاپی دووەمی لێ بڵاوکردۆتەوە .(۳۳)

هەروەها پێنج دەستنووسی جیاجیای ئەم چیرۆکە لە کتێبخانەکانی شاری بەرلین پارێزراون کە د. کەمال فوئاد لە« کاتالۆگی کتێبە کوردییەکانی بەرلین » دا ناماژەی پێکردوون : ژمارە ۱۰ ، ۲٤ ، ۲٦ ، ۲۷ ، ٥۲ بەڵای کەمەوە یەک لەو دەستنووسانە هی« نورعلی کەندۆڵەیی » یە(۳٤) و بەم پێیە، سێ شاعیری گۆرانی ، واتە ئەحمەدی کاوکەب ، میرزا مصطفی دلێ و نورعلی کەندۆڵەیی چیرۆکی خورشید خاوەری گۆرانییان هۆندۆتەوە .(۳٥)

دووەەم / لەیلی و مەجنوون :

ئەم چیرۆکە ، وەک ووتمان ، لەگەل خورشیدی خاوەر لەبەرگێکا تۆمارکراون و لە کتێبخانەی بەریتانیا بەیەک ناسنامە[OR . 7829] ئەناسرێن . ژمارەی لاپەڕەکانی ئەم چیرۆکەش وەک خورشیدی خاوەر ۱۲٤ یە ، واتە ٦۷ پەڕەیە (ff. 67- 134) ، هەر لاپەڕەی ۱٥ فەرد شیعری گرتۆتەبەر و سەرجەمی چیرۆکەکە ، بەمەزننە ۲۱۰۰ فەردە .

کاتالۆگی « دەستنووسە فارسییەکانی کتێبخانەی بەریتانیا » تاریخی نووسینەوەی ئەم دەستنووسەشی بە« سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم » داناوە ، بەڵام لەباسی دانەری چیرۆکەکەدا بێدەنگە .(۳٦)

مینۆرسکی لە ووتاری« گۆران » دا باسی ئەم دەستنووسەی کتێبخانەی بەریتانیا ئەکات وئالێ : منیش دەستنووسێکی لەیلی و مەجنوونم لایە و « پێم ووتراوە کە دانەرەکەی (ڕووتی نەکردۆتەوە دانەری نوسخەی خۆی یا نوسخەکەی کتێبخانەی بەریتانیا)« میرزا وەهدخان » ـە کە « گۆران » بووە و لە « گەهوارە » تا ساڵانی ١٨٨٥ ـ ١٨٧٥ ژیاوە .»(٣٧)

د. کەمال فوئادیش لە کاتالۆگی دەستنووسەکانی بەرلیندا ، شەش نوسخەی جیاجیای ئەم چیرۆکەی ناوبردووە (ژمارە ١٢ ، ١٧ ، ٢٥ ، ٢١ ، ٣٩ ، ٥٢) و ناوی« میرزا شفیع کولیایی » ، « مەلا وەهدخانی کەندۆڵەیی» و « محمدقلی کەندۆڵەیی » وەک دانەری لەیلی و مەجنوون هێناوە(٣٨) لێرەشدا ئێمە ڕووبەڕووی ناوی سێ شاعیری گۆران ئەبینەوە کە چیرۆکی لەیلی و مەجنوونیان بەکوردی هۆنیوەتەوە .

لەبەر دانەری نوسخەکەی کتێبخانەی بەریتانیا پێویستە بڵێین کە ئەگەر هۆنەری خورشید خاوەر ، ئەحمەد کەوکەب بێت ، لەیلی و مەجنوونەکەش واهایە بتوانین بەهی ئەو دابنێین . لەبۆچوونەکەشدا دیارە پشت بەیەک دوو هاوبەشی ئەبەستین لەنێوان ئەم دوو چیرۆکەدا : هەردوو بەیەک شێوە هۆنراونەتەوە ، هەردوو بەفەردێکی فارسی دواییان پێ هاتووە و هەردکیان ١٢٤ لاپەڕەن ، واتە نەفەس دێژی شاعیرەکەیان وەک یەک بووە ، هەردوو لەبەرگێکدا تۆمارکراون و نوسخەهاگری هەردوو چیرۆکەکەش یەک کەسە . دیارە دوابڕیار لەسەر ئەم بۆچوونە ، کاتێ ئەدرێ کە بەراوردی نوسخەکە بکرێ لەگەڵ نوسخەکانی ئالمانیا و هەروەها لەگەڵ زۆر نوسخەی دیکە لەناوخۆی وواڵتا . بەڵام تا ئەو کاتە ، من هۆیەک نابینم بۆ ئەوەی«کەوکەب» بەدانەری چیرۆکەکە نەزانم !

نوسخەی کتێبخانەی بەریتانیا بەم شێوەیە دەستپێدەکات :

هذا کتاب لیلی و مجنوون
بسم الله الرحمن الرحیم
حیّ بێ هەمتان — واحد بێچوون ، حیّ بێ هەمتان
رازق رەززاق یەگانەی ئەشیا — ئامین ئامین ئایەی « هل أتا »

وە لەباسی مردنی مەجنووندا ، بەم فەردانە دوایی پێ دێت :

شین ڕەستاخیز نەناجد خێزیا — سەنگ جەسۆز سەخت ، دڵ ئەنگیزیا
هزاران درود و هزاران سلام — زما بر محمد علیه السلام .

شایانی باسە کە ڕۆژهەڵاتناسی ئالمانی« هێرمان ئێ تێ » (١٨١٧ ـ ١٨٤٤) لە کتێبی «مێژووی ئەدەبی فارسی» دا ئاماژەی ئەم دەستنووسەی مووزەخانەی بەریتانیای کردووە و نووسیویە :« بازاراوی گۆرانی ، لەکوردستانی ڕۆژهەڵات و بەشێوەی فۆلکلۆری دەبڕگەیی هۆنراوەتەوە . » (٣٩)

صدیق بۆرەکەیی لەمێژووی وێژەی کوردیدا باسی« لەیلا و مەجنوون » ی مەلاوەهدخانی گۆران و خانای قوبادی کردووە و تاریخی هۆنینەوەی لەیلا و مەجنوونی خانای بە ١١٥٤ زانیوە .(٤٠)

٥) چیرۆکەشێعری بارام و گولەندام [Add. 23554 کتێبخانەی بەریتانیا] :

« ژمارەی لاپەڕە ١٠٦ ، واتە ٥٣ پەڕە (ff. 53) ، قەوارەی پەڕەکان ٢٥ر٤ x ٥٠ر٦ ئینچ ، ژمارەی فەردی هەر لاپەڕەیەک ١٢ ، دێژایی دێڕەکان ٣ ئینچە ، شێوەی خەت نەستەعلیقی شکستەیە ، تاریخی نووسینەوەی سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیە ، ئەوەڵ و ئاخیری دەستنووسەکە ، ناتەواوە .»

ئەو زانیارییانەی سەرەوە ، لە« کاتالۆگی دەستنووسە فارسییەکانی کتێبخانەی

بەریتانیا»(٤١) وەرگیراوە . نووسەری ئەم کاتالۆگە (چارلز ریۆ) ، وەک لەسەرەتای ووتارەکەدا باسمانکرد ، یەکێک بووە لەوانەی کە شێوەی گۆرانی بەزاراوەیەکی زمانی فارسی دانانێن و دەستووسە گۆرانییەکانی لەگەڵ دەستووسی فارسیدا تۆمارکردووە . هەر بەم نیازەش ، لەباسی ئەم دەستووسەدا کاتێ نموونەی شیعرەکانی بەدەستەوەداوە ، هەندێک لەووشە کوردییەکانی بەفارسی واتاکردۆتەوە و خستوویەتە ناو کەوانەوە :

چە (از) عشق یاور مجۆشا (می جوشید) چون بەرق
چە (از) دل مەکێشا (می کشید) ناعرەی وینەی (مثل) بەرق
سەحەر کە خورشید رەخشان مەدا (می داد) سەر
مەخێزا (می خاست) چە (از) خواب ، مەبەستش (می بست) کەمەر .
(کاتالۆگ)

لاپەرە سەرەتاییەکانی ئەم دەستووسە فەوتاون و بەم فەردە دەستپێدەکات :

هەم جیهان ئەفرۆز شاوق [= شۆخ] خۆرلەقا ـ ـ ناباغ گولشان بوینان گەوماڵ

بەشی کۆتایی دەستووسەکەش هەر ناتەواوە و دوافەردەکەی بریتییە لە :

چە وولات رۆم پەرێ تۆ ئامان ئەفتەحش کەردەن ئەو شاڵ بەئاسان .

دەستووسێکی فارسی« بهرام و گل اندام » لە کتێبخانەی بەریتانیا پاریزراوە کە دانەری «امین » ناوێکە (OR. 1433) . لام وایە پێویست بێ دەستووسە کوردییەکە لەگەڵ ئەم دەقە فارسییەدا بەراوردبکرێ بۆ ئەوەی ڕادەی شوێن هەڵگرتن یان نەگرتنی شاعیرە گۆرانییەکەمان لەدەقی فارسی ڕوونبێتەوە .

هەروەها دەستووسێکی دیکەی« بارام و گول اندام » لە ئەڵمانیا پاریزراوە (ژمارە ٢٦ لە لیستەی دەستووسە کوردییەکانی کتێبخانەکانی بەرلین ! کەمال فواد) (٤٢) بەپێی ئەو زانیارییەی دوکتۆر کەمال داویە بەدەستەوە ، دانەری چیرۆکەکە« ملا محمدقلی کەندۆلەیی » یە و ملا محەممەد قولی خۆی گوتوویە :« بروی کتاب نظامی ترجمەشد . » واتە لەبەر کتێبەکەی نیزامییەوە وەرگێڕا [یە سەر کوردی] .

دەستووسەکەی بەرلین بەروالەت لەسالی ١١٢٥ ی کۆچیدا نووسراوەتەوە و ئەگەر ئەم تاریخە ڕاست بێت ، ئەبێ محمدقلی بەیەکێک لەپێشڕەوانی هۆزندنەوەی چیرۆکە شیعری گۆرانی بناسرێ .

٦) دیوانی ملا پەرێشان [BROWNE V.62 <6> کتێبخانەی زانستگەی کەمبریج] :

« پەرێشاننامە » ی ملا پەرێشان بۆ خوێنەری کورد ناسراوە . ئەم نوسخەیە ٢١ پەڕ ، واتە ٤٢ لاپەڕەیە (٢١.٢٢) ، قەوارەی لاپەڕەکان ٩ر٥ x ١٤ر٢ سانتیمەتڕە ، ژمارەی دێڕی هەر لاپەڕەیەک ١٢ و شێوەخەتی نووسینەکە نەسخە .

دەستووسەکە ، کاتی خۆی هی پرۆفیسۆر« ئیدوارد براون »(٤٣) بووە و من شوێنی نوسخەکەم لە« کاتالۆگی دەستووسەکانی براون »(٤٤) هەڵگرت . براون بەسەر ڕووپەڕی یەکەمی دەستووسەکەوە بەزمانی ئینگلیزی نووسیویە :« ئەم دەستووسەم لەلایەن (Rev. W. st. clair Tisdall) هوە لە ٢٤ ی جولای ١٩١٢ پێدراوە .»

پاش مردنی براون ، دەستووسەکە لەگەڵ زۆر دەستووسی عەرەبی و فارسی دیکەدا ، دراوە بەکتێبخانەی زانستگەی کەمبریج کە« براون » لەژیانی خۆیا بەرپرسی بەشی دەستووسە ڕۆژهەلاتییەکانی بووە و ئێستاش هەر لەوێ پاریزراون .

ژمارەی فەردەکانی ئەم دەستنووسە بە مازنن ٥٧٠ و عینوانەکەی بریتییە لە« کتاب ملا پریشان » . نوسخەکە ، « محمد کاظم فەیلی » لە هۆزی « ساعد وەند » بۆ پیاوێکی ئایینی بەناوی « ئاغا بەهائودین » ی نووسیوەتەوە . تاریخی نووسرانی نوسخەکەش ٢٠٢ ی کۆچی بەرانبەر ٥ ـ ١٨٨٤ زایینییە . دەستنووسەکە ، بەم فەردانە دەستپێدەکات :

من ژ بسم الله — إبتدا ماکەم من ژبسم الله
پەرێشان نامە ذکرمەکەم لە — نانەرای هەرکەس ، پەی فنافی الله
« لارطب و لایابس إلاّ في الکتاب — کتاب درج و حمد فصل الخطاب
حمد وبسم الله منده‌رەج بی یەن — نەونێژ ژپای باغ هەزار گوڵ چی یەن

بەم ڕستانەش کۆتایی پێ دێت :

« تمام شد کتاب ملاّ پریشان بخط حقیر سراپا تقصیر میرزا محمد کاظم فیلی من طایفة سعدوند بجهت جناب فضایل مآب قدسی و قدّوسی انتساب ، نتیجة ـ العلماء العظام ، سرکار شریعت مدار آقا بهاءالدین سلّمه الله تعالی سنه ١٢٢ »

بڕاون ئاڵێ ئەم تاریخە ئەبێ ١٢٠٢ ی کۆچی بێت و منیش لەگەڵ بۆچوونەکەیدام . سالی ١٢٠٢ بەرانبەرە لەگەڵ ٨٥ ـ ١٨٨٤ ی زایینی و بەم پێیە ، نوسخەکەی بڕاون لە هەموولایەکەوە تەواوە و ئەوەی پێویست بێت ، بەراوردکردنیەتی لەگەڵ دەستووسی دیکەی پەرێشاننامە و دەقە چاپییەکەیدا .

لەبارەی مالا پەرێشان پێویستە ئاماژە بەیەک دوو نوکتە بکرێ : ناوی مالا ابوالقاسم بووە و لە « دینەوەر » ی کرماشان (یا « دلفان » ی لورستان) لە دایکبووە و لایەنگری فیرقەی « حروفیّە» بووە کە « فضل الله نعیمی تبریزی » (٧٤٠ ک) بنیاتەکەی دانابوو . حروفیّە ، دەڵیلی وێلایەتیان لە ٢٨ پیتی ئەلفبای عەرەبدا ئەدۆزیەوە و لایان وابوو کە خودا لەسێ مەرتەبەی : « نبوّت ، وێلایەت و الوهیّت » دا دەرئەکەوێ (٥)

مالا پەرێشان ، شوێنی زۆری لەسەر بنیسارانی و خانا و مەولەوی داناوە . ئەمەش چەند فەردی « پەرێشاننامە » لەدەستووسەکەی زانستگەی کەمبریج :

« خیر الامور اوسطها تالب — تاکە بچیمان وەسەر مەتلەب
ئەوطین حەرف نبوّت ، « نوون »من — مالفووطیش سێ حەرف ، « واو »ش مەکنوونەن
« واو » خودکینایە ژ وێلایەتەن — نەمن یە واتم ، نەسن ئایەتەن
ئەوطین حەرف وێلایەت « واو »من — ئەونیز مالفووطیش وسێ حەرف داومن
ئەوسط « ئالف » من ژ الوهیّت — مونکیر ئینکارکرد ژ بلوهیّت
مونکیر وعدە ، مازانی کێ یەن؟ — غاصب دووەم جایی نەبی یەن [!]
وەکیش عاوام ئی قوم عاریفان — خودا مازانۆ موتەعاریفان » (f.1b)

پەراوێزەکان

١) « CHARLES RIEV » : ڕیو لەباسی زمانی گۆرانیدا ئاڵێ : « ئەگەرچی لە کوردستان قسەی پێدەکرێ ، بەڵام لەبنەڕەتا فارسییە . بڕوانە :

CHARLES RIEV , CATALOGUE OF PERSIAN MANUSCRIPTS IN THE BRITISH MUSEUM , Vol. 2 , 1881 , P. 728 .

2/ ORIENTAL MANUSCRIPTS .

3/ THE BRITISH MUSEUM .

4/ THE BRITISH LIBRARY .

INDIA AND ORIENTAL OFFICE COLLECTIONS

5/ CAMBRIDOE UNIVERSITY .

٦) ئەم بەشەی ووتارەکە ، بەهاندێ گۆرانکارییەوە لە گۆڤاری پەیڤ ، چاپی مانبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لاندەن ، ژمارە ١٦ ، ئۆگستی ١٩٩٢دا بڵاوبۆتەوە.

٧) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دوکتۆر سەعیدخانی سنەیی ، بڕوانە « تاریخ مردوخ » ، بەرگی دووەەم ، هەروەها ئەم سەرچاوەیە :

Dr. Sa'eed of IRAN , by Cady H. Allen and Jay M. Rasouli , Grad Rapid International Publication , Michgan , USA , 1957 .

٨) بڕوانە Major E.B. Soan , A short Anthology of Guran Poetry , Journal of the Royal Asiatic Society , January 1921 , pp. 57 - 81 .

٩) بڕوانە V. Minorsky , The Guran , Bulliten of the school of Oriental and African studies , Vol. XI , 1943 , pp. 90 - 91 .

١٠) علاءالدین سجادی ، میژووی ئەدەبی کوردی ، بەغدا ، چاپخانەی مەعاریف ، ١٩٥٢ ، بەشی باخی شاعیران ، ل ٢٢٦ بەدواوە .

١١) صدیق بۆرەکەیی (صفی زادە) ، میژووی وێژەی کوردی ، چ١ ، چ١ ، ١٣٧٠ ، انتشارات ناجی (بانە کردستان) ، ل ٦٠ ـ ٥٥٩ .

١٢) Dr. David Neil Mackenzy , Bulliten of the Oriental and African studies , Vol. XXVIII , 1965 , pp. 255-283 .

١٣) Sindrella بەوانای شتێکی جوانی کەم ناسراو .

١٤) سێیەمین شاهنامەی فارسی پێش شاهنامە ناسراوەکەی فیردەوسی طوسی . ئەم کتێبە لەسالی ٣٤٦ی کۆچی بەناەمری « ابو منصور مەمد عبدالرزاق » لەلایەن چاند نووسەرەوە پێکهاتووە (لغت نامە رهخدا) .

١٥) ابو علی مەمد کوڕی مەمد ، وەزیری منصوری کوڕی نوح سامانی ، تاریخ طبری واتە « تاریخ الرسل و الملوك » ی لەعەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر فارسی و لە ٣٦٢ ی کۆچیدا مردووە .

١٦) بڕوانە بەشی « خانای قوبادی » لە : أ ـ بابامردوخ روحانی ، تاریخ مشاهیر کرد ، جلد اوّل ، سروش ، تهران ، ١٣٦٤ ، ب ـ حدیقە سلطانی ، تحقیق و تالیف و تصحیح مەمد علی سلطانی ، چ١ ، ١٣٦٤ ، تهران ؛ بەڵام صدیق بۆرەکەیی سالانی ١١٦٨-١٠٨٢ ك/ ١٧٥٦-١٦٧٢ بەڕاست ئەزانێ (پێشوو ، ل ٤٢٢) .

١٧) خسرو و شیرین خانای قوبادی ، ویراستەی م . اورنگ بەهەکاری صفی زادە (بۆرەکەیی) ، چاپ چەر ، ؟ ، ١٣٤٨ شمسی .

١٨) شیرین و خسرەو (شاکاری شاعیری ناوداری کورد ـ خانای قوبادی) ، مەمدی مەلا کەریم ساغیکردۆتەوە و فەرهەنگی بۆ ڕێکخستووە و پێشەکی بۆ نووسیوە ، کۆڕی زانیاری کورد ، بەغدا ، ١٩٧٥ .

١٩) Kamal Fuad , Kurdische Handschriften , Wiesbaden , 1970 .

٢٠) بابامردوخ روحانی ، پێشوو .

٢١) مەمدعلی سلطانی ، پێشوو .

٢٢) صدیق بۆرەکەیی (صفی زادە) ، پێشوو .

٢٣) هەمان .

٢٤) هەمان .

٢٥) بۆ بەراوردی سالی زایینی و کۆچی ، کەلك لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە : فردیناند ووستنفلد و ادوارد ماهلر ، تقویم تطبیقی هزار و پانصد ساله هجری قمری و میلادی ، مقدمه و تجدید نظر از دکتر حکیم الدین قریشی ، فرهنگسرای نیاوران ، تهران ، ١٩٨٢ .

٢٦) Claudious James Rich ، بۆ ئەم ڕاستییە ، بڕوانە کاتالۆگی دەستنووسە فارسییەکانی مووزەخانەی بەریتانیا ، پێشوو .

٢٧) مینۆرسکی ، پێشوو .

٢٨) بروانه Claudious James Rich , A Norrative of a residence in Kurdistan , Vol. 1 , London , 1836 , pp.197-247 .

٢٩) کاتالۆگی دەسنووسە فارسییەکانی مووزەخانەی بەریتانیا ، پێشوو ، ل٧٢٨ .

٣٠) کەمال فوئاد ، پێشوو .

٣١) مینۆرسکی ، پێشوو .

٣٢) خورشیدی خاوەر ، چاپکەر و بڵاوکەرەوەی ئاشەوانی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی نجاح ، بەغدا ، ١٩٣٣ .

٣٣) خورشید و خاوەری کوردی ، لەسەر نەخشەی ملا محمدصالحی عەبابەیلی کتێب فرۆش دانیشتووی سلێمانی لەچاپدراوە ، چاپخانەی مەعاریف ، بەغدا ، ١٩٥٧ .

٣٤) کەمال فوئاد ، پێشوو .

٣٥) صدیق بۆرەکەیی (صفی زادە) لەباسی ژیانی « میرزا مصطفی دلێ دلێ » دا هیچ ناوێکی لەدانانی خورشیدی خاوەر نەهێناوە . بروانە : صدیق بۆرەکەیی (صفی زادە) ، ل ٤٦٨ ، ٤٦٩ .

٣٦) کاتالۆگی دەسنووسە فارسییەکانی مووزەخانەی بەریتانیا ، پێشوو ، هەمان لاپەرە.

٣٧) مینۆرسکی ، پێشوو .

٣٨) کەمال فوئاد ، پێشوو .

٣٩) هرمان اته ، تاریخ ادبیات فارسی ، ترجمه دکتر رضازاده شفق ، بنگاه ترجمه و نشر کتاب تهران ، ١٣٣٧ ، ص ٨٢ .

٤٠) صدیق بۆرەکەیی (صفی زادە) ، پێشوو ، چ١ ، ل ٤٣٢ و ٤١٦ .

٤١) کاتالۆگی دەسنووسە فارسییەکانی مووزەخانەی بەریتانیا ، پێشوو .

٤٢) کەمال فوئاد ، پێشوو .

٤٣) Edward G. Browne .

٤٤) A descriptive catalogue of the oriental manuscripts belonging to the Late E.G.Browne , by Edward G.Browne , Completed and edited by Reynold A. Nicholson , Cambridge , 1932 .


٤٥) لەسەر ژیان و هونراوەکانی ملا پەریشان بروانە :

أ- بابامردوخ روحانی ، پێشوو .

ب- محمدعلی سلطانی ، پێشوو .

پ- صدیق بۆرەکەیی (صفی زادە) ، پێشوو .

ت- دیوانی ملا پریشان گرد ، گرد آوردهٔ فتحعلی حیدری زیباجوئی ، کرمانشاه ، ١٣٣٥ .



هەوالنامەی کتێب

نووسینی : محمد عابد الجابری
خوێندنەوەی : مەریوان وریا قانیع

ڕەخنە لە عەقڵی عەرەبی (٣) :

عەقڵی سیاسیی عەرەبی

دەسنیشانکەر و دەرکەوتەکان

ئەم کتێبە ، باشی سێیەم ، یان کتێبی سێیەمی ئاو پڕۆژە ڕەخنەییە گەورەیە ، کە (جابری) لەسەرەتای هەشتاکانەوە ، بەئامانجی ناسینی عەقڵی عەرەبی و ئاشکراکردنی میکانیزمەکانی ئیشکردنی ئاو عەقڵ و دۆزینەوەی ئاو سیستمە ئەبستمۆلۆژیانەی ئاو عەقڵە یان (دانینەر) یان (ئەقڵ) کەریان بووە ، نووسراوە . ئەگەر لە دوو کتێبی یەکەمی ئەم پڕۆژەیەدا : (دروستبوونی عەقڵی عەرەبی - ١٩٨٤) و (بونیادی عەقڵی عەرەبی - ١٩٨٦) ، (جابر) هەوڵی ناسینی ئاو عەقڵەی داوە کە ماعریفە بەرهەم دەهێنێ ، ئاوا لەم کتێبەیدا هەوڵی ناسینی ئاو عەقڵە دەدات کە دەسەڵاتی بەدەستە و حوکم دەکات . بەمانایەکی دیکە ، ئەگەر لەدوو کتێبی یەکەمیدا لە (عەقڵی فیکری عەرەبی) دواینێت ، ئاوا لەم کتێبەیدا لە (عەقڵی واقعی عەرەبی) دەدوێت . لێرەوە جابری سروشتی ئاو دوو بابەتە سەرەکییەی خودی پڕۆژە ڕەخنەییەکەی لەسەر بینادەکات ، لێك جیادەکاتەوە و ماعریفە و سیاسەت وەك دوو ماتریالی جیاواز تەماشادەکات . (بەرهەمهێنانی ماعریفە شتێکە و پراکتیککردنی سیاسەتیش ، یان ئاشکراکردنی چۆنیەتی پراکتیککردنی سیاسەت شتێکی دیکەیە) . بەمجۆرە گۆڕان لە (بابەت) دا ، جابری بەرەو گۆڕان لە (مانهەج) دا بردووە ، ئاو دەرگا چەکیەی لەم کتێبەدا وەکەڕخراوە و ئیشی پێکراوە ، جیایە لەو دەرگا چەکیەی دوو کتێبی یەکەمی پێ نووسراوە. ئەگەر لە دوو کتێبی یەکەمیدا ، خوێنەر لەناو دەرگایەکی چەکی ئابستمۆلۆژیدا نووقم بووبێ ، ئاوا لەم کتێبەدا (سایکۆلۆژیا) و (ئانترۆپۆلۆژیا) و تارادەیەکیش (سۆسیۆلۆژیا) بالادەستن .. ئەم لادانە مانهەجیە ، ئەنجامی ئاو گواستنەوەیە کە جابری لە ئارکیۆلۆژیایەکی تایبەت بێ بەرهەمهێنانی ماعریفەوە ، بێ ئارکیۆلۆژیایەکی تایبەتی پراکتیکی سیاسی دەگوێزێتەوە ، بەڵام بەوەی دواجار (جابری) باس لە (عەقڵی سیاسی) دەکات ، واتە باس لە جۆرێك یان شێوەیەك لەشێوەکانی (عەقڵ) دەکات ، ئاوکات بەناچاری جۆرێك لەپەیوەندی تایبەت لەنێوان (عەقڵ) لەسیاسەتدا و (عەقڵ) لە ماعریفەدا دەدۆزێتەوە . هەر لێرەدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە عەقڵی سیاسی لەهەموو شارستانیەتێکدا بەپێوەیست بەو سیستەم یان سیستەمە ماعریفیانەوە گرێدراوە ، کە دەسنیشانی پڕۆسەی بیرکردنەوە لەو شارستانیەتەدا دەکەن . بەڵام هەر لێرەدا (جابری) لەشێوەی ئاو پەیوەندییە دەدۆێ و دواجار وەك پەیوەندییەکی (ناهاوسەنگ) دەیناسێنێ . بەمانایەکی دیکە ، (جابری) دەیەوێ بڵێ ، لە پەیوەندی نێوان عەقڵ و سیاسەتدا هەمیشە (عەقڵ) کەوتۆتە ژێر جڵەوی دەسەڵاتی سیاسەتەوە. وە دواجار سیاسەت

ستراتیژییەتەکانی خۆی بەسەر ستراتیژییەتەکانی عەقڵدا سەپاندووە . عەقڵ ئەو سنوورانەی قبوڵکردووە کە سیاسەت بۆی کێشاوە و چۆتە ناو ئەو بازنەیەشەوە کە سیاسەت کردوویەتە (مالی عەقڵ) .

لەڕاستیدا ، بەم گواستنەوە مانهەجیە تەندروستە ، جابری ئەوەی سەلماند کە «موفکیری سەعاتەکانی یەکەم» نیە ، ئەگەر بشێ ئەم زاراوەیە لە (داریوشی شایگان) قەرزبکەین . لەڕاستیدا ئەم گواستنەوە مانهەجیە ، جگە لەجیاوازی بابەتەکان ، ئامانجێکی پیداگۆکی گەورەش لەپشتیەوەیەتی ، کە هەموو نووسینەکانی (جابری) دەیەوێ وەک بەشێک لەپەیامی بیرکردنەوە و نووسین بیگەیەنێ .. ئەمە سەرەڕای ئەوەی خودی ئەم پەنابردنە بەر (دەزگای چەمکی نوێ) یە ، هەوڵدانێکی سەرسەختە بۆ تێکشکانی ئەو (دۆگما) فیکرییەی سەرلەبەری واقعی فیکری و فەرهەنگی عەرەبی گرتبۆوە .

++++

زۆرن ئەو چەمکانەی لەم کتێبەدا بۆ خوێندنەوەی عەقڵی سیاسیی عەرەبی بەکارهاتوون ، بەڵام خوێنەر بەئاسانی دەتوانێ لەو دابەشکردنە دووڵایەنەی جابری بۆ چەمکەکانی کردووە ، تێبگات . سەرچاوەی دەزگا چەمکیەکەی جابری دەگەڕێتەوە بۆ دوو کەناڵی گەورە : یەکەمیان فیکری هاوچەرخی ڕۆژئاوا ، بەهەموو کایە جیاجیاکان و تێروانینە جیاجیاکانیەوە . دووەمیشیان کەڵەپووری فیکریی عەرەبی و ئیسلامی خۆی ، کە ئەمیش سەرچاوەیەکی گرنگی دەزگا چەمکیەکەی جابرییە بەتایبەت لەم کتێبەیدا ، وەک خوێنەری وریا ، بەئاسانی دەتوانێ لە ئامادەبوونی نادیاری (ابن خلدون) لەم کتێبەدا ئاگادارببێت . بەڵام هەموو ئەم گواستنەوە چەمکیانە لە ڕۆژئاوا و ڕابردووەوە بۆ ئێستا ، بەبێ تێپەڕاندن بەناو پڕۆسایەکی گەورە و وریایانەی (گونجاندن) ، لەگەڵ دۆخی ئێستادا تێپەڕنابن . لێرەوە ناکرێ لەناو فیکری (جابری) دا بەدوای مانا ڕەسەن و ئەوطیەکانی ئەو چەمکانەدا بگەڕێین ، کە لەدەرەوەی فیکری جابریدا ، لەخۆیان دەگرن . وەک خودی ئەم هەڵەیە کە (هاشم صالح) بەرەو ئەوە دەبات (جابری) بەوە تاوانباربکات ، گوایە لەچەمکی (ئەبستیمیت) ی (میشێل فۆکۆ) نەگەیشتووە .. - بروانە ڕۆژنامەی «الحیاة» ژمارە ۱۱۱۰۲ ، ۷ ی تەمموزی ۱۹۹۲ - .

یەکەمین چەمک کە (جابری) بۆ خوێندنەوەی عەقڵی سیاسیی عەرەبی بەکاری دێنێ ، چەمکی (ناستی سیاسی) یە . جابری ئەم چەمکە لە (ریجیس دۆبریە) وەردەگرێت ، بۆ ئەمەش پشت بە کتێبە زۆر گرنگەکەی (دۆبریە) «ڕەخنە لەعەقڵی سیاسی» دەبەستێت . ئەگەرچی ئەو کتێبە زیاتر لەسەر ئازموونی سیاسیانەی پارتە کۆمۆنیستەکان دەدوێ .

(ناستی سیاسی)* چەمکێکە لە ڕەچەڵەکدا ڕەگێکی (یۆنگییانەی)هەیە ، ئەگەرچی (دۆبریە) دەیەوێ سەربەخۆییەکی تەواو بەو چەمکە بدات . (ناستی سیاسی) خزمایەتیەکی تەواوی لەگەڵ چەمکی (ناستی گشتی) (یۆنگ) دا هەیە ، وەئەو جیاوازیەی (دۆبریە) بەم چەمکەی دەدات ، لەو باوکایەتیە فیکرییەی (یۆنگ) ڕزگاری ناکات . (دۆبریە) (ناستی سیاسی) بەوە لە (ناستی گشتی) جیادەکاتەوە ، کە ناستی گروپ یان دەستەیەکی (ڕێکخراوە) وەک (خێڵ) (حیزب) (ئەتەوە) . وائە سیفەتی ڕێکخراوی گروپەکان ، سیفەتی سیستماتیزەبوونیان ، بەو پێیەی بەچالاکیەکی سیاسی هەڵدەستن . ئەو جیاوازیە بنەڕەتیە کە لە (ناستی کۆ) ی بەشارەتی جیادەکاتەوە .. بەو پێیەی (ناستی کۆ) ناستی هەموو مرۆڤەکانە ، ڕێکخراو و ڕێکنەخراویان .

هەروەها (دۆبریە) دەرکەوتەکانی (ناستی کۆ) و (ناستی سیاسی) ش لەیەکدی جیادەکاتەوە ، ئەگەر تەعبیرەکانی (ناستی کۆ) ڕووکارێکی سایکۆلۆژیانەیان هەبێ ، ئەوا (ناستی سیاسی) سروشتێکی سیاسی و ئایدۆلۆژیانە دەگرێتە خۆی . (دۆبریە) لەبەکارهێنانی ئەو چەمکەدا ، دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە (مارکسیزم) دابڕان نیە لە دین ، وە کۆتاییهێنان نیە بە (ئایین) . بەمانایەکی دیکە ، مارکسیزم لەگەڵ (دین) دا دابڕان و پچڕاندنی دروست نەکرد ، بەڵکو تاقە مەسەلەیەک کردبێتی ئەوەیە خۆی چۆتە جێگای دین ، خۆی بووە بە دینێکی دیکە .. (دۆبریە) پێی وایە (مارکس) تەنیا لەڕووی فیکرییەوە ڕەخنەی

★ ئەوەی لێرەدا لەسەر ئەم چەمکە و لەسەر چەمکەکانی دیکەش دەوترێ ، ڕاستەوخۆ لە پێشەکی کتێبەکەی جابرییەوە وەرگیراوە و ، من تەنها ڕۆڵی ناساندنیان بەخوێنەری کورد دەبەخشم .. ئەگەرچی لە هەندێ شوێندا گەر سەرنجێکی تایبەتم هەبێ ، ڕاستەوخۆ ئاشکرامکردووە و تێکەڵ بەپڕۆسەی ناساندنەکە بووە .

لە دین گرتووە ، بەڵام لەڕووی (ڕێکخستنەوە) ڕەخنەی لێ نەگرتووە . لێرەوە ڕێکخستنی دینی ، خۆی لەناو ئازموونی سیاسیانەی پارتە کۆمۆنیستەکاندا دڕێژمێنداوە .


(دۆبریە) باس لەوە دەکات کە بونیادی ڕەوشتی سیاسی ، بەگوێرەی شێوازمکانی بەرهەمهێنان ، تووشی گۆڕان نایەت . وە بەو پێیەی ڕەگێکی دینیانەی قوڵی هەیە ، سەربەخۆیی خۆی لە کۆمەڵگا جیاجیاکان و لە قۆناغە جیاجیاکاندا دەپارێزێ . لێرەوە (دۆبریە) لەڕووی بونیادی ڕەوشتەوە ، هیچ جیاوازیەک لەنێوان پەرستنی خودا و پەرستنی (ستالین و لینین و ماوتسی تۆنگ) دا نابینێ .. هیچ جیاوازیەک لەنێوان زیارەت و سەردانی مازاری مەشایخ و گۆڕی ئەسحابە و پیاوچاکانی ئایینداو ، لەنێوان سەردان لەتەرمەکەی لینین و ستالیندا نابینێ . هەر لێرەوە (دۆبریە) دەرهنجامێکی تێوریی گرنگ بەدەستدێنێ و پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە نە دەزگا و دامەزراوەکان (بۆ نموونە پەرلەمان و حیزب و سەندیکاکان .. هتد) و نە تێروانینە سیاسیەکانیش (چەپ ، ڕاست ، ناوەند ، نەتەوەیی .. هتد) جەوهەری ژیانی سیاسیانەی گروپە سیاسیەکان پێک ناهێنن ، بەڵکو ئەوە (ئەستی سیاسیە) دەسنیشانی ڕەوشت و ئاکاری سیاسیانەی خەڵک و گروپەکانیش دەکات .

(ئەستی سیاسی) لای (دۆبریە) ، بونیادە ، بونیادێکە لەپەیوەندی ماتەری و دەستەیی ، کە قورساییەکی لەڕادەبەدەر دەخاتە سەر تاکەکان و گروپەکان .. بەئاڕاستەی هەڵبژاردن یان ڕاستتر بڵێین سەپاندنی ڕەوشتێکی سیاسیی دیاریکراو دا . ئالبەتە بە (بونیاد) کردنی ئەست ، لەجەوهەردا بۆچوونێکی (لاکان) یە و پێدەچێ (دۆبریە) لە (لاکان) هوە وەریگرتبێ . هەرچۆن بێ ئەو (پەیوەندییە ماتەری و دەستەیی) یەی (دۆبریە) باسیدەکات بریتیە لەو پەیوەندییە خێڵەکی و تایەفەگەری و مەزهەبی و حیزبیە بەرتەسکەی تاکەکەس خۆی لەناویدا دەدۆزێتەوە و دواجار مەحکومی دەکات بەڕەوشتێکی سیاسیی دیاریکراو . لێرەوە (دۆبریە) دەیەوێ بڵێ ، ئەوە وشیاری و تێگەیشتنێکی دیاریکراو نییە لەدنیا ، کە تاکەکان و گروپەکان بەرەو ڕەوشتێکی سیاسیی دیاریکراو دەبات ، بەڵکو ئەوە کۆی ئەو پەیوەندییە ماتەریی و دەستەییانەیە کە تاک و گروپەکان خۆیان لەمەناویدا دەدۆزنەوە و بەرەو هەڵبژاردنی ڕەوشتێکی سیاسیی دیاریکراویشیان دەبات . ئالبەتە ئەم بۆچوونەی دۆبریەش لە زۆر ڕووەوە دەکرێ وەبەر ڕەخنە بدرێت ، بەوەی (وشیاری) بەتەواوی لەمەیدانی (ڕەوشت) دەرکراوە و سەرجەمی ڕەوشت بەو ئەستە سیاسیەوە دەبەستێتەوە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بۆچوونە هێشتا بەشێکی زۆری ڕاستی لەئامێزە .

(جابری) بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم چەمکەی (دۆبریە) دا دەکات . وە بەوەی ئەم چەمکە دواجار ئازموونێکی ڕۆژئاوایی دەخوێنێتەوە ، واقیعێکی فیکری و سیاسی و شارستانی ڕۆژئاواییش دروستیکردووە . بۆیە لە پێخوێندنەوەی واقعی عەرەبی بەهۆیەوە ، پێویستی بە سەرلەنوێ بنیادنانەوە و سەرلەنوێ پێناسەکردنەوە و ڕیزکردنەوە هەیە . (جابری) ئەو جیاوازییە کۆمەڵایەتی و شارستانیە ئاشکرادەکات کە لەوديوی بیرکردنەوەی (دۆبریە)وە ، لەبەرامبەر ئەم چەمکەدا وەستاوە ، لێرەدا جابری بەڕاشکاوی جەخت لەوە دەکات ، کە شوێن و جێی پەیوەندییە خێڵەکیەکان و پەیوەندییە تایەفیەکان لە کۆمەڵگای ئەورووپیدا لەدوای شوێن و جێی (پەیوەندییە ئابووریە) گەشەکردووەکانەوە دێت . بەمانایەکی دیکە ، لە کۆمەڵگای ئەورووپیدا ، ئەو شوێنەی دۆبریە ئازموونە سیاسیەکەی دەخوێنێتەوە ، پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان ، لە پەیوەندییەکانی خێڵ و تایەفە ، گرنگترە .

بەڵام لە کۆمەڵگای عەرەبیدا ، چ لەکۆن و چ لەئێستادا ، ئەم مەسەلەیە تەواو پێچەوانەیە . لەم کۆمەڵگایەدا پەیوەندییەکانی خێڵ و تایەفە تا ئێستاکەش شوێنێکی دیار و بالادەستیان لە ژیانی سیاسیی عەرەبیدا هەیە و ، لەزۆر ڕووەوە لە سەرجەمی پەیوەندییە ئابووریەکان ، بە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانیشەوە ، گرنگترن . ئەو ڕۆڵە خێڵ و تایەفە دەبینێ ، ئابووری نایبینێ . لێرەوە جابری جیاوازیەکی زۆر گرنگ دەسنیشان دەکات و دڵێ ، ئەگەر ئەرکی چەمکی (ئەستی سیاسی) لای (دۆبریە) ئاشکراکردن و نیشاندانی ئەو لایەنە خێڵەکی و ئایینیانەیە بێت کە تا ئێستاش لەناو ڕەوشتی سیاسیی کۆمەڵگای ئەورووپیدا مابێتەوە ، بەمانایەکی دیکە ، ئەگەر ئەو ئەرکە ئەرکی نیشاندانی مانەوەی خڵتەی عەشیرەت و ئایین بێ لەناو ڕەوشتی سیاسیدا ، ئەوا هەمان چەمکی (ئەستی سیاسی) بۆ

کۆمەڵگایەکی لەبابەتی کۆمەڵگای عەرەبی و بۆ نووسەرێکی وەک جابری ، ئەرکێکی تەواو پێچەوانەی هەیە . لەحاڵەتی جابری و کۆمەڵگای عەرەبیدا ، ئەم چەمکە دەبێ لەگەڵ ڕەوشتی دینی و ڕەوشتی خێڵەکیانەدا بەدوای ڕەوشتی سیاسیدا بگەڕێت . دەکرێ ئەم جیاوازییە بەمجۆرە وێنەبکێشین :



جابری دەڵێ ، ئەم جیاوازییە زۆر گرنگە ، چونکە سیاسەت لە کۆمەڵگای عەرەبیدا بەناوی دین و خێڵەوە دەستپێکردووە و تائێستاش هەر بەناوی خێڵەوە بەردەوامی خۆی پاراستووە . لێرەوە (نەستی سیاسی عەرەبی) ، کە بنیادنەری عەقڵی سیاسیی عەرەبیە ، نابێ وا تەماشابکرێت کە تەنها ڕەگەزە دینی و ڕەگەزە خێڵەکیەکانە ، کاری سیاسی ئاڕاستەدەکەن ، بەڵکو دەبێ وا تەماشابکرێت کە ئەوە (سیاسیە) لەپشتەوە ، دەسەڵگیری خێڵ و بەهەزەبوونی ئایین ، ئاڕاستەدەکات .

لەپرۆژەکەی جابریدا ، بۆ تێگەیشتن لە (سیاسی) دەبێ بۆ (ئایدیۆلۆژی) بگەڕێینەوە و بۆ تێگەیشتن لە (ئایدیۆلۆژی) ش دەبێ بۆ (دینی) بگەڕێینەوەو ، بۆ تێگەیشتن لەدینیش دەبێ بۆ بونیادە کۆمەڵایەتیەکان بگەڕێینەوە . بەڵام لە کۆمەڵگای عەرەبیدا ئەوە کۆمەڵایەتیە سیاسی دەسنیشان دەکات و وە سیاسیشە بەدەوری خۆی (ئایدیۆلۆژی) دایڕێدەکات ، وە ئایدیۆلۆژیش دواجار دەسنیشانی هەزەبە دینیەکان دەکات . کەوابوو بەرچاوترین ئاست ، لەئاستەکانی نەستی سیاسیی عەرەبی ، ئاستی دینیەتی ، کە دواجار دەبێ ئاستە قوولەکانی دیکەی ئەو نەستە (ئاستی ئایدیۆلۆژی ، سیاسی ، کۆمەڵایەتی) لەودیو (ئایینی) بوونەوە بدۆزینەوە .

دووەمین چەمک کە جابری بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکەی بەکاری دێنێت ، چەمکی « فانتازیای کۆمەڵایەتیە » ـ المخیال الاجتماعي ـ . ئەم چەمکە ڕاستەوخۆ لە سۆسیۆلۆژیای هاوچەرخەوە وەرگیراوە .

« فانتازیای کۆمەڵایەتی » لەساکارترین پێناسەیدا ، بریتیە لەو مەرجەعەی (عەقڵی سیاسی) لەسەر دروستدەبێ ، یان لەڕێیەوە بنیاددەنرێ و لەهەمان کاتدا چوارچێوەیەکیش بە (نەستی سیاسی) دەدا . ئەگەر ژێرخانی هەموو مەعریفەیەک ، سیستەمێکی ئەبستمۆلۆژی بێت ، ئەوا ژێرخانی هەموو عەقڵێکی سیاسی ئاو فانتازیا کۆمەڵایەتیەیە ، کە کەرستە و ئاڕاستە سەرەکیەکانی بیرکردنەوە و بەرهەمهێنانی سیاسی دەستنیشان دەکات .

« فانتازیای کۆمەڵایەتی » تۆڕێکی بەرفراوانی سومبول و پێوەرە ، کە بەهۆیانەوە و لە ناویاندا دیاردە و دەرکەوت و شتەکان تەئویل دەکرێت . « فانتازیای کۆمەڵایەتی » ئاو چاوێلکەیەیە کە بەهۆیەوە ڕاستیەکان دەبینین و مانایان پێدەبەخشین ، دووربینێکە (ڕاستیەکانمان) بۆ ئاشکرادەکات ، یان ئاڕاستەیەکی تایبەت بەبینینی (ڕاستیەکان) دەدات . لێرەوە جەبرییەتی « فانتازیای کۆمەڵایەتی » ، لە جەبرییەتی زمان دەچێت .. ئەگەرچی « فاشیەتی » فانتازیای کۆمەڵایەتی ناگاتە ئاستی « فاشیەتی زمان » .

تەنها لەناو فەزای « فانتازیای کۆمەڵایەتیدایە » کە یەکەیەکەی پراکتیک و کرداری تاکەکانی ئینسانەکان کۆدەبنەوە و ئاڕاستەیەک دروستدەکەن . تەنها لەناو فانتازیای کۆمەڵایەتیدایە هاڵسوکەوت و پراکتیکە تاکەکەسیەکان و ، تایبەتەکان و ، پرۆژە تاکەکەسیەکان دەبنە پراکتیک و پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی بەرفراوان و بەرەو کۆمەڵێ ئامانجی هاوبەش ، پرۆژەی هاوبەش و ستراتیژییەتی هاوبەش دەڕوات . لێرەوە فانتازیای کۆمەڵایەتی تۆڕێکی بەرفراوانە لەبەها و پرانسیپ و پرۆسەی مانابەخشین و دەلالەتی تایبەت . وە تەنها بەم مانایەیە دەتوانین بڵێین فانتازیای کۆمەڵایەتی بونیادێکی ئاڵۆزە لەهەموو ئاو یەکە جیاجیایانەی باسمانکردن . هەروەها لەڕێگای فانتازیای کۆمەڵایەتیەوەیە ، گروپەکان دەتوانن مانا بەشتەکانی دەوروبەریان بدەن ، بەشتی ناو خودی ئەم تۆزە و بەو شتانەش کە دەکەونە

دەرەوەی ئەم تێرمەوە ، وە تەنها لەڕێگای ئەو مانا و دەلالەت فانتازیانەوەیە ، گروپەکان دەتوانن کارە میژووییەکان دەستپێبکەن و دەورووبەریان بجوڵێنن . لەبەرئەوەی دیکەوە « فانتازیای کۆمەڵایەتی » ، ئەو ئاوێنەیەیە کە کۆمەڵگا بەهۆیەوە ، هەم لەخۆی و هەم لەوانی دیش دەڕوانێ ، حوکم بەسەر خۆیی و بەسەر ئەوانی دیشدا دەدات . لێرەوە فانتازیای کۆمەڵایەتی دەسەڵاتی خۆی ، نەک تەنها لەمایەدانی بۆچوون و تێڕوانین و بیرکردنەوەدا ، بەڵکو بەسەر کایەی پراکتیکە کۆمەڵایەتیەکانیشدا ، دەسەپێنێ .

(جابری) بەم شێوەیە پێناسەی « فانتازیای کۆمەڵایەتی » دەکات : « فانتازیای کۆمەڵایەتی کۆی ئەو تێڕوانین و سومبول و دەلالەت و پێوەر و بەهایانەیە ، کە لەسەردەمێکی میژوویی دیاریکراودا و لای گرووپێکی کۆمەڵایەتی ڕێکخراو ، بونیادێکی نەستی بە ئایدیۆلۆژیای سیاسی دەدات » .

ئەگەر بمانەوێ ئەم چەمکە زیاتر لەخۆینەری کورد نزیکخەینەوە ، دەکرێ بڵێین : فانتازیای کۆمەڵایەتی کوردی ، بریتیە لەو ناوەندە خەیاڵییەی کە پرە لە سومبولە جیاجیاکانی کۆمەڵگای کوردی ، سومبولەکانی ڕابردوو و سومبولەکانی لەبابەتی (کاوەی ئاسنگەر ، خانی لەپ زێڕین ، عەولە سیس ، مامیارە ، کەریمی عەلەکە ، ئەحمەدی خانی ، مەحوی ، نالی ، بابەتایەری هەمەدانی ، شێخ مەحمود ، قازی محمد ، ئەمارەتی بابان ، مەم و زین ، شیرین و فەرهاد ، قەڵای دمدم ، ئاگری نەورۆز ، دوانزە سوارەی مارپوان ، نەقشبەندیەکان ، مەولانا خالید ، هەقە و موتەسەوفەکان ، خانەقا و مزگەوتەکان ، ئەولیا و پیاوچاک و شاهسەکان ، مەلای خاتێ ، موشیری هەمەی سلێمان ، هەروەها دەتوانین میژووی پارتە کوردیەکان ، عەشیرەتەکان ، شەهیدەکان ، سومبولی پێشمەرگە خۆی ، بەرنامە و ئاوات و ئەو ئایندەیەی کورد تێی دەڕوانێ ، هەموو ئەمانە و دیمان شتی دیکە) کە هەر هەموویان بەسەر یەکەوە ئەو فانتازیە کۆمەڵایەتیە دەخولقێنن کە دواجار دەبێتە مەرجەعی عەقڵی سیاسیی ئێمە ، ئێ وەک پراکتیک و ئێ وەک ئایدیۆلۆژیاش ! لەڕاستیشا خودی (کوردایەتی) ، وەک ئایدیۆلۆژیایەکی ئەتاوەیی ، مەرجەعەکەی لێرەدایە ، ئەگەرچی تا ئێستا عەقڵی سیاسیی ئێمە نەیتوانیوە ئەو یەکە و ماتەرە جیاجیایانە ، کە میژووی ئێمە لەڕەوتی خۆیدا بەسومبولی کردوون ، تێوریزەکات و دواجار بەتێوریەیەکی ئاتاوەیی تایبەت بێنێتە دەرەوە . تێوریەیەک کە لەدیالۆگی شێلگیری نێوان عەقڵی سیاسیی ئێمە و ئەو سومبولانەی میژووی ئێمە و پەیوەندی ئەو عەقڵە بەئێستا و بەئایندەوە ، دروستدەبێت .

بەمجۆرە دەبینین (جابری) مەرجەعی عەقڵی سیاسی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو فانتازیا کۆمەڵایەتیە ، نەک بۆ سیستەمە ئەبستمۆلۆژییەکان، فانتازیای کۆمەڵایەتی ناتوانێ ببێتە مەیدانی بەرهەمهێنانی مەعریفە ، بەڵام بەپێتترین مەیدانی (قەناعەتهێنان) و (باوەڕپێبوون) دەخولقێنێ . وەک لەسەرەتاشەوە وتمان ، مادامەکی عەقڵی سیاسی پشت بە فانتازیای کۆمەڵایەتی دەبەستێ نەک بەسیستەمە ئەبستمۆلۆژییەکان ، کەوابوو عەقڵی سیاسی لەبنەڕەتدا عەودالی قەناعەت پێهێنان و باوەڕپێکردنە . لێرەوەیە جابری دەڵێ ، میکانیزمی عەقڵی سیاسی میکانیزمی (باوەڕپێهێنان - الاعتقاد» نەک سەلماندن، (باوەڕپێهێنانیش) ، وەک دەڵێن ، لەڕێی (دڵ) ەوە دەبێ و بەئامادەگی سۆز و عاتیفە دەخولقێ .. لێرەوەیە گووتاری سیاسی هەمیشە یەک فەزای ویژدانی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ و بڵاوی دەکاتەوە ، کە دواجار لەناو ئەو فەزا ویژدانیەدایە ، کارکردن بەئاراستەی کارتێکردن و پالێوتنان و هاندانی خەڵک بەرەو پراکتیکی نوێ دەستپێدەکات .

++++

بەناساندنی ئەم دوو چەمکە ، ئیتر جابری کۆتایی بەلایەنی سایکۆلۆژی - سۆسیۆلۆژی یان خودی - کۆمەڵایەتی دیاردەی سیاسی دەهێنێ و ئیدی بەلای لایەنی (بابەتی) یان بابەتیانەی دیاردەی سیاسیدا دەگەڕێت . ئەم لایەنەش ، بەباوەڕی جابری ، بریتیە لەو چۆنیەتیە تایبەتەی دەسەڵاتی سیاسی پێ پراکتیک دەکرێ ، ئایا ئەو دەسەڵاتە ڕاستەوخۆ لەلایەن دەسەڵاتدارەکانەوە بەسەر خەڵکاندا دەسەپێنرێن ، یەعنی دەسەڵاتداران دەبنە (شوان) و کۆمەڵگاش بە (ڕەعیەت) یاخود دەسەڵاتدار ڕاستەوخۆ ئەم کارانە ناکات و ، بەشێوەیەکی دیکە ، ناڕاستەوخۆ و لە میانەی شتێکی دیکەوە ، بەکورتەکەی لەڕێگای « کایەیەکی سیاسیەوە » ئەم پڕۆسایە جێبەجێ دەکات .

++++

« کایەی سیاسی - المجال السیاسی » ، چەمکێکە جابری لە لێکۆڵینەوە سۆسیۆلۆژییە

هاوچەرخەکانەوە وەریدەگرێت ، بۆ ئەم مەبەستەش کتێبی « دوو دەولەت : دەسەلات و کۆمەڵگا لە ڕۆژئاوا و لەوڵاتانی ئیسلامدا » ی سۆسیۆلۆژی فەرەنسی (برتراند بادی) دەکات سەرچاوەی سەرەکی ناساندنی ئەم چەمکە .

پرسیاری سەرەکی لە کتێبەکەی (برتراند بادی) دا ، وەک جەبری دەڵێ ، پرسیارە لەوەی بۆچی دەولەت لە ئەورووپا لە دەولەتی (ئەمیر) [پادشا ، ئیمپراتۆر] هوە گەشەیکرد و گۆڕا بۆ دەولەتی مۆدێرن ، دەولەتی « مۆدێرنیزمی سیاسی » ـ دەولەتی یاسا و دەزگا و دامەزراوەکان (دولة القانون و المؤسسات) . ئەو دەولەتەی کە شارستانیەتی خۆی لەڕێی نوێنەرایەتیکردنی ویست و ئارەزووی میللەتەوە بەدەست دەهێنێ . وە ویست و ئارەزووی خەڵکیش لەڕێی هەڵبژاردنی گشتییەوە ، واتە لەڕووی پڕۆسەیەکی دیموکراسییەوە ، تەعبیر لەخۆی دەکات ، کە هەموو ئەمانە بەسەر یەکەوە وا لە دەولەت دەکات لەخزمەتی قازانجی گشتیی خەڵک و کۆمەڵگادا بێت . لەبەرامبەر ئەمەدا ، بەشێکی دیکەی پرسیارەکەی (برتراند بادی) ، یان نیوەکەی دیکەی ، لەوەدایە کە بۆچی دەولەتی مۆدێرن نەیتوانی لەو پارچەیەی زەویدا بەرقەرار بێت ؟ ئەک هەر ئەمە ، بەڵکو بۆچی ئەو هەموو هەوڵدانانەی کە نوخبەی هاوچەرخ لەنیشتمانی ئیسلامدا ، بۆ گواستنەوەی «مۆدێرنیزمی سیاسی» ڕۆژئاوایی ، دایان ، سەرنەکەوت و هیچ دەرهاتێکی گرنگ و پۆزەتیڤی نەدا بەدەستەوە ؟

بەباوەڕی (برتراند بادی) ، دەولەتی مۆدێرنی ئەورووپی ، دەولەتی یاسا و دامەزراوەکان ، لە ئەنجامی یەک پڕۆسیسی مێژووییی گەورە دروستبوو ، کە توانی ژیانی کۆمەڵایەتی بۆ چەند مەودا و کایەیەکی جیاجیا دابەشکات ، وە دواجار توانی کایەیەکی نوێ بۆ پڕۆسیس و پراکتیکی سیاسی ، سەربەخۆ لە کایەکانی دیکە ، بخولقێنێ ، (بادی) ئەو کایەیە ناودەنێ (کایەی سیاسی) . لەڕاستیدا (کایەی سیاسی) پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەبیرۆکەی «پەیمانی کۆمەڵایەتی» یەوە هەیە ، وە دەکرێ «کایەی سیاسی» ، کایەی تایبەت بەپراکتیکردنی سیاسیانە ، بەکۆی ئەو ڕازیبوونانە بچوێنین کە دواجار لەنێوان دەولەت و تاکەکەسدا دروستدەبێ و سیاسەت و پراکتیکی سیاسی پێدەکاتەوە . لێرەوە سیاسەت لە خێڵ و تایەفە و گروپچیاتی دادەبڕێ و ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ناو کایەیەکەوە ، کە پەیوەندیی سەرەکی تێیدا پەیوەندی تاک و دەولەتە و (کایەی سیاسی) ، واتە پراکتیکی سەربەخۆی سیاسیانە ، لە ڕۆژئاوادا ، ڕاستەوخۆ تووشی بەربەرەکانێی (ئەمیر) لەلایەک و (کەنیسە) لەلایەکی دیکەوە بوو .. وە گرەوی ڕۆژئاوا لەوەدابوو کە لەو سێ حالەت : (ئەمیر) (کەنیسە) (کایەی سیاسی) یەکێکیان هەڵبژێرێت . وەک ئاشکراشە ، وەڵامی ڕۆژئاوا سەقامگیرکردنی کایەی سیاسی و بەرقەراربوونی بوو ، لەدژی ئەمیر و کەنیسە .. وە دواجار (کایەی سیاسی) بووە تاقە ئەتەرناتیڤی هەڵبژێراو لەلایەن شارستانیەتی ڕۆژئاواوە . بەمجۆرە (کایەی سیاسی) لەئەنجامی ململانێی نێوان (ئەمیر) و (کەنیسە) لەسەدەکانی ناوەڕاستدا هاتەکایەوە ، کە یەکێ لە ئەنجامەکانی ئەو ململانێیە دەرکەوتنی تیۆرەی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) جان جاك ڕۆسۆ بوو . لەم تیۆرەیەدا دەسەلاتی کەنیسە ، کە دەسەلاتێکی خودایی و لەخوداوەیە ، لەدەسەلاتی ئەمیر ، کە دەسەلاتێکە لە گەلاوە بۆ ئەمیر دراوە ، لەیەکدی جیاکرایەوە . جا ئەگەر دەسەلاتی کەنیسە دەسەلاتێکی بەرز و پیرۆزبێت و نەتوانرێ دەستی بۆ ببردرێت و بگۆڕێت ، ئەوا دەسەلاتی ئەمیر کە دەسەلاتێکی نزمتر ، ئەگەر ئەمیر لەخزمەتی گەل و قازانجی گشتیدا کاری نەکرد ، ئەوا گەل مافی گۆڕان و لابردنی ئەمیر و دەسەلاتی ئەمیری هەیە . بەمجۆرە هێزێکی نوێ ، هێزی سێیەم ، لەململانێی دووڵایەنەی نێوان (ئەمیر) و (کەنیسە) دا دروستدەبن ، کە هێزی (گەل) یان (میللەت) یان (قازانجی گشتی) یە و هەموویان بەسەر یەکەوە ئەو کایە نوێیەیان دروستکرد کە (بادی) ناوی (کایەی سیاسی) لێدەنێ ، مۆدێرنیزمی سیاسیش لەدایکبووی ئەو کایەیە و لەهەمان کاتدا ئەفی دەولەتی ئەمیریشە .

بەڕای (بادی) ، کە جەبری سەرلەبەری ئەم ڕایە ڕەفزدەکات ، هۆی گەشەکردن و گۆڕانی دەولەت لە ئیسلامدا بۆ دەولەتی (مۆدێرن) ، نەبوونی (کەنیسەیە) لە ئیسلام .. واتە نەبوونی ئەو لایەنەیە کە بەجۆرێك لە جۆرەکان ململانێی (ئەمیر) بکات . بۆیە دەولەت هەر بە (دەولەتی ئەمیر) مایەوە و خودی ئەمیر خۆی بڕیتی بوو لە دەولەت ! لەلایەکی دیکەوە ، (بادی) هۆی سەرەکی سەرنەکەوتنی نوخبە هاوچەرخەکانیش لە گواستنەوەی مۆدێرنیزمی سیاسیی ئەورووپیدا بۆ

نەبوونی کایەیەکی سیاسیی سەربەخۆ دەگێڕێتەوە، وە بەڕای ئەو (کایەی سیاسی)لەم ولاتانەدا تائێستاش لەلایەن ئەمیرەوە داگیرکراوە و (دین) بەتەواوی کۆنترۆڵیکردووە .

بەهەرحال ئەوەی (برتراند بادی) سەبارەت بە ئازموونی دەوڵەت لەوڵاتە ئیسلامیەکاندا دەڵێ و جابری لەبنەڕەتەوە ڕەتیدەکاتەوە ، لەگەڵ هەموو لێ ڕازی نەبوونێکی فیکری و مەنهەجیدا ، هێشتا کۆمەڵێ ڕاستی دەڵێ کە ناکرێ لەژێر هیچ ناوونانێکدا پشتگوێبخرێت !(جابری)لەوەدا ڕاستدەکات کە یەکێ لەسەرەکیترین هۆکارەکانی گەشەنەکردنی دەوڵەت لەدنیای ئیسلاما بۆ دەوڵەتی مۆدێرن ، دەستێوەردانی شێوێنەرانەی ڕۆژئاوابوو بۆ مێژووی ئەم وڵاتانە و ، لەبەرچەکدی ترازاندنی بنەما کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووریەکانی ئەم وڵاتانە بوو .. بەڵام (برتراند بادی) ش ڕاستدەکات کە دەڵێ تائێستاش دابڕانێک لەنێوان (ئەمیر) و (دەوڵەت) دا دروست نەبووە و ، تائێستاش دەوڵەت دەوڵەتی ئەمیرە و ، ئەمیر خۆشی هەموو دەوڵەتە . ئازموونی باعس لە عیراقدا بەگشتی و ئازموونی جەلادێکی وەک (سەدام حوسەین) باشترین نموونەی هاوچەرخی سەلماندنی ئەم بۆچوونەی (برتراند بادی)یە .

++++

لەدوای ناساندنی ئەم سێ چەمکەوە ، ئێدی جابری سەفەرێکی درێژ لەگەڵ (جۆرج لۆکاتش)لە کتێبی (مێژوو و ئاگایی چینایەتی - التاریخ و الوعي الطبقي) دا دەستپێدەکات . ئەم سەفەرەش بەئامانجی سەلماندنی سێ ڕاستین کە بابێ ئەو سەلماندنانە ، پڕۆژەکەی (جابری) لەناو دنیای ڕۆشنبیریی عەرەبیدا ، بێ پەنا و پاڵپشت و دادە دەمایەوە . ئەم سەلماندنە ئەگەرچی لەناو هەناوی پڕۆژەکەی جابرییەوە نەهاتوون و کۆمەڵێ ڕاستین کە ئەو پڕۆژەیە لەوديوی ئەوانەوە دەستپێدەکات ، بەڵام دواجار ئەو وەستانە درێژە وەک جۆرێک ساغکردنەوە و بەباریکاخستنی حیساباتی فیکری عەرەبیە لەگەڵ ئەو نەخشە فیکرییە سادەیدا ، کە چەندان ساڵ بوو ، بێ گومانکردن و بێ پرسیار ، بەدڵنیاییەوە فیکری عەرەبی بەناویدا دەهات و دەچوو . ئەو سێ ڕاستیەی (جابری) دەیەوێ لەڕێی (لۆکاتش)موە بیسەلمێنێ ئەمانەن :

١- بەموتڵاق نەکردنی یاساکانی ماتریالیزمی مێژوویی و تایبەتکردنیانە بەبارودۆخی سەرمایەداریی ئەوروپی .

٢- گومانکردن لەگونجانی ئەو یاسایانە بەسەر کۆمەڵگای ناسەرمایەداری یان کۆمەڵگاکانی پێش سەرمایەداریدا ، چ لە ئەوروپا خۆیدا و چ لەدەرەوەی ئەوروپاشدا .

٣- گومانکردن لەو پەیوەندییەی مارکس لەنێوان ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵدا دەیدۆزێتەوە و ، داڕشتنەوەی ئەو پەیوەندییە لەدیدێکی جیاوازەوە . (یەکبوونی ئەو دوو بونیادە لای (لۆکاتش) سەرکردایەتی نەکردنی ژێرخان بۆ سەرخان لای (غودولیە) .. بوونی یەک بونیادی گشتی ، بونیادی خزم خواهی ، لای ئەنترۆپۆلۆژییەکان) .

وەک وتمان ، فیکری (لۆکاتش) ، بەتایبەتی قۆناغی نووسینی کتێبی (مێژوو و ئاگایی چینایەتی) ، یارمەتیەکی تەواوی جابری دەدات بۆ دەربازبوون لە (تێزە ڕەسمیەکان) ی مارکسیزمی باوی عەرەبی ؛ تێزە ستالینی و سۆڤێتی و فۆتۆکۆپیە عەرەبیەکانیان . وەک ووتم ، (جابری) دەیتوانی ئەو لەسەر (لۆکاتش) و تەنانەت لەسەر (غودولیە) پش ڕانەوەستێ ، بەڵام وەک ووتم ، پێدەچێ مەبەستی سەرەکی لەم وەستانە ، بێدارکردنەوە و ڕاوەشاندنی فیکری عەرەبی بێت بۆ دەرچوون لە مژدەبەخشین و دۆعا ڕەسمیەکانی (مارکسیزمی عەرەبی) .

پرسیاری (لۆکاتش) لە (مارکسیزمی ڕەسمی) لەوەدایە ، کە ئایا ئەو هەلومەرجە سۆسیۆلۆژییە چی بوو کە ڕاستی و دروستی ناوەڕۆکە مەعریفیەکەی ماتریالیزمی مێژوویی دەسەلمێنێ ؟ .. واتە پرسیاری (لۆکاتش) لە (هەلومەرجی سۆسیۆلۆژی) لەدایکبوونی ماتریالیزمی مێژوویی ، وە دواجار (لۆکاتش) ئەو ناوەڕۆکە مەعریفیەی ماتریالیزمی مێژوویی ، زۆر بەتوندی بە بونیادی سۆسیۆلۆژی سەرمایەداریی ئەوروپاوە دەبەستێتەوە ، بەم بەستنەوەیەشی ئەو موتڵقیەی لێ دەستێنێتەوە ، کە مارکسیزمی ڕەسمی دەیویست هەموو مێژوو ، هەموو کۆمەڵگا جیاجیاکانی دنیای پێ (بخوێنێتەوە) . لۆکاتش بەناشکرا دەڵێ: ماتریالیزمی مێژوویی ئەو تیۆرەیە (کە کۆمەڵگای بۆرژوازی بەهۆیەوە خۆی دەناسێ) واتە ماتریالیزمی مێژوویی تیۆری کۆمەڵگای بۆرژوازییە ، تیۆری کۆمەڵگای سەرمایەداریە ،

تیۆری قۆناغێکی دیاریکراوی گەشەی سۆسیۆلۆژی کۆمەڵگایە ، بەمجۆرە بەبەستنەوە و گرێدانی ماتریالیزمی مێژوویی بەکۆمەڵگای سەرمایەداریەوە ، (لۆکاتش) باڵی هەموو ئەو پرسیارانە رەهادەکات ، کە دەبانەوێ لە کۆمەڵگای (ناسەرمایەداری) بدوێن . لێرەوە ماتریالیزمی مێژوویی لای (لۆکاتش) قەبارەی ڕاستەقینەی خۆی وەردەگرێت و دەبێتە « تیۆرەی قۆناغی سەرمایەداری » ، ئەگەرچی لەڕاستیدا تەنانەت ئەم دەستنیشانکردنە (لۆکاتش) یانەی « ماتریالیزمی مێژوویش » ، هێشتا شوێنی گومان و پرسیارکردنە. وە فیکری دوای (لۆکاتش) یان فیکری هاوچەرخی (لۆکاتش) ئەوەیان سەلماند کە بەتەنها لەڕێی یاساکانی ماتریالیزمی مێژوویەوە ، مومکین نییە لە میکانیزمی گەشەکردن و مانەوە و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی سەرمایەداری تێبگەین . لێرەدا دەکرێ هێما بۆ فیکری (هربرت مارکۆز) ە و (ئیریک فرۆم) و سەرلەبەری «قوتابخانەی فرانکفۆرت» و ئاو ڕێبازە فیکرییەی دیکەش بکەین کە لە (نیتشە) وە دەستپێدەکات و بە (هایدگەر) دا تێدەپەڕێ و فایلەسوفی « شاستەکانی فەرەنسا » - فۆکۆ ، دێریدا ، دۆلۆز - دروستدەکات ، کە لەڕاستیدا ئەم ڕێبازە لەزۆر ڕووەوە پەیوەندییەکی ئاوتۆیان نەک بە مارکسیەتی ڕەسمیەوە ، بەڵکو بەخودی (مارکس) خۆیەوە نییە . وە دەرەنجامە فیکرییەکانیشیان بۆ تێگەیشتن لە هەقیقەتی ئەم سەردەمە و سەرجەمی سیستەمە شارستانی و کۆمەڵایەتیەکان ، گرنگیەکی تایبەتی هەیە .

(جابری) لەڕێی (لۆکاتش) موە ئەم ڕاستیە مانەجیانە دەسەلمێنێ ، ئەم ڕاستیانە کە لەدوای ئەوانەوە ئیدی (جابری) خوێندنەوەی خۆی دەستپێدەکات :

١- لەو پێکهاتە ئابووری و کۆمەڵایەتیانەدا ، کە ملکیەتی زەوی تێدا بالادەستە ، ئەوا پەیوەندییە سروشتیەکانی لەبابەت پەیوەندی خزم خوایی ، دەمارگیریی خێڵەکیانە ، بەبالادەستی دەمێننەوە ، بەڵام لەپێکهاتێکدا کە سەرمایە بالادەست بێ ، ئەو کات پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان بالادەست دەبێ .

٢- لە کۆمەڵگاکانی پێش سەرمایەداریدا ، ژیانی ئابووری کۆمەڵگا ، خۆی ئامانجی خۆی نەبووە ، وات نەیتوانیوە ببێتە فاکتەری گۆڕین و جوڵەی کۆمەڵگا .

٣- لە کۆمەڵگای ناسەرمایەداریدا ، وشیاریی چینایەتی ناتوانێ ئەشکێکی ئاشکرا وەرگرێت وە ئەوشیارانە کاریگەری بۆ سەر ڕووداوە مێژووییەکانی هەبێت .

٤- هەقوڵەکانی کۆمەڵگای ناسەرمایەداری ، هەقوڵاتی ئابووری نین ، وە ئابووری نەبوونەوەیەکی سەربەخۆ .

٥- لێرەوە ئایدیۆلۆژیا لە کۆمەڵگای ناسەرمایەداریدا ، بەشێک لەسەرخان یان شێوەیەک لە شێوەکانی وشیاری نییە ، بەڵکو ڕەگەزێکە لەناو بونیادێکی گشتیدا ، وە ڕۆڵێکی تایبەت لە گۆڕان و جوڵەی کۆمەڵگادا دەبینێ .

دوای (لۆکاتش) جابری هەمان ئەزموونی لەگەڵ زانای ئەنترۆپۆلۆژی (مۆریس غودولیە) دا دووبارەدەکاتەوە ، وە لەسەر مەسەلەی سەرهەڵدانی دەوڵەت و پێویستی خۆڕزگارکردن لە لێکدانەوەی (ئیکۆلۆژی) و (جوگرافیەکان) ی ئەنجڵس بۆ دەوڵەت لە ئاسیا یان لە ڕۆژهەڵاتدا ، پێ دادەگرێت . هەروەها گرنگی دانی (غودولیە) بە « پەیوەندییەکانی خزم خوایی » لەبابەتی (پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان) ، ڕوویەکی دیاری بەدەماوەپووونی (جابری) بۆ (غودولیە) نیشاندەدات .

ئالبەتە جەختکردنی ئەنترۆپۆلۆژە هاوچەرخەکان لەسەر پەیوونی بونیادە کۆمەڵایەتیەکان و جیاکردنەوەی دینی و سیاسی و ئابووری لەناو ئەو بونیادەدا لەیەکدی و دواجار پێناسکردن و ناساندنی ئەو بونیادە وەک بونیادێکی خزم خوایی ، هەمان ئەو خاڵیە کە جابری بە (لۆکاتش) و (غودولیە) و هەموو فیکری ئەنترۆپۆلۆژی و مارکسیزمی هاوچەرخەوە گرێ دەدات . بەڕای (جابری) مارکسیزمی ڕەسمی لەواقعی عەرەبیدا و ، بەڕای ئێمەش لەواقعی کوردیشا ، ڕۆڵی « کۆسپی ئەبستمۆلۆژی » یان بینیوە ، کە تەنها لەڕێگای ناساندنی دەرەنجامی کاری مارکسیستە ناڕەسمیەکان و ئەنجامی کاری ئەنترۆپۆلۆژییە هاوچەرخەکانەوە دەکرێ لەقۆرسایی هەڵەکانیان و ڕۆڵی کۆسپ بینینیان کەمکەینەوە .

++++

دوای (لۆکاتش) و (غودولیە) ، جابری ئێنجا دێتە سەر بۆچوونەکانی مامۆستای

فالسەفەی لە زانکۆی بۆخارست (یان بانو) ، سەبارەت بە پەیوەندی نێوان (فیکر) و (واقع) لە ڕۆژهەلاتی کۆندا و چۆنیەتی گرێدانەوە و بەیەکدی بەستنەوەی ئەو کەلەپوورە فیکرییەی ئەو شارستانیەتە بەرهەمیهێناوە ، بەو واقعە ئابووری و کۆمەلایەتیەی کە تێیدا هاتۆتەکایەوە.

جابری بەهۆی چەمکی (شێوە بەرهەمهێنانی خارج) یەوە ، کە (یان بانو) وەک یەکەیەکی سەرەکی شیکردنەوەکانی بەکاری دەهێنێت ، بەهەمان ئەو ئەنجامە دەگات کە لە بۆچوونەکانی (لۆکاتش) و (غودولیە) دا بەدەستیهێنابوو . (یان بانو) پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە ناکرێت هەموو دەرکەوتە و مەسەلەیەکی فیکری ، ڕاستەوخۆ بە مەسەلەی چینە کۆمەلایەتیەکانەوە گرێبدرێت . وە جەخت لەسەر ئەوە دەکات ، کە هەر بەیەکەوە گرێدانێکی ڕاستەوخۆ و دیسپلینکراوی نێوان فیکر و واقع ، مەودا ڕۆحیەکان و مەودا کۆمەلایەتیەکان ، وە وابەستەکردنی (فیکر و مەودا ڕۆحیەکان) بۆ شوێن و جێیە کۆمەلایەتیە دیاریکراوەکان ، تووشی هەڵەی کوشندە و گەورەسان دەکات .

(یان بانو) پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ ، کە هەمیشە جۆرێ لەجێگیربوون و بەردەوامی و ناگۆڕان لە فیکردا هەیە ، کە بەگۆڕانی شێوازەکانی بەرهەمهێنان تووشی گۆڕان نایەن و بەشێوەیەک لەشێوەکان جەوهەری خۆیان دەپارێزن. جگە لەمە (یان بانو) پێی وایە ، تەنانەت لەناو یەک کۆمەڵگادا هەندێ بیروبۆچوون هەن ، لەیەک کاتدا ناکۆکیی لەنێوان هەموو چینەکاندا دابەش دەبن و هەموویان هەم وەرگر و هەم بەکارهێنەری ئەو بیروبۆچوون و تێروانینەن .

دوای ئەم سەرەتا تیۆرییانە ، ئێدی (بانو) دێتە سەر قسەکردن لەسەر ئینسانی ڕۆژهەلاتی کۆن و کۆمەڵێ لایەنی گرنگی زمینیەتی ئینسانی ڕۆژهەلاتی ئاشکرادەکات . (بانو) دەڵێت ، لە زمینی ئینسانی ڕۆژهەلاتیدا ، کایەی ئینسان و کایەی یەزدان لەیەکدی دابڕاونین و یەکیەتیەک لەنێوان (ئاسمانی) و (سەرزەمینی) دا لە زمینی ئەو ئادەمیزادەدا هەیە . ئەمەش وادەکات یادشایانی سەر زەوی خۆداوەندی چەوڵەی سەر زەوی بن ، هەر ئەمەش سەرچاوەی ئەو یەکیەتیە پتەوەی لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵگادا ، لە ڕۆژهەلاتی کۆندا ، دروستبووە و ستەمگارێک لە لووتکەی هەرەمی دەسەڵاتدا توانیویەتی گەلە بەهەموو دەوڵەت و هەموو کۆمەڵگا بکات . لەڕاستیدا ئەوە یەکیەتی نییە کە لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵگادا دروستدەبێ ، وەک (بانو) دەڵێ و جابریش بێ ڕەخنە قبوولی دەکات ، ئەوە (یەکگرتن) نیە بەڵکو (داگیرکردنە) ، دەوڵەت لێرەدا کۆمەڵگا داگیردەکات و بەم داگیرکردنەشی یەکەمین شت کە نەفیدەکرێت ، (کۆمەڵگای مەدەنی) یە . دواتریش خودی (دەوڵەت) وەک کۆمەڵێ دەزگا و دامەزراو و تەنانەت میکانیزمی ئیشکردنی سەربەخۆ ، نەفیدەکرێت و (کۆمەڵگای سیاسی) ، واتە ئەو دەستەیەی حوکمدەکەن ، داگیردەکەن . بەباوەڕی ئێمە ، ئەم پرۆسەیە بنەمای هەموو سیستەمێکی دیکتاتۆرە ، کە تێیدا تەک تەنها (کۆمەڵگای مەدەنی) ، مانەییە ، بەڵکو خودی دەوڵەت خۆشی مانەییەکی دیکەیە . بەمانایەکی دیکە ، مەسەلەی سەرەکی لەڕۆژهەلاتدا ، دەکرێ مەسەلەی نەفی کۆمەڵگای سیاسی (دەستەی حاکم ، حوکمی خێڵ و عەشیرەت ، عەسەبیەتی تایبەت - بەزاراوەی ئیبن خلدون) بێت بۆ دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی پێکەوە ، تەک یەکگرتنی دەوڵەت و کۆمەڵگا .

بەهەرحاڵ (بانو) لەپاڵ ئەو یەکیەتیەی لەنێوان (ئاسمانی) و (سەرزەمینی) دایە ، هێشتا پەراوێزێک بۆ جۆرێ لە ململانێی چینایەتی لەنێوان (چینی) ئەرستۆکرات و (چینی) جوتیاراندا دەهێڵێتەوە ، وە دواجار سەرلەبەری حیکمەتی ڕۆژهەلاتی و بیر و فالسەفە جیاوازەکانی ڕۆژهەلات دەداتە پاڵ ئەم ململانێ (چینایەتی) یە دوولایەنە ، وە پاس لەوە دەکات کە لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا پەراوێزێک لە سەربەستی هەیە ، کە دەکرێ لەڕێی ئەو پەراوێزەوە پاس و خواس و ویستی هەردوو لایەنەکە ببیسترێن و بنووسرێن . بۆیە (بانو) دەڵێ لەمجۆرە کۆمەڵگایەدا دەکرێ جۆرە پەیوەندییەک لەنێوان (کۆمەڵایەتی) و (ئایدیۆلۆژی) دا بدۆزرێتەوە . بەم پەراوێزی سەربەستیە ، (بانو) کۆمەڵگای خاراجی لە کۆمەڵگای کۆیلەیی ، یان بە چەمکە مارکسیەکەی ، شێوە بەرهەمهێنانی خاراجی لە شێوە بەرهەمهێنانی کۆیلەیی ، جیادەکاتەوە ، وە بەم جیاکردنەوەیەشی دوو جۆر پەیوەندی جیاواز لەنێوان (کۆمەڵایەتی) و (ئایدیۆلۆژی) دا دەدۆزێتەوە . (بانو) دەڵێ ، لە کۆمەڵگای خاراجیدا ، ئەو پەراوێزە سەربەستیە بۆتە هۆی

ئاوەو. ئاکۆکیە کۆمەلایەتیەکان بتوانن خۆیان وەک ئاکۆکی ئایدیۆلۆژی بناسێنن ، وە لایەک کاتدا دور دیدی جیاواز و دور دنیابینی جیاواز بەرهەم بهێنرێت . بەڵام لە سیستمی کۆیلەییدا ئەم مەسەلەیە پێچەوانە بووە ، وئە ئاکۆکیە کۆمەلایەتیەکان نەیان توانیوە ببنە ئاکۆکی ئایدیۆلۆژی . کۆمەڵگای کۆیلەیی بۆ دوو چینی «هاوولاتیان» و « کۆیلە » دابەشبووە ، دوو چین کە بوونی یەکەمیان لەسەر نەفی دووەمیان دروستبووە . لێرەوە هەموو « سەربەستیەکان » بۆ هاوولاتیەکان و « هەموو کۆیلەبوون و بێ مافیش بۆ کۆیلەکان بووە . لەمجۆرە کۆمەڵگایەدا ، ئاو پەراوێزی سەربەستیەی لەسەرەوە نیشاندەر پێکرد ، بوونی نەبووە ، بەم نەبوونیەش هەرگیز چینەکانی ژێرەوە هەودای نارەزایی دەربڕین و ڕازیبوونیان نەبووە ، وە دواجار نەیان توانیوە دیدێکی جیاواز لە دیدی « هاوولاتیان » و لەدژی ئاوان ، بۆ دنیا و سەرجەمی شتەکان ، پێشکەشکەن . بۆیە لەگەڵ سەختی و ئالێنسانیبوونی ئاو ئاکۆکیە کۆمەلایەتیانەدا ، چینەکانی ژێرەوە نەیان توانیوە « ئایدیۆلۆژیایەک » بەرهەمبهێنن ، بەمجۆرە (کۆمەلایەتی) نەیتوانیوە ببێتە ئایدیۆلۆژی .

(بانو) لەباسکردنی کۆمەڵگای (ئاشیا) دا ئیشارە باوە دەدات ، کە هەموو فەیلەسوفەکانی کۆمەڵگای (ئاشیایی) سەر بەچینی « هاوولاتیان » بوون ، کە ئەمەش وایکردووە ئاو ملمانێ ئایدیۆلۆژییەی نێوانیان ، لەئاستی فەلسەفیدا ، ملمانێیەک بێت لە سنووری بۆچوون و چاوەڕوانیەکانی ئەم چینە تێنەپەڕێت و ، ملمانێ فەلسەفیەکانی نێوان فەیلەسوفەکانیش لە جاوەڕدا ملمانێی نێوان ئاست و مەرتەبە جیاجیاکانی ئاو هەمان چینی هاوولاتیان بێت ، نەک ملمانێی فەلسەفی نێوان (هاوولاتیان) و (کۆیلەکان) .. لێرەوە ئاکۆکی نێوان (ماتریالیزم) و (ئایدیالیزم) لەفیکری یۆنانی کۆندا ڕەنگدانەوەی ملمانێی کۆیلایەتی نێوان هاوولاتیان و کۆیلەکان نییە ، بەڵکو ملمانێی نێوان دوو دەستەی جیاوازی نێو هەمان چینی هاوولاتیانە . بەهەمان شێوە ، ملمانێی نێوان دیموکراسیخوازەکان و ئەرستۆکراتەکان ، یان ملمانێی نێوان (شمشێر بەدەستان و قەڵەم بەدەستان) ی ڕۆما ، ملمانێیەکە لەئاو مەرتەبە جیاوازەکانی هەمان چیندا ڕووەدات . لێرەوە (بانو) دەڕەنجامێکی هێژکار گرنگ وەدەستدێنێ و دەڵێ ، ئاکار ئاکۆکیە کۆمەلایەتیەکان بڕیتین لەئاکۆکی ساغتی نێوان هاوولاتیان و کۆیلەکان، ئاوا ئاکۆکیە ئایدیۆلۆژیەکان بڕیتین لە ئاکۆکی نێوان ئاستە جیاجیاکانی نێوان هاوولاتیان خۆیان ، نەک ئاکۆکی نێوان ئاوان و کۆیلەکان . بەمانایەکی دیکە دەکرێ بڵێین ، ئاکۆکی کۆمەلایەتی نێوان هاوولاتیان و کۆیلەکان ، نەیتوانیوە بەرزبێتەوە بۆ ئاستی ئاکۆکیەکی ئایدیۆلۆژی و ئاو شەڕ و پێکدادانە کۆمەلایەتیە نابۆتە مایەی دروستبوونی شەڕ و پێکدادانێکی ئایدیۆلۆژی ، بەتایبەت لەلایەن کۆیلەکانەوە . لێرەدا کۆیلەکان دەستە ، یان ڕاستتر بڵێین چینێک بوون بێ ئایدیۆلۆژیا ، بێ فەلسەفە ، وە هەموو یاداوەرییەکی میژوویمان بۆ ئاوان ، جگە لە پراکتیکی خوێنینیان لەنێو میژوودا شتێکی دیکە نییە . (بانو) لەدرێژەی ئەم باسەدا دەڵێت ، ئاکۆکی و شەڕە فەلسەفیەکانی کۆمەڵگای ئاشینی و ڕۆما ، لەبەر ئاو هۆیەی سەرەوە کە باسمانکرد ، نایتوانیوە بچێتە ئاو قۆناغێی ئاکۆکیە کۆمەلایەتیەکان و پێکهات ڕاستەقینەکەیانەوە ، هەر بۆیە لە فیکری فەلسەفی ئاشینی و ڕۆمادا ، مەسەلەی چاوساندنەوەی ئینسان بۆ ئینسان بەقوڵی و بەوردی تەمای لەسەر نەکراوە و بەئاوایی فەرامۆشکراوە .

ئەگەر ئەمای سەرەوە بارودۆخی فەلسەفی کۆمەڵگای کۆیلەیی بێت ، ئاوا (بانو) بەشێوەیەکی جیاواز لە کۆمەڵگا خەڵجیەکان دەدوێت ، لەم کۆمەڵگایەدا زۆربەی خەڵک (جوتیاران و سەر بەچینی خوارەوەن ، کۆیلە نەبوونیان ئاو پەراوێزە سەربەستەی داونەتێ کە داوەری زۆربەی هەڵوێستە کۆمەلایەتیەکان بکەن ، هەر ئەمەش وایکردووە چینەکانی خوارەوە بتوانن ئاکۆکیە کۆمەلایەتیەکان بکەنە ئاکۆکی ئایدیۆلۆژی ، وە فیکری دژ ، تێپوانینی دژ و دەقی دژ بەرهەمبهێنن . لێرەدا ئاکۆکیە ئایدیۆلۆژییەکان ئاکۆکی نێوان یەک « چین » نین ، بەڵکو ئاکۆکی ئایدیۆلۆژی نێوان دوو چینی جیاوازن . بەمجۆرە جۆرە هاوئاهەنگی و گونجانێک لەنێوان ئاکۆکیە کۆمەلایەتی و ئاکۆکیە ئایدیۆلۆژییەکاندا دروستدەبێ ، وە ئایدیۆلۆژی لە زۆر ڕووەوە دەبێتە ڕەنگدانەوەی کۆمەلایەتی ، ئاو چینەی لەڕووی کۆمەلایەتیەوە ئاکۆکە ، هەمان چینە کە لەڕووی

ئایدیۆلۆژیشەوە ، ئایدیۆلۆژیای ناکۆکی خۆی بەرهەم دەهێنێت .

بەڵام لەگەڵ ئەم ڕاستیانەشدا ، (بانو) هێما بۆ ئەوە دەکات کە ناوەرۆکی دژایەتی و ناکۆکیە ئایدیۆلۆژییەکان ، لە دەقە ڕۆژهەڵاتیە کۆنەکاندا ، بۆ ئاستی ڕەخنەگرتن لەکۆی سیستم و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان بەرزبۆتەوە . بەمانایەکی دیکە ، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی چینەکانی ژێرمووە ، لە کۆمەڵگای ئەراجیدا ، ناتوانێ بۆ ئاستی ڕەخنەگرتن لە چەوەری کۆمەڵگاکە و لە دابەشبوونی چینایەتی کۆمەڵگاوە ، لەکۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی ، بەرزبێتەوە . کۆی ئەو پەیوەندییانەی ئەو کۆمەڵگایەی بەشێوەیەکی ئاقۆیی بۆ دوو چینی دژ بەیەک ، چەوساوە و چەوسێنەر ، دابەشکردووە . ڕەخنەی چینەکانی ژێرمووە ، ڕەخنە نەبووە لەچەوەری ئەو دابەشبوونە ، بەڵکو ڕەخنەبووە لەشێوازی ڕەوشت و هەڵسوکەوتی ئەوانەی لە لووتکەی کۆمەڵگا و هەرمی دەسەڵاتدان ، ڕەخنەبووە لە جێبەجێنەکردنی ڕاستەقینەی ئەو ئەرکانەی لەسەریانە . بەمانایەکی دی ، ئەو ڕەخنەیە ڕەخنەبووە لە فۆرمی پەیوەندییەکان ، لە جێبەجێنەکردنی ئەرکەکان ، نەک ڕەخنە لە ماهیەتی پەیوەندییەکان خۆیان . لێرمووە ڕەخنە لە چاوساندنەوە لەوەدا نەبووە کە چەوەری چاوساندنەوە قبوڵنەکراوبێت ، بەڵکو ڕەخنە لەوە بووە کە ئایێ چاوساندنەوە بگاتە چڵپۆپە ، چاوساندنەوە ، بەڵێ ، بەڵام گەیاندنی بە لووتکە : ئەء .. بەمجۆرە دوا داواکاری کۆمەڵگای ئەراجی خۆی لە دروشمی (دادپەروەری ـ العدل) دا دۆزیوەتەوە ، دادپەروەری بەمانای باشتر و چاکترکردنی بارودۆخی ژیان ، لەگەڵ هێشتنەوەی هەمان سیستمی کۆمەڵایەتیدا . هەر ئەمەشە ساردچاوەی دروشمی (ستەمگەری دادپەروەر ـ المستبد العادل) لەفیکری سیاسیی عەرەبیدا ، کە (جەمال عبدالناصر) باشترین نموونەی ئایدیالی ئەو تێزەیە .

وەک لەسەرەتاوە ئاماژەمان بۆ کرد ، لەکۆمەڵگای ئەراجیدا یەکێتیەک هەیە لە نێوان (ئاسمان) و (سەرزەمینی) دا . لێرمووە لەڕۆژهەڵاتی کۆندا هەموو نارەزایی و ڕەخنەیەک لە (سەرزەمینی) ـ لە دەوڵەتی ئیمپراتۆر ـ بەشێوەیەک لەشێوەکان بۆتە نارەزایی لە (ئاسمان)، لە خواوەند خۆی . (بانو) ئەم لێکدی گرێدانەی ڕەخنە لە دەوڵەت و ڕەخنە لە خواوەندی لە دەقە بابلیە کۆنەکاندا دۆزیوەتەوە . حاکمە ڕۆژهەڵاتیە کۆنەکان ، سەرەڕای ئەوەی هەموو دەسەڵاتێکیان بەدەستەوە بووە ، لەهەمان کاتدا تاقە خاوەنی هەموو مولکێکیش بوون ، خاوەنی زەوی و زار و ئاوەکان .. ئەم خاوەندارێتییە گشتیەی (دەسەڵات و مولک) وای لێکردون لەزەینی ئینسانە ڕۆژهەڵاتیەکاندا بەخواوەند بەراوردبکرێن ، خودایان لە دەسەڵاتداران و دەسەڵات لە خودادا ببینیوە . وە ئەم کۆکردنەوەی هەموو دەسەڵاتە لەیەک کاتدا ، ئەو فاکتەرە بووە ، کە ئەو مەودا گەردونی و خوداییانەیەی پێ بەخشیون و ئیمپراتۆرەکانی لە زەینی خەڵکدا کردوێتە شارێکی خوداوەند . لێرمووە هەموو قسەکردنێک دژی ئیمپراتۆر ، ڕاستەوخۆ قسەکردن بووە دژی خودا ، وە ئەفی ئیمپراتۆر لەهەمان کاتدا ئەفی خوداوەندیش بووە . بەسیاسیکردنی خودا ، بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی نارەزایی سیاسی بۆ ئاستی ئەفیکردنی خودا خۆی . لێرمووە (بانو) جیاوازیەک دەستنیشان دەکات کە لەنێوان کافربوون و بێ باوەڕی لای یۆنانیەکانی پێش قۆناغی کلاسیکی (واتە لە طالیس ەوە بۆ ئیناندوقلیس) و لەنێوان کافربوون و بێ باوەڕی ڕۆژهەڵاتیە کۆنەکاندا هەیە .

(بانو) دەڵێ ، لەکاتێکدا کافربوون و بێ باوەڕی لای یۆنانیەکان ، بریتی بووە لە سەندنەوەی سیفەتە زاتیەکان لە خوداوەند ، (سیفەتەکانی بیستن ، بینین ، عەقڵ ... هتد) ، کە ئەمە خۆی لەخۆیدا هیچ دەرهاویشتەیەکی کۆمەڵایەتی ڕاستەوخۆی نەداوە بەدەستەوە ، وەکاریگەرییەکی ئاوتۆی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی نەبووە ، دەبینین کافربوون و بێ باوەڕی لەدەقە ڕۆژهەڵاتیە کۆنەکاندا ، ڕاستەوخۆ بۆتە تاوانبارکردنی خوداوەند بە بێ دەسەڵاتی و دوژمنایەتیکردنی گەل .. کە ئەمەش دەرهاویشتەی ڕاستەوخۆی لەژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا هەبووە . بەم خوێندنەوەیەی (بانو) بۆ ڕۆژهەڵاتی کۆن و لەوێنی ئەم خوێندنەوەیەوە ، (جابری) هەموو ئەو (خوێندنەوە ماتریالیە ڕەسمیانە) ڕەتدەکاتەوە کە ڕاستەوخۆ ڕۆژهەڵات و مێژووی ڕۆژهەڵاتیان لەئاو قۆناغێک لە قۆناغەکانی گەشەکردنی ئاوڕوپیدا بەندکردوە . بەمەش هەنگاوێکی مەنهەجی گەورە بەرەو جێبەجێکردنی پڕۆژەمەی دەنێ .

++++

(میشێل فۆکۆ) وەک هەمیشە ، وێستگەیەکی دیکەیە ، کە جابری لەبەردەمیدا ڕادەوستێ و ڕووبەکی دیکەی خوێندنەوەکانی خۆی و ئەرزیابە مانهەجیەکایمان لەڕێوە نیشاندەدات . ئەمە یەکەمین جارنییە (جابری) بە چەمک و زاراوە ئەرزیابە مانهەجیەکەی (میشێل فۆکۆ) کاردەکات ، (جابری) پێرۆژەی دوو کتێبی یەکەمی ، مابەستمان دوو کتێبی (بونیادی عەقڵی عەرەبی) و (پێکهاتی عەقڵی عەرەبی) یە ، ڕاستەوخۆ لەسەر چەمکی (ئەبستیمیەت) یان (سیستمی) مەعریفی) یان (سیستمی سیستمە ئەبستمۆلۆژیەکان) ی (فۆکۆ) بنیاددەنێ . ئەگەرچی بەکارهێنانی تایبەتی (جابری) بۆ ئەم چەمکە ، ڕووبەڕووی کۆمەڵێ ڕەخنەی سەختی کردووە ، کە هارە دیارترینیان ڕەخنەکانی (جورج طرابیشی) و (هاشم صالح) ە ، بەتایبەتی (هاشم صالح) کە ڕاستەوخۆ (جابری) بەوە تاوانباردەکات ، کە لەچەمکی (ئەبستیمیەت) ی (فۆکۆ) نەگەیشتووە و بەکارهێنانی ئەو بۆ ئەم چەمکە بەتاوای هەڵەیە . بەهەرحاڵ ئەم پێرۆسەی تاوانبارکردن و یەکدی بەهیچ نازانینە (بەشێکە لە گرفتی چەندان ساڵەی ئەنتلیجینسای عەرەبی و بەردەوامی هیستریایەکی ڕۆشنبیریە کە تا ئێستاش واقعی فیکری و فەرهەنگی عەرەبی لێی دەربازنەبووە .

ئەوەی جابری لەم کتێبەیدا لە (فۆکۆ) ی وەردەگرێت ، ماسەلەی چۆنیەتی تەماشاکردن و بیرکردنەوەی خەڵکانە لە پادشاکان ، بەتایبەتی ئەو تەماشاکردنەی پادشاکان وەک (شوان) و خەڵکیش وەک (ڕانەمەر) یان (ڕەعیەت) تەماشادەکات . (فۆکۆ) پێی وایە ئەو بۆچوونەی پادشا بە (شوان) و خەڵک بە (ڕان) یان (ڕەعیەت) دادەنێ ، لە فیکری یۆنانی و ڕۆمانیدا ، بۆچوونی بەئەدەست نەبووە ، ئەگەرچی بۆنی ئەم شێوە بۆچوونە لەهەندێ لە نووسینەکانی (هومیرۆس) هەڵدەستێت .

(فۆکۆ) سەرچاوە و ڕەچەڵەکی ئەم شێوە تێڕوانینە بۆ شارستانیەت ڕۆژهەڵاتیە کۆنەکان دەگەڕێنێتەوە ، بەتایبەت لەناوچەکانی (میسر و ئاشوور و فەلەستین) دا . بۆ نموونە ، فیرعەون بە شوان دادەنرا و ، لەکاتی بوون بەپادشایدا ، لە ئاهەنگێکی تایبەتدا ، گۆچانی شوانێکی پێ دەدرا ، هەروەها پادشاکانی (بابل) نازناوی (شوانی خەڵک)* ی لێنراوبوو . نازناوی (شوان) تەنها نازناوی پادشاکان نەبووە ، بەڵکو نازناوی خوداوەندەکانیش بووە . (فۆکۆ) دەڵێ ، کۆکردنەوەی پادشا و خواوەند بەیەکەوە ، لەژێر نازناوی (شوان) دا ، لەوەوە هاتووە کە هەردووکیان یەک ڕۆڵ دەبینن و هەردووکیان یەک (ڕان) و یەک ڕەعیەت دەڵەوەڕێنن .

بەباوەڕی (فۆکۆ) ، عبرانیەکان یەکەمین دەستەبوون کە بەکارهێنانی چەمکی (شوان و ڕەعیەت) یان فراوانتر و گشتیترکرد . لەم ڕووەوە ئەوان جۆرەکانی (شوان) یان لەیەکدی جیاکردۆتەوە و باس لە (شوانی خراپ) یش دەکەن. شوانی خراپ ئەو شوانەیە کە گوێ بە ڕانەکەی نادات و چاودێریان ناکات ، نایان باتە سەر پاوەندی باش و لەوەڕگا و ئاوی لەبار و سازگاریان بۆ نادۆزێتەوە . (فۆکۆ) لەژێوان دەسەلاتی شوانکارەیی - السلطة الرعویة - ڕۆژهەلاتی و لەژێوان فیکری سیاسی یۆنانداو ، کۆمەڵێ جیاوازی دەدۆزێتەوە ، کە هەرە دیارترینیان ئەمانەن :

ا- لە فیکری ڕۆژهەلاتی کۆندا شوان دەسەلاتی خۆی بەسەر ڕانەکەیدا دەسەپێنێ نەک بەسەر سەرزەمین یان ئەو زەویەدا کە ڕانەکەی تێدا دەژی ، بەڵام لە فیکری یۆنانیدا دەسەلات بەسەر زەویدایە نەک بەسەر خەڵکدا . خوداکانی یۆنان خاوەنی زەوین ، ئەم خاوەندارێتیەشە دەستێشانی پەیوەندی نێوان خەڵک و خوداکانیان دەکات . بەمانایەکی دیکە ، (زەوی) پەیوەندی نێوان خەڵک و خودا دیاریدەکات و (زەوی) ئەو ناوەندەیە کە دەکەوێتە نێوان (خودا) و (خەڵک) موە ، وەتەنها لەبەرئەی زەویەوەیە خوداوەندەکان دەتوانن دەست لە کاروباری ئینسانەکان بدەن . بەڵام لە فیکری

★ کاک (ئەوشیروان مستەفا) لەو سیمنارە سێ ڕۆژەیەدا ، کە لە فێستیڤاڵی سالانەی (پایەمانگەی هونەریی سلێمانی) دا گێرا و ، نووسەری ئەم ووتارەش هەڵقەی سیمنارەکانی بەڕێوەدەبرد ، باسی ئەوەی کرد کە زۆر لایەنی بەرەی کوردستانی و پیاوانی سیاسیی کورد ، پێشیاری ئەوەیان کردبوو کە (سەروک) بۆ کورد هەڵبژێرن ، وە ئەوەی گێڕایەوە کە ووتراوە ، دەبێ کورد (شوان) یکی هەبێ !!!

ڕۆژهەلاتی کوردا هیچ ناوەندێك ، هیچ شتێك ناكەوێتە نێوان خودا و ئینسانەوە و پەیوەندی خودا و خەلك پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆیە ، لێرەوە ئەگەر خوداكانی یۆنان ، لەڕێگای ملكایەتی زەوییەوە گەمیان بەچارەنووسی ئینسانەكان كردبێت ، ئەوا لە فیكری ڕۆژهەلاتی كوردا ، خوداكان ڕاستەوخۆ خاوەنی ئینسانەكان بوون . زەوی شتێك بووە ، دواجار خودا خۆی بریاری داوە بیداتە خەلك یان نەیدات .!

٢- ئەركی شوان ، لەفیكری ڕۆژهەلاتی كوردا ، ئەوەیە چاودێری ڕانەكەی بكات و نەهێڵێت پەرت ببن و لەیەكدی دابڕێن . بێگومان ئەركی سەركردەی سیاسیش لای یۆنانیەكان هەمان شت بوو ، بەڵام جیاوازی نێوان فیكری ڕۆژهەلاتی كۆن و فیكری یۆنانی لەم مەسەلەیەشدا ، جیاوازییەكی ئاشكرا و بەرچاوە . ئەوەی شوانە ڕۆژهەلاتیەكە كۆیان دەكاتەوە و چاودێریان دەكات ، كۆمەڵێ تاكەكەسی پارچەپارچە و پەراگەندەبووە ، كە بە فیكە كۆیان دەكاتەوە ، بەڵام كە خۆشی لەوێ نەما و بزربوو ، ئیدی ڕانەكەی جارێكی دیكە هەر یەكە بەلایەكدا پەرش وبڵاودەبێتەوە . بەمانایەكی دیكە ، مەسەلەی یەككرتن و پێكەوەبوونی ڕانەكە ، وابەستەی ئامادەگی ڕاستەوخۆ و بەردەوامی شوانەكە خۆیەتی .

بەباوەڕی (فۆكۆ) ئەم مەسەلەیە لای یۆنانیەكان بەمجۆرە نییە ، كاتێ (سۆلۆن) ی حەكیم شاعیر و ئاژاوەكانی نێوان خەلكی (ئەثینا) دەكۆژێنێتەوە و ڕێكیان دەخاتەوە ، ئیدی بەجێیان دەهێڵێ ، بەڵام دوای جێهێشتنەكەی (ئەثینا) جارێكی دی تێك ناچێتەوە ، (سۆلۆن) لەدوای خۆی (شار) (دەوڵەت) یەكی بەهێز جێدەهێڵێت كە یاساكانی ئەو دەوڵەتە دەتوانن ماناوە و بەردەوامیەكەی بپارێزن .

٣- شوان لە فیكری ڕۆژهەلاتی كۆندا ، بزگاربوونی ڕانەكەی مسۆگەردەكات ، یۆنانیەكانیش باس لەهەمان مەسەلە دەكەن و ، سەرۆك بەرهەمەكانیان بەكاپتنی ئەو كەشتیانە دەچوێنن ، كە نایەڵن كەشتیەكانیان تووشی كارەساتی دەریایی ببن . بەڵام بە باوەڕی (فۆكۆ) جیاوازی نێوان ئەم دوو جۆرە بۆچوونە و ئەم دوو شێوە بزگاركردنە لەوەدایە ، كە شوانكارەیی سەركردایەتیكردنی كەشتیەكە و پاراستنی نییە وەك (گشتێك) ، گشتێتی كەشتیەكە هەموویی و بەسەر یەكەوە ، بەڵكو شوانكارەیی ماناى پاراستن و چاودێریكردنی بەردەوامی تاك تاك و یەكە یەكەی ڕانەكەیە ، هەرێك بەتەنیا و هەرێك بەشێوەیەكی تایبەت . بەمانایەكی دیكە ، شوانكارەیی چاودێریكردنێكی بەردەوامی تاكەكانە ، بەبێ بەرزبوونەوە بۆ ئاستی چاودێریكردنی (كۆ) بۆ ئاستی بەگشتیكردنی تاكەكان .

بەڵام لە فیكری یۆنانیدا ، ئەوەی لە خوداوەند و سەركردە داوادەكرێت ، تەنها دۆزینەوەی زەوی بەپیت و بەكەڵك بۆ خەڵكەكە ، نەك بەڵێندانی ڕۆژانە بە ڕانەكە و تاكەكانی ڕانەكە . بەمانایەكی دیكە ، خوداوەندی بۆ یەكجار ڕانەكەی بە كۆ و بەسەرێكەوە وەك گشتێك لە شوێنێكی بەپیت و بارەكەتدا دادەنێ ، ئیدی ئەوە بەرپرسیارەتی ڕانەكە خۆیەتی لە چۆنیەتی گوزەران و نەخشاندنی هێڵ گشتیەكانی ژیانیاندا . لێرەوە چاودێری و ئاگاداری تاكانە بەتەواوی وونە .

٤- یەكێكی دی لەو جیاوازیانەی (فۆكۆ) دەسنیشانیان دەكات ، پەیوەندی بە پراكتیكی دەسەلاّت و مۆتیڤەكانی دەسەلاّتەوە هەیە . بۆ نموونە ، سەرۆكی شارە ئیغریقیە كۆنەكان ، كە بریارێكی دەردەكرد ، دەبوایە ئەو بریارە لەقازانجی هەموو خەڵكدا بوایە ، نەك سەرەڕای ئەوەی كە بریاردان خۆی (ئەرك) ی ئەو سەرۆكایە و ، دواجار بەرپرسیار و ناچارە لە دەركردنی ئەو بریارانەدا . بەمانایەكی دیكە ، ئەوە (ئەرك) ی سەرۆكە بریاری لەو بابەتە دەربكات ، وە بوونی وەك سەركردە لەشوێن و جێی دەسەلاّتدا ئەو ئەركەی بەسەردا دەسەپێنێ . بەپێی چۆنیەتی جێبەجێكردن و ڕاپەڕاندنی ئەو ئەركەشە كە دەشێ چەپڵە یان نەفرەتی گەلێ بەركەوێت .

بەڵام (شوان) لە مەسەلەی چاودێریكردن و خزمەتكردنی ڕانەكەیدا ، لە بیرۆكەی (ئەرك - الواجب) هوە دەست پێناكات ، واتە ئەو ئەرك نییە كە شوان بەرەو چاودێریكردن و خزمەتكردنی ڕانەكەی دەبات . بەباوەڕی (فۆكۆ) لە بەرامبەر چەمك یان بیرۆكەی (ئەرك) ی یۆنانیدا ، چەمكی (دڵسۆزی - الاخلاص) لە ڕۆژهەلاتی كۆندا لەئارادابووە . شوان دڵسۆزی ڕانەكەیەتی ، وە هەر ئەو دڵسۆزیەشە وای لێدەكات لەهەمی ڕانەكەیدابێت . بەباوەڕی (فۆكۆ) لەپاڵ چەمكی

دلسۆزیدا ، چەمکێکی دیکە هەبووە ، کە ماسکەی دلسۆزیبوونەکەی تووندتر و بەرجەستەترکردووە ، ئەو چەمکەش ناو دەنێ چەمکی (شەونخونی) ، ئەم چەمکەش دوو وێنەی تایبەتی دلسۆزبوونی شوان نیشاندەدات : یەکەمیان بریتیە لە خەریکبوون و گەرانی شوانەکە بەدوای خۆراکدا و پەیداکردنی لەوەرگا بۆیان ، لەکاتێکدا ڕانەکە نووستوون ، دووەمیش ، کێشانی شەونخونیە بەدیاریانەوە ، بەو چاوەی کە هەرگیز نانوێت ، ئاگاداربوونە لە گەورە و بچووک و یەکایەکەی ڕانەکە .

(فۆکۆ) پێی وایە ، مەرجی جێبەجێکردنی ئەم دلسۆزی و شەونخونیانە لەلایەن شوانەوە ، لەوەدایە کە دەبێ زانیاری تەواوی دەربارەی هەموو شتێکی یەکەبەیەکەی تاکەکانی ناو ڕانەکەی هەبێ و لە ڕەوشت و هەلسوکەوت و ئاکاری یەک بەیەکی ڕانەکە شارەزابێت . دەشێ ئەم بۆچوونە بنەمایەکی تیۆری پتەوبێت بۆ شیکردنەوەی ماسکەی سەرکردە و دەوڵەت و مافەکانی تاکەکەس لە کۆمەڵگای ئێمەدا ، هەروەها بنەمایەکی تیۆری پتەویش بێت بۆ خوێندنەوەی سیستەمی کۆنترۆلکردن و ئاست نەدیتراو و مافهومیکانی لەناو زەین و عەقڵیەتی دەسەڵاتداران و خەڵکی وڵاتی ئێمەدا .

(فۆکۆ) پێی وایە ، لەڕۆژگاری هاوچەرخ و سەدەکانی ناوەڕاستیشا ، تێڕوانینی شوانکارەیی بۆ دەسەڵات ، بەتەواوی لە ڕێگای ئایینی مەسیحیەتەوە بڵاوبۆتەوە و شێوە تێڕوانینی یۆنانیانەی دەسەڵاتیش پاشەکشەیکردووە و پووکاتەوە . لێرەوە (فۆکۆ) پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت ، کە دەسەڵات لە کۆمەڵگای ئەورووپیدا لەسەر تەکنیکێکی سەیر دروستبووە و دروستدەبێ ، تەکنیکێ کە لەسەر بنەمای مامەڵەکردنی زۆربەی هەرە زۆری خەڵک وەک (ڕانێک) دروستبووە ، کە کۆمەڵێ یان دەستێک لە (شوان) سەرکردایەتیان دەکەن و لێیان دەخوڕن . بەمجۆرە ، بەباوەڕی (فۆکۆ) ، شێوازی دەسەڵات لە ڕۆژگاری ئەمڕۆکەدا ، شێوازی دەسەڵاتی یۆنانیانە نییە و ئەوەی بالادەستە شێوازی دەسەڵاتی شوانکارەیی ڕۆژهەڵاتیە . لێرەوە (مەعقولیەتی سیاسی) ی هاوچەرخ ، جیاوازە لە (مەعقولیەتی سیاسی) ی یۆنان . وە ئەم جیاوازییەش بیرۆکەی (لۆژیکی دەوڵەت) ، لە ڕۆژگاری هاوچەرخدا ، بە لەدایکبووی بیرۆکەی دەسەڵاتی شوانکارەیی دەزانێت .. و دواجار لۆژیکی دەوڵەتی هاوچەرخ و لۆژیکی دەسەڵاتی شوانکارەیی دەباتەوە سەر یەک بونیاد . بەباوەڕی (فۆکۆ) بیرۆکەی «لۆژیکی دەوڵەت» ئەم دوو دەرهاویشتەیەی لێدەکەوێتەوە : ١) بەتاککردنی ئینسانەکان - التفرید - ، ٢) تۆتالیتاریزمکردن - التجمیع - . واتە لەیەک کاتدا ، پالنان بە ئینسانەوە تا دوا ئاست و پلەکانی تاکیەتی و لەهەمان کاتیشدا کۆکردنەوەیان لەناو بونیادێکی تۆتالیتاریزیدا و کۆنترۆلکردنیان لە بەرزترین پلەدا . لێرەوە ڕێگای ڕزگاری و ئازادی بەلای (فۆکۆ) وە ، هێرشبردنە سەر ئەم ئەنجام یان ئەو ئەنجام ، ئەم مەیل یان ئەو مەیلی دیکەی دەسەڵات نییە ، بەڵکو ماسکەی ئازادی پابەندی هێرشبردنێکی سەخت و بەردەوام و هەمەلایەنەیە بۆ سەر خودی «ڕەگەکانی مەعقولیەتی سیاسی» خۆی ، بەمانای ڕەخنە لەو بنەما و بونیادانەی کە دەوڵەت پراکتیکی سیاسی لەسەریانەوە بەرهەمدەهێنێت . ئەگەرچی دواجار ڕەخنەی (فۆکۆ) لەئاستی ڕەخنەگرتن لە دەوڵەت و بونیادەکانی دەوڵەتدا نەمایەوە و ، بەڕەو ئاستی ڕەخنە لەهەموو پێکهاتەی سۆسیۆلۆژی و مەعریفی ڕۆژئاوا گواستەوە ، کە ئەمەش تیۆرەی (دەسەڵات) ی لای (فۆکۆ) بە فەزایەکی مەعریفی - فیکری نوێ دەگەیاند .

بەهەرحاڵ تا ئێرە پوختەی بیری (فۆکۆ) بوو سەبارەت بە ڕەگەکانی مەعقولیەتی سیاسیی ئەورووپی و چۆنیەتی بەرقەراربوونی ئەو مەعقولیەتە لەڕێی ئایینی مەسیحیەوە . (جابری) لەهەموو ئەم شتانەوە کە باسکران ، ئەم دەرهاویشتانە گرنگە وەدەستدێنێت :

ئەگەر (فۆکۆ) لەم بیرۆسە ئارکیۆلۆژیەدا ، بەو باوەڕە گەیشتبێ کە سیستەمە دیموکراسیە هاوچەرخەکانی ڕۆژئاوا ، لەپشتی دەرکەوتە بریقەدارەکانیانەوە ، (تەکنیکی سیاسی) ی پراکتیککردنی دەسەڵاتیان شاردبێتەوە ، تەکنیکێ کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵک بکاتە (ڕانەمەڕ) و بیاندانە دەست کۆمەڵێ (شوان) ی دیاریکراو ، ئەوا لە نیشتمانی عەرەبدا و لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتیدا پێویست بە هەڵکۆڵینی ئارکیۆلۆژیانە ناکات ، بۆ ناسینی ئەو تەکنیکە ناسراوە ئاشکرایەی دەسەڵات بۆ بالادەستی و سەرمەدیبوونی خۆی وەگەڕیدەخات . تەکنیکی

بوونی یەك تاقە شوان بۆ لێخوڕینی ڕەمیەتێکی تەواو . (جابری) ئەم مەسەلەیە قوڵتردەکاتەوە و ڕاستەوخۆ دەیبەستێتەوە بەو ژێرخانە دینیەوە کە زەمینی ئیسانی ڕۆژهەلاتی دیاریدەکات و دەڵێ : مەسەلەی بوونی زیاد لە شوانێك ، یان چەند شوانێك ، بۆ ڕانەمەڕێك ، لە زەمینی ئیسانی ڕۆژهەلاتیدا ، وەك بوونی زیاد لە خودایەك وایە. چونکە شوان و خودا لەناو ئەو زەمینەدا یەك ڕۆڵ دەبینن و یەك پڕۆسەی تەجریدکردنیش دروستیکردوون . بەمجۆرە چۆن (شەریك) پەیداکردن بۆ خودا ، لە مەیدانی ئایینیدا کوفر و کارێکی نەکردەیە ، بەهەمان شێوە پەیداکردنی (شەریك) بۆ دەسەلاتداران و داببەشکردنی دەسەلات ، لە زەمینی ئەواندا لەپلەی کوفردایە . هەر ئەم مەسەلەیەشە ، بەباوەڕی جابری ، تائێستاش لەپاڵ دەیان دروشمی لەبابەتی بەشداریکردن لە دەسەلاتدا ، فرەمیزبی ، فرەدەنگی ، ڕەفزە و ڕەفزە لەخۆگرتن ... هتد ، هێشتا مەسەلەی بەشداربوون لە حوکمکردندا وەك دۆزینەوەی شەریك بۆ خودا تەماشادەکات . وە هەموو ئەو دروشمانە نەیانتوانیوە شتێکی ئەوتۆ لە واقعی سیاسیی عەرەبی بگۆڕن . چونکە فرەمیزبی و فرەلایەنی ، ئەگەر لەسەر بنەمای داببەشکردنی دەسەلات ، واتە شەریك بۆ دروستکردن ، دروست نەبێ .. ئەوکات هیچ مانا و بایەخێکی نامێنێ . لێرەوە تاقە چارەسەرێکی ڕاستەقینەی مەسەلەی دەسەلات ، تێکدانی ئەو بونیادە یەکانەییەیە و ، پەیداکردنی زیاد لە شەریکێك لە دەسەلاتدا ، کە ئەم مەسەلەیە دەشێ لە دروشمی «دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا»دا بەرجەستەببێ .

++++

تائێرە (جابری) هەموو ئەو چەمکانەی لە فیکری ئەوروپی هاوچەرخەوە وەریگرتوون ، دەناسێنێ و کۆتاییان پێدێنێت ، ئینجا دێتە سەر کۆمەڵێ چەمکی گرنگ ، کە ڕاستەوخۆ لە کەلەپووری فیکری ئیسلامی و عەرەبیەوە وەریاندەگرێت . وەك دەبینین (جابری) لەڕێی ئەو کۆمەڵە چەمکەوە ، کە لە فیکری ئەوروپی هاوچەرخەوە وەریگرتوون ، گرنگی فاکتەرەکانی دین و خزم خواهی لە پڕۆسەی گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکاندا ئاشکرادەکات . وە ئەو چەمکانە یارمەتی سەلماندنی ئەو ڕاستیەیان داوە ، کە دەشێ دین یان خزم خواهی لە هەندێ کۆمەڵگای تایبەتیدا ، شوێنی پەیوەندییە ئابوورییەکان بگرنەوە ، کە لە ڕۆژئاوادا (ژێرخان) ی کۆمەڵگایان دروستکردوە . واتە دین و خزم خواهی ، نە ئابووری ، بۆیە ژێرخانی کۆمەڵ و ڕۆڵی سەرەکی لەگۆڕانکارییە سۆسیۆلۆژی و سیاسیەکاندا ببینن . هەر لێرەدا (جابری) جەخت لەوە دەکات کە ئەم ئالوگۆڕە لە تێڕوانین و بیرکردنەوە و مانەهجدا ، مانای ئەوە نییە کە فاکتەرە ئابووریەکان گرنگیان نەماوە و .. ئەم بۆچوونە نافی فاکتەرە ئابووریەکان دەکات . (جابری) ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێ کە ئابووری لە بزاوتی کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕۆژئاوادا ، ڕۆڵێکی چارەنووسسازیان بینیوە و ، دەرککردنی ئەم ڕۆڵەش نە تەنها بۆ (مارکس) ، بەڵکو بۆ زەمانی پێش (مارکس) یش دەگەڕێتەوە ، بەڵام بەڕەهاکردنی فاکتەری ئابووری ، وەك بنەما و بناغەی هەموو گۆڕانێك لە هەموو کۆمەڵگاکانی دنیادا ، ئەمەیە ئەو خاڵەی کە فیکری هاوچەرخ قبوڵی ناکات و ئازموونە ئەنثرۆپۆلۆژی و سۆسیۆلۆژییە هاوچەرخەکان نایسەلمێنن .

لێرەدا (جابری) هێما بەوە دەدات ، کە نزیککەوتنەوە لەم چەمکە هاوچەرخانەی فیکری ڕۆژئاوا ، تاڕادەیەکی زۆر نزیکیدەخاتەوە لە کۆمەڵێ چەمك و بۆچوونی تیۆری تایبەت ، کە فیکری عەرەبی ئیسلامی لە ڕابردوودا بەرهەمیهێناون . لەم ڕووەوە بێ دوودڵی دەڵێ : هەموو ئەو چەمکانەی لەم نووسینەدا وەرگیراون و کاریان پێکراوە ، مەبەستێك لە پشتیانەوە بووە ، ئەویش یارمەتیدانی ئەو چەمکانەیە بۆ گەڕانەوە بۆ فیکری (ئیبن خلدون) . واتە (جابری) بۆیە ئەو سیستمە چەمکیەی هەڵبژاردووە ، چونکە ئەو سیستمە ڕاستەوخۆ دەیبەستەوە ناو هەناوی فیکری (ئیبن خلدون) . وە فیکری (ئیبن خلدون) بۆ (جابری) لە زۆر ڕووەوە لەزۆر تێز و تیۆرەی هاوچەرخ ، بۆ خوێندنەوەی واقعی سیاسی و فیکریی عەرەبی و ئیسلامی ، گرنگترە . وە (ئیبن خلدون) لە بۆچوونی ئەودا ، زیاتر لە هەموو فیکرێکی دەرەکی ، بۆ واقعی سیاسی و کۆمەڵایەتی هاوچەرخی عەرەبی نزیکتر و ئاشناترە . گەڕانەوەی مەکبوتی دینی و مەکبوتی خێڵ و مەکبوتی تایەفەگەری بۆ ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی عەرەبی و ئیسلام ، لە هەموو کات زیاتر پێویستی گەڕانەوە بۆ (ئیبن خلدون) دەسەپێنن . بەباوەڕی (جابری) ، ئیبن خلدون لەمێژە ، بەشێوەیەکی ئاشکرا و ڕاستەوخۆ ، باس

لە گرنگی ڕۆڵی دەسارگیری خێڵ ، واتە خزم خواهی ، و ڕۆڵی دین لەسەرجەمی گشتیەتی دیاردە کۆمەڵایەتیەکاندا دەکات . هەر ئەم باسکردن و تیۆریزە تایبەتەشە ، لەئێستادا ناچار بەگەڕانەوەمان بۆ (ئیبن خلدون) دەکات . لێرەوە (جابری) لەپاڵ (ئیبن خلدون) و فیکری خەلدونیەت یان خەلدونیزمدا ، سێ چەمکی سەرەکی لە ڕابردووی فیکری عەرەبی ئیسلامی وەردەگرێ و بەکۆکردنەوەی ئەم سێ چەمکە لەگەڵ چەمکەکانی پێشووداً ، چەمکە قەرزکراوەکان لەفیکری ئەورووپی هاوچەرخدا ، ئیدی دەڵێ چەمکیەکی کامڵ دەبێ و ئامادەی خوێندنەوەی ئەو واقعە سیاسیە دەبێ ، کە نزیکی (١٣٠٠) سالێکە لەئارادایە . (خێڵ ، دەسکەوت ، بڕوا - القبیلة ، الغنیمة ، العقیدة) ئەو سێ چەمکەن ، یان بەگوتەی جابری ، ئەو سێ (کلیلەن) کە جابری لە ڕێگایانەوە پێشنیاری خوێندنەوەی میژووی سیاسی و عەقڵی سیاسیی عەرەبی دەکات .

لەمەودوا هەوڵدەین بەکورتی لەمانا تایبەتیەکانی ئەم سێ چەمکە بدوێین و خوێنەری کورد بەتیۆرێکی فیکری گرنگ ئاشنابکەین ، مەبەستمان خەلدونیزمە ، کە ئادیارێکی ترسناکە لە ڕۆشنبیریی ئێمەدا .

١- خێڵ (القبیلة) :

جابری دەڵێ ، مەبەستمان لە چەمکی خێڵ ، هەمان ئەو ڕۆڵەیە کە ئەنثرۆپۆلۆژیە هاوچەرخەکان بەچەمکی (خزم خواهی - القرابة) ی دەدەن ، کاتێک لە کۆمەڵگا (سەرمایەکان) یان کۆمەڵگاکانی پێش سیستمی سەرمایەداری دەدوێن . هەروەها ئەم چەمکە هەمان چەمکی (دەسارگیری - العصبیة) یە کە (ئیبن خلدون) لە خوێندنەوەی ئەزموونی کۆمەڵگا ئیسلامیەکانا بەکاریهێناوە و لە ئەدەبیاتی سیاسیی ئەمڕۆشدا بەناوی (عەشیرەتگەری) یەوە ناودەبرێت .

ئەم چەمکە هێما بۆ ئەو ڕۆڵە دەکات ، یان وردتر بدوێین ، ماهیەتی ئەو حوکم و ڕەوشتە سیاسیانە نیشاندەدات ، کە پشت بە (خزم) و ناسراو دەبەستێ ، خزمی نزیک و دوور . لەبیاتی پشتبەستن بەخاڵکی لێزان و خاوەن ئەزموون و سالیقە و توانای تایبەت ، یان پشتبەستن بەو کەسانەی خاڵک متمانەیان پێدەکات و ڕێزیان لێدەنێن . لێرەدا مەبەست لە (خزم) خزمایەتی خوێن نییە ، واتە ئەو خزمانەی لە یەک خێزان و یەک تیرە و یەک خێڵن ، بەڵکو مەبەست لە خزم هەموو ئەو جۆرە پەیوەندییە خزم خواهیەیە کە بەدەسارگیری بارگاوین و لەجاوەڕدا پەیوەندییەکی یەک لایەنی یان یەک ڕەهەندین ، وەک ئینتیما بۆ شارێک ، یان ناوچەیەک ، یان تایەفەیەک ، یان خێزانێک ، یان حیزبێک ... هتد ، لە کاتێکدا کە خودی ئەو ئینتیمایە لە مەیدانی حوکمکردن و سیاسەتدا دەسنیشانی ئەوە بکات کێ (من) و کێ (ئەوی دی) یە .

لێرەدا (جابری) بەپشتبەستن بە بۆچوونەکانی (دۆبریە) ئەوە دەسەلمێنێ ، کە خێڵ ، بەو مانایەی سەرەوە ، لەهەموو ڕەوشتێکی سیاسیدا ئامادەیە و ، تەنانەت لە ڕۆژئاواشدا (خێڵ) یەکێ لەپێکهات سەرەکیەکانی (ئاستی سیاسی) ئەورووپیە . بەڵام لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتیەکاندا ، لە کۆمەڵگا پێشنەکەوتووە ، کشتوکاڵی و شوانکارییەکانا ، چەمکی خێڵ ، نەک لەناو نەستا نییە ، بەڵکو ڕاستەوخۆ لەناوچەرگەی وشیاری و هۆشمەندیدایە .. بەمانایەکی دیکە ، خێڵ ، لە بونیادی زهنی ئێمەدا ، مەکبوت نییە ، وەبۆ ناو (نەست) ڕاپێچنەکراوە ، تا دواجار بەشێوەی ناڕاستەوخۆ و سومبولاوی بۆ ناو ڕەوشتی سیاسی پێدزکە بکات ، بەڵکو (خێڵ) ئامادەگی تەواوی لەناو وشیاری و ئاگایی ئێمەدا هەیە و ، ڕاستەوخۆ سەرلەبەری پەیوەندییەکانیش ئاڕاستەدەکات . بەم مانایە ، خێڵ لایەک کاتدا ، هەم دەرکەوت و پێدراوێکی سایکۆلۆژی و هەم ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و (سروشتیشە) ... واتە خێڵ هەم بەشێکە لە سایکۆلۆژیای تاکەکان ، هەم پێکهاتەیەکی سۆسیۆلۆژیشە . هەر لەم دیدەشەوەیە (عبدالله العروی) لە کتێبی (چەمکی ئازادی - مفهوم الحریة) دا باس لەوە دەکات کە چۆن خێڵ دەبێتە پەناگایەکی سایکۆلۆژی پتەو بۆ تاکەکەس و ، چۆن دەبێتە دەرکەوتێک لە دەرکەوتەکانی ئازادی لەدنیای عەرەبی ئیسلامیدا .

(جابری) لەپێناسەکردنی چەمکی (خێڵ) دا دوو لایەن لەیەکدی جیادەکاتەوە ، لایەنی ناوەکی ، کە تێیدا ناوەوەی کۆمەڵگا و پێڕەو و پڕۆگرام و پێوەرە دیاریکراوەکان دروستدەبن و ڕێکدەخرێن . لایەنی دەرەکیش کە تێیدا خێڵ یان کۆمەڵگا دوژمنە دەرەکیەکان دەسنیشاندەکات و خۆیی لەهەڕەشە و گوڕەشەکانیان دەپارێزن . ئەمە

جگە لەوەی ئەو لایەنە دەرمکیە ، دەشێ جۆرێ لە بەڵێن پێدان و هاندان بێت ، بۆ بارودۆخێکی باشتر و لەبارتر .

٢ـ دەسکەوت (الغنيمة) :

جابری دەڵێ ، مەبەست لەم چەمکە ، نیشاندانی ئەو پرۆلەیە کە فاکتەری ئابووری لەکۆمەڵگایانەدا دەبینێ ، کە ژیانی ئابووری تیایاندا بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر (خەراج) و (ملکانە ـ الريع) دروستبووە ، نەک لەسەر پەیوەندی بەرهەمهێنانی وەک پەیوەندی نێوان خاوەن کۆیلە و کۆیلە ، دەرەبەگ و جوتیار ، سەرمایەدار و کرێکار . مەبەست لەچەمکی (خەراج)یش ، سەرجەمی ئەو شتانەیە کە دەوڵەت لەئیسلاما لە خاڵکی سەندووە و کۆیکردۆتەوە ، (الجباية) ، لە موسڵمان و غەیرە موسڵمان . وە خەراجیش هەموو دەسکەوت و سەرانە و باج و جۆرە پارەیەکی مالی و نەقدیش دەگرێتەوە . لەسادەترین پێناسەدا ، خەراج بریتیە لەو پارە و ملکانە کە (براوە بەسەر دۆڕاویدا دەسێنێ) ، براوەی جەنگ و سیاسەت بەسەر دۆڕاوی جەنگ و سیاسەتدا ، بۆ ماوەیەکی بەردەوامە ، یان بۆ کاتی دیاریکراو و سەردەمانی تایبەت . لێرەدا دەشێ (براوە) ، ئەمیر ، یان پادشا ، یان خێڵ یاخود دەوڵەتێ بێت ، وە دۆڕاویش هەمان ئەو کەس و لایەنانە بن .. هەروەها دەشێ دۆڕاو سەر بەهەمان رەگەزی براوە بێت ، یەک میللەت ، یەک نەتەوە ، یەک خێڵ ، یان دوو باڵی شاهەنشاییەک ، دەشێ دوو رەگەزی جیاوازیش بن .

(جابری) لەجیاکردنەوەی چەمکی (خەراج) ، بەو شێوەیەی لە ئیسلامدا هەبووە ، لەچەمکی (باج) بەمانا هاوچەرخەکەی ، ئەوە دەسنیشاندەکات ، کە (باج) بەناوی (سوود و قازانجی گشتی) یەوە لە خاڵک دەستێندرێت و ، ئەوانەی دەشیدەن ، بەجۆرێک لە جۆرەکان ، لەپرۆسەی دانەکەی ڕازین . ئەمە سەرەڕای ئەوەی چەندێتی باجەکە لەلایەن یاساوە بەوردی دیاریدەکرێت و هەموو کەسێکیش دەبێ ئەوەی دەکەوێتە سەر شانی ، بیدات ، لەسەرۆکی دەوڵەت و شاهەنشاکانەوە تا ساکارترین هاووڵاتی ، ئەوانەی حوکمدەکەن و ئەوانەش کە حوکمیان بەسەردا دەکرێت .

بەڵام (خەراج) لەجەوهەردا پرۆسەیەکی ئابووری نییە ، ئەوەندەی دۆخێکە لە ئەنجامی پەیوەندییەکانی هێزەوە دروستدەبێت . دۆڕاوێک هەیە ، کە نرخی دۆڕاندنەکەی بەپارە ، ملک ... هتد بەبراوەیەک دەدات ، کە دەشێ ئەو دۆڕاندنە ئەنجامی شەڕوشۆڕ و پێکدادان ، یان ئەنجامی کۆمەڵێ بەڵێننامە و پەیمانبەستن بێ .. لێرەدا (براوە) بەهیچ جۆرێ (خەراج) نادا و ، دۆڕاویش بەهیچ جۆرێک لێی خۆش نابن .

مەبەستیش لەچەمکی (مولکانە ـ الريع) ، ئەو پارە یان ئەو بژێوە پەیداکراوەیە کە کەسێک بەهۆی مالیاتی خۆیەوە پەیدایدەکات ، یان وەک دیاری لەپادشا و ئەمیرێکەوە وەریدەگرێت ، بەڵام بەشێوەیەکی بەردەوام و وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی ژیان ، بەبێ ئەوەی ئەو کەسە ناچاربێت لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا بەشداربێت . بەکورتی دەتوانین بڵێین ، مولکانە پارە یان بژێوێکە کە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانەوە نایەت ، ئەوەندەی لە هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوەوە دێت . (دەسکەوت) چەمکێکە لەیەک کاتدا هەم هێما بۆ چۆنیەتی و سەرچاوەی پەیداکردنی دەسکەوتەکان دەکات ـ شەڕی نێوان براوە و دۆڕاو ـ هەم شێواز و چۆنیەتی داببەشکردنەکەشی نیشاندەدات ، کە جابری سەرکەوتوانە ناوی دەڵێ (پێبەخشین ـ العطاء) . ئەم بەخشینە ، بەو شێوەیەی جابری بەکاریهێناوە ، جۆرێکە لە (دیاری) پادشا ، دەوڵەت ، خێڵ بۆ تاکەکەس و دەست و پێوەندەکان . هەر لێرەشدا جابری باس لەو (عەقڵیەتی مولکانەیە ـ العقلية الريعية) دەکات ، کە هاوزەمان لەگەڵ ئەو پرۆسەی بەخشینەوەیەدا دروستدەبێ و دێتەکایەوە . (عەقڵیەتی مولکانەیی) دەرەنجامی ئەو (شێوازی بەرهەمهێنانە) یە کە جابری ناوی دەڵێ (شێوازی بەرهەمهێنانی ئابووری هێرش و پەلاماردان ـ اسلوب انتاج الغزو) .

(جابری) عەقڵیەتی مولکانەیی بەناشکرا لە (عەقڵیەتی بەرهەمهێن) جیادەکاتەوە و ، بەپشتبەستن بەپێناسەی نوو سەرێکی دیکەی عەرەب ، بەو شێوەیەی لای خوارەوە دەیان ناسێنێ :

عەقڵیەتی بەرهەمهێن ، پارە و قازانج یان هەر دەسکەوت و بژێوێکی دیکە ، بە ئەنجامی کار و کۆششێکی ئینسانی سیستماتیزەکراو و ، بەپاداشی هەوڵدان یان تەحەمولکردنی کۆمەڵێ مەترسی دەزانێت ، کە لەناو بۆچوون و تێڕوانینێکی تەواو کاملی سیستمی بەرهەمهێنانەوە هاتبێت . بەڵام (عەقڵیەتی

مولکانەیی) ، ئەو عەقلیەتەیە کە هەموو پارە و دەسکەوت و بژیوێک ، وەک (ڕۆزی و بەخت و ڕێکەوت ...) تەماشادەکات ، کە پابەندبیان بە هەلومەرج یان چارەنووسەوە هەیە ، ئاک وەک هەلقەیەک لە پرۆسایەکی بەرهەمهێن و ، وەک دەرئەنجامی ئەو هەموو هەوڵ و کۆششەی لەو پرۆسەی بەرهەمهێنانەدا بەکارهێناوە .

بەمجۆرە دوا پێناسی (جابری) بۆ دەسکەوت - الغنیمة - بەم شێوەیە : « ئیمە مەبەستمان لەدەسکەوت ، سێ شتی بابەکەوە گرێدراوە ، جۆرێکی تایبەت لە بژیو (خراج) یان (مولکانە) ، شێوازی داببەشکردن و خەرجکردنی (بەخشین بەهەموو جۆرەکانیەوە) ، ئەو عەقلیەتەش کە لەگەڵیدا دێتەکایەوە » .

٢- باوەڕ (العقیدة) :

جابری دەڵێ ، مەبەست لە باوەڕ یان عەقیدە، ناوەڕۆکێکی دیاریکراونییە ، جێ لەشێوەی ئایینێکدایێ کە خودا ناردبێتیە خوارەوە ، یان لەشێوەی ئایدیۆلۆژیایەکدا کە عەقل بەرهەمیهێنابێ . مەبەست لە (باوەڕ) کاریگەرییە هەردووکیانە ، واتە دین و ئایدیۆلۆژیا ، لە ئاستی باوەڕپێبوون و بەمانایەکی دیکە ، مەسەلەیەکی سەرەکی لەوەدایە ، دین و ئایدیۆلۆژیا تاچەند توانیویانە پرۆسەی (باوەڕ) پێبوونیان کردبێتە مەزهەبێکی داخراو و گومان قبوڵ نەکەر ، تاچەند توانیویانە بێ پرسیارکردن و تێفکرین و لێوردبوونەوە ببنە دۆخێکی قبوڵکراو .

بەگوتەی (جابری) ، عەقڵی سیاسی ، هەر لەسەردەمی (ئەرستۆ) وە زانراوە ، کە لەسەر بنەمای (بڕواپێبوون) دروستدەبێ ، ئاک (سەلماندن) ، وە عەقڵی سیاسی عەقڵی تاکەکەس نییە، بەڵکو عەقڵی دەستە یان گرووپە ، ئەمەش وادەکات دایناموێ وەگەڕخستنی عەقڵی سیاسی (لۆژیکی گروپ) بێت ، ئاک تاکەکەس . زانراوپشە کە (لۆژیکی گروپ) لەسەر پێوەرە مەعریفیەکان دروست نابێ ، بەڵکو لەسەر کۆمەڵێ سومبولی فانتازی دروستدەبێ ، کە لەباتی (سەلماندن) ، باوەڕ و ئیمان پێبوون بەرهەمدەهێنێ . لێرەدا ، وەک جابری دەڵێ ، گرنگ نییە باوەڕەکان تاچەند لەڕاستیەوە نزیکن و تاچەند هەقیقەتەکان دەسەلمێنن . چونکە پرۆسەی (باوەڕپێبوون) پێویستی بە پێوانی عەقڵی و لێکدانەوەی لۆژیکی و مەعریفی نییە ، بەڵکو گرنگ هێز و توانای ئەو باوەڕیە ، لەبڕواندن و هاندانی تاک و گروپەکاندا و ، کۆکردنەوەیان لە چوارچێوەی (خێڵێکی ڕۆحی)دا .

++++

ئەم سێ چەمکە ، (خێڵ ، دەسکەوت ، باوەڕ) ، هیچ کامیان لەوی دیکەیان گرنگترنین و هەرسێکیان ڕۆڵی یەکسان لە دروستبوونی عەقڵی سیاسیی عەرەبیدا دەبینن ، بەڵام ئەم ڕاستیە ڕێ لەوە ناگرێ ، کە یەکێ لەوانە یان دوانیان بەسەر یەکەوە ، لە قۆناغێکانی ژیانی کۆمەڵگای عەرەبی و لە سەردەمێک لە سەردەمەکانیا بالادەست بووبێ . بۆ نیشاندانی ئەم سیفەتە تایبەتە ، جابری ڕۆڵی ئەو فاکتەرانە لەژیانی سیاسی عەرەبیدا بەم شێوەیە نیشاندەدات :

١- عەقڵی سیاسیی عەرەبی لەسەردەمی جاهیلیەتدا لەلایەن دوو فاکتەری (خێڵ) و (دەسکەوت) موە دەستێشانکراوە و کرداری سیاسی لەژێر کاریگەری ئەو دوو فاکتەرەدا پراکتیککراوە .

٢- (باوەڕ) دەستێشانکەری هەرگرنگی عەقڵی سیاسیی عەرەبیە لەسەردەمانی پێغەمبەر و گروپە سەرەتاییەکانی ئیسلامدا .. لە ڕۆژگارێکا کە چوونە ناو ئیسلام ، لەژێر ڕووەوە ، مانای وازهێنان و دابڕان بووە لە (خێڵ) و (دەسکەوت) ، ئەگەرچی پرۆژەی ئیسلام هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە بەلێنی دەست بەسەراگرتن و بوون بەخاوەنی کەنز و خەزێنەکانی فارس و ڕۆم بە عەرەبە موسڵمانەکان دەدات .

٣- هەرسێ فاکتەرەکە بەیەکەوە ، لەسەردەمانی فتوحات و پەلاماردانی نەتەوە و میللەت و کەلەپوورەکانی دیکەدا ، واتە لەسەردەمێکا کە ئیسلام دەبێ بەدەوڵەت ، هەرشکیان بەسەر یەکەوە دەبنە پێکهێنەری عەقڵی سیاسیی عەرەبی . (خێڵ) بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خێڵ و ، (دەسکەوت) بۆ پتەوکردنی باری ئابووری خێڵ و ، (باوەڕ) یش بۆ سەپاندنی ئایدیۆلۆژیای خێڵ .

++++

ئەگەر ئەوەی تائێستا باسمانکرد ، فاکتەرە دەستێشانکەرەکانی (عەقڵی سیاسیی عەرەبی) بێت، ئەوا ئەو عەقڵە ، لەئامادەبوون و دەرکەوتنیا لەناو مێژوودا ، شێوازی جیاجیا و دەرکەوتی جیاوازی هەبووە و بزاوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی

و شێوەی حوکمکردن و لێکدانەوەی جیاوازی لێ کەوتۆتەوە ، لەم باشدا (جابری) هەوڵدەدات بەدرێژی لەسەر ئەم دەرکەوتانەی لای خوارەوەی عەقڵی سیاسیی عەرەبی بدوێت :

١- دەوڵەتی پادشای سیاسی :

ئەم شێوە دەوڵەتە ، واتە سیستەمی (پادشایەتی) ، یەکێکە لە دەرکەوتەکانی عەقڵی سیاسیی عەرەبی و لەدوای (دەوڵەتی خەلافەتەوە) دروستدەبێ ، ئەم دروستبوونە بەری ملمانێیەکی سەخت و ناوخۆی ناو بانە جیاجیاکانی ئیسلامە . (مەعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان) دامەزرێنەری ئەم سیستەمەیە . (پادشایەتی مەعاویە) لەڕاستیدا مانای دامەزراندنی (دەوڵەتی سیاسیانەی) ئیسلامە ، کە دواجار هەر خودی ئەم نموونە پادشایەتییە هەموو میژووی ئیسلام و تەنانەت میژووی سیاسیی هاوچەرخی عەرەبیش داگیردەکات . لەم دەوڵەتەدا ، هەرسێ فاکتەرەکەی (خێڵ ، دەسکەوت ، بڕوا) بەسەر یەکەوە دەکەونە کار و ، دواجار هەرسێکیان دەبنە سێ فاکتەری ڕاستەوخۆ ، بەڵام (دەوڵەتی مەعاویە) لەجەوهەردا سەرکەوتنی (خێڵە) بەسەر (باوەڕ) دا و مەعاویە ، وەک جابری دەڵێ ، نمایندەی خێڵ بووە نەک باوەڕ .

٢- میتۆلۆژیای ئیمامەت :

ئەو دەرکەوتەیە لە پراکتیک و فیکری سیاسیی عەرەبیدا ، کە شیعەکان نوێنەری بوون . بنەماکانی ئەم دەرکەوتە ، وەک جابری دەڵێ ، لەسەر ڕفزکردنی مەسەلەی (شورا یان پرس و مەشورەت پێکردن) و هەموو جۆرە عەقڵانیەتێکی سیاسی دروستبووە .. لێرەدا مەسەلەی (ئیمامەت) پەیوەندی بە هەڵبژاردنی پیاوی دانا و لێزانی دینیاوە نییە ، بەڵکو مەسەلەی سەرەکی لەوەدایە کە دەبێ ئیمامەت و حوکمکردن ، تایبەت بێ بە ئەوکانی پێغەمبەر و لەو بنەماڵەیە دەرنەچێ . وردتر بڵێین ، ئیمامەت و حوکمکردن نابێ لەو گروپە تەسکە دەرچێت کە شیعەکان پێیان دەڵێن (ال البیت) .

٣- بزاوتی ڕێنسانسی :

بزاوتێکە جابری دامەزراندنەکەی دەداتەوە سەر بۆچوونەکانی (حسن البصری) کە تێیدا بەوە خۆی لە بزاوتەکانی دیکە جیادەکاتەوە (بزاوتی خەوارج ، شیعە ، بزاوتی ڕەسمی دەوڵەتی ئەمەوی) کە تاقە بزاوتێکە کەمێکێ مانا بۆ عەقڵ و بەپێوەربوونی عەقڵ لە کار و کردەوە و هەڵبژاردنەکاندا دەرمنسینێ .

١- ئایدیۆلۆژیای سوڵتانی :

ئەم دەرکەوتە ، بەڵای جابریەوە ، دەرکەوتێکی ڕەسەن نییە و ، بەرهەمی کارلێکی پڕۆژەی ئیسلام و پڕۆژە دەرەکیەکانە ، بەتایبەت پڕۆژەی فارسەکان . لێرەدا ، جابری ، مەسەلەی بەستنەوەی ویستی پادشایان بەویستی خوداوەند و ، دواجار بوونی پادشایان بەسێبەری خودا لەسەر زەوی ، بە فیکرەیەکی ئیسلامی نازانێ و ، ڕاستەوخۆ دەیداتە پاڵ فیکری ئێرانی و ئایدیۆلۆژیای ساسانی و پێش ساسانیش .

++++

پێم وایە ، یەکێ لەخاڵە هەرە لاوازەکانی ئەم کتێبەی جابری ، مەسەلەی بە (ئایدیاڵ) کردنی شێوەی حوکم و هەڵسوکەوت و چارەسەرەکانی سەردەمەکانی پێغەمبەر و دوو خەلیفەی یەکەمی ئیسلامە .. جابری شێوەی حوکمکردنی پێغەمبەر و ئەبوبەکر و عومەری کوڕی خەتاب ، بەشێوە حوکمکردنێکی دیموکراسیانە دەناسێنێ و ، نەک هەر ئەمە ، بەڵکو لەو باوەڕەشدایە کە ئەو (ئایدیاڵە) دەشێ ببێتە بناغەی بنیادنانی دیموکراسیەتێکی هاوچەرخ . بەم ئەنجامەش ، (جابری) ئەوە لەیاددەکات کە دیموکراسیەتی هاوچەرخ ، بناغە و بنەمای تایبەتی خۆی هەیە ، وەناکرێ لەسەر ئەزموونی دینیانە تێکەڵ بەڕۆحی خێڵ و بڵێندان بە وەدەستهێنانی (دەسکەوت) بنیادبنرێت . لەهەموشی سەیرتر ئەوەیە ، جابری لێرەدا ، ئەوە لەبیری خۆی دەباتەوە ، کە بونیادی دینی و لەوێشەوە هەبوونی بونیادێکی ئایدیۆلۆژی ، کە بیەوێ وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دنیا و ئینسان و فیکر بداتەوە ، بەناچاری دەبێتە بونیادێکی تۆتالیتار ، وە ئەگەر نەشتوانێ واقع لەناستی مەتریالە حیاتیەکانیدا دیسپلین بکات ، ئەوا لەناستی فیکردا دیسپلینی دەکات ، ئەگەرچی میژووی هاوچەرخ هەمیشە تۆتالیتاریەتی فیکری و تۆتالیتاریەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەیەکەوە کۆکردۆتەوە .

(جابری) گۆڕانی حوکمکردنی (دیموکراسیانەی) سەردەمانی پێغەمبەر و خالیفەکانی ، بۆ حوکمی پادشایەتی ، بەنەبوونی « دەستوور » لێکدەداتەوە . بەمانایەکی دیکە ، جابری دەیەوێ بڵێ ، دیموکراسیەتی خالیفە بۆیە دەگۆڕێت بۆ دیکتاتۆریەتی پادشایی ، چونکە لەدوای مردنی پێغەمبەرەوە ، دەستوریش لەناراوانەبووە کە ماسالەی حوکمکردن و دەسەلات ڕێکبخات . بەڕای جابری ، نەبوونی دەستوور لەم سێ ماوەدایەی خوارەوەدا قەیرانی خولقاندوە ، کە دواجار ئەو قەیرانە ئەوەندە تووندبۆتەوە ، بۆتە هۆی دارمانی پڕۆژەی دیموکراسیانەی ئیسلامی : ١- نەبوون یان بڕیارنەدان لەسەر شێوازێکی دیاریکراوی قانونی بۆ دامەزرانی خالیفە . ٢- دەستیشان نەکردنی ماوەی حوکمکردنی (ئەمیر) . ٣- دەستیشان نەکردنی ئەرک و فەرمانە تایبەتیەکانی خالیفە .

++++

لەکۆتایی کتێبەکەیدا ، جابری بۆ تازەکردنەوەی عەقڵی سیاسیی عەرەبی ، تەنها پێ لەسەر بوونی دەستوورێکی دیموکراسی دادەگرێت ، وە بەباوەڕی ئەو دیموکراسیەت تەنها بوونی دەستوورێکی دیموکراسی نایخولقێنێ ، لێرەدا جابری تەواو لەگەڵ ئەو ڕایەی پێشەوەیدا ناکۆکە ، کە ماسالەی هەرەسی پڕۆژەی دیموکراسی خالیفەکان بەنەبوونی دەستوور لێکدەداتەوە . لێرەدا جابری بەڕاشکاوی دەڵێ ، کە بەتەنها دەستوور دیموکراسیەت ناخولقێنێ ، وە عەقڵی سیاسی تەنها سیستمی حوکمکردن و بەندە دەستوورییەکان کاری تێناکەن و کۆنترۆڵی ناکەن ، بەڵکو کۆمەڵێ فاکتەری دیکە ، فاکتەری کۆمەڵایەتی ئابووری ، فەرهەنگی ، ئەوانیش کاریگەری گەورە و ترسناکیان لەسەر پڕۆسەی دیموکراتیزەکردن هەیە . لێرەوە ، بۆ دیموکراسیکردنی عەقڵی سیاسیی عەرەبی ، (جابری) ئەم پێشنیارە گرنگانە دەکات ، ئەگەرچی ئەم پێشنیارانە زۆر گشتین و دەبوایە تایبەتتر و وردتربکرانایەوە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خودی ئەم پێشنیارانە ، سەرەتای شێوە بیرکردنەوەیەکی تازە و دوور لە دۆگمایە ، کە دەشێ سەرەتای دۆزینەوەی کۆمەڵێ چارەسەری گرنگ و مێژووییی بن ، پێشنیارەکانیش بریتین لە :

١- گۆڕینی (خێڵ) بۆ (نا خێڵ) . واتە گۆڕینی خێڵ بۆ سیستمێکی مەدەنی سیاسی کۆمەڵایەتی . بنیادنانی حیزب ، سەندیکا ، دەزگای دەستووری ، کۆڕوکۆمەڵی سەربەست .. هتد .. لەسەر ویرانەی خێڵ . بەمانایەکی دیکە ، بنیادنانی کۆمەڵگایەکی نوێ ، کە تیایدا جیاوازییەکی ناشکرا و تەندروست لەنێوان کۆمەڵگای سیاسی (دەولەت و دەزگاکان) و کۆمەڵگای مەدەنی (ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیە سەربەخۆکان لەدەولەت) دا هەبێت .

٢- گۆڕینی (دەسکەوت) بۆ ئابووریی باجساندن - اقتصاد الضريبة - بەمانایەکی دیکە گۆڕینی (ئابووری ملکانە - اقتصاد ريعي) بۆ ئابووریەکی بەرهەمهێن - اقتصاد انتاجي .

٣- گۆڕینی بیروا یان عەقیدە بۆ یا . واتە گۆڕینی بیرکردنەوەی مەزهەبی و تایەفەگەریی دەمارگیرانە ، کە هەموو ڕاستیەک مۆنۆپۆڵدەکەن و خەتێکی ڕەش و سپی لەنێوان « ڕاستیەکان » ی خۆیان و بۆچوونی کەسانی دیکەدا دەکێشن ، بۆ سەربەستبوون لەڕادەربڕین و بیرکردنەوەدا ، سەربەستی جیاوازیبوون و هەمەدەنگی ، بەمانایەکی دیکە ، ڕزگاربوون لەدەسەلاتی گروپ و دەستە داخراوەکان ، یان گروپە دینیەکان ، یان حیزبەکان ، یان ئەتنیە جیاجیاکان .. ڕزگاربوون لەعەقڵی خێڵ ، لەعەقڵی بەرهەمهێنی دۆگما و بنیادنانی عەقڵێکی پشکنەر و گومانکەر و پرسیارکەر و ڕەخنەیی .

++++

کەواتە تاقە ڕێگا ، وەک جابری دەڵێت ، بریتیە لە ڕەخنە لە کۆمەڵ ، ڕەخنە لە ئابووری ، ڕەخنە لە عەقڵ .

هۆڵندا ١٩٩٢

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە :
ئوسێد مەهدی (هەندرێن)

گفتوگۆیەکی ئاوالای نێوان ئەدۆنیس و فاتیح مودەریس

ئەدۆنیس : دوابەدوای ئازموونە دژێخایانەکەت ، کاتێک پرسیارت لێدەکرێ ، منیش ئێستا لێت دەپرسم : ناسنامەکەت ، بەمانای قۆناغ و ووشاکە ، لەکوێدا دەبینیتەوە ، لەناو بارهەلە هونەرییەکانتا یاخود لە خۆبەستنەوەت بەوڵاتێک یان گەلێکی دیاریکراوەوە ؟

فاتیح : وشەی بینینەوەی ناسنامە یان بەدەستهێنانی بەالی منەوە وشەیەکی پڕاوپڕنیە . من وای بەباش دەزانم پرسیارەکە وا بکرێ : چۆن ناسنامەکەت دروست دەکەیت ؟ چونکە ناسنامە وەک ئازادی دروست دەکرێ ، ئەگەر دروست نەکرێ ئەوا هەر بەکۆیلەی زانیاری (معرفة) و ڕۆشنبیریی ڕابردوو و کۆنمان دەمێنینەوە . بەالی منەوە ، دروستکردنی ناسنامەی هزریانە (فیکری) لەسەرهتادا دەنوازێ بەتەواوی واز لە نارەوشتایەتییەکان (اللاخلاقیات) بهێنرێت ، بۆ ئەوەی بوار بۆ ڕووەکە خودییەکان ئاوەڵابێت بفڕاژێن و دەرفەت بۆ هزریش ، جا شێوەکاری بێت یاخود ئەدەبی ، بڕەخسێ ئازادانە پێکبێت . چونکە ئەم هزرانە ، ڕووەک ئاسا ، دەفڕاژێن و بۆ پاراستنی جیگیربوونی فراژانیشیان چەند مەسەلەیەک پێویستن : واقیع بفەلسەفێنین یان ملکەچی بین یاخود لەپێناویدا بمرین . واقیع وەک خۆی یان ڕازیبوون پێی وەک هەیە مرۆڤ تووشی نەخۆشیەکی کوشندە دەکات ، ئەویش چۆکدادانە ، چۆکدادانی ناوەکیانە . لە ئازموونی تایبەتی خۆماوە ئاوەم بۆ سالماوە کە چۆکدادان گۆشەگیری بۆ مرۆڤ دروستدەکات ، یاخود مرۆڤ بەرەو گۆشەگیری دەبات . مەبەست ئاوبە مرۆڤ لە جیهانی دەوروبەر دابڕێ ، بەتایبەتی لەسیاسەتدا ، ئەگەر سیاسیانە گۆشەگیرکرایت ، ئەوا ئەدەبیانە دەکوژرێیت . کەواتە ، چۆکدادان و گۆشەگیری وێڕای پێکهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسییە پیر جوداکارییەکان ، هەموو ئامانە وەک ئاستەنگێک لەپێش دروستکردنی ناسنامەی خوددا ڕادەوستن . ئەمە سەرەڕای ئەوەیش کە دەشێ بەئامۆبوونی ئەتەوەیی ناوببڕێ و دەکرێ بەوە شرۆڤەی بکەم کە خۆت بێ گەلێکی پێشکەوتوو و گەشەکردوو ببینیتەوە . بەاڵم ئەوەی گەلێک لەژێر ئاوە گەلەوە بێت کە لەو پێشکەوتووترە ، ئەمە شتێکە بەتەواوەتی ڕەتیدەکەمەوە .

ئەدۆنیس : بێگومان .. بێگومان ، هیچ گەلێک لەگەلێکی تر یان هیچ ژیوارێک (حضارة) لە ژیوارێکی دی باشترنییە . مەبەستم لەپرسیارەکەم ئەوەیە ئامارە بۆ ناکۆکی نێوان ناسنامەی خود وەک داهێنەرێکی هونەری و ناسنامەی خود وەک پەیوەندیبوون بەنیشتمانێک یان ئاتەوەیەکەوە بکەم . گووتت ناسنامە دروست دەکرێ ، مەبەست

لێرەدا ناسنامەی هونەرییە ، کەوایە ئەم ناسنامەیە بە کارەساتی هونەرمەند وەک هونەرمەندێک دروست دەکرێ و لە کارە هونەرییەکانیدا خۆی دەنوێنێ ، دەشێ وانێبگەم کە ناسنامەی قوولت لە کارە هونەرییەکانتایە ؟

فاتیح : هەر لەو کاتەوە کە لاوبووم ، لەکاتی خوێندنمدا لە ڕۆما ، لەڕێگەی ئاو کەسە هونەرمەند و ئەدیبانەوە کە دیدەنیمکردن ، جا ئەوانە ئیتالی بووبن یان ئەڵمانی و هەر ڕەگەزێکی تر بووبن - بەهەرمێشەوە ، هەروەها لەڕێگەی چاوگێڕانەکانمەوە بە کارە هونەری و ئەدەبیەکانیاندا ، ئەم پرسیارەم لەخۆم کرد : ئایا ئەو کارە هونەری و ئەدەبیانە کاری کەڵەکەبوون ، وات بەری کەڵەکەبوونی زانیارییە ، یاخود کاری خودییانەن ؟ ئەم پرسیارە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ئۆقرەی لێ بڕیبووم ، تا گەیشتمە وەڵامێک پووختەکراوەکەی ئەوەی کەڵەکەبووە زانیارییەکان ترسناکترین هۆکارە کە مرۆڤ لە ناسنامە و خودی خۆی ڕزگاردەکات ، واتە مرۆڤ لە ناسنامەکەی بێبەش دەکات بێ ئەوەی هەستێ پێبکات . گەیشتم بەم ڕاستییە (حقیقة) ، کە بە ڕاستی دادەنێم ، هانیدام بۆ پرسیارکردنەوە : ئایا زانیاری و بەکارهێنانی باش پێگەیشتن تا ڕادەیەک بە مەترسیدار بۆ مرۆڤ دادەنرێ ؟ ئایا چۆن ئەو دەتوانێ خۆی لەم زانیارییە ڕزگاربکات ؟ ئەگەر کەسێکی ئەفسووناوی کون و قوژبنەکانی یادگرییەکەی (ذاکرة) دەسڕێ و لەو تۆزی زانیارییە کەڵەکەبووە پاکی دەکاتەوە کە لەسەدەی شەشەمی پێش زایینیەوە دەستی بە کەڵەکەبوون کردووە ؟

ئەدۆنیس : دەتەوێ بڵێیت خود دوو شتە : یەکەمیان شتە ڕگماکی و سروشتییەکە و دەورووبەرەکەیان لە ماددەی میللی یان نیشتمانی یاخود نەتەوەیی ، شتەکەی تریش ئەوەی دەرەوەی ئەم چوارچێوەیە ، مەبەست کارلێککردنە (تفاعل) لەگەڵ کولتوور و ڕەگانی تردا ، لەگەڵ ئەوی دیدا وەک ئەوی دی ؟ دەتەوێ بڵێیت : ئەگەر پایەوندی لەگەڵ ئەوی دیدا تەنیا پشت بەستووبێت بە وەرگرتنی زانیاری ، ئەوە دەبێتە هۆی ماحفبوونەوەی خود؟

فاتیح : بەڵێ .. ئەوش قسەیەکی جوانە ... زۆر جوانە .

ئەدۆنیس : بەڵام تۆ وەک خودێک لەو بڕوایەدایت کە دەشێ تەنانەت وەک خودێکیش هەبێت ئەگەر ئاوی دی تێنا نیشتەجێ نەبووبێ ؟

فاتیح : ئەمە ئەوەیە تۆزێ لەماوبەر ووتم قسەیەکی جوانە ، ئاز بەو خودەی یەکەم ئاژەڵم : من هونەرمەندێکی شێوەکارم ، بەڵام ئاژەڵم . من ئەدیبم ، شیعری سوریالی دەنووسم ، بەڵام ئاژەڵم. مەبەست ئەوەیە هونەر و ئەدەبەکەم ئاژەڵیانەن . ئەمەش شتێکە کە تۆ لە ئەدەبەکەت و گۆڕانکارییەکانتدا بەختت لەسەر کردووە و شتێکی ڕاستیشە . واتە ، وەک بۆم دەردەکەوێ ، هەرچەند مرۆڤ لە هزری بەکردەومیدا (پراکتیکی) قوولبێتەوە ، هەرچەندیش بچێتە نێو وردەکاری و دڕێژەکارییەکانەوە ، بەبێ وێستی خۆی هەر هەڵگری ئەم گۆڕانکارییە دەبێ ! گۆڕانکاری جیروجانەوەر (حشرة) بۆ شتێکی خشوک ، بۆ شتێک کە دەفڕێ . وێدەچێ لەتواناماندا نەبێ لە چارەنووسمان ڕزگارمان بێت ..

ئەدۆنیس : کەواتە تۆ دژی ئەوی دی نیت وەک ئەوی دی ، بایەخواناوە ، ئەوی دی - وەک لێت تێگەیشتم - بەشێکی جیاوازییە لەبنیاتنانی خوددا .

فاتیح : ئەوە زۆر ڕاستە .

ئەدۆنیس : بەڵام ئەگەر خود تەنیا سیبەری ئەوی دی بێت ، ئەمە ماسلایەکە پایەوندییەکی ناهاوسەنگ لەخۆیدا هەشاردەدات . کەواتە چۆن دەکرێ خۆت بناسیت ؟ ئایا دەشێ نادەمیزاد خۆی بناسێ ؟ پرسیارەکە ئاسانتردەکەمەوە ، گوڵ پێویستی بە زەوی ، پایین ، ئاو ، هەوا ... هتد هەیە ، کاتێک بۆنی گوڵەکە دەکەین ، بۆنێکی لێ دێت کە هیچ پایەوندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئاو ڕەگەزانەدا نییە کە پێکیانهێناوە . ئاو بۆن وبەرامەی لە گوڵەکاوە دێتەدەرەوە ..

فاتیح : ئاو ناوکە - کاکلیە (ئیسنس) ..

ئەدۆنیس : بەڵێ ئاو ناوکە .. ئایا ئەوەیە ناسنامە ؟ یان چیە ؟ ..

فاتیح : بەگوێرەی پێشکەیەکت ، ئەوە

بریتیە لە دەستکاوتی ناسنامە ، ئەو ئاوکە دەستکاوتی ناسنامەیە نەک ناسنامە ..

ئەدۆنیس : کاوات ناسنامە چییە ؟

فاتیح : ناسنامە .. بیردەکاتەوە ... ئێستا لەبری ئاوەی بەرسڤی پرسیارەکە بداتەوە دەڵێ : ئێستا من دەپرسم ... ئاری ئەدۆنیس چۆن شتێک دروست دەکەیت .. تۆ هەموو شتەکانت هزرین ، چۆن شتەکانت دروست دەکەیت ؟

ئەدۆنیس : مەبەستت شتە نەدەبیە نووسراوەکانمە ؟

فاتیح : مەبەستم شتێکە ، وشەی شین ، تا ، ئ ، ک ـ ، چۆن شتێک دروستدەکەیت ؟ هەڵبەتە من پرسیارەکە ئاراستەی ئەدۆنیسی هزرڤان (مفکر) و شاعیر دەکەم نەک ئاراستەی هەر کەسێک .

ئەدۆنیس : هەندێ جار یاری دەکەم ، هەندێ جار ئاوەن دەبینم ، هەندێ جاریش کاردەکەم ، شتەکانیشم ئاوا یان لە یاریکردن یان لە ئاوەن بینین یان لەکارکردن یاخود لە هەموویان پێکەوە وەبەرهەم دێن ، بەهەمان شێوەش شیعر ، هەندێ جار لەهونەردا ئاوەن بەوەوە دەبینم کە شتێک بکەم و دەشیکەم ، بەڵام ئاوەی لاوە وەبەرهەم دێت شتێکی تر ، ئاوەنیە کە ئاوەنم پێوە دیوە .

فاتیح : باشە (چاکە) .

ئەدۆنیس : بەڵام ئاوەی دروستی دەکەم جۆرێکە لە گەران بەدوای خۆمدا ، جۆرێکە لە گەران بەدوای خودی خۆمدا . هەردەڵێی هێزێکم بەرەوپێش دەچێنێت ، وە لەکاتی دروستکردنی شتەکاندا هەوڵدەدات خۆیشی دروستکات و لەخۆی بپرسێ ئاو کێیە . ئاز نازانم من کێم ، ئەمەش ڕاستییەکە .

فاتیح : ئای ئەدۆنیس ، ئاو شتە خۆڕسکانە بۆ خۆت دروست دەکەیت یاخود بۆ ئاوانی دی ؟ دەزانم ئەم پرسیارە ناخۆش و نیوەچڵە ، بەڵام وەک دەسپێکێک دەڕێدەبڕم بۆ پرسیارەکانی دێن .

ئەدۆنیس : لەبەر ئاوەی وەک خودێک ئاوەی دی لەبەرهەردا تێتا نیشتەجێیە ، ناکرێ هیچ شتێک دروستکرێ بۆ ئاوەی دی نەبێت ، تەنانەت ئەگەر هاتوو دژی ئاوەی دیش بیت ، من بوونم خود و ئاوەی دییە لەهەمان کاتدا ، بەڵام من بەمانا ئایدۆلۆژییەکە بۆ ئاوانی تر نانووسم ، چونکە من بۆ خۆیشم بەمانا ئایدۆلۆژییەکە نانووسم ، بەو شێوەیە نانووسم کە لەنیاتمدایە یان پێش وەخت لەگەڵمدا دەکەوێتە کارلێککردنەوە ، چونکە ئەم شتانە پەیوەندییان بە هونەرەوە نیە .

فاتیح : ئەمە قسەیەکی جوانە ، پرسیارەکەم درێژەی هەیە : ئاو ماددەیە چییە کە بەکاری دێنی بۆ دروستکردنی شتی تایبەت بە ئەدۆنیس ؟ پرسیارەکەم زیاتر ڕوون دەکەمەوە ، ئاو ماددەیەی هونەرمەندی شێوەکاری بەکاری دێنی بریتییە لە بەردێکی ڕووت (مبرد) ، ڕووتێک کە لاوە دەچێ لە ئەبزۆکێکی (سکون) کاتیدایە و هەمیشە لەگۆڕاندا نیە . گۆڕانکارییەکان لە شێوەکاریدا دوایی لە بینەرەوە دێت و بەگوێرەی بنەما هزرییەکەی شتێک لەخودی خۆیەوە بە بابەتە بەرهەنگ کێشراوەکە دەبەخشێت . بەڵام شاعیر ، ئەدیب ڕووتییە گۆڕاوەکان بەکاردێنێ و هونەرمەند ڕووتییە ئاژەڵییەکان بەکاردێنێ ، واتە کاتێک هونەرمەند وێنەی پیاوێک دەکێشێ ، ئاوا کام پیاوە خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی ؛ فیزۆنۆمیم ، مۆرفۆلۆجیم ، هۆکاری دەروونی و شێواندنەکان ! پیاوێکی دیاریکراوە . بەڵام تۆ ئەی ئەدیب یان نووسەر یاخود فەیلەسوف ، ئاو ماددەیەی بەکاری دێنیت گۆڕانکارییە ئێستاییەکەی خێرایە . ئەم ماسەلایە چۆن چارەسەردەکەیت ؟ چونکە وشەکان ڕووتیی گۆڕاون ، واتە کاتێ دەڵێی پیاو ئاوا چوار ملیارد پیاو هەیە ، کام پیاومت مەبەستە ؟

ئەدۆنیس : سەرەتا لەگەڵ ئاو قسەیتدانیم کە ووتت ماددەی هونەریت نەبزۆکە . چونکە کاتێک ڕەگەزەکان بەتەنیان شتێکە و کاتێکیش دەچنە پێکهاتێکەوە شتێکی ترە . بۆ نموونە لەلای تۆ شین ، سوور ، ڕەش ، تیر ، ئەم ڕەنگانە بەپێی قسەکات خۆیان لەخۆیاندا ئاژەڵین ، بەڵام کاتێک دەگەڵ ڕەوتێک دەکەون یان دەچنە چینێکەوە واز لە ئاژەڵیتی خۆیان دێنن . لەبەر ئاوەی ڕەش یان سوور لای تۆ هەمان ڕەش و سووری لای هونەرمەندێکی ترنیە ، لێرەدا جیاوازییەکی

تاواوەتی هایە ، کەواتە ئاو کاتەی ڕەنگەکان دەچنە پێکهێنانەوە گۆڕانیان بەسەردا دێت و کاتێك بۆ نموونە ڕەش و سوور لەپێکهێناندا لای تۆ بەدیدەکەم و لای هونەرمەندێکی دیش دەیان بینم ، لای تۆ خۆشییەك یان جۆرە ناوەڕۆکێك لە تابلۆکەت دێتەدەڕێ کە نابینم لە تابلۆی هونەرمەندێکی تر دەڕچێت . کەواتە هونەر بەپێی سروشتی خۆی و لە بنچینەدا لەگۆڕاندایە ، هەر لەو کاتەوە کە ڕەگازەکان وەردەگرێت ، دەیان چنێت ، دەیانهێنێتە ڕەوتێکەوە و بەپانجەکانت هەستیان پێدەکەیت ..

فاتیح : بڕوات پێ هێنام .

ئەدۆنیس : (بەردەوام دەبێ) بە ڕۆحت بۆنی دەکەیت ، بە جەستەت دەیشێلیت ، لەگۆڕاندایە .

ساحبان : دەکرێ ئەوە زیادبکەین کە تێپەڕبوونی ئەم شتانەی ناوت بردن بە عەقڵی مرۆڤدا و دەرچوونیان لێیەوە تایبەتمەندی ئاو مرۆڤ یان هونەرمەندە و ئاو سروشتەی دەداتێ کە کەسی تر نیەتی . تێپەڕبوونی ئاو شتانە بە کون و قوژبنی یادگارییەکەیدا ، هەروەك فاتیح ناوی نا ، خۆبەخۆ چیاوازدەبێ لەوەی لای ئاوی دی دێتە دەرەوە .

ئەدۆنیس : ڕاستە .. ڕاستە .

فاتیح : ئەم ڕوونکردنەوەیەم لێت قبوڵکرد ، ئێستاش دەفەرموو بچینە سەر بابەتێکی دیکە ، ئەویش بابەتی جوانییە . زاراوەی جواناسی بۆتە زاراوەیەکی کۆن و ڕۆژگاری بەسەرچووە و بێ مانا بووە . کاتێك وشەی جوانی دەبیستم ، دەپرسم : جوانی چییە و کرێت چییە ؟ یان خێر چییە و شەر چییە ؟ ئەم زاراوانە لەسەردەمی نوێدا مانایەکی دیکەیان وەرگرتووە و بەلای فەلسەفەکەی تۆشەوە هەموو شتانێکن کە بەغێرایەکی تۆندوتیژ لەگۆڕاندان . وشەی هونەرەجوانەکان بۆ ماوەی سەدان سەدە شتێکی بنچینەیی بوو ، بەڵام هەنووکە بۆتە شتێکی سواو . ڕات بەرامبەر ئاو هەستەی من چییە کە وشەی جوانی هەمان شوێنەواری جارانی لەجیهانی فراوانی دامێنانداە ئەماوە ؟

ئەدۆنیس : ئەمە ڕاستە : چونکە چەمکەکانی (مفهومات) وەك جوانی ، ڕاستی ، ئەڤین ... هتد چەمکانێکن گرێدراوبوون بەقۆناغێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی دیاریکراوەوە (لێرەدا زاراوەیەکی " کلاسیکی بەکاردێنم) قۆناغی بواژوازی کە بۆ ژیواری ڕۆژاوایی دامەزرێنرا و ئاو چەمکانەی لە جیهانی کۆنەوە بەمیراث بۆ مابۆوە کە بەچەمکی دەسەڵاتەوە گرێیدان . بۆیە کە داکۆکییان لە ئەڤین و جوانی و ڕاستی دەکرد ، ئاوا لەڕاستیدا داکۆکییان لە دەسەڵاتێکی ڕۆشنبیریی دیاریکراو دەکرد . هەر ناڵەبارییەکیش پێشبهاتایە بەجۆرێك لە شڵۆقبوونی هەمان دەسەڵات دەژمێردرا . لەبەر ئەوە هەمیشە بەگژاچوونی هزرە نوێیەکان لەئارادابوو . لێرەشدا بەگژاچوونی نوێیەکە لەبەر ئەوە نەبوو کە نوێیە ، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە جێی بەو چەمکە جوانکارییانە لاق دەکرد کە جێگیربوون و بەدەسەڵات و ڕۆشنبیرییەکی دەسەڵاتخوازی باوەوە گرێدراوبوون . لەمێژە پێشنیازی ئەوەم کردووە کە لەبری زاراوەی جواناسی نەگۆڕ یان ڕەها زاراوەی جواناسی گۆڕاو بەکاربەرێ . لەسەر ئەم بناغەیەش دەکرێ تابلۆکانی فاتیح مودەریس دیراسەبکرێ ، نەك لەسەر ئاو بناغەیەی کە خاوەنی جوانین و دایانەوێ دەبێ جوانی بن ، بەڵکو لەسەر بناغەی ئاوەی هەر تابلۆیەك لە تابلۆکانی جوانیی تایبەتی خۆی هایە . بەو پێیەش فاتیح مودەریس خاوەنی جیهانێکی بێ کۆتایی جوانییەکانە . لەوانەیە ئاو جوانییانە دەگەڵ یەکتردا ناکۆکیان هەبێت ، بەڵام هەر قۆناغێك زیندوێتی تایبەتی و داهێنانی تایبەتی خۆی هایە . ئەمەش مانای ئاوەیە جوانییەك نییە بەواتا ڕەهاکەی .

فاتیح : ئەمساڵ لە (دوکۆمێنتی ئەڵمانی) دا و لەبواری هونەری شێوەکاریدا ئافرەتێك (١٧) وێنەی فۆتۆگرافی کۆنەندامی زاوزێکردنی لەنێو چوارچێوەی کلاسیکی قەشەنگدا پێشاندا . هەڵبەت ئاو ئافرەتە ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆر بۆوە ، بەڕای من بابەتێکی ئاوا بوێرانە ، کە بابەتێکی بایۆلۆژی ڕووت ، هێرشی لەسەر نەریتە مرۆڤایەتییەکان تێدایە ، بەڵام لەڕوانگەی ئافرەتەکەوە دەبڕینی جوانییە . لەڕوانگەی خۆتەوە ، ئایا دەتوانی جێگرەوەیەك (بدیل) بۆ چەمکی جوانی لەسەردەمی نوێدا دیاری بکەیت ؟

ئایا دەکرێ پێناسەیەکی نوێی بۆ پێشکەش بکەیت ؟

ئەدۆنیس : لەو بڕوایەدام سەفتە وا بەئاسانی بانگاشەی دۆزینەوەی جێگرەوەکان بکرێ ، بەڵام پێم وایە لێکۆڵینەوە لەم بابەتەدا و لەسەر ئەم ئاستە دەشێ بەرەو دۆزینەوەی جێگرەوەکان بڕوات . کەواتە با سەرچاوە (مغامرة) بنوێنین و پێشنیازبکەین .. ئەگەر مرۆڤ پڕۆژەیەك بێت ، بەو مانایەی بەردەوام ناسنامەکەی خۆی دروست دەکات ، ئەوا ئەم ناسنامەیە لە ڕابردووەوە نایێت ، بەڵکو لە ئایندەوەدێت . لەم ڕوانگەیەوە مرۆڤ پەیوەندییەك پێکدێنێ ، پەیوەندییەك بەئادیارەوە، هەرچەند بەناوێدا ڕۆبچین بەئادیاری دەمێنێتەوە . بەو جۆرەش دەشێ چەمکێك کە پێ لەسەر چێژی جەستەیی (کیانی) هەمەلایەن دادەگرێ جێ بەجوانییەك چۆلکات کە زیاتر چێژێکی بینایی تا چێژێکی جەستەیی . چێژی جەستەیی تەواوەتی ناکرێ بێتەدی تەنیا لەپەیوەندییەکی نوێیەوە (شێوەی پەیوەندیی سێکسی) نەبێت بە گەردوونەوە . ئەم پەیوەندییە لەگەڵ گەردوون ، لەگەڵ نادیار ناوێتەیەکی دۆزینەوە و دەرکپێکردنی ئەو یەکگرتنە قوولەی نێوان ژیان و مردنە ، جۆرێکە لە مەستیی گەردوونی کە دەشێ جێ بەچەمکی جوانی تەقلیدی چۆلکات . هەڵبەتە سەفتە جێگرەوەکان شوێنی ئەو بڕوا و شێوازە کۆنانە بگرنەوە کە چەندین سەدەیە چەسپیون .

فاتیح : ئەگەر جوانی لەسەردەمی نوێدا گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێ ، ئەی سەبارەت بە کوشتن ؟ ئەو کوشتنەی نێستا لەهەموو شوێنێك پێڕەوی دەکرێ و مرۆڤی تووشی نازارێکی تووندوتیژ کردووە . کوشتن ڕانەوەستاوە ، بەڵکو بازبەرتر و تووندوتیژتر بووە. ئایا ئەوە مانای ئەوەیە کە ئێمە هێشتا لەسەردەمی تاریکیدا دەژین ؟

ئەدۆنیس : ئازیزەکەم فاتیح ، تۆ دەزانی و هەموومان دەزانین کە ئەم دنیایە ، هەر لەسەردەمی ئادەم و چیرۆکی قابیل و هابیلەوە ، لەسەر کوشتن دامەزڕاوە . بەڵای کەمەوە ، ئەو ڕۆشنبیرییەی وەك موسڵمان و وەك عەرەبیش تیایدا گەورەبووین ، ڕۆشنبیرییەکە ئایینیانە لەسەر کوشتن دامەزراوە . نەك لەسەر هەر کوشتنێك ، بەڵکو لەسەر کوشتنی بڕا لەلایەن بڕاکەیەوە . جا ئەگەر ڕۆشنبیرییەکەمان لەسەر ئەم بناغەیە دامەزرابێ ، ئەوا ئاسایشە بڕا نەك هەر بڕاکەی خۆی بکوژێت ، بەڵکو ئەوانی دیش بکوژێ. ئەمەش مێژووی ئێمە و مێژووی ئادەمیزادیشە . مرۆڤ بوونەوەرێکی بکوژە ، بەڵام ئەوەی لەیادی دەکەین ئەوەیە کاتێك مرۆڤ ئەوانی دی دەکوژێ خۆیشی دەکوژێ ، واتە مرۆڤ خۆی دەکوژێ کە ئەوانی دی دەکوژێ .

فاتیح : واتە ئێمە هێشتا لەسەردەمی تاریکیداین .

ئەدۆنیس : بەڵکو تاریکیەکە تاریکیتیەکەی زیدەتریش بووە .

فاتیح : ئەی ئەدۆنیس تۆ لەمن ڕەشبینتریت . ئێستا هەزدەکەم بچینە ڕێڕەوێکەوە ، بەشێوەیەك لەشێوەکان ، پەیوەندی بەو کوشتنەوە هەیە کە باسمانکرد . دەبێم ئەی ئەدۆنیس ئێمە ناتوانین لەدەرەوەی ئەم شارە هەبوونایەتیە (وجودي) بژین کە ئێستا ڕووبەڕوومان بۆتەوە . ئەوەی ئێستا لە یۆگۆسلاڤیا دەقەومێ بۆ هەڵگرتنەوەی گەلێك بەتەواوەتی ، ئەم جەنگە کە بە ئاییینی تایەفەگەری ناودەبرێ و بەبڕوای من وانیە . بەبڕوای تۆ ئەو هاندەرە ژیواریە چی بوو کەوای لە میتران کرد سواری فڕۆکە بێت و بچێتە یۆگۆسلاڤیا و ئەو مایدانی شارەکەوە ؟ بەبڕوای من ئەمە جوداکاری نیە بەڵکو بەرەنگاربوونەوەیە. جا لەبار ئەوەی تۆ لەو گوتراو و لێکدانەوانەوە نزیکبووی کە سەبارەت بەو سەردانیە دەبردراون ، دەمەوێ ڕای تایبەتیت سەبارەت بەو بەرەنگاربوونەوەیە و ئەو نارەزایی دەربڕینە بزانم .

ئەدۆنیس : لەبەرایيدا بۆچوونی ئەوانی دی لە فەرەنسا سەبارەت بەو سەردانییە باسدەکەم . دوژمنانی میتران ڕەخنەیان لێ گرت و گوتیان ئەوەی ئەو پێی هەڵسا تەنیا پڕوپاگەندەیەکی سیاسی بوو و وەك نامرازێك بۆ بردنەوەی هەڵبژاردنەکان بەکاریهێنا .

فاتیح : من گومانم لەوە هەیە .

ئەدۆنیس : بە مازەندەی من میتران ناچاری ئەوە نەبوو بۆ ئەوەی هەلبژاردنەکان ببانەوە . دۆستەکانی ئەم کارەیان بەکارێکی بوێرانە و بۆ بەرجەستەکردنی ئاو نەریتە هزری و سیاسیانە دانا کە بانگاشەی بۆ دەکردن و لەچوارچێوەی چەمک ڕۆشنبیری و ژیواریيە ئاوروپییەکاندا دایان نا . ئەگەر لەدەرەوەی ئەم چوارچێوانەی نێستا ، جا باش بن یان خراپ ، سەیری ئەم سەردانیە بکەین ، ئەوا دەتوانین لایەنێکی سەبوڵی : هەڵوێستی مرۆڤانە دژی قەلاچۆکردنی مرۆڤ ، تێدا بەدی بکەین . بەڵام ئەم هەڵوێستێکی سەلتەزەلامانیە ، چونکە کۆشتنی مرۆڤ تەنیا بە دەمانچە یان تفەنگ یان فڕۆکە یاخود گوللە و موشەک و بۆمب نیە . جۆرێکی تری کۆشتنیش هەیە کە درندەیی لەکۆشتن بە بۆمب و گوللە کەمتر نیە ، مەبەستم ئەوەیە ئادەمیزادەکان لەوە بێبەشکرێن کە کردار بەئازادییەکانی خۆیان بکەن ، ڕێگەیان لێ بگیردرێ بیروڕای خۆیان دەربڕن و بەئازادی هاتوچۆبکەن ، لەژیانی ئازادیی بەکەرامەت لەهەموو ئاستەکاندا بێبەشکرێن . ئەمەش جۆرێکە لەکوشتن . بەڵام هێشتا لە ئاوروپادا تیشکۆی (بۆرۆ) زیندوو و دامێنەر و تێکۆشەر دژی هێزی شەڕ و کوشتن دەبینینەوە . لە ئاوروپا لەبەرامبەر هێزی تاریکی هێزی ڕووناکی و خێر هەیە کە نەک لەسەر ئاستی تاک بەڵکو لەسەر ئاستی دامودەزگاش ڕێکخراوە . لەوێ لەلای تۆیژێک ئادەمیزاد مافی مرۆڤ پێشێل دەکرێ و لەلای تۆیژێکی دی ئادەمیزادیش مافی مرۆڤ داکۆکی لێدەکرێت . کەچی لەلای ئێمە لە وڵاتەکانماندا ئەمجۆرە دیاردەیە بەدی ناکەین . ئەمەش جیاوازیەکی بنچینەیيە لەنێوان ئێمە و ئەواندا .

فاتیح : لە ئاخافتنەکەتەوە وا تێدەگەم کە چەمکی جوانی ئاقارێکی تەواو جیاوازی گرتۆتەبەر . وانە گووتەی (گلێک مەکوژە چونکە چەمکی جوانی ڕەتیدەکاتەوە) هیچ مانایەکی نەماوە . جا کاتێک تۆیژێک سەرجەمی گلێک دەکوژێ ، ئەوە مانای ئەوەیە چەمکی جوانی پووکاوتەوە و شێوەیەکی بەخوومگرتووە کە ئالێم ئەمریەمانایە ، بەڵام چەمکێکە زۆربەی چەمکەکانی دی سەربوەتەوە . بۆ نموونە ، چەمکی بازمیی ، ئێمەی ڕۆژهەڵاتی شانازی بەوەوە دەکەین کە لە ڕۆژگاری جاهلیەتەوە هەتاکو ئێستا لە تەنگەتاوێکی سیاسیدا ژیاوین ، بەڵام چەمکی بازمیی ، ئەگەر سەرزارمکیش بووبێ ، هەمیشە لەئاردابووە . واتە چۆن بازمیی بە ئازڵ و ڕووەکدا دێتەوە ئاواش بازمیی بە ئادەمیزاددا دێتەوە . بەبڕوای تۆ چۆن هۆکاری بازمیی ڕۆژهەڵاتی بە وەرگێڕانێکی ئاوروپی بناسینەوە؟

ئەدۆنیس : بۆ ئەوەی بارودۆخی ئاوروپی ڕوونکەمەوە دوو نموونە دێنمەوە : لەنێو ئاوروپادا ئاست و جۆری زۆر هەن ، لەنێو ڕۆژاوادا ڕۆژاوایەکی هەمەلایەن و هەمەجۆر هەیە . ناکرێ وەک بارستاییەک ، کە هەمووی باش یان هەمووی خراپ ، مامەڵە لەگەڵ ڕۆژاوادا بکەین ، چونکە ئەمە هەڵەیە . با فەرەنسا وەک نموونە وەرگرین ، فەرەنسا لەناو فەرەنسادا لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدایە ، بەڵام بۆچی هەڵوێستێکی ئەخلاقیانەی تۆندوتۆڵ لەبەرامبەر قەلاچۆکردنی ڕۆژانەی گەلێک بەتەواوەتی و بێبەشبوونی لە مافەکانی وەرناگرێ . بۆ نموونە گەلی فەلەستینی ، ئەوە چارەگە سەدەیەکە ئاوروپا بێدەنگە بەرامبەر کوشتنی ڕۆژانەی . ئاوروپا دەزانێ کوژراو هەن کەچی نایەتە قسە ، ئایا ئەوە بێدەنگی نیە بەرامبەر کوشتن . بۆ ئەوەی بەوە تاوانبارنەکرێین کە عارەبین و دژی ڕۆژاوایین ئەفریقای باشوور وەردەگرین . لەوێ کەمینەیەکی سپی پێست حوکمی زۆرینەیەکی ڕەش پێست دەکات و ئاوروپاش بێدەنگە ، ئەوا نێستا ڕەش پێستەکان سوالی مافەکان و وڵاتەکەیان لە ڕۆژاوا دەکەن . بۆ ئەوەی وێنەکە تەواوبێ ، دەڵێم : ئەگەر لەئاوروپادا تیشکۆی ڕۆشنبیری هەبن کە داکۆکی لە ئازادی و مافەکانی مرۆڤ بکەن ، ئەوە بەو مانایە نیە کە لایەنەکەی تر ، لایەنە تاریکەکەی لە ئاوروپای سیاسی و ئابووری و کۆلۆنیالیستیدایە لەبیربکەین ، چونکە ئەو لایەنە وەک ئێمە کار بەهەموو جۆرەکانی کوشتن دەکات . لێرەشدا جیاوازییەک لەنێوان هەردوولادا دەبینێ ، ئەویش ئەوەیە کە لەئاوروپا و ڕۆژاوادا هێزی هزری و هونەری و سیاسی وا هەن ، ئەگەرچی زۆر چالاکیش نەبن ، کە بڕوایەکی ڕاستەقینەیان بە مرۆڤ هەیە وەک مرۆڤێک ، جا بیروباوەڕیان هەرچییەک بێ و خاوەنی هەر ڕەچەڵەکێک بن . بەڵام ئەو مەسەلەیە لەجیهانی سێ و جیهانی عەرەبیدا بەدی ناکرێت . مرۆڤ وەک ئادەمیزادێکی سەربەست و سەربەخۆ بوونی نیە . مرۆڤ لای ئێمە یان ئەندامی

تیرمیەکە یان ئەندامی تایەفەیەکە یان ئەندامی خێڵێکە یاخود ئەندامی حیزبێکە ... هتد و بەخودی خۆی بوونی نیە ، بۆیە تاکەکەس لەلای ئێمە وەک جانەوەر دەکوژرێ ، بێ ئەوەی هیچ سەرنجێک ڕابکێشێ . لەوانەیە مرۆڤ لەلای ئێمە زیاتر بازمیی بەکوشتنی مەڕێکدا بێتەوە تاوەکو بەکوشتنی مرۆڤێکدا ، ئەمە لە فەرهنگی ڕووناداتی ، بەڵام دەشێ فەرهنگی ڕەسمی پشتگوێی بخات ، ئەگەر لەدەرەوەی سنووری خۆی ڕووی دا .

فاتیح : کەواتە ئەمە جۆرێکە لە ڕەگەزپەرستیی نێونەتەوەیی .

ئەدۆنیس : بەشێوەیەک لە شێوەکان ، بەڵام ئەوەی پێویستە بابەتیانە و ڕاشکاوانە جەختی لەسەر بکرێ ئەوەیە کە ئەمڕۆ ئەورووپا زیاتر لە ئێمەی عەرەب ڕێزی مافەکانی مرۆڤ دەگرێت .

سەحبان : ئایا لەمجۆرە بارانەدا ناکرێ گەلانی ئەورووپا و حکومەتە ئەورووپیەکان لێک هاوێربکرێن ؟ سەبارەت بە یۆگۆسلاڤیا ، ئەو قورقاپەی ئەورووپا و وەرنەگرتنی هیچ بڕیارێکی گاریگەرانە لەلایەن دام ودەزگا نێونەتەوەییەکانەوە لەوەوە سەرچاوە هەڵناگرێ کە بکوژ مەسیحی و کوژراو ئیسلامە ؟ ئایا لەم بارەدا کێ بێدەنگە : گەل یان دەوڵەت ؟

ئەدۆنیس : گەل گوێنەدەرە غیرمکترث) . ئەوەی گوێدەرە ڕۆشنبیر و دەوڵەت ، بەڵام گەل گوێنەدەرە .

فاتیح : ئەی ئەدۆنیس ، لەبەر ڕۆشنایی ئەوەدا ، ئاز دەبینم کە هەر لە شەستەکانەوە سەرهەڵدانی ئاو چەمکانە لە ئەدەبەکەتدا هەیە . تۆ ئەدیبێکی جەنگاوەری . شەڕ بۆ ئەوەی لە ڕووخساری ئازمڵییەوە بۆ ڕووخساری مرۆڤانە ، لە هۆکارێکی خودیی ئازمڵییەوە بۆ هۆکارێکی مرۆڤانەی کاریگەر گەشبکات ، پێویستە ڕەوایەتیەکی دیاریکراوی هەبێت . ئایا شەڕ وشەیەکی ناکۆکە لەگەڵ جوانیدا یاخود زیرخوشک یان زیرایەتی ؟

ئەدۆنیس : هەروەک چۆن جوانی و جوانی هەیە ، ناواش شەڕ و شەڕ هەیە . بەڵام بۆ خۆم لەهەموو بارێکدا مەحاڵە بەپێی هیچ بەهانەیەک و بۆ هیچ ئامانجێک بە کوشتنی ئەوی دی یان چەوساندنەوەی یاخود سەرکوتکردنی ڕازیبم . مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی ئازمڵیانە یان خوایی ، بەو جۆرەی دەخوازیت ، مەزنترین بوونەوەرە لەدنیادا و پێویستە جیهان بەگشتی لەپێناوی ئەودابێت نەک ئەو لەپێناوی جیهاندا . ئەگەر لەساتێکیشدا خستیانمە بەردەمی ئەوەی بچەوسێنمەوە و بکوژم و سەرکوتکەم ، ئاوا دەڵێم بمکوژن و بمچەوسێننەوە و سەرکوتمکەن و هەرگیز سەرکوتکردن و چەوساندنەوە و کوشتن پێبڕەوناکەم .

فاتیح : من سەبارەت ئەوەی گووتت لەگەڵتانیم . ڕەنگە ئەوەی گووتیشت ڕاست بێت ، بەڵام لە ئەوەڕۆکی بابەتەکەدا ناتەبام لەگەڵتا . چونکە بابڕوای من تەماشاکەری کوشتن شەریکەبەشە لە کوشتنەکەدا .

ئەدۆنیس : باشە ، بەڵام ئەگەر وێستمان ئەم گووتەیە بۆ بنەبانێی بەرین ، ئەوا دەشێ بڵێین ئەوەی لە وڵاتێکی سەرکوتکەردا لەدایکبێ شەریکەبەشی سەرکوتکردنە . واتە ئەوەی لە وڵاتێکی داپڵۆسێنەردا دەژێت بەشێکە لە داپڵۆسین . بۆیە من لەگەڵتا ناتەبام و دەڵێم تەماشاکەرێک هەیە شەریکەبەشە و تەماشاکەرێکیش هەیە کە مەحاڵە شەریک بێت ، واتە تەماشاکەر و تەماشاکەر هەیە ، بەگوێرەی هەلومەرج و بارودۆخ و حاڵەتەکان . چۆن ؟ چونکە بۆ ئەوەی دەرفاتی ئەوەی بۆ بڕەخسێ بێتە تەماشاکەر ، پێویستە خۆی سەرکوتکراوبێت .

فاتیح : ئەی ئەدۆنیس من بەتەماشاکەرت دانانێم ، چونکە ئەوەی لەماوەی مێژووە دڕێژەکەت و لەشێوەی هزری سمبولی و ڕاشکاودا پێشکەشت کردووە ئاوە ناگەیەنێ کە تۆ تەماشاکەر بووبێت ، من مەبەستم ئەو تەماشاکەرانەیە کە لە مەیدانی زۆرانبازیی ڕۆمانیدا دانیشتوون و سایەری کوشتن دەکەن . ئێمە باسی فەلەستین و ئەفریقای باشوور و یۆگۆسلاڤیامان کرد ، ئەوانە بەبەرچاومانەوە دەکوژرێن و مەیدانەکەش شاشەی تەلەفزیۆنی لای خۆمانە .

ئەدۆنیس : مەبەستت ئەو تەماشاکەرەیە کە بێدەنگ و شتێک ناڵێ ؟ وشەی تەماشاکەر دیاری بکە .

فاتیح : مەبەستم لە پرسیارەکەم تەماشاکەرەکانی عەرەبە کە توانای خۆهەڵقورتاندنیان هەیە .

ئەدۆنیس : ئایا عەرەبێک هەیە توانای خۆهەڵقورتاندنی هەبێ ؟ بۆم دیاری بکە کتومت چیت دەوێت .

فاتیح : بۆچی گەلان توانای خۆهەڵقورتاندنیان هەیە و حکومەتەکان توانای ئەوەیان نیە ؟

ئەدۆنیس : ئەوەی پێی دەوترێ گەل ، بەواتا سیاسییە دیموکراتیەکەی ، لەجیهانی عەرەبدا بوونی نیە . بەم واتایە گەل بەدرێژایی مێژووی عەرەب نەبووە . مەبەستم لەوە ئەوەیە گەل بەو جۆرە لەئارادا نەبووە کە توانای دەربڕینی ویستێکی ئازادانەی سەربەخۆی هەبێ . لەسەردەمی دامەزراندنی خیلافەتەوە هەتاکو ئێستا وەک ناسنامەیەکی سەربەخۆی دامەزراو لەگۆڕێدانەبووە . تەنانەت خیلافەتەکە خۆیشی یەکەمین دەوڵەتی عەرەبییە کە لەسەر بناغەی سەرکوتکردن دامەزرا ، چونکە یەکەمین دەوڵەتی عەرەبی دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر لەپێگەی کۆدەتایەکی نیمچە سەربازییەوە دامەزرا و نیوەی موسڵمانەکان ، کە ئەنسارییەکان بوون ، بەزۆر دوورخرانەوە و بەزۆریش ناچارکران (مبایعة) بکەن . ئەمش مێژوویەکی ناسراوە . هەر لەو مێژووەوا گەل لەئارادا نەبووە ، بەڵکو دەسەڵات ـ بەشێوەیەکی تایبەتی دام و دەزگای ئابووری و ئایینی ـ لەگۆڕێ بووە . لەڕاستیدا گەل لەلای ئێمە بوونی نیە .

فاتیح : ئەدۆنیس تۆ لەم بارەدا چەمکی دیموکراتی لای عەرەب ڕەت دەکەیتەوە ، ناوەڕۆکی ئازادی لەلایان ڕەت دەکەیتەوە ، وە بەگەڕمێیی هەستی ژیواری جەماوەر تاوانباریان دەکەیت .

ئەدۆنیس : من تاوانبارناکەم ، من سەرنجدەدەم . پێم بڵێ یان نیشانمدە ، ئایا لەمووو مێژووماندا جارێک گەل هات و بەئازادییەکی تەواوەتی هەڵبژاردنی کرد . هەمیشە کەسانێک هەبوون نوێنەرایەتی گەل بکەن ، هەر لەسەرۆکی تیرمکانەوە بگرە کە (مبایعة) ی خەلیفەیان دەکرد تا دەگاتە حیزب و ئایدۆلۆژییەکان . ئێستا لەو نیشتمانەدا کەبە عەرەبی ناودەبرێ ، هەر لە کەنداوەوە تاکو ئۆقیانووس ، بڕوانە ڕێکخراو و ڕژێمە جۆربەجۆرەکانی و تەنیا ڕۆژنامەیەکم پێشاندە کە بەواتای سیاسی و هزری و ئابووری وشەکە ئۆپۆزسیۆن (معارضة) بێت .

سەحبان : ئەوەی تائێستا باستانکرد بێ پادە گرنگ بوو و بابەتی زۆر هەستەوەری (حساس) بەخۆوە گرت ، بەڵام ئەی دەربارەی خۆتان چی .. ئێستا ئێوە لەکوێن ، بۆ لەباسکردنی ئەو مەسەلانە هەڵدێن کە پەیوەندیان بەخودی خۆتانەوە هەیە ؟

فاتیح : کەواتە با بچینە نێو هەندێ مەسەلەوە کە پەیوەندی بەخودەوە هەیە . ئەی ئەدۆنیس لەکاری هونەریدا میکانیکیەتێکی خودی هەیە کە بەدەستیەوە دەنالێنم و لەو بڕوایەشدام زۆر هونەرمەند و ئەدیبی تریش بەدەستیەوە دەنالێنن ، ئەویش بەر لەدەستپێکردنی پڕۆسەی داهێنانە لەلای هونەرمەند . ئەوش گەشتێکی کەمێک سەختە ، مەبەستم لەو گەشتە چوونە ناو خود و وەستانە بەترسەوە یان بەئازایانە ، ئازانم ، لەوانەیە بەترسەوە بێت لەوانەشە بەئازایانە بێت . ئەو چوونە ناو خودەوە و تاوتوێکردنی ئەو ماددەیەی پێش وەخت بۆ لێکۆڵینەوە ئامادەیکردووە ، وە وەرگرتنی ئەو کەرەستە خاوانەی بۆ کاری هونەری پێویستن ، وەک ئەوەی هونەرمەند لەکاتی هەنگاوناندا بۆ کارێکی هونەری یان داهێنەرانەی نوێ بچێتە ناو ئەشکەوتی یادگرییەوە (ذاکرة) . ئەمەت پێ دەڵێم ، چونکە زۆربار بیرم لەم بابەتە کردۆتەوە و لەخۆم پرسیوە : ئاخۆ لەکاتی کاری داهێنەرانەدا دەچمە ناو ئەشکەوتێکی ڕێکوپێکەوە یاخود پەشۆکاوەوە ؟ نازانم . پرسیارەکەی ئاراستەی تۆ دەکرێ : چۆن دەچیتە ناو ئەشکەوتی یادگریی یان کارگەی ناوەکییەوە و چۆن لێی دێیتە دەرەوە ؟ ئەو بارودۆخە دەروونیە کامەیە کە گەمارۆت

دەدات و ئەو وزە دەستەبژێرە (انتقائي) چیە بۆ خۆت بەتایبەتی ؟

ئەدۆنیس : پێدەکەنێ ، هەی نەینی دۆز ، ئەی نەینی دۆز ، بەڕای من ئەمە پرسیاری پرسیارمکانە و حازدمکەم پاش هەوڵدانم بۆ وەڵامدانەوەی گۆنیم لە وەڵامەکەی تۆش بێت . لێرەدا ساڕێی قسەکردن سەختە و هیوادارم ئەوانەی وەڵامەکە دەخوێننەوە لەگەڵماندا میهرەبان بن . سەرەتا من کێم بەو مانایەی کاری دامێنەرانە دەکەم ؟ من لەناو پۆشنبیرییەکی دیاریکراودام و لە ڕێگەی پۆشنبیرییەکەوە پەروەردەبووم تێڕوانینە ئەو شتانە نالێت کە پێویستە بگووترێت و ئەو پرسیارانە دەرنابڕێ کە پێویستە دەربڕدرێن . کەواتە من لەناو ئەم پۆشنبیرییەدا لەڕووی پۆشنبیرییەوە سەرکوتکراوم .

فاتیح : ئەمە بەر لە چوونتە بۆ ناو ئەشکەوتەکە .

ئەدۆنیس : هەڵبەتە ، من یەکەمجار باسی خۆم لەدەرەوەی ئەشکەوتەکە دەکەم . ئێنجا بیهانێکی سەرکوتکراو و پەراوێزکراوی بێ کۆتایی لە پۆشنبیرییەکەمدا هایە ، ئەویش جیهانی لەش (جسد) و ئەوانەی تڕە کە پێوەی لکاون ، وەک نائاگایی و سۆز و خاون و خواست و هەوەسەکان .. هتد و ئەمانەش کەرەسەی ڕاستەقینەی یادگرییی دامێنەرانەیە . بەو جۆرە وەک قەوارەیەکی نیوە پچڕاو دەتزێمە ناو پڕۆسەی دامێنان یان ئەشکەوتی دامێنانەوە . لەگەڵ سوپایەکی زەبەلاحی پۆلیسدا دەچمە ناوەوە کە فرمانم پەسەردا دەکات : ئەمە بڵێ ئەوە مەڵێ ، ئەمە جایزنیە چونکە دژی ئایینە ئەوە ناشێ دژی سیاستە . واتە لەڕاستیدا جۆرێک دەچمە ناوەوە کە هەر دەڵێی ، نەک لەدەرەوەڕا بەتەنیا بەڵکو لەناوەوەڕاش ، بە سوپایەکی زەبەلاحی ڕەقیبەکان گەمارۆدراوم ، ئێنجا دەست دەکەم بە پڕۆسەی نووسین . کاتێک دەست بەنووسینیش دەکەم ، لەڕووی تەکنیکیەوە شیعر ڕاستەوخۆ ناتووسم .. کە بیرۆکەی شیعرێکم بۆ دێت ، جێدێڵم لە جەستەمدا ، لە زەمەندا بنەمێنێت ، لەگەتی ئەو خەلینەشدا ڕەگەکانی خۆی بەهەموولایەکدا شۆڕدەکاتەوە ، بەجۆرێک دەشێ شیعرەکە شتی زۆر بڵێ کە لەڕابردوودا بە شێوازی تر گووتراون . لەگەتی ئەو خەلینە دڕێژخایانەدا لەش بەشداری دەکات ، عەقڵ بەشداری دەکات ، ڕۆشنبیری بەشداری دەکات ، هەروەها کاریگەرە دەرەکیەکانیش . هەر لەگەتی خەلینەکەشدا شیعرەکە ئیقاعەکەی دەخولقێنێ . ئینجا دەبێ چاوەڕوانی پرێشکەکە بکەم ، چونکە ناتوانم شتێک بنووسم هەتا هێماکە (اشارة) نەیەت ، هێماکەش پرێشکەیەکە کە وابزانم کەس نیە بتوانێ شرۆڤەی بکات . ڕەنگە لەساتێکدا بێت کە چاوەڕوانی نیت ، ڕەنگە لەکاتێکدا بێت کە تۆ خاوتووی ، ڕەنگە لەکاتێکیشدا بێت کە خاون دەبینیت ، جا هەڵدەستی و دەستپێدەکەیت . کاتێک دەستپێدەکەم ڕاستەوخۆ و بێ ڕاوەستان دەنووسم . واتە ڕەنگە شیعرەکە بیست لاپەڕە بێت ، بەڵام یەکسەر و بەیەکجار دەینووسم ، چونکە لەناو عەقڵمدا ئامادەیە . کاتێک لە نووسینی شیعرەکە تەواوبووم ، قەدی دەکەم و دوور لەخۆم دایدەنێم ، لێی جیادەبمەوە ، بۆ ماوەی هەفتەیەک یان دە ڕۆژ جێدێڵم ، پاشێی بارەکە ، ئینجا دەگەڕێمەوە سەر خوێندنەوەی ، ئەویش وەک ئەوەی یەکەمین جار بێت بیخوێنمەوە . هەندێ جار هەندێ شت لەگەڵمدا ڕووەدەات کە نایەتەوە یادم و وەبیرم نایەتەوە چۆن نووسیومە . پاش ئەوە سانسۆری هونەریمی لەگەڵدا دەمەنە کار و بەشێوەی کۆتاییەکەی ڕێکی دەخەم . ڕەنگە سەرەتاکەی ببێتە کۆتاییەکەی ، ڕەنگیشە هەندێ وشە بگۆڕم و جێگەرەوە لەشوێنیان دانێم . ئەم پڕۆسە هونەرییە وردکارییەکە هەمیشە ڕووندادات ، تەنیا لەهەمان شیعردا نەبێ ڕووندادات .

ڕیلکە جارێکیان ووتی : بۆ ئەوەی بتوانی دەربارەی گوڵێک یاخود شتێکی سادەی ناو ئەم گەردوونە بنووسیت ، پێویستە زانیاریت سەبارەت فیزیا و درەخت و ڕووبارەکان و گەردوون بەدەستەوەبێت . کاری هونەرمەندی مەزن هەموو گەردوون بەخۆوە دەگرێت ، هەڵبەتە لەڕوانگەی ئەم کارەوە . بۆیە لێرەدا دووبارەبوونەوە ، چەند تۆخمێک کە هونەرمەند دووبارەیان دەکاتەوە ، لەئارادادەبێت ، بەڵام نابێ دووبارەبوونەوەکان بایەکتربچن . واتە هەمیشە هەمەڕەنگی لەئارادایە ، کەچی خوێنەرە ڕوالەتی و ئاساییەکان ، کە خوێندنەوەیان تەنیا وشایەکی خۆشەویستییە لە شیعرێکدا یان بینینیان تەنیا ڕەنگێکی دووبارەبووە ، دەڵێن ئەدۆنیس یان فاتیح خۆیان دووبارەدەکەنەوە . بەڵام هونەرمەند

خۆی دووبارە ناکاتەوە ، (ام کلثوم) هەندێ جار ڕستەیەکی گۆرانی بۆ دەیان جار دووبارەدەکاتەوە ، لەهەر جارێکیشدا بەشێوەیەکی جیاواز دەیڵێتەوە ، بەڵام تەنیا هونەرمەند دەتوانێ ئەو جیاوازییە بدۆزێتەوە . ئەمش ئەوەیە کە گووتنی سەبارەت بە گشت هونەرمەندە گەورەکان ڕاستە ، چونکە هونەرمەندی گەورە یەکجار شتێك دەڵێت ، بەڵام بەهەمان ڕەنگیەکی زۆر هەتا بڵێ کۆتایی دەیڵێتەوە . لێرەدا هونەرمەندێك نیە بەشێوەی کۆ بڵێ شت + شت + شت ، هونەرمەند درەنت ئاسا شاقوولیانە شۆڕدەبێتەوە و بەهەموو لایەکدا پاڵدەهاوێژێ . ئێستا دەچمە سەر سێیەمین خاڵ ، ئایا ئەوەی کردووەمە ڕاستگۆبووم یێی یاخود دڕۆزن . ئەز دەڵێم لەنووسینەکانمدا درۆیەکی جووتەکم (مزدوج) هەیە : یەکەمین درۆ ئەوەیە کە نەمتوانیوە ئەوە بڵێم کە مەبەستم گووتنی بووە و تەنیا ئەوەم گوتووە کە ئەو سوپایەی ڕەقیبەکان ڕێگەیان پێ داوە ، ئەگەرچی من تارادەیەك یەکێك بووم لەبوێرترین ئەو کەسانەی بەزمانی عەرەبی دەنووسن . هەروەها من سانسۆرێکی دیکەم هەیە ، ئەویش سانسۆری لەشە . من ناتوانم سەد لەسەد لەگەڵ خۆمدا ڕاستگۆبم ، چونکە ئەمجۆرە ڕاستگۆییە مردنە بۆ خۆی ، کەواتە لێرەدا درۆ هەیە بەسەرتدا سەپێنراوە و دروشم هەیە ناچاریی خودە . هەروەها جۆرێکی دی دروشم هەیە ، ئەویش درۆی زمانەوانییە ، چونکە مەحاڵە وشە ، چوارچێوە و قوواڵیی هەرچەندێك بێت ، بتوانێ بەشێوەیەکی تەواو دەربڕ و نیشاندەری شتەکە بێت . هەروەها ڕەخنەگیش. کەواتە شتێك هەیە کەدەشێ ناوی درۆی ماوەی(مسافة) لێ بنێم ، واتە ماوەیەك لەنێوان تۆ و ئەو شتەدا دەبێنێتەوە کە دەتەوێ بیڵێیت و ئەوتوانیوە بەدەستی بهێنی . بەم واتایە ، هونەر تەنیا لەسەر ئاستی دڵسۆزیی هەوڵدانەکە ڕاستگۆیە . ڕاستگۆیت بەو پێیەی دڵسۆزبوویت و خۆت داوەتە دەست هەوڵدانەکە .

سەحبان : حازدەکەم لێرەدا قسەیەك بکەم ، فاتیح ووتی چوونە ناو جیهانی داهێنانەوە ، کە بە ئەشکەوتی یادگریی ناوی برد ، حاڵەتێکە ترس بەخۆوە دەگرێت ، ئایا ئەدۆنیس هێشتا لەگاتی نووسینی شیعردا هەست بەترس دەکات یاخود لەم ترسە ڕزگاریبووە ؟

ئەدۆنیس : من تەنیا لەوە دەترسم کە توانام نەبێ ئەوە بڵێم کە لەدەروونمدا گرێگرتووە ، ڕەنگە بەم مانایە بترسم . من لەهەڵکوتانسەر و لە بوێری بۆ دەربڕینی پرسیارەکان ترسم نیە ، بەڵام لەوە دەترسم دەستەوەستاو یان کەمتەرخەم بم ، ئەم ترسەی منیش هونەرییانەیە .

سەحبان : وابزانم ئەمە ئەو ترسەیە کە فاتیح مەبەستی بوو ..

ئەدۆنیس : ئێستاش ئەی فاتیح حازدەکەم سەبارەت ئازموونی خۆت لەهەر هەمان بابەتەوە بۆمان بناخڵی .

فاتیح : بێگومان هاوبەشیی هەستی تەکنیکی لەنێوان ئەدیبێك کەتۆیت و هونەرمەندێکدا کەمنم هەیە ، بەڵام تەکنیکەکە - وەك لەسەرەتای ئەم دیدارەدا بۆم باسکردی - جیاوازە ، چونکە ئەو ماددەیەی هونەرمەند نەکاریدێنێ دیاریکراو و ، ڕووتیەکان (مجردات) دیاریکراون ، ئاژەڵیانەن . ڕووتیەکان لەلای نووسەر شەپەنگێکی (طیف) بەرفراوانیان هەیە ، هەر وشەیەك شەپەنگێکی فراوانی هەیە ، کەچی شەپەنگی ماددەی ڕەنگی چەند سانتیمەترێکی کەمە ، بەڵام ئەمە ڕێگە لە پێوەنالینی (معاناة) ترس ناگرێت . سەبارەت بەخۆم ، من لەتابلۆکێشاندا بەدوو قۆناغدا تێدەپەڕم : یەکەمیان وەها دەستپێدەکات کە من وەك باخەوانێك تۆو فرێدەدەمە زەوییەکی بەتاڵەوە کە پێی توانا بەپێت بێ بۆ شینبوون ، ئینجا مەسەلەکە لەیاددەمکەم ، ئەوە لەبیردەمکەم کە تۆوی ئەو هەر یاخود پێکهاتەیەم فرێداوە . بەڵام ئەی ئەدۆنیس سەیر ئەوەیە لەچرکەساتێکی دیاریکراودا ، لەکاتێکی دیاریکراودا ، لە شوێنێکی لەوەوپێش دیاریکراودا و لەبارودۆخێکی سایکۆلۆژیی پێشووتردا ڕووەو تابلۆکە دەڕم و دەستپێدەکەم ، هەروەك ئەوەی جنۆکەیەك قۆڵی گرتووم و ڕووەو ئەو تۆوەی بردووم کە تازە ڕژۆی کردووە . ئەمە بارێکی دووپاتکراوەیە کە هەستپێدەکەم . کەواتە من ناڵێم : دەڕم بۆ ژووری نیگارکێشان تا تابلۆیەك بکێشم . بەڵام ئەگەر تۆوەکە پێشتر ! هەفتەیەك ، مانگێك یاخود دوو کاتژمێر ، چێنرابێت ئەوا مەسەلەکە جیاوازە . ئێستا من لەبەرامبەر تابلۆکە و ڕووبەڕی سپیم ، دەمووزم ڕەنگە سپیەکە پیس

بێت، من ڕقم لە ڕەنگی سپیی بەتاڵ دەبێتەوە ، چونکە لەڕاستیدا ڕەشە نەک سپی . لەبەرانبەر تابلۆکە هەمان هەستی تۆم هەیە ، هەست بەو سوپایە دەکەم کە تێدا جێگیربوو و لەمنیشدا جێگیرە ، لەبەر دەرگای ئەشکەوتەکەدا - وەک ناومان لێنا - هەستدەکەم کۆمەڵێک قامپیدار لەدەورم ئالاون، من بەم دەڵێم تەپ وتۆزی زانیاری ، تەپ وتۆزی ڕۆشنبیری ، کەواتە چۆن بە نوێ و ڕاستگۆ دەگەم ئەگەر چەندین پاڵەوری ئەم تەپ و تۆزە و چەندین پاڵەوری شت و کەرەستەکان بەچواردەورماندا ماڵەوانی بکەن ؟ وا هەستدەکەم دەبێ کەسێکی ئەسووناوی خەیاڵاویمان هەبێت بۆ کەسکدانی ئەو تەپ وتۆزە ، بۆ ئەوەی بگەمە قۆناغێکی جەستەیی کە بەشێوەیەکی تایبەتی ڕووناکی ببینێ . وە چیژ لە بیدەنگی وەربگرم ، بیدەنگییەک کە لەپشتییەوە ئەوە هەیە کە دەترسێ و خۆیشی هەڵدەقورتێنێ ، ئێنجا ترس پاشەکشەدەکات . پاش ئەوە دەچمە نێو جۆرێکی تری کون و قوژبنەوە کە جیاوازە لەگەڵ تۆدا ، لەو کون و قوژبنەدادووچاری جەنگی خێر و شەردەبم . من مرۆڤی خێرم و پێویستە قسەی خۆم بەرانبەر شەر بکەم ، بەڵام شەر ناچێتە ناو تابلۆکەوە ، چونکە ڕگەزێکی گفتوگۆکار نیە شەر تەنیا ڕووبەکی ناسراو و ڕەتکراوە وبەرچاوی هەیە و گفتوگۆ هەڵناگرێ . کەواتە ، لەبەر ئەوەی شەرکردنی من لەنێوان خێر و شەردا ، وە لەبەر ئەوەی من خۆم بەهونەرمەندێکی دەروەست (ملتزم) دەزانم نەک هونەرمەندێکی جوانکار ، لەم ڕوانگەیەوە من هەڵدەستم بە ڕاهێنانی شەر لەخزمەتی ئەوەی دەشێ بەخێری تابلۆکە ناوببرێ ، بۆچی ؟ بۆ ئەوەی تەمەنێکی درێژتر بدەمە تابلۆکە ، چونکە من نیگارکێشێکی ڕاگەیەنەر نیم ، من گفتوگۆ دەخولقێنم و وزەی خۆم دەخەمەگەر بۆ ئەوەی تابلۆکە تەمەنێکی درێژتری هەبێت لەلای بینەر ، ئەمەش کاتێک ڕووددەدات کە بتوانم ئەو ماددە بەهادارە بەدەستبێنم کە لە گفتوگۆی پێشوودا بە پریشکە ناومان برد و تۆش کەمێک لەماوبەر باستکرد ، چونکە نهێنی کاری هونەری لەم پریشکەیەدایە .

بەشێوەیەکی کورتکراوە ، ئەمەیە تەکنیک ، وردبوونەوە ، ئێنجا ترس ، ئێنجا باوەڕبوون و متمانەکردن بەوەی بەشێوەیەکی ڕاست و دروست ڕێدەکەم ، پاشان ئەو شادمانیە مەزنەی کەس نایتوانیوە سەرکەوتوانە دەربببڕێت جگە لەخاوەنی سیمفۆنیەکان ، بەتایبەتی بیتهۆڤن و تشایکۆفسکی کە توانیان دوایین چرکەساتەکانی شادمانی دەسکەنبکەن ، ئەوەی سوفیستەکانی بە هەڵهاتن (الاشراق) ناوی دەبەن ، ئەمە ئەو میکانیزمەیە کە لەڕێگایەوە کاردەکەم، ئایا هونەرمەندەکانی تریش پیایدا تێدەپەڕن ؟ ئایا تەکنیکێکی تریان هەیە ؟ نازانم ، بەڵام هونەر لەکۆتاییدا گەمەکردن نیە .

ساحبان : لەسەرەتای ئاخاقتنەکەدا گووتت کە دەووسیت هەندێ جار گەمە دەکەیت ، هەندێ جار خەون دەبینی و هەندێ جاریش دەووسیت. ئایا ئەم کارە لەسەرەتای دەست بەنووسینکردنتەوە لەگەڵتا بووە یاخود ئەمە شێوازی نێستاتە و پاش تێپەڕبوونی کاتێکی یەکجار درێژ بەسەر سەرەتاکانتا ؟

ئەدۆنیس : نا ، هەر لەسەرەتاوە وابووم ، بەڵام هیوادارم ئەمە بەواتا نێگەتیڤەکەی (سلبی) تێنەگەن ، هەموو نووسینێک جۆرێکە لە سەرچڵی و عەقڵ ناتوانێ کۆنترۆڵی بکات ، واتە خۆت بۆ ناو شەپۆلەکە فڕیدەیت و ماڵەبکەیت ، لەم ماڵەوانیەدا نازادی و ئازادی و گەمە و خەون و خۆرسکی زۆر هەیە ، مەبەست لە گەمە و خەون ئەوەیە ، بۆ ئەوەی بتوانم ئەوە دەربڕم کە مەبەستمە ، پێویستە عەقڵ و لۆژیک ڕەتکەمەوە ، بۆ ئەوەی پێکیش بهێنم ، دەبێ مێزی سانسۆر بهێنمەوە . واتە لەسەر ئاستی دەربڕین پێویستە عەقڵ و لۆژیک ڕەتکرێتەوە ، لەسەر ئاستی تەکنیکیش پێویستە سانسۆر تووندتربکرێت . چونکە هونەر لەدوائەنجامدا شێوازە نەک هزرەکان ، هزرەکانیش کەس داینەهێناون و هەر لەکۆنەوە تاکو ئەمڕۆ هەبوون . هەروەها هونەر بریتیە لەوەی پەیوەندییە نوێکان و ڕەوتکارییە نوێکان بخولقێنێ ، هونەریش بەم مانایە شێوازە ، بەبێ ئەوەی ئەمە ئەوە بگەیەنێ کە بێ ناوەڕۆکە .

تێبینی بەکان

* ساحبان : بەڕێوەبەری بەڕێرسیاری گۆڤاری (الف).

** ئەم گفتوگۆیە لەسالی ۱۹۹۲ دا تایبەت بۆ گۆڤاری (الف) کراوە .

★ سەرچاوە :

گۆڤاری (الف) ژمارە (۱۷ - ۱۸) ۱۹۲۲ .

وەرگێڕانی لە فارسییەوە : ڕێبوار



جیهانی نووسین لەسەردەمی وێنەدا

گفتوگۆ لەگەڵ فەیلەسووفی ئیتالی : ئەمبێرتۆ ئیکۆدا

- تۆ نیشانەناسیت ، لە دەزگای نیشانەکان دەکۆلیتەوە . ئەم کارە پەیوەندی بە کۆمەڵانی خەڵکەوە چییە ؟ ئایا دەکرێ لەم شێوازە تۆێژینەوەیەی ئێوە بە ئەنجامی دەگەیەنن ، ئاکامی پراکتیکی وەدەستبهێنرێت ؟

- من زیاتر لەوەی خۆم بە نیشانەناس بزانم، خۆم بە فەیلەسووف دەزانم . بەڵام ڕەنگە ئەوڕۆکە « نیشانەناسی گشتی » گرنگترین لقی فەلسەفە بێت . ڕەنگە هیچ کاتێک وەک ئەم ڕۆژگارە پێویستمان بە نیشانەناس نەبووبێت . ئێمە لە کۆتاییهاتنی سەردەمی بادووبەشەومبوونی جیهاندا دەژین ؛ لێرە بەپێش ، لەبەر ئەوەی نیشانەناسانی سەر بەهاردوو ئۆردووگا وایان پێشان دەدا گوایە ڕەخنەدەگرن و سیستەمی یەکدی شیدەکەنەوە ؛ هەموو شتێ ئاسانتر دەهاتە پێشچاو . بەڵام حاڵی حازر ڕووبەڕووی ژمارەیەکی زۆر فەرهەنگ و زمان و وتار بوونەتەوە ، لەنێو ئەمانەیشدا گەلێ جیاوازی بەدیدەکرێت و هەر یەکەیشیان جارێ بەناشتی و جارێ بەتفەنگ داوای مافی خۆی دەکا . بۆیە بەبڕوای من ئێستا زیاتر لەهەر کاتێکی دی پێویستە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندی و جیهانبینییەکان ڕووبەڕووی یەکدی ببنەوە .

جا ڕێگ و ڕاست ئالێرەدایە کە ، نیشانەناس دەکارێ دەستگیرۆییمان بکات . دیارە هێندە ساویلکانیم بڵێم ، نیشانەناس لەدەستی دێ لەجیهاندا ئاشتی ساقامگیربکات ، یاخود کۆماری حەکیمەداناکان پێکەوەبنێ ، وەڵێ جۆری دیتنی نیشانەناس بۆی هەیە کاریگەری فیرکاری و ڕاوەردەیی هەبێت . هەروەها نیشانەناس دەتوانێ تیگەیشتێکی جیاواز و تایبەتیمان لەسەر نیسبیەت، جیاوازی و خۆشەفتاری فێربکات .

سەبارەت بە ئەوەی نوێ ، دەبێ هەر زوو ! لەسێ - چوار سااڵنەوە دەست بەکاربین . بەڵای کەمەوە دەبێ فێری ئەوەیان بکەین کە ، زەمانی جۆربەجۆر هەن پاشان هەر خۆیشمان بیرۆکەی هەبوونی « جیاوازی » و « جۆربەجۆری » یان تێگەیەنین . ئەرکی بنەڕەتی بریتیە لەوەی پێشانی منداڵانی بدەین کە ، بۆ نموونە : بۆ ئاوهێنانی کەرووێشک شێوازی زۆر و زەبەندە بەکاردەبرێن و ئەگەر هات و خەڵکانێک لە ئاخاوتنیانا دەربارەی کەرووێشک هەمان ئەو ووشانەیان دەکارنەهێنان کە ئێوە دەکاریان دەهێنن ! ئەوە مانای ئەوەیە ئەو خەڵکە بەپێویست خەڵکانی دڕندەن . جا لەبەر ئەوەی نیشانەناسی نەک تەنیا بەسیستەمی زمان ، بەڵکو بەهەموو سیستەمە فەرهەنگیەکان ڕادەگا ؛ بۆی هەیە لە فێرکردنی ئەم لایەنەدا سوود بەمنداڵان بگەیەنێت و حاڵییان بکا لەوەی لە کۆمەڵگا جۆربەجۆرەکاندا شێوازی دیکەی جل و پۆشاک لەبەرکردن ، نانخواردن و بەکورتیەکەی

داب و نەریتی دیکە لەنارادان و هەرکامێ لەم داب و نەریتانەیش لەو کۆمەڵگایانەدا مانای تایبەتیان هەیە .

ئەمە یەکێکە لە ڕێگاکانی فێرکردنی میهرەبانی و خۆشبەختاری بەمندالان . خۆ ئەگەر هەر منداڵێ لەناوماڵدا داهاتوو بتوانێ بەهەمان خۆشبەختیەوە نیشانەناسەکان ، سیستەمە جۆراوجۆرەکان بهێنێتە پێشچاوی خۆیان ! ئەوە پێشکەوتنێکی بێ نموونەمان وەدەستهێناوە ! لەگەڵ ئەمانەیشدا ، تەنانەت ئەگەر توانای ئەوەمان بەخشیبە هەرەکێ بۆ باشتر ناسکردنی ئەوەی دیکە ، هێشتاکو ئەمکارە خۆبەخۆ نابێتە هۆی لەڕمگ دەرهێنانی بەدی و خراپەکاری لەجیهاندا . ئەسپرین هەموو ئەخۆشییەکان چارەسەرناکات ، بەڵام کارێکی باشە بۆ هەر شوێنێ تیایدا مەلاریا بڵاوبوبێتەوە بڕێ ئەسپرین بنێرین . وێڕای ئەوەیش ، بڕوام وانیە زمان و فەرهەنگی هاوبەشی یەکسان بەدڵنیاییەوە مرۆیەکان دەکات بڕای یەکدی : دزێوترین شەڕ و کوشتارەکانی ئەم دوو سەدەیەی دوایی ، بەزۆری شەڕی نێوخۆیی بوون کە تیایاندا هاوزمانەکان پێکهەڵپڕژاون .

- تیۆری نیسبیاتی فەرهەنگی لە کۆمەڵێ مشتومڕ و لێدوان بەدوورنەبووە . ئایا لەو مشتومڕەدا (ئیدی ڕاست بێ یان هەڵە) کە دەڵێ نیسبیاتی فەرهەنگی لەخاڵی بەرامبەر کۆسمۆپۆلیتیزمدا خۆی دەبینێتەوە ، تۆ سەر بەکام لای ؟

- تیۆرەی نیسبیاتی فەرهەنگی لەسەر ئەوە بەندە کە تێگەیشتن لەجیهان شێوەی جۆرباجۆری ، هەر لەزمانەوە تا ئایین ، هەیە و ئەم شێوە جۆراوجۆرانەیش هیچ خاڵێکی هاوبەشیان دە نێوانا نیە ، جا ئەگەر بمانەوێت ئەنجامی بەپەڵە لەم تیۆرییە وەربگرین ، بۆ نموونە دەڵێین : وەرگێڕانی چەمکێك کە بەزمانی سوورپێستە (هوپی) یەکان بەیانکراوە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی و هەروەها بەپێچەوانەوە هەرگیز لە ئیمکاندانیە . ئەمەیە نیسبیاتی فەرهەنگیی ڕەها .

(تامس کوهین) لەمەڕ زانستەکانەوە گوتویە ، ئەگەرچی نموونەزانستەکان هیچ لێکچوونێکیان دەڵێواندانیە ، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ناتوانرێت لەگەڵ یەکتردا بەراوردبکرێن . بۆ نموونە ، کۆمەڵەی (بەتلیمۆس) و کۆمەڵەی (کۆپەرنیکی) وەربگرە : ئەم دوو کۆمەڵەیە دەبیهانی واقیعدا بەیەکتر ناخۆن ، بەڵام دەکرێ لەبەرامبەر یەکدا قووتکرێنەوە و سارەخۆیی هەر یەکێکیان لەوی دیکە پیشان بدرێت و هەروەها ئەوەیش ڕوونکرێتەوە کە چۆن دەتوانین لەمیانەوە بە ئەوی دیکەیان بگەین . لەو دوو کۆمەڵەیەدا چەمکی (مانگ) و چەمکی (زەوی) جیاوازی سەراپاییان دەڵێواندانیە ، ئەگەرچی لەهەرکامێکیاندا جوڵە و بزاڤی زەوی و مانگ بەشێوەیەکی جیاواز پێشبینیکراون .

شێوازی تێڕێنەوەی نیشانەناسانە ، شێوازی تێڕێنەوەی کۆمەڵناسی فەرهەنگی و هەر شێوازە تێڕێنەوەیەکی دی کە جەند لەسەر جیاوازی فەرهەنگەکان بکات ! کاری خۆی لە بەراوردکردنەوە دەستپێدەکات . سیستەمەکان لە ناڵ وگۆڕی ڕەمایاندا بەندناکا ، عەودالی دۆزینەوەی ئەو لێکچوونە هاوبەشانەیە کە بواری بەراوردکاری هاساندەکەن و لەهەر شوێنێکیشدا ئەو خاڵی لێکچوونە هاوبەشانە وەگیرنەکەوتن ! ئەوە ڕێز لە (جیاوازییەکان) دەگرێ . بەبڕوای من لەنێوان نیسبیاتی فەرهەنگی و کۆسمۆپۆلیتیزمدا ناڵوزی بێ چارەسەر لەنارادانیە .

با نموونەیەکی دی بهێنینەوە : لە زمانە جۆرباجۆرەکاندا ، بۆ ناوهێنانی هەندێ شتی سادەی وەکو درەخت و دارستان ووشەی جۆرباجۆر بەکاردەهێنرێن . بۆ نموونە ، لەزمانی ئینگلیزیدا ووشەی (Timber) بەو دارە دەگوترێ بووبێتە کەرەستە ، ووشەی (Wood) یش بەمانای درەخت ، دارستان و جەنگەڵ و بێشە دێت . لەزمانی فەرەنسیدا تەنیا ووشەی (Bois) هەیە کە هەم بە کەرەستەی دارتاشان دەگوترێ و هەم بەشوێنی گەیان و پیاسەکردنیش . لەگەڵ ئەمەیشدا هێشتاکو ئیمکانی وەرگێڕان (تەرجەمە) هەیە . وەرگێڕان بەپێی بواری بەیەکگەیشتنی دوو زمانی جیاواز دێتە ئەنجام . وەرگێڕان کارێکە تیایدا زمانی مەبەست (بۆ وەرگێڕدراو) دەنوازێ تا ئەو جێگایەی لەتوانایدایە زمانی دایك (لێوە وەرگێڕدراو) بپارێزێ و ئاڵا و والای دەربڕینەکانی خۆی بەبەردابکات . کەواتە بەم پێیە هیچ شتێ لە وەرگێڕان کۆسمۆپۆلیزمترنیە .

(گشتینوازی) ، واتە نیسبیاتی فەرهەنگیی ڕەها دەمانگەیەنێت بەو ئەنجامەی بڵێین توانا و

ئیمکانی وەرگێڕان لەنارادانیە و هیچ کەسێ ناتوانێ بەزمانی جەنگاوەرەکان لەفیزیای ئاتۆمی و بەزمانی خۆرئاوا لە کێشەی مرۆڤی جەنگاوەرەکان بدوێ .

ئەو هەڵەیەی هاوشێوەکەیشی هەر هەڵەیە بریتیە لەوەی گومان لەوجەکەین زمان خەسڵەتی گشتی هەیە و دەشێت ئەو خەسڵەتە گشتییانە بدۆزینەوە ، جیاوازی زمانەکان لەناوبەرین و هەموویان بکەینە زمانێکی تایبەت . جا با وایشی دابنێین کە خەسڵەتی هەمەلایەن و گشتیش لەنارادان ، هێشتا ئەو جیاوازی و دژانە لەوانە تێپەڕناکەن کە دەبێنین سەر و خوار ، یاخود هەر لەو جیاوازییانە دەکەن کە بەڵەشی خۆمانەوە پێوەندیدارن وەکو (برسێتی) و (تێری) ، بەڵام هەر کە توانیمان لەم حاڵەتە تێپەڕکەین ئیدی دەبینین تەنانەت لەنێو ئەو گەلانەیشدا کە تارادەیەک لێکدیەوە نزیکن ، چەندەها شت جیاواز دەکەونەوە ، وەک چەمکی چاکە و خراپە ، وێڕای ئەوەش هێشتا دەتوانرێ ئەو دوو چەمکە لەگەڵ یەکتر بەراوردبکرێن بۆ ئەوەی لێکچوونەکانیانمان بۆ دەرکەوێت .

ئەگەر ئەو نموونەیەی سەبارەت بە وەرگێڕان هێنامانەوە ، بەنموونەی جیهانبینییەکی خۆشبەختانە دەقاڵەمبدەین ! ئەمە بۆ خۆی دەبێتە پێپێشاندەرمان : لەڕووی تیۆرییە سیرفەکەوە ، نابێت کردەیەک بەناوی (وەرگێڕان) ـەوە لەنارادابێت . کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین خەڵک لەگەڵ یەکتر دەناخڵێن ، گوتە و نووسراوی یەکدی وەردەگێڕن . لەڕوانگەی ئابستراکتەوە (تجرید) دەتوانین ئەوە بسەلمێنین کە بەپێی بیروڕای سۆفستەکەران بزاف و جوڵە و هەر شتێکی دی مەحاڵ ! کەچی خەڵکی لەژیانی ڕۆژانەیاندا دەبزون و دێن و دەمێن و دەژین ..

بەبڕوای من ڕێکخراوێکی وەک (یۆنسکۆ) ، نەدەبێت جیاوازی نێوان فەرهەنگەکان ببات کەشکەڵانی ئاسمان بەجۆرێ کە ئیدی ماوەدای لێک تێگەیشتن لە نێوانیاندا نەمێنێتەوە ! نە بانگاشەی پاسەندی ئەو بەها گشتی و هەمەلایەنانە بێت کە شوێن پاسەندی گشت جیهان بن . بەشێوەیەکی گشتی، فەرهەنگی ، کولتووری دەتوانێت فەرهەنگێکی دی تارجەمەبکات . ئەگەرچی دەزانین لەم کارەدا بێ دیقەتی و هەڵەکردن و شێواندنیش ڕوودەدەن ! بەڵام لەنازانینی ڕەها و بەکۆیری مانەوە باشترە .

ئەم خاڵە تەنانەت لەبارەی ئەو زمانانەیشەوە هەر ڕاستە کە وەکو زمانی ئیتاڵی و ئیسپانی لێکترەوە نزیکن ، هەموو ئیتاڵییەکان وا دەزانن کەم تا کورتێ لەزمانی ئیسپانی تێدەگەن و بەپێچەوانەیشەوە . کەچی لەهەردوو زمانەکەدا (دۆستی هاوبەشی ساختە) زۆرن ! ئەم دۆستە ساختانە بریتین لە کۆمەڵێ زاراوە کە لە ڕووالەتدا زۆر لێکدی دەچن ، کەچی مانای جیاوازیان هەیە . کەوات پێویستە ئاگامان لەسەرهەڵدانی ئەمجۆرە هەڵە و بەهەڵە تێگەیشتنانە هەبێت ! بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کە لەژیانی واقیعدا ، ئیتاڵییەک و ئیسپانییەک ناتوانن بەشێوەیەکی باش لە قسەی یەکتر حاڵی ببن .

- تێگەیشتن لەقسەی یەکدی و تێگەیشتن لەجیاوازی نێوان فەرهەنگەکان هەر یەک شت ، بەڵام نرخاندنیان و داوەریکردن لەبارەیانەوە شتێکی دیکەیە . تەنانەت کاتێک لەوە تێگەیشتین چەمکی چاکە و خراپەی سیستەمە فەرهەنگییەکان لێکدی جیاوازن ! ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە دەبێ بێژین مابەست لە (چاک) و (خراپ) چییە ؟

- ئەمە یەکێکە لە سەختترین ئەو کێشانەی لەنارادان . ڕۆژێک لێمیان پرسی ، ئایا لەڕوانگەی کۆمەڵناسیکەوە لەمجۆرە کێشانە دەڕوانم یاخود لەڕوانگەی مامۆستایەکی ئەخلاقەوە . وەڵامی بنەڕەتی من بریتیە : دەبێ بەچاوی کۆمەڵناسێک تەماشای ئەو فەرهەنگە بکەم کە تیایدا مرۆڤ مرۆڤ دەخوا . هەوڵدەم لەوە تێبگەم بۆچی لەنێو ئەم فەرهەنگەدا پیشەی مرۆڤخواردن پیشەیەکی پەسەندە ؟ بەڵام کاتێک بەماوەی سەبارەت بەشێوازی ژیانی تایبەتیم بیربایەدەم ، چاوێلکەی ڕەوشت لەچاودەکەم و ڕێگە بەخۆم نادەم هاوشێوەکانم قووت بدەم . ئەم کێشەیە کاتێک زەقدەبێتەوە کە فەرهەنگەکان ڕووبەڕووی یەکتر بوبێتەوە . با وای دانێین لەیەکێک لەجەنگەڵەکاندا هۆزێکی دوورەدەست دەڕی کە بەڵایانەوە مرۆڤخواردن ئاساییە و ئەو هۆزەیش کۆچدەکەن بۆ ئێرە ، ئایا دەشێت بەناوی ئەوەی ئێمە ڕێز لەفەرهەنگی ئەوان دەگرین ! ڕێگەیان پێبدەین لە مرۆڤخواردن بەردەوام بێتن یاخود پێویستە نەهێڵین چیدی کاری وا بکەن ، چونکە دژی یاسای وڵاتە ؟

ڕێگا چارەی ئەم کێشەیە لەبارودۆخی جیاواز و بەپێی جیاوازەوە دەگۆڕێت و هەر بارودۆخێش بە پێنایەکەوە سنوور و یاسای

ماقوول دیاریدمکات . ئەگەر فەرهەنگی کچانی خۆی ناچاردمکات سەرپۆش بدەن بەسەریاندا ، بۆ دەبێ ڕێگەیان لێبگرم ، خۆ ئەمە شتێ نیە زیان بەبیروڕای ئەخلاقیم بگەیەنێ . ئەگەر ئاو فەرهەنگە نایەوێت خوێن بەندالانی بیمار بدرێت؛ هەروەکو چۆن هەندێ دارودەستە خۆیان بەخاوەنی ئەم بیروایە دەزانن ، ئاوە کێشەکە کاتێک دەخرێتە بەردەم کە یاساکانی ئەم وڵاتە چۆنێتی یارمەتیدانی کەسانێکی دەستنیشانکردبێت کە ژیانیان لەمەترسیدایە . مرۆڤخواردن دەبێ یاساخکرێت ، چونکە دەستدرێژییە بۆ سەر سیستەمی بەهاکانم . پێویستە بەو کەسەی مرۆیان دەخوارد بڵێم : « ها .. گەر هاتیە وڵاتەکەم دەبێ ملکەچی پەیرەوکردنی هەندێ یاسابیت » . پێویستە سنووری ئاو مەیدانەی مودارای لەسەر دەکرێ زانراوبێت . وطێ وێڕای ئەمانەیش هەندێ حالەت هەن مودارایان لەسەر ناکرێ ، وەک : ڕگەزپەرستی ، مرۆڤخواردن و تیرۆر ...

شتێکی بەدیهی و بالگەنوێستە ناتوانم ئاوە قبووڵ بکەم فەرهەنگێ (کەسانێک بەناوی فەرهەنگێکەوە - و.) لەوڵاتی منداڵ ڕەواج بەکوشتار و قەتڵی عیبادەتی بدات . بەڵام ئەگەر کەسێک هات و بەمنی گوت : دەبێ بڕوێ بۆ وڵاتی ئاو خەڵکانە و نیشتیمانەکەیان داگیربکەیت تا ڕێگە لەکوشتن بۆ عیبادەت بگرێ ، بەتوندی سەرمگێژە دەمگرێ ! داگیرکاری (ئیستیعمار) لەسەر بنچینەی ئاو بڕوایە وەستابوو کە دەبگوت پێویستە ئێمە پێ بخەینە سەر زەوی خەڵکانی ترەوە تا بیروڕای ڕاستەقینەیان بۆ بەرین .

ئەمجۆرە کێشانە زۆرجار پڕمەترسین و پێویستە بەنۆبە چارەسەربکرێن . بۆ نموونە ، ئەم بابەتە لە ئیتالیا سەبارەت بەخەڵکانێک (ی بێگانە) هاتۆتە ئاراوە کە یەکێک لەداب و نەرێتەکانیان بریتیە لە جۆرێ جاپراهی بەمەبەستی بەرگریکردن لە جوتبوونی جنسی . کاتێک ئاو خەڵکانە دێنە وڵاتی ئێمەوە ، کێشەیەک قووتدەبێتەوە ، چونکە ئێمە بڕوامان وایە ئاو جاپراهیکردنە کردەیەک نیە شوێنی ڕاوێژ لەسەرکردن و مودارابێت .

من ئەم حالەتە بەیەکێک لەو خاڵە پڕمەترسی و ناسکانە دەزانم . هەندێک دەڵێن ، دەکرێ دەرمانگای تایبەت بکرێنەوە تا لەوێدا کاری جاپراهیکردن (کە بەشێکە لە نەرێتی ئاو خەڵکە) ئەنجام بدرێ . من بۆ خۆم بڕوام وایە کە ئاو جاپراهیە شتێک نیە شوێن پەسند و مودارابێت .

سنووری نێوان ئاو شتەی قبووڵ دەکرێ و ئاوە ناکرێ چییە ؟ ئەمەیە ماسەلەی ناسک !

نابێ وەڵامی ڕەها و بنەبڕکراو بدرێتەوە . جا ئەگەر کار گەیشتە ئاوەی کە ، هەردەبێ بڕیاری بدەین ، ئاوە بە گوێی زەوی لە قوتبەوە بۆ قوتب داگیرکەین ! چونکە لەوانەیە فلان و فیسارە کۆمەڵگە خاوەنی داب و نەرێتێ بن کە بەپێی شایەن و قەپانەکەی ئێمە ناپەسەندبن ! بۆیە پێویستە ئەمجۆرە ماسەلانە لەهەمان بارودۆخ و بۆنەی تایبەتدا کە دێنە پێش ، چارەسەربکرێن . ئەگەرچی جاری وایش هەیە ئەم ڕێگا چارانە دەردەدارن .

- بێجگە لە نیسبیەتی فەرهەنگی ، کە بۆتە هۆی مشتومڕ و لێدوان ، گفتوگۆیەکی نزیک لەویش دەڕادایە سەبارەت بەجۆرێک لە فەرهەنگی جیهانی کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕابەرایەتیدەکەن و پێی دەڵێن پیشەسازی پەروەردە یاخود پەروەردەی بەکۆمەڵ . دیارە چەند ڕوونا‌کبێرێکیش ماوەیەکی زۆرە ڕەخنەی لێدەگرن ! بەڵام ئایا تۆ بۆ خۆت خۆشبینترنیت لەو کەسانەی هەر خۆت ناوت ناون مژدەهێنەرانی ئەشکەنجە ؟

- من لەسالانی شەستەکاندا ڕەخنەم لەو ڕۆشنبیرانە گرت کە دەهاتن لەدەرەوە و ، بەبێ ئاوەی زەمەنی لێکۆڵینەوە بەر خۆیان بدەن ! پەروەردەی بەکۆمەڵییان ڕەتدەکردەوە . جەختم لەسەر ئاوە کردووە کە دەکرێت سوودی باش لەهۆیەکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی گشتی وەربگیرێت . دیارە ئەمڕۆ کەمێ لەو کاتە ڕەشبینترم ، چونکە دەبینم کێبەرکێی ئابووری بۆتە هۆی ئاوەی چلۆنایەتی بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان نزمترین ئاست بەخۆیانەوە ببینن. وطێ وەرگێڕانیش هەمان میحنەتی هەیە : لەلایەکەوە دنەی کاری وەرگێڕان دەدەین و شوێن پەسندمانە ، لەلایەکی تریشەوە لوتمان بەواقیعدا دەتەقێتەوە . تەماشادەکەیت ٨٠ ٪ ی وەرگێڕانەکان خەراپ و بێ مانان ، چونکە بەپەلە ئەنجامدراون یاخود پارەیەکی کەم دراوەتە وەرگێڕەکان .

ئاوەسان لەیادبێت کە پەروەردەکردنی بەکۆمەڵ لەهەمان کاتیشدا بریتیە لەبەکاربردنی هۆکارە نوێیەکان لەلایەن زانستگاوە بۆ ڕێگای دوور . ئێمە لەسەر ئاوە ڕاهاتووین پەروەردەی بەکۆمەڵ تەنیا بەهۆی ئامرازە باوەکان و

بازرگانیەوە بناسینەوە ، وەکو ئامێری تەلەفزیۆن ، بەڵام ئەم شێوازە پەروەردەییە ئەوەندە سەلماندووە کە ژمارەیەکی زۆرتری خەڵک توانیویانە دەستیان بەپەروەردە و فێربوون ڕابگات ، ئەمەش دیارە لەسایەی بەرهەکانی (دیسک) و (دیسکێت) ـەکانەوە بووە . لەبەر ئەوە چ ئەنگێیەکی تێدایە گەر چاوەڕێ بین یۆنسکۆ بەمبەستی پەروەردەیی هەوڵی دامەزراندن و یارمەتیدانی سیستەمێکی گەورەی ڕاگەیاندنی گشتی بەهۆی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەوە بدات ؟

لەچاو پەنجاکان و شەستەکانا ڕەنج و سەرمەبەکانم وەک خۆیانن . بەو مانایەی پۆشنبیرەکان زۆربەی کات بەردەوامن لە دژایەتیکردنی لایەنە خراپەکانی پەروەردەی بەکۆمەڵ ! بەبێ ئەوەی لەبواری واقیعدا خۆیان بەچاککردنی ئەو لایەنە خراپانەوە گیرۆدەبکەن . لەلایەکی ترەوە ، بەبڕوای من بەشێک لەو نارەزاییە دادگاییانەی دژی پەروەردەکردنی بەکۆمەڵ ناڕاستەکراون ، هەڵبوون . مەبەستم زیاتر لەو بیروڕایەیە کە دەڵێت : ئێمە پێمان خستۆتە سەدەی وێنە و جیهانی نووسین مەحکومبووە بە لەناوچوون . ئەم بڕوایە هەڵەیە ، چونکە پەروەردەی بەکۆمەڵ بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕادەی بەرهەمهێنانی کاغەزی چاپ و هەروەها هەزی خوێندنەوەی (زیاتری) پەرهێداوە .

لەبەر ئەوە بەشێک لە پەرچەکردارەکانی (مژدەهێنەرانی نەشکەنجە) ، هەر لەسەرمتاوە نەدەبوو دەرکەوتبان . بەڵام ئەمەش ناهێنە ڕێگر لەبەردەم ئەوەی کە بڵێین ! تەلەفزیۆن و چاپەمەنیەکان بەدەست هەڵەزۆنیەتی بازرگانیەوە تاساوون : هەوالی ساختە چێدەکەن و ڕووداوی سەرسوڕهێنەری دروستکراو بڵاودەکەنەوە . لەلایەکی ترەوە ، پەروەردەی بەکۆمەڵ توانیویەتی ئەوە فێری منداڵان بکات ، کە زیاتر ڕێز لە داروبەرەمت بگرن و لەم بوارەشدا یارمەتیدەربوون بۆ بێدارکردنەوەی جۆرێک لەویژدان کە گرنگی بەژینگەی دەوروبەر (ئیکۆلۆژی) دەدات .

تەماشابکە ، یەکێک لە خەسڵەت باشەکانی کاری دەزگاکانی ڕاگەیاندن بریتیە لە دروستکردنی ئاگاییەکی بەرەسەندوو لەئاست مەترسی (ئەتۆم) دا . لەبیرمدێ لەسااڵنی شەستدا گەرەکمان بوو بەهۆی نارەزایی دەربڕین و چاپکردنی پەرتووکەوە ، لەدژی ئەتۆم زانیاری بڵاوبکەینەوە ، بەڵام ئەمە ڕووبەڕووی شێوازێکی (کەپر)ی کردینەوە : تەنانەت خەڵکی ئەیان دەزانی ڕادیۆئاکتیڤیتێ چییە و ئەشیان دەویست بزانن . لەئەنجامدا بەماوەی سی (٣٠) ساڵ تەلەفزیۆن و سینەما و چاپەمەنیەکان بوونە هۆی ئەوەی هەموو ئەو خەڵکە باشتر پەی بەبەڵای ئەتۆم بەرن . یاخود ئەگەر دەبینین لەهەندێ وڵاتدا هاووڵاتیان هەستیان بە مەترسی پیسبوونی ژینگەی دەوروبەر کردووە ! ئەمە دەستکەوتێکە لەڕێگای ئامرازە گەورەکانی ڕاگەیاندنەوە هاتۆتە دەست .

پێویستە هەردوو لایەنەکە ببینین : هەمان ئەو تەلەفزیۆنەی لەدەستی دێ ڕەواج بە ئەوپەڕی بەرطڵایی ، پەستی و پووچی بدات ، دەیشتوانێ کۆمەڵانی خەڵکی لەبەر پیسبوونی هەواوە هەستیارتربکات و بۆ نموونە ، ئامادەیان بکات هەندێ سنوور و سلوکات سەبارەت بەڕاددەی بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلەکانیان قایيل ببن . یاخود هیچ نەبێت بڕوای ئەوەیان لا دروستبکا بڕێ بە هۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ خشت و خۆڵ و بەرماوەدا بکەن . ئەمانە هەندێ ڕاستین کە دەبێ دانیان پێدا بنێین و لەهەمان کاتیشدا بزانین ، سەبای داهێنانی ئامرازێکی تازەی پیشەیی ! لەدەستی دێت ئاڵ و گۆڕ بخاتە چلۆنایەتی پەیوەندییەکانەوە .

لەگەڵ ئەمانەشدا ، زۆربەی ئەو نوێکارییانەی سەرمتا سوودبەخشبوون ! ئێستێ زیان دەبەخشن . بڵاوبوونەوەی ترومبێل لەسەرمتاوە دیاردەیەکی بەسوودبوو ! کەچی پێویستە ئەوڕۆکە هاتووچۆی ئەم ئامرازە سنووردارکرێت . پێویستە خۆمان لەهەموو بریاردان و پەرچەکردارێکی پێشوەخت دوورمپەرێزبگرین و لەهەمان کاتیشدا چاوەڕێی زەنگی مەترسی بین .

- سەبارەت بەوەی کۆمەڵانی خەڵک تا دێ زیاتر دەستەوداوێنی پۆشنبیران دەبن و داوایان لێدەکەن ڕێگای بەرەو پێشەوەچوونیان پێشان بدەن ، چ ئاکامێک دەبێ وەربگرین ؟

- لەلایەکەوە ئەم دیاردەیە ڕابردوویەکی هەزار ساڵەی هەیە . چونکە هەموو کۆمەڵگاکان بەردەوام نیازیان بەوە هەبووە گفتوگۆکردن لەسەر بەشێک لە بەهاکانی کۆمەڵ بەدەستبهێنن لە تاکەکانی خۆی بسپێرێ ، واتە بەپیاوانی ئایین ،

فەیلەسوفەکان ... لەجیهانی ئەبستراکتدا دەشێت پێشبینی کۆمەڵگایەك بکەین کە تیایدا هەر تاکەکەسێ ، دەمێ ڕاوچی بێت ، دەمێ شکار و دەمێکیش زانا .. بەڵام تا ئەو کاتەی کۆمەڵگا لە کەسانێك پێکهاتبێ کە زۆربەیان توانایان نەبێت لەهەر بەهاکانەوە گفتوگۆبکەن ! ئەوە پێویستە پاشەکەوتکردنی بەشێوەی سوورپێستەکان بخەینە لاوە . بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بتوانێ بەردەوام لەجیاتی ئاوان ، ڕۆزی بەکەسانێ بدات کە داوای لێکردوون هەستن بەگفتوگۆکردن لەسەر بەهاکانەوە .


مەسەلەکە لەوەدایە ، ئەمجۆرە کەسانە وەك پێغەمبەر تەماشانەکەین ، بەڵکو وەك سەرچاوەیەك تەماشایان بکەین کە مشتومڕ و دووان لەسەر بەهاکان بەهۆی ئەمانەوە دەگاتە ناو کۆمەڵانی خەڵك . ئەرکی شاعیر و بیرکار و فەیلەسوف ئەوەیە ئاگاداری ڕووداوەکان بێتن و ئاوانی دیکەیشیان لێ ئاگاداربکەنەوە تا خۆیان لەبارەیانەوە بدوێن و بکەونە بیرکردنەوە . جا ئەگەر ئەرکی ئەم گواستنەوە و گەیاندنی ئاگاییە بخرێتە ئەستۆی ڕۆشنبیر ، ئەوە بەگومانی من ئەرکێکی فیزیۆلۆژیشە کە لاشەی کۆمەڵ توانای نیە چاوی لێ دابخات .

بەپێچەوانەیشەوە ، تەماشاکردنی ڕووناکبیر وەکو غەیبزان ! بەر لەهەموو شتێ ئەخۆشییەکی کۆمەڵایەتیە . لێرەیشدا مەسەلەکە مەسەلایە لەسەر میانەڕەوی . باش بەحاڵی خۆم ئەو توانایە دەخۆمدا بەدی ناکەم کە وەك غەیبزان بەکەك بم ! هەر لەبەر ئەوەیشە لە گفتوگۆکردن هەڵدێم .

١ ـ ١٠ ـ ١٩٩٣

سەرچاوە

Le Courrier de l'unesco , 6/1993 .
تکایو : ٤ ل ٢٦ ـ ٢٩ .



هەوالنامەی کتێبی

مارکسیزم دوای هەرەسی یەکێتیی سۆڤیەت

پرسیار : ڕەهەندی یەکیەتیی سۆڤیەت و پارتە کۆمۆنیستەکەی ، دوای ئەو داڕمانانەی لە وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵات ، لەم دوو ساڵەی دوایدا ڕووی دا ، زۆر لە سۆسیالیستەکانی لای خۆمان و دنیای تووشی واق وڕمانکرد ، بەڕای تۆ ئەو هۆکارانە چی بوون کە ئەم داڕمانەیان خولقاند ؟ ئایا ئەم داڕمانە شتێکی حەتمی بوو ؟

وەڵام : من سەرم لەو زیاد لە پێویست گرنگیدانە بە یەکیەتیی سۆڤیەت ، بە بەراوردکردنی لەگەڵ گرنگیدان بە مەسەلە عەرەبیەکانمان ، سوڕماوە .. من لە مەسەلەی سۆڤیەتدا خۆم بەخەبیر نازانم .. لە ڕاستیدا سەرم لە یەکیەتیی سۆڤیەت نەداوە .. سەردەمانێکیش کە لە سەرکردایەتی چەپی لوبنانیدا کارمدەکرد ، ئەوکات ئەو ڕێکخراوەی من کارم تێدا دەکـــرد (ڕێکخراوی کاری کۆمۆنیستی) ، لەلایەن سۆڤیەتەوە دانی پێدانەنرابوو .. هەرگیز لە هیچ وەفدێکا بۆ یەکیەتیی سۆڤیەت نەچووم ، تەنانەت وەک سەیرانکەر - سائح - یش سەرم لێی نەداوە ، بۆیە ئەگەر لە نێستادا یان لە دواتردا چووبم بۆ ڕوسیا ، ئەمە مانای ئەوە نییە من چووم بۆ یەکیەتیی سۆڤیەت ، چوونکە یەکیەتیی سۆڤیەت تەواوبوو و لێبووەوە .. بەڵام ئەمە ڕێ لەوە ناگرێت چەند سەرنج و تێبڕوانینێک دەربارەی ڕووداوەکان دەربڕم .

یەکەم شت دەتوانم بڵێم ئەم پرسیارانەن لە مێشکی خەڵکدا دێن و دەچن : ئایا یەکیەتیی سۆڤیەت بەهۆی فاکتەرە ناوەکیەکانەوە لەبەرێک هەڵوەشایەوە و داڕما یاخود لە دەرەوەڕا ڕوخێنرا ؟ ئایا ئەوەی ڕووی دا حەتمی بوو یان نەخێر ؟

ئەگەر بووترێت یەکیەتیی سۆڤیەت لە ئەنجامی پیلانێکی ئەمەریکییەوە ڕما ، ئەمە قسەیەکی زۆر بێ مانایە .. چونکە یەکیەتیی سۆڤیەت دژمنێردوگای ئەمریکا بوو .. ململانێی نێوانیشیان جۆرێک لە خۆبەیەکدی بەراوردکردن بوو ، مەسەلەی سەرهێش ئەوەبوو کامیان لەوی دیکەیان دەباتەوە ، بەم مانایە جگە لەو کارەی کە دەبوایە و دەبێ بیکات شتێکی دیکەی نەکردووە . ئەوەش کە بڵێین یەکیەتیی سۆڤیەت بەهۆی پیلانێکی ناوەکیەوە ڕووخا ، دیسانەوە شتێکی ئەوتۆ نییە ، هەڵوێستی دروست ئەوەیە ، پێش ئەوەی لەسەر داڕمانی یەکیەتیی سۆڤیەت بدوێین ، دەبێ لەسەرمتای دروستبوونی یەکیەتیی سۆڤیەتەوە دەستپێبکەین .

یەکەم شت ئەوەیە ئێمە لەبەردەم کۆتاییهاتن و تەواوبوونی شەپۆلێ لە خەباتی دژ بە ئیمپریالیزمداین ، شەپۆلێ کە شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ ، وەک دەرئەنجامێدان و بەردەوامی شۆڕش و ڕاپەڕینە کرێکارییەکانی

نیوەی سەدەی نۆزدەهەمی ئەورووپا ، هێنایەکایەوە .. سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئۆردوگایەکی داخراوی بەرووی ئۆردوگای سەرمایەداریدا دروستکرد ، ئۆردوگایەك کە خۆی وەك دوژمنێك بە ئۆردوگای سەرمایەداری و وەك ئالتەرناتیڤی ئەو ئۆردوگایەش ناساند ..

لێرەدا ئابێ ئەوە بسەلمێنین ، ئەوەی نێستا کۆتاییپێهاتووە ، دوا دەرەنجامی ئەو بەرەنگاربوونەوەیە .. وە کۆتاییەکەشی وەك کۆتایی هەموو خەباتێکی دیکە وایە ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا کۆتایی بە قۆناغێکی مێژوویی دەهێنێ کە هەوڵی ئەدا سیستمێکی ئالتەرناتیڤ بۆ سەرمایەداری بنیادبنێت . ئەمە بەهیچ جۆرێك کۆتایی بە ناکۆکیەکانی ناو هەناوی سەرمایەداری و بە خەباتکردن دژ بە سەرمایەداری ناهێنێ ، بەڵام کۆتایی بە سیستمی سۆڤیەتی - لینینی - ستالینی دەهێنێ !.

لەرووی فاکتەرە دەرەکیەکانەوە ئەم شێوازە حکومەت - واتە شێوازی حکومەتی سۆڤیەتیانە (وەرگێڕ) - لەژێر زەبر و زۆربۆهێنانی کالای سەرمایەداریانە و لەژێر قورسایی کێبڕکێی ئابووری لەگەڵ رۆژئاوادا ، دۆڕا .. لەرووی پراکتیکیشەوە ، ئەوەی لە یەکیەتیی سۆڤیەتدا بنیاددەنرا ، پێم وابێ ، هیچ پایەندییەکی بە سۆسیالیزمەوە نەبوو ، ئەوەی بنیاددەنرا شێوەیەك لە سەرمایەداریی دەوڵەت بوو ، کە شێوە قەیەکراو و دیکتاتۆرییەکەی بریتی بوو لە ستالینیەت . ئەم شێوازەش دوای جەنگی جیهانی دووەم بەرەوی پەیداکرد و گەر و تینێکی وەبەر خۆی دا ، بەتایبەت لە کاتی بانگێشەکردنی نیشتمانیانەی ئەوەی پێی دەوترێ گەلی سۆڤیەت بۆ بەرەنگاربوونەوە و بەگژاچوونی نازیزم .

ئەم شێوازە لە جەوهەردا لەسەر چەوساندنەوەیەکی بێ قاید و شەرتی جوتیاران و کرێکاران و بەکارهێنانی زێدەبەرهەم بۆ بنیادنانی دەسەلاتێکی میلیتاریانە دروستبووبوو . موفارەقەی یەکەمی ئەم سیستەمە لەوەدایە کە ووتە بەناوبانگەکەی (مارکس) ی بەسەردا دەسەپێ ، ئەو ووتەیەی کە فاکتەرە ئابوورییەکان بە یەکەمین و گرنگترین فاکتەر دادەنێ .. ئەم شێوازە نەیتوانی هێزێکی ئابووری پتەو شان بەشانی هێزە میلیتارەکەی دروستکات تا بتوانێت لە بەرامبەر کێبڕکێی ئۆردوگای سەرمایەداریدا پاوەستێت و بەرگەبگرێت . ئەمە سەرەتاگەیەك بوو سیستەمی سۆڤیەت ئەیویست لەسەر بناغەی بۆربۆرێنی کالایی بینای بکات ، نەك لەسەر بناغەی کێبڕکێ لە نێوان دوو شێوازی جیاوازی ژیاندا .

پرسیار : ئایا ئەم ڕاستییە وامان لێدەکات جارێکی دیکە بۆ (مارکس) بگەڕێینەوە ؟

وەڵام : ئەوەی لە یەکیەتیی سۆڤیەتدا سەرکەوت (مارکس) بوو دژی (لینین) ، لە بەرامبەر(جەنگی ئەستێرەکان - حرب النجوم) دا مارکس سەرکەوت . لێرەدا ئاشکرابوو یەکیەتیی سۆڤیەت بۆ گەیشتنەوە بە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، ئەو توانا ئابووریە تەواوەی نییە دریژە بە کێبڕکێی سەربازی بدات ، چ لە ئاستی تەکنۆلۆژیا و چ لە ئاستی بەکارهێنان و تەرخانکردنی سەرمایەیەکی ترسناکدا .

بەڵام سەبارەت بە هۆکارە ناوەکییەکانیش ، هەر لەسەرەتای کۆتاییهاتنی ستالینیەتەوە ، ئەم سیستەمە ڕووبەڕووی کێشەی سەرلەنوێ بەخۆداچوونەوەیەکی قوڵ بووبووەوە . ئەو هەوڵە ڕیفۆرمیستەی خرۆشۆڤیش دای ، ڕامان بەرامبەری هەڵچیەك بێت ، سەرنەکەوت . ئەم سیستەمە ماوەی چارەکە سەدەیەك لەناو زەڵکاوی کپکردن و بێدەنگیکردنی ناکۆکیەکانیدا دەژیا .

پێشم وایە ئێمە هەر هەموومان ، بەشێوەیەکی ترسناك چاومان لە ئاستی گوزەرانی خەڵك و شتە بنەڕەتیەکانی ژیانی هاوڵاتیانی ناو ئەو شێوازە ، کە بریتین لە خۆراك و شوێن و کەلوپەلی خواردەمەنی ، نووقاندبوو . سەبارەت بە ماسەلەی ئەتەوەیش ، دەماوێ سەرسوڕمانی خۆم نیشاندەم ، بەتایبەتی کە من یەکێك بووم لەوانەی پێم وابوو سۆسیالیزم لە سۆڤیەتدا بوونی نییە ، بەڵام لەو باوەڕەدابووم کە یەکیەتیی سۆڤیەت هاندێ لە ماسەلە دیموکراسیە سەرەتاییەکانی چارەسەرکردبێت ، لەوانەش ماسەلەی نەتەوەیی ، بەڵام لەوەدەچێ لەژێر سێبەری ئەمجۆرە پایەندییە دیکتاتۆریانەیەی نێوان (ڕۆژم) و (کوملگا) چەند ماسەلەیەك سارکوت و بێدەنگ بێت کە دواتر سەرلەنوێ ، وەك چۆن لە پێش شۆڕشدا ئامادەبوون ، بەهەمان شێوە بێنەوە کایەوە و زیندووببنەوە . ڕەنگە لێرەدا جۆرێك لە سادەیێڕی هەبێت ، بەڵام لەژێر سێبەری

ئەم قەیرانە تالەی سیستەمی سۆڤیەتیدا کاردانەوەی ناسۆسیالیزمانە دەستی پێکرد ، کاردانەوەیەک ئامانجی سەرمکی ئەوەبوو ، هەموو ئاتەوەیەک بتوانێت دەست بەسەر کەرەستە سروشتیەکان و سامانەکانی خۆیدا بگرێت . بەو پێیەی ئەو دەست بەسەراگرتنە ئاتەوەیە تاقە شێوەیەکی بەرچاوی باشترکردنی هالومارجی ژیانیانە .

هەرگیز مەسەلەی ئاتەوایەتی مەسەلەیەکی دابڕاو لە مەسەلە کۆمەلایەتیەکان و مەسەلەیەکی کەم بایەخ نییە ، هەروەها مەسەلەیەک نییە لە تێکشکان و لەبارچوونی مەسەلە کۆمەلایەتیەکانەوە دروستببێ ، مەسەلەی ئاتەوایەتی هەولدانێکی سەرمایانەیە بۆ جیاکردنەوەی بەروبومەکان لە یەکتری بە ئامانجی دابەشکردنەوەی دووبارەیان . لێرەدا سەرسوڕمانی گەورە لەوەدایە ئەو شێوازە حکومەتە چۆن بێتوانا و دەستکورت بووە لە چارەسەرکردنی مەسەلەی ناسیۆنالیزم و چەند چەپێنەرێووە لەگەڵ هەموو مەسەلەکانی دیکەشدا ، بە مەسەلەی ئاتەوایەتیشەوە .

ئەوەی پەیوەندی بەلایەنی تیۆرییەوە هەبێت و ئەوەی گرنگی بە لێکۆڵینەوەی میژووی گەشەکردنی ئەم سیستەمە بدات ، رەنگە لەم پرسیارە گەورەوە ، کە پرسیارێک پەیوەندی بە ئێمەشەوە هەیە لە دنیای سیهەمدا ، دەستپێبکات : ئایا دەکرێ سۆسیالیزم لەسەر بنچینەیەک لە پاشکەوتەیی ئابووری بنیادبنرێت ؟

وەلامی لینینیانە بەلێیە .. هەموو ئەو ویستوانیەش - الارادویە - لینینیزم نوێنەری بوو ، لەسەر ئەو بیرۆکەیە بونیادنرابوو ، ئەگەر بتەوێ بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە ، باتایبەتی بۆ کتێبی (گەشەکردنی سەرمایەداری لە ڕوسیادا) ، ئەو کتێبەی کە سۆڤیەتیەکان وەریاننەگێڕایە سەر زمانی عەرەبی ، دەبینین لە کاتێکدا شێوە بەرهەمهێنانێکی سەرمایەداریانەی پێشەسازیی بچووک و سنووردار لە ئارادابووە ، (لینین) پەیوەندییە سەرمایەدارییەکان لەگەڵ شێوە بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا تێکەڵ دەکات . هەر لێرەشەوە ئەو بیرۆکە کەمەکێ دەستکاریکراوەی (لینین) یش ، کە پێی وایە پێشبڕمو لە دەرەوەڕا وشیاری بۆ چینی کرێکاری ناوشیار ، جگە لە وشیاریی ئابووری ، دەگوازێتەوە ، لەدایکبووە ، بەلام ئەم بۆچوونانە ناڕاست و هەڵەن . کەوابوو ئابینایی یەکەم بریتییە لەو وەهمەی کە باس لە ناکاریگەریی ئاستی گەشەکردنی ئابووری کۆمەڵگا بۆ سەر بیروبۆچوون و تێروانینەکان دەکات .

ئابینایی دووەمیش ، بریتییە لەو بۆچوونەی دیکەی (لینین) کە دەڵێ ڕوسیا لەڕووی سیاسییەوە پێشکەوتووە ، بەلام لەڕووی بەرچاودەکەوێ ، لەسالی ۱۹۱۷ دا (لینین) بانگێشەی ئەوەی کرد کە ئەوان دەست بە بونیادنانی سۆسیالیزم دەکەن .. کەچی لەسەرەمەرگدا ، وەسفی بۆ دەوڵەتی سۆڤیەتی بریتی بوو لە سەرمایەدارییەکی دەوڵەتیی پاشکەوتەی ئاشیرینکراو بە بیرۆکراسیەت بەلام لەژێر سەرکردایەتی پرۆلیتاریادا . پێم وابێ هەموو لینینیزمیش ، بەوەی کە مەیلێکی ویستنوازە - نزعة ارادوية - لەسەر ئەم بیرۆکەیە دامەزراوە ، ئەو بیرۆکەیەی پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە سەرخانێکی پێشکەوتوو ژێرخانێکی پاشکەوتوو بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێ ..

پرسیار : کۆمەڵێ ئازموونی میژوویی دیکەش هەن ، کە تیایاندا سەرخان یان سیاسەت ویستوویەتی سەرکردایەتی ژێرخان (ئابووری) بکات ... بۆ نموونە ڤێتنام ، کۆریا .. هتد .

وەلام : ئەم پڵەی یەکەم بەخشینە بەسیاسەت دوو جۆر ئابینایی لێ دروستدەبێت : ئابینایی یەکەم بریتییە لەوەی فیکر وەک فاکتەرێک بۆ گۆڕان ببینین ، بەبێ ئەوەی خۆی گۆڕانی بەسەردابێت ، بەمانایەکی دیکە وای دابنێین کە فیکری پێشکەوتوو دەتوانێ کۆمەڵگا بگۆڕێت ، ڕەگی بنەڕەتی و ڕیشەیی دیکتاتۆریەت تا لێرەدایە . چونکە قەوارەی ئەم دیکتاتۆریەتە لە فیکرەی پێشبڕمو و تێروانینی پێشبڕموانەدایە بۆ کۆمەڵگا ، تێروانینێ کە پێی وایە کۆمەڵگا کەرەستەیەکی خاو و ئاسانە بۆ کارپێکردن و لەقالبدان . هەر لێرەوە ئەو بیرۆکەیەی (ماوتسی تونگ) کە پێی وایە گەل لاپەڕەیەکی سپیە و ئەوەی بمانەوێ لەسەری دەنووسین ، لەدایکبووە . هەر لێرەشەوە ئەو بیرۆکە کەمەکێ دەستکاریکراوەی (لینین) یش ، کە پێی وایە پێشبڕمو لە دەرەوەڕا وشیاری بۆ چینی کرێکاری ناوشیار ، جگە لە وشیاریی ئابووری ، دەگوازێتەوە ، لەدایکبووە ، بەلام ئەم بۆچوونانە ناڕاست و هەڵەن . کەوابوو ئابینایی یەکەم بریتییە لەو وەهمەی کە باس لە ناکاریگەریی ئاستی گەشەکردنی ئابووری کۆمەڵگا بۆ سەر بیروبۆچوون و تێروانینەکان دەکات .

ئابینایی دووەمیش ، بریتییە لەو بۆچوونەی دیکەی (لینین) کە دەڵێ ڕوسیا لەڕووی سیاسییەوە پێشکەوتووە ، بەلام لەڕووی

ئابووریيەوە دواکەوتووە . پێم وایە پەیوەندی نێوان ئەو دوو ئاستە پەیوەندی کارلێک و کارلێکی پێچەوانەیە، بەخشینی گرنگی بەسیاست یان بە فیکر (ئەوەی بە ئایدیۆلۆژیا ناودەبرێت) دیالەکتیکی نێوان ئەو پەیوەندییە دەکوژێنێتەوە .. ئالێرەوەیە شۆڕشی ئۆکتۆبەر ، بەناوی شەرعیەتی شۆڕشگێڕانەوە ، بەخۆی ڕەوادەبینی کە ببێتە نموونەیەکی دەگمەنی سیستەم و دیکتاتۆریەت ، ئەو مافەش بەخۆی بدات گوێ بۆ کۆمەڵگا ناگرێت و تەنها ئەو پاکیزەییە فیکرییەی پاس بێت و واش لەقەڵەم بدات کە نوێنەری خودی خۆیەتی ... بەبێ ئەوەی ئەو نوێنەرایەتیە تازەکاتەوە ، تەنانەت بەبێ ئەوەی ئەو نوێنەرایەتیکردنە لە بەردەوام ڕاوبۆچوون و ئارمزو و گرفتەکانی خەڵکدا بخاتە ژێر ئازموون و تاقیکردنەوەوە . بەبڕوای من ئەم شێوە حکومەتە ، لەشێوازە قەبەبووە ناشیرینە بیرۆکراسیەکەیدا تەواوبووە . ئەو کۆدێتایەی دواییش (مەبەستی کۆدێتاکەی زەمانی گۆرباتشۆڤە - وەرگێڕ) ئەوەی نیشان دا کە ڕەگی سەرەکی دەوڵەتی سۆڤیەتی سوپا و موخابەراتە .

لێرەوە دەتوانم بڵێم ، شێوازی سۆڤیەتانەی مارکسیزم بریتی بوو لە گۆڕینی مارکسیزم بۆ ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت ، کە دەکاتە ئایینی دەوڵەت - لێرەدا ڕووکاری ئایینیانەی مارکسیزم بەسەر ڕووکارە ئەقڵانی و دیالەکتیکیەکەیدا سەروەر و بالادەستە . ڕووکاری ئایینیش بریتییە لە باوەڕکردن بە جەبرییەت و حەتمیەتی گواستنەوەی میکانیکیانەی یەک بەدوای یەکی شێوازەکانی بەرهەمهێنان و دڵنیابوون لەوەی کە مێژوویەک لەئارادایە هەمیشە لەبەرەوپێشەوەچوون و سەرکەوتندایە . جا ئەگەر ئەمە ڕووکاری یەکەمی ئایینیانەی مارکسیزم بێت ، ئەوا ڕووکاری دووەمی ناکۆک و دژ بەم ڕووکارە بریتییە لە (ویستخوازیێتی تەواو - الارادوية الكاملة) ، ئەمیشیان مانای وایە ، تۆ بڕیار لەسەر هەر مەسەلەیەک بدەیت ئیدی بۆ چاندوچوون دەتوانی جێبەجێی بکەیت . (خوێنەر هاستدەکات نووسەر دەیەوێ بڵێ ڕووکاری یەکەمیان جۆرێکە لە تەسلیم بوون بە حەتمیەتی مێژوو و بە جەبری یاساکان .. بەڵام ڕووکاری دووەمیان جۆرێکە لە نەفیکردنی نازانستیانەی ئەو یاسایانە - وەرگێڕ). ڕووکاری ئایینیانەی مارکسیزم لێرەدایە ، بە هەموو ئەو کەش و ئەتموسفیرانەوە کە پێیان وایە چەند دەقێکی پیرۆز هەن و چەند کەسێکیش کە ئەو دەقانە لێکبدەنەوە . هەموو لادانێکیش لەم ڕێگا ڕاستەقینەیە شایستەی تیرۆر و لەناوبردنە .

ئەمە لەکاتێکدا کە ڕووە ئەقڵییەکەی مارکسیزم ، ئەو ڕووەیە کە پێی وایە هەمیشە زیاد لەوەدایەک هەیە بۆ هەڵبژاردن .. ئەو هەڵبژاردنەی (مارکس) باسیدەکات .. ئەو هەڵبژاردنەی کە دەڵێ : دەشێ سەرمایەداری بەرەوپێشەوە بچێت و گەشەبکات .. دەشێ بەرەو دواوە بگەڕێتەوە و پاشەکشەش بکات ، یان سۆسیالیزم یان بەربەریەت . ئەو هەڵبژاردنەی بەرامبەر ئەو بۆچوونانە ڕادەوەستێ کە پاس لە جەبرییەت و حەتمیەتی مێژوویی و .. هتد دەکەن . ڕووی ئەقڵانیانەی مارکسیزم لە بیرۆکەی (ناکۆکی) دایە ، کە بیرۆکەیەکی دەوڵەمەند و ڕێژەییە .

بەڵام لە هەموو بارێکدا ئەوەی لە مارکسیزم دەمێنێتەوە دوو دەسکەوتە گەورەکەی (مەتریالیزمی مێژوویی و مەتریالیزمی دیالێکتیکە) کە بریتین لە کۆمەڵێ چەمکی وا نامادەی گۆڕان و پێداچوونەوەی بەردەوامن و یارمەتی تێگەیشتنی مێژوو و کۆمەڵگا دەدەن .. بەڵام لەهەمان کاتدا بە تەنیا تاقە سەرچاوەی هەموو فیکرێ نین ، بەتایبەتیش فیکری عەرەبی .

پرسیار : ئایا لەو باوەڕەدای جگە لە مارکسیزم تیۆری کۆمەڵایەتی قوول و ڕەخنەیی و دیکە بوونی هەبێ ؟

وەڵام : ئەو مارکسیزمەی چەپی عەرەبی کارییدەکرد بریتی بوو لەو مارکسیزمەی لە ئامیلکە سۆڤیەتیە ستالینیە سادەکانەوە بەدەستمان دەگەیشت ، ئەوانیش زیاتر لەسەر مژدەبەخشین دروستبووبوون تا مەعریفە . لەڕاستیدا ئێمە هیچکار دووڕین لە مارکسیزمەوە ، ئێمە کتێبی (چی بکەین ؟) و (بابەتەکانی نیسان) و (هەنگاوێک بۆ پێشەوە) و .. هتدی (لینین) دەخوێنینەوە ، بەڵام نە کتێبی (گەشەکردنی سەرمایەداری لە ڕوسیا) و نە (مارکس) خۆی ئاخوێنینەوە . لای ئێمە لایەنی مژدەبەخشیی مارکسیزم ئامادە و بالادەست بوو ، ئەو لایەنەی لەسەر کۆمەڵێ بەڵگەنەویست بنیادنرابوو نەک لەسەر لێکۆڵینەوە و مەعریفە .. دیارە سەنگی مەحەکیش ئەوەیە ، تاچەند ئەو مەعریفەیە قوڵترین

و دەولەمەندترین دەرککردن و ناسینی کۆلگای عارەبی و پێکهاتە سۆسیۆلۆژیەکەی دەرمنسێنێ ، هەر لێرەشدا گومانم لەوە نییە کە مارکسیزم سەرچاوەیەکی بنەڕەتی مەعریفیە بەلام تاقە سەرچاوەش نییە .

پرسیار : ڕۆژئاوای لیبرال ، ڕووداوەکانی ئەورووپای ڕۆژهەلاتی وەک بردنەوەی سەرمایەداری و لیبرالیەت دایە قەڵەم ، بردنەوەیەك پشت ئەستوور بەسەرکەوتنی ئابووری وڵاتە سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکان و گەشەکردنی بەردەوامی هێزە بەرهەمهێنەکانیان ، لەپێی سوودوەرگرتن لە دۆزینەوە زانستی و تەکنیکیەکانەوە ، پرسیار ئەوەیە : سەرەڕای ناکۆکیەکان و قەیرانە ناوبەناوەکانی ئەو سیستەمە ، چۆن دەتوانین بەردەوامبوونی گەشەکردنی هێزە بەرهەمهێنەکانی وڵاتانی سەرمایەداری پێشکەوتوو لێکدەینەوە ، کەچی لەهەمان کاتدا و لە وڵاتانی لەبابەتی یەکەتی سۆڤیەتدا ، کە پێیان دەوترا وڵاتانی سۆسیالیستی ، ئەو گەشەکردنە تووشی نووشتی وکۆسپ و بنبەست هات ؟ ڕەنگە ئەمە خۆی لە خۆیدا بۆرە موفارەقەیەکیش بێت ، بەتایبەت ئەگەر ئەو بۆچوونە بەناوبانگەی (مارکس) مان بیربکەوێتەوە کە پێی وایە ، لە کۆمەڵگای چینایەتیدا ناکۆکیەکانی نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان هەمیشە لە بارەوپێشەوەچوون و تووندبوونەوەدایە ؟!

وەڵام : دەربارەی ململانێی نێوان دوو نۆردوگاکە و ئەوەی ئایا سەرمایەداری بەسەر سۆسیالیزمدا سەرکەوت ؟ بەڵێ سەرکەوت و هیچ مەجالێکیش بۆ خۆ بازل زانین نەماوەتەوە ، ئەمە لەخودی خۆیدا زەرەر و زیانێکی مێژوویی گەورەبوو ، بەڵام ئایا ئەمە وامان لێدەکات سەرمایەداری ، چونکە لەم ململانێیەدا سەرکەوتووە ، بەپێزگارکەری دابنێین و باوەڕی خۆمانی بدەینێ ؟

جارێ سەرەتا دەبێ ئەوە بڵێین ئەوەی کە دۆڕا و ژێرکەوت ئەو بیرۆکە ساکارەبوو کە چاوەڕوانی ڕەمانی سەرمایەداری ئەکرد ، ئەو بیرۆکەیە بیرۆکەیەکی ڕێ وونکەر و ئەفسانەیی بوو ، پێی وابوو سەرمایەداری لەوەتەی لەدایکبووە قەیراناوییە ، دەبێ بیر لەڕاستی و دروستیی چەمکی قەیران بکەینەوە ، نەك هەر ئەمە خودی ئەو ئەرزیەتە تیۆرییە هەمووی هەڵەیە ، ئەو ئەرزیەتەی بەو شێوەیە باس لە خاڵك دەکات وەك ئەوەی بەئارەزووی خۆیان و سەربەستانە بیر و بۆچوون و سەرهتاگەکان هەڵبژێرن (بێ گوێدانە هەلومەرجی بابەتی - وەرگێڕ) . ئێمە سۆسیالیزممان تاقیکردەوە و سەرنەکەوتین ، بۆیە ئیدی دەبێ سەرمایەداری تاقیکەینەوە ، ئەمە قسەوقسەڵۆکی خاڵکانێکە هیچ قازانجێکیان نەمابێ ، بەنیسبەت منیشەوە ئایا هەڵوێستم لەسەرمایەداری چیە ؟ من یەکێکم لەو خاڵکە بێ شومارەی گاڵی عارەب کە کوشتەی دەستی سەرمایەدارین، پرسیار ئەوە نییە کامیان لەڕووی زەمینییەوە باشترن ، سۆسیالیزم یان سەرمایەداری ؟ پرسیاری ڕاستەقینە ئەوەیە چۆن تەعبیر لەو سوود و قازانجانە بکەین کە ئێمە نوێنەریانین و چۆن بەدیانبهێنین ؟

پرسیار : ئایا ئەوەی لە یەکیەتیی سۆڤیەتدا ڕووی دا کاریگەری لەسەر متمانەکردن بەمارکسیزم لە دنیای سێهەمدا بەگشتی و لە نیشتمانی عارەبدا بەتایبەتی بەجێهێشت یان بەبێدەمهێڵێ ؟

وەڵام : نابێ لەبیری کاریگەریی ئەم ڕووداوە لەسەر چەپی دنیای سێهەم و چەپی نیشتمانی ئێمە کەمکەینەوە ، هۆکاری سەرەکی ئەم مەسەلەیەش لەوەدایە ، بەشێك لە هێز و دەسەڵاتی چەپ ، دەرهنجامی هاریکاری و کۆمەککردنی یەکیەتیی سۆڤیەت بوو بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی سێ کیشوەرەکە (ئاسیا ، ئەفریقا ، ئەمریکای لاتین - وەرگێڕ) . لێرەدا یەکێك لە ڕێچەکانی پەیوەستبوون بەمارکسیزمەوە ، خۆدۆزینەوەبووە لە هەڵوێستێکی نیشتمانی و دیموکراسی ڕیشەییدا ، هەر ئەمەش وایکردووە ئەو لایەنانە بدەنە پاڵ نۆردوگایەك دژی ئەوی دیکەیان ، بەڵام ئەم هەڵوێستە لە جەوهەردا هەڵوێستێکی سۆسیالیستانە نییە . بەواتایەکی دیکە ، بەشێکی زۆری سۆسیالیستەکانی نیشتمانی ئێمە لە جەوهەردا کۆمەڵێ کەسانی نیشتمانپەروەری ڕاستەقینەبوون کە بۆ خۆڕزگارکردن لە نۆردوگای سەرمایەداری، خۆدانە پاڵی نۆردوگای سۆسیالیستیان بە

ڕێگەچارەیەك بۆ ڕزگاری نیشتمانی دەزانی ، پێش ڕزگاربوونی کۆمەڵایەتی . لێرەوە زیانی کەوتنی ئەو ئۆردوگایە زیانێکی گەورەیە ، زیانێکی گەورە بەو مانایەی تۆ لە جانگی نیشتمانیتا پاڵپشتێکی گەورە ئەدۆزێنی ، پێش ئەوەی نموونەی بونیادنانی سیستەمێك بدۆزێنی . دووەمین شت کە هەستدەکەم لە سۆسیالیزمدا باڵادەست بوو ، ئەو ڕووە ئایینیە مارجەعیەیە کە هەموو شتەکانی دەرەوەی خۆی لەناوبرد و مارکسیزمی کردە جۆرێك لە مژدەپێدان و باوەڕێکی دۆگمایی . هەر لەبەر ئەم هۆیەشە لە مارکسیزمی عەرەبیدا بەرهەمهێنانی مەعریفی دەگمەن و بەرهەمهێنانی مژدەبەخشیش هێجگار زۆر ، بەشێکی زۆری ئەو کەسانەش کە مارکسیزمیان لە لێکۆڵینەوە و زانیارییە سۆسیۆلۆژییەکاندا بەکاردەهێنا ، لەدەرەوەی پەیکەرە سەرەکیەکانی چەپدابوون . لە ڕاستیشدا بەشێکی هەرە زۆری فیکری مارکسیزمی (سۆفیەتاوی) ـ وەك خوالێخۆشبوو یاسین الحافظ ناوی نابوو ـ فیکرێکی مژدەبەخشە ، فیکرێکە باس لە ملمانێی چینایەتی دەکات بەڵام جەوهەری ناکۆکیەکان نیشان نادات ، فیکرێکە ئەلکە ئیماندارەکان ڕازیدەکات . بەشێکی زۆری ئەم تەرزە بەرهەمەش ، ئەك بەشی هەرە زۆری ، دووبارەکردنەوەی گوتراوی مژدەبەخش و چەمکی گشتیی تەجریدی و بەتاڵ و دانەڕێژراو و پڕنەکراوەیە بۆ تێگەیشتن لە واقیعێکی دیاریکراو .

پرسیار : ئایا ئەمە بەو مانایە ، کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبی ، دوای ئەوەی ئەم ڕووکارە ئایینی و مژدەبەخشەی لەخۆگرتووە ، دەبێ بەخۆیدا بچێتەوە و سەرلەنوێ خۆی دابڕێژێتەوە ؟

وەڵام : جیاوازییەکی بچووك لەنێوان بیرۆکەی (پێشڕەوی لینینیانە) و بیرۆکەی پێشڕەو و نوخبە لەفیکری ئەتەوەیی و بۆژاندنەوەنوازدا هەبوو ، ئەویش ئەما .. ئێستا هەردووکیان تەبان لەسەر ئەوەی خۆیان بخەنە بری گەل .. ئەم (خۆخستنە بری گەلەش) ماسەلەی نوێنەرایەتیکردنی سوود و قازانجە جیاجیاکان (واتە نوێنەرایەتیکردنی چین و توێژ و گروپە کۆمەڵایەتیە جیاجیاکان - وەرگێڕ) و ماسەلەی هەڵبژاردن نەفیدەکاتەوە و لەناویدەبات .. هەر ئەم خالەش ، واتە خالی (خۆخستنەبری گەل) ، خالی ناوکۆیی و هاوبەشی هەرسێ پێبازە عەقایدییەکەی نیشتمانی عەرەبە (مارکسیزم ، ناسیونالیزم ، بزووتنەوەی ئیسلامی) . هەندێ لایانی بزووتنەوە ئیسلامیەکان کۆمەڵگا بە پێوانەی دەق (واتە قورئان و گووتە دینیە نووسراوەکان - وەرگێڕ) دەپێون و دواجار حوکمی کافربوونی کۆمەڵگا دەرئەکەن .. فیکری ناسیۆنالیستیش باوەڕی وایە ، گەل تووشی نەخۆشییەکی سێ مەودا (هەژاری ، نەزانی ، نەخۆشی) بووە و پێشڕەوان ، کە (میشیل عەفلەق) بە پێغەمبارە بچووکەکەیان ناودەبات ، پەیامی گۆڕینی ئەم گەلەیان لەسەرشانە . لینینیزمیش لە شێوە عەرەبیەکەیدا ، شتێکە لەم بابەتە ، لێرەشدا دەق (کە لەباوەڕی لینینیدا مارکسیزمە ـ وەرگێڕ) ووشیارییەکە لە دەرەوەرابەگەل دەدرێت ، هەر بەپێی پێوەرەکانی دەقێش ، هوشیاریی گەل هوشیارییەکی پاشکەوتە و گەشەنەکردووە ... جا بۆیە باوەڕناکەم ئەم بەراوردکردنەی سەرەوە هەڵە و دوور لە ڕاستی بێت ، چونکە شێوازی حکومەتە دیکتاتۆرییەکانی نیشتمانی ئێمە ، ڕەنگدانەوەیەکی وردی ئەم بۆچوونانەن . ئەو ڕۆژنامە تەنها لەسەر فێڵ و تەڵەکەبازی و ناشارەزایەت دروست نابوون ، بەڵکو لەسەر بنەمای پەیوەندییەکی لێکەوتووی لەنێوان حاکم و حوکم بەسەرداکراواندا دروستبوون ، بەجۆرێکیش کە حوکم بەسەرداکراوەکان دەبێ سوپاسی ئەو حاکمانە بکەن کە بەوە ڕازین حوکمیان بکەن و بەسەریانەوە کەڵگابن . دیالەکتیکی دیکتاتۆریەتی عەرەبیش لێرەدایە ، ئەو دیالەکتیکەی کە هەموو هەڵە و ناتەواوی و کەموکوڕییەکان ئەخاتە ئەستۆی گەل و لەودا کۆیاندەکاتەوە .. جا ئەگەر پێشڕەوان بچنە بری گەل ، ئەوکات مەکتەبی سیاسی و لێژنەی مەرکەزیش دەچنە بری ئەندامانی حیزب ، لەهەموو حالەتەکانیشدا خەڵك و ئەندامانی حیزب کۆمەڵێ قوتابین ، بۆ ئەوەی لەگەڵ بۆچوونی نوخبە و پێشڕەواندا بگونجێن ، دەبێ گوێیان پێ بگیردرێ و فێربکرێن و بگۆردرێن . بەم شێوەیە ئەم بۆچوونە ئەو پەیوەندییە دیالەکتیکییەی لە نێوان فیکر و واقیعدا هەیە دەقرتێنێت و دەبێتە هۆکارێك بۆ لێکتر دابڕانی فیکر و واقیع و زیندووڕاگرتنی شتە بەد و دواکەوتووەکان لەناو واقیعدا و ڕێگەگرتن لەگۆڕانیان ، بەتایبەتی

گەر زانیمان هوشیاری شتێك نییە بۆ یارییەکردن بشێ، بەڵکو بەرهەمێکی مێژوویی و کەلەکەبووە، ئەك کاریگەریی سیحری دەقێك بەسەر گاڵیکەوە .

پرسیار : تۆ کتێبی « گەشەکردنی سەرمایەداری لە ڕووسیا »ت وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی ، لە لوبنانیش ئەندامێکی ناسراوی یەکێ لە هێزە نیشتمانییەکان بووی ، ئایا پێت وایە کە تۆ یەکێکی لەوانەی بەشداریووبیت لە گواستنەوە و نیشاندانی خیتابی واقیعدا .. یان ئێوەش پشتتان بە مارجەعێکی دەرەکی یان دەقی دەبەست ؟

وەڵام : پێم وایە تاقە قۆناغی بالادەست قۆناغی وەرگێڕان و مژدەبەخشینە . من خۆم ناخەمە دەرەوەی ئەو حاڵەتە ، منیش وەك خەڵکانی دیکە بەشداریيەکی زۆرم لەو ماسەلایەدا کردووە، بەوەڕیشم وایە کە جووتبوون یان وەك یەکبوونێك لەنێوان فیکر و واقیعدا بوونی نییە ، هەربۆیە گومانم لە گوتراوەی « هوشیاری جووتبوو - الوعي المطابق » هایە . من بارەدەوام پێ لەسەر ئەو پەیوەندییە دیالەکتیکیەی نێوان هوشیاری و واقیع دادەگرم ، گەییشم لەو هوشیارییە بەزۆرەیە - الوعي القسري - کە ڕەچاوی واقیع و پێکهاتە جیاجیاکانی ناکات . بەمانایەکی دیکە ، هەمیشە جۆرە لێك جووداببوونەوە و دابڕانێك لەنێوان هوشیاری و واقیعدا هایە .. ئەو بۆچوونەی (مارکس) پێ کە دەڵێ کۆمەڵگا تەنها ئەو پرسیارانە لەخۆی دەکات کە دەتوانێ وەڵامیان بۆ بدۆزێتەوە ، بۆچوونێکی وەهمییە .

لەو ڕۆژەوەی مرۆڤایەتی دروستبووە ، مرۆڤ ئەو پرسیارانەی لەخۆی کردووە کە ناتوانێ وەڵامیان بداتەوە . ئایینەکان باشترین دەربڕی خوازیاربوونی مرۆڤن بۆ گەیشتن بە یەکسانی ، بەڵام بونیادی ئایین خۆی لەخۆیدا گەورەترین ڕێگرە لەبەردەم گەیشتن بەو یەکسانییەدا . هۆکەشی ئەوەیە ئایین ئەو یەکسانییە بۆ قیامەت هەڵدەگرێ .. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (ئایین) هێشتاکە هەر دەربڕی خوازیاربوونی مرۆڤە بۆ یەکسانی . سەرباستی ماسەلەی ئایینەکان نەبووە ، لەبەر هەمان هۆ ماسەلەی مارکسیزمیش نەبووە و بەڵای مارکسیەکانەوە شتێکی کەم بایەخ بووە .. دیارە ناتوانین ئەم ماسەلایە تەعمیم بکەین ، من خۆشم نامەوێ تەعمیمی بکەم ، بەڵام خاڵی ناوکۆیی و هاوبەشی ئەم ئازموونانە ، ئەو کۆسپە گەورانەیە کە دێتە بەردەمی جێبەجێکردنیان . دەڵێم کۆسپ تا ئەڵێم بێتوانایی ئەو ئازموونانە بۆ دەرچوون لە قۆناغی تەعمیمکردن و مژدەبەخشین و وەرگێڕان .

بەشێوەیەکی گشتیش وەرگێڕان کارێکی پێویستە ، وەرگێڕان مانای ئەوەیە تۆ لە زمانێکی دیکەوە شتێك بەخۆیەڕ بدەیت ، بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییە باش بزانین ، گواستنەوەی چەمکەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە مانای گواستنەوەی ئەو چەمکانە نییە بۆ نێو واقیع . دیارە من نامەوێ بڵێم چەپ خاوەنی تێروانینێکی تایبەت نەبووە بۆ واقیع . من پێم وایە موفارەقە لەوەدایە ، چەپ دەربارەی نوێنەرایەتی خۆی شتێکی ووتووە و ، لە ڕاستیشدا نوێنەری شتێکی دیکە بووە ، مەبەستم خۆ بەنوێنەرزانینی چینی کرێکار و سۆسیالیزمە (واتە چەپ نوێنەری کۆمەڵێ هێزی دیکە بووە ، کەچی خۆی بە نوێنەری کرێکاران و سۆسیالیزم زانیوە - وەرگێڕ) . ئەمەش خۆی لەخۆیدا تاقەیەکی سۆسیۆلۆژی بوو نەپەیشت چەپ بیر لەو شتە بکاتەوە کە نوێنەری ڕاستەقینەیەتی ، چەپ تانێستاش نوێنەری کۆمەڵێ دەسکەوت و قازانجە کە لەچاوەڕدا دژ بەکۆمەڵگای کۆنە ، نوێنەری جیهانبینیەکی تازەگەرانەی ئەنتی سەرمایەداریە کە هێوای بەدیموکراسیە .. بەڵام چونکە مەحکوم بووە بە بیرۆکەی (پێشڕەوبوون) ، دەبینین لەڕووی بەرنامەڕێزیەوە بەمجۆرە لەخۆی نەدواوە . پاش ئەوەی باڵی ڕاستی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبی دەسەڵاتی گرتەدەست و هەمان ئەنتەرناتیفی پراکتیککرد کە چەپ بەڕووی حکومەتکردنی ئەواندا بەرزیکردبووەوە .. مەبەستم شێوازی سۆفیاتانەی حوکمکردنە . ئیدی ئەوە قەیرانێکی گەورەی لەناو چەپدا دروستکرد. چەپ کە بینی کەسانی جیا لەخۆی هەمان شێوازی حکومەتکردن پراکتیکدەکەن .. ئیدی هەموو قسەکردنێك لەسەرخۆ بەخاوەن زانینی ڕەسمی ئەو شێوازە ، قسەکردنێکی بێ مانا و بێ پاڵپشت بوو .. دەرهەنجامی هەموو ئەمانەش دووڕکاوتنەوەی هەرچی زیادی چەپ بوو لە قازانجە بنەڕەتیەکانی خەڵك و نادۆزینەوەی ناکۆکیە تازەکانی ئەم چارەکە سەدەیەی دوایی ڕۆژهەڵاتی عەرەبیەکان بوو .

ئەوە دووبارەدەکەمەوە ، ووشیاریی جووتبوو لەگەڵ واقیعدا گووتراوێکی وەهمییە .

چونکه ئهم بۆچوونه ئاوه گریمان دهکات که کۆمهڵگا له دۆخی خامۆشبوون و ڕاوستاندا بێت .. لهکاتێکدا ئهو پهیوهندییه (واته پهیوهندی نێوان ووشیاری و واقیع - وهرگێر) پهیوهندییهکه دهپێته ناو مێژوو و ئابووری و کۆمهڵگاوه .. دهستێشانی قۆناغه مێژووییهکه دهکات و ئهو هێز و پێکهاته خاوهن سوود و ئامانجانهش جیادهکاتهوه که لهو قۆناغه مێژووییهدا دهژین ، لێرهوه ئهو پهیوهندییه پهیوهندی جیابوونهوهی واقیعه له هوشیاری .. بهڵام جیابوونهوه بهو مانایهی که لهنێوان واقیع و فیکردا ملمانێ و زۆرنباری هایه .. هارچی واقیعی (پاشکهوتهشه) هوشیاری لهبهین دهبات ، بهڵام ئهم مهسهلهیه مهسهلهیهکی ڕێژهییه ، بۆ نموونه ، تۆ پێت وایه حیزبێکی شێوهنوێت دروستکردووه ، کهچی دهبینی له میکانیزه ناوهکیهکانیا خێڵ و قهبیله و پێکهاته ئاتیهکان ئامادهیه .. ئهمه خاوش و گوناه نییه ، ئهوه تهنها تێروانینێکی زانستیانهی موجهڕهده ، که خاوش لهو حالهتهدا دهبینێ ، بهڵام گوێ پێنهدان و پشتگوێخستنیشی بهناوی ئهوهوه ئێمه حیزبی چینی کرێکارین ، بێ دهستێشانکردنی ئهو چینی کرێکاره و لهڕێی گریمانکردنی جهوههرێکی شۆڕشگێرانهی ههمیشهییهوه بۆ ئهم چینه لههموو شوێن و جێ و زهمان و زهمێنێکدا . ئا ئهوهیه گرفت و کارهساتی سهرهکی .

بهم مانایه من پێم وایه پێکهاتی ئهو حیزبانه لهسهر بنهمای سانترالیزمی دیموکراسیانه لهسهر جۆره پهیوهندییهکی نوخبهوییانه لهگهڵ خهڵکدا دروستدهبن، خۆیان بهشێکن له گیروگرفتێکی گهورهتر - گیروگرفتی بهردهوام جیابوونهوه و دابڕانی ئهو حیزبانهیه لهنێوهڕاتیکردنی سوود و قازانجه ڕیشهیی و بنهڕهتیهکانی کۆمهڵگا . ئهمهش خۆی لهخۆیدا بۆشاییهکه تهنها ئهو کهسانه ئهتوانن پڕیکهنهوه که گوتارێکی نۆڤۆزیسیۆنانهیان ههبێت .. کهچی ههر لهم کاتهدا بهشێکی زۆری چهپ له دۆخێکی خۆلهمێشی دوودڵیدان لهنێوان ئهوهی بدهنه پاڵ ڕژێمهکان یان له نۆڤۆزیسیۆندابن ، لهزۆربهی حالهتهکانیشدا چهپ له دۆخی نۆڤۆزیسیۆنیدا نییه. لهسهرێکی دیکهوه ههمان گرفت سهبارهت به ئامراز و شێوهکانی خهباتکردن لهئارادایه ، ههموو شێوهکانی خهباتیش له دوو شێوهدا کۆبوونهتهوه : پهیمانبهستن - التحالف - و خهباتی چهکدار . بهبڕوای من دهبێ جارێکی دیکه بههموو ئهم شتانهدا بچینهوه و ههڵیانسهنگێنین ..

بهم مانایهش ، چاوهڕوانی هیچ خێر و قازانجێك لهبهردهوامی ئهم شێوه پێکهاتانهدا ناکهم .. ئهمهش تهنها پێشبینییهکی تیۆری نییه ، بهڵکو لێوردبوونهوهیهکی ڕاستهوخۆ و بهرچاوی ئهو شتانهیه له واقیعدا ڕووددهدهن . بهڵام هێشتاکه پرسیار ئهوهیه : ئایا ئیمکانی ئهوه ماوه نوێنهرایهتی سوود و قازانجه ڕیشهیی و بنهڕهتیهکانی کۆمهڵگا بکرێت که بهدهست شێوازی سهرمایهداریانهو و دیکتاتۆریانهوه گیری خواردبێ ، وه ئایا ئهو نوێنهرایهتیکردنه پێویسته ؟! من پێم وایه ئهم پێویستییه له ئارادایه و دهبێ بهزوویش خۆمان لهو پرسیار و خۆخهریککردنانه ڕزگارکهین که ئایا له یهکهیهتیی سۆڤیهتدا چی ڕووی دا و لهباتی ئهوه پرسیار لهوه بکهین که ئایا له نیشتمانی عهرهبدا چی ڕووددهدات ؟ وه ئایا لهم (٢٥) سالهی دوایدا چ گۆڕانکارییهکی کۆمهڵایهتی و چ ئالوگۆڕێکی ڕیشهیی ڕووی داوه ؟ بهبڕوای من کاری جیدی ئالێرهدایه ..

پرسیار : ئایا ئهم ههڵهکردنه له نوێنهرایهتیدا ، دهرهنجامی لاوازی هوشیاری ئهو هێزانهیه که خۆیان بهنوێنهر زانیوه ، یان ئهنجامی ئهو ئالوگۆڕ و له گرێڕانهدهرچوونه سۆسیۆلۆژییه که بونیادهکانی کۆمهڵگای عهرهبی تووشیبووه ؟

وهڵام : ئهو شێوه بهرههمهێنانه سهرمایهداریهی ، واته ئهو نموونهیهی ، گریمانی ئهوه دهکات که دوو چین هان مێژوو دروستدهکهن و تهوهرهی بهرههمهێنان پێکدههێنن ، واته بۆرژوازیهت و پڕۆلیتاریا ، بۆ شیکردنهوهی چینایهتی وڵاتی ئێمه ناگونجێت و بهکهڵك نایهت . سهرهڕای سهرمایهداریی کهناری وابهستهکراو - الراسمالية الطرفية المستبعة - ئهم شێوه بهرههمهێنانه دوولایهنه و هارچی لێکدانهوهیهکیش لهماوه ههڵهێنجرابێت ، هار ههمووی سهریهوه . ملمانێی چینایهتی پڕۆسهیهکی ئالۆزه ، چینهکانیش کورت نابنهوه بۆ دوو چینی سهرهکی و ئهوانهی دیکهش که دهکهونه نێوانیانهوه بێ مانا و بێ نرخ ، یاخود ڕوو لهنهمان و فهتاون بن . ههموو بۆچوونێکی لهم

بابەتە پلەی سفری بیرکردنەوەیە ، دووپاتکردنەوەی یەکێ لە گوتراوە بێ هیواکانی (مارکس) ـە ، گوتراوەی تەوەرگیری کۆمەڵگا ، کە پێی وایە کۆمەڵگا بۆ دوو چین دابەشدەبێت ، زۆرایەتیەکی کرێکاری بەرهەمهێن و کەمایەتیەکی خاوەن بەرهەم و دوجار داڕمانی پەیوەندییەکانی نێوانیان .

موجازەفەکەم و بێ دوودڵی ئاڵێم ، ئەمەی لەم سی ساڵەی دواییدا مێژووی دروستکردووە ، ئاو چینانەبوون کە لەنێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوازیدا بوون ، چونکە ئاو چینانە زۆرایەتی هەرە زۆری خاڵک بوون ، هەر ئەوانیش بوون لەگەڵ ئاو شێوازە بەرهەمهێنانە ڕاستیەی لە ئارادابووە ، چالاک بوون ، جا یان لە شەڕدا بوون لەگەڵیدا ، یان بەهۆیەوە لەبووی کۆمەڵایەتیەوە پایەداربوون .

ئەگەر تائێستا نامان ویستبێ لە ئابووری بکۆڵینەوە ، ئەگەر تا ئێستا هەر تاکە دەوڵەتێکی عەرەبیمان وەک شێوە بەرهەمهێنانێکی سەربەخۆ سەیرکردبێت و هەموو بەناوبەکداچوون و پەیوەندییەکی نێوان وواڵاتە عەرەبیەکانیشمان وەک جۆرێک لە فیکری ناسیۆنالیزمیی بێ مانا تەماشا کردبێت .. ئەوە مانای ئەوەیە ئێمە هێشتا نەگەیشتووینەتە پلەی سفر لە بیرکردنەوەدا . ئەمووندی یەکیەتیی سۆڤیەتدا ، پەرەسەندن و بەرەوپێشەوچوون پیادەبکرێت .. جا لێرەوە قسەکردن لەسەر بنیادنانی سۆسیالیزم لە وڵاتێکی وەکو یەمەنی دیموکراسیدا ، بە دوو ملیۆن هاووڵاتیەوە ، نموونەیەکە لەو تاک دەوڵەتیە ـ القطریة ـ چارەرەشەی کە هیچ پەیوەندییەکی بە ئابووری و سەردەمەوە نییە ، بەڵام پەیوەندی بە مژدەبەخشینەوە هەیە . ئەگەر دنیای نوێ دنیای ئابووری نەبێ و مارکسیەکانیش یەکەمین کەسێ نەبن ئاگایان لەپرۆلی ئابووری و دەرهاویشتەکانی بێ ، نازانم ئیدی خەریکی چین و ج کارەن ؟ لێرەوە پێم وایە هەموو بەخۆداچوونەوەیەك بریتیە لە بنیادنانی هوشیارییەك ، لەسەرتادا چوارچێوەیەك دەستنیشاندەکات ، دواتریش ئاو ڕاستیەی لا گرنگ بێ کە کۆمەڵگا سوود و قازانج دەبجوڵێنێ .. نە تەنها فیکر .

پێداچوونەوە مانای دروستکردنی چوارچێوەی (لانی کەم) کە بەبێ ئاو چوارچێوەیە بیرکردنەوە مەحاڵە ، چوارچێوەی لانی کەمیش مانای (لە دەریاوە بۆ کەنداو و مانای گەڕان بەدوای مەسەلە سەرەتاییەکان و دەستیشانکردنی جۆری سامانی نەتەوەیی ، مانای دەستیشانکردنی بەرپێوەبەران و کارگێڕان و خاوەن کارەکان ، مانای چۆن بەکارهێنانی سامانەکان و لەپێناوی کێدا بووننی ؟

سیستەمی نوێنی جیهانی سیستەمی ئاو کەسانەیە کە دەست بەسەر کارەستە سروشتیەکانی دونیادا دەگرن . ئێمە هاریکاری و یارمەتی کۆمەڵێ پرۆژەیەدەمین ، کە هەموو شتێکی مرۆیی و سروشتی و هەموو ئاو شتانەی بەشێکن لە کەلەپووری ئێمە لە هەموو شارێکی عەرەبیدا وێرانەدەکات و بەناوی مۆدێرنیزمیەوە چەپەڵی بۆ لێنەدەمین . لەگەڵ ئەوەشدا ، بەهۆی کارەساتێکی لەبابەت کارەساتی (تشێرنوبیل) ـەوە ، گرنگی دەوروبەر و ژینگەمان بۆ ئاشکرادەبێت .

پرسیار : ئەی دەربارەی جیهانی سێیەم چی هەیە ؟ ئایا کەوتۆتە خانەی پەراوێزەوە .. ئاو دیوارە ئاسنینەی جاران لەنێوان پرۆژەهەڵات و پرۆژئاوادا هەبوو ، ئایا ئێستا لەنێوان باکوور و باشووردایە ؟ ئایا لەبواری بەرجەستەکردن و کەشەپێدانی مارکسیزمی ئەمرۆدا .. دەشێ بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی جیهانی سێیەم چی بکەن و چی پێشکەشکەن ؟

وەڵام : ئاو ملمانێیەی پێی دەوترێت ملمانێی باشوور باکوور بۆ تاقە جارێکیش ڕانەوەستاوە ، ئاوەی کۆتاییەیەهات ئاو داببەشبوونەبوو کە لە هەناوی باکوور خۆیدا هەبوو .. پرۆژەهەڵات و پرۆژئاوا (واتە بلۆکی سۆڤیەت و وڵاتە سۆسیالیستیەکانی دیکە و بلۆکی ئاوروپا و ئەمریکا ـ وەرگێڕ) دووڵایەنەکەی باکووربوون . هەر بۆیە ئەم ملمانێیە (واتە ملمانێی باشوور باکوور ـ وەرگێڕ) ئەوەستاوە .. هەموو ئاوانەی زۆر باسی سیستەمی نوێی جیهانیش دەکەن پرۆژنامە عەرەبیەکانن ، کەچی ئاوانەی کە سیستەمەکە دادەڕێژن ئاوەندەی لەسەر نالێن .. دیارە کۆمەڵێ میکانیزمی بریکاری ـ تعویضي ـ لای ئاو میللەتانە لەئارادایە کە لەبووی نەتەوەییەوە زۆرلێکراون ... ئەمە

حالەتیکە و دەرکیدەکەین .. بەڵام مانای ئەوە نییە ڕاستە .. هەر ئەمش وامان لێدەکات بەردەوام بەدوای ئەو هاراوهۆریا و جەنجالکردنە تاوانکارانەدا بگەڕێین کە ڕۆژئاوا بەردەوام فڕێماندەدات ناوبەوە .. هاراوهۆریای ئەوەی کە ناشتی و ئاسایش ، دوو قازانج و دوو سوودی ڕۆژئاوایی و ئەمریکین .. وەهمێکی دیکە ئەو مەسەلەیەیە کە پێی دەڵێن (هەڵکردنی شەپای دیموکراسیەت) وەک چۆن جاران (شەپای سۆسیالیزم) هەڵیدەکرد ... بەباوەڕی من ئەمە بۆچوونێکی وەزعی و بریکاریانەیە و هیچ مەعریفەیەک بەرهەم ناهێنێت . من نازانم سیستەمی نوێی جیهانی چییە .. بەڵام دەزانم لەلای ئێمە چارەسەرکردن لە دەسنیشانکردن و ناسینی گرفتەکان زیاترن .. وە یەکێ لە ئەخۆشیە کوشندەکانی ئەنتێبینسیای عەرەبیش زۆری چارەسەر بووە . جا ئەگەر مەسەلەی سەرەکی مەسەلەی دەسنیشانکردنی کێشە و گرفتەکان بێت .. ئەوا من جگە لە گالتەجارێتی ڕۆژئاوا بە ناوچەکە و بردنی هەموو شتە ستراتیژی و بنەڕەتیەکانی و پشتگوێخستنی شتەکانی دیکەی ، زیاتر شتێکی دیکە نابینم . ئەوەی کە ستراتیژی و بنەڕەتی بوو لە جەنگی کەنداودا ، واتە دەستگرتن بەسەر چارەووسی ناوتدا و تێکشکانی هێزی سەربازی و پیشەسازی عیراق ، جێبەجێکرا . (ئەم شێوە بۆچوونە ئەگەرچی لە دیدێکی جیهان سێیەمیەوە ڕاستە ، بەڵام لاوازیەکەی لەوەدایە کە ئەو تەباییە بابەتیەی لەنێوان دیکتاتۆرەکانی جیهانی سێیەم و ڕۆژئاوادا هەیە ، پشتگوێدەخات .. لێرەوە بەرخوردکردنی جەنگی کەنداو وەک تاوانێکی ڕۆژئاوایی دەدرێتە قەڵەم .. بەبێ ئیدانەکردنی بەعسیزم وەک فاکتەرێکی سەرەکی ئەو شارە - وەرگێڕ) .

ئەمە شتە سەرەکیەکان بوو .. بەڵام شتە لاوەکیەکان ، ئەگەرچی زۆرکەس بە لاوەکیان نازانن، بڕیتین لەو تەرتیبات و ڕێکەوتنامانەی کە دەکرێ لەژێر سایەی تێکچوونی تەرازووی هێزەکاندا ، لەنێوان عەرەب و ئیسرائیلدا جێبەجێکرێ .. بەڵام ئەم تەرتیبات و ڕێکەوتنانە هەردەبێ نرخی ئەو تێکشکان و دوراندنانە بدەن..!

کەس دیموکراسیەت نابەخشێت بەکەس .. دەتوانم پێداگرم و بڵێم ، هەرچی بەرقەرارببوون و گەشەکردنی دیموکراسیەت لە (ناوەند) دا ، نابوون و بەرقەرارنەبوونی دیموکراسیەت لە (کەنار) دا . ئەم یاسایەش لە هەموو شوێنێ زیاتر بەسەر وڵاتی ئێمەدا ئەسپێ . ئەمە بەو مانایەیە ، من لەسەرەتای ئەم سەدەیەوە تاقە حالەتێکم نەدیوە لایەنەکانی ڕۆژئاوا تێیدا دەستیان خستبێتە کاروباری نیشتمانەکەمانەوە بۆ سەپاندنی دیموکراسیەت ، بەڵام حالەتی دەستێوەردان بەمەبەستی سەپاندنی دیکتاتۆرە میلتاریەکان لەئارادایە . ئەم سرودخوێندنە خەبارانەیە، جۆرێک دڵدانەوە یان جۆرێک بانگێشەکردنە بۆ خەباتکردن و سەپاندن و بەرقەرارکردنی دیموکراسیەت .. ئەو دیموکراسیەتەی کە دەبێ دژ بە ڕژێمەکان و دژ بەو کۆڵەکانەی ئەو ڕژێمانەی ڕاگرتووە ، کە هێزەکانی ڕۆژئاوا و لەپێش هەموویشیانەوە ئەمریکایە ، بەرقەرارێرێت . من ناتوانم دیموکراسیەت بێ خەباتکردن بهێنمە بەرچاوی چاوی خۆم .. دیموکراسیەت لۆژیکێکی گونجاوە ، تۆ ناتوانی لە نیشتمانەکەی خۆتدا دیموکراسی بیت و بەڵام لە وڵاتێکی دیکەدا لایەنگری دیکتاتۆریەت بیت .. دیموکراسیەت بەبێ ئاستێکی دیاریکراوی ڕێزلێنان لە میللەت نایەتەکایەوە .. هەر بۆیە من لەگەڵ ئەو کەسانەدام کە لەسەر داخوازی و ڕای میللەت خۆیان ڕووبەڕووی موجازەفە و مەترسی دەکەنەوە . بەمانایەکی دیکەی لەگەڵ ئەوانەدام ، ئەگەر داخوازی گەلی جازائیر ئەوەبێ (جەبهەی ئینقاذ) نوێنەری بێت ، ئەوا قبوڵی بکەن .. چونکە من لەو باوەڕەدام گەلی منیش وەکو هەموو گەلێکی دیکە گەیشتۆتە (قۆناغی کاملبوون) و شایستەی ئەوەیە خۆی چۆنی بوێت وا حوکمکرێت ، بەمەرجێک بەرپرسیاربێت بەرامبەر بەو شتانەی دەیکات و ئامادەش بێت نرخەکەی بدات . من داکۆکی لەو کەسەش دەکەم کە دژ بەویستی خۆی (جەبهەی ئینقاذ) هەڵدەبژێرێت، یان بەهۆی جۆری ئەو ڕژێمەوەی وای لە زۆربەی خەڵک کرد (جەبهەی ئینقاذ) هەڵبژێرێت . کاتێ زۆربەی هارە زۆری خەڵک حیزبێکی دیاریکراو هەڵدەبژێرن ، دەبێ ڕێی ئەوەیان بۆ خۆشکرێت تەحەمولی بەرپرسیارێتی هەڵبژاردنەکەیان بکەن .. بەبێ ئەمە ئێمە کۆمەڵێ میللەتی پێنەگەیشتووین و هەر بە پێنەگەیشتوویش ئەمێنینەوە . (پەیامی) ئەو ڕوپیەکانیش ئەوە دەبێت ئەو شتانەمان «فێرکەن» کە فێری نەبووین .. تا لێرەدا فیکری پێشبڕەوخواز (!!) بەو بنبەستە دەگات کە دژ بە گەل چەپڵە بۆ حکومەتەکان لێدەدات ...

ڕەوتی کیسەڵ لە وڵاتی ICE دا
یا شیزۆفرینیای دیبلۆماسی !

کاتێك لە (کۆنگرەی نێونەتەوەیی پزیشکانی کورد لەدەرەوەی وڵات) لە ١٤ و ١٥ ی نۆڤەمبەری ١٩٩٢ لە مانۆڤەر بەشداربووم ، S . Martsch ی ئەندامی پەرلەمانی وڵایەتێکی ئەڵمانیا مژدەی کردنەوەی بیرۆی کوردە عیراقییەکانی لە (بۆن) بەئامادەبووان ڕاگەیاند و ووتی پۆلیس نایتوانیوە گەرمنتیی سەلامەتیی ژیانی بەرپرسیاری بیرۆکە (دڵشاد بارزانی) بکات ، دەنا ئەویش نیستا لە ئامادەبووانی کۆنگرەکە دەبوو . پاشان ووتی لەڕێی ئەوەوە دەتوانرێ پەیوەندی بە (دڵشاد بارزانی) یەوە بکرێ هەتا جێ و ڕێی کۆبوونەوەکە تەواودەکرێت .

پتر لە شەش مانگ دوای ئەم ڕاگەیاندنە ، لەتوێی زەرفێکی پوستیدا کە لە (بەرلین) موە بۆم نێردراوە ، ئەم سێ نامە کوردییە چاپکراوەی خوارەوەی تێدابوو :

١- بانگەوازێکی پەرلەمانی کوردستان - عیراق ، ١٩٩٢/١/٢٦ .

٢- (بانگەوازێك لە بیرۆی حکومەتی کوردستانەوە لەبۆن) ، کۆتایی مانگی مارتی ١٩٩٢ ، بێ مۆر و ئیمزا .

٣- بەهەمان بەروار و لەسەر هەمان فۆرمە کاغەزی پێشوو ، بەڵام لەمیاندا بە ناوی شەخسیی بۆنێردراوەوە و بەمۆری (بیرۆی کوردی عیراق لەبۆن) و بەئیمزای ساوزیS.Rashid لەسەر مۆرەکە S.Rashid پتر لە دەسالە لە ئەڵمانیا دەژی و لەمێژە بە ئەندام یان لێپرسراوێکی (ی ن ك) لەناو کوردانی بەرلیندا ناسراوە . ناوەڕۆکی ئەمیان لەوی دوەهم جیاوازییەکی ئەوتۆی نیە ، جگە لەوەی کە ئەمیان پەیمان بە پێتاکدەر دراوە کە کۆی گشتی پێتاك لەگۆڤاری پەرلەمان و دەوڵەتدا ناوبەناو بڵاودەکرێتەوە .

دڵشاد بارزانیش ، دطێن گوایە کاتی خۆی لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات قوتابی کۆلیژی پزیشکی بوە و لەبەر هەر هۆیەك بێ وازی لەخوێندن هێناوە و بارگە و بنەی لەئەڵمانیای ڕۆژئاوا خستوە.

فەرموو ئەمە سەرنجی من لەسەر بانگەوازەکەی بیرۆی کوردستان :

خوێنەری بەڕێز پاش ئەم پێشەکیە ، لەو بڕوایەدام تۆش ئەم پرسیارانەت بێ بەمێشکدا ؛ داخوا جگە لەم پێتاك کۆکردنەوەیە کە دیارە ش . ڕەشید و دڵشاد بارزانی وەك یەك دەسەڵاتیان هەیە، ئەی لە ئێش وکاری تری کۆنکرێتیی دیبلۆماسی ، هاڵوێست وەرگرتنی سیاسیی ڕۆژ ، کۆمەڵایەتی ، پەیوەندیی گشتی ، ڕێکخراوەیی و ڕاگەیاندنا ، کامیان لێپرسراوی یەکەمن ؟ ئەگەر

یەکێکیان لەسەفەربوو ، ئەویتر بەرسمی دەتوانێ نوێنەرایەتی بەرپرسیاری یەکەم بکات لەهەموو بوارەکاندا ؟ ئایا ڕاستە کە دڵشاد بارزانی بەرپرسیاری بیرۆکەیە ، وەکS.Martsch ڕایگەیاند ؟ ئەی بۆچی لەسەر هیچ یەک لەو بانگەوازانەی بۆ من نێردراوە نیمزا و ناوی ئەوی پێوەنییە ؟ ئایا هەوالی کردنەوەی ئەم بیرۆیە و دامەزرانی س . ڕەشید و دڵشاد بارزانی وەک لێپرسراوانی بیرۆکە لەهیچ یەک لە ئۆرگانە ڕەسمییەکانی پەرلەمان و حکومەتی کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە ، کە چیدی هیچ پرسیار و دوودڵی لە مەسەلەکەدا نەمێنێ ؟

گۆڕینی ڕاست و دروستی ناوی بیرۆکە چ لە ئەڵمانیەوە ، چ لە ئینگلیزییەوە نە (بیرۆی حکومەتی کوردستان لە بۆن) ـ ، وەک لە سەرمتای بانگەوازەکەدا نووسراوە ، نە (بیرۆی کوردی عیراق) ـ ، بەڵکو (بیرۆ یا نووسینگەی کوردە عیراقیەکان لە بۆن) ـ ، هەرچەند دەکرا لەگەڵ ئەڵمانیەکاندا ئاوێکی باشتر هەڵبڕێدرێ ، وەک (مەڵبەندی نوێنەرایەتی گەلی کوردی عیراق لە بۆن) ، کوردەکان لەکوێ و گەلی کورد لەکوێ !

بەناوی بیرۆکەدا دەردەکەوێ کە ئەڵمانیا لەڕووی یاسای نێونەتەوەییەوە دانی نەناوە بە حکومەتەکەدا ، ئەمە دەریدەخات کە بەرژەوەندیی ئەڵمانیا و وڵاتانی تر بە هەزارەیەک سەر لەگەڵ بەرژەوەندیی داگیرکەرانی کوردستان گرێدراون . لەگەڵ ئەمەشدا کردنەوەی ئەم بیرۆیە هەنگاوێکی ئاقارباش و دڵخۆشکەرە و نابێ بەکەم سایری بکەین و تووشی ئیفلیجی بکەین !

پاشتر نووسراوە (ئەم بیرۆیە کە وەک بالوێزخانەی حکومەتی کوردستان ...) ، کەوابێ لێپرسراوی یەکەمی بیرۆکە (وەک سەفیر) ی حکومەتی کوردستانی عیراقە و بەم پلە و پایەیە چەند دێڕێ لەلاپەڕەیەکی مێژووی دیبلۆماسیی کورددا پیردەکاتەوە . (وەک سەفیر) کامیانە ؟ مەعلووم نییە .

بەپێی ئاگادارییەکەیS.Martsch بیرۆکە دەبێت بەلانی درەنگەوە لە مانگی دیسەمبەری ۱۹۹۲ دا دەسبەکاربووبێ ، بەڵام بانگەوازەکەی بیرۆ پاش چوارمانگ چاپکراوە . خۆ ئەگەر بڵێین ئاخر بانگەوازەکەی پەرلەمان کۆتایی مانگی جانیوەری ۱۹۹۳ بەفاکس بۆیان نێردراوە ، هێشتا هەر دوومانگ بانگەوازەکەی بیرۆیان چاپکردووە و دوومانگی تری پێچووە هەتا پۆستیانکردووە بۆ من ، خوا و خۆشیان دەزانن بەچەندی تر و بەدەست چەند پانابەری تری کوردی عیراق دەکات ، یان هەرگیز دەکات ؟

خوێنەری هێژا ! پۆست لە کوێرە دێیەکی ئەمەریکی ئەڵمانیاوە بەیەک ڕۆژ دەکاتە خوێرە دێیەکی ئاوپەری ئەڵمانیا ! کەواتە لەم بارەی لەسەر نیمە یا پۆست بەپشتی کیسڵ یا قوللەنشینی و لاپەری و دوو ڕی لە خاک (پەنابەرانی کورد لە ئەڵمانیا) .

لەبانگەوازەکەی پەرلەماندا ژیرانە داوای کۆمەک لە کوردی هەموو کوردستان دەکرێت ، بەڵام لە بانگەوازەکەی بیرۆدا بەم ڕوونییە داوا لە کوردی ئاوارەی پارچەکانی تر ناکرێت . بڵێی ئەم بانگەوازە بەردەستی پەنابەرانی کوردی پارچەکانی تر کەوتبێ ؟

جگە لەوانە ، جارێ بۆ بڵاوکردنەوەی بانگەوازێکی ناسیاسی و خێرخوایی و ڕەوای وەک پێتاک بۆ کورد ، مەرج نییە چاوەڕێی گڵۆپی سەوزی پەرلەمان لەناوەوە بکرێ ، ئەی ئێوە چ کارەن ؟ مەگەر بڕواپێکراو و نوێنەری حکومەت و پەرلەمان نین ؟ ئاشکرایە گەلەکەمان لەو ڕۆژەوەی بە زۆر و حیلەشەرعی ئیمپریالیزمی بەریتانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم لە عەرەبی عیراق مارەکراوە هەتا ئێستا و خواش دەزانێ ـ هەمان خوا دروزن و چاوچنۆکەکانی دوێنێ و ئیمڕۆی سەردەم ـ تا کەی پێویستی بەهەموو جۆرە کۆمەکێکی مادەدی و مەعنەوی هەبووە و هەیەتی ، لەهەر شوێنێکەوە بووبێت و بێت . چۆن ئەم کۆمەک و یارمەتیە نەبێتە ژەهری مار ، مەسەلەیەکی تڕە و ئێستا باس لەوە نییە .

نوێنەرانی بەرپرسیار !

ئەڕێ لە فەرهەنگی ئێوەدا گورج و گۆڵی و دەسپێشکەری و داهێنان جێیەکیان هەیە ؟ ئایا نەدەبوو هەوالی لەدایکبوونتان لە منداڵدانی مایەتی و کوێرەوەریی خەباتی خوێناوی

گەلەکەماندا هەر زوو لەکاتی خۆیدا بەرەسمی بلاوبکەنەوە ؟ تەنیا من بزانم ، بەزمانی ئالمانی و ئینگلیزی لە ئالمانیادا چوار بلاوکراوەی خولکایی (دەوری) هەن کە هەموویان تایبەت بە گالی کورد و ماسەکایەتی و بەفراوانی بلاودەکرینەوە .

ئایا نەدەبوو هەوالەکە کارگ ئاسا بەبانگەواز و ئاموژگاری دەسی پێنەکرایە ؟

تائێرە کێ بەکێیی و تێکەڵ پێکەڵیی دەرەوەی ماسەلەکە دەگاتە ئاستی سەرەگێژە و تاریکترین و نەویترین خالی خۆی . بلا (لێگەڕێین) پێشتانکەوم بۆ دیوی ناوەوەی ، ناوکی بانگەوازەکەی بێرۆ . نووسراوە « پالەبکەن لەناردنی یارمەتی .. » « یارمەتیەکی مانگانەی بەردەوام .. » « ماوەی بێرکردنەوە و تێپەڕاندنی نامانە ، هەتا دەگرێ زووتر دەستی کۆمەک و .. » « دووبارە داواتان لێدەکەین کە خامی کەس و ... » « ئیتر تازە هەنگاو بنێن ... » « ئیتر چاوەڕێی هیمەتی ئێوەمین » .

پێشتر باوە سارم نیشاندن کە بەراوردی بەروار و کات و شوێنەکانم بۆ کردن و بۆتان دەرکەوت کە نوێنەران لەچاپ و بلاوکردنەوە و گەیاندنی بانگەوازەکەدا - نازانم جگە لەمە چیی تریان کردووە و چەندی پێچووە - بەڕەوتی کێسڵ جوولاونەتەوە و لەو بروایەدام هێشتا زۆربەی کورد لەئالمانیا هەر ناشزانێ بیرۆیەکی ئاوا لە بۆن هەیە . جا سایرکەن چۆن تەنگەی ئێمە دەکوتن و چ پالەپەکمان لێدەکەن !

بەڕاستی کە ئەم دێرانە بەچاوی مێشکمدا چاقین ، هەستمدەکرد وەک قوتابیی سەرەتایی سایردەکرێم و فێری هەست و شعوور بالێپرسینەوە و خزمایەتی و خێزان - و گال و - نیشتماندۆستیم دەکەن . بروانتان بێت هەندێ جار کە شتێکی گرنگ لە کورە هەشت سالانەکەم دووبارەدەکەمەوە ، بڕەدم دەداتەوە و پێم دەڵێ « ئازانم هەژار ، دووبارەی مەکەرەوە ، تێگەیشتم ، یا کە خۆم شتێ دەکەم یا نایکەم و پێچەوانەکەی بەو دەڵێم ، لێم ڕادەچڕێ و بە عاقڵی سادە بەڵام سروشتی و تەندروستی خۆی پێم دەڵێ « ئەی خۆت بۆ دەیکەیت ؟ یا نایکەیت ؟ » .

بەڕاستی ئێمڕۆ لەهەموو بوارەکانی پەروەردە و فێرکردندا زۆر جەغت لەسەر ئەوە دەکرێ کە ماموستا یا باوک و دایک بەرەفتار و گوفتار و هەڵسوکەوتی خۆیان دەبێ ببنە نموونە ، مۆدێل کە منداڵ یا قوتابی بێ ئەوەی هەستی پێبکات یا ئەوان ڕاستەوخۆ بەئاموژگاری مێشکی کونکەن و گوێی کەرکەن ، لێیانەوە وەربگرێت و فێربێت .

ماوعیزە و ئاموژگاریی مەلا و ماموستا و کادیرانی حیزبی و ڕابەرانی هەر بوارێکی تری ژیان ، ئەگەر هاوئاهەنگ و گونجاونەبێت لەگەڵ کردار و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیان لەگەڵ دەوروبەر ، ئەوا لەپێش هەموو کەسێکدا گاڵتە بەخۆیان دەکەن ، بۆیە وازهێنانیان زۆر باشترە .

خۆشەویستی و هەست و سۆزی مرۆڤانەی بەرز وەک دەرزیی قیتامین (پیتاک و کۆمەک) نییە لەخۆتی بدەیت ، بەمانی دونیا ، بەپارە بیکرێیت ، ماسوولکەی پالەوانانی وەرزش نییە پۆزی پێوە لێدەیت . خۆشەویستی لەقوولاییە بێ بن و نادیارەکانی دەروونی مرۆڤدا جێگیرە و جێگۆڕکێ دەکات . خۆشەویستی پڕۆسایە ، پڕۆسە کاتی دەوێ و مێژووی خۆی هەیە لەژیانی هەموو یەکێکماندا ، لەتاونی ئەم پڕۆسایەدا چەندین فاکتۆری بایۆلۆژیی مرۆڤ و دەوروبەرەکەی بایەکداچوون و لایەکتر نالاون ، هەرێک بەڕەنگێ ، بەئاوازێ ، بەتامێ ، بەتین و تاوێ ، بەئاقار و ئاسۆیەک . بڵێی کاتی خۆی کەسێ هەبووبێ حەمدی فێری خۆشەویستی کردبێ ، ئەو خۆشەویستییە گەردوونیەی ئەم شیعرە دەربڕێ ؟

سوبح پێ ناکەنێ تا بێ ئەوا شەو بەدڵ نەگرێ
گوڵێ ناپشکوێ تا بوڵبڵی مبحێ شەو بەکوڵ نەگری
بەری نابێ درەختی باخی عالەم تاهەموو وەک یەک
بەیەک سۆز و بەیەک شۆر بەیەک دەم چڵ بەچڵ نەگری

ئینجا برایانی حیزبی و نوێنەر !

واچاکە بۆ ماسەلەی هەست و شعوور و خۆشەویستی بەرانبەر کەس و کار و شەهیدان و

گەلی برسیمان و نیشتمانی بەویرانستانکراومان لێگەڕێن با هەریەکە خۆی لەگەل وێژدانی خۆیدا لابەلای بکاتەوە .

بەڕاستی برایانی حیزبی ! ئەی حیزبیەکان لەهەر کوێ هەن !

ئێوە ، ئەوان خاڵکانی ناحیزبی بەچی تێدەگەن ؟ لەخۆتان پرسیوە بۆ ژمارەی ناحیزبیە کوردەکانی ئەورووپا ، لەگەل نابوونی ترس و لەرزی گرتن و ئەشکەنجە و ئیعدام ، هەمیشە چەند ئەوندە لەژمارەی حیزبیە کوردەکان فرمێرە ؟ ئێوە وەک نوێنەر دەتوانن سەرژمێرییەکی کوردە عیراقییەکانی ئەڵمانیا ، کە بناغەی هەموو کارێکی نابووری و سیاسی و پێکخراوەیی ، نامادەکان و بینێرنەوە بۆ حکومەتی کوردستان ؟ تائێستا چەند کۆڕ و کۆبوونەوە و بۆنەتان (لەگەڵ ئاهەنگی هەڵپەڕکێ و گۆرانی) بەڵای کەمەوە لەشارەگەورە و ناوضجیەکانی ئەڵمانیادا بۆ پەنابەرە کوردەکان گێڕاوە ؟ لەشارەکەی من کە دووسەدهەزار دانیشتوانێتی و نزیکەی هەزار کوردی تێدایە ، لەماوەی چوارسالدا ، هیچ ، هەر هیچ بینە و دەست بشۆ . لە ئەڵمانیا لەسەدا چەندی کوردە عیراقیەکان دەتانناسێ ؟ هیچ لە نیشتمان و گۆزەرانیان دەزانن ؟ لەئێش و ئازار و گیروگرفتەکانیان دەپرسن ؟ یان بیرواتان وایە مرۆڤی وەرگیڕ و سکدراون و ئێش و ئازاریان نییە؟

ناهەقی و هەڵەیەکی مەعریفەتی و کۆمەڵایەتیی گەورە دەکەن ، بەرەی میللەت لاوازدەکەن ، هەموو ئەوانەی ئاوارەن جا لەهەرکوێ بن لە هاووڵاتیانی ناومەوی ووڵاتەکەیان دادەبڕن و جیایاندەکەنەوە ، ئێرانیی ئێران و ئێرانیی ئەمریکا ، کوردی کوردستان و کوردی ئەورووپا . ئینجا کورد ئەگەر ئاوارەی ناوموە و ئاوارەی دەرموەی لێدەرکەیت چی دەمێنێتەوە ؟ کوردی ئاوارە لەهەرکوێ بێ مرۆڤە وەک کوردی ناو کوردستان : مرۆڤی سادە ، موشکیلاوی ، دەسبلاو ، چاوچنۆک ، دەسپاک ، ڕاووڕوێکەر ، ئائومێد ، بەرچاوڕوون ، شۆفڵ بەودیواکەر ، تلیاک بەمدیوا هێن ، تاڵ و ئاموودی کارەبا بڕ و هەڵکەن ، لوغم دەرهێنی لەخۆبردوو ، پ . م ی ڕاستەقینە .

ئینجا نوێنەرانی لەلایەن ئێمەوە هەڵنابژێردراو !

ئێمەی کوردی ئاوارەش لەهەرکوێ بین ، هەروا بیرواتان بێت کوتومت هاروا ، پ م ی دەست و قاچ پەپیو و سەقەت ، سەربازی هەڵاتوو ، پ م ی هەڵاتوو لەدەس ئائومێدی و شەڕی برا (خوشک !) کوژیی کۆن و دەمارەردکراوەی کوردی تورکیا ، لەدەس سیاسەتی زیو تابینەقاقا هەڵە ، لەناو غازی کیمیاوی ، ئەشکەنجەدراوی زیندانەکان (تاقە و تەراش زیندانی حیزبەکانتان) ، سیاسی ، ناحیزبی ، ڕاکردوو لەدەس داب و نەریتە خراپەکانی کۆمەڵ ، سەرچڵ و موغامیر ، گیروگرفتی خێزانی ، بەناوی ماینەتیی کوردەوە سوالکەر و بەڵام گیرفانی خۆ پڕکەر ، تاقەوتەراش چلکاوخۆر و پیاوی داگیرکەران و پۆلیسی نێرمش ... هەتا دوایی کە دوایی نایەت !! هەموو بەرهەم و قوربانی و پەروەردەی ئەو هەلومارجە سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی و نابووریە سەپاوەی ووڵاتە داگیرکراوەکەمان نین ؟

بابێمەوە سەر نوێنەران : ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە کە س . ڕەشید موچاخۆری دەسگایەکی ئەڵمانیی پەنابەرانە لە ئۆردوگایەك لە بەرلین . لێپرسراوی ئەڵمانی یا لە ئەڵمانیاژیاوی کاك س . ڕەشید بۆ دەقیقەیەك کار ناك لەوی (موچاخۆر - نوێنەر) بگرە لەبرای خۆشی خۆشنابێ . لە ئازموونی کارکردنی خۆمەوە قسەدەکەم . با لەحکومەتی کوردستان و ی ن ك بپرسین : لەمێژووی کام حکومەتی ئەم جیهانەدا ڕوویداوە کە سەفیر یا جێگری سەفیرەکەی لەووڵاتێکی بێبانیدا لەهەمان کاتدا موچاخۆری ئەو ووڵاتە بێت ؟ ئەی دڵشاد بارزانی چی ؟

کاتی خۆی S.Martsch لە کۆنگرەکەی هانۆڤەردا ناونیشانی خۆی دامێ و منیش لەسەرمتای مانگی مارسدا نامەیەکم بۆ نووسی کە ماوعیدی سەردانیکم لە دڵشاد بارزانی بۆ وەربگرێ تا بچمە لای بۆ ڕاوێژکردن لەمەڕ پەیوەندیکردن بەدەسگایەکی نەقابەی کرێکارانی ئەڵمانیەوە کە بۆرە وەعدێکیان بە برادەرێکی کورد و من دابوو هاوکارییی گەلەکەمان بکەن .

S.Martsch له ۱۹۹۲/۲/۱۱ دا وەڵامی نامەکەی دایەوە ، کە لای خۆم پاراستومە ، نووسیویە بەداخەوە نوێنەری حکومەتی کوردستان لە سەفارە و ناتوانێ داخوازییەکەم جێبەجێ بکات . هیچ باسی س . ڕەشیدی نەکردووە ، دەنا پێویستیم بەوەوە دەکرد . پاش ماوەیەک کە لە س . ڕەشیدەوە بانگەوازەکەم پێگەیشت و ناونیشانی سندوقی پۆستی بیروکەی (بۆن) ی تێدابوو بێ ژمارە تەلەفون (نەمایان مەتاڵێکی تڕە) ، خێرا نامەیەکم بەهەمان ناوەڕۆکی پێشوو نووسی و بە ناونیشانەکەی (بۆن) دا ناردم . بۆ ئێوارەی دوایی پیاوێک بەتەلەفون (من ژمارەی تەلەفون و ناونیشانی خۆم نووسیبوو) بەئاڵمانی قسەی لەگەڵ کردم و ووتی نامەکەت گەیشتووە ، بەڵام بەداخەوە دڵشاد بارزانی لەسەفارە . پاش چەند هەفتەیەکی تر نامەی سێیەمم نارد بۆ ئەردەسەکەی بیروی (بۆن) هێشتا چاوەڕێی وەڵامم . سایر ئەوەیە س . ڕەشیدیش نە تەلەفوون ، نە ناونیشانی خۆی لەسەر بانگەوازە مۆر و ئیمزاکراوەکەی بۆی ناردبووم نەنووسیبوو هەتا پەیوەندی پێوەبکەم ، لەگەڵ نادیاری و نامەعلوومیی مۆری ئاو لەبیروکەی بۆن دا !! ئایا ئەمایە (بیروی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر و دڵسۆز بەخاک و ..) ؟

دڵنیابن کابرا یا خانمی ئاڵمانیی زۆر مرۆڤ و کورددۆست لەچەند ووشەیەک زیاتر بەخەسارنادات بۆ پەیوەندیکردن بە لێپرسراوی بیروی (بۆن) موە بۆ هاوکاری یا هەر ئیشێکی تری خورد ، بەڵام بڵێی لەگەڵ غەیرە کوردیشدا وابن ؟

هەرچەندە بانگەوازەکە یا بانگەوازێکی تر ناڕاستەی ئاڵمانی و بێبانی تری ناو ئاڵمانیا نەکراوە ، یا من لە ڕۆژنامە گەورەکانی ئاڵمانیادا بەرچاوم نەکەوتووە ، کە ئەمش هەڵەیەکی گەورەی تری نوێنەرانی حکومەتی کوردستانی عیراقە لە ئاڵمانیا ، چونکە ئاڵمانی بۆ کۆمەک و پیتاک بەگشتی و بۆ کوردیش بەتایبەتی ئامادەییەکی باشیان هەیە ، بۆ نموونە بۆ ناڕامکردنەوەی ویژدانی هاژاویان بەهۆی بەشداریی حکومەتەکەیان لەیارمەتیدانی عیراق بۆ دروستکردنی غازی کیمیاوی .

بۆ دەبێ (وەک سەفیر) ی کوردستانی عیراق ئاوا لە قوڵایی قافدا بێت و خاک نەیگاتێ ؟ بڵێی ژیانی بەجێمایەی ڕەسمی پارێزراوی ئەم لاژیانی ئەو پێشەڕەگ قارەمانانە شیرینتربێت کە لە هێڵەکانی پێشەوەی دیفاع بەرامبەر دڕندایەتی سەددامیەکان سەنگەریان بەستووە ؟ مەگەر ئەم نوێنەری ئەوان نییە ؟ ئەو کەسەی بەرپرسیاریی سیاسی هاڵدگرێ ، لەهەر نەتەوەیەک بێت ـ کورد لەپێش هەموویانەوە ، مەترسی زۆرتر هەیە لەسەر ژیانی هەتا مرۆڤێکی سادە و ناسیاسی و نابەرپرسیاری . کوشتنە سیاسییەکانی دونیا هەر لە ئیبراهام لنکۆڵن و مارتن لوتەر کینگ و جۆن کەنەدی و غاندییەکانەوە بگرە هەتا قاسملۆ و شەرەفکەندی ، کێ نازانێ کێی تریش ؟ بەڵکەن بۆ قسەخەم . من بەتووندی دژی ئەوەم مرۆڤی کورد ، سیاسیی کورد ، هەڵکەوتووی کورد لەهەر بواریکدابێ سەرچڵ (موغامیر) و بێ خەم یا گێژوویژ بێت یا وەک حیزب اللەکانی ئێران و لوبنان تینووی شەهیدبوون بن ، لەگەڵ ڕێز و سەرسامیم بۆ ئەوانەی بەئاگایی تەواوەوە و هەڵنەخەڵتاو و بێ پالپێوەنرێکی ناپینی ، وەک وەعدی بەهشت و حۆرپی جوان و جۆگەڵەی هەنگوین ... هتد ، نەبەردی گیانبازی و خۆکوژی دژی دوژمنە خوێنبێژ و دڕندەکانیان و لەپێناو بەختیارپی کۆمەڵدا نەنجامدەدەن .

لای خۆمان کە بەقاڵێک یا عەتارێک بڵێ نوێژ یا هەرچییەکی تر دووکانەکەی جێدێڵێ ، باوەڕپێکراوێکی خۆی لەسەر دووکانەکەی دادەنێ تا دەگەڕێتەوە ، نەبادا چەند کڕیارێکی لەدەست دەرچێ . نوێنەر و بەرپرسیار لەسەفارە مانای چی ؟ من هاوواڵتیم و کاری ووڵات و گەلەکەم پێیەتی نەک کاری خۆم ، هەر ئیمڕۆ نەک سەبەینێ . کوا پلان و خشتەی کاتی دەوامکردنی وەک سەفیر؟ کوا جێگرەکەی ئکوا جێگای کاری ؟ هۆ خەڵکینە بیرۆ و پاسەوانتان دیوە بێ نوێنەر و بەرپرسیار ؟ مووچەخۆری بێکارتان دیوە لە ئاڵمانیادا ؟ لە ووڵاتێکدا کە کارکردن لەبەرزترین پرنسیپەکانی ژیانە تێیدا و ڕۆژنیپە هەزاران کرێکار بۆ پاراستنی کارەکەیان و دژی بێکاری خۆپێشاندان و مانگرتن لەخواردن نەکەن . یان دڵشاد بارزانی لەوێیە و جورئەتی دیداری خەڵکی ئەناس و نامیزیی نییە و دەمی دەمی بەخەڵک دەکات ، لەبەر بێ متمانەیی بەخۆ یا بەخەڵک ، یا لەبەر ترس لەژیانی خۆی یا هەر هۆیەکی تر ، با خۆی بێتە دەنگ .

کاتی ئەوە نەهاتووە حکومەتایەتی جێی حیزبایەتی و خێڵەکایەتی بگرێتەوە ؟

بەشێوە و زمانی پیش چەرموویەکی مامەتەمای خوێن لە جگەر و دڵ تکاو داوا لە کوردەکانی ئەڵمانیا دەکەن مانگانە پارە بخەنە سەر ژمارەی حیسابی بیرۆکەتان . ئایا نازانن زۆربەی ئاوارە کوردەکان یا قوتابی یا بێکارن ؟ کە ئەمانە لایەنی کەمی ئاستی ژیانیان هایە لە ئەڵمانیادا نەك لە کوردستان . نازانن ڕۆژبەڕۆژ یاسای پەنابەران و یاسا کۆمەڵایەتیەکانی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵی ئەڵمانی ، کە پەنابەرانیش دەگرێتەوە ، بنکۆڵ و سەروگۆی دەکرێ ؟ دوا نەك دوایین جارمبە لەگیان و ناوکرۆکی یاسای پەنابەرانی ئەڵمانی لە ١٩٩٢/٧/١ وە دەسکرا بەپیادەکردنی ؟ ئایا نابینن کەم ڕۆژ هایە لەسووچێکی ئەڵمانیای یەکگرتوودا هێرش نەکرێتە سەر مالی بێیانی بەگشتی و پەنابەران بەتایبەتی و ، بە کۆکتێل مۆلۆتۆف مال و ئوردووگاکانیان بەخاوخێزانەوە و لە شیرینی خەودا ئاگرتێبەردەدەن ؟ بۆچیرۆکی منداڵە پەنابەری سووتاوی دەستی تازەنازییەکانتان نەگەیشۆتێ ؟

لەگەڵ ئەم واقیعەشدا و لە زۆربەی شارە گەورە و ناوەندییەکانی ئەڵمانیادا تاکەکەس و گرووپی هاوبەشی کورد و ئەڵمانی و بێیانی تر هەن کە خۆیان پیتاك دەکەن و پیتاك کۆدەکەنەوە و ڕاستەوخۆ دەیگەیەننە کوردستان یا خۆیان دەیبەن بێ ئەوەی خۆدەرخستن و ناوبلاوکردنەوە لە ئۆرگانی ڕەسمی حکومەت و پەرلەمان مەبەستیان بێت . من خۆم ئاگادار و بەشداری بوون و چالاکیی هەندێ لەم کۆمەڵانە هەم لەشارەکانی بەرلین ، هانۆڤەر ، گۆتنگن ، کاسل ، دارمشتاد ، میونیخ و زۆری تر . جگە لەمانە کەم پەنابەری کوردی ئەوروپای ڕۆژئاوا هایە کۆمەکی شەخسیی بۆ خزم و کەس وکار و هاوڕێ و دۆستی نەناردبێ و نەینێرێ . ئەم کۆمەکانە با بۆ بەشێکی زۆر زۆر کەمی گەلەکەمان بێت ، هەرچۆنێ بێ کۆمەکێکی ڕاستەوخۆیە و مرۆڤ دڵنیایە کە دەگاتە جێی خۆی !! ئایا کۆمەککردنی گەلەکەمان لەڕێی حیسابەکەی ئێوەوە نەبێت بێ هووده و بەتاڵ ؟

لەڕووی ئابووریەوە ئەگەر بیرۆکەتان بەناوی ڕێکخراوێکی خێرخوازییەوە لای حکومەتی ئەڵمانی تۆمارکردبێت ، ئەوا لەهەر ساڵێکی کۆمەکدەر بەخستنەڕووی پسوولەی کۆمەك لای بەڕێوەبەرایەتی دارایی ، ١٥-٢ مارك لەقاسەی حکومەتی ئەڵمانیەوە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەکدەر و بەقازانجی هەردوولا (کۆمەکدەر و بیرۆی بۆن تەواودەبێت . لە بانگەوازەکەدا ئەمە مەعلووم نییە .

دواتر نووسراوە (بەبێ یارمەتی و هاوکاریی ئێوە - وات پەنابەرانی کورد - حکومەت ناتوانێ ئەرك و فرمانەکان جێبەجێ بکات) . ئەمە بوختانە بەدەم پەرلەمانی بەڕێزی کوردستانەوە دەکرێ کە بەهیچ جۆرێ ئەرك و فرمانەکانی حکومەتی کوردستانی بەم تووندی و چارەنووسسازییە شانەك نەداوە بەهاوکاری و کۆمەکی پەنابەرانی کورد لەدەرەوەی وڵات ، لەگەڵ گرنگیی ئەم هاوکاری و کۆمەکەدا . کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان نان و ئاشتی و ئاسایشیی ناوخۆ و ئازادی و دیموکراسیی ڕاستەقینە و دادگەری و دادگەریی کۆمەڵایەتی و بەرگری نیشتمانی دەوێ . پەرلەمان و حکومەتی کوردستان چەند لەم ئامانجانە نزیکترینەوە و هانگاویان بۆ بنێن ، هێندە زیاتر شایستە و جێی ڕێز و پشتگیریی ماددی و مەعنەویی هەموو مرۆڤ و کوردێکی بەویژدان و بەئەمەکە .

بەڵام بابزانین باوباپیران چیمان پێدەڵێن (ئەوەی بەتەمای کاسەی دراوسێ بێ بەبرسێتێ شەودەکاتەوە) . حکومەتی کوردستانیش پێش ئەوەی بەتیلەی چاو چاوەڕوان و چاوەدەمی هاندەران بێت جارێ با بەچاوی مشتەری لەخۆی ، لەپێکهاتنی خۆی ، لەکاربەدەستەکانی ، لەچۆنێتیی گوزەران و ژیانیان ووردبێتەوە ، تا بزانێ چۆن کاردەکەن ، ئاو پارە کەم زۆرەی بندەستیان چۆن سەرف و دابەشدەکەن ، باج و گومرگی سنوورەکانی ئێران و تورکیا بەووردی کۆنترۆڵکات و نەهێڵێ ببێتە (کوچەی اربەهای تاران) ، بابزانێ مال و سامانی گەل چیی لێدەکرێ ؟ چیی لێکرا ؟ بەکورتی (من این لك - و لاتباعك - هذا ؟) بکاتە دڵخۆشم و پێوەری ڕۆژانەی کار و موحاسەبە .

نوێنەرانی ڕەسمی و ڕابەرانی حیزبەکان (بەئیسلامیەکانیشەوە) کە بەهەگبەی بانگەنامەی مەینەتی و کوێرەوەریی گەلەکەمانەوە هەر ڕۆژەی لەوواڵاتێکن (ئەمریکا ، ئەورووپا ، کوەیت ، سعودیە ...) بڵێی بەجانتای خاڵی بگەڕێنەوە کوردستان ؟ یا ئیتر ئەمانیش وەك (بەشندە) یەکی

میهرەبان (ملکەچ) کەن بۆ کۆنترۆڵ و پیاچوونەوەی نۆرگانەکانی خوار خۆیان و نۆرگانەکانی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان ، وەک لیژنەی پەرلەمانیی پسپۆر و سەربەخۆ ، وەزارەتی دارایی، وەزارەتی ئابووری ، وەزارەتی دادگەری (عدل) ، تا چیدی مەسەلەی دارایی و پارە بە (نەینیی گەورە)ی نێوان چەند کەسێکی ژمارەی پەنجەی دست نەمێنێتەوە .

بەڵێ بڕایینە ئەگەر ئاوانەی سەرەوە و زۆرێتر بەدەسپاکی و کەمتریک هەڵە و کەموکوڕی حکومەتی کوردستان لەناوەوە و دەرەوە ئەنجامی دا ، ئەوا بێگومان کۆمەکی کوردی دەرەوەی وولاّت دەتوانێ جێگەیەکی گرنگ بگرێ لە هەڵسانەوەی باری نالەباری کوردستان و ئاوەدانکردنەوەی . ئەوسا کۆمەک نەکردن بەحکومەتی کوردستان شەرمەزاری و خەوشی و خۆپەرستییە . بەڵام هێشتا ئەم کۆمەکانە هەرگیز نابێتە جێگر (ئالتەرناتیف) ی سیاسەتێکی ئابووری ژیرانە و هاوڵ و کۆششی بەرهەمهێنان و داپشکردنی دادپەروەرانەی سامانی نەتەوەیی و سنووردانان بۆ مولکایەتی و دەوڵەمەندبوون و بەرتیل و گرانی .

نوێنەرانی میللەت لەنێوە بێ ئاگا !

نێوە و نێومکان گەلەکەمان زامداردەکەن ، بڕوا بەخۆبوونی لێ زەوت دەکەن کە دەیکەنە دەسپانکەرەوە و چاو لەدەستی دەرەوە ، گەلی نێمە کەی وایە ؟ ئەی نابینن بەسەر کێڵگەی لوغمدا و لەبەردی ڕەق کشتوکاڵ دێنێتەبەرهەم ، مەڕوومالاّت بەخێودەکات ؟ کرێکاری و ئیشی دەست دەکات ؟ مووچەخۆران بەمووچەیەکی مامرە و ماژی ڕازین و ناڕازین ، بەڵام ملکەچ ناکەن بۆ سەددامییە دڕندەکان ؟ جگە لەوانە هەمووی ، مەسەلەی مانەوە و بەقەرارببوونی کوردستان پتر و لەپلەی یەکەمدا مەسەلەیەکی سیاسیی ناوچەیی و نێونەتەوەییە نەک مەسەلەیەکی ئابووری و ئیداری . چونکە گەلی کورد لەعیراق لەکاتی فریاکەوتنی هاوپەیمانەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان و هەڵبژاردنە بێ وێنە و سەرکەوتووەکەی ۱۹ / ۵ / ۱۹۹۲ و دامەزراندنی حکومەتی کوردستان لەگەڵ هەموو کەموکوڕییەکانی ئەم حکومەتەدا سەلماندی بۆ جیهان کە دەتوانێ دەوڵەتی سەربەخۆ و جیا لە عیراق بەرێت بەڕێوە و بێتە سەر شانۆی سیاسیی دەوڵەتان ، ئەگەر دانێدانان و گەرەنتیی زلهێزەکان هەبێت .

جێی تێڕامانە کە لەسەرتاپای بانگەوازەکەدا تەنیا و تەنیا هەر داوای پارەدەکرێ ، بەهیچ جۆرێک باسی بوارەکانی تری خەباتی دەرەوەی وولاّت ناکرێت ، باسی بەرنامەی کاری بیرۆ ناکرێ ، ناپرسێ چۆن پەرش و بڵاوی و ناڕێکخراویی کوردەکانی عیراق دەبێ کۆتایی پێ بێت و هەموو وەک یەک هێزی ڕێکخراو ، جگە لەوەی وەک تاکەکەس ، ببینە ئەندامی کارا و هاوکۆن لەگەڵ نەرک و فرمانەکانی نۆرگانیزەی حکومەت و پەرلەمانی گەلەکەمان لەناوەوەی وولاّت .

کوا کاردانەوە و وەڵاممان لەدەرەوەی وولاّت بەرانبەر دەستدرێژییەکانی ئەم دواییەی ئێران بۆ سەر کوردستانی عیراق (قەڵادزێ و پشدەر) ؟ کوا چالاکیمان بەرانبەر دەسگاکانی ڕژێمی سەددام لەدەرەوە ؟ هەر هەمان ڕژێمی ئەنفالەکان و هەڵەبجە و گەلی بازێ نییە ؟ ئەک کاردانەوە ، کوا کار و دەسپێشخەرییەکانمان ؟

بەڕێزان نوێنەری هیزبی :

بەڕاست ئەوساش هەر نوێنەر و لێپرسراوبوون کە دوای دوو هەفتە لەنیشاندانی کارەساتی هەڵەبجە لە تەلەفزیۆنی ئەلمانیدا هیزبەکانتان بەخۆپیشاندانێکی زۆر لاواز و بێ سەروبەر کەمنیشی تێدابووم لە (بۆن) هاتنە جواب ؟ پێش ئێوە هەر (۱۵) سەعات دوای هەواڵەکە کۆمەڵێ کوردی ناهیزبی و هاندێکیشیان ناسیاسی هاتبەندی هێڵی هەوایی عیراقیان لەفرانکفۆرت داگیرکرد و بەسەدان پلاکات و دروشم و بڵاوکراوە نالە و گریەی قوربانیەکانی گازی کیمیاوی هەڵەبجەیان گەیاندە گوێی ئەلمانیەکان ؟

ئا لەم کاتە ئەستەم و لەم بوارانەدایە کە نوێنەرایەتیی ڕاستەقینە و شەرعیی گەلی کورد

دەردەکەوێ ، ئەک بەتەنیا کاغەزکردنە سەر خاڵک بۆ پارە ، کە ئەمە ئاسانە و هیچی وای تێناچێ . هەرچەندە ئەوسا پێتاک کۆکردنەوەکەش گاڵێک ئاسانتر و سەرکەوتووتردەبوو . کام ڕۆژ هایە خوشک و برا کوردەکانی تورکیا بەچالاکیی ڕێکخراو و هاوئاهەنگ و هاوکات و خۆپێشاندانی سەدوبیست هەزار کەسی ئیعلامی ئەوروپا و دونیا ئاهەژێنن و ئەبنە سەرتۆپی هەواڵەکان . هەر دوێنێ دە شێرەژنیان بارمگای کۆمیتەی باڵای پەنابەرانی ئەتاوە یەکگرتووەکانیان لە (بۆن) داگیرکرد و هەڕەشەی بەبەنزین خۆسووتاندنیان کرد ئەگەر (بطرس غالی) سکرتێری گشتی لەمەسەلەی کوردی تورکیادا نایەت جواب و تێنەگەوێ .

پەنابەرێکی زۆڵەکوردی دەوڵەمەند و خۆفرۆش دەتوانێ بەناردنی مانگانە بۆ سەر حیسابەکەی بیرۆ وەک پیاوباش بێتەپێشاوە و ناویشی بلاوبکەنەوە و ئاویش لە هەمان کاتدا ئاسانتر لەجاران دریژە بەخراپەکارییەکانی بدات لەدژی کورد ، ئەی ئێوە (تزکیە) ی ناکەن ؟

ئەو پەنابەرەی هێشتا قەرزاری پارەدانەوەی سزای چالاکییەکی سیاسییە دژی عیراق لەئەڵمانیا یا لێپرسراوی ژیاندنی باوک و دایکی پیر و کەنەفت یا منالی سەرووپێچکەی بۆ شەهیدی یا خزمی شەهیدی یا هاوڕێی شەهیدێتی ، یا پەنابەرێکی نەدارە لەبەر هەر هۆیەک بێت کە مارج نییە ئێوە بزانن ، چیی پێ دەڵێن ؟ وەک دواتر نووسیوتانە خوێنی ناکەنە کاسە و نایدەنە دادگای گەل ؟

(هەرپەکێ لەم بارمیەوە کەمتەرخەمی بکات دواڕۆژ
بەرپرسیاردەبێت بەرانبەر دادگای گەل و وێژدانی جەماوەر)

لێرەدا مامۆستایانی نوێنەر و تێپێنەر بەڕەوش و ڕێگای پەروەردەی پواو و سواو دەکەونە دانەبیرە و هەڕەشە و گوڕەشە . کوردییەکەی ئەوەی پارەی نییە یا هایتی و لەبەر هەر هۆیەک بێت (بۆ نموونە هۆی نەم بانگەوازە) نایەوێ بیخاتە سەر حیسابی بیرۆکەی (بۆن) ، دەبێت بدرێتە دادگاکانی حکومەتی کوردستان . بڵێی مەبەست لەبڵاوکردنەوەی ئاوی کۆمەکەدەرمکان لە ئۆرگانی حکومەتی کوردستاندا ئامادەکردنی لیستەی (ڕێگاپێدراوان بۆ کوردستان) نەبێت ؟ ئەوانەشی لالیستەکەدا نەبن ، لەسەر سنووردکان بەرەو تورکیا و ئێران بیانگێڕنەوە ؟ باشە بە منداڵەکانیان دەڵێن چی و ئەگەر سووربوون لەسەر ڕۆیشتن چییان لێدەکەن ؟

بەندە لەجەنگەی تراژیدیای کۆچ و ڕەوی ملیۆنی کورددا لە ١/ ٤ / ١٩٩١ لەگەڵ ئەڵمانیەکدا گەیشتمە فرۆکەخانەی میهرابادی تاران بەنیازی کوردستان و داڕشتنی پلانێکی فریاکەوتن و کۆمەکی پزیشکیی ئاوارەکانی ناوچەی جوانڕۆ و پاوەی کرماشان ، پاسدارانی فرۆکەخانە لە لیستەیەکدا ناویان دەرهێنام و بێ گوێدانە فیزەی قانوونیی ئێران کە لە (بۆن) ڕێکخراوی ئینسانیی ئەڵمانی بۆی دەرهێنابووم ، بەهەمان فرۆکە ناردیانەوە ئەڵمانیا . ئەمە چارضووسی دەیان کوردی تر بوو لە فرۆکەخانەی تاران و شام و ئەنکارە و ئستانبوڵ .

بڵێی پێشەرگەی کوردی سەرسنوور ئاوەندە سەرکوێرکرابێ و بێ هاست و سۆزبێت ڕەفتاری پاسدار یا ژاندارمە یا ... لەگەڵ کورد یا هەر مرۆڤێکی بێ تاوانی تر بکات ؟ ئەگەریش دونیای هیزبایەتی و سیاسەتیی کوردی ئاوەندە شێواو و ئاستەنگ و تاریک بوو ، ئەوا ئاوارەی کورد ، سەربازی هەڵاتووی کورد ، کۆنە پێشمەرگەی کورد بەدەربەدەربوون و گێرانەوە و دەرگا بەڕوودا داخستن ڕاهاتووە و خۆشبووە ، هەرچەندە ئەمیان تامێکی تری دەبێ ، تامێکی مێژوویی !!

چەند پرسیارێکی تر : لەمێژووی جوولانەوەی ڕزگاریخوازی کورددا تا ئێستا دادگای گەل بۆ کێ دانراوە ؟ کەسی تر ئێستا لەکوردستاندا شایستەی دادگایی گەلی نییە ؟ لەسەر بنەمای کام یاسا دادگایی گەلی دەکەن ؟

بریا شێوە و ناوەڕۆکی کاری نوێنەرانی حکومەتی کوردستانی عیراق و حیزبە سیاسییەکان لە وڵاتانی بێبانی تردا دەخرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە ، وەک بەشداریبەک لەڕێی لەدایکبوونی دیبلۆماسیەتێکی کوردی هاوچەرخ کە بێگومان ئێمەی کورد لە ناستیداین ئەگەر دیدی خێڵایەتی و حیزبایەتیی کورتبین و بەرچاوتەنگ ڕێگە و بوار بدات .

پێم باشە نووسینەکام بەم پارچە شیعرەی گۆران لە چامەی (البەندیخانە) دا کۆتایی پێ بێنم:

ئەی مانگی بەرز ساهانابێ مل بنێ بۆ دوور
بۆ ولاتێك چیی نیظام بێ و سەربەست و پووسوور
بۆ ولاتێك هاونیشتمان تیایا ئازادبێ
ژیری دڵسۆز باوك بێت و گەلیش ئەولادی بێ
هەر ئەندامە بەپێی بەهرە و لێ هاتنی خۆی
ماوە و جێگای فرمانکردن پێکخرابێ بۆی .

ئالمانیای ڕۆژئاوا - ناوەڕاستی تەممووزی ١٩٩٢

پەراوێزەکان

★ (ICE : Intercity Express) : تازەترین شەمەندەفەری ئالمانیە کە سەروو و خواروو ی ئالمانیا پێکەوە دەبەستێتەوە و تێکڕای خێرایییەکەی ٢٠٠ کم/ سەعاتە.

★★ شیزۆفینیا : نەخۆشی دەروونیی (انفصام الشخصیة)

★★★ کوچەی ارباب تاران : کۆڵانێکی پیر دوکانی جۆراوجۆرە لەتاران کە وەك مالبەندی قاچاخچێتی و پارە گۆڕینەوە و دەستبڕینی ئاوارەکان ناوبانگی دەرکردووە .



پێشکەشە بە مامۆستا (محەمەد ئەمین بۆزئەرسەلان)

ڕێکخراوی (ئیتیحاد و تەرەقی) : کێشەی کورد بابەتی سەروتاڕێکیان

ڕێکخراوی (ئیتیحاد و تەرەقی) ڕێکخراوێکی سیاسیی دژ بە ئیمپراتۆریاتی عوسمانی بوو ، لەساڵی ١٨٨٩ دا لە ئاستەمبۆڵ لەلایەن دوو ڕووناکبیری کورد ، عەبدوللا جەودەت و ئیسحاق سکووتی و دوو سیاسەتمەداری دیکەوە دامەزرا ، کە لەناخامدا پارەی ساند و شاپۆڵی بیرێکی سیاسی و ڕووناکبیرانەی هاژمندی بەناوی شاپۆڵی بیری (گەنجە تورکەکان) ، پاشانیش شۆڕشی ١٩٠٨ ی تورکیا و حکوومەتێکی دەستوورییی هێنایەئارا ، کە ئەمڕۆ لەتورکیای هاوچەرخدا بە (حکوومەتی ماشرووتیە) بەناوبانگە .

ئەم ڕێکخراوە ، ئایا دەتوانین ، سەبارەت بەوەی کە دوو لەدامەزرێنەرەکانی ، عەبدوللا جەودەت و ئیسحاق سکووتی کورد بوونە ، بەڕێکخراوێکی سیاسیی کوردی (بە یەکەمین ڕێکخراوی سیاسیی کوردی) لەقەڵەمی بدەین ؟ یان ئایا دانوا لەپاییەو و پڕۆگرامی خۆیاندا باسیان لە (سەربەخۆیی کوردستان) یان لەکێشەی کورد وەک کێشەیەک کردووە ؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاری تری دیکەش ، پێویستە بالگەنامەکانیان بپشکنین .

بێگومان دیارە بەڕێکەوت نیە کە نۆرگانی سیاسیی ئەم ڕێکخراوە ، بەناوی عثمانلی - Osmanli ، کە لەساڵی ١٨٩٧ تاکو ١٩٠٤ لەشاری ژنێف - لەندەن - فولکستۆن دەرچووە [لەهەمان کات و شێوەی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان ١٨٩٨ - ١٩٠٢] چەندین لەسەروتار و بابەت و نووسراوەکانی خۆی تەرخانکردبێت بۆ مەسەلەی کورد و سەربەخۆیی کوردستان .

لێرەدا ، یەکێک لەسەروتارەکانی نۆرگانی ئەم ڕێکخراوە ، کە ڕۆژی ای کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٠٠ لەژنێف بڵاوکراوەتەوە و بەڕای ئێمە بەقەڵەمی عەبدوللا جەودەت - خۆی نووسراوە ، دەقەکەی بەرچاو ئاو تۆژەرانەی کە لەمێژووی سیاسیی ئاو قۆناغە تاریکەی کوردستان دەکۆڵنەوە .

3me Année — N° 51 ۱۹۰۰ جنيف سه — نومرو ۵۱ ۱۱ شعبان المعظم ۱۳۱۷ — بازار ايرتسى — ۱ كانون ثانى

OSMANLI
JOURNAL HEBDOMADAIRE
ORGANE
DE LA JEUNE TURQUIE
dirigé par
LE COMITE OTTOMAN
D'UNION ET DE PROGRÈS

عثمانلى
۱۳۱۵

سنه‌لك آبونه‌سى
(۱۵) غروش — (۲۰) فرانق
آدرس : ADRESSE
REDACTION DE L'OSMANLI
GENÈVE (Suisse)
POSTE DE PLAINPALAIS
اون بش كونده بر نشر اولنور

اتحاد و ترقى جمعيتنك رسمى نشريه‌سيدر

طورور احكام نصرت اتحاد قلب ملتده — چيقار آثار رحمت اختلاف رأى امتدن

مندرجات

آرناوودلر وكردلر ـ داماد محمود پاشا حضرتلرى ـ مكاتيب ـ (استانبولدن) — بغداد خلى — ادبيات — (تبريك ولادت) ـ استانبول غزه‌لرى — حوادث — مطبوعات جديده.

آرناوودلر وكردلر

آلتيوز سنه‌دن برى جهانك اوچ بيوك قطعه‌سنه سايه‌انداز اولان حكومت عثمانيه‌يه : هيكل معظمهٔ خلافتدر.

قديمدن بريكنشرف حدود جنوب كردلر، غرب جهتدن ده ايسه آرناوودلر كبى ايكى شجيع ملتى استناد كاه تخاذ ايلمشدر. وقتاكه عثمانيلر، مراد ثانى وفاتح كبى ايكى نادرهٔ فطرتك ، ايكى جهانكير ذى شوكتك اقدامات جهان پرانداز انه‌لرى سايه‌سنده جهان روم ايلينك حصونه وآرناوودلغه مالك اولديلر. روم ايلى اقوام مغلوبه‌سى آرمسنده كرك ذكا ودرايت وكرك شجاعت وجسارت خصوصلرنده بوحكومت معظمه‌نك ترصين اساسى وتشييد بنيانى ايچون آرناوودلردن مكمل ير عنصر بولمديغى عثمانيلرك نظر دقتنه جاريدى. بوحق نظر سايه‌سنده ايدىكه: اقوام مغلوبه‌دن روم، بلغار، صرب، اولاخ كبى عناصر مختلفه‌يه تلقين اتحاد واتفاق ايتدكدن صكره آرناوودلرك بر قسم مهمى دائرهٔ اتحاد داخله‌سنه مادى ومعنوى اقدام وغيرتدن كرى طورمديلر.

بومسئلهٔ مهمه‌ده عثمانيلرك غيرتى پدرجه‌ده ايدىكه: شجاعت فطريه‌سى، مهارت حربيه‌سى السنهٔ قديمه دستان اولان (قاستريوطى) خاندانندن اسكندر بكك وسيع بشير فوتيده‌سى مقاومتى، ايرانى، اصرارى يله قائده بخش موفقيت اولديغى، وآز زمان صوكره آرناوودلرك قهرمانطبى كلهٔ واحده‌ده اتفاق واتحاد ايتمكى، بواتحاد حصوله كلدكدن صوكره، آرناوودلر روم ايلى قطعه‌سنده بو درجه مبتلاى محبت ايچون جداً راستناد كاه اولدقى ، آرناوودلر حكومت عثمانيه‌نك هرزمان حربه مهيا بيوك برارد وسى، هيئتى اخذ ايتدكى، حالده اولديغى.

آرناوودلر، تاريخك ضبطنه طفرياب اولديغى ادوار مظلمه‌ده آسيادن آوروپايه هجرت ايلمش پلاسلج قوم قديمنك احفادندندر. من القديم مختلف بكلر اداره‌سنده واختيار محاربلرى فطارتنده آزاده سير يشامق اعتيادنده بولنمشلر او اعتيادات قديمه‌يى بوكونه قدر محافظه ايلمشلردر.

آرناوودلرك تاريخ بشيرده ايلك خطوه‌لرى اسكندر كبيرك خروجيله باشلار. اسكندر كبير مثلاً آرناوود اولديغى كبى معينده يونان وتاريخلرده ماكدونياليلر نامياله بنام اولان ملتده آرناوودلردن عبارت ايدى. آرناوودلر يالكز اسكندر كبير كبى جهانكيرلر يتشديرمكله قالميوب بالآخره روماليلرك اك بيوك رقيبى اولان (پيروس) كبى (توتا) كبى جداً قهرمان وعالى همت حكمدارلرده يتشديرمشلردر.

آرناوودلر عثمانلى دائرهٔ اتحادينه كيردكدن صوكره توسيع ممالك خصوصنده عثمانيلره بازوى حميتله ايتدكلرى معاونت بعادجين ياعدا ممالك بفتوحلرى ايله‌دى، قائمقامه محافظه ايچون دولتك اس الاساس بعطوفى اولان قوانين ونظامات تطبيقيه، دولت عليه‌نك امور سياسيه وملكيه‌سنى محق تدويره بمقتدر ارباب حل وعقد يتشديرمكله معنادار اولمشلردر.

ازجمله دولت عليه‌نك رمرو وادى انحطاط اولديغى زمانلرده مسند صدارته كلهرك دولتى دور استيلاسندهكى مرتبهٔ عظمت وشوكته اعاده ايلين ورحمت حيدر پاشازاده ايله لواى عثمانيى ويانه بوسيلرينده عروج ايتديرن كوپريلى محمد پاشالر، فاتح صربستان ويمن اولان سنان پاشالرك آرناوودلرك داخل اتحاد اولدقدن صوكره يتشديردكلرى بشماچيزدن معدوددر. كذا محاربه ميدانلرنده بحق قوللانديغى قابيجى الدن برافه‌ون قاميه سارالديغى زمان دولت عليه‌نك اصلاح احوالى ايچون بيوك ديپلوماتلره غبطه رسيان اولان افتخارلرى، الك عالى ادبلره نمونهٔ امتثال اولمق ايچون اسلوب يله، لسان وسياست عثمانيه، بروادى جديد اختراعنه موفق اولان كوپريجه‌لى (فوجى) بكلرزده آرناوود ملتنه منسوبدر.

دولت عليه‌نك شرق حدودنده‌كى استنادكاهى اولان كرد ملتنه كلنجه: كردلر، تاريخك تعيينده اظهار عجز ايتديكى بردوزده، هرات وخراسان جهتلرندن مجرله بوكونكى كردستان وتوابعنه، ايرانك اكثر مجالرله بلوجستان واقصا نسانه قدر انتشار ايلمشلردر.

کردلرده آرناوودلر کبی متفرق روشا اداره‌سنده آزاده‌سر یشامه‌می، آرناوودلردن فرقلی اولمه‌رق عشایر صورتنده اسرار ایام ایچنده اعتیاد ایلمه. کارندن تاریخ پشیرده مهم برموقع احراز ایده‌مه‌مشلردر.

فطرتاً تهیج وحرب آزما اولان بوملتك تاریخ حیات مایسی محاربات متسلسله‌دن عبارت اولوب بوانغوده‌یی فداکارانه‌یاشه‌یه‌رق اکثریا نفسلرینه عائد اولیوب مجاور ملتلرك ظفرنامهٔ بدایع نماسنه درج اولمق اوزره اختیار ایدلمشدر.

ایران اساطیرنده خارق‌العاده انسانلر توهمندن عد ایدیلن برطاقم دیولر وبو دیولر ایله ایرانیلرك محاربات عدیده‌سنه ذکر اولنیورکه بوکون اوتحاربه‌لر کردلرله ایرانیلر بینده جریان ایدیکی . او خارق العاده انسانلرلدن کردلر اولدیغی اکلاشیلمقده‌در.

ایشته بوحیات ساده‌نك نتائج روحیه‌سندن اولهرق کردلرده هیچ بر زمان تشکیل حکومت فکری اویانمامشدر. کردلر غایت ذکی ، ترقی ونمده فوق‌العاده مستعد برقوم اولدقلری حالده بو درکه جهالتده قالمالرینه باشلیجه سبب اوحیات سربستانه اولمشدر.

قرون اولادده ساسانیان طبقه‌سندن دردنجی هرمزك اوغلی خسرو پرویزی‌خلع ایله ایران سلطنتی‌ضبط ایلین و (بهرام چوبین) نامیله شهرتشمار اولان حکمدار کردلرك یتیشدیردیکی مشاهیردندر.

تاریخدن ایکی بیك اوچ یوز سنه اقدم (یونان) سرداری مشهور (اکه‌نه‌فون) اون بیك عسکرله ایران‌اوزرینه سفرایتدیکی حالده بوعسکرك خط رجعتی قطع ایله هزیمت نامه‌یه اوضرانان کرد ملت شجیعه‌سی ایدی.

اسکندر کبیر آسیا قتوحاتی اکمال ایچون هندستانه سفر ایتدیکی زمان کردلرده تنوع مال جهتیله سفینهٔ نوحی آکدیران اسکندر اردوی مهیبنك پیشدار ذی وقاری ایدیلر. دور عمر الفاروقده الجزیره وکردستانك اکثر جهتلرینك دائرهٔ نجات وانحاده ادخالی متعاقب کردلر آیین قدیملرینی ترك ایله قبول اسلامیت ایتدکاری حالده معیشت قدیمه‌لرنده دوام ایلمشلردر. عباسیلرك دور ترقیسنده جزیره وکردستان، مدنیتك اوج اعلاسنه صعود وجایجا تأسیس ایدیلن مدرسه‌لر، کتبخانه‌لرله او الجزیره بیلهان وسیعی ، او کردستان جبال صعب المروری برکنزار مدنیت ومعرفت اولمشدی. کردلر اومهد مدنیته بیله فطرةً مجبول اولدقلری طبیعت پرستلکی ترك ایچه‌رك شهرلرك آلایش ودبدبهٔ کاذبه‌لرینه حیات ساده‌لرینی ترجیح ایده‌گلمشلردر.

خلافت عباسیه‌نك آن سقوطنده ظهوره کان آسیای صغری هرج ومرجنده یعنی شرق شمالیدن جنوبه طوغری جریان ایدن مغول سیلابهٔ مدهشنده کردلر ، اوسیل بلای طوفان انگیزه مردانه مقابله ایلمشلر واسفاکه بالآخره مغول عسکری طرفندن قتل عامه اوغرامشلردر . مغول استیلاسندن آرقه‌سی آلتیر آلتماز کردستان طوائف ملوك الندهٔ قالمه‌رق بتلیس ودیار بکر کبی بعض محلارده اوفاق کرد حکومتلری تشکل ایتمش ایسه‌ده عموم کردستان حکومت واحده‌نك بد اداره‌سنده پرشه‌مه‌مشدر. بوعدم اتحاده سبب‌ده کردلرك خلقةً آزاده‌سر یشامه مفتون اولمالریدر. حتی کرد ادبای مشهورمندن شیخ احمد خانی [*] (میم وزین) نامیله شهرتشمار اولان رساله پرکیده‌سنك مقدمه‌سنده کردلرك حکومت تشکیلندن اسباب اجتنابلرینی بصورت واقعانه وحکیانه‌ده ایضاح ایلمشدر. کردلر آز زمان سوکره حامی اسلام القاب جلیلهٔ تحت احراز ایلمش اولان صلاح الدین ایوبی کبی برقهرمان عالیهمت یتیشدیردیلر. او سیلابهٔ دواهیه فارسی کان بو مرد قدر زور یالکز عالم اسلامیتی دکل آسیا و آفریقایی یعنی عموم شرقی، غربیك نجاد وزات حقوقی شکنانه‌سندن محافظه ایتدی. بوذات جلیل القدره حامی اسلام دکل حامی اقوام شرقیه عنوان جلیل ویرلمه روادر. بوقمه آسیا و آفریقانك عصر حاضره دوچار اولدیغی احوال الیمه اوتارمخدن باشلایه‌جقدی. بوذات بواستیلای وحشیانه‌یه یالکز قهرمانلق، عدالت، شفقت وانسانیت کبی مزایای جلیلهٔ بشریه ایله قارشی طوردی. وجدانلری زهر نصب. آتش حسدله خراب وبرباد اولیان عموم شرقلیلر بونلم جلیله احترامه مجبوردر طلنده‌یز.

حکومت عثمانیه‌نك دور استیلاسنده جنتمکان یاوز سلطان سلیم خان حضرتلریله شاه اسماعیل صفوی بینده متحصل اختلاف نتیجه‌سی اولهرق ظهوره کان (چالدیران) معرکه مشهورسنك خاتمنده عموم کردستان ادریس بتلیسینك سایهٔ دورپناه‌سنده حکومت عثمانیه اداره‌سنه کچمشدر. اوتارمخدن اعتباراً کردلر دولت علیه‌نك شرق حدودینی محافظه ایله حربه مهیا بیوك برارد وسی شکلی اخذ ایلمشدر. کردلر ایلدی عثمانیانه کچدکدن صوکره تعدادی باعث کلال اولهجق درجه‌ده چوق مشاهیر یتیشدیرمکدن خالی قالمامشلردر. [*] میرشرف وسائره بوجمله‌دندر. مرادمز بر آرناوودلق یاخود کردستان تاریخی یازمق دکلدر. یالکز دولت علیه‌نك بو ایکی استادکاه شوکتك حال حاضره دوچار اولدیغی احوال الیمه‌یی تشریح ایتمکدر.

بوکون آرناوودلق ممالك سائره‌سنه کبی ویران ، اهالیسی سفیل وسرسر کردلدر. ناحیه‌لر، قضالرك حتی شهرلر بیله تأسیسات علمیه وقیه‌دن محروم اولدیغی کبی احقاق حق، فرضدن مصونیت وسائره کبی وظائف حکومت مفقوده اصول اداره‌دن، قرون‌سابقه‌یه رحمت اوقودیغی درجه‌ده آلوده مساوی برضرابت موجوددر. آرناوودلر برطرفدن آوسترپا، دکر جهتدن ایتالیا ایله مناسباته بولندقلرندن تعلیم وتربیه کورمش، جهانی آکلامش، حال حاضر سیاسته واقف برچوق ذوات مالکدرلر. بونلر مملکتلرینك حال خسرانی انکیزینی کورمك وبوحالك نتیجه‌سی اولهرق مملکتلرینك شکار، ملتلرینك اسیر اجانب اولمه‌جقنی تخطر ایتدکجه (دکره دوشن یبلانه صاریلیر) ضرب‌مثلی ایله حرکته قالقیشیورلر. آرناوودلق ایچون بردائرهٔ ممتازه طلبنده واتیورلر.

شیخ احمدخانی کرد ادباسندن اولوب اشعار حکیانه‌سیله کرد ادبیاتی احیا ایلمشدر. اثر کرده آثری (میم وزین یعنی محمود وزینب) عنوانیله یازمش اولدیغی کتاب منظومدر. بواثر اهمی تحطر ایده‌مدیکندن بر ذات طرفندن آلمانجه‌یه ترجمه ایدیلهرك پرلینده طبع ایدلمشدر. عربیه ترجمه‌سی دخی موجوددر. کردجه متنی بدرخان پاشا زاده عبد الرحمن بك برادرمز کردستان غزته‌سنه تحریه ایتمکده ایدیلر. بوکتاب قیمتدارك طبعی میه موی الیهدن عموم مشتاقین معرفت تمنی ایلر.

[*] بوبابده زیاده معلومات آلمق ایستینلر شرف خان بتلیسینك کردستان تاریخنه مراجعتلریی توصیه ایلرز.

واقعا بونلر بوکون اقلیتده ایسه‌ده سرزده ظهوراولان وقوعاتلر آرناوودلقده بوفکرلرك کیندیکچه ترقی ایتمکده اولدیغنی اثبات ایدییور.

ازجمله بکلرده دیرمده ظهور ایدن وقوعات بو قبیلدندر. دیرمایلر مقدمهٔ عصیان اولق اوزره دکانلرینی سد ایتمشلر، کوندریان مفتش پاشانی طرده قیام ایلمشلردر. مفتشلردن آرناوودلقده آرناوودجه ترکچه ایله برابر تدریس اولنمق اوزره مخاطط مکتبلرك کشادینی طلب ایلمشلردر. بوطلب پاشالر طرفندن ردّ ایدیلدیکی جهتله فتنه‌یی محاصره ایدرك ماوزین فور. شونلرایله فتنه‌لرك جاملرینی پارچه‌لامشلردر. بو وقوعاتی متعاقب حکومت عسکری سلاح آلتنه آلمش ایسه‌ده آرناوودلر یکی جامعه طوپلانه‌رق عسکر قارشی مقابله ایتمك ایچون چنارنده (بسا) ویرمشلردر. قوماندانده عسکر دردو یوز فشنك طاغیدیرق اعالیدن حرکت کوریلیرسه آتش ایتمکنی تنبیه ایتمش. طساغلی آرناوودلرك دیرمیه هجوم ایتمه‌سی ایچون‌ده احتیاطه رعایت اولنمش، بوعربه‌ده اناسنده پش ضبطیه ایله ایکی عسکر تلف اولمشدر.

دیرمایلر طاغیدیلدیکی فرقه‌یه آرمالشدیرمده طابارنده اختلاف اولدیغی جهتله باطناً متفق اولدقلری قویاً مظنوندر. آرناوودلر. طلباری ترویج اولمدیغی تقدیرده آرناوودلقده‌کی ادارهٔ حاضره‌یی رفعه قیام ایلیه‌جکلرینی علناً سویلیورلر. بوکیدیشله آرناوودلق مرحوم پوسنه هرسکه پیرو اولدیغی کی کوروییور. عجبا بواحوال الیمیه، بودلائل انقراضه قارشی بیله‌یرسکان ز. ادعای ملکی تدابیر صائبه (!!) دوشونیورمی؟

انصاف ایدلسون بوکون روم ایلیده جنای حیاتز آرناوودلق ایله قائمدر. آرناوودلق الدن سیقدقدن صوکره بیلدیز سفاهتی محل ظلم وستمکاری اولان استانبولی نه‌ایله محافظه ایدیه‌بیله‌جکلردر؟ براسان نه‌قدر سفیه، نه‌قدر حیاسز اولورسه اولسون هیچ اولمازسه سفاهتك امتدادینی موجب اولمیه‌جك وسائطه مراجعت ایلر. منعت شخصیه‌سی ایچون اولسون بو کی وقوعاتك اوکنی آلمه جالیشیر. یکرمی اوچ سنه‌لك سیئات پشتون اقوام عثمانیه‌یی جاندن بزار، حیاتدن نا امید ایتمدی. بوامیدسزلکدن نتیجه‌سیدرکه دون شان‌وشوکت عثمانیی اعلا ایچون فدای‌جان حانه منت بیان آرناوودلر بوکون شو ادباره تابی آلتنده بولنان وطنداشلرینی ایچون هوس‌استقلاله دوشدیلر. معنا انحطاری کوزه آلدیریورلر. بومناسبتله عصرلردن بری کرك میدان وغاده. کرکسه محنهٔ سیاسنده آثار لایزال براقان آرناوود اعاظمنه، آرناوود همتنه جدی وصمیمی اولدیغی آنیده‌کی خطابی توجیه ایدییورز: آلتیوز سنه‌دن بری محافظه ایتدیکمز شو آهنك سیاستکه عثمانلی نام جلیل آلتنده زیاده‌زیاده بزم حیات ومماتمز به بوهیئت معظمه‌نك دوامیله قابلدر. بو آهنك اتحاد بوزولدقدن‌صوکره ممالك عثمانیه‌ده‌کی ملل مختلفه دوام‌حیاتدن قطع امید ایلسونلر، چونکه زمانك الجا آتی موازنهٔ عمومیه نامی وبریان اوروپا طوق اساری بوینی انجاب ایدییور. ذاتاً نامع اولدیغمز قوانین‌مقدسه یك اوجیوز سنه اقدم ملیت زنجیرلرینی قیرمش. بزی هیولایه پرستیشدن منع ایلمشدر. بوکون آرناوودلرك جواغردانه‌یلماجقلری برحرکت‌واردرکه اوده ممالك عثمانیه‌ده ادارهٔ حاضره‌دن عموم خوشنود دکلدر. خوشنود اولیسان فرقه‌لرله اتحاد ایلیه‌رك، یکوجود اولهرق ملکمزك، ملتمزك سعادتی طلب ایتمك وغاصبلردن جبراً، قهراً حقمزی استرداد ایلمك‌یز. بویله عدم اتحادله حرکت ایده‌جك اولورسه‌ق جمله‌مزك قهر واضمحلالی موجب اولاجنی شبه‌سیزدر. آرناوودلقده بولنان صرب، یونان وایتالیان محرکارینك بوندیر. ق ایستدکاری زهرآکین منافع سیاسیه حیاتی یوتامه‌ق، یونی بوندیرمق ایسته‌ناری قهر اتمك کرك آرناوودلق وکرکسه آرناوودلرك منعمق نقطهٔ نظرندن الك مهم بروظیفه‌در.

کردلره کلنجه: بوکون کردلر، روسیه حدودی ایچون یك فوتل پر فرقهٔ عسکریه تشکیل ایتمکده‌درلر. کردستانك ساوی‌ٔ اداره‌سی آرناوودلقه رحمت اوفوقه‌حق درجه‌ده غدارانه‌در. کردلر ایران ایله روسیه حدودی بتنده بولندقلری ایچون آوروپا مدنیتندن آرناوودلر قدر مستفید اولمدقلرندن شمدیلك هوس استقلال کبی برحرکتلری کورلیورسه‌ده الجا آت زمان آلتری‌ده بویوله حرکتلره مجبور ایده‌جکی ظهور ایدن مقدماتدن آکلاشیلیور. کردستانده ظهوره کله‌جك براختلال روسیه‌نك اناطولی‌یه سرایت‌جه دخولی موجب اولاجقدر. کرد امرا واعاظمی بویله‌جه بیلمکده‌درلر. ایران حدودنده بولنان کرد عشیرتلرندن برقاچی برنوع امتیاز طلب ایتمك ایچون اتحاد ایدییورلرمش. بومسئله‌یه حیرت ایتمك: ادارهٔ حکومت بوحالده باقی قالدیغی خصوصی امتیازلر حیاتمزی ترقیه ایده‌جکی برده موتمزی تعجیل ایلیه‌جکی آشکار ایکن ممالك عثمانیه‌ده بولنان آرناوودلرك، بتلیلرك، کردلرك بوانی بوانش امتیاز طلبه قالقیشملری یأسدن باشقه برشیئه حمل اولهمیورز. چونکه: وحدت عاقبتی کورلرك بیله کورمیه‌جکی درجه‌ده جلی وبدیهیدر. بزم ایچون‌جزء نجات‌عموم عثمانیلر اتحاد واتفاق ایلیه‌رك ادارهٔ ظالمهٔ حاضره‌یی ال برلکیله اصلاح ایلیه‌رك مرفهاً یشامقدر. بوطریق‌اختیار ایدلدیکی‌تقدیرده فرمان اعضاءیزی کندی الیمزله امضا ایتمش اولورز.

بردفعه سرین قالمه دوشونهلم. عثمانلی سرحدلرنده بو دولت معظمه‌نك اعتلای شوکتی ایچون فدای حیات ایتمش بیکارچه قهرمانلرمزك سکوزلر ایدیسی اولان مشهد مقدسلری موجوددر. حتی برچوق آرناوود قهرمانلرك مشهدی ترکلر وکردلر طرفندن زیارتگاه اتخاذ ایدلمش اولدیغی اورالره سیاحت ایدنلر یك کوزل بیلیر. آرناوودلقده فدای حیات ایتمش اولانلر ترك کرد، لاز برچوق مشاهیرلرك‌ده ترهلری آرناوودلر طرفندن زیارتگاه اتخاذ ایدلمش اولدیغی معلومدر. انصاف ایدلسون بوقدر روابط مادیه ومعنویه قیریله‌بیلیرمی؟ قانلرمز یکدیکریله او درجه امتزاج ایلمشدرکه آوروپا فلسفهٔ جدیده‌سنك مروجلری عصرلردن بری سعی وغیرتلرن کری طورمدقلری حالده بزم قدر اولسون ملیت زنجیرلرینی قیرمامشلردر.

نتیجه اولهرق دیرزکه: اتحاد باعث سلامتمز، نفاق اینه موجب خسران ونکبتمزدر. برلشهلم ظالملری، خائنلری محو ایدهلم. یوقسه لافلاق.

ئامادەکردنی : فوئاد عەبدولڕەحمان

دەماك و شیعری جیهانی

یەکێك لە ئەزموونە شیعرییە هارە گرنگ و کاریگەرییەکانی ئەم سەردەمەمان لە بواری ژینۆی هۆنراوەدا بەکارهێنانی (دەماك) ـە- Mask Masque . ئەم زاراوەیەش ، واتە (دەماك) ، لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی شانۆیی (درامی) یە، بەڵام سەرەتای بەکارهێنانی لە جیهانی هۆنراوەدا لەسەرەتای ئەم سەدەیەماناوە بووە .

وەکو دەزانرێت ، زۆر لە کۆمەڵگا سەرمایەییەکانی جیهان ، بەتایبەتی لە وڵاتانی کیشوەری ئەفریقیادا ، دەماك وەکو بەشێکی گرنگ لە ئێکسواری نوێژ و نزا و کەش و ئاهەنگ و بۆنە و بیروباوەڕی ئایینیی سەرەتاییدا بەکارهاتووە . لەبنەڕەتدا ، لە ڕووی ئەفسوونەوە - بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی دیاردە و هێزە نهێنی و شاردراوەکانی سروشت - بەکارهاتووە !!

لە ئەوروپادا ، دەماك لەسەردەمی ڕایەڕینەوە - سەدەکانی ناوەڕاست - وەك شێوازێك لەو شانۆگەرییانەدا بەکارهاتووە کە لە کۆشك و تەلار و دەرباری پادشا و ئیمپراتۆرەکان و میر و فۆندالەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوادا پێشکەشکراون . ئەو جۆرە شانۆگەرییانەش بریتی بوون لە کۆمەڵە ئەکتەرێك بە دەماکەوە لە ڤیستیڤاڵێکی هێماییدا بەشداریانکردووە . جگە لەوە هەندێك لە شاعیرە بەناوبانگەکانی ئینگلتەرا هەوڵیان داوە کە هەندێ بەرهەمی شانۆیی بنووسن بەپێی ئەو ڕێبازی دەماکە کۆنە ، لەوانەش (بن جۆنسۆن) ، تاکو کەیشتوتە ئەو ڕادەیەی کە دەماك بە شێوەیەکی فراوان بکەوێتە بەکارهێنان لە جیهانی هۆنراوە و ڕەخنەسازیدا .

بۆ یەکەمجار شاعیرێکی ئینگلیزی بەناوی (ڕۆبەرت براوننگ) (مەنطوقی درامی) ی بەشێوەیەکی بلیمەتانە و بە زیرەکانە دستوتە نێو شیعرەوە . ئەمەش بووە بە بەردی بناغەی بەکارهێنانی (دەماکی درامی) لە شیعردا لەسەر دەستی شاعیری نایرلەندیی بەناوبانگ (ساموییل بەکەر بییتس) . لەدوای ئەویش شاعیری ئەمریکایی (نازرا پاوند) ، لەدوای جەنگی جیهانیی یەکەمەوە هەنگاوێکی داهێنەرانەی تریناوە و هەوڵی داوە هەندێ (کەسانی میژوویی) وەکو دەماك بخاتە شیعرەوە . لەلای ڕەخنەگرانیش وەکو زاراوەی (کەسانی ئەنیشەکراو - الشخصية المتخيلة) بەکارهاتووە ، کە هەر بەو ناوەیشەوە (پاوند) کۆمەڵە شیعرێکی خۆی بلاوکردۆتەوە . ئینجا لەدوای (پاوند) ـەوە ، شاعیرێکی ئەمریکایی بەناوبانگ (تۆماس ستێرنز ئیلیوت) T . S . ELIOT دەماکی کردووە بە ڕێبازی (هیمایی) لە هۆنراوەدا .

کەواتە وەکو دەردەکەوێت ، زاراوەی دەماك ، بەلای ڕەخنەسازانەوە ، لەگەڵ چەند زاراوەیەکی لەخۆی نزیکترەوە تێکەڵبووە ،

وەك : كەسی ئەندێشەكـراو (مانالۆگی درامی و هیما) . بۆ نموونە : زاراوەی كەسی ئەندێشەكراو مابەستی كەسێكی دراماییە - ئەگەرچی ئەفسوونی و ئەفسانەیی یاخود میژووییـی بێت - كە شاعیرەكە ئەندێشەی بكات و دابهێنێت ، یاخود هەندێ جاریش مابەستی لە دەمامكی شاعیرەكە خۆیەتی كە بۆ ڕوخساری شیعرییە خۆی بەكاربهێنێت . بەم جۆرەش ئەم دوو زاراوەیەش (دەمامك) و (كەسی ئەندێشەكراو) دەبنە دوو زاراوەی زۆر لەیەكدی نزیكەوە : یاخود دەبن بەیەك شت و یەك واتا دەبەخشن ، ئەویش ئەوەیە كە شاعیر دەمامكی كەسێكی میژوویی تایبەت دەخاتە سەر ڕوخساری خۆی . بێگومان مابەستی ئەوەیە كە كەسێكی دراميی ئەندێشەكراو دابهێنێت . سەبارەت بە زاراوەی مانالۆگی دراميش ، لەڕووی هیما بەكارهێنانەوە كوتومت وەكو دەمامك نیە ، بەڵام زۆرجار لە شیعردا وەكو كارەسەی بەسەرهاتێكی درامی بۆ دروستكردنی هەیكەلی هونراوەیەكی دەمامكی لەلایەن شاعیرەوە بەكاردهێنرێ ، هەندێ جاریش وەكو كارەسەی درامی لە هونراوەیەكی وێژدانیدا بەكاردهێنرێ بۆ مابەستی دەربڕینی دەنگی خودی شاعیرەكە .

لە (ئینسكلۆپیدیای بەریتانی) دا وا بەكارهاتووە كە دەمامك (شێوەیەكە لە شێوەكانی ڕوخسارگۆڕین كە دەخرێتە سەر ڕوخسار - دەم و چاو - یاخود بەر دەم و چاو دادەپۆشێت بۆ ئەوەی كەسە ڕاستەقینەكە بشارێتەوە یاخود ڕوخساری ڕاستەقینەی ئاو كەسە بشارێتەوە كە لەبەریدەكات و كەسێكی تری پێ دابهێنێت) . هەڵبەت ئەم سیفەتەش : واتە وونكردنی ڕوخساری كەسە سەرەكییەكە ، سیفەتێكی هاوبەشە لە هەموو دەمامكێكدا و بەدرێژایی میژوو و لەهەموو لایەكی جیهاندا ، هەر لە چاخی بەردینیەوە تاكو ئەم سەردەمە نوێیەمان . ئەگەرچی زاراوەی (دەمامكی درامی) یـش لە هونراوەدا وەكو دیاردەیەكی نوێ لەلایەن (ڕۆبەرت براوننگ) و (ییتس) و (ئازرا پاوند) و (ئالیۆت) ـەوە خراوەتە ناو شیعرەوە - كە وەكو ڕێبازی هیمایی خۆی چەسپاندووە - ، بەڵام بەر لە میژووی ژیانی ئاو شاعیرانە هەندێ شاعیر پێش ئەم سەردەمەش دەمامكی درامیان بەكارهێناوە ، بەتایبەتی وەكو حیكایەتخوان یاخود وەكو (ئاز) ی شاعیر بەكارهاتووە .. بۆ نموونە : لە (حیكایەتەكانی كانتربری) دا لە نووسینی (چۆسەر) و لە چامەیەكی (ورد زۆرت) دا بەناونیشانی (ئاگربی تـەنیـا وەكـو پاڵە هاوڕێك) .

هەڵبەتە ئەگەر تەماشای جۆری بەكارهێنانی دەمامك لە شیعردا بكەین ، دەبینین یەكەم كەس كە بەهوشیارییەكی هونراوەییانە بەكاریهێنابێ (ییتس) بووە كە ئەم زاراوەیەی لەبەرئەنجامی قوولبوونەوەیەكی زۆرەوە بەنێو بیروباوەڕی ئایینی و داب و نەریتی كۆمەڵگا سەرمتاییەكانەوە وەرگرتووە . بێگومان لەبەر ئەوەی (ییتس) بڕوای بە خاون و ئەفسوون و جیهانی میتافیزیكی بووە لە ژیانی بیركردنەوەیدا ، واتە تێڕوانینێكی سۆفیگەرییانە و ئایدیالیانەی هەبووە بەرامبەر بە جیهان . كەواتە بەسەیری نازانین كە یەكسەر دەستی داوەتە كەلەپووری سەرمتایی هەندێك لە گەلان و كۆمەڵگا و شارستانیەت سەرمتاییەكان كە ئاو سەردەمەش - بەتایبەتی لە كۆتاییەكانی سەدەی نۆزدەهەمدا - هەندێك لە زانایانی ئەنتڕۆپۆلۆژی پەیدابووبوون و بەزۆری تیشكیان دەخستە سەر ئاو مەسەلەیە . یەكێك لەو زانا ئەنتڕۆپۆلۆژییانەش كە (جێمس فرێزەر) ـە ، داناری كتێبی بەناوبانگ (لقی زێڕین) ، ئەوەی لێكدابووەوە كە بەكارهێنانی دەمامك لە بیروباوەڕی ئایینیی سەرمتاییدا ، ئارەزووكردنێكە بۆ داهاتووی ، واتە خودگۆڕین لە بارێكەوە بۆ بارێكی تر . هەروەها وای لێكداوەتەوە كە دەمامك جۆرێكە لە تەم و مژی ، چونكە لە یەك كاتدا وونكردن و دەرخستنی ڕوخسارە . وەكو ڕەخنەگرانی جیهانیش دەڵێن : ئەم بۆچوونە سەبارەت بە (ییتس) ی شاعیر لە یەك كاتدا بووە بەهۆ و مابەست بۆ گەیشتن بە ئامانجی سۆفیزمی و ئایدیالیزمی ڕەها .

(ییتس) بۆ یەكەمجار كە دەمامكی لە هونراوەكانیدا بەكارهێناوە ، مابەستی ئەوە بووە واتای مازنیی قارەمانێتیی ئاو پاڵەوانە دەربڕات كە خۆی باوەڕی پێبووە ، ئەم بیرۆكەیەش تەنانەت گەیاندوویەتیە ئاو ڕادەیەی كە پاڵەوانەكە بكات بە (سوپارمان) و لە هەموو خاڵێكی سادە و هاوڕەگ و هونەرمەندان جیای بكاتەوە . لەبەر ئەوەی وەكو گوتمان (ییتس) بڕوای بە باری سۆفیگەری و ئەفسوون و میتافیزیك هەبووە ، بۆیە لەبەكارهێنانی ئاو

دەماکەش هەمان مەبەست و ئامانجی هەبووە ، واتە وەکو چۆن مرۆڤی کۆمەڵگا سەرمایەدارەکان وەک بیرۆباوەڕی ئایینیی ئافسوونییان دەماکیان بۆ ئاوە بەکارهێناوە کە بەربەرەکانێی هێزی دیاردە سروشتییەکانی پێ بکان ، بەهەمان شێوەش (ییتس) دەماکی لە هۆنراوەکانیدا کردۆتە کەرەسەیەک بۆ بەربەرەکانێکردنی چارووسی خۆی . کەواتە هەر وەکو (ئالن سنفیلد)* ی دانەری کتێبی (مانەلۆگی درامی) دڵێ : « ییتس لە بنەڕەتدا بڕوای بەکەسێک بووە کە لە داکەوتدا بڕیتی بێت لە زنجیرەیەک دەماک . هەر بەپێی ئاوەش تیۆرە شیعرییەکەی بەرەوپێش بردووە » . (کۆلن ولسن) یش ، بەتایبەتی سەبارەت بەم ماسەلەیە* ، باسی ئاوەی کردووە کە (ییتس) بڕوای بەوە هەبووە کە شاعیر دەبێ دەماکێک بپۆشێ کە بڕیتی بێت لەبەر خودی خۆی - النفس المضادة - بۆ ئاوەی خودی خۆی پێ بپارێزێت .

هەر لەمەیشەوە دەبینین کە (ییتس) دەماکی بەکارهێناوە ئامانجی ئاوە بووە کردەوەیەکی سۆفیگەرییانە و تێڕوانینێکی میتافیزیکی بهێنێتەئەنجام . دیسان هەروەکو (کۆلن ولسن) دڵێت : « ییتس لێرەدا هەوڵی ئاوەی داوە جیهانە تایبەتیەکەی خۆی - کە بریتییە لە ئەفسانە و هیما - بسەپێنێت بەسەر جیهانی ڕاستەقینەدا »☆ . لەبەر ئاوەش دەبینین کەوا زۆربەی زۆری ئاو کەسە میژووییانەی کە (ییتس) لە هۆنراوەکانیدا خولقاندوونی ڕەگ و زەمینەی خۆیان وونەدەکان و دەبن بە هیمای متۆلۆگیی ڕووت و بۆ خزمەتکردنی مەبەستی ئاندیشەیی و سۆفیزمی شاعیر بەکاردێن . دیارە هەر لەبەر ئاوەش هۆنراوەکانی (ییتس) لە سەرەتای نووسینیدا تارادەیەک بایەخێکی ئاوتۆیان نەدراوەتێ ، بەڵام هۆنراوەکانی لەدوای ئاو قۆناغی بەکارهێنانی دەماکە کردەیەتی بە شاعیرێکی جیهانی مازن .

بەڵام سەبارەت بە (ئیرزا پاوند)ی شاعیر ، ئاوا ئاو دەماکی وەکو کەرەسەیەکی سۆفیزمی و تێڕوانینێکی میتافیزیکی بەکارنەهێناوە ، چونکە ئاو تێڕوانینە میتافیزیکییەی نەبووە کە لە مێشکی (ییتس) دا هەبوو ، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەم بۆچوونێکی سۆسیۆلۆگیانەی بەرامبەر بە بزگاربوون هەبوو لە داکەوتی ناڵەباری ئاو سەردەمە یاخود جیهانی سەر زەمین . ئەمەیش بەپێی دانانی سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی ڕێکتر و پێشکەوتووتر .

هەروەکو (ج . ب . سولیتان) دڵێ : « پاوند دەماکی (موبرلی)* بەکارهێناوە بۆ دەربڕینی هەست و نەست و یاخیبوونی لەو بار و داکەوتە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییە تاڵ و ناهەمواریەی کە خۆی تیا دەبینێتەوە » . هەڵبەت بە بەکارهێنانی ئاو کەسە میژووییەش هەستێکی قوولتر لە هەستی خودیی شاعیرمکە پیشان دەدات . جگە لەوە (پاوند) بایەخێکی گەلێک تایبەتی بە سروشتی ناکەسایەتیی دەماک داوە . بۆ نموونە : لەسالی ١٩١٤ دا ووتارێکی نووسیوە باسی کەسایەتیەکی میژووییی تێدا کردووە کە خۆی بیخولقێنێ و لەو بارەیەوە گوتوویەتی کە : « مرۆڤ دڵێ - من - بەڵام کە ئەم ووشەیە دەفاتە سەر زمانی ئیترلە - من - دەردەچێ . ئەم باسەشم لە پەرتووکێکدا بڵاوکردۆتەوە بەناوی (Personea) و تیایدا دەماکی تەواوم بۆ کەس بەکارهێناوە لەهەر چامەیەکدا . لەسەر ئاوەش پەنامبردە بەر زنجیرەیەک یادداشت و بیرەوەری کە بەشێوەیەکی تایبەتی دەبوون بە کۆمەڵێک دەماکی پوختە »* .

لێرەوە دەبینین کە (پاوند) بەجۆرێکی تایبەتی بایەخی بە سروشتی بابەتیی دەماکی درامی داوە لە داهێنانی شیعریدا . ئەگەرچی ڕەخنەگری ناسراو (ئالن سنفیلد) بڕوای وایە کە - من - ی شیعری لەلای (پاوند) لەگەڵ - من - ی شیعرمکە و - من - ی کەسە میژووییەکە هەرێەکن . بۆ نموونە : دەبینین کە (پاوند) هەندێک چامەی بازمانێک نووسیوە لە نێوان - کەسی یەکەم - واتە قسەکەرمکە و نێوان داهێنانی هوشیارانەی

*بروانە : موسوعة المصطلح النقدي - چاپی دار الحرية - بغداد ١٩٨٧ .

*بروانە : المعقول و اللامعقول في الادب الحديث - کۆلن ویلسن ، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی : ئەنیس زەکی حەسەن ، ل ٤٠ .

☆بروانە : الشعر و الصوفية - کۆلن ویلسن ، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی : ئەنیس زەکی حەسەن ، دار الآداب البيروتية - لبنان ، ل ١٩٥ .

*موبرلی : شاعیرێکی ڕۆمانی بووە ، لەسەدەی هەوتەمی پێش زایینیدا ژیاوە . (ئیزرا پاوند) ئەم شاعیرەی کردووە بە دەماکی چامەیەک بەناونیشانی « هیوسیلوین موبرلی Hugh Selwyn Muberley » کە تیایدا لاوانەوەی بۆ (بروبیرنۆس) کردووە . (بروانە : کۆلن ویلسن ، المعقول و اللامعقول في الادب الحديث) .

*هەمان سەرچاوەی پێشوو .

کەسایەتی و میژووییدا هاتوچۆدەکەن. بەجۆرێک کە هەندێ جار چامەکە لە کەسی دراماییەوە دەگۆڕێ بۆ کەسی ویژدانیی ڕووت. بۆ نموونە: ئەو ڕەفتەگرە ئاماژەی بۆ چامە بەناوبانگەکەی (پاوند) کـــردووە کە (موبرلی) یە و تیایدا شاعیر بەوپەڕی سەربەستییەوە و بەئارەزووی خۆی لەیەک کاتدا تێهەڵکێشکردن و بیرەوەری و کەسی سێیەم و مەنەلۆگی دراميی پێکەوە کۆکردۆتەوە. بەڕای ئەو ڕەفتەگرە: دەروازەی چامەکە بریتییە لە مەنەلۆگێک کە شاعیرێک کە ناوی (موبرلی) یە پێشکەشیدەکات. بەڵام بەشی یەکەمی چامەکە، بەپێی بەکارهێنانی کەسی سێیەم داڕێژراوە. وەها دەردەکەوێ کە مەسەلەی تێهەڵکێشکردن لە نێوان - من - ی شاعیرەکە و - من - ی کەسە میژووییەکە لە هەندێ لە چامەکانی (پاوند) دا هانی (جۆرج فرێزەر) ی ڕەفتەگری داوە بۆ دانانی لێکۆڵینەوەیەک بەناونیشانی (پاوند: دەمامکی ئەفسانە و مرۆڤ)، کە تیایدا گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی کە ئەو کەسایەتییانەی (پاوند) دەیانخولقێنێ و ناوی لێناون (Personae) یاخود وەکو پێی دەگوترێ (Mask) یاخود (پۆل Poles) قۆرساییەکی زۆر دەنگە پێشڕەوی خوێنەر، لەبەر ئەوەی زۆر بەگران خوێنەر دەتوانێ جیاوازی لەنێوان ئەکتەر و پۆلەکەیدا بکات.

(فرێزەر) دیسان گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی کە کەسە شیعرییەکانی (پاوند) بێ ئەو ناژین. واتە بەردەوام (پاوند) کەسایەتی و هەست و ناستی خۆیانی پێ دەبەخشێ. بۆ نموونە دەڵێ: (پاوند) کاتێک کە تارمایی دادەمێنێ، دەیانگۆڕێ بۆ کەسانی ڕاستەقینە وەکو چۆن کەسایەتیی (بروبیرتۆس) ی لە چامەی (لاواندنەوەی بروبیرتۆس لەلایان سیکتۆس موە) دا خوڵقاندووە، پاش ئەوەی کە بەشێک لە هەست و ناستی کەسایەتیی خۆی پێداوە* لەبەر ئەوە بەڵای ئەو ڕەفتەگرەوە وایە کە کەسایەتیی (بروبیرتۆس) ئەگەرچی کەسایەتییەکی میژووییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە چوارچێوەی تێروانینێکی هاوچەرخیانەوە پێشکەشکراوە.

هاروهما (دۆنالد دیڤی) ی ڕەفتەگریش کە باسی چامەی (موبرلی) ی کردووە کە لە دوانـــزە (بەش) * پێکهاتووە بۆی سەلمێنراوە کە لە یەک بەدوای یەکی بەشەکاندا جارجارێک کەسایەتیـــی (پاوند) ـ وەکو شاعیرێک ـ سەرهەڵدەدات. لەو بڕوایەشدایە کە دەروازە چامەکە تێروانینێکی ئەندێشەیی ئەو کەسایەتییە دەرنابڕی کە دایهێناوە، کە ئەویش (موبرلی) یە، بەڵکو تێروانینی خودیی (پاوند) خۆی دەردەبڕێ. وات بەڕای ڕەفتەگرەکە (موبرلی) کە (پاوند) ئەندێشەیکردووە تەنها دەمامکێکی تەنکی سەر دەموچاوی خۆیەتی.

بەمجۆرە پاش ئەوەی کە دەمامک بە چەند قۆناغێکی بنچینەییدا تێپەڕیوە لەسەر دەستـــی (ڕۆبێرت براونینگ) بە مەنەلۆگی دراما و دەمامک لەسەر دەستی (ساموئیل بیتس) و کەسی ئەندێشەکراو لەسەر دەستی (ئیرزا پاوند)، ئیتر بوو بە ئازموونێکی شیعریی زۆربەی زۆری شاعیرانی جیهانی هاوچەرخ، بەتایبەتی لەدوای جەنگی جیهانیی یەکەمەوە. ئەم ئازموونە شیعرییە گرنکەش بەهۆی بارودۆخی کاریگەری ئەو سەردەمە و بەهۆی هۆشیاریی شاعیرانەوە زیاتر لە بابەتێتی نزیکبووەوە و لە شێوەی ویژدانی دوورکەوتەوە. ئەم ئازموونەش، بەتایبەتی لە هۆنراوە و نووسینە ڕەفتەییەکانی (ت. س. ئیلیۆت) دا بەڕوونی دەرکەوت.

بێگومان گرنگیی (ئیلیۆت) لەوەدابوو کە هەوڵی دا کۆمەڵێک دەمامک و کەسایەتیی دراما ئەندێشەیی و مەنەلۆگی دراما بخاتە شیعرەکانیەوە. ئەمش یەکەم هەنگاوی ئازموونکاری بوو لە شیعردا و پۆلێکی کاریگەرانەی لە بزووتنەوەی شیعری نوێدا بینی، بەتایبەتی بەهۆی ئەو سێ چامەیەی یەک لەدوای یەک بڵاویکردنەوە: (گۆرانییەکی خۆشەویستیی ئەلفرێد بروفرۆک)، و (جیرۆنشن)، و (خاکی بێرووت).

لە چامەی یەکەمدا (ئیلیۆت) دەمامکی کەسێکی ئەندێشەکراو دەنوازێت، ئەویش (بروفرۆک) ـە. بەهۆی ئەو کەسەوە مەنەلۆگی دێوی ناوەوە دەخاتە شیعرەکەیەوە کە تیایدا بیر و ژاڵاوی بیر و خەم و پەژارەی ئەم کەسە دراماییە ئەندێشەکراوە پیشاندەدات. لەبەر ئەوەی (بروفرۆک) یش نموونەی پاڵەوانێکی ڕووخاوە،

*جۆن ولسن: المعقول و اللامعقول في الادب الحديث، ل٣٦.

*مەبەست لێرەدا دوانزە دێڕی ڕستەیی چامەیەکە نەک کۆپلە یاخود جۆرە بەشکردنێکی تر.

وات ناپاڵەوان و بیدەسەڵاتە لە ئاستی هەر کارێکی سەرکەوتووانەدا، دەبێتە دیلی تێپوانینە خودییەکانی خۆی و ترس و ستەم و گومان و دوودڵییەکانی و هەرگیز ناتوانێ ئارەزوو و ئاواتەکانی خۆی بهێنێتەدی .

(بڕۆفرۆک) لە دراماکەدا دەیەوێ خۆی بخاتە بارێکەوە مای خواردنەوە و ئافرەتی تیابێت، بەڵام هەر هانگاوێک دەنێ بۆ چوونە ژوورەوە یەکسەر پاشگەزدەبێتەوە ، چونکە نەخۆشییەکی دوودڵی و بڕایی لەگەڵدایە . ئەنجامی ئەم بارە دەروونییەش ئاوە دەبێ کە جیهانی دەکاوت بەجێبهێڵێ و ڕوو لەجیهانی ئەندێشەیی و ووریٚنە بکات*

(بڕۆفرۆک) هەروەها بەهۆی مەنالۆگی ناوەوە (مەنالۆگی دەروونی) هەستی خۆیمان بۆ دەخاتە ڕوو . دەبینین لەسەرەتای چامەکەیدا لەگەڵ خودی خۆیدا دەکەوێتە گفتوگۆ و هانی خۆی دەدات کە بکەوێتە کارێک لەبری ئاوەی تانها ڕوانگەیەک بێت و بڕوانێتە بارەمی خۆی و دوودڵی و بڕایی گەمارۆ و ئابلوقەی بدات .

بەڵام لە چامەی « جیرۆنشن » ـ فرمان ـ دا ، ئیلیۆت دەمامکی پیرەمێردێکی کوێری خواستووە کە ژیانتاڵبووە و چێژ و تای بەختەوەریی ژیانی نەماوە و گۆشەیەکی ژوورەکەی خۆی گرتووە و گوێی بۆ دەنگی منداڵێک شڵکردووە دەنگوباسی بۆ دەخوێنێتەوە :

« ئەوەتام ، پیرەمێردێکم ، لە مانگێکی بێڕووەن دا منداڵێک ، دەنگ و باسم بۆ دەخوێنێتەوە و چاوەڕوانی باران دەکەم.

لەبەر دەروازە گەرم و گوڕەکاندا نەبووم .

لەژێر بارانی گەرمیشدا نەجەنگام .


نەجەنگام و تا ئەژنۆم خۆم نەچەنداند لە زەلکاو و گۆمەکان .

شمشێرم بەدەستەوە نەگرت و مێش تێی نەدام .

مالەکەم کۆن بووە و بۆتە کەلاوەیەکی ڕووخاو،*

بەمجۆرە پاڵەوانەکە بەهۆی مەنالۆگەکانی دیوی ناوەوەی گۆشەگیری و تەنیایی هەست بە ڕووخانی خۆی دەکات . ئەماش بەشێکە لەو کێشە کۆمەڵایەتی و دەروونییانە کە (ئیلیۆت) لە مرۆڤی کۆمەڵگەیدا بەدیدەکات و پاشماوەی جەنگی جیهانیی یەکەم بوون .

لێرەوە دەبینین کەوا (ئیلیۆت) لە هۆنراوەکانیدا خۆی لەودیوی کۆمەڵێ دەمامکی مێژوویییدا دەشارێتەوە کە بەهۆی داهێنانێکی دراماییەوە خولقاندوونی و بوون بەبنچینەیەکی گرنگ بۆ ئاو شانۆگەرییە شیعرییانەی کە لە پاش ئەوەوە نووسیونی ، بەتایبەتی « کوشتنێک لە کاتدرائیەدا » .



*بڕوانە : د. فائق متي (الیوت) ، دائرة المعارف بمصر ـ ١٩٦٦ ، ل ٧٠ .

*بڕوانە : هەمان سەرچاوەی پێشوو .

عبدالمطلب عبدالله

تازەگەریتی لە شیعردا

شیعری کوردی هەموو چالاکییەکانی خۆی لە بۆتەی سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا ساقامگیرکردووە . ئەمش بۆتە هۆی ئەوەی سالانێکی زۆر لەم دوورییانەدا هەڵساوبین بەرامبەر بەو واقیعە .. چونکە زۆربەی زۆری شاعیرەکان هەوڵدەدەن لەسەر ماسکەی سیاسەت چاپڵەیان بۆ لێبدرێ . جەماوەری شیعری تەنها لەو ئاستەدا دەبینن .. بەدروشمی قەبە هاستی چاپڵەڵێدانیان لا دەورووژێنن و دوورییاندەنەوە لە قوولبوونەوە (التامل) ، کە ئەمش کاری وتاری سیاسییە نەک شیعر .

شیعر ئەو دەرگا کراوەیە نییە هەموو خوێنەرێک بێ جیاوازی لێی وەژوورێکەوێ یان ئەو دەرگا داخراوەیە نییە بەهیچ کلیلێ نەکرێتەوە و کە کرایەوەش وەک گوێزێکی ناوک پووچ شتێ نەدا بەدەستەوە ، بەڵکو پێویستە شیعر لەهەر خوێندنەوەیەکدا شتی نوێتر و نوێتر بداتە دەستەوە و خوێنەر تووشی سەرگێژی بیرکردنەوە و حاڵەتی نەفسی بکات .

بەو پێودانگە دەکرێ بڵێین شیعری کوردی تووشی بازینێکی فیکری هاتووە .. ئایدیۆلۆژیا حوکمکەرە و دەستی بەسەر هەموو دوورییەکانی شیعردا گرتووە . ئەمش بۆتە حاڵەتێکی دەروونی لای کورد ، لەبەر ئەوەی بەدرێژایی تەمەن نەیوێراوە بەئازادی لەناو سیاسەتدا کاربکات .. خەفەکردنی ئەو ئارەزوانە وایکردووە هەموو شتەکان بەسیاسەتەوە گرێبدات و هەموو ڕێگاکانیش بەرەو ئایدیۆلۆژیا بەرێ . ئەم حاڵەتە لای فرۆید ئاودیو هاست دەگەێنێ کە بریتییە لەو خۆزگە و ئاواتە خەفەکراوانەی بەنهێنی کارەکانی خۆی ئەنجامدەدات . ئایدیۆلۆژیاش بۆ چەسپاندنی مەبەستەکانی سڵ لەهیچ شتێ ناکاتەوە.. پێویستی بەوەیە لەئێستادا بوونی خۆی بسەلمێنی. بۆیە هەرجارە بەجۆرێ دەیەوێت خۆی ڕەهابکات، بەڵام لەڕاستیدا بازنەیەکە دیوارێکی لاری بەدەوری خۆیا کێشاوە . جا چ دوور چ نزیک مەبەست ئاشکرادەبێ کە دوورە لە ڕەهابوون . جا ئەو شاعیرانەی لەناو ئەو بازنەیەدا دەنولێنەوە یان ئەوەتا ناوێرن خۆیان بۆ ئەودیوو دیواری بینین تاقیکەنەوە ، یان زۆرجاران بە بەردی بەدی ئایدیۆلۆژیا تووشی سەرشکاندن دەبن ، چونکە ئایدیۆلۆژیا (نە فەلسەفەیە ، نەزانستە ، نەئایینە). بۆیە هیچ کاتێک ناکرێت شاعیر ببێتە کلکی ئایدیۆلۆژیا ، بەڵکو ئاوهنده بەسە هەڵگری دروشمی مرۆڤایەتی بێت بەمانا فراوانیەکەی . چونکە هەر شاعیرێک بەو ڕێگایەدا بڕوا تەنها دەورێکی مێژوویی دەبێت بە گوێرەی ئایدیۆلۆژیاکەی خۆی نەک شیعر .

ئەدۆنیس دەڵێ : هونەرمەند هەمیشە دەبێ بە سەربەخۆیی تەواو لە حیزب و ڕێکخراوە

سیاسییەکان کاریکات . ئەمش دابران نییە لە خەمەکانی گەل . هەروەها دەڵێ : من مولتەزیمم بە کێشەی ڕاستی و سەربەستییەوە لە ئاسۆیەکی سەربەستەوە نەک لە ئاسۆی ئایدیۆلۆژیا و حیزبایەتییەوە . هەروەها ئەو ڕۆشنبیرانەی لەسەر ئایدیۆلۆژیا دامەزراون .. وا دەزانن خاوەنی دواوەڵامی هەموو شتێکن ، بۆیە ناپرسن و تەنها وەڵام دەدەنەوە . بەڵام هێزی مرۆڤی ڕاستەقینە لە پێشکەشکردنی وەڵامی ئامادەکراودا نییە ، بەڵکو لە پرسیارکردندایە .. هەر ڕۆشنبیریەک پرسیاری گەورەی لێ وونبووبێت بە ڕۆشنبیریەکی مردوو لەقەڵەم دەدرێت .

بەڵێ شێعر تایبەتمەندێتی هونەری هەیە .. ڕێگایەکی تایبەتە بۆ دەربڕین . خۆ ئەگەر شاعیرێک بابەتێکی نیشتمانی هەڵبژارد مەرج نییە شێعرێکی باشی لێ دەربچێ ، هەرچەندە مەرجی چەپەڵێدان حاسڵ دەکات .. بەڵام پێویستە شێعر تێرای هەموان بکات . هونەری ڕاستەقینە و مانێنش لایەک ساتدا بینای هەموو شتەکانە . بۆیە پێویستە شێعر دووربێت لە سیاسەت ، چونکە شێعر سیاسەتە .. بەهایەکی ئیستاتیکی هەیە .. تا لێرەدا ئیلتیزام هیچ مانایەک نابەخشێ ، چونکە شێعر دەربڕینی ڕوئیای شاعیرە بۆ جیهان . ئاوانای لای عەقڵیش بە مەحاڵ دەوەستێ ڕوئیا دەیاندۆزێتەوە .. دەکرێ هەر لەم ڕووەشەوە پێناسەی داهێنان بکەین .. داهێنەری ڕاستەقینە ئایدیالییە .

داهێنان لای هیگڵ بریتییە لە حاڵەتی جودابوونەوەی هوشیاری لە خودبوونی بەشتێک. هەموو هەوڵەکانی نووسینیش بۆ ماناوەی خودە و ڕەتکردنەوەی مانای مارکە .. بەمجۆرە دەکرێ نووسەر دوای خۆی خودی جێبهێڵێ و مارک بەو هەموو مانییەوە ڕەتکاتەوە و نەهێڵێ بەسەریدا زاڵبێت . شاعیریش ئەگەر نەکەوێتە ژێر کاریگەریی هونەر و بیر و بەم دوانە ڕابەرایی نەکرێن یاخود نەچێتە قوناغی تێفکرین و وردبوونەوە لە دونیای دەوروبەر و ڕوئیای تایبەتی خۆی بەرامبەر شتەکان نەبێ ئەوا هەر تەنها بەهرە و هەستەکانی هەرزایەتی هەر زوو هێزیان لەبەر دەبڕێ و ناگەنە قوناغی گەین .. ووشکدەبنەوە .

لێ ناگەڕێ ..
بە هەردوو لەپان
بە جووتێ چاوان
بە زارکی ی دەمان
(چێشتە ـ شیعرێک) الرف کام .
« لەش دژ بە لەشە » عەباس عەبدوللا ـ هاوکاری ژ : ۱۲۷۹

« عەباس عەبدوللا یوسف » زۆر بوێرانە بەرەو لایەنە بایۆلۆژییەکەی زمان دەچێ . هەر ئەمشە وا لە دەقەکانی دەکات هەمیشە ڕێز و تایبەتی خۆیان هەبێ ، هەروەها توانیویەتی ڕێگای تێفکرین بەرفراوانتربکات و بەپەرچی چەقێتی بداتەوە و لێکدانەوەیەکی دیکە لە سادەیی وەدەستبهێنێ .

بەهاردوو لەپان .. بەجووتێ چاوان .. بەزارکیی دەمان ئەمانە شاعیر هێناویەتە ناو ڕووبەری شێعر .

فەروغی فەرخزاد دەڵێ : من چیم بەوە داوە کە ئاو ووشەیە هێشتا نەبوێتە ووشەیەکی شاعیرانە ، خۆ خودی ووشە گیانی هەیە کەواتە دەیکەمە شاعیرانە . عەباسیش لە میانی تاقیکردنەوەکانی خۆیدا توانیویەتی مانا دەرهێکان بگۆڕێت بۆ مانا ناوهێکان ، بەپێچەوانەشەوە . ئەویش بەشێوازی خۆی لە دەربڕیندا .

گرژە دەماریکی ناو سەرم
ڕەقە کارە ، ئەرکنوازە ، زێرەڤانە
زەقە چرای سووڕم بۆ هاڵ دەکا
سەریشم بە گوێزان لووس کرد و
لە پشتەوە ، ئاوینەشم بۆ ڕاگرت
نەمدۆزییەوە .

هەموو شێوازێکی بیرکردنەوە شێوە زمانی تایبەتی خۆی هەیە پێ بەپێی گۆڕان و پێشکەوتن مانای دێکە دەگرنەخۆ ، شیعریش گیاندارێکی زیندووە هیچ ڕەگازێکی بێ ئەوانی تر نازی .. هەمووش پێکەوە شیعرمکە پێکدەهێنن . هەموو مرۆڤێکیش لە ژیاندا تایبەتمەندێتی خۆی هەیە ، گرنگ لێرەدا ئەوەیە بتوانێ ئەو تایبەتمەندییە بگوازێتەوە بۆ ناو بەرهەمەکانی . ئالیوت دەڵێ : کردەی تێکەڵکردنی هەمیشەیی تاقیکردنەوە جیاکان سازدەکات . تاقیکردنەوەکانی مرۆڤی ئاسایی خاسیەتی ئاژاوە و ناڕێکی و پرش وبڵاویان هەیە (بایان ژ ۱٤۱) .

عەباس یەکێکە لەوانەی بەرگری لە کەلەپووری نەتەوایەتی دەکات . بەشێوەیەکی هونەری ماملەیان لەتەکدا دەکات و ناوەرۆکە تراژیدیەکان بەشێوەی بەرهەڵکردنی ماودای بێئاگایی و خاون .. بەپێکەنینێکی ڕەش دەقەکان پڕگرێژدەکات و هاوڵدەدات زەمەنی ناخ بکاتە پێوەریان . بۆیە بەدرێژایی هاوڵەکانی زەمەنی شاعیر لەنوێبوونەوەدایە .

سەریشم بەگوێزان لووسکرد و لەپشتەوە ، ئاوێنەشم بۆ ڕاگرت نەمدۆزییەوە . ئەمە ڕوتکردنەوەی قودسیەتەکانی دوێنێیە و ونبوونی ڕۆحی کۆمەڵی ئەمڕۆیە .. لێرەدا هێزی داهێنەرانە وەبەر چاوان دەکەوێ لە زەمانی شاعیردا . ئەویش بە یاریکردنی لەفظی عەباسی خۆکوژی دەکا لە ناوەندە ڕەها ونبووەکەدا بەپێشکەشکردنی وێنەی تەرکیبی بە جۆرێکی کۆمیدیانەی عەباسی . گرومیگۆ دەڵێ: « ئێمە چارلی چاپلینمان تەنها لە ڕێگەی فلیمەکانەوە دیبوو . جارێ چاوم پێیکەوت دیتم ئەو زەردەخەنەیەی کە لە فلیمەکان هەر لە خۆی دەهات ئاوا نەبوو کەمتر لە ڕوخساری دیاربوو . ئێمە ئەو کاتە تەنها چارلی دڵنۆشمان دەناسی بە غەمباری هەرگیز نەماندیبوو ..» (آرمان شمارە ٤٢ \ ٦٩) . ئالێرەدا گرومیگۆ هەستی بە پێکەنینی ڕەش کرد . جا ئەم خۆکوژییە بەهیچ جۆرێ مانای نائومێدی نابەخشێ ، چونکە داهێنەری ڕاستەقینە هەرچەندە نائومێد بێ .. ڕوونبینە .

نەرمە نەرمە ڕامدەکێشێ
جەستەم شل و خاو دەکات
دەبەتە هەوارگەی ماستان
شوێنێ لە دارستانی بەر تاریکستان
لەوێ ..
کپە کوڕ دەکرێم و بەس

سەرتاپای ئەم قەسیدەیە حالەتێکی دەروونی نیشاندەدات بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکیانە داڕێژراوە . دەتوانین بڵێین ڕێک نەکەوتنە لەنێوان گرژە دەمار و چێشتە ـ شیعری شاعیر ، ئەمەش خودی شاعیر دووڵەتدەکەن بۆ خودی شاڕخواز و خودی خێرخواز . دەکرێ بۆ ئەم لێکدانەوەیە سایری چیرۆکە بەناوبانگەکەی (ر . ل . ستیڤین) بکەین لەژێر ناونیشانی (دکتۆر جیکل و بەرێز هاید) . دکتۆر جیکل بۆ پاراستنی پایەی خۆی .. سروشتە ئاژەڵیەکانی و ئارەزووە هەرە لاسار و شەهوانیە خەفەکراوەکانی بەلایەنی دووەم ڕەمادەکات . لەم چارەسەرکردنەدا سەردەکەوێت بەهۆی قەرینەکەیەوە کە بەرێز هایدە . بەمجۆرە سەربەستدەبێ لە تام و چێژوەرگرتن لە سروشتە ئاژەڵیەکەی . بەم ڕەنگە نابێ هارگیز دکتۆر جیکل لەبەر ناو و ناتۆرە نایدەتوانی بەم کارانە هەڵسێ. لێرەدا هاید ڕووی خراپەکاری دکتۆرە بە سەربەستی کارەکان ئانجامدەدات . نووسەر هەتا لە شێوەشدا گۆڕانیکیان لەنێواندا دروستدەکات . دکتۆر جیکل بەو قەرینە پارێزگاری لە پلە و پایەی کۆمەڵایەتی خۆی دەکات . ڕووی دووەمی (هاید) ڕەمادەکات لە چێژ و خۆشی وەرگرتن لە ئارەزووە ناماقوڵە خەفەکراوەکان . دکتۆر جیکل بەشێوەیەکی خۆکار (تلقائي) دەبێتە (هاید) ، بۆیە کۆمەڵ ناتوانێت هاید لەناوبەرێ .

دستۆفسکی .. ل . هۆفمان .. ر . ل . ستیڤن هەریەکێ بەشێوەی تایبەت بەخۆیان ڕووی دووەمی کەسایەتی ناو چیرۆکەکانیان دروستدەکەن . بۆ نموونە : گۆگۆل لە چیرۆکی لووت (الانف) دا لووتی کۆنالیف وونەدەبێ و دەگۆڕێ بۆ جەنتڵمانێکی عاسکەری . بەم شێوەیە بێ لووتی کۆنالیف تووشی نیگەرانی دەکات ، بۆیە سەردانی ئافرەتەکانیش ناکات .

ئەم لێکدانەوە دەروونییە لای فرۆید زیاتر گشتگیری دەگرێتەخۆ لە (بەرزە من ـ نزمە من) دا . دیارە دژایەتیەکی نەبراوە لەنێوان بەرزە من و نزمە من دا هایە ، چونکە نزمە من هەر هەڵپەی تێرکردنی داخوازییەکانی (غەریزە) یە ، بەڵام بەرزە من هەوڵی دروستکردنی کەسایەتێکی ئایدیالی و پایوەندی و چاسپاندنی بەند و باوی کۆمەڵ و وەک کارکەرێکی بەرهنگاری وەستاوە .

لەم قەسیدەیەدا حالەتەکە لای شاعیر وا دەکەوێتەوە :

گرژە دەمارەکە لێناگەڕێ شاعیر بەر بورکانی چێژ و خۆشی بکەوێت و چێشتە ـ شیعرێ لەرف بکات . ئەم دژایەتیە نەبراوەیە لە نێوان چێژوەرگرتن لە شیعر و گرژە دەماردا . عەباس بەهەردوو لەپان .. بەبووتێ چاوان .. بەزارکیی دەمان هەڵپەی چێشتە شیعرەکەیەتی کە داخوازییە (غەریزەیە) بۆ شاعیر . بەڵام دەمارەکە وەک کارکەرێکی بەرهنگاری دژی ئەو داخوازییە وەستاوە، چونکە وا هاستدەکات شیعر کە غەریزەی شاعیرە .. بەنەرمی شاعیر پاڵکێشدەکات

و شل و خاویدمکاتەوە و لە هاوارگەی ماستاندا لەوێ لە شوێنێ کپەکوژیدمکات . « گەرانەوە بۆ حالەتی نازیندەگی » . غەریزە لێرەدا سیفەتی دوژمنایەتی وەردەگرێ ، دژایەتیەکەش هەوڵی دروستکردنی کەسایەتێکی ئایدیالی دەدات .

هاوەها دەکرێ ئەم حالەتە دەروونییە دیسانەوە بە «مردۆ - وجود » بشوبهێنین . وەکو گوتمان دەقی زیندو ڕەتکردنەوەی مانای مەرگ دەبەخشێ ، بۆیە شاعیر شێوەیەکی دەروونناسی ئەم حالەتە بەرجەستەدمکات و لە بۆتەی « لەش دڕ بە لەشە » بەسەرکەوتووترین شێوە مامەڵە لەگەڵ کرداری دوولەتبوونی خوددا دمکات و دژایەتی ناو هزر ڕەنگبڕێژدمکات .

شاعیر هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی شیعردا هەوڵی چەسپاندنی شێوەی تایبەتی خۆی داوە ، بەمەش پێشڕەتیکردووە لە تازەگەرێتی شیعری کوردیدا شان بەشانی هەوڵ جۆربەجۆرەکانی شاعیرانی تری هاوتەمەنی ، لەوانەش دیارترینیان شاعیر هاشم سەراج و دلشاد عەبدوللا و ئەنوەر مەسیفی و محەمەد باوەکر و جەلال بەرزنجی ...

هەڵبزکانی خاك و .. کبروزانەوەی ئیقاعێکی ڕۆچوو :

ئەو دابڕانە شیعرییەی لە ناراداید تەنها یەکلایەنی نەگرتۆتەوە لە شێوە و ناوەڕۆك ، بەڵام لێرەدا ڕاستیەك خۆی قووتدمکاتەوە کە ناتوانرێت خۆی لێ لابدرێت ئەویش ئەوەیە کە نوێخواز نابێت کەسایەتی خۆی وونکات و لە ڕوانینی ڕۆژئاوا غەرقی سێبەری کەسانی تر بێت یاخود ببێتە نوسخەی دووەم .

شاعیر پێویستە خاوەن ڕۆشنبیریەکی گەورە و بەرفراوان بێت .. ئاگاداری گۆڕانکارییەکانی سەردەم بێت .. ئەویش لەڕێی هەوڵ و کۆشش و خۆماندووکردنی بەردەوامەوە وەدستدێ لەگەڵ پێشکەوتنی سەردەمی ئەمڕۆ .

ئیقاعی ناوەوە :

ئیقاعی ناوەوە یەکێکە لە سیفەتەکانی شیعری ئەمڕۆی کوردی . چونکە لەکۆندا شیعر ڕاستەوخۆ لەدەمی شاعیرەوە بەخوێنەر دمگەیشت .. لێرەدا بەتایبەتی لە کۆڕ و دیوەخانەکاندا خەڵکەکە زیاتر سەرنجیان لە جوڵانەوەی دەستی شاعیر دەدا وەك ئامێرێ نەغمەیەکی بەسۆز .. هاوەها سەروا و کێشی شیعر و زاراوە و ووشە حەماسییەکان گوێگریان زیاتر دەخرۆشاند و هانی ووروژانی دەروون دەدرا . بەڵام بەهۆی پێشکەوتن و پەیدابوونی چاپەمانی وای لێهات شیعر ڕاستەوخۆ لەدەستی شاعیرەوە بگاتە بەرچاوی خوێنەر .. جا لێرەدا چوار هاستەکان دەرگان بۆ دڵی خوێنەر و پەنجەرەن بۆ دەروون .

سیفەتەکانی مۆسیقا و ئیقاع لە بنەڕەتدا ناگۆڕێن ، بەڵام بەپلە دەگۆڕێن . ئەو سیفەتانەی دەگۆڕێن وەك زاراوەی شیعری و ئەبعادی وێنە شیعرییەکانن - ئەم دوو جۆرە سیفەتانە هەر لە نووسینی یەکەم قەسیدەوە خراونەتەڕوو هەتا ئێستا ، بەڵام لەهەمان کاتدا شاعیر ناتوانێت ئیقاع پێشخات یان وێنە ڕەتکاتەوە .

کاك جەلال بەرزنجی شاعیر لە هەڵبزڕکانی خاکدا دڵێ :

پەڵەقاژەی مەرگی تێدا ڕووەن بووەوە
وەرسی بلند
دیواری ناوی
لەنێوانیشیاندا موو لە گیان دەڕوێ .

دیارە پەڵەقاژە لەناو هەڵبزڕکانی خاکدا ڕووەن بووەوە « پەڵەقاژە » ی مەرگ دەستەواژەیەکی مۆسیقی ڕووتە دەربڕی ئەو جوڵە خۆنەویستەیە کە هێمای ناوەوەی خۆنەدانە دەستە بۆ کۆتاییهاتن .. ئەگەر ئەو پەیوەندییە ببەسنەوە بەهۆش دڵێین ئەوە دواهەوڵدانە بۆ نەمری یاخود ئەو جوڵەیەی مەرگ ڕەمزی داهێنانی دوائیقاعی ناوەوەیە کە زمان ناتوانێت دریبڕێت . دریژبوونەوەی ئەو نەغمەیەش بەسەربەستی دەمێنێتەوە ئەگەر هاتوو تێکەڵی دەنگەکانی تریش بوو .. سەربەستی خۆیان دەپارێزن .

لێرەدا هەست بەواتایەکی قوول دەکەین کە لەناو پەڵەقاژەدا ڕووبنۆتەوە . بە ئیقاعێکی خێرا خەمی ڕووداوێك دەردەبڕێت ، ئەو خەمەش تێکەڵ بەباری دەروونی شاعیر دەبێت و خوێنەر وا هەستدمکات کەوا شاعیر تووشی جۆرە هەڵچوونێکی ناوەوە بووە ، بەڵام ئەو ووروژانە هەر دەبێ ئەنجامی لابەلای شیعربێت نەك جاوەڕی شیعر . کاك جەلال هەمیشە لە

هەوڵدانێکی بێ ووچاندایە بۆ دۆزینەوەی خودی خۆی . وەرسی لای ئەو هەمان وەرسی مرۆڤی ئاسایی نییە ، بەڵکو هەست بەوەرسییەکی بڵند دەکات ، بڵندتر لە دیوارەکان ، ئەوەش یا چاوی تەماشای شاعیرە بۆ شتەکان یاخود ڕاکردنە بۆ ناوەوەی دەروون - « باری دەروونی » .

دوای هەڵچوونێکی کت و پڕ « گوتمان خوێنەر وا هەستدەکات » ئینجا شاعیر خاودەبێتەوە .. ئەو خاوبوونەوەیە بەئیقاع گوزارشت لە خەمێکی چڕدەکات ، وەسفکردنێکی خەماوییە لەنێوان نەفسی خۆی یاخود کەروزانەوەیەکی ڕۆچوی ناخە. ئیقاعی ناوەوەی قەسیدەی نوێ لە پارچایەکەوە بۆ پارچایەکی تر دەگۆڕێت ، ئەویش بەهۆی ئیشارەتی جیاجیا لە شیعری نوێدا دێتە بەرچاو . ئەو گواستنەوەیەش نابێتە پاڵنەرێك بۆ ناکۆکی بار و هەڵوێست ، چونکە شتێکی کەم نییە کە خوێنەر وای لێکرێ هەست بەو ئاڵوگۆڕییەی دەروون بکات . ئەویش هەر لەمیانی ئەو ئیقاعە ڕۆچوانەی مۆخ . لە چوارەم دێڕدا دەڵێ لەنێوان وەرسی بڵند و دیواری ناوی موو لەگیان دەڕوێ « فۆلکلۆر » ئەوەیە جیاوازی تەماشا لە نێوان وەرسی ناوەوەی شاعیر و دیواری تەماشای ئێمەدا . لێرەدا دەردە گەورەکە دیاریدەکات کە مووە و لە گیان دەڕوێ . ئایا ئێمە هەست بەو مووە دەکەین کە لە گیانمان ڕواوە ؟ بێ سێ و دوو ئەو دەردەمان نادەبینی هەرچەندە دیواری تەماشا ناوبژ بێت .

دڕێژبوونەوەی ووشە جۆرێکە لە بەردەوامی نەغمەی وشەکان یاخود دەتوانین بڵێین « کێشی ئیقاعە » . دیسانەوە دەبێت بزانین کە ناتوانین کێشی ئیقاع بکەینە هۆیەك بۆ ڕوونکردنەوەی یەکێتی زەمەن لە وێنەیەکی لێکچڕاودا ، چونکە ئەو یەکێتییە ناهاوتایە لە شیعری نوێدا .

کراسی لە قژی لەبەر هەموو شتێ دەکرێ
لەو گیایە خاوە ڕامەنێ
خەڵتێنە .

بێگومان دەنگی شاعیر پەیوستە بەڕووداوێك ، وەکو گوتمان ئەویش قژدانی کراسە بەڵگەوە بۆ ئەوەی بە ڕووتی دەردی ئەو مووە نەبینین کە لە گیان ڕواوە . ئەو قژدانە نابێتە هەڵگری هەڵچوون وەك خوێنەر لەهەوپێش هەستپێکرد ، بەڵکو زیاتر شۆڕماندەکاتەوە قۆناغی ئەودیو و بێ هات و هاوار و ڕۆژۆ هێڵکاری بۆ خەمێکی کپ دەکێشێ کە لە ناوەوەی ڕووداوەکان بەرزدەبێتەوە. هەرچەندە شیعر لە شارەزایی و هۆشیاری و ژیریدابێ با باش بزانین کەوا ئیقاعی ناوەوەش لە بەرژەوەندی ناوەڕۆکدایە . کە دەگەینە دێڕی شەشەم هەست بەشێوەیەکی دەکەین لەسەر زمانی شاعیر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێمان دەڵێت. لێرەدا دەتوانین بڵێین وەك ڕێنیشاندەرێ پەنجەی ئاماژە بۆ ناوەوەی خۆی دڕێژدەکات ، یاخود کە بڕوای بەو سیما هەڵخەڵەتێنە نییە نایەوێت ئێمەش پێی هەڵخەڵەتێین .

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دیوارە ناوەکە خوێنەر بەسانایی ئەودیو دەبینێ کە گیایەکە بەناوی خۆی دەناتە پێش دیدە .. بەڵام لەبەر ئەوەی وەرسی شاعیر وەرسییەکی بڵندە ، هەتا سیمای ئەودیوی شتە خاو و خەڵەتێنەکانیش دەبینێ . بۆیە وەك ئاماژەکەرێك ڕێگامان پێ نیشاندەدات ، بەڵام ئایا ئەوە ئەرکی شاعیرە ؟.

ئەو لێدانە مۆسیقییە پتەوەی کە لە ووشەی خەڵەتێنە بەرزدەبێتەوە پێکهاتێکی زمانی و وێنەیی دەروونە کە پارچەکەی پێ گاڵەداوە ، خوێنەر کە سەرنج لەدوا ووشە دەدات هەست بە ئیقاعێکی خێرای بیر دەکات ، بۆ ساتێك ڕادەمێنێ و ئەو لێبڕانەش زیاتر بۆ گیایە خاوەکە دەمانباتەوە .. تا ئەو گیایە خاوە بەرجەستەی هۆش دەبێت و .. شاعیریش بەو وەستانە پشوویێ دەدات - ئینجا دەڵێت:

کورت تر بیتەوە دوو پشك لەجیاتی بەرز
بۆ هەمیشەیی لە ئاو هێنانەوت دەمان
خاکی لە کۆنەوە جێ ماویش ناتشارێتەوە

ئەم پارچە شیعرە لە واقیعە ڕەهاکییەکە دەرچووە .. چۆنە واقیعێکی هونەری بەبێ پێویستی ڕووتکردنەوەی مانا ووشەکان دەتوانن بەکرداری مۆسیقی هەڵسن ، ئەویش لەناوەوەی زرینگانەوەیاندا جا ئەو نەغمایە چ لە دەدەرەوەی زەمەندا بێت « زگماکی » یاخود لەناو ڕەگەزی زەمەندا بێت « کێشی ئیقاع » ، هەرچۆنێ بێت دەتوانن دەربڕی خۆیان بن .

« ئالبرتۆ مۆرافیا » دەڵێت : بەڕای من هەموو شتێك لە ڕێگەی دەنگ و دەربڕینەوە

پەیدادەبێت . بۆیە من لەجیاتی مێشك پەنادەبەمە بەر هەستی بیستن.

کاك جەلال نایەوێت ئەوهندە کورتبێتەوە ببێتە کورتەبالاّ هەتا هەر نەبێ خاکی لەکۆنەوە جێماو بیگرێتە خۆی .. تا دەگاتە ئەوەی دەڵێت :

با ئەو گیایە بوەرێت
لەسەری ڕاکشێ خەوکەکەشت نامێنێ
دیوار بلند
وەرسی ئاوی
بالت هەلدە
شەبەنگی مەرگیش لەنێویاندا گەشەدەکات

پێتی (شین) بەردەوامی دەبەخشێ ، شاعیر لە زۆربەی قەسیدەکانیدا بەکاریدەهێنێت ، جا چ بۆ بەردەوامی ئیقاع بێت یان بۆ بەردەوامی پاکبوونەوە بێت . درێژبوونەوەی سەرەتاش لە کۆتایی یاخود وەستفکردن و گەرانەوە بۆ ئاشکراکردنی مەرگەساتەکە وەك تەوەرەیەکە بۆ تەوازنی شیعر ، هەروەها ڕووناکیخستنە سەر شتە هەستیارەکانی دەستەواژە دیاریکردنی گرنگیە . زۆرجار دووبارەکردنەوە حالەتێکی دەروونی وەردەگرێت ، وەکو لەم قەسیدەیەدا دەبینرێت ، یاخود وەك کلیلێك بۆ بیری شاعیر ، ئەوش ڕووناکییەکی بێ ئاگای ناوەوەیە . بەڵام کورتکردنەوەی ژمارەی ووشەکان و گرژبوونەوەیان لەسەر جووڵە و دەربڕینی باری دەنگ کاردەکاتە سەر کورتکردنەوەی کات. بەکورتی لەم قەسیدەیەدا بۆمان ڕووندەبێتەوە کە چۆن وێنەی گونجاو بەستراوە بە دەسەلاّت لەسەر ئیقاع .

کاك جەلال بەرزنجی هەمیشە کپ و هێمن و خەمبارە ... زۆرجارانیش لە میانی چەند مەرگەساتێکدا هەلدەچێت .. بەڵام هەمدیسان بەهێمنی بیردەکاتەوە و هەنگاودەنێ .. ئازارێکی قوڕس کێنکڵی پێدەدات بەڵام قەت ناوەستێ .

شاعیر لەبەر ئەوە خەمبار نییە کە ووشووبێت و ڕێگای بزرکردبێت یاخود تەنگانەفەس و بێزار بێت ... نەخێر بەڵکو ئەو خەمبارییە ئەرکێشان و کۆچ و تێناوابوونە لەپێناو حەقیقەتدا . کە دیوارەکان بڵنددەبن .. وەرسی دێتەخوارێ و ئاویدەبێت ئەو وەرسییەی جاران نامێنێ .. دەبێ چ نهێنییەك خۆی لەم نیشانە حەشاردابێت ؟.. وەرسی پێ خەفەکرابێت . ئایا دەبێت ئەوە شەبەنگی مەرگ نەبێت (ڕەشبینی) ؟ .. بەڵێ خۆیەتی فریاکەوە و بالت هەلدە (هیوایەك بۆ گەشبینی) .

لەرانەوەی ئەو ئیقاعە و نەغمە کپەی ناوەوە کە لەسەرەخۆ بە مۆخ دەگات زیاتر لە وورۆژانێکی بێگەردی دەروێشانە دەبێت بەو ئیقاعە جوڵانەوەی خودی شیعر دەردەبڕێ کە بەژنیەك بەستراوە لە نیشان واقیع و خەوندا ، ئەوش تامێکی تایبەتە لە تاقیکردنەوەی شیعری هاوچەرخدا .

بێجگە لەو چەند هەوڵە جیدیانە ئەمڕۆ هەوڵی تریش جێی پێی خۆیان لە شیعری کوردیدا کردۆتەوە ناکرێ لەم بوارەدا ناویان نەهێنین ، بۆ نموونە ئەحمەدی مەلا - کەرکوك - لە (زەردك) دا فەزایەکی فراوان و بەرەلایی دەبینرێت بە گشت سووچێکی زانستیدا گەراوە ، لە کەلەپوور و میزوپۆتامیاوە بۆ ئیسلام ، سوود لە قورئانیش وەرگیراوە ، وەك خۆی گوتەنی هەوڵدەدات زمان لە گشتییەوە بەرەو تایبەتی وەرچەرخێنێ ، واتە دەیەوێت ڕێزمانێکی تایبەت بەخۆی بنیادبنێ. هەروەها سەلاح جەلال عەبدوللا - کفن پۆش و کەون - هەوڵێکی تری لە سلێمانی کەوا لە فەزایەکی فەلسەفی و ئایینیدا بۆچوونی تایبەت بەخۆی دادەنێتەوە . دیسانەوە سەباح ڕەنجدەری شاعیر نابێت لەبیربکرێت کە خاوەنی - زێوان و ئاژن و گرێزینگ - ـە . هەروەها شاعیران (قادر ئیبراهیم مینە و دانا سەعید سۆفی و سالار عوسمان) سەرەڕای ئەوەی بەرهەمێکی یەکجار کەمیان بەرچاودەکەوێت ، بەڵام لەمیانی ئەو یەك دوو دەقانەی بڵاویانکردۆتەوە بوونی خۆیان بەتەواوی لە ڕووبەری قەسیدەی نوێدا چەسپاندووە . ئەگەر هەروا بە هێمنی هەنگاوبنێن و لە خوێندنەوە دانابڕێن دەتوانین بڵێین لەگەڵ هەوڵەکانی پێشوو شیعری کوردی لە قەیران و دەقی مردوو ڕزگاردەکەن .

هاوڵێر

تێبینێك

بۆ زیاتر شارەزابوون لە دەقی ئەو شاعیرانە : هاشم سەراج و ئانوەر مەسیفی و دڵشاد عەبدوللا و محەمەد باوەکر ، بنواڕە (تازەگەرێتی لە شیعردا) لە نووسینی (عەبدلمتالیب عەبدوللا) لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارەکانی (٩ - ٥٥ - ٥٦).

دەقی « هەڵبژێرکانی خاك » ی کاك جەلال بەرزنجی لە ژمارەیەکی ڕۆژنامەی هاوکاری ساڵی ١٩٨٩ وەرگیراوە . چونکە شاعیر پێشتر لە گۆڤاری بەیانی ژمارە (١٥٩) دا بڵاوی کردبووەوە ، بەڵام لە هاوکارییدا تۆزێ دەستکاریکردبوو و وام بەباش زانی هاوکاری بکەمە سەرچاوە

پەراوێزەکان

١ـ خەرمانە ژمارە (٢) سێپتەمبەری ١٩٩١ «ئایدیۆلۆژیا ملـەی پـرۆژەی ڕۆشنبیریـیە» ـ پێبوار سیوەیلی .

٢ـ الدخول في حالة الغيمة ـ الفكر و فن تحاور ادونيس .

٣ـ خەرمانە هەمان سەرچاوە ـ فروغی فەروخزاد .

٤ـ ادب الفنتازيا ـ مدخل الى الواقع ـ ت . ى . آپتر . ترجمة صبار سعدون السعدون ص ٩٦ .

٥ـ دير الملاك ـ دراسة نقدية لظواهر الفنية في الشعر العراقي المعاصر ـ د. محسن اطميش ـ موسيقى الشعر .

٦ـ تجربة الخلافة ـ تاليف البروفيسور س . م . بور ـ ترجمة سلافة حجاوى ، ص ١٠ـ١٧ .

٧ـ اتجاهات جديدة في الشعر الانكليزى ـ ف . ر . ليفر ـ ترجمة عبدالستار جواد . ص ١٢ و ص ١٨٧ .

٨ـ جريدة الجمهورية ـ العدد (٧٠١١) ـ د. محمد مصطفى هداره و د. علي شلش .

٩ـ جريدة الثورة ـ العدد (٦٧٦٤) ـ حاتم الصكر .



هەوالنامەی کتێب

گەردەڵوول

(1)

پشوو بە ... پشوو بە ئەی تەنها وەکو ئاشوبی خەلیقەت
قەڵەمی سەراب و مارمکەبی جەنگەلێرە نیە .
بۆ هەناسەی گیاکانە ئەم دەفتارە ،
بۆ لێوی ئاسنینە ئەم خەندەیە
کۆتایی جاڕنێکی شوومە و ماندووە ئاو زەنگانە
هێمن بە ...
هێمن بە ...
لاوازە ئاو ئەستێرەیە و خوێنی ئەم مانگە بڕیندارە لەتەرزەیە
سایەری ئاو باڵندانە مەکە ، لەئامێزی فریشتەکاندا خاوتوون
سایەری ڕووتی فریشتەکان مەکە ، لەئامێزی یەکدا خاوتوون
دەست لەم کاتژمێرە مەدە ... کە ئێرە بوونجی موعجیزەیە
یاری بە وەرزەکان مەکە ... کە ئێرە دەریای ئەفسانەیە
چرکەی ساعاتی ئەم یادانە بێهۆشانە ژەهراویە
چی لەدەستی ئەم خودایانە نووسراوە ، گرنگ نیە
منالە بێسەی ئاو بوونجە خاکستەرانە
بابڕۆین بە فریوی ئەم چرای زەماوەندی لالەزارە ئاگر نیە
بێ ئاوەی ئایەتی ئاگرین بەسەر دڵماندا بخوێنین ، با تێپەڕین
ناهەق نیە
فریشتەکان لەو ئاوە ساردانەدا ، دەنگی خوا لە پێستیان دەشۆن
پەنجەی خوا لەژێر مەمکیان و دەنگی ئاو لە دەنگیان دەردەهێنن
بەبێ ئایەتی ڕاوە ئەم ماسیگرتنە سایرە
نەسرودی دەریاش دەزانین ، لێرەشدا ماسی نیە .
لێرەدا ژیان نیە ... ئاو هایە ، هاوا هایە ، گیا هایە ... ژیان نیە .
(ئەی ڕاوچی کۆترە بەهەشتیەکان ، سالبوژی هەرمسی بەهەشتمان پێ بڵێ ...
ناونیشانی ئەم کۆترانەمان پێبڵێ .. کە ئێمە لە (با) بێگومان شەرانگیزترین)
هێمن بن .. کە بوونی حوریەك نیە ... هەناسەی خوایەکی خنکاو نابیستی ...
گوێت لە شکانی شووشە پاکە زێرینەیەك نیە .
لاشەی دڵدارە بەهەشتیەکان ... وێرانەی میوەکانی خەیاڵ هایە
بەڵام ئێرە بەهەشت نیە
قوبن هایە ... هێلانە و ئاسمان و قەفەز هایە ... بەڵام باڵندە نیە .
بڵێسە لەم لێو و لەم بارانە هاڵدەستێت ...
ئەفسوس ... ئاهـ ... گاڵاك ئەفسوس

ئەم دڵ شکاوانەش بو رکانیە .
چ شەوێکە ... ئاگر و ئەستێرە و مانگ هەیە ... بەڵام ڕووناکی نیە .
ئەی ئەو پیاوەی بۆ سەدەهەکان خۆت نوقمی ئەم ئاوە دەکەیت
درەنگ هاتویت ، ئیدی مرواری نیە
درەنگ هاتوون ، ئەی تۆ بەربەرەکان ، مەغۆلی دوژمن بە خوێنی پەپوولە
تاراجی زەویەکی تاراجکراو نیە
لێرەدا ڕەنگ و بۆی زەوی هەیە ... بەڵام گوڵ نیە .
ئەفسانەییە ئەو کۆچە ... پەپوولە دەریاوانە و چارۆکەکان لە گوڵە
شەونمە سەر مەچەکی ئەو قەیاغ کێشە ماندوانەی ژێر مانگ
درەنگە شمشاڵ ژەنی تەنهایی پلنگەکان
درەنگە ... درەنگە
دایەنی شێرە شکستەکان و ئەی هاوڕێی کۆترە جەهەنەمیەکان
(پشوو بە ئەی پاسکیل سواری سەر زیخەڵانەکانی دۆزەخ
بۆن بەو گوڵانەوە مەکە ، با سیبەکانت نەسوتێت ... ئاوی ئەو تاقگانە تاڵ
ئەی ماتۆرسواری ڕووت لەسەر مانگ ... خودەکەت پێرکە لە نیازک و بنوو
لم بکە بەسەر ئەم کتێبانەدا و بنوو
یادگارەکانت هەڵواسە بە ئەستێرەیەکدا ، سەماتەکەت بشکێنە و بنوو)
پشوو بە ، ئەو کچە بێ قاپەی کەوتوویتە ناو ئەم ماراسۆنی لەزەتەوە
لەسەر ئەم پشکۆیانە تڵ دەمیت و ڕەمەت پێبووە لە گوڵ
پێکەوە نووستن هەیە .. ماچ هەیە ... زگپڕبوون هەیە ...
بەڵام جەستە و ئادەمیزاد نیە
گیا دایەنمانە
گۆڕانی دارستانەکان یارێمان
شەڕ لەسەر دو ڕیبەنەکانی (با) دەکەین
گەلایە باڵ و لە ئاوە داسرازمان
ڕامانژەن ئەی ئەو هاوڕە تەنیایانەی جاڕزن لە گڕیانمان
لەو سەرما کوشندەیەدا سێبەری یەکترمان لەبەرکرد
هەزارەها منداڵ بووین ، لەشاخە بڵندەکان هاتینە خوارێ ...
باوەڕمان بە ڕێگا نەبوو .
بێ ئومێدی دەستی گرتین ، ئامانج پاشماوەی فیتنایەکی کۆن بوو
لە ئاهەنگە سامناکەکانی ژێر زەوی بەخەبەربووین
گوێمان لەسەمای ڕەگەکان و شیبوونەوەی خاک بوو
(ئەمایە دەنگی ئاسنگەرە مردووەکان و زرینگەی کانزا سەختەکانیان ؟)
کەوتین بەسەر وەسێتی شاردراوەی جەنگاوەرەکاندا
بەسەر جەنگی ئەو بنەماڵانەدا ، کە میراتی بورکانەکانیان بەش دەکرد
شکاتی ئیسکەکانمان لەگیا ... پارانەوەی کەڵلە سەرەکانمان لەبەرد
گوێ تێوە بوو
دەنگێکی ترساو ووتی : چارەنیە ، بابڕوین بەرەو کەرنەڤاڵ
ئەم ئیمپراتۆرە بڕسیانە بۆ دەگڕین
ماسیگرەکان لە حەسرەتا سەر دەکێشن بەدەریا
ئەم جانەوەرانەی خاک ، دارستانەکانیان کاولکرد
باڵندەکان چاوی ئەستێرەکانیان هەڵکۆڵی .
دەنگێکی وەکو بروسکە ووتی : چارەنیە ، چارەنیە
بابڕوین بەرەو کەرنەڤاڵ

مندالەکان
دوعایان بەسەر کێڵگەکاندا دەخوێند ، بەدیار ئاوڵەی بەردەکانەوە گریان
مندالێك ووتی :
(سەرئێشەی ئەم تاقگانە دەمانکوژێت
ئەخۆشی ئەم بایانە درمە
حیلەی ئەم ئەسپانە بۆنی سیلی ئاو لەشکرە دوو رەگانی لێدێت
زۆنگاوێك لە مەرگ لە ڕێگای ئەم پەپوولانەدایە .
با ڕووناکی مۆمەکان لەم ئاوێنانەدا هەڵبگرین
با ڕەشی بئاخنینە ئەم شووشە شەرابە بەتاڵەوە
سروشت ... ئەستێرە دووزمانەکان ... ئەو ئاوانەی کە شوونەکەن
ئەم فێتنەیەیان هەڵگیرساند
چاکترە لەبەر شەشاڵی وەحشیانەی ئەم تاقگانەدا دانیشتین
بە نووری بروێزی ئەم مانگانە ، خۆمان بدۆزینەوە
تێکەڵ بە مارشی ئەم دێو و درندە پیرانە بین
تێکەڵ بە ئاهەنگی ئەم تارماییانە ببین ، کە دێدەیان لە ئاگرە
ئێمە نە هیمەتی وەستانمان هەیە ... نە هیمەتی دەریا
یان بابەرین ... یان با بڕۆین بەرەو کەرنەڤاڵ)

مندالێك دوو ڕیبنە ژەمراوییەکان کوێڕیان کرد و ووتی :
(خەزێنەی پایزێکی کۆن لەو کەشتیە خنکاوانەدا دیارە
شاو قفڵ لە شار و دەرگاکان دەدا
ئێدی پێویستمان بە چاو نیە
پیاوکوژەکانی ڕۆح لەم تاریکییەدا نامانگاتێ
مۆتەکەکان ... شمشێری فریشتەکان ... ئەرکەکانی خوا نامانگاتێ
ئێمە لە شاومزەنگ بەدتر ، لەتاریکیدا جوانین .
ئەم ناتەواویەی دونیا تاریکی قەشەنگی دەکات
بەم قفڵە ڕێگاکان دوایی دێت ... کێڵوێنی ئەم دەرگایە گۆڕە
زیندانی ڕووناك ... سەفەر لەژێر خۆردا ... ژیان لە چاوەڕوانی
خەڵاتی ئیمپراتۆرەکاندا تەواو دەبێت
ڕۆژگاری قافڵەکان ، بۆنکردن بەگوڵەوە ئاوادەبێت
بۆ جاهەنام ... هاموو هەڵفرینەکان بەساودا سەری خۆرەوە
بۆ جاهەنام ... ڕۆژوگرتن تا خۆرئاوابوون ... ڕکابە پارچەپارچەکان
پارشێوکردن لەژێر ڕووناکی مانگدا .
بڕیاربدەن یان با لێرەدا کوێربین
یان بڕۆین بەرەو کەرنەڤاڵ) .

(سەیرکەن باڵی باڵندەکان بەر سەقفێکی ئاگرین دەکەوێت
کوکوختیەکان بەناو باروتدا کۆچ دەکەن ..
مالبەندی ئەم زەنگانەی جاهەنام ، بانگی کەناریەکان دەکات .
ڕۆژگارێك دێت ، باڵندە شەرانگیزەکان جێگای مرۆڤ دەگرنەوە
پارە دەکەنە سفرەی ئاو و دانەوێڵە
دەنگی مرۆڤ لەدەنگی باڵندەکاندا وون دەبێت
ئێمە دەبێت لە قەفەزەکاندا بخوێنین ... هەرزن بخوێین
لە دارستانەکان دەرمان دەکەن ، لەم ئاوە ئاوارەدەبین

ڕۆژگارێك دێت ... زەوی پیردەبێت لە وڵاتی نوێ ... ئیمپراتۆریەتی تازە ...
جوگرافیای دێکە ... تاجی دێکە .
ئیدی ئەم شەرمە ساختەیە دەبێتە سەر دەماغەکان
ئەم ژیانە دەکەوێتە سەر شانۆ
خۆمان بەجۆری شمشێر ... چیری تێزاب ... چەقۆ تیژکردنەوە سەرقاڵ ناکەین
هاواری ئامادەبوون ، پەلاماردان ، پاشەکشێ ،
قریشکەی تۆپ لەناو دڵماندا ون دەبێت ...
بەرەو زانستی دێکە ... چیۆلۆجیای خۆشەویستی هەنگاو دەنێین
بۆ ڕۆژگارێك کتێبەکانمان پوڵێ ناکات و خۆمان بوینەتە خورافات .
تێدەپەرین
گیای شەو خەونەکانی خۆیمان بۆ باس دەکات
با ، نازۆکی
بەرد ، ئەتکبوونی کچێتی خۆی
هەزارەها منداڵ دەبین پاڵەپەستۆمان بۆ هەڵهاتنە ، تا ڕۆژگارێك شیرمۆریمان ئەبەدیەتە و ئاری
بوونمان خورافات
بەگاگۆڵکێ دەوری مەغۆلەکان دەبینین
دەبین بەتایمووری ئەم شیرمۆرانە
بەجانگیزی ژێر ئەم سێبەرانە
گەر دەتانەوێت شمشێرمکانتان کوڵ نەبێت
با بڕوێن بەرەو کەرنەڤاڵ)

کچێکی وەك ڕێوێیەکی زۆرزان بەو منداڵانەی ووت :
(سەردەمی فرۆفێڵ ... تەڵە ... سیحرکردن لە خۆرئاوابوون دێتە پێشێ
« با » چاوگەی شوانەکان پیردەکات لە نوشتەی گورگانە
بەهار کۆشی کچان لە ڕێواسی کوشندە
بەاڵم وای چ فریوێکە ... بەروبوومەکانمان لەبەر خۆردا دەڕزێت
میوانەکانمان بەم خوانە پێدەکەن
تانە لەم شەرابە دەدەن کە بەخوێن گیراومتەوە .
ئێمە جگە لە شەرمەزاری هیچمان نیە
با ڕوو لەو ئاهەنگە بکەین
کە چەپڵەڕێزان بۆ سەماکەرەکانە ،
بۆ بست بەبستی ڕووتیە
سەیرکە ... پیاوانی کاسی باڵای ژنەکانیان وەردەگرن
پێشبڕکێی ماچکردن دەست پێدەکات
پێشبڕکێی خۆ ڕووتکردنەوەی کچان دەست پێدەکات
بنوو ... بنوو لەناوەڕاستی ئەم فێستیڤاڵەدا ئەی سەرخۆش
لێرەدا مەرگ ... سووتان ... تاوەرکردنەوە بۆ ناو ئاو هەیە
بەاڵم گۆڕنیە .
فەسڵی گۆڕان ... گەڕان بۆ کانگاکانی ... زیو ... زێڕو ئەڵماس ... بەسەردەمێت
مردن بەسەربەرین ... خنکان ، کوشتن بەسەردەمێت
سوکترین ڕێگا بۆ کۆتایی ... پادشایەتی سیانايد ... بەگشتیکردنی زەرنیخ ...
کۆدیتای ژەهرپەرستەکانە
سوپای ئەم میللەتانەی باوەڕیان بە خۆکوشتنە پایتەختەکان داگیردەکەن
لەشکری دوژمن دیوارەکانمان پیردەکات لە دروشم .

وای
فریاناکەوین خۆمان فریێ بدەینە ئاوەکانەوە
فریاناکەوین ئازایەتی تاقی بکەینەوە .
سەرفەرازی لە پاشەکشێدایە لە کۆنگرەی ئەم میللەتە شومانە ،
بۆ هیچ بەند و باوێک گوێ نەدان .
خۆ نەبەستنەوە بەتێزابی حەرفەوە .
گەر بەرگەی ئەم یاریيە ناگرن
با بڕۆین بەرەو کەرنەڤاڵ)

(٢)

پشوو بە ... ئەی خێلێک لە پەپوولەی شەرابی و گرێک لە تۆڵەی عەشق
پشوو بە ... پارەدارە ئەم دارستانە ئیفلیجە و شاڵە ئەم ئەستێرەیە .
ئەی شۆفێری درندەی ناو ئەم سەرابە
ئالای سەر بورجەکان ملکەچە
تامی ئەم خەیاڵە زریانە
گەر دەریا نیشانەی سەفەرە
کەرنەڤاڵ لە کوێیە ... لە کوێ ؟
ئەم دارانە تەرزە دەگرنەوە ئاسمان
بۆمبای ئەستێرەیيە ئاسمان لەم سەرابیەی دەگرێت
لەناو ئەم تەرزە و بارینی تیشکەدا ... ناتوانین بیربکەینەوە .
بۆ کوێ بڕۆین ... ؟
ئاگر کەشتی شکاوی ئەم سیحربازانە بوو
شێتەکان بەخۆیان و دۆلفینە بادارەکانیان
منداڵ بەخۆیان و بووکەشوشە زگپڕەکانیان
ڕێگاش بە ئەڵماسی سەمفۆنیا ساردەکانی ڕامانکێشێت
بەرەو تونێڵی ئاو ڕیشمین
بەرەو ئەم گومڕاییە سەوزە
چ قەیاغێکی ڕەوایە ؟
لەتکردنی میوەی باخەکانی گومان ... تەیکردنی هاڵاوی مۆری مردنە
پەتامان بەنێ ... پەتای ئاو
با زاوای لەگەنم خولقاوی لەشی ئەم ئەستێرەیەبین
بەبێ پەتا چۆن بڕۆین بەرەو کەرنەڤاڵ
ساقی گومڕامان دەوێت ، شوشەی ئاگرینی ئەم بادەی تیزابە بگێڕێت .
شێی سەر بەردەکان هاڵگرن
ڕەنگە بیابان بێت کەرنەڤاڵ
بورجی هاوڕەکان ئاگرین ... سەفەر لە جانتاکانتاندا بشارنەوە
حیکمەتی هەنگ ... غەریزەی پەپوولە ... گومانی پاساریمان بەنێ
کێ خەنجەری لە مانگ تیژتری لەلایە دەربێنێت
ڕەنگە دوژمن بێت کەرنەڤاڵ .
پالتۆی گیا
سەوزی تەقینەوەی بورکانەکان لەبەریکەن
کەس ڕەنگەکان لەیاد نەکات ،
ڕەنگە پایزبێت کەرنەڤاڵ

حەوالنامەی کتێب

بلیاردی لەدایکبوونەوەی ئاستێرمکانمان دۆزراند
زەوی بەم یاریە کوشندەیە ، هەموو زەویە پکۆلەکانی زگی دۆزراند
ئەم خۆلە موتوربە ناکرێت
ئەم ئاستێرمیە گۆپکەی ئاستێرمیی ناکات
جانگلەکان هێندە بەسەر زاری ئەم یاریەدا قیژاندیان دەنگیان نووسا
ئاوەکان بەسەر ئەم ئاسپە ئیفلیجانەدا ... هاواریان کرد :
وای لەپایز ... فاسلی قوماربازە بێهۆش و کەتەرخەمەکان
بەدە ئەم سەرمایە ، بەدە
جزدانەکانتان پڕبکەن لە گوڵ و جزمەکانتان لە هەتاو
دەشێت تاریک بێت کەرنەڤال
بۆ ئاسینەوەی خوێن و چاندنی فڕین لەدەستماندا
قوم لە خوێنی ئەم جانگە بدەن ، پەڕی ئەم فڕینە تالیسماویە هالگرن
ئەی بەتاری ئەم گیتاری کۆچە گەشکەگرتوو
دیدە ڕوون بە کەمانی سەفەر
بەدە ئەم زەماوەندە ... بەد
کە کێل دەمی مردووەکان ماچ دەکات
کاسە سەری سینەی گەردطوولەکان دەمژێت
کچانی عەیار بەم گیا داوێن پیسە ، خۆیان وشک دەکەنەوە
وای لەم زەماوەندە ... وای
نیازکەکانمان بۆ تۆزێک ڕووناکی سەربڕی
بەدڵی وڕشەداری ماسیەکان ، ئەهەنگەکان بوونە برادەری یەکتر
ماسی لە ڕوحی (ماسی) دا بۆ میراتێک دەگەڕێت
(باڵندەکان) لەم جانگلەدا بۆ دەستنوێژی فڕین ونبوون
ئەم (با) یە قەڵی بۆرکانێک دەشکێنێ
چاتایەک لە بەرد ، گیاکان ماست دەکات و بەرتیل بەم ئاوە شارمانە دەدات
سارەهانگێک لە پاڵکارێبرینە لەپێش دەمماناوە تێدەپڕێ .
هەموو شێلەم زەماوەندەدا هاواریان کرد :
بابڕۆین بەرەو کەرنەڤال
کەرنەڤال لە کوێیە لە کوێ ... لە کوێیە کەرنەڤال لە کوێ .

(٢)

دەڕوو ین بەرەو کەرنەڤال
جانەماندەم بایادیدا هێنام ... کە نێمە لە خۆراکی سوتانین
ڕەشەبایەکی زمانزان
خۆڵەمێشی ئەم گوڵە فڕیوبازانەی ئەهریمەنی بۆ خوێندماوە
(بەرەو مانفا ، ئەگەر یارمەتی هایە)
بە دەنگە ماستەکانمان گووت :
(بۆ جانەماندەم ئەگەر تێشووت هالگرتووە)
ئێمە لەو منداڵانەین کە کرێی سەفەر نادەن
(من ئاسپم پێ نیە) کوێرێک گووتی .
(من تفەنگم پێ نیە) کەرەکان لە گەردطولا دەیانقیژاند
(من پێکا نازانم) نابەدڵەکان دەگریان و دەیانگووت
(بەڵام نەدەبوایە ئاوڕ لەدواوە بدەینەوە
ئەوەی بیاوێ پەلاماری پاشەڕۆژ بدات ... ئاوڕنادانەوە

زەوی دیوێکی تری نیە
ئەم ئاستێرەیە ئاوەژوو ناکرێت
خەیالی ئێمە ئەفسانەیە)

دەرۆیشتین بەرەو کەرنەڤال
پالمان بەو گالیسکانەوە دەنا کە پڕن لەفریشتەی شەرانی
سروودی خاک و کۆرالی فەنابوونمان دەگووت .
(زەنگێک کە بەقەد زەوی گەورە بوو ، لە پێشمانەوە دەریای پڕدەچەکاند)
ئەو مردوانەی لە جۆلانەی دارستانەکاندا خاوتبوون بەئاگاهاتنەوە
چاتایەکی ڕەش پێست ، بازیبەندەکانی لێ سەندین و گووتی :
(ئەی منداڵان مەڕۆن بۆ ئەم تەرادەی ئومێدە
مەچن بۆ ئەو شارەی باوکە خراپکارەکانتان لە ئاوێنە دروستیان کرد
مەچن بۆ ئەم عاشورای خەیاڵە
مەچن بۆ ئەم کەربەڵای سەرابە ،
قیبلەنماکانتان لە تەپوتۆزی ئەم شاری تەنهایەدا ڕێ نابات .
تەتەرەکانتان لەبەر دەرگای ئەم دەریایەدا کوێردەبێت
ئەم خاکە تینووی ئێسکە زێڕینەکانتانە)
گووتم (ئەی خاک ئێسکی پیر لە حیکمەتی منت بۆ چییە
من «دەریاوانێکی گومڕا » دەزانم چی لەسەری ئەم ئاوانەدا هەیە
دەزانم ئەم منداڵە خاێنانە بۆ چ ئاهەنگێک سەفەردەکەن ...
ئاهـ ... دەڕۆم دەمامکێک دەکەمە سەرم و نایەم بۆ کەرنەڤاڵ)
دەبێت بە مەفسەرەی بالندە پیرەکان
بە گالتەجاڕی ئەم کەمانچەژەنانەی ، مۆسیقای دەریاکان ..
نۆتەی باکانی نیومشەو دەنووسنەوە
بەڵام سیحرباز ێک ... سیحربازێکی ئێجگار عەیار لەئاگردا سەمایدەکردو گووتی:
(بڕۆن وێنەی باوکتان دەدۆزنەوە
ئەو زانستانە بۆ ئێوە کە دەبن بەجێگری ئاوان
سەرقاڵ بن بە بیرکردنەوە لە کیمیای مارگ
بەناسینی ماتماتیکی بورجە دێرینەکان
تا بەندۆڵی ئەم خورافاتە قەشەنگانە هەبێت
ئێوە هاست بەپیری ناکەن
شاوێک دێت بۆغردی تەتەرەکانتان لێ هەڵبسێت
خۆری مەغۆلیانە زۆرە ، مانگی فاشیستانە زۆرە
بەڵام ئێوە کە زانست و شەڕ لەڕۆحتاندا بۆتە یەک
کە کیمیا و خوێن تێکەڵی یەکتردەکەن
بێباک بن لە حورەماتی لەشی یەکتر
بەشی خۆتان لە سێکس و خوێن و ئافیون بەبن)

ئەو کات وەک فەیلەسوفێکی پیر و خەستە سایری ئاسمانم کرد و پێکەنیم
شەو یاری بە چراکەی دەستم دەکرد
بۆنی گەیشتن بەکۆچەی یەقینە تاریکەکان لە گیاکانی دەوروبەرم دەهات
لە ڕۆخی ئاوبەر کەشتیانەی، منداڵ و بایەقووشە غەزەلخوێنەکانی پێبوو وەستام گوێم لێ بوو
دەنگێک بانگم دەکات ...
بالندەیەک لەوپەڕی سنووری شەوەوە ، بەناوی خۆمەوە لەدەرگای دام :

« سایری مروارییەکان بکە »
دەریا وەچە خنکاوەکانی خۆی ڕاچڵەکاند
شاپۆل دەستی ئاو ڕێبوارانەی دەگرت کە لە دەیجوور ی دەریادا پێدەکەنین
هەموو شتێکی ئاو شاوە بۆنی پارانەوەی لێدەهات
بەردەکان بۆنی نوێژی پەشیمانیان لێدەهات
مردووەکانی ئەم لمە پاکیزەیە سەریان بەرزدەکردەوە و گوێم لە هاناسەیان بوو
شەپۆلێک لەوبەری سنووری شاوەوە ، بەرامبەر قافلەکان وەستاو گووتی :
(سایری ئاو کەشتیە بێ شەرمانە بکە
سایری ئاو چۆن ماسکی ئاو کچا بەستازمانانە دەگوشێت .
بۆ خۆت بەچاککردنی سەعاتی شکستەی ئەم کەنار دەریایەوە خەریک دەکەیت ...
لەسەر عەرشی ئەم ماشێنە شکاوانەی فڕین وەرە خواری
دەشێت فڕین بێت کەرنەڤاڵ)

ئاو سەر سپیە شوومەی چاروگەی کەشتییەکانی هەڵدەدا ، هاواری کرد :
(ئەی فەیلەسوفی تەنها
گومان لەلم ناکەیت ؟ بەڵام گومان لەخەندەی ئاو دەکەیت
سایری ئاوێنەی شەفاق ناکەیت و گوێت لە مشتێک خاک گرتووە
گوێت لە فڕینی ئەم هەزارەها بالندەیە نیە کە باوەڕیان بەدەریا و کۆچ هێنا
خۆت دەدەیتە دەستی زمانی بالندەیەکی نەناسراوی ئاوپەڕی شاو)

ئەم دەبوایە تەنها بومایە ...
دەبوایە سەرم بخستایەتە سەر ئەم لمە و بمرم ...
دەبوایە بە ماسیەکی قەترانی بەجێماو لە شەپۆلەکانم بگووتایە :
(ئەی هاوڕێی حیکمەتم ... فێری ڕێگاکانم بکە
ئەی قەڵەڕەشکەی دەریا چارەنووسمان چیە ؟
ئەمجارە هەموو بنەماڵەکانی زەوی لە کەشتییەکاندا سواربوون و
تەنها منی نوح لە زەویدا ماومەتەوە
نەبایەکم لە پشتە ... نە بارانێک ...
نە شاریکم لەپشتە ... نە جەنگاڵێک
نە هاوڕێک ... نە تاریکستانێک)

شاو دەستی دەگرتم و دەیهێنا بە دیوارە ئاو ڕیشمیەکانی خۆیدا
هاڵاوی دڵنیاییەکی کوشندە ، لە گیاکانی دەوروبەرم دەهات ... خەیاڵ نابوو
من بەشێک بووم لە وردبوونەوە و چکۆلەبوونەوەی لم و سەدەفەکان
بەشێک بووم لە شاو ... لەدەریا
مانگ بە هەموو ڕووناکی خۆیەوە بڕام بوو .
کەشتیوانی پیر و نامۆ ... ناخودای سەفەر و هاوڕێکانم لەدوور دەیگووت :
« کەرنەڤاڵ زەوی تۆیە ... تۆ پاشەڕۆژت نیە ... کەرنەڤاڵ زەمانی تۆیە »
(ئاو پیرە بێ گوناهە لەدەریا هاتەدەرێ ، ئاو لە پرچە سپیەکانی دەتکا ، پاستۆنە سیمراویەکەی
هەڵبڕی و تاجەکەی فڕێدایە سەر لمەکان ،
شاو ئێبگار سارد بوو ، خرمەی پێی سەدەها سواری دوور دەهات ...
ئاو کزەیا خەمگینەش یاری بە سێبەرەکان دەکرد
- نێرڤانا ... نێرڤانا « ئاو پیرە ماستە بانگی کرد »

گەرووی شاو لە هەموو کوچەکانی جەنگەلاً بانگی کردەوە - نێرگانا -
وەدواجار ئاو بالندە نادیارەش وەک تیرێک پێکابێتی ، بەنووزمیەک
کە هەموو ئافەریدەگارەکان گوێیان لێ بوو ، وەلامی دایەوە :
نێرگانا
(لەو ساتەدا بەشێک بووم لەم بالندانەی کە دەڤرین
لەگەڵ گیا و لم و کزەباکاندا دۆست بووم
هاوڕێی ئەم ئەستێرەیە بووم
بەشێک بووم لە تەنیایی و پەشیمانی دەریا
پاسەوانی ئاو دەروازەیە بووم کە ئاوی لێهاتۆتە زەوی
بەشێک بووم لەپاکی (با) ، لە غروری (جەنگەل) ، بێ هاوسەری دەریا)

- « چەندە پیرم » هاوارم کرد
بالندەیەک لە ئاوێنە شکاوەکانی دارستانەوە هاتەدەرێ و فڕی
قەڵەسێک بوو هێشتا خۆڵەمێشەکەی بەبالیەوە بوو ، لەسەر شانم نیشتەوەو گوتی:
« چەند پیری »
ئەو پیرەمێردە هات و با بەرەو وێرانەکانی دەبرد
گەردەلوول نەیدەهێشت سەدای ئاو بگاتە لام
نەوەک من بەڵکو دەریاکان ڕێشکە و پێشکەیان دەکرد
هەوا پڕبوو لە مۆتەکە و خەیاڵ
ئاو تارماییە سپیانە دەستەدەستە لەحاڵی پرسەدا
بەلاما ڕابوردن
دەمویست بسوتێم و زەوی دەستی دەگرتم
دەمویست بسوتێم و بەڵام دەنگێک هاواری دەکرد :
« نێرگانا ... نێرگانا »
من بە ڕووی دەریاکانا هاوارم کرد :
من گەورەبووم ... من گەورەبووم
گەورەبوونیش موسیبەتە .
ماسیەکان هاواریان کرد : تۆ گەورەبوویت .
مەنجەنیق سازی سەر قوڵەی کەشتییەکان هاواری کرد :
سایری تۆپە ئاگرینەکانی من بکە
هەموو شتێکی پیرۆز لە ئاگرە ...
کەرنەڤاڵ و زەماوەند و شێتی ... سێکس و جەنگ و عەشق
ئەی مەنجەنیق سازی پیر دەستە سووتاوەکانی خۆتم بەرێ ، یاری بەم ئاگرە بکەم
بەڵام دەریا ئامێزی بۆ کردمەوە و گریا
دەریا گووتی : ئەی سپلە ... جەغار تۆ کوڕی منی
خنکاوە نەسرەوتەکان پێکەنین و گووتیان : بەبەهەنەم ... بەڵام تۆ بڕامانی
(ئاگر خانەدەکانی خۆی جوڵاند ، ئاو بازەیی دێرینەی خۆی
بە مەستانە پێدەکەنی و شاو ئارام بوو)
سەراسیمەبوونی من لەنێوان جەهەنەم و ئاودابوو ..
جەهەنەم و ئاو
بێ ئۆقرە بووم ، بەڵام کوشندە
گەیشتمە ئاو خاتوونەتانەی ڕۆح کە ووشە و ئاوێنە دەیلاوێنێ
عەقڵ گیای پیرێتی خۆی دەسوتێنێت
ئاه ، چ ... هیرۆگلیفیایەکە تەنهایی لەئامێزی جەنگەلێکی وەک پلنگ شەرانگیزدا

گووتم :
(گەورە بوونم موسیبەتە
منداڵیم بەو خاتە قرمێتیانە نووسراوە ... وای گەورەبوونم موسیبەتە)
ئەو مانجەنیق سازەی دەستەکانی لەئاگربوو
ئەو دەستە پاڵکەزێرینانەی ڕۆحە شکستەکانی بێمارەکرد ، گووتی :
(بەتەنها جیادەبێتەوە
لەتەماحی لەوانەیە دەڕۆن و سێبەرێکیش نیە دەستیان بگرێت
دەمگووت :
(منیش تەماحم لەوەیە ، لە هیرۆگلیفیای ئەم شەوەزەنگە تێبگەم
تەماحم لەوەیە لە تالیسمی ئەم بالندە و دەرویش و مانجەنیقانە بگەم
تەماحم لەشاژنی ئەم قەراخ دەریایانەیە کەتەنها پیاوانی تەنهایام خۆش دەوێ
تەماحم لەم دارستانەیە کە تەنها پیاوانی تەنها دەیگەنێ)

شەو بەرەو نائومێدی دەڕۆیشت
کەشتیەکان بە ئەستێرەکانەوە دەکەوتنە ڕێ
منداڵەکان دەیانگووت: تەنها ئەو تەنهایەیە ، ناکەوێتە ڕێ بۆ کەرنەڤاڵ
منداڵەکان دەیانگووت: هیچ کەشتیەک لێرەوە ڕانابوورێت ئەمە دواهەمین کەشتیە
کەشتیەکان ڕادەبوورن و دەیانگووت : تەنها یەک پیاوی تەنهایە ، کە نایەت بەرەو کەرنەڤاڵ
بالندەکان دەیانگووت : با نایەت بەرەو کەرنەڤاڵ
تەنها پیاوێک چیە گەر نایەت بەرەو کەرنەڤاڵ
ئەستێرەکان دەیانگووت : ئەی کەشتیەکان تێبەڕن ، ئەو نایەت بەرەو کەرنەڤاڵ
منداڵان دەڕۆیشتن و دەیانگووت :
ئەو پیاوە تەنهایە ڕۆحی دەریایە
هەر ئەوە کە نایەت بەرەو کەرنەڤاڵ
هەر ئەوە کە نایەت بەرەو کەرنەڤاڵ
هەر ئەوە کە نایەت بەرەو کەرنەڤاڵ

سلێمانی ١٩٩٠

گۆڕ و گرمە ئالۆزییەکان

ئەی خودای عاشق و تاریکی
کچی یادە سپییەکان
ئەی شاپەری ڕۆژی خۆش و تاڵ
دەستەخوشکی بەختیاری
دێتەوە یادت
کە بە کوچە و کۆڵانی گوناهەکاندا
شۆڕدەبووینەوە
ئارەزووی سێکسی و ،
ڕازی بەهەشتیی بەنەفرەتکراو
خەونی کوشتنی سیمرغ و ،
قەلاچۆکردنی پەروانە و ڕۆح لەبەری ئێسک سووک
لێمان کۆدەبوونەوە
سەمایان دەکرد ، ئالقاوئالق چواردەوریان دەگرتین
بۆ کۆڕی هەمیشە گەرمی شەموت
بانگ هێشتنیان لێ دەکردین
دەستمان لە ملی یەکدی ئالاندبوو
لەدەوری ئاگرێک
سروودمان دەخوێند
لەنێو لەززەتی ماچکردنی گوناهە شۆخەکاندا وون دەبووین
ئێمە دوو عاشقی گوناهباری بێ گوناهـ بووین
ئالای مەنسوور و پیاوە نوورانییەکانمان
دەکردە خوان
لە گۆڕستانی ڕازاوە بە گوڵی سپس و دڕکی هەمیشە لاوی بووە
سەیرانگادا
لەسەر گۆڕی شەهیدەکان خوانمان دەڕازاندەوە
مێوە دۆزەخییەکانمان لەسەر ڕێزدەکرد
لەبیاتی مۆم و بوخورد و داری عودی مزگەوت و
کلێسا و مەعبەد
ئێسک و پرووسک و قەڵەم و دەفتەر و تەباشیری
منداڵە سووتاوەکانی
نێو کامیۆنە سەربازیەکانمان جارێکی دی دەسووتاندەوە
پیالەی شەرابی ژەهر ئاسمان نۆش دەکرد
بەسەر هاوڕەکاندا ڕامان دەکرد

هەوالنامەی کتێب

مانگ عاشقی نیمه بوو
خۆر ئیرهیی پێ دهبردین
له چاوهنواری دیتنی ئیمهدا
ئهستێرهکان
سۆمایی چاویان دادهمات
لهنێو زهریای بهختیاریهکی
بهفرمێسکی گوناهـ دروست بوودا
بهڕووتی ماماڵهمان دهکرد
قاقا پێدهکهنین
بۆنمان بهئاوهوه دهکرد
ماستی ماست بووین
گوێمان له ههنسك و قولپی گریان و
ناڵهی پهشیمانی مردووه نهمرهکان دهگرت
مردووی نهمری یهکهم وا دهدوا !
لهنیوهڕۆی وهرزێکی سارما و سۆلهدا
فرمێسکهکان بوونه شهفته
بهروای سهدان ساڵه ههرمسی هێنا
لهبهر ئاوێنهی غهمێکی داگیرساودا
قژی زهردم شانهکرد
دهست و دهم و چاوم له سهرچاوهی کهنارهیهك شت
له چۆراوگهی برینێکی خۆم
تێر ئاو بووم
برینێکم کرده چرا
دوای فریشتهی پرسیار و گومان و بهرپهرچدانهوه کهوتم
یاخی بووم
سنوورم شکاند
گهیشتمه زهریا
شهپۆلێکی زهریای سهرسهخت هاڵی گرتم
بهرهو بهندهری ئومێدێکی سهرهڕووی بردم
لمی گوێ زهریا و
تاشهبهردی رهنگی مردوو لێ نیشتوو
قهیاغێکی گۆچان بهدهستی بهسالاچوو
ماڵهوانێکی پیر
بالندهیهکی بیمار
سهری بهروای حوسهین
رهمز و گوڵی خهشخاشی گوێ زامهکان
پێشوازیان لێدهکردم
له شهوێکی سپی وهك بهفردا
ئهشکهنجهم به لمی زهریا دهژمارد
برینهکانم دهمیان بۆ ماچێکی گوێزانێکی چاو ڕهش دهکردهوه
گوێم له سمکۆڵی ئهسپهکان دهگرت
له ئاوازی پلنگه بریندارهکان
له سمفۆنیای بۆقی چاو سهوز
بێشهڵانی گوێ ڕێگای بێ کۆتایی

ئاستێرهکان به ڕووتی لهنێو ڕووباریکدا
دهتریقانهوه و سهمایان دهکرد
کاتێك ڕێگام بز رکرد
کاروانچییهکان ،
ئاوانهی ...
گیرفانی پهناههنده گومبراکانیان دهبڕی
دینارییان به تومان و لیرهی تورکی دهگۆڕییهوه
پریاسکهکهی دایکمیان لێم دزی
« دوو پاکهت جگهرهی بهغدا و
پارهی کتێبه زهرد و ڕووچهکانی نێو کتێبخانهکهم
وێنهی له قوربا غهرق بووی دهزگیرانهکهم
پارچهیهك موفهڕکی کاك ئهحمهدی بۆنخۆش
شانهیهکی دار و
ئاوێنهیهکی بچووك و وهسیهتنامهکهی باوکم ،
سهربازهکانی دوژمنی بووه دۆست
بۆ پایه سیفار و نۆردوگاك نانی هاورامی و کبریت
سهرهڕێیان پێ دهگرتم
چێوار و دهوارنشین و ههنفیه پیرهکان
بۆ زانینی ههوالی پایتهختی خامۆش
شار و گوندی خاپوورکراو
ڕووداوی غهرق بوونی کهشتییهکهی نوح
شهڕی خاچپهرست و موسلمانهکان
دوا گفتوگۆی خودا و موسا
شههیدانی دهشتی کهربهلا
زانینی ئهنجامی دوا گرهوی دیکتاتۆرە نورانیهکان
زهماوهندهکهی ئاوسانهی زهکاو و چیا
له گێژاوی پرسیارە مردووهکاندا
بزربان کردم
کاتێك گهیشتمه پاڵ لوتکه گهردن شۆڕهکان
چیام دی ، پیرێکی پشت کۆماوه
لووتی لهعهرد هاڵدهسوو
نهێنی ڕازێکی به گوێی عهردا دهچرپاند
ئاوسا ...
هار پرسیار بوو ، پرسیاری دیکهی دروست دهکرد
باوبۆرانی ونبووی ئهم چارخه پیرۆزه
دهئاموژگاریهکهی قهڵهش
خاونی سیلاوی و
هاوڕێی سهنگهرهکانم
بهرهو بارهگای ههمیشهیی ئارامی مهرگیان بردم
بهڵی من مردم
پێش ئاوهی تێ بگهم
من بۆ بووم و هۆی چی بوو لهپێکا مردم ؟

* * *

مردووی نهمری دووهم وا دهدوا !

هەوالنامەی کۆچ

کات شاو بوو
شوێن سارا بوو
نەء ، دۆڵی هەزار بە هەزار بوو
بۆ دەستگیران و گۆڕی شەقامی شارە بەدەکەم
لە هەگبەکەمدا
چاپکێ گیر و چاپکێ ڕەق و
مشتێ باران
بۆ منداڵانی ڕەوکردوو
پەنجایەکی بەرای خۆم لەبیاتی قەڵەم
لەگەڵ سینەی بووە دەفتەرم
بەدیاری پێ بوو
ڕێم دەکرد
ئاوازی
غەم و شادیم دەچڕی
سەرم لای ئاستێرەکان و
دەستم لە هاوڕەکاندا بوو
لەسەر شانم ، بایەکی تووند
بۆنی گوڵی مەیناتی
پێش خۆم ،
بۆ دەشتی (سیڤار) دەبرد
تۆز و غوباری ڕێگە قوماخەکانی
بەگژ چرای ڕووماڵ سووری خانووە قوڕەکاندا
دەکرد
هەوالی گەیشتنی کەژاوەی خەونێکی سپی
بەڕێگە قیرتاوکراوەکان دەگەیاند
وورده زیخی لە پەنجەرەی
شاگوڵی دیلی نێو گۆشکی شادمانی دەدا
لەمێژە شاگوڵ دیلە ، چاوەنواڕی
شۆڕەسوارێکە
با ! ئاوازدانەری گۆرانیە غەماویەکانی من بوو
دەلۆ لۆ لۆ ...لۆ لۆ
دەلێ لێ لێ ...لێ لێ
من عاشقی با بووم
(با) ش عاشقی شەوی یەلدا
شەویش عاشقی سۆفیەکی یاخیبوو لە خودا
(سۆفی) ش عاشقی پرسیار
لەپیر سارم لە جاستەم جوێ بووەوە
کاوتمە بۆسەوە
بۆسە ، بۆسەی پەپوولە باڵ نەخشینەکان بوو
پەپوولە دڵ ڕەقەکان
ئاوانەی نامەی عەشقیان بۆ ئاسمان و زەمین
باکوور و باشوور
دەفڕێندەوە
وانەی عەشقیان

بەکوللە و مێرووە زەردەکان دەگووتەوە
بەیانی ڕەنگاوڕەنگی لەناودانی
سیمی دڕکاوی سنوور ڕەکانیان
لە ئاراڕات هەڵدەگرد
مێرشیان بۆ دەمێنام
جاستەم بەدوای سەرمدا و
سەرم بەدوای هەگبەکەمدا وێڵ بوو
ڕۆحی ماندوو ،
هیوا و پیرۆزەی جوانەمەرگ
گۆڕەپانی ئازموون و شیعری ئاوێی
وەک پووڕەی هانگ ، لەسەری ماندوومەوە وڕووژاند
لەمێژە بەدوای سەرمدا دەگەڕێم
من وێڵی گۆرانیەکانی دایکم
هەگبەکەم لێ دڕا
ئەمێستا
چاپکێ گیر و مشتێ باران
دیلی پەپوولەکانن
جاستەم بۆتە بورکانی ڕق و
داخۆ کەی بێت بەسەر ولاتی
پەپوولە چاو ڕەشەکاندا بتەقێتەوە !

▾ ▾ ▾

مردووی نەمری سێهەم وا دەدوا !
لە زەمانی ڕۆچووندا
لە زەمانی ئاوێنە لێلەکاندا
چاوم هەڵهێنا
خوێنێکی ڕەش
ژەنگێکی جوان ، وەک ئافرەت
تەمێکی سوور ...
ڕووی ئاوێنەکانی داپۆشی
ئاوێنەی ڕوو گرژ
سیما دزێوەکان وەک پەری
نیشان دەدا
پشیلە وەک پڵنگ
سۆزانی وەک ڕابیعەی عەدەوی
پیاوی گوناهبارمان وەک
جەلاد نیشان دەدا
لە خۆمدا
ژان و تووڕەیی مێژووم هەڵگرت
بەنیازی شکاندنی ئاوێنەکان هەنگاوم نا
چاوەکانم دوو چرای گەش بوون دەگیران
نەخشەی بایەک گەیشتنی دوو عاشقی دێرینە
زەریا و بیابان
نەخشەی خەونێکی مازن
ژاکاندنی گوڵ و خاپوورکردنی زەمینن

هەوالنامەی گ

بەنەفرەتکردنی ئاسمان
تفکردنە تەوێڵی مێگەل
لە سینەمدا پڕۆژەی کۆدەتایەکی گەورەبوو
لەبەردەم ئاوێنەی یەکەمدا ڕامام
گەردوونم بەچووکی دی
گەردوونم بەمازنی دی
گەردوونی وەک موستیلەیەکی ئالتوون
لەپەنجەی خودایەکی لەڕ و لاوازدا دەبینی
سیەکانم دی
بەدوای ئۆکسیجینی بەختیاریدا ڕایان دەکرد
کێڵگە بەدووی تۆودا
دار بەدووی گەلاکانیدا
چرۆی ناپشکوتوو بەدوای بادا
گوڵ بەدووی هەنگدا
خۆشبەختی بەدووی بەدبەختیدا
ئینسان بەدووی هەزدا
ئەستێرەیەک بەدووی ماسیدا
بەهار بەدووی پایزدا
(ئالف) بەدووی (ێ)دا
نیشانەی پرسیار بەدووی نیشانەی سەرسوڕماندا !!
خودا بەدووی عەبدەکانیدا
تیر بەدووی کەواندا
خانەبەر بەدووی کالاندا
عەشقم دی
پیرێکی کۆنە ساڵ
دەم و چاو ئالاوی
لەجەستەیەوە کێم و جەراحەت چۆراوگەی بەستبوو
ژیانی کردبووە گۆڕان و ،
لە دەروازەی مالانی دەدا
بۆ مەرگ دەڕۆژەی دەکرد
چرچی دەم و چاوی ئاو قەتار و ئالا وەیسیە بوون
کە ئیدی کەسێ ناپچڕێ
دەمبینی
دەروازە و پەنجەرەی لەڕوو دادەخرا
تف باران دەکرا
دەهۆی بووم
ئاوێنەی یەکەمم شکاند
چرای گەشی لای چاپم خۆی کوشت
چاوی چاپم لەبینین کەوت و
هیچی پێ نەبینرا
بۆ گەیشتن بە ئاوێنەیەکی دیکە ژەنگ گرتوو
خۆڕم کردە پرد و بەسەریدا هەنگاوم نا
شتی زۆرم دی و هیچیشم نەدی
خۆم دی و خۆم نەدی

خیانەتم دی لووتی لە هەور هەڵدەسوو
کینەم دی لە چناریکەوە ئالأبوو
درۆ کۆشکێک بوو سپی
گوناهـ لە وەرزی خەزاندا بوو
گەلاّ زەردەکانی گوناهـ
لەبەردەم خوادا سەمایان دەکرد
زەمین بەرگی تار و مردنی لەبەردا بوو
خۆر لە پەیژەیەک دەهاتە خوار
ئینسان کفنی داپزان و داوەشینی پۆشیبوو
سەرگەرمی هەڵکەندنی گۆڕی خۆی بوو
تەنها دوو چرا لەدوور دەگەران
چرای دڵەڕاوکێ و بێهودەیی
سۆفییەکی ڕەشبین
ئاوازی کۆتاییهاتنی ژیانی دەچڕی
حەبیبەم لەباوەشی کرمێکدا بینی
دەرگیرانەکەم
لە ئامێزی برا چاو ڕەش و
درندەکانمدا بینی
درندە ، درندەتر لە خودا
زۆر ڕامام
سەرسام بووم
ئاوێنە مانی گرت و خۆم نەبینی
دەهۆی بووم
ئاوێنەی تەڵخی تەماویم بەنەفرەت کرد
ئاوێنە شکا
چرای گەشی لای ڕاستم دڵی وەستا
چاوی ڕاستم لە بینین کەوت
ئەوسا
تێگەیشتم کە هەر خۆم خۆمم پێکا
هەستم بە ئاوێنەکانی دیکە کرد
ئاوێنەی مەرگ
ئاوێنەی ڕۆچوون
ئاوێنەی پاکی
ئاوێنەی بزربوون
ئاوێنەی خۆشەویستی
ئاوێنەی سۆزانی
ئاوێنەی کۆچ
لە ئاوێنەی تەڵخی نامۆییدا
نامۆیی بەرگی بووکێنی پۆشیبوو
ـ ئەو کاتەی
نیشتمانی نوقوومبووی تەپ و تۆزی تاوان
نیشتمانی ئافرەتی نەزۆک و پیاوی مردوو
نیشتمانی دەست و پەنجە بڕاو
نیشتمانی بەدفەڕ

هەواڵنامەی کۆڕ

نیشتمانی هەمیشە زەردەخەنە لەسار لێو
نیشتمانی سوزمنک تووشبوومان
بەنەفرەت کرد
کۆچمان کرد
ئەوسا ڕێگەی نیشتمانێکی دیکەمان گرت
سەری هاوڕێکانمان کردە بەردباز
لە زۆنگاوەکان پەرینەوە
وەک قەیاغ ،کۆنە بەرمالی ئاوریشمینی دایکمان
لە چەمە وشکەکاندا ڕاخست
بە هاوەسێکی پووچ
گۆرانییەکی شووم
ساوای لەبارچوو
پەڕ و بالی کوندەپەووی چاو شین
شابالی سزای ژانگرتوو
بەرەو دوورگەی خۆونکردن
سەولمان لێدا
ڕەشمالی نامۆبوون و
نەفیەکی ئەبەدیمان
لەولاتی کرمەکاندا هەلدا
تالیمان نۆشی ،پێکەنین
ژان و ئازارمان چێشت ،پێکەنین
قامچییان لێداین هەر پێکەنین
ئالبووەمی خەونەکانمان بزرکرد ،پێکەنین
خۆمان بزربووین هەر پێکەنین
ڕێگەی هات و نەهاتمان تەی کرد
هێشتا ماندوو نەبووین
لەم غوربەتەدا
هاوار سەراپا سیلاوییە
ئەستێرە و ئاوڕەسەکان ئاوازی وەرزی تواندنەوە دەچڕن
نیلۆفەری شای گوڵەکان ژاراوییە
بۆنی پیوە بکەین دەسڕین
بۆنی پیوە نەکەین هەر دەسڕین
گوڵە ڕەشەکان
بۆنی قیر و نەوتی ڕەشیان گرتووە
هاروا پشتی لە ئاگر کردووە
ئاگر ئاو عاشقە مازنە ئیدی ناگرێ
پاکترین ئاو
میزاوی سۆزانی و خوداوەندە مەستەکانە
ماسی
ئەسپ
پلنگ
بولبول
تووشی ئایدز بوون
ئارامی و بەختیاری

ئاسودەیی و خاوبینین
خەیاڵ و ئازادی
عەشق و مەرگ
لەنێو قەفەسی ژەنگ گرتووی عەقلدا
زیندانی ئەبەدین
ڕێگامان بە دڕکی ناسک و
گوڵی زبر ... تەنراون
هەنگاو هەڵبێنی ،گوڵ هێرشت بۆ دەهێنێ
بەێنێتەوە
دڕک وەک لاولاو پێتا هەڵدەگرێ
لەئامێزی گەرمی پڕ مەمبەبەتی خۆیت دەگرێ
وەسوەسە ناخت دەکرۆژێ
لە غوربەتدا ...
دوا پرسیار ئەمەیە
« ئەبوون یان بوون ؟ »
وێستم لە قوربانگای عەشقی نیشتماندا
غوربەت وەک ئیسماعیل بکەمە قوربانی
ئاوێنەیەکی لێڵی دیکە شکا
نەخشەی خەونە مازنەکەی سینەم
بە نەفرەتکردنی ئاسمان
ژاکاندنی گوڵ و خاپوورکردنی زەمین
تفکردنە تاوێڵی مێگەل
تووڕەبوو ،لێم زوێڕبوو ،
لەداخا خۆی سەربڕی
ئاوێنەکان هێرشیان هێنا
من کە پێغەمبەری یاخیبووەکان بووم
چۆکم دادا
خۆم لە کفنی
پەڕەی زەردی گوڵی خودایی و
پارچەی ئاوێنەی شکاوی غوربەتەوە پێچا
منی عاشق
منی پێغەمبەر
منی شاهید
بەرەو مەرگی خۆم ڕامکرد
ئەمێستا پەشیمانم لەوەی کردم
لە گشت بوونم
گشت هەڵوێستم پەشیمانم
کاشکی هەر لە ئازەلەوە نەبام
ئاو شاوەی
کە دایکە زەوی
لەگەڵ نامۆیەکدا جووت بوو بەنەفرەتی من کاوێ
ئاو ڕۆژەی
تێیدا لەدایک بووم
ئاو مامانەی لاواندمیەوە بە نەفرەت کاوێ

هەوالنامەی ڕێبین

ئەو مەلا کوێرەی ناوی نام ... بە نەفرەت کەوێ
ئێشکگرەکانی لە شەوارەمدا کۆڕیان گەرمکرد
گۆرانییان چیری
گۆرەوی بازی و
کلاوکلاوێنە و
کۆنکەنیان کرد
وازییان کرد
بە نەفرەتی من کەون
موورو دەسرازی لانکە دارگوێزەکەم
خودی دارگوێز بە نەفرەت بێ
ئەستێرەی ڕێگە ڕووناککەرەوەم بە نەفرەت بێ
شەوە بانەفرەت بێ کە منی نەبردەوە
ئەو مامۆستایەی یەکەم وانەی پێ گوتمەوە
یەکەم وانە بە نەفرەت بێ
ئەو ڕێگایەی بڕیم
ئەو گوڵەی بۆنم کرد
ئەو ئاسمانەی کردمە چاتر
ئەو خاکەی خوێنی منی لەسەر ڕژا
ئەو ساتەی تێیدا بوومە چرا
سااڵی یەکەم و دووەمی تەمەن
مۆمی دەهەمین و بیست هەمین و سیهەمین سااڵی تەمەن
بەر نەفرەتی ئەبەدی من کەون
بوون و نەبوون
بە نەفرەت بن

▿ ▿ ▿

ئەی فریشتەی لێوڕێژ لە گوناهـ
دێتەوە یادت
دوو هەنگاو دوور لە ئێمە
ئافرەتە ڕشێوشەکان
لەسەر گۆڕی خودایەکی هەزار سااڵ پێش ئێستە مردوو
وێنەی کوڕەکانیان
وەک مەدالیا لەسەر سنگ ئاوێز
دەڕانەوە، دەگریان
گریانێکی بێ فرمێسک
ڕانەوەیەکی دوور لە مەبەست

ـ لە مەرگ
کلێتەی گوڵونکەدار و پووزەوانەم بۆ چنی
تاسەی بینین و نوێژ و غەمە سپیەکانم
وەک تازیێکی قازوان بۆ هۆنییەوە
سێ جار ماچم کرد
دامە دەست با
بە ڕێگەی کاکێشدا بۆم نارد
من (ئەو)م بە پاڵکە زێڕینە سپارد
لە دەماو ئێوارانداا
دەستم دەکردە کۆڵەکەی سەرم
وەک نێچیرێکی شەکەت ڕووەو زەردەی چاوەکانی
شەوانە تا کازیۆەی بەیانی
لەسەر بەرمالی هیوایەک
چاوەڕوانی دیداری
شەوی قەدری گەڕانەوەی
(ئەو) بووم
وەک یەعقوب چاوم کوێر دەبوو
هەر کە تیشکی خۆر و
پاساری و
نەسیمی بەیانی
بۆنی جاستەی شەکەتی (ئەو) یان بەدیاری بۆ دەهێنام
جارێکی دی،
هێزی بینین لە چاوانمدا ساڵامگیر دەبوو
ئەمێستا
سەماتەکەی دەستی
ئەلقە و وێنەی ڕیشە خورماییەکەی
سێ چران
لەسەر لووتکەی هەرمسێک دەگرێن
(ئافرەتی یەکەم وای دەگووت)

▿ ▿ ▿

خانجەری دەبانی
بەقەدی خاونێکی ئانگۆزەیی کرد
سواری شاودێزە بوو
لە هەڵبەکەیدا، دیوانێکی شیعر
دێو بەندێک
ئاوانێکی شادی بەخش
تاسەیەک
پڕۆژەی ئاوەدانکردنەوەی گەردوون
جێوە جێوبیان بوو
گەشتە ڕووباری مانگ
تۆڕی ڕاوکەرە پیرەکانی
کردە پردی پەرینەوەی ماسیە کوێرەکان
لە ئاوی شیرینی
گۆمە لێلەکان، دار بەڕووە وشکەکانی ئاودا
گەشتە گوڵستانێکی ڕازاوە بە
گوڵی کامەرانی
گوڵی نائومێدی
گوڵی ماینەتی
گوڵی کڵۆڵی
گوڵی کوێرەوەری
گوڵی پەشیمانی
بۆنی بە گوڵی کامەرانییەوە نەکرد

هەوالنامەی ڕێگە

گولی ماینەتی لە یەخەی خۆیدا
لە کێڵگەی دڕکی باژن بەرز و قەشەنگ
لە شاودێز دابەزی
بەیێ ناسکەکانی کێڵگەی تایکرد
دڕکەکان سەری ناوازشیان بۆ دانەواند
بینی کێوەکان
بۆ کۆچێکی ئەبەدی مالئاوایی لە یەکدی دەکەن
« کۆچی کێوەکان کۆچی سووڕە
پایزە و خێڵ بەرەو باشوورە »
کۆچی سووری بۆ ڕانەگیرا
بینی لێرێك لە تینواندا
بە خوێ دەگری
باران لێی زوێر بووە
ئەشك لەچاوانی جاری بوو
لێر تێر ئاو بوو
دارەکان کڕنووشیان بۆ برد
ڕۆح لەبەرە جەنگاڵیەکان ماچیان کرد
لە پێستی پلنگ
زینیان بە دیاری بۆ شاودێز پێدا
پێش ئاوەی سنوور ببڕێ
لە لوتکەوە هەڵدێرا ، هەڵدێرا ... هەڵدێرا
بەرەو لوتکەی ترمی هەڵدێرا
ئەمێستا
خەنجەری ژەنگ خواردوو
خاونی ئەنگوزەیی
باڵی شکاوی شاودێز
سێ کۆتری شینکەن
ڕۆژ دەژمێرن
تاشە بەردەکانی هەڵدێر ... بە نەفرەت دەکەن
« ئافرەتی دووڕەهم وای دەگوت »
وشە بوو
بێ پرسی پەزدان
ناوم نا « مرۆڤ »
جگەرگۆشەی
ژان و غەم و ئازارە ئەبەدییەکان بوو
ڕوخساری وەکی
ڕوخساری ئاو بوو
ئاو کاتەی کەشتی بڕینێکی سەخت
لە ناخیدا لەنگەری گرت
بێ سەر ڕێی دەکرد
بەو ڕێگایانەدا کاروانی دەکرد
کە سەردەکەوتنە ئاسمان
ڕۆدەچوونە نێو دۆزەخ ، نێو ناخی زەوی
هەمیشە تابووتەکەی پێش خۆی دەکەوت

کاتێك دەنووست
سەری دەکردە سەر ڕۆحی و ،
جەستەی شەکەتی دەهاوێشتە نێو تابووت
ڕۆیشت و
جیهان بە بەیانیکی ڕەوشاوە
لە پێشوازییدا بوو
کە مالئاوایی کرد
با لە هەور یاخیبوو
هەور لە باران
باران لە زەمین
زەمین لە ئاسمان و زەریا
زەریا لە بیابان
بیابان لە تەنهایی
تەنهایی لە عەشق
عەشق لە مەرگ
مەرگ لە مرۆ
ژوان مرد
ڕۆژگار و ئازار
لاولاو و گوڵە مێخەك
بۆنی ڕیحانە ڕەشە
کانیاوی سوێر
لە ناکاودا ،
ڕۆحی پاکی ، ئاویان بۆ خۆیان برد
« ئافرەتی سێهەم وای دەگوت »

▾ ▾ ▾

ئێستا تێگەیشتین
زەمان ، زەمانی مەرگە
زەمانی ئەفیون
زەمانی چۆك دادان
زەمانی کۆچی بێ گەڕانەوەیە
« ئاوان » هێشوی خۆشاویستی بوون
مەرگ ،
میوانی ساتە خۆشەکان
بۆڵ ، بۆڵ هاوێشتنیە زاری
دەریای لەبیرچوونەوە و
دیوتانە جەستەی بەدووی سەردا
ڕۆح بەدوی جەستەدا ڕابکا ؟
ئاوان مردن ،
لەگەڵ ئاو ڕۆیشتن
ئاوان مردن ، ئاوان مردن
زەمان ، زەمانی مەرگە
دوا زەماوەند ، زەماوەندی مەرگە
« ئافرەتە ڕەشپۆشەکان وایان دەگوت »

▾ ▾ ▾

هەوالنامەی کێبڕکێ

ئەی گوڵی پەشیمانی
ئەی شاژنی بەختیارییەکی پووچ
ئەی میهرەبان تر لە خودا
دێتەوە یادت
خوێنی جگەری خۆمان کردە شەراب
دەرخواردی شەوی ماست ،
خۆری عارفانە ،
دەڵاقەی تاریکی ،
پاسەوانی کۆشکی کۆماری دەدا
خوێنی جەستە و ڕۆحی ماندووەمان
لە پەردەخی سۆز و میهردا
بۆ هاوڕێکانمان دەبرد
ئەوانەی لە پەنجەرەی کینەوە
چاوشارکێیان لەگەڵ دەکردین
چاویان لە جەستە سپیە بەفرینەکەی تۆ دەبڕی
دواجار
دەبوونە یاساوڵ و ڕاپۆرتیان لێ دەدایین
لە دەرگای
وشەی نوستوو
کتێبی مردوو
خەونە بێزەوەرەکانیان دەدا
جیهانیان لێ تێدەگەیاندین
ئێمە تەنها باڵ بووین
هانامان بۆ گوڵی پارانەوە و
زەردەخەنەی کوشندە و
شەرابی عەشق
دەبرد
ئێمە بووین دوو عاشق
بێ خودا و باوک مردوو
شاعیرە کرمەکان
کاتێک بە ڕووتی دەیانبینین
کاتێک بە تووڵە ڕێی غەمێکدا بەرەو جەنگاڵ
ڕێمان دەکرد
ئەو دیوانەیان پێشکەش دەکردین
کە ...
شیعرەکانی هاوڕێی دڕک و ڕێگە داخراوەکان بوون
وشەکانی لە میژ بوو مۆڵگەی
میکرۆبە شادی بەخشەکان بوو
عاشق بە دێرەکان لە خاچ درابوو
دیوانی
غوربەتی شارە دۆزەخییەکانن
دیوانی
« نوغرۆ » بوونی ساتە بەهەشتییەکان
لەترسی دەنگە گرمکان
دەبوونە دوو پاساری
ئێمە دوو پاساری بێ هێلانە بووین
پەڕەی گوڵ و پووشی سەر خارمانەکانمان
لە با قەرزدەکرد
ڕەنگەکانمان لە پەلکەزێڕینە دەخواست
تا هێلانەیەکی لەسەر داری خەونە سەوزەکان
پێ دروستکەین
ئەی میهرەبان
ئەی جادووگەر
دێتەوە یادت
هاوڕێ و یاساوڵ و منداڵە لاسارەکانی شار
هێلانەی خەونەکانمانیان دەسووتاند
پەڕ و باڵی ناسکی هیوا ساواکانمانیان
هەڵدەمیرۆزکاند
دارەکان
لێمان یاخی دەبوون
ئەفەندیە سەرخۆشەکانی شار
ئەوانەی چاکەتی لەنگیان لەبەردابوو
ئەوانەی دوای ڕشانەوە
باسی سیاسەت و
چارەنووسی میللەتانی جیهانیان دەکرد
ڕۆحی ئێمەیان دەکردە
مازەی شەونشینەکانیان
ڕووتی ڕووت بووین
هیچ دارستانێک
گوڵستانێک
نەیدەگرتینە خۆ
ئافرەتی سەر کۆڵان و شەقامەکان
ئەوانەی بێئیشتی کوردیان دەجوو
تانە و تەشەریان لە ڕێبوارەکان دەدا
ڕێبوارەکان قاچیان تێکەڵ دەبوو
جوێن بارانیان دەکردین
بە ئافرەتیان دەکردین
ئێمە دوو عاشقی ڕووت و ماست بووین
سەد حەیف و موخابن
ئەم کرمستانە
شەکەت و ماندووی کردین
پیری کردین
ئێمە دوو عاشقی لاسار بووین
پاشماوەی مۆمی سوتاو و
وەفای ئەستێرە و ئەشکی بەردەکانمان
بەدیاری
بۆ جاندرمەکانی سەر سنوور دەبرد
لە مانگە شەوێکی لێو ڕێژ لە پاکیدا

هەوالنامەی کۆچ

سەری باوکمان بڕی و
کردمانە دیاری تالاری مێژوو
دایکمان کردە بووک
بەپرچی سپی گەورە کچە کۆست کەوتوومکان
ئەوانەی چەندین ساڵ چاوەڕوانی عیسان
تارامان بۆ سەری بووک دروستکرد
کەژاومان بە ئاوریشم و
پۆپەشمین و سورمەی ئاڵ و والا
گوڵونکە و زەنگۆڵە و
موورووی شاوە و کارەبایی
ڕازاندەوە
هەر خۆشمان ئاوێنەکەمان بۆ گرت
بۆ قەڵایچەی بەدوای جالجالۆکە تەنراو
قەڵایچەی
سوڵتانێکی خاو لێکەوتووی پیر
بەکێشمان کرد
لەو شاییە خۆشەدا
تا دەنگمان نووسا ، گۆرانیمان چڕی
چەپی هەڵپەڕین
شاباشی گوناهەکانیشمان
بەدەستی چەپ وەرگرت
چەمۆڵەیەک و تفێکی خەست
داوزانێکی هەمیشەیی
* * *
ئەی شانازی
ئەی دوانەواز
ئەی خۆشتر لە ئاوازی بوون
دێتەوە یادت
لە باغی بەختیاری
گوڵی نائومێدیمان دەچنی
زەردەخەنەی داری ئەکاکیای غەمبار و
ئاوازی خاکی تووڕەمان
بەدەم باوە دەدا
لە ئەستێرکی حەسرەتی باغەوانی پیردا
هاڵەمان دەکرد
ڕووتی ڕووت بووین
بە نینۆکە ناسکەکانمان
جەستەی پیرە دارەکانمان هاڵدەکۆڵی و
ناوی خۆمان
مێژووی لەدایک بوونمان
« سالی بەفرە زۆرەکە
هێرشی کوللەکان
لافاوی حەسرەتی شاخی گوێژە
گەلاوێژی ڕەش
شوباتی خوێناوی
هەوالی کۆچی دوایی عەشقە مەزنەکە
گەیشتنی کاروانی مەرگ و
تواناوە و بزربوون
بلاوبوونەوەی پەتای خۆ لەبیرکردن
وێنەی پیرۆزی جووتبوونێکی بەنهێنی
بۆ یادگاری نەوەکانی داهاتوو
لەسار تۆمارەکرد
لە دوورەوە ئاواتمان
بەسێبەری دار ئەرخەوان و
سپێتی کێلەکانی سەیوان
بە خاموشی شار دەفواست
بۆنمان بە گوڵی پەشیمانییەوە دەکرد
من گوڵی نائومێدیم لە یەخەت دەدا
تۆش گوڵی غوربەت
وێنەی تۆم لەسار دیوارەکی دارە پیرەکان دەکێشا
پرچێکی ڕەشی ژاکاو ، فریشتەیەکی ڕووت
بەمانگ پرچم شانەدەکردی
خۆری زەردم دەدایە دەستت
ئەستێرەم دەکردە تاوقە و لە پرچتم دەدا
با لە درزی بەردەکانەوە
باران لەسار فەرشی گەڵا زەردەکانەوە
هاور لە پەنجەرەیەکی ئاسمانەوە
هاز لە بانیژەی تاسەیەکەوە
هاوسێکی سێکسی لە سەردابی خۆرهەڵاتەوە
لەسێرکردنمان تێر نەدەبوون
دەمانبینی ،
خودی ڕابردوومان دەبینی
گوڵێکی سیسی هاڵوەڕیو
بوون بە ڕەگی نەبوون
کەشتیەکی کۆنی لە وشکانی بێزار
سەفەرێکی بەئانجام نەگەیانراو
کانییەکی کوێرەوەبوو
ڕوندوی بەفرێکی بەهاری
مۆمێکی کوژاوە
باخچەیەکی هاڵواسراو
شەوێکی تار
بارانێکی قەتیسماو
بایەکی خنکاو
خەرمانێکی سووتاوی هازێکی ناهاز
دووچڵ ئێسکی ئینسانێکی نیاندەرتاڵ
فرمێسکی وشک هاڵهاتووی ئەشکەوتێکی پێش مێژوو
ئێستامان دەبینی
ئێستای تەڕ و پاراو

هەوالنامەی کێو

ئێستای چرۆدەرکردوو
ئێستای شاهومت
ئێستای لەگەڵ « خۆ » دا ژیان
ئێستای توانەوە لەنێو یەکدا
ئێمە عاشقی « ئێستا » بووین ئێستا
ئای لە جوانی و بادی « ئێستا » !
ئای لە خۆشی و ناخۆشی ئێستا
داهاتوومان دەبینی
لە داهاتوودا
ڕۆح ناژی
حاز چرۆ دەرناکا
عەشق بە پەیژەی مازدا هەڵناگەڕێ
عەشق لەسەر پێخەفی نەرم گیان دەدا
جەستەی عەشق دەسووتێنرێ
سوتوومەکی دەپرژێنرێتە ڕووباری مەرگاوە
مەرگ ئاوێکە مەند
ڕووبارێکە بێ بەڵەم ، بێ پرد
مەرگ هەوایەکی پاکە سیبەکانمان دەگووشێ
مانفیبەکە
کارتی جاڕنە پیرۆزە دەنێرێ
جیهانی مەرگ
مانفایەکی هەمیشە ساوزی ئابادییە
مەرگ هاوڕێیەکە گیانی بە گیانییە
بێ ئاوەی لە دەرگا بدا
بێ ئاوەی پرس بکا
خۆی بە مالدا دەکا
مەرگ
هاڵۆیەکە تیژبین ، هار لە دوورەوە بالی
بۆ نێچیر دەکاتەوە
مەرگ ئاوەتا
لەم دەمو ڕوبەرە هاواری خستووە
بە پێیە لاوازەکانمان
بۆ دیداری مەرگ هانگاو دەنێین
ئێمە ڕقمان لە مەرگ نابێتەوە
مەرگ
نەخش و نیگاری سەر دەرگای مزگاوتێکە
کۆترێکی سپی باخچەی کڵیسایەک
بۆ هار لا ڕوو وەردەگێڕین
ڕووی مەرگ دەبینین
مەرگ خودایەکی بەخشندەیە
بە گاورەیی خۆی ، لە گوناهەکانمان خۆش دەبێت
مەرگ ئاهەدیات ، ئاهەدیات

▾ ▾ ▾

ئێمە بووین شای یاخیبووەکان
ڕەفز و یاخیبوون
فەرهەنگی ئێمە بوو
کتێبی پیرۆزی ئێمە
کە هێندەی گەردوون بوو
تەنها یەک نیشانە بوو
؟
ئێمە چگە لە مەرگ
لەنامەی مرۆڤ دۆستانەی
پێغەمبەرەکان ،
مازنی خودا ،
جوانی و پاکی فریشتەکان
عەدالەتی سەر ڕووی زەوی
بەگومان بووین

ئای گاورە کچی گوناهـ
من گوناهم نادەزانی تۆ فێرت کردم
من مانای زەریای ڕەق و کینەم نادەزانی
من بە نافرەتکردنی خاک و
خۆش ویستنی ئازار و
پەرستنی غوربەتم
نادەزانی
تۆ فێرت کردم
من عەشق بازیم نادەزانی
خیانەتم نادەزانی
تۆ فێرت کردم
ئەمێستا مازنترین خیانەتکارم
من مەرگم نادەناسی
سەرقافلەچی کاروانی
ئێران و تورانم نادەناسی
تۆ پێت ناساندم
ئەمێستا من مەرگم
من دەمگوت !
شکستی خومم بە کۆڵەوەیە
دوژمنەکانم خۆش دەوێن
ڕێگا و هانگاو و زەمان و کتێب
بە نافرەتکردنی مرۆ
هاوڕێ بێ گوناهەکان
ئافرەتی داوێن پاک
بە نافرەتکردنی ئەم چەرخە
چەرخی ژاوەژاو
ڕێزلێگرتنی دوژمن
دامێنانە
تۆ دەتگوت !
تەنها لە ئامێزی خۆری شەومتدا

هەوالنامەی کێژ

دەمارەپەرش و بلاوەکانم دیدەنیم دەکەن
ژیان قوربانی منە
بە نەفرەتکردنی مێگەل
سووتاندنی (کەناری) خەون
تیر ئاوبوون لە دەریاچەی بریەن
خنکاندنی دەنگی زەنگی کلێسا و
بلندگۆی مزگەوت
دامێنانە
من دەمگوت !
ڕاوکردنی ڕۆحی شەو
لە قەفەس هاویشتنی ڕۆحی ئاو
دیلکردنی وێنە شیعرییەکان
لە زیندانی پەراودا
بۆنکردنی گوڵ و با و خۆشویستنی ئاسمان
قوربانیکردنی ئاوازی ڕووباری یاخی
گوناهە
کوشتنی ئافرەتی سۆزانی
بڕینی داری گومان
نەبوونی میوانی خوانی تاریکی
لەیادکردنی زەوی
نەبوونە ئینسانی بالأ
تاوانە
تۆ دەتگوت !
هاوڕێیەتی پلنگ و پاساری و قەرەج
گوێگرتن لە کەمانی ئاوی
ئاوازی ڕووباری وشکی سوور
بەیتی ڕێبواری بێ ولأت ، بێ ماڵباست
ئامۆژگاری باو و باپیرە گۆڕەکۆڕەکان
پەرستنی تۆز و غوباری ڕابردوو
تاوانە
ئەی فریشتەی خۆشبەختی
شەپۆلی کامەرانی ...
پەری ماینەتی ...
دایکی ئاواتی جوانەمەرگ ...
دەستەخوشکی بێهودەیی ...
ئەو ساتە ئیبلیسیانەی
بسکت وەک ڕەشمار
لە شان و ملی خودایێت دەئاڵێنن
ئایا ترست لە گۆڕ و زەمان و دۆزەخ نەبوو ؟!
بەهاری جاستت
هەرگیز لەبیری پایزی تەمەندا نەبوو ؟!
شەپۆلە تووڕەکانی
زەریای جوانیت ،
لەبیری خامۆشی و ئارامبوونەوەدا نەبوون ؟!

ئایا تۆ کڵۆڵی و ماینەتی و ژان دەناسی ؟
هەرگیز لەبیری فریشتەی ئەشکەنجەدا بووێت ؟
ئەو شاهەنشایە
ئەو فریشتە خۆپەرستەی
هەموو جوانی و بەختیارییەک دەکاتە قوربانی
ئارەزوویەکی خۆی
تۆ ئەی فریشتەی کەماڵ
هەرگیز بڕسێتی و تینوێتیت چەشتووە ؟
ئەو ساتەوەختت دیوە
نانی سپی و دڵۆپێک ئاو لێت یاخی بێن ؟
هەرگیز خۆت بەتەنها دیوە ؟
خۆت بێ کەس و بێ پەنا دیوە ؟
دیوتە دەستەخوشکەکانت
چاوەڕوانی ڕۆژی کۆچی دواییت بن ؟
تا ...
پرچی سیا و قاپ قوڕانی زیوی و
گواڕە و موستیلەی ئەڵماست بۆ خۆیان بەرن
شیعرەکانت
کتێبەکانت لێ بدزن ؟
خۆت دیوە لە سارایەکدا
لە ولأتی بوجەگەکاندا
هاواربکەیت ... هاوار ... هاوار
کەس لە دەنگ و ڕەنگت تێ ناگات ؟
کەس لە بوونی تۆ تێ نەگا
هاوڕێکانت بڵێن (میت)
هەموو ڕۆژ بەرەو شانۆی
تێکشکانێکت بەرن
خواستن ، ئازادیت ، بوونت
لەبەرچاوتا گۆشاوگۆش سەربڕین ؟
ئەی فریشتەی گران بەها
تۆ قاڵەقی و مێردمزمە و ترس دەناسیت ؟
هەرگیز فریشتەی خەو لە چاوانت تۆراوە ؟
بۆ ساتێک پەییت بە بێهودەیی بوون بردووە ؟
هەرگیز بیرت لە خۆکوشتن
کردۆتەوە ؟
هەرگیز شەو و ڕۆژت لێ گۆڕاوە ؟
هاوڕێی کەرم و مێروو و قاڵونچە بووێت ؟
هەرگیز تامی ماسیحت چەشتووە ؟
لەبیری گوناهی گەردوون
گوناهی مێگەل
لەخاچ دراویت ؟
هەرگیز ، هەرگیز ...؟!

من کە میوانی (دیاری غوربەتم

هەوالنامەی کوردی

ڕێبوارێ ڕێگای بێ کۆتایی
میوانی هەمیشەیی
لەزەتی خاموشی و
شەپۆلی شکۆماندی
فەرشی دڕک پادەخەم و
ئاسمانی شینی ئازار و بێهودەیی بەخۆمدا دەدەم
وێڵ و گومبرای نێو بازنەیەکی داخراو
مێرگی عەشقی من بەرگی زەردی پۆشیوە
پرسیارەکانی من
هێندەی چاوی زەریان
پرسیاری من ڕێبوارێکە
حاز بە نیشتمانی هیچ وهلامێك ناکا
هەرگیز ئالای سپی هەڵناکا
نە عەقڵ و نە حەدس و نە خەیاڵ
هیچ کام
پەی بە میتافیزیقای بوونی من نابەن
هیچ کەس
پەی بە باغی نهێنییەکانی من نابا
میوەی نهێنییەکانی من
تاڵن ... تاڵ ... تاڵ
ئەی میهرەبانی میهرجان
ئەی جەنگەڵی بەختیاری
تۆ ئەی خودای من
ئەی ئازیزتر لە ژان ، ئازیزتر لە خۆم
ئەمێستا
من ڕێبوارێکی شەکەت و ماندووم
تۆش ڕاکشاوی سەر پێخەفی شادمانی
لەمێژە پر بەدڵ ئاواتی مەرگت هەڵدەخوازم
ئاواتی ئاو ساتەی
دەست دەمێمە بینەقاقات و دەتفنکێنم
خوێنەکەت وەك شەراب نۆش دەکەم
کاتێك تۆ دەمری
من ئازادی ئازادم
گۆرێك هەڵدەکەنم هێندەی دڵی خۆم
تۆی تێدا دەنێژم
ئاسۆی گۆڕەکەت تراویلکەیە
پێخەفی ئاو ڕیشمینی گۆڕەکەت بەردی ئاسنە ،
ئاسن
سوڕەیای گۆشکەکەت
ڕێی گۆڕەکەتی نیە
جامی چل چلیلە و ئاڤ دەری ئالتوونی
ڕێگەی گۆڕەکەتیان نییە
گۆڕەکەت
وەك دڵی من تاریکستانە

تاریکستان
تەنها دوو چرا دەگرێن
دوو چاوی گەشی کرمی ئالتوونی
کرمە ئالتوونییەکان
دەمیان کە وەك دەمی تۆ وردە
دەم دەنێتە جەستە سپییەکەت ،
ڕۆحە پاکەکەت
دەکرۆژن
دەم دەنێنە سەرچاوەی جوانیت و
دوا چۆڕی دێنن
ئێسك و پروسکت
دەکەنە تۆپشووی سەفەرێکی سەخت
کرمە ئالتوونییە برسی و تینووەکان
بۆ هەمیشە لە بۆنی تۆ تێردەبن ، مەست دەبن
مێروولە زەردەکان پاشماوەی ئێستان و کفنە زەردەکەت
بۆ ناخی ناخی دۆزەخ دەبەن
ئەی شانازی
ئەی خۆشترین ئاواز
کاتێك بۆ هەمیشە لە گۆڕی تەنگ و تاردا دەتنێژم
جەستەت کرمێ دەبێ ،
کاتێك تۆ دەمری
من شایی سازدەدەم
گۆڕگەرم دەکەم
تا دەتوانم شەراب نۆش دەکەم
ئەو کاتەی دەمری
قومری ڕۆحم ئاوازێکی خۆی ، خۆشتر لەجاران دەچڕێ
بەرەو بیهانی فراوانی ئەندێشە
دەدەنە باڵ
ئارەزووە دوور خراوەکانی تاڵاوگەی ئەبەدی و
خاونە تۆراوەکان
بۆ هەمیشە بۆ نیشتمانی جەستەم دەگەڕێنەوە
جەستەم بەختیاری لە ئامێز دەگرێ
کانی شیعرەکانم دەتەقێن
پاساری خاونە نازدارەکانم
بالەفڕیان پێدەکەوێ
خۆری مەحەبەت ، جوانتر لەجاران هەڵدێ
مانگی عەشق هەرگیز ئاوا نابێ
بەفری غەمێکی سپی دەتوێنەوە
گرێ کوێرەی دەربەدەری و پەنابەندەیی
دەکرێنەوە
هاوڕی گومانێك دەڕموێنەوە
من هاوچۆنێك دەمم با بێم
بەو مارجەی تۆ بمری و من ئازادبم
ئەمێستا خاو بە مەرگتەوە دەبینم

هەوالنامەی کۆڕ

شاوی یەکەمی مارگت !
جوانترین بەرگی جاژن دەپۆشم
بە مارگت ماست دەبم
گاهـ پێدەکەنم
گاهـ لەخۆشیانا دەگریم
پەنجە بچووکەکانم
لەنێو قژمدا ون دەکەم
ئاواز دەچڕم
سەمادەکەم
لەسەر لوتکەی چیاکان ، ئاگرێکی گەش
ئاگرێکی نەکوژاوە هەڵدەکەم
مژدەی مارگت
بە جەنگەڵ و کەرمی ئەم کەرمستانە
وەحشی ئەم وحوشستانە
دەدەم
بەراتی مارگت
بەسەر منداڵە گوڵ فرۆشەکاندا
دابەش دەکەم
ئای ! ئەو شاوە شەراب نۆش دەکەم !!
شاوی دووهەمی مارگت !
وەک سەرخۆشێکی پیر
لەسەر شۆستەی قور و لیتاو
بە جلاوە دەڕووم
لەدەرگاکان دەدەم
دەمچە پڕۆخ زەریا
نامە شیرینەکانت
بەدەم ئاوەوە دەدەم
دەیانکەمە خۆراکی ماسی
بەپاکی زەریا
وشەکان دەشۆمەوە
چاو دەشۆم
یادە تاڵ و شیرینەکان
لەنێو سەبەتەی نێرگز فرۆشێکدا
بەسەر بەردەکاندا دەبەنشمەوە

شاوی سێیەمی مارگت !
دێمە سەر گۆڕەکەت
وێنە فۆتۆگرافیەکەت دەسووتێنم
چەندەهەمین سالی خۆشەویستی و
دەفتەری یادداشتەکان
لە یادمدا دەمرێنم
بە نەمانت ، بە مارگت ، ماستی ماست دەبم
گاهـ پێدەکەنم
گاهـ دەگریم
دەگریم ، تا ئاو ساتەی دەبمە گریان
بەرەو ناخی خۆم
هەنگاو دەنێم
لەبۆتەی خۆمدا دەتوێمەوە
ئەی فریشتەی من
کاتێک تۆ دەمری من ئازادم
خۆزگەی خۆزگەم بە کرمە ئاڵتوونیەکان
کە مامکە سپیە قوتەکەت دەمژن
خۆزگەم بە مۆرانە و مار و مێروو
کە جەستە گوناهبارەکەت
دادەڕزێنن
سەر دەفنانە سەر باسک و
سینە نەرمەکەت
بۆ هەمیشە بۆن بە جەستەتەوە دەکەن
خۆزگەم بە کێڵ و خاک و خۆڵی گۆڕەکەت
کە بۆن بەدوا هەناسەی پەشێمانی و
ماوازی ژانە نەبەدییەکانتەوە
دەکەن
ئاواتی مارگت دەخوازم
کە تۆ دەمری
من ئیدی ئازادم ، ئازادم ، ئازادم ...

تورکیا ـ کانەدا
١٩٨٩ ـ ١٩٩٠

هەوالنامەی کچێ

١٩٩٩

دالی مێژووە و
چرنوک لە عومری کورتی ڕۆژ دەگرێ
پێکەنین هەنیسک دەدات و
لەئامێزی دڕک ڕێژی خاونا دەمرێ
دەمەن و
شەپۆل و
ئەستێرە .. ماچ دەچنن
گرێ هاڵواسراوەن لەبۆشاییدا کوێردەبن
سپێدەی سادەیەک
خوناوەی سەرپەاڵکی بەرژانگی خۆر دەڵێ ئا
ئەمڕۆ
یەکی یەکی یەکە
ئەستێرەی مێژووە و دەدرەوشێ
من لەدایک دەبم
شەو دەمرێ
کۆترمکان لە جەنگاڵی قژی ئاگرما هێلانە چێدەکەن
تۆ لەدایک دەبی
گیان دەبرێ
هاوڕ پشتی دەکاتە کەشتی یەک
من و تۆ
لەدەریای بارانا یەکەمین گەشتی دوور
بەرەو گۆپکی مەمکی یەکەم شاخ سازدەکەین
یەکی یەکی یەکە .. و
داس لەگاڵ گەنمدا لەشایی سەپانی حەزمدا
ڕەشبەاڵک دەگێڕن
گیا لەگاڵ ئاونگدا پێکەوە جێ ژووان بۆ خوا و مەریەم چێدەکەن
چاو دەبرێ
دار تاڵی شەقام و
بنمیچی ماڵەکان پڕدەبن لەهێلانەی سوێرەو
کانیشقانی جەستەم دەبێتە هاوارگەی دڵانی مەرگ بردوو

نەفشەیەك لەسەرما چێدەبێ
یەكەم شاخی مێژوو
یەكەم بەرد ، یەكەم گوڵ ،
یەكەمین ئەستێرە و یەكەم خۆر
یەكەم ڕانە مەڕ و
یەكەمین شاخ نشین دەكرێتە باوەشی
ئاونگی چاوم و
دوا گوڵی ئەم وەرزە ، لەسنگی دواڕۆژی ساڵ دەدەم

▿ ▿ ▿

سات .. ج ساتێكە
ساتی هەڵواسینی كۆرەكەی خوا و خاتو مەریەم
چاوەكان وەك چرای دارتاڵی شۆستەكان شۆڕین .. و
زەدەقیان لە تابلۆی - منداڵ بوون - چووە
ڕەسمی ئافرەتێكی سەدسالە و
سەرێكی خبری وێنەی گۆڕی زەوی
كلیلی ئەم دەرگا شوشەیە ونبووە
تەماشا ..
دووپشكی سەعاتی ئەم گێژەلاوژەیە
بە جەستەی شیرەوە دەدات و
نامرێ
نەشتەری ژەنگاوی لەمێژین
ماڵ بە ماڵ
سەردەكا بەدەرگای بریندا
زام بە زام ماچ دەكات
تەماشا ..
بەدەوری كانیاوی بیر و ڕابردووی ونبوونا
ماسییەكان هاڵ دەقوڵن
بیرم دێ ..
یەكەم خەون .. منداڵ بووم .. لەزیندانا بینیم
یەكەمین پرسەی لەدایكبوونم كاتێ گرت
چواردە مۆم لەچاوما كوژێنرایەوە و ..
چواردە جگەرە لەسەر پێستما خامۆشكرا

▿ ▿ ▿

!.!.!

پرسە بۆ بوون و
جاڕێ بۆ مەرگی ئاوان دەگێڕم

!.!.!

مەریەمەكانی مێژوو دووبارە عیسایان دەبێ
لە جاڕنی بونیا
خۆشەویستەكەم
منیش تەنها چاو بۆ تۆ دەگێڕم

١٩٩٣-٢-٢٦

- سوید -

هەوالنامەی کتێب

قیژە

بە پالتۆیەکی ئەستوور و شەپقەیەکەوە ،
بن درەخت و بن درەختی شەقامە زستانی یەکانی کییف دەگەڕام
درەختەکان سەریان نایە بن گوێمەوە :
- تۆ خەلکی کوێ ی ، وا غەمباری ؟!
- بلێ ی قیژەی نیشتمانێکی سووتاوتان نابیستبێ ،
وا میللەتێك بە بریندی کۆن و نوێوە کرم خواردی !!
خۆم گەیاندەوە ژوورەکەم ،
جووتێ کۆتر سەریان نابوو بەیەکەوە و دەنووکیان ،
لەپەنجەرەی ژوورەکەم دەدا :
- کاکە ئەوە ، بۆ باتەنیا دانیشتووی ؟!
چەند هەنگاوێك لەولای تۆوە کۆڕی سەما و تریقەیە !
- بلێ ی کۆترێکی لانەوازی ولاتەکەم ،
لەبەر شەڕ و هەرا تەنیا جارێك بینی نەکەوتبێتە لاتان ؟!
چوومە هۆڵی سەماکەوە ، دوور دانیشتم
شەو درەنگێ ، هەر بەتەنیا گەڕامەوە ،
بەرچاوم دووکەڵ گرتبووی !
لە گیرفانەکەی سەر دڵم ، نامەیەکم هێنایە دەر :
(چەندەم جارە ،
دوژمنی هار گوندەکەمی سووتاندەوە ؟!)
هەر بە پالتۆ و پۆتینەوە ،
خۆم هەڵدایە سەر نوێنەکەم :
(ئەوا ئێستا بەسەر وڵاتی شیرینما دێم و دەمچم)
گەر نیوە شەو دەنگی دەرگاتان کوێ لێ بوو
لە شیرین خەودا ڕاپەڕین .. مەشکەژێن
ئەوە بالدارێکی گێرگرتووە !
بەسەر ئەو هەموو سنوور و شووڕە و کۆسپ و
گەلەگورگ و پۆلیسەدا ، هاتۆتەوە !
بەیانیی زوو ، هەر کامێکتان دەرگای حەوشاتان کردەوە
ئەگەر مشتێ خۆڵەمێشتان لەبەر دەرگاکەدا بینی
تۆخوا ئەکەن پێ ی پیابنێن ، ئەوە دڵی منە
دڵەکەی من ،
مەگەر هەر ئاوها بێتەوە ، ناتوانێ .. نا !

زستانی ۱۹۸۹ - ئۆکرانیا - کییف

گیشمەگیش

مرۆزا ،ئێستا وا دەروا ،بیردەکا
بەڵام ساتمەدەکا
من ئەگەر ڕابردەمخوازبم
چم پێ دەبرێ ؟!
ئەسپی ئەسکەندەر و
هاڕەمی فیرعەون و
شوورەی چین و
خۆڵەمێشی هێسکان
حەمبارەسوتی جلکان
بۆنسۆی یادگاران
بەهەش گیرانی مەڵەکەتان
مرۆزا ،ئێستا هەر دەروا و دەروا ،بیردەکا
بەڵانەکێنێ ،ساتمەش دەکا
من ئەگەر ئایندەخوازبم
چم پێ دەبرێ ؟!
ئاسن و ماسن و نازانم .....
گەردوونگەڕی و نازانم .....
ئاژەڵ چاندن و نازانم .....
خەون
خەونی لەشی دەردنەدیتەیە
خەونی ژینەوە
ئاسۆی بێ تەووب
بەهەشتی بەردەستان
ئێستاخوازم ،دەڕۆم و بیردەکەمەوە
هەندە جاریش ساتمەدەکەم
بەگاران منداڵان دێنەکایەوە
گوڵە نازنازی ناو مەرکانی تەنەکە ،ئاودەدەم
ئاودەسفانەی کون گیراو ،دەکەمەوە
دەنکەوم و پرخەم وەک ماتۆرە
(ئایندەناسی) یش پێویستترە و پتریش

٢ ـ ٨ ـ ١٩٩١

* مرۆزا : ئادەمیزاد ، مرۆڤ زادە
* حەمبارەسوت : جل و قوماشی کۆنبووی داپزیوی عەمباران
☆ژینەوە : ئاوی حەیات
★بەڵانەکێنێ : بەڵام

هەولێر کتێبخانەی

خۆر و شەوگار

- ١ -
خۆشخوان

- نەمزانی بۆ ئەمجارەیان
چەندم گوێ هەڵخست سترانی پیرە خۆشخوان
بڕۆی پێ جووت نەکردم و نایهاژاندم .
فرمێسکی دووری و غەریبی پێ نەڕژاندم .
پەنجەرەیێکی لە ڕووداو نەکردماوە .
بۆ هیچ زمان و شوێنێکی نەبردماوە .
- نەتزانیوە ؟! .
ئەم سترانە
کانیاو ئاسا
لەخۆ ڕا هەڵنەقوڵاوە .
خۆری پاش شەوگاریش ئاسا
بەئاسایی
پرشنگی لەشار نەداوە .
پیرە خۆشخوان
سترانی ئەمجارەی بەزۆر پێ گوتراوە .
دەرکەوت ئاوێش
قەڵەی هەمان زنجیری لەمل ئالاوە .

- ٢ -
بلوێر ئەنگێو

- هاپۆ ئەمجارەش
بلوێر ئەنگێوی ئەم شارەش
هاوڕی تاریکی خەمی ڕانەدام .
تازووی ئۆخژنی پێدانەهێنام .
دیواری شاوی دوو ڕووەڕێژی خەڵکی پێ نەڕما .
دار و باڵندەی نەخستە سەما .
- کەواتە بۆڵە بکاوەوە ڕێ .
دیسان شاربەشار ،
هاوار بەهاوار وواڵت بگەڕێ و
هەتا نەگەیتە بلوێر ئەنگێوێ ،
تەلیسمی شاری مۆمیا دەشکێنێ و
هەتاوی سۆزی سترانەکانی
شەوگاری تاڵ و سامناک دەنگێوێ
خورجەت دامەنێ .

- ٣ -
شەشالۆن

- دەرۆیش عەبدوللا هاوار .
ناخ نێچیری بریندارە .
ناخ داربەڕووی کلۆڕە و ڕووخساری بەندیی
پشت شیشی دەرگا و پەنجەرەی زیندانی قەڵای خونکارە .
ناخ ، شەوگارە ،
چادرگا و دۆزەخە دەرۆیش .
ناخ ، بۆتە مشتێ خۆڵەمێش .
دە بەگوریت بم شەشالی ئەفسووناویت
بەلێوەوەنێ و ستران و ئاوازێکی خەمڕەوێنمان بۆ بژەنە ،
کۆڕەی پەریوەی هەمیشە بەرێگاوەین ،
پەریوەی لانک شکاوین ، ڕامانژەنە .
مشتێکمان خۆری گەشبینی بۆ بهێنە .
تۆزێکمان بەختەوەری بۆ بخولقێنە .
- شەشالۆژەندنی چی گاڵۆ
کوا شەشالی لەسەدجێ شکاو ئاواز و ستران دەڵێ ؟!.
کوانێ دەست و پەنجەی قوتکراو دەمووڵێ ؟!.

١٨٨٩

کەوتنی ژمارەکان

ڕەنگە ئەوەیان بیستەمین جار بێ ، زیاتر و کەمتر نا .. بیستەمین جار .. دڕاندنی بیستەمین دەفتەری تەلەفون ، کەوتنی .. لەناوچوونی سەدەها ژمارە ، دڕین و سڕینەوە و کاڵبوونەوە و مردنی سەدەها ژمارە ، مردنی سەدەها ماردووم ، نەمانی ژمارەی تەلەفونی ئەو خۆشەویست و خزم و دۆست و هاوڕێ و هاودەم و یاوەرانەی وان لەم شارە و شارەکانی تر .. ئەوانەی خۆشت دەویستن .. خۆشیان دەویستی .. هەندێ لەوانە مردن ، نەمان ، کۆچیانکرد ، تۆیان لەیادکرد ، جاران هەر ساڵ و یەک - دوانێک ، ئەمێستا هەر مانگە و بگرە هەر هەفتەیەک و ... نا .. بگرە هەر ڕۆژە و یەکێک لە ژیانتا ، سیمای لە ڕۆحتا ، ڕێنەی لە میشک و ... دڵتا دەسڕێتەوە ، سەردەمی بەرژەوەندییە و تۆ نیتە ، هاوڕێیانی سەردەمی منالیی ، ڕۆژانی نەهامەتی و برسیەتی ، برادەرانی عومری جێلیی ، ئەوسای هەرزەیی ، جاران هەر سێ ساڵ جارێک دەفتەرەکەت تازەدەکردەوە ، لە دەفتەری تازەدا کۆمەڵێ ژمارەی کۆن دەسڕدن ، ژمارە و ناوی تازەش هیچ .. ئەمێستا پەرێشانییت ، لەم شەش ساڵەی دواییدا هەر چوار پێنج مانگ جارێک دەفتەرەکەت دەدڕیت و کۆمەڵێ ناو دەخەیت ، ناوی هاوڕێ و نازیزان لەناودەچن ، کەوتنی هەر ژمارەیەک مردن و کۆچ و ماڵئاوایی و لێک دابڕان و غەدر و خیانەت و لەدەستدانی دۆستێک ، خزمێک ، برادەرێک ، ئافرەتێک .. لەوە دەچێ بۆ لەماو دوا هەر مانگە و دەفتەرێک بگۆڕیت ، ڕەنگە ئەمساڵ دوا دەفتەر بدڕیت و چونکێ دوا ژمارەی کە پێویستت پێی نابێ ژمارەی تەلەفونی خۆت بێ ، زۆر دەترسیت دوا کەس خۆت لەگەڵ خۆتدا پەیوەندی بپچڕێنیت ، ئەو پەیوەندییە شیرینەی خۆت لەگەڵ خودی خۆتدا هەتبوو .. وەی لە مەینەتی عومری تەنیایی .. وەی لە دونیای بێ مروەتی ..!

ئەمساڵ ژمارەیەکی زۆرت سڕییەوە ، ژمارەی خاڵە هەباس - یشت هیچ .. بۆ چیتە کە ناتناسێتەوە ..؟ هەاڵو خاڵە گیان .. هەاڵو .. هەاڵو .. دەنگم کزە .. نا لێتەوە دوورم ، سەدان کیلۆمەتر ، دەمێکە دەنگت نییە و بیرت دەکەم .. قەرزارتم .. نا قەرزار .. قەرزی دوکانی چی ..؟ من قەرزاری جەژنانە و ماچەکانتم ، لاوانەوەی جاران ، قەرزاری حەلوا و نوقڵ و نوکتە و ئەو کەمانچە شکاوەی کە هیچ ئاوازێکی شیرینی لێوە دەرنەدەهات .. نا .. نا .. من دەکەاڵم ... کەماڵ بەگی چی ..؟ من خوشکەزا ناشیرینەکەی خۆتم .. پڕوژە و پارەی زێرابەکان ؟ .. تێت ناگەم .. قەرز و قازانج چاک سەریان لێ تێک داوی .. نامناسیتەوە .. چۆن ..؟ خاڵە گوێ بگرە .. من باسی قەرزی ئەو میهرەی جارانت لەگەڵ دەکەم .. هی سەردەمی منداڵیی .. ئیشم پێتە ..؟ نە بەوظاڵ .. وتم من کەماڵ بەگ نیم .. کەماڵە چلمنم .. نا .. کەماڵ ..... بوەستە .. دایمەخەرەوە .. با بڕوا .. تف لە دەفتەری ژمارە نەفرینەکان .. هەروا ماماکانیشت ، پووڕمکانیشت .. خاڵۆزا و پووڕزا و ئامۆزا و خوشکەزا و برازاکانیشت .. ناوی تۆ ، دەنگی تۆ ، ڕەنگی تۆ تێکەاڵ بە ئاو و دەنگ و ڕەنگی قۆنتەراتچی و

قاچاغچی و بازرگان و سووخۆر و قەرزار و لۆتی و دەییوسەکان دەکەن ، خزمانت یەکەیەکە لەبیرت دەکەن ، ناتناسنەوە ، بوویت بە کەولە کۆن ، کەوتنی ژمارەکان ، کەوتنی .. دۆرانی ئادەمزادەکان ، سیرینەوە ، کالبوونەوە ، مەرگ .. مەرگی جاستە ، مەرگی ڕۆح .. باچی دەچێ کە خۆشەویستی نەمێنێ ..؟ کەوتنی ژمارەی ئاو کچانەی لەبری شاهۆمت لەشیعر دەدوای ، لەبری مەمکدان لە ڕۆمان ، ژمارەی تەلەفونی هاموو ئاو شۆخانەی بە ناوی خۆشەویستییەوە لەگەلتا دەدوان - (وەی لە بریسکەی چاوانی پیر عیشقت ، وەی لە لەرەی دەنگی پیر میهرت ..!) هەر سالە و یەکێکیان دەیفرۆشتیت ، لەسەر تەلەفونەکان بۆیان دەگریایت ، دەتنالاند .. دواجار بێ شەرمانە دەتبۆڕاند ، لەهاموو شوێنێك ، لەمالی ئاو برادەرانی بەدەست و پانجایەکی لەرۆکەوە ژمارەکانیت دەچەرخاند ، لە تکای تۆ .. ئاهی گەرمت تەلەکان دەتوانەوە ، لەنێو سندووقی سەر جادەکان ، لەژێر بەفر و باران ، گیرە و هەتاوی هاوین .. یەکە یەکە پێت دەوتن - (ئاخر خوا هەلناگرێ هەر سالە و یەکێك بمخاتە دوای خۆی و پاشان لە شاقڵەی بالی دا و بفڕێ ... نازەنین ، هەلاڵە ، پەری ، نازدار ، بەفرین ، ئاورنگ ، گەلاوێژ ، مریەم ... دە تۆ گوێ بگرە .. دەبا من دوا عاشقی نەفام و یاغنیشی ئەم دونیایە بم ، بەجێم مەهێڵن .. بەجێم مەهێڵن .. کە بۆت دەگریم بەسووك و لاوازم مەزانە .. ئاخر غەدرم لێدەکەن .. ئاخر وا نییە .. تەنها ڕۆحە بێ گەردەکان .. چاوە پاکەکان دەتوانن بگرین .....

دواجار زانیت - (تۆ چەند ئەحمەقیت ..!) وایان پێ وتیت .. لەم سەردەمە سپلەیە وەفا کەرییەتی و عیشقیش ملکەچییە .. با بمرێ ژمارەی زۆری خۆشەویستەکانت ، چەندە بێ ئاگا و بەستەزمانیت .. کێ ماوە ئیمبرۆ باسی شیعر و زەردەپەر و خورەی چەم و خەمی خەزان و نرکەی دەریا و جریوەی ئەستێرە و مۆسیقا و هەناسەی ساردی سەردەمی منالیی بۆ خۆشەویستەکانی خۆی بکا .. کێ ماوە نەگبەت .. کێ ..؟ نا .. ڕۆژانی تۆ بەسەرچوو .. گوزەشت .. مانناوا لەتۆ .. لە خەونەکانت .. لە تراویلکەی بەر بایان و نێوارانت ، مانناوا ئەی عاشقە ڕووتەی هیچ نازان .. ئەی بێ ئاگا لە ژمارەی پیلان و پڕۆژەکان ، ئەی ئاو ڕۆمانسییەی وات دەزانی مانگ کچێکی ڕەنگ زەردە و بەدوای عاشقەکەیدا وێڵە .. هەتەر و دەربەدەرە .. وەرموە هۆش خۆت ، ئاو کچانەی تۆ باسی سەدای ڕۆحی خۆت بۆ دەکردن ، مروەت و پاکی .. تەلی تەلەفونەکە گوێی لێ دەگرتی .. وطێ ئاوان نا .. ڕۆحی کارمبا گوێی دەگرت و ڕۆحی ئاوان نا ، هەر ئاو شاوە دوای تۆ بازرگانێك ، قۆنتەراتچی ، سووخۆرێك باسی سوخمە و سووتیانی بۆ دەکرد .. ژێرکراس و .... کاوش و ... دەرپێ .. چ ڕەنگە و گوڵەکەی وا لە کوێ .. دواجاریش بەخشەی دینار ، زرنگەی لیرەکانی داپیرەی .. لیرەی میراتی مانناوایی لێ دەکردن .. با بمرن ژمارەکان مادامەکێ بریسکەی چاوانی تۆ بە بریسکەی ئالتوون دەڕۆنەوە ، بگری بۆ خۆت ، با کەمتربێتەوە ژمارەی حەزەکانت ، دۆستەکانت ، ژمارەی ئاو ژنانەی لە مێردەکانیان دەتۆران و خۆیان داوێشتە ئامێزی تۆ .. کۆنە یار و کۆنە دۆست .. تۆش لەبری ئاوەی لەگەلیان بخزێیتە ژێر لێفەیەك فرۆید - یانە لە پەیوەندی ناڕێکی نێر و مێ دەدوای ، نوشوستی توخمی ژنان ، سروشتی ناجۆر .. گرێی ئۆدیب ، ئالیکترا .. هەڵەی هەڵبژاردن ، داڕووخانی بەها پیرۆزەکان ، دەستوورە دەستکردەکانی توخمی نێرینە ، کەفی خوێن ، تاقینەوەی گیرکانی شاهۆمت کپکراوەکان ، ئاو ژنانەی سکالای باوك و برا و مێرد و دەستگیرانەکانیان لای تۆ دەدرکاند ، سەریان دەشتە سەر شانت و دەگریان ... وەك بڵێی شانی تۆ هی ئاوە بێ ئافرەتە ڕووخاوەکان بەسەریا بگرین .. ئاوە شانی تۆیە یان دیواری خووساوی بەر بارانی فرمێسکی ئافرەتە دۆڕاوەکان ..؟ دەتوت - (پێم ناوتن پیاو ترسناکە .. پێم ناوتن ..؟) پێیان دەوتیت - (بڕوامان نەدەکرد مامۆستا .. وامان دەزانی غیرەت هەیە و بەغیلی بەتوخمی پیاوان دەبەیت ..!) دە بیخۆ .. جێیان هێشتیت .. هەموو ئاو کچانەی دەیانوت - (هاوڕێیەتی پیرۆزە مامۆستا .. بێ تۆ هەلناکەین ، شوودەکەین و بەوطلاً لەبیرت ناکەین ، حەز لە کوڕی تر دەکەین و لەیادت ناکەین .. چۆن لەبیرت بکەین ..؟ قسە خۆشەکانت ، وێنەکانت ، ئاو شیعرانەی هی تۆ بوون و کوڕان بەناوی خۆیانەوە بۆیان دەناردیت .. چۆن لەیادت بکەین مامۆستا گیان .. بەساقەی نوکتەکانت .. وەی لە تۆ .. لە قریوەکانت ..!) ، بۆ خۆیان وت .. لەبیریان کردیت .. ئاوان کچانی سەردەمێکن .. سەردەمی سپرینەوەی سیحری یادە شیرینەکان .. ژمارەیەك ، دوو ، دە زرنگەی زەنگی

تەلەفونە و پیاوێکی دەنگ گر هەلیدەگرێ ، دەبێ کێ بێ .. باوک یان برا ، مێرد یا دەستگیران ، دۆست یا خیانەتکار ، پوورزا یان هەتیوێکی لابەلا ...؟! هەلاو قوربان .. شیرین ئەگەر لەوێیە ، هەلاو ... نازدار .. بەڵێ گوڵاڵە - م دەویست ... شوویکردووە .. نا .. ڕانابوێرم .. فاتیمە .. پاکیزە، گوڵزار .. پەری .. مەهاباد .. تکایە .. قوربان .. پێی بڵێ مامۆستا (کەمال) بانگت دەکا .. کەمال نا قوربان .. کەمال .. ببورە .. جێو مادە .. دایدەمەوە .. کلاشی چی .. براکەم خۆی ئەم ژمارەی داوماتێ .. بیری دەکەم .. ئاخۆ لە مالەوش هەروا زیت و زیرەکە .. نا .. هەمیشە خۆی تەختەکەی بۆ دەسڕیەوە .. بەلاقرتێوە پێم دەوت - (دەبا تۆز لە بالاکەت بنیشێ ..) من دڵنیام ئەوانیش حازدەکەن گوێیان لەدەنگم بێ ، من دەزانم .. بەسەری هەردووکمان ڕانابوێرم .. شوویکردووە ..؟ بەخێر و خۆشی .. چاکە .. هەلاو .. هەلاڵە - م دەویست .. بۆ نامەردم کاکی من ..؟ باشە .. دایدەمەوە .. هاوار مەکە .. هەلبەت خوشک و دایکم هەن .. نا .. نەخێر .. من کابرایەکی زۆر شارستانیم .. جرت مەکێشە .. جوان نییە .. بەڵێ من دڵنیام و دەزانم چۆن هاوڕێی خۆیان هەلدەبژێرن .. من بێ ئەخلاق بم ..؟ خوا کارت ڕاست بێنێ .. بەهەرحاڵ من ئەوە نیم کە تۆ تێی گەیشتی .. لە تیاترۆخانەش نیم .. دەبا ناوونیشانی خۆمت بدەمێ .. هەڤتە .. ڕاستە جوان نییە .. بمبورە .. پاریس نییە .. وایە .. جوان نییە ... پیاو داوای ئافرەت بکا .. تۆش ... هیچ ....

با بەرێ ژمارەکان .. ژمارەی ئەو کچ و کاڵانەی تۆ ڕۆحی خۆت .. خۆشەویستیت پێ بەخشین.. لەوبە تۆ گالیسکەیەک بیت .. هەریەکەو لە شوێنێکدا .. هەریەکەو قۆناغێک و دابەزێ .. چاوەڕێ بە .. چاوەڕێ .. ڕۆژێ دێ گۆشتی لەشت هەلاهەلا هەلوەرێ و .. «با» بەنێو پەراسوو هکانتدا بێت و بچێ ، مێروولەش هێلانە لەنێو چاڵی چاوانت خۆش بکەن .. مالئاوا ئەی خاڵە خاوێنەکانم .. جاران .. ئەمێستا نا .. جارانی پاکی و جوامێری .. ئەمێستاش بوون بە قاچاغچی و سووخۆر و بازرگانی یاردە کۆرت و بەقالی تەرازوو خوار و لاسەنگ .. مامەکانم مالئاوا .. مامانی ڕۆژانی مەرددی .. کە ئێستا ناوی من لەگاڵ ناوی قەرزارەکان تێکاڵ دەکەن .. برا و خوشکانی خۆم مالئاوا .. ئێوەش گێرۆدەمن .. گێرۆدەمن بەدەست کۆرەکانتانەوە .. ئەو کۆرانەی دەرگای قوتابخانەکان دەشکێنن تا فلیمێکی ڕووت ببینن .. گێرۆدەمن بەدەست ئەو کچانەی لە دە سالییەوە هەموو دەستوورێکی دڵداریان ئەزبەرە .. مالئاوا لە هەمووتان .. من دوا کەسێکم ، دوا دەبەنگێک ، گاڵجوێک .. نەفامێک کە هێشتا وا تێدەگەم بەگێرفانی بەتاڵەوە دەتوانین یەکدیمان خۆش بوێ .. ج سەردەمێکە کە هەموو شتێک بۆتە ژمارە .. ژمارە .. ژمارە .. ژمارەی پرۆژە .. پیلان .. پایە و پلە و پارە .. ژمارەی مێردەکان .. ژمارەی ژنەکان ، ژمارەی پێک .. کاغەزەکانی قومار .. قومار .. جۆرەها قوماری سەر زەمین و ژێر زەمینەکان ، هەلبەت تا ژمارەکانی دونیای دەرەوە زیاتربن ... ژمارەکانی نێو دەفتەری تەلەفونەکەی تۆ کەمتر ... کەمتردەبنەوە .. تا دواجار دەفتەرێکی سپی .. سپی دەفنایە بەر باخەڵت و جاروبار بێ ئاگا لەخۆت و لەدونیای سپلە دەری دەهێنیت .. تا لەدەرەوە .. لەشارانەوە .. لەسەر شۆستە و لەژێر چاتر و نێو کابینەکانەوە ، لەنێو سندوقی ژێر پردەکانەوە ، لەبەردەمی پۆستخانە و لە ئوتێلەکانەوە دەفتەرەکە دەدرێنی تا تەلەفون بۆ کەسێک بکەیت ، نیرێک ، مێیەک ، خزمێک ، دراوسێیەک ، کۆنە حازێک ، قوتابییەک ، دووڕە دۆستێک ... دەفتەر سپیە و ژمارەی تیا نەماوە ، لە دەفتەری سپی وەک دڵت .. پاک وەک ڕۆحت بیزاردەبێت ، بیزاردەبێت و پیری دەکەی لە ژمارەی درۆ ، هاوڕێی درۆزن ، دۆستی ساختە .. ئەوانەی هەرگیز تۆیان نەدیوە .. تۆش نەتدیون .. زرنگەی زەنگی تەلەفونە و ماچیان بۆ دەنێریت ، خۆت دەکەی بەبرادەر ، خزم و خوێ ، دەستگیران ، مێردی میرخاس ، برای وەفا ، کوڕی هەڵەتە و دوورمووڵات .. کەچی ئەوان بەڕووتدا دایدەخنەوە ، ماچ ڕەوانە دەکەی ، قسەی شیرین ، شیعری ناسک ، مۆسیقای سیحرئامێز .. کەچی ئەوان بێ مرۆمتانە تفت بۆ دەنێرن ، جنێو ، قسەی سارد و سووک ، گێری تووڕە ، هاواری گومان .. دواجار دەفتەرەکەت دەدرێنی .. چی لە دەفتەرێک بکەیت کە کەسێک .. خۆشەویستیکت پێ نەناسێنێ .. هەناسەیەکی گەرم ، ئۆخژنێک ، گفتێکی شیرین ، وادەی ژوانێک ، دڵێکی پڕ میهر ، سلاوێکی دڵتەزێن ، ماچی مالئاوایی .. دەفتەر دەکەیت و دەفتەر دەدرێنیت ، دواجار ، ناچار ، دەخوازی ژمارەی تەلەفونی هاوڕێ مردووەکانت بێنەوە یاد .. نا .. هی (مچەت لەیادە .. مچە کە زێی (ئاسکی کاڵک) خنکاندی ، ئەو زێیەی بەمنالی فێری مەلەی کرد و

بەگاورەیی خنکاندی ، وای لێهات .. چ سەردەمێکە ..؟ هەتا زێ و چەم و جۆگەلە و دەریا و ڕووبارەکانیش سپڵەن .. دەیوت ـ (کامۆ .. من ئەو زێیەم خۆش دەوێ چونکێ فێری مەلەی کردم) دەتوت ـ (مچە ئەو زێیە بێ مروەت بووە ، هەر ساڵە و یەکێک دەخنکێنێ) دەیوت ـ (من .. نا .. منی خۆش دەوێ ، من بەقەد پەنجە تووتیەک بووم فێری مەلەی کردم .. ئێستا کە پیاوم چۆن خیانەتم لێدەکا .. منێک کە خۆمی بۆ ڕووت دەکەمەوە و مەلە لەنێو دڵیا دەکەم ...) .

مچە .. هەلاو .. مچە .. لەژێر ئاوەمیت .. پێم بڵێ تۆ ماسی دەخۆیت یان ماسییەکان تۆ دەخۆن ..؟ مچە من بۆیە تەلەفونم بۆ کردیت چونکێ لەم شارە .. نا .. بگرە لەسەر ئەرز کەسم نەماوە.. چارنییە و دەبێ تەلەفون بۆ هاوڕێ خنکاوەکانم .. بۆ دۆستە مردووەکانم بکەم ، مچە .. حەیاتم ئەگەر خۆت حەوسەلەت نییە تەلەفونەکە بدەرە ماسییەک .. هەر ماسییەک هەتیو .. دەمەوێ قسەبکەم .. قسە .. هەر قسەیەک .. بۆ دەنگت نییە مچە .. مچە هەلاو .. هەلاو درمغتەکانی لاڕێ و سەرشەقام .. هەلاو ئەستێرەکانی ئاسمان .. هەلاو گەلای مردووی بەر پێی پیادەڕۆکان .. پاسارییە نەسرەوتەکانی سەر گۆڕستانەکان و درمغتەکان .. بۆ دەنگتان نییە .. هەلاو .. هەلاو .. هە ....

هەلاو ئەمین .. نا ببورە .. ئەوسا کە من و تۆ مناڵ بووین ئەو گەرمکە دارتاڵیکی تیانەبوو .. نا .. ببورە تۆش زوو مردیت ، کۆکەڕەشە تۆی خنکاند ، مچە زێی ئاسکی کاڵەک خنکاندی .. تۆش کۆکەڕەشە ، منیش .. لەوە دەچێ وەکو ئێوە بخنکێم .. بەڵام من لە تانیایی .. لە بێ خۆشەویستیدا خەریکە دەخنکێم .. لەقەبری هەڵاتنی هاوڕێیان ، دۆڕانی دۆستان ، خیانەتی خزمان ، خەمی خاڵوان ، مردنی مرۆڤی مامەکان ، دابڕانی دایکان ، ڕمانی ڕۆڵەکان ، خەفەتی خوشکان ، بێ بەزەیی باوکان.. منیش وا دەخنکێم .. دەخنکێم .. نا مچە .. نا ئەمین .. عوسە ماوە و ... نەمردووە ، بەڵام ئەویشم لەدەست چوو ، ڕەویکرد ، کێی تر .. هەوالی کێ دەپرسیت ..؟ ئۆ هۆ و زۆڕیانم دۆڕاند .. نا .. ئەوان منیان دۆڕاند ، لێکدی تۆڕاین .. لەسەر شتی گەورە .. نا .. دروێدەکەم .. لەسەر شتی زۆر تیروهات .. کێ ..؟ عەلی ، سامەد ، حەمە ، سەکۆ ، فریاد ، خالید ، جەمیل ، سیامەند .... نا .. نا .. ئەوانە نەمردوون .. نەخنکاون ، بەڵام هەم خنکاو و هەم مردووشن ، ژمارەی تەلەفونەکانی ئەوانیش هیچ .. سڕیمەوە .. ئاخر لێرە نەماون ، ڕەویانکرد ، پۆل پۆل ، ڕەوە ڕەوە ، قەتار قەتار ، تاک و جووت .. منیان بەتەنیا جێهێشت .. ئا کۆچ .. کۆچ .. کۆچی بێ وادە ، کۆچی سوور .. کۆچی بێ گەڕانەوە .. بێ ئاوڕدانەوە ، عەلی وا لە لەندەن ، حەمەش ستۆکهۆڵم ، عوسە .. عوسەی نامەرد ژنێک و دوو منداڵی بەجێهێشتووە ، باوکە کت و کوێرەکەی چارەکەی جارانی هەر ماوە ، ئێستاش وا دەزانێ بە پارەی چەقۆتیژکردنەوە منداڵەکانی عوسە بەخێودەکرێن .. ئەم چوزانێ بازاڕ بەسەر چەقۆی ستیلدا وێران دەبێ .. من پێم وت چەند گەزۆیەک بخاتە سەر سینییەک و بیفرۆشێ ئەوەیان چاکترە ، ئەکرەم وا لە (بەرلین) ، ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی چی ..؟ مردووەمراو دوای تۆ دونیا سەرەوژێر بوو .. هەتیو دیوارەکە ڕما و هەردوو بەرەکە لێکی دا .. ڕەنگە هێتلەریش بگەڕێتەوە .. نا .. نا .. دوورمەبینە ، سامەد لە دانیمارکەوە تەلاقنامەی بۆ ژنەکەی ناردۆتەوە ، ژنەکەشی لە تۆڵەی ئەوە دەستی داوەتێ .. ئا خەریکە .. خەریکی چی ..؟ مردووەمراو قسەمەکە .. تۆ بۆ دەتەوێ ئاببرووی زیندووەکان بەرین ..؟ جەمیل ....؟ جەمیل وا لە سیدنی ، فریاد وا لەپاریس .. گوایە لە سینەما دەخوێنێ بەو نیازەی بێتەوە و فلیمی کوردی دەرکا .. ئا .. فلیم .. فلیم .. فلیمی شەڕە گەرمکی جارانمان ، بەڵام ئەو بزن مشکە هێشتا سوورە لەسەر ئەوەی وەکی جاران هەر خۆی کوڕە ئازا بێ و من و تۆش .. هەموو منداڵانی گەرەک ببینەوە ئەو پیاوە ترسنۆکانەی کە کوڕە ئازا دەیانکوژێ ، ئەم نازانی من و تۆ مردین .. دەمێکە .. مردین و کەسیش پێی نازانی ...

دواجار ڕاچڵەکیت ، لەودیو تەلەکەوە دەنگێکی گێر ـ (ئەوە تێکچووی .. فلیمی چی و کوڕە ئازای چی ..؟ بەناموومسم لە هەموو ژیانما وڕێنەی وا خۆشم نەبیستووە .. دایخەرەوە بێ عەقڵ .. بەڵام نا .. دایمەخەرەوە .. خۆشی بۆ ڕابواردن .....؟

تڤ لە دەفتەری تەلەفونە دروزنەکان ، ژمارە ساختەکان ، چۆن سووکت دەکا .. چیت پێدەکا ..؟ خوا هاوار قسە لەگەڵ کێ بکەی ..؟ وا دەمریت لە حەسرەتی ئەو وەعشات .. دەخنکێی لەقەبری ئەو غوربەت ... وەی بۆ دەفتەرێکی پیر لەژمارەی تەلەفونی خۆشەویست و دۆستان ، ئەمیان دوا دەفتەرە و دوا ژمارەی تیا نەسڕاوەتەوە ، ژمارەی تەلەفونی خۆت .. چی لێدەکەی ..؟ ماگەر خۆت

قسە لەگەڵ خۆتدا بکەی ، گوێ لەزەنگی زویریت بگریت ، هەر خۆت ئەحوالێکی خۆت بپرسیت ، بزانیت ئاخۆ ساغیت یا نەخۆش ..؟ مردوو یا ماویت ..؟ بەڵام قەت ناکرێ ببیت بە دوو کەس ، دوو لەت ، یەکێکیان لەم سەری دونیا و ئەوی دیکەیان لەوسەر ، ئەم مەڵ و ئەو مەڵ ، ئەم شار و ئەو شار ، ئەم شەقام و ئەو شەقام .. مەحاڵە بە دوو کەس بیت .. مەحاڵە .. دەبا دەفتەرەکە فڕێ بدەی ، فڕێی دە لەلا کۆڵانێک ، یا بەردەمی سینەمایەک ، مزگەوتێک ، یان بازاڕی کۆنەفرۆشەکان .. مەزاتخانە چۆنە ..؟ نێو چایخانە یا مەیخانە ..؟ یا نێو ئەو بازاڕ و کۆگایانەی دەمەو ئێواران بەنیازی چاوبازی پڕن .. سێنخاخن لە کوڕ و کچی جێڵ ، قەیرە و بێوەژن ، ڕەبەن و بێوەمێرد ، هەرزە و پیری کەنەفت ... فڕێی دە .. وەڵێ تۆ بڵێی لەژێر پێی پیادەڕۆ و ڕێبوارانی کەتەرخەم و ژن و پیاوانی بێ ئاگا ژمارەی تەلەفونەکەت کاڵ نەبێتەوە .. تۆ بڵێی نەسڕێتەوە ..؟ دەبا فڕێی دەی .. بەڵکو خواو ڕاستان یەکێک لەوان هەڵیبگرێتەوە .. ژنێک ، پیاوێک ، هەر کەسێک .. تەنها ژمارەیەک و لە دەفتەرێکدا سەرنجی ڕابکێشێ و قسەت لەگەڵدا بکا .. هیچ نەبێ حاز بەگاڵتە و مازاق بکا ، پێ ڕابواردن هەر خۆشە .. هەر خۆشە یەکێک هەبێ و پێت ڕابوێرێ .. هەر خۆشە ... دوای نەمانی هەموو ژمارە خۆشەویستەکان .. کەوتنی ، کۆچی ، مەرگی ، بێ مروەتی هەموو دۆستان ، دۆڕانی خزمان .. یاوەران .. نازیزان .. دە فڕێی دە و دوودڵ مەبە .. دەفتەری ژمارە نەفرێنەکان .. دە فڕێی دە .. فڕێی دە .....

(١٩٩٠-٥-٢٨)

هەوالنامەی کتێب



١ـ ٤

بۆ : م . ق

« دەبێ کۆتایی ژیانم لەناو ئەم ئاسندرکانەدا ، چۆن بکەوێتەوە ! »

خۆی خودی خۆی دەدواند .

« هەفتە بەهەینی کۆتایی دێ . چوار هەفتەش لەمانگێکدا تۆتکەیان گرتووە . ئەوا چوار هەفتەیە ، خۆم دەناخنمە ناو قەرەپەستانی جوگرافیای پەنهانی شارەوە و دەبەرهەم هیچی ئەوتۆ نەبوو . ئالبەتە پیاوی ئەو جۆرە شوێنانە نیم . من تۆرەمەی خۆم دەناسم . خولقاوم بۆ ئەوەی ژیانی بێنەوایان ، لە ملوانکەی وشەدا هەڵگێشم . ئای ، چ بەدبەختییەکی گیان مرێنە . کا لەپێش شێر ڕۆکراوە ! ئێسک لەبەردەم ئەسپ ! »

ئێوارە بووە بوکێکی شەرمن و خۆی خزاندە ژێر ڕەشمالی شاوەوە . (میرزا) مێشکی شەکەت و ناخە هەژاوەکەی ڕاپێچکرد بەرەو کۆشی خێزانەکەی . (خونچە) ی ژنی ، داوای گۆشتی لێکرد . « گێلاس » ی کەنیشکی بلووزی زستانەی لێویست . « ئازاد » یش پەڕۆشی و تامازڕۆی سێوە لاسوورەی دەربڕی . هەستا . قاڵەم و چەند پارە کاغەزێکی هێنا ، ئەمجا لەنێوانیاندا ، بووە چەقی بازنایەکی ڕەمەکی . بۆ خونچە نیگاری بەرخێکی خرپنی کێشا . دواییش مۆدێل بلووزی بۆ گێلاس دروستکرد . دەدوازدە سێو و مۆزی سۆماڵیشی خستە بەر دیدەی ئازادەوە . دەنگی کردە خۆشاوی مێوژ و گوتی : « ئەی ئێوە هیچتان ناوێ ؟ »

ڕوویان بووە کێڵگەی حەپەسان و سەرسامی . سەرنجیان تێنێواند . بێدەنگی ، قوڕقوڕاگەی پرسیار و وەڵامی بەستا ، بۆیە نایانزانی پێبکەنن یان بگرین ! وطێ لە نیوە شەودا ، میرزا بەشێنەیی بە خونچەی هاوسەری گوت :

ـ ئافرەت ، پارە لەکوێ بێنم ! لە کوێ ؟

ـ مالْ ئازوقەی گەرمکە ، خۆ زستانیشە ...

میرزا گوتیەوە : بۆ نازانم ، بەو مووچە خانەنشینییە کولەمەرگی دەمانگوزەراند . ئەویش چووە کۆڵەکەی ئاشاوە .

خونچە : گرانیش گورگی هارە و کەلبەی تێژکردووە .

میرزا : خۆ هەرمتی لاوێتیم نییە بڕمتێم و ...

خونچە : نۆسار خێزان ماگەر بەدەم ئاسان بێ ..

مۆتەکەی بیرکردنەوەی چورتەکانی خۆی و دۆزی دۆخە رامیارییەکە ، ئەو شاوە ، بە جووتە خەوبان زراند . هێنای و بردی ... تاریک و ڕوون ، بیرباری نەگۆڕی خۆی دا . هەر بەیانی زووش ، ڕوویکردە شۆستە هەرمێنەکەی (شێخەڵا) و بەخۆی گوت :

« ئەو شاوە ، لەسەر مێزی ئاوەی بەنی گڵۆڵەیەکی بەدستاوە بوو ، بادەم پیرکرد و بادەم بەتاڵکرد . بێ هووده ! سەرە تاژییەکەم هەرگیز بەتاڵ نابوو . لێم ڕوونە ، کە لەنێوان « هەبی و ... نەبی » یەکاندا ، تەنیا بڕیار هەیە و .... بێدەنگی . هەر ئاشتەبایەک بفرۆشم ، خۆم نافرۆشم . بەڵێ خۆم ناف ف ف ڕۆ ... شم م م ... نا .. نا .. »

شێخەڵا : بازارێکی قەرەباڵغی میللی شاری هەولێر .

٢ ـ زیندانی

لەنێوان چوار دیواری زیندانەکەدا ، لەنێوان بن میچ و زەمینە چاوڕێژمکەدا ، هەر خۆی و ڕۆژنامەیەکی زەرد و ژاکاوی چەند مانگێك لەوبەر بوو . دەیان جار ، پەڕەکانی هەڵدابۆوە . لە ئالفاوە بۆ یێ ، تا ڕادەیەك زۆری لەبەرکردبووون ، تەنانەت بۆ کات بردنەسەر ، جاروبار ، لەکۆتاییەوە بۆ سەرەتا ، لەناوەڕاستەوە ، گوتار و بابەتەکانی بەسەردەکردەوە .

« ئای ..! ئاگایی .. چەند جار ڕەجام دەدەیت ! خۆ دەستی نووسینم هەیە ، بۆ چیرۆکێك نانووسم . ئەی پێنووس و کاغەز ؟ »

بەخۆی گوت . مێشکی گۆشی و دڕی بەو جووتە کۆسپەدا . وەڵامی خۆی دایەوە :

« پێنووسم پێ ناوێ .. کاغەزیشم هەیە . »

بەپوستی کەوتە دڕینی ڕۆخە سپیپەکانی ڕۆژنامەکە ، ئەمجا کورتیلە چیرۆکەکەی ناو مێشکی گەاڵەکرد . گەڕا بەدوای ئەو وشانەی ، کە دەشیان و لە ڕۆژنامەکەی دڕین . کوت بەکوت ، ڕستەکانی داڕژت و بە تیلمەی کاغەزە سپیپەکانەوە ، چاسپاندنی . تف لە دەوی دا نەما ! بەاڵم لەناخەوە هەستی بە سەرکەوتن و گوشادی کرد . زۆری نەخایاند ، کە چیرۆکۆکەیەك لەدایکبوو . گەشکە گرتی و بەخۆی گوتەوە :

« بام بەپیتی عارەبی بێت ، پاشان دیگۆڕمە سەر زمانی کوردی . بەاڵم ئەم پیرۆزەیەم چۆن لە چاوی چاودێران بشارمەوە ! ئا ئەدی ژمارەیان بۆچی داهێناوە ؟ جاران زیندانییان بەئاوی پێواز دەیاننووسی .. »

لەپشتی یەکەم کوتەکاغەز ، ژمارە (یەك)ی نووسی . نایە گێرفانیەوە ، ئەمجا ژمارەدوو ، سێ ... ژمارەکان تەرمکین و چیرۆکەکەی ، چاوی پشکووت ، ئاوسا بە ڕوویەکی گەش و دەروونێکی پڕ هیواوە ، دەستی بە پاشماوەی ڕۆژنامەکە سڕی . ڕەجەزێنی ئەم نووسینەی دۆزییەوە . چیلکە شقارتەی سووتاو بەکاڵکی هات ، بۆیە هەر کە ژمە خۆراکیان بۆ هێنا ، دەست سڕین و سفرەی کردە هەنجەت و بیانوو بۆ ئەوەی داوای ڕۆژنامەی کۆن و بێ کاڵکی ڕژێم لە ئۆردیانەکە بکات .

لەناکاو ، دەرکەی سەرفرازی کرایەوە . گشت گێرفانەکانی پڕبوون لە چیرۆك و بیرەوەری و هەست و نەستی زیندانییەکی وەرەز .

ئادارى ١٩٩٢

ئۆردیان : پۆلیسی زیندان .

٣ ـ ئەی

بۆ : ز . ر

ڕەنگە بەاڵتەوە سەیربێ کە بپرسم : ئایا سپی ڕەنگە ؟ خۆ تۆ و هەموو دەزانن ئەگەر کارتۆنێکی خڕمان بە حەوت ڕەنگەکەی پەلکەزێڕینە بۆیەکرد و بەتوندی سووڕاندمانەوە ، ئەوا ڕەنگەکان ئاوێتەدەبن و ... لە جێگایاندا ، لەسپی بەوالوە هیچی تر نابینین . ئەمە دیاردەیەکی فیزیکە و هەرگیز پێویست بە ڕامان و مێشك گوشین ناکات ! بەاڵم ... ئایا لە (سپی)یەوە دەتوانین ڕەنگ و تۆنەڕەنگTONE هەڵگۆزین ؟ بەڵێ ... ئەگەر ... جا نەهێنی و مازنی و پیرۆزی سپی لێرەدایە . گوتراوە و دەگوترێ : ڕووت سپی بێ ـ دڵ و دەروونی وەك چۆری شیر سپیپە .. تا ... د ...

نوژداران و سیستەرانیش سپی دەپۆشن و ... گوایە پەری فریشتەی ئاسمانیش وەکو پەپوولەی سپین !!

ئەم ڕامانەم (تأمل) هەمیشە دوو حالەتی جیاواز و سەرنجکێشم دەخاتەوە یاد ، کە پەردەی گوێم بە وشەی دیودەری (شفاف) سپی بڵەرێتەوە :

یەکەمیان : لەبارەی مارکیزی سارسوڕێنەر و ئەوەی دیکە : لەمار زەلامێکی سادە و ساکاری لای خۆمانە ، ڕۆژنامەنقیسی ئەڵمانی (فیرتس راداتس) لە چاوپێکەوتنێکیدا دەگەڵ مارکیز ، ناوی بە (فریشتەی سپی) دەبات . دەڵێ : (پیاوێکی ناسک و دیدەکێش ! وریا و بزێو ! سپی پۆش ، تەنانەت بەپێنووسێکی سپی ، ڕۆمانێکی خۆی پێشکەشم کرد ... ، هەتاکو ئێروکانەم مەباستە لەو دیدەنییەدا ، کە بەراشکاوی باس لە پاپا و کاستڕۆ و کاروباری رامیاری دەکات .

لای خۆشمان ، لەدامێن قەڵا دێرین و بێ باکەکەی هاوڵێردا ، هەمیشە کابرایەکی پاک و ڕوفسار (نوورانی) م دەدی ، کە سەرتاپای سپی بوو ! کڵاو و مێزەرەکەی ! کەراس و ساقۆکەی ، تەنانەت پشتێن و گۆرەوی و تەزبیحەکەی دەستیشی هەر سپی بوون !! ئەم (سپی) یە بەڕێکەوت ، مارکیزی کۆلۆمبی و زەلامەکەی خۆمان تایبەتی لەمێشکمدا پێکەوە گرێ دا . بێگومان ، بەرچاوگرتنی جودایی زەق و بەراوردکاری لە نێوان پێنووسە سپیەکەی یەکەم و تەزبیحە سەدویەك دەنکەکەی دووەمدا ، لێرەدا ... شیاو و دروستە . زۆر مەراقم بوو ، ئاگەرچی دەستم ناگاتە (دەریای کاریبی) و مارکیزی ئافسانەیی ، خۆ حەوتەی چاندین جار ، ئاوەکەی خۆمان بەپێش دید و نیگامەوە گوزەردەکات .

ڕۆژێ ، لەگەڵ هاوڕێیەکم وەستابوو . هاندەی نەخایاند ، جیابوونەوە . هەڵم لێقۆزت و پرسیارێکم دۆمەڵان ئاسایی هەڵزۆپاند : فلانی ، ئاو کابرایە چ کارەیە ؟ سپێنەی چاوی لە دۆر چاوم بڕی و بە حەپەسانەوە ، فەرمووی : لۆ ! خێرە ؟ وەڵامی لە بەندە نەژناوت . گوتیەوە : لۆ ئەمیش ناکەیتە چیرۆك !! ئاز بێدەنگیم قووت دا . ئاو دڕێژدادڕییکرد : ئاوی ڕاستی بێت ، هاوین ماستاوی دەفرۆشت ! کەچی ئێستا ..

ڕیسی ئاخافتنەکەیم قاچی و لە سووچێکی دیکەوە باراشم هاڕی .

- بڕاڵە ، تۆ سپی بەڕەنگ دەزانی ؟

ئەو هیچی هەڵنەوەراند ! وەڵی لەوانەبوو ، لە ناخە سپیەکەیدا ، منی بەنیمچە شێتۆکە دانابێ . مافی ڕەوای خۆیەتی . ئەی ئاوڕۆکە سەردەمی ئازادی نییە . ئەی ئاوە نییە ، ئەم کاغەزە سپیەی بەردەستت ، باوەشی پێر میهرەی خۆی بۆ تێڕوانین و دید و وشەی دێوانەییم کردۆتەوە .. ئەی تۆ دەڵێی چی ؟ لەگەڵ تۆمە ، خوێنەری دەروون سپی و پاکژ ..

حوزەیرانی ١٩٩٢

قاچی : ببڕی قایچی : مقەس

٤ - بچووکبوونەوە
بچووکبوونەوەیە

بۆ : ف . ک

چاوی گێرا . درز و کون و کەلەبەری ژوورەکەی بەکاغەز و پەڕۆ ئاخنی بۆ ئاوەی تیرۆژیش خۆی بەژوورەکەدا نەکا . ئاوجا ، پەڕژایە سەر خوێندنەوەی تەلیسم و جادو و جالجالووت و ویردەکانی . لێوی تەتەڵەی دەکرد و ... فراموشییەك بووە باوەشین و ئاخی فێنەکردەوە . هێشتا زەردەخەنەیەك بە گوپەکانیەوە لکابوو ، کە دەرکەی خستە سەریشت . پێشەنگی ڕووناکی بەتامەزرۆیی و ڕووژمیان بردە ژوورەوە . بەخۆی گوت :

(ئازموونەکەم سەرێگرت . ئیدی دەربەستی پشکنین و یاساولانی سەر سنوور نیم ! چونکە هەر کە چوومە ناست بلدۆزەر و کۆمپاو تانکەر و ئامێران ، یەکسەر بچووك دەبمەوە بەجۆرێکی

ئەوتۆ ، کە دەیانیان دەپەستمە ناو پاکەتی جگەرەکەی بەڕکم . ئیتر لەمەولا ، گومرگیش نادەم و ... »

بەدلنیاییەوە ، رووی لە شۆفاژێکی شارەوانی نا ! وطێ بەخۆی نەزانی ، لەگەڵ شۆفاژەکەدا بچووک و بچووکتر دەبناوە !! بەشێوەیەك هەردووکیان ، جێگایان لەسەر نوخانی پەنجە کەڵەی مرۆڤێك دەبووەوە ! واقی وڕمابوو ! تۆماژ سیحرباز ێکی لەخۆی کارامەتر و بە ئەزموونتر ، لەدوور ڕا ، تەلیسمی خۆی خستبووە کار .

جۆزەردانی ۱۹۹۲

نوخان : نینۆك .

ABSTRUCT ـ ٥

هەمیشە عەبدال و متۆی جوانکاری بووی . ڕەدووی هێڵی چەماوی بزوێنەر و ڕەنگی ئارگۆنی و بلێزەدار کەوتبووی . تەمەنێکی درێژت دەگەڵ فۆرمە ئەندازەییەکاندا بەسەربرد و لە ئامێزە سێگۆشەیی و چوارگۆشەیی و بازنەییەکاندا ، خاونی ڕەنگین و سەرمەدیت دەدی . لە سێگۆشەدا ، چەندین هێمای (هۆشی و هەستی و نەستی) ت لەکن پەنگاخوونەوە . سێگۆشەی پەرمووداو ، سێگۆشەی تووکن (SEX) ، سێ ڕەنگی بنەڕەتی ، سێ ژمارەی پیرۆز و سێ میمەکان (م - م - م) . چوارگۆشەش ، هێمای ڕەنگاز دێرینەکەی ئاگر + با + گڵ + ئاو بوو ، چوار کوتە پیرۆزە ڕامیارکراوەکەی ناخت ، باکوور و باشوور ... چوار و چوار و چوار .. چوارگۆشەش ، سەرفرازیی خۆی لە لاکێشەیەکی زێڕیندا دەدینێتەوە ... زۆری دیکەش . بەخۆت دەڵێیت :

« ئەوەی تێناگات با بپشکنێ . ئەوەی بەڵەدە با نابەڵەدان وشاربکاتەوە . ئەوەش کە هەر تێناگا ، یان نایەوێ ڕابێت ، با بچێتە ریزە ئاساییەکە و کڵك بگرێ »

لەکوێ وەستاین ؟! ئا ... لەم چەندانەدا ، کەوتیتە خولیای بازنەوە . مەراقی کۆتا و سەرەتای نەقرتاوبووی ، وەکو مارێك کڵکی خۆی لەدەم نابێ ، ئێستا و ئایندە و ڕابردووی یەکانگیر ، ڕەوڕەوەی پێگرتنی گاگۆڵکەکەران ، ڕەوڕەوەی گۆڕانکاری و ... مێژوو ، کەون ، وەرزەکان ، کۆستارەکان ، خولی خوێن و ... جوگرافیای لەشی کێژە حەوایەك ...

ئاوە بۆیە ، دووایین پێشانگات ناونا « ململانێی بازنەکان » و بازنەیەکی ژەنگنت شکاند . ئەوی چاوی بەو پێشانگایە دەکەوت ، لە حەپەساندا ، لە گەشکەیی و سەرسامیدا ، لە ... لە ... دا ، سەری سووڕی دەخوارد و ماخۆلانی دەیگرت . ئاو مێشکی دەبووە گێژەنگی ئاو و ... بەرەو قوواڵیی ڕۆی دەچواند . وایدەزانی لە کونێکی بێ سەرەتا و ئیهلیلیجی دا ، ئاسوودە ، سادەیەکی دەبێتە چرکەیەك . ئەوی پێشانگاکەی دی ، لە کەڵاڵە ڕەش و سپیەکانەوە ، دەیان پەیژە و تۆنی ڕەنگی ئاودار و ئاوس و بێناوی دەدی . وایدەزانی لەگەڵ هێڵە بزێوەکان و ڕەنگە نەسرەوتەکاندا دەستی گرتووە ، لەژێر سایوانی پاڵکەزێرینەدا ، ڕەشبەلەك دەگێڕێ . تۆش ، هەموویانت بە (بازنە) دەدی . بازنەی زەمهاڵاح و ئێجگار بچووك ! بازنەی لەناو یەکدی و ... بازنەی یەکتربڕ ، ورشەدار ، بێ ڕەنگ و بەقەم . بەخۆت گوتەوە :

« بۆ بازنەکان ئاوێتە نابن ! دەبێ ... بە مازنییەوە ، خول بخۆنەوە ... دەنا ... »

هیچی ترت بۆ نەگوترا لە وڵاتێکدا ، سپی زایینە و ڕەش مەرگ ...

ئاداری ۱۹۹۲

تێبینی یەکان

لەبەر ئەوەی چیرۆکەکە تەجریدە (ئەبستراکت) بۆیە هەندێ ووشە و زاراوەی گران شیدەکەمەوە :

۱ـ سێ ڕەنگی بنەڕەتی : زەرد + سوور + شین ، کە بەپلەی یەکەم و بنەڕەتی ناسراون .

٢ـ سێ ژمارەی پیرۆز : ٢+١+٢ ، الله ـ محمد ـ علی ، الرب + الابن + روح القدس .
٣ـ سێ میهەکان : م ـ م ـ م ، موسا + مەسیح + محمد .
٤ـ چوارکوتی رامیارکراو : چوار بەشەکەی کوردستانە .
٥ـ لاکێشەی زێرین : جوانترین شێوەی ئەندازەییە بەرای ستاتیك زانان ئەگەر بە ژێژەی ١ ـ ١٦ را بوو .
٦ـ مار کلکی خۆی دەژێ : هێمایە بۆ نەمری لای بودداییەکان .
٧ـ کۆستارە : المجموعة الشمسية ، المجرّة . (خۆم دامتاشیوە)



ئاگادارییەك

خوێنەرانی بەڕێز ئاگادارەکەینەوە کە ئەم بەرهەمانە لای بنکەی ڕۆشنبیریی یەکگرتن دەستدەکەون ، هەرکەسێ بخوازێ بیانکڕێ دەتوانێ لەسەر ناونیشانی یەکگرتن داوایان بکات :

١ـ ڕێبوار سیوەیلی : چەمکی میتۆلۆژیا و جیهانبینی مەلا خدری نالی .
٢ـ ڕێبوار سیوەیلی : ماستورە لەڕوانگەیەکی ترەوە .
٤ـ ئارام خاکەی فەلاح : چاوەڕوانی (ڕۆمان) .
٥ـ فەرهاد پیربال : EXIL (شیعر) .
٦ـ زریان کاکەیی : گوندەکەم (شیعر) .

شام لە دوو سەحەردا

-١-

ئاو ئێوارەیە کە گەیشتە « شام » ، سەرمای زستانێکی سەخت بوو . هاوڕێکی ڕەش بەری ئاسمانی گرتبوو و بەرز دەبنالاند ، وەک ئاوەی نیازخوازبێ بۆ ماوەیێکی چاک قۆناغ بکا و هەرچی گرانی کۆڵی هەیە دابەزێنێ . کە بار سووک و بێ هێزیش بوو ، بە شنەبایێک بارگە تێکبێنێ و ڕوو لە هاڕێمێکی دی هەڵبکشێ . خاڵکەکە لەو بڕوایەدابوون کە ئاگر لەبەهاردا خۆر لەئاسمانی شاردا ببیندرێ و مقۆمقۆی ئاوەشیان بوو ، کە تا زووە چارەیێکی خۆیان بکەن و زەخیرەی ئەم بەفرانبارە داخەن . هەر زوو ئەم بڕیارەیێکی ئاشنابوو . هەر ئەم شاوە دوای ڕێژنە بارانێکی سەخت ، پاڵتۆ ئاستوور و درێژەکەی لەبەرکرد و شەپقەکەشی بەدەستاوە بوو کە لەگڵ هاوڕێیێکی بۆ پیاسەیێکی ناو شار چوونە دەرەوە . وردە وردە لەسەر شۆستەی شەقامێکدا دەڕۆیشتن و بیری لەو قسەیەی هاوڕێکەی دەکردەوە کە تازە وتبووی : لێرە ژیان سەختە و مردن شوونمان هەڵدەگرێ . لێرە تەنێ ئەوانە دەتوانن ئاسوودە بژین کە تەرمسن و لەکونی دەرزییەوە دەڕواننە ئاموسیان . لەبیرکردنەوەی کرد و هەر بەدەم ڕێوە چاخانەیەکی گاوڕەی نیشان دا .

- لێرە زۆر خاڵکی لای خۆمان دادەنیشن .

+ ئاو خاڵکانە چ کارەن ؟!

- هەموو جۆرێکیان تێدایە . بەڵام زۆرینەیان بێ کارن و سەیریش لەوەدایە ئاسوودە و بێ گیروگرفت دەژین . ڕۆژانە لێرە چای گەرم هەڵدەقوڕێنن و لەودیو پەنجەرەی چاخانەکەشاوە ، زەق دەڕوانێنە ئافرەت و منداڵ و پیر لەودیو تەنووڕە و شەروالیان دەکەناوە .

+ ئەم خاڵکانە کێن ؟!

- نوێنەری ... دە تۆخوا با بەنەفرەتیان بکەین و باسەکەشمان بگۆڕین .

وەک بەردی بن گۆم لە بێدەنگییەکی گاوڕەدا نقووم بوون . ئەم سەیری هەنگاوەکانی خۆی دەکرد و لەبەر خۆیەوە ووتی : ئەگەر ئاوێش بڕوا ، ئاوا من هەردەبێ کارێک بکەم و ماوەیەک بمێنمەوە . بەم بێ پارەیە بۆ کوێ سەرهەڵگرم . سەری هەڵبڕی و بە هاوڕێکەی ووت :

- وای بەباش دەزانم تا زووە تۆ خۆت دەربازبکەیت .

+ منیش بیرم لەمە کردۆتەوە .

شەو ڕاشکا . شەقامەکان چۆڵ و تاریکتربوون و ئاو و هەواش ساردتریکرد . بێ ئەواکان خۆیان لەدەیان پارچە پەڕۆ و پاتوو و پاڵتۆی کۆن لوولدابوو و لەسەر شۆستە و لە پەسێوی دووکانەکاندا هەڵکوورمابوون . کە گەیشتنە بەردەرگای هوتێلەکەیان و چوونە ژوورەوە و دەرگاکە لەسەرخۆ داخرایەوە .

بەرەبەیانەکەی لەشاویکی ئەنگووستەچاوی دەکرد . گۆپی ستوونەکانی ئەم ناوە شکابوون و گۆڕەپان و کۆڵانە تەنگەبەرەکانی دەور و بەریشی ، دەنگ و هات و هاوارێکی زۆریان لێدەهات . رەشەبایێکی بەهێزیش سەمای بەدرەختی حەوشە و سەرشەقامەکان دەکرد . کە کرێکارەکان لەبن دیوار و لەژێر چاتری دووکانەکاندا دەرکەوتن و کۆماڵ بەکۆماڵ لەسەرشەقام و لە گۆڕەپانەکەدا کۆبوونەوە ، تازە رێژنەییەک دایکردبوو و سارد ییەکەشی هەر لەوەدا نەبوو . تفت هەڵبدایە دەیەستا . کە ئەم هات و لەناو خەڵکەکە وەستا ، ئاسمان پووناکتر و رەشەباکەش نەمابوو .

ئەم دیمەنە سەرنجکێشی کردبوو ، کاتێک کە پیکابێک یان لۆرییەک دەهات ، هەموو لەدووری کۆدەبوونەوە و خاوەنکاریش دادەبەزی و دەیووت : یەک ، دوو ، سێ ، ..... نۆ ، دە . دەی سوارین کاری ئێوەم هایە .

بیری لەم حاڵەت دەکردەوە ، کە لۆرییەک هات و لەناو هەشامانەکەدا وەستا . کە خاوەنکار دەرگای لۆرییەکەی کردەوە ، دانەبەزی و یەکسەر پرووی کردە خەڵکەکە و ووتی : تەنیا بیستم لێتان دەوێ ، دەستنیشانتان دەکەم و لەدواوە سوارین . دەی - یەک ، دوو ، سێ ، ..... نۆزدە ، بیست . کە هەر بیستی دەستنیشانکرد ، گەرووی پاککردەوە و جگەرەیێکی داگیرساند . مژێکی قوولی هەڵمژی و لەپرێکدا بەخەیالیدا هات کە دەبێ لە کەم و زیادیان دڵنیابێ . ئەوجوو بەیەک دابەزی و لەدواوە سەرکەوتە سەر لۆرییەکە و ژماردنیەوە : یەک ، دوو ، سێ ، ..... نۆزدە ، بیست ، بیست و یەک . پرووی کردە ئەم و پێیووت :

+ شەپقە لەسەر کێ بەتۆی ووت سواربە ؟!

- تۆ .

+ دەی دابەزە و دوامان مەخە .

کە ئەم دابەزی ، خاوەنکاریش دابەزی و لەپێشەوەی لۆرییەکە سواربوومەوە . دەرگای داخست و لۆرییەکە دەرچوو . ئەم بەچەند هەنگاوێک گەیشتە سەر شۆستە و لای کۆماڵێک کرێکار وەستا ، کە خۆیان گرمۆڵەکردبوو و دەورەیان لە تەنەکەیێکی قوپاوی کون کون و ئاگرێکی کز تێدا کراودا دابوو . کە زیاتر هاتە پێشەوە و بەتاوای خۆی خزاندە بازنەکەیانەوە ، کەمێک نووشتایەوە و هەردوو دەستی بۆ سەر ئاگرە کزەکە درێژکرد . یەکێکی سمێڵ و بڕۆ خاکی ، پێستی پرووی ڕەق و نێوچاوان بێ گرێی گەنم ڕەنگ بەدەنگێکی گڕ هاڵیدایێ :

+ برا ، ئەوا بیست و هەشت ساڵە هەموو بەرەبەیانییان من لێرەم . ئەمانە ، هەموویان دەناسم ، بەڵام تۆ لەوە دەچێ لێرەیی نەبی و یەکەمجارێشە دەتبینم .

ئەم شەپقەکەی داکەند و دەستێکی بەسەر و گێلاکە گەورەکەیدا هێنا و ووتی :

- بەڵێ ، هەر دوو هەفتە دەبێ هاتووماتە (شام) و یەکەمجارێشە بۆ ئێرە بێم .

چێشتەنگاو کەوە ڕۆژێکی ساردبوو ، گۆڕەپانەکە پر لەکرێکار و کرێکار هەر لە گۆڕەپانەکەدا چاوەڕوان بوون . کە ئومێدبڕبوو ، وردە وردە بەرەو ماڵ دەبوونەوە . بەمە تا دەهات گۆڕەپانەکە چۆڵتردەبوو . ئەم دوا کرێکاربوو کە گۆڕەپانەکەی بەدوای خۆیدا جێهێشت و دوا هەنگاوی گەڕانەوەی نا .

- ٣ -

گڵەگڵی ڕەشە نیوەشەوەکە ، لەدەنگی شەمەندەفەرێکی درێژ و خێرای دەکرد ، هێندە بەهێزبوو ، بەتاوای درەختە باریکەکانی بەلای ڕۆژهەڵاتدا چەماندبووەوە . شەقامەکان تاریکبوون ، کۆڵانەکان تاریکتر و تاریکیش هەموو شتێک بوو . لەپرێکدا لەگەڵ تەقەتەقی پەنجەرەی ژوورە سڕەکەیدا لەخەوە گرانەکەی ڕابوو . هەستا گڵۆپەکەی داگیرساند و یەکسەر پێڵاوەکەی لەپێکرد . کە شەپقەکەی لەسەرنا و سەمونێکی وشکی لەجانتا ڕەشەکەی دەرهێنا ، هەر

بەپاڵە کەمێکی خوارد و لەتەکەی خستە گیرفانی پالتۆکەی . ئینجا لە ئاوێنە هاڵواسراوەکەی سەر سەریدا سەیرێکی ڕووخسارە خەوالووەکەی خۆی کرد . گلۆپەکەی کوژاندەوە و دەرگاکەی بەدوای خۆیدا ڕاکێشا . بەرەو گۆڕەپانەکە کەوتە سەر شەقامە چۆڵەکان . ڕێکردن لەسەر شەقام و ڕووەو تاوژمی ئەم ڕەشەبایە کارێکی هەروا ئاسان نەبوو . ئاوەبوو تا لەشەقامێک پەیبیەوە و خۆی کردە کۆڵانە تەنگەبەرەکان ، دووجار کەوت و هەستایەوە . جارێکیش بەهەزار حاڵ شەپقەکەی لەدەم با سەندەوە . خۆ ئەگەر لەقەدی درەختە باریکە بەلاداپوومکە گیرنەبووایە ، هەر بۆی نەدەگیرایەوە ، با دەیبرد و لێی وندەبوو . ئیتر ئەم شەپقەی بەسەری خۆیەوە نەدەدی . کۆڵانە تەنگ ڕێیە قوورەکان جۆگەئاوی پیسیان تێدا ڕەتدەبوو . بۆ ئاوەی نەکاوێ و لە هەنگاوهەڵێنانەدا دڵنیابێ ، دەستێکی هەر بەدیوارەوە بوو . لەگەڵ ئاوەشدا تابڵێی کەوت و کە گەیشتە گۆڕەپانەکەش ، بەرگی تەواو تەڕ و بەقوور ببوو . هێشتا گۆڕەپانەکە هێندەی کرێکار نەهاتبوێ ، کە ئەم خۆی دایە پەنا دیوارێکی لەرزۆک و لەتە ساوونەکەی لەگیرفانی پالتۆکەی دەرهێنا و گازێکی لێبدا .

ئاسمان هەر تاریک بوو و تاوژمی ڕەشەباکەش زەلامی لەپێ دەنست . لەدەروازەی تەنگەڕێیەکانیشدا پالپەستۆیەکی بەهێز کرێکارەکانی دەڕژاندە سەر گۆڕەپانەکە . ئینجا هەر زوو کۆمەڵ کۆمەڵ خۆیان دەدایە پەنا دیوار و پەسێوەکان . تارماییەک سەرنجێکیشکرد و وردە وردەش لێی نزیکتر دەبووەوە . کە چەند هەنگاوێکی مابوو بیگاتێ ، بەدیقەتتر سەرنجی لێدا . زەلامێکی چوارشانەی تێك چاقیوی بینی ، هات و لەتەنیشت ئاو خۆی دایە پەنا دیوارە لەرزۆکەکە و هەر زووش بەلغەمێکی گەورەی فڕێدا و گەرووی پاککردەوە . کە وێستی لووتیشی پاکبکاتەوە ، بە دوو پەنجەی دەستی ڕاستی لووتی گوشی ، فڕێکی کرد و چلمێکی گەورەی بەزەویدا دا . ئینجا دەستی لە باخاڵی ڕاکرد و جگەرەیێکی تامیشی دەرهێنا ، دایگیرساند و کەوتە مژلێدانی .

تا دەمەت ڕەشەباکە سەخت و بەهێزتردەبوو . پەناگاییەك نەمابوو چەند کرێکارێك تێیدا خۆیان مەڵاس نەدابووبێ . کە تاریکی بارکەی خۆی دەپێچایەوە و لەکازێوەدا دەتوایەوە ، هەموو شتێك وەك تارمایی دەبیندرا . لەپڕێکدا ڕەشەباکە چڕ و بەهێزتر گوڕی بەخۆیدا و تووندتریش بەهەموو لایەکدا هەڵیکرد . ئاوەی کە بیسترا تەنیا گرمەی ڕووخانی دیوارێك و دوو هاواری کت و پڕ بوو . لەم ساتەدا شەپقەکە کەوتە دەم ڕەشەبا و ئیتر هەرگیز کەس نەبوو بەپرتاو بەدوای بکەوێ .

ستۆکهۆڵم ١٩٨٤



تاڤۆك

ئەمجارەش ژانە هەڵپووەکانم کەوتنەوە گیر .. بێ ئارامی دڵی پیر جەخاری شەکەتی نەلاواندەوە .. ئۆقرەم لێ بڕا .. یادگارە تاڵ و شیرینەکانم یەکانگیرم بوونەوە و چاوەکانیان شڵکردم ، خۆیان خستە باوەشی ئەو ڕۆژانەی لەبەردەستما بوو ، بۆیە ڕۆژانەکە بەجێی هێشتم .. دەفتەری یادداشتەکانم زیاتر چاویان تێ دەبڕیم وەک بڵێی هەستیان بەبوونی کارەساتێکی ترم کردبێ ، بۆیە بەبێدەنگی لەژێر ڕووناکی گڵۆپەکە سەرمان بەیەکەوە نا .. نازانم ئەم شەوە نە ئەم لەسەر سینگی من خەوی لێکەوت نەمن لەناو پەڕەکانی دەفتەرەکەدا خۆم دۆزیەوە .. داوای لێبوردنیش لە پاڵەوانەکانی ڕۆمانەکە دەکەم کە ئەم شەوە نەمتوانی دۆستایەتیان بکەم .. ئازیزان ئێوەش لێم زوێر مەبن کە ناتوانم هەموو نهێنیەکانی ناو یادداشتنامەکەم بخەمە بەر تیشکی نیگاتان، بۆیە بەم شێوەیەی خوارەوە بۆتان دەردەبڕم و دەتوانن لە کرۆکی خوڕپە و ڕاچەنینی مەبەستەکانم بگەن ..

(١٨ ـ ٤ ـ ١٩٨١)

ئەمڕۆ بەیانی بەڕێککەوت لەگەڵ نوالە لەبەردەم قوتابخانەدا گەیشتینە یەکتر .. بەیانی باشمان لەیەکترکرد .. گوڵێکی سووری لە یاخەی خۆی کردەوە و بەو چەند دڵۆپە شاونمەی کە لەسەری بوو بەدەم و چاویدا کردم ئینجا گوڵەکەی ماچکرد و پێشکەشی کردم ، لەخۆشیانا شاگەشکە بووم ! خۆم پێ بەختەوەرترین کەس بوو لەسەر ڕووی زەمین ..

(٢٥ ـ ٦ ـ ١٩٨١)

ئەمڕۆ حەزمکرد لەدەرەوەی قوتابخانە چاوەڕێی بکەم ، کە گەیشتینە یەکتر پێی ڕاگەیاندم کە خزمێکی دەوڵەمەندیان هاتۆتە داخوازی و ئەمیش لەبەر خۆشەویستی بۆ من پێی ڕازی نەبووە ، داوای لێ کردم هەرچۆنێک بێت بچم بۆ داخوازی ، منیش لەشارمان هیچ قسەم بۆ نەکرا و سەری خۆم بۆ لەقاند و ووتم باشە .. ئیتر یەکترمان بەجێهێشت ..

(٢٦ ـ ٦ ـ ١٩٨١)

بۆ وەڵامی دوێنێ دیسان لەدەرەوە یەکترمان بینی بەدەم ڕۆیشتنەوە پێم ووت : « ئاخر من چارێ ماوومە قوتابخانە تەواوکەم و بەتەمان لەتۆ بچووکترم .. » ئەمیش بەپێکەنینەوە ووتی : «تۆ تەنها وەرە داخوازیم من لەسەرت ڕادەوەستم هەرچەند سالێک بێت تا دەگەینە یەکتر..» منیش ووتم : « ئاخر من نەختێ تۆم بۆ نادرێ ، لەماڵەوە کەسمان نیە ئیشمان بۆ بکا ، گوزەرانمان تەنها

لەسار ئەم دوکانە بچووکەیە کە دایکم دەیگێڕێ ، بەهەرحاڵ من ئەم باسەم لەگەڵ دایکم کردۆتەوە و ئەم ڕازی نیە دەڵێ .. » .. « دەڵێ چی تکایە پێم بڵێ ؟! » .. « دەڵێ ئەم قەیرە کڕینکە و تۆ لەچاو ئەمدا منالی .. ئەم دەوڵەمەند و خاوەن سامانە تۆش کوڕە هەژاری و هێشتا نەگەیشتووی بەدووای ڕۆژی خۆت .. دەڵێ ئەم مامۆستایە و تۆش قوتابی ئەوی و بۆ یەکتر ناگونجێن ... » .. « کەواتە من دێمە لای دایکت و خۆمی بەقوربان دەکەم تەنها ئەم ڕازی بێت من لەتۆ بترازێ لەگەڵ کەسی تردا لەژیانی هاوسەریما بەختەوەر نابم .. » ..

« ١٩٨١ ـ ٦ ـ ٢٩ »

ئەمڕۆ بەیەکەوە چوینە لای دایکم ، باش بوو ئەمجارە وەک ڕۆژان پەرکەمەکەی لەسار نەبوو ، دووای دانیشتن و گفتوگۆیەکی زۆر ، دایکم بەڕوویا هەڵشاخا « بۆ واز لە کوڕەکەم ناهێنی کێم ئەم لەکوێ و تۆ لەکوێ ، هیچ شتێک بەیەکەوەتان گرێ نادا .. » .. نوالەش بە غەمبارییەوە ووتی «پلە خونچە قوربانی چاوە ڕەشەکانت بم ، خولامی بسک و کەزیە ڕەش و سپیەکانت بم ، لێمان گەڕێ با بۆ یەکتر بین .. » .. « ئاخر کێم ئێمە لە چینی تۆدا نین و مارمیی تۆمان پێ نادرێت ، لەم باوەڕەشدام دووای ماوەیەکی کەم لەیەکتر تێڕبوون یەکترتان لەبیر چاو دەکەوێ ، ژن کە پیاوی بەخێوکرد وا دەزانێ ئەم پیاوەکە دەژێنێ و نازی بەسەرییەوە نامێنێ .. » .. « نەخێر پلە خونچە دەستم دامێنت هەرگیز بڕوا بەخۆم ناکەم ڕۆژێک لە ڕۆژان من بارانم لەبیر چاو بکەوێ .. بۆ مەسەلەی مارمیلەکەش ئەوا من میراتگری خێزانەکەم و لەم پیرەدایکەی کە هەمە بترازێ کەسێک سامانم لەگەڵ بەش ناکا ، تەنها ڕازیبوونت بەسە بۆ ئەوەی ئەم کۆشە زێڕەی لەماڵەوە هەمە گشتی بفرۆشم .. تۆ هەقت بەسەر هیچ شتێکەوە نەبێت ، دەستم دامێنت پلە خونچە بڕوات هەبێ دەبم بە کارمەری نێو ماڵەکەت ، تۆ بۆ خۆت دانیشە و هیچ کارێک مەکە .. لەم دوکانەش ڕزگارت دەکەم ، خۆشترین خانووشتان بۆ دەڕازێنمەوە .. » .. دایکیشم ووتی « کچی خۆم بڕۆ بەڕۆکمان بەردە تۆ لەگەڵ ئێمەدا ناگونجێی سەرەڕای قسەی خەڵکیش پێم بڵێن بوکەکەی خۆت نەختی خۆی داوە و خێزانەکەیان بەڕیوە دەبات !! .. نەخێر ئەم کارە لە دووا ڕۆژدا سەرئێشەی بەدووامیە هەرگیز ئەم ڕێگایە بۆ کوڕی خۆم دانانێم ، من دەزانم ئێستا ئەم بڕەسەی تۆ تەفرەدراوە ڕەنگە تۆشی خۆش بوبێت !! .. بەڵام من لەبەر بەڕۆەندی ئەم نایەڵم تۆ بهێنێ ، دەوڵەمەند کەتێر بێ دەرمانەکەی خۆی مژی و لێی تێربوو ئێتر مەیلی جارانی نادات و لەبیش چاوی دەکەوێ ، بەتایبەتی ئەگەر خۆشی بیژیەنێت ، بڕۆ کچی خۆم لەیاخەمان بەرەوە ، ئێمە و ئێوە هەرگیز ناگەین بەیەک چونکە تخووبێکی گەورەمان لەنێوانە هەروەک ئەم تانۆکە وایە کە دوو ڕەز یان دوو باخچە لەیەکتر دابڕدەکەن و ئەم تخووبەش لەگەڵ تەمەنی مرۆ هەر هەبووە و هەیشە .. » .. نوالە دەرکی پێکرد کە ناتوانێ دایکم ڕازی بکات بۆیە بەچاوی گریانەوە هەگبەی دڵی خۆی پێر لەخەم و ناسۆری کرد و بەجێی هێشتین .. منیش دووای ئەم بەڕووی دایکمدا گرژامەوە و چەندی هانام بۆ هێنا و برد و پێم ووت : « دایکە گیان دەستم دامێنت بۆچی هێلانەی بەختەوەری ئێمەت تێک دا ، بۆ نایەڵی دوو مرۆڤی شەیدا و ئەویندار بگەن بەیەکتر ، بۆچ لێمان دەبێ دڕکی مەم و زینان ، ئاخر دایە نازانی دڵم لەباوەشی ئەم نەبێ ئۆقرەی نیە ، دڵداری و هاوسەرێتی ڕاستەقینە لەسار بناغەی پارە و بەڕۆەندی دانامەزرێ هیچ تخووب و تانۆکێک لێکیان جیاناکاتەوە ، بەڵام چی بکەم تۆ بەمبۆرە تێی گەیشتووی .. دایە گیان دەستم دامێنت من جارگی تۆم چۆن دڵت دێت ببڕەجێنی .. چۆن دڵت بەرایی دەدا بەزیندی چاوان هەروەک چۆن گوڵێک دەپلیشێنیتەوە ئەوەها گوڵی تەمەنی لاویم هەڵوەرێنی ..؟! » .. بەڵام وا دیاربوو قسەکانم وەک بڵقی سار ئاو وابوون ، دایکم هەروەک گوێزی بۆ بژمێرم ئەوەها تەقەی ساری دەهات .. هار ئەوەندە وەڵامی داماوە و ووتی : « نابێ .. کوڕم تۆ بەڕۆەندی خۆت نازانی من لەتۆ دونیادیدەترم .. ئێوە بۆ یەکتر ناگونجێن ، تۆ ئێستا هاست پێ ناکەی بەڵام دەزانم لەدووا ڕۆژدا ژیانتان چی بەسەردێ ، دەبێ بەقەدەر بەڕمکەی خۆت پێت ڕابکێشی .. ئێستا ئەم وا دەڵێ بەڵام من دڵنیام کە خۆشیەکەی تۆی هەڵمژی و لەجاستەت تێربوو و تەواو لەگەڵت جووت بوو و دەروونی پێت دامرکایەوە ئەوسا پێڵەقایەکت پێوەدەنێ و بەشداری

خەمەکانت نابێ و وازت لێ دێنێ .. لەقسەی دایکی خۆت لامەدە کوڕم ، بەقسەم بکەی چاکە من دونیام دیوە دونیا ئەم قژەی خۆم بەخۆڕایی سپی نەکردووە ، زیان ناکەی .. » .. ئەم ڕۆژە تا بەیانی داهات و چووم بۆ قوتابخانە هەر بیدارنەبووم ، بیری خۆم دەهێنا و دەبرد نەمدەزانی سەرەنجامی ئەم بیر و تاودانەم تاکەی بەردەکات ..!

« ٢٠ ـ ٦ ـ ١٩٨١ »

لەداخی قسەکانی دوێنێی دایکم کە لەقوتابخانە گەڕامەوە یەکسەر لام دایە مالی براگەورەکەم و بڕیارم دا چیتر نەچمەوە لای دایکم و بەهیچ جۆرێ نایدوێنم و بەهەر جۆرێک بێت نوالەکەم لەدەست خۆم نەدەم .. ئەمڕۆ زۆر هەزم دەکرد ببینم و داوای لێبوردنی لێ بکەم کەچی نەهاتبووە قوتابخانە .. وام بیرکردەوە پشووی هاوین برا گەورەکەم پازی بکەم و بینێرم بۆ خوازبێنی ..

« ١ ـ ٨ ـ ١٩٨١ »

بیری نوالەم دەکردەوە ، زۆر بە پەرۆش بووم بۆ بینینی ، بەڵای مالەکەیاندا ڕۆیشتم بەڵام نەمبینی ، هەمووی دوو مانگە پشووی قوتابخانە کەچی لەجارێک بترازێ کە دوو ڕەدووری لەگەڵ دایکی لەبازاڕ دیم و زاتی ئەوەم نەکرد بچم قسەی لەگەڵدا بکەم ، چیتر نەمبینیەوە ، جارێکی تریش بەپێش مالەکەیانا گوزەرم کرد لەدەرەوە نەبوو هەتا ماوەیەکیش دوو ڕەدووری مالیان وەستام کەچی درزێک لەدەرگاکەیان نەبوو وەوە بۆ تەنها دیتنێکیش تۆزێک دڵم خۆش بکات .. کە هاتمەوە ماڵ ئەم یادگارانەی بەیەکەوەمان بەستبێتەوە بلوزە ڕەنگینەکەی و ئەنگوستیلە ئالتونەکەی بوو دەرمەینان و تێر سەیرم کردن و هەڵگێڕ و وەرگێڕم کردن ، بلوزەکەم بەسینگی خۆمەوە نا و تێر بۆنم کرد بەڵام دڵم نەهات لەبەر خۆی بکەم ، ئەنگوستیلەکەشم تاوێک لەدەستی خۆم کرد بەڵام ئەمیشیان چاوم بەرایی نەدا بیخەمە پەنجەی خۆمەوە ، ئینجا چەند ساتێک بیر و خەیاڵم لەگەڵ یادگارە خۆشەکانمدا تاودا و دووباییش کە پەرمیلکەی بیرم هاتنیشتەوە خستمەوە ناو دۆلابەکەم و بەنووسینی بەشێک لەم چامەیەی دەمێک بوو خەریکی نووسینی بووم خۆم خاریک کرد و لەناویا تواموە و خۆم لەبیرکرد ..

« ٥ ـ ١ ـ ١٩٨٢ »

وەختە شێت بم لەوەتەی قوتابخانەم تەواوکردووە نەمدیوە ، ئەمڕۆ بە هاوڕێیەکمدا هەوالی بۆ ناردم کە هەزدەکات بمبینێ .. منیش چوومە قوتابخانە و بینیم ، هەر کە دیم گەشایەوە و منیش بووژامەوە ، تۆزێک لە گۆڕەپانەکە پیاسەمان کرد ، پێی ڕاگەیاندم کە ئەگەر بێت و بەبێ پرسی دایکم بچمە داخوازی و بیهێنم ناهێڵێ هیچ ئێشێک بکەم و تەنها وەک وێردێک باوەشی گەرم بکەمەوە هەروەک چۆن جاران کە دەبێردەمەوە مالی خۆی و لە گەرماوەکەی مالیاندا سەری دەشوشتم و تێر لەباوەشی یەکتر کپ دەبووین .. دەیویست تامردن هەروەک جاران تێکەڵی یەکتربین و ببمە پاشای مالەکەی ، منیش پێم ڕاگەیاند کە خەریکبوو کاکم بنێرمە داخوازی بەڵام ئەمێش بەبێ ڕەزامەندی دایکم ریسەکەی لێ کردمەوە خوری و بڕیاریشم دابوو بەهیچ جۆرێک دەستبەرداری نابم بەڵام لەو کاتەدا کە قسەمان دەکرد ئامۆژگاریەکانی دایکم وەبیرهاتەوە کە دەیووت « کوڕی خۆم نەکەی هەڵبخەڵەتێی و بەدزی من بیهێنی خۆ ئەوسا هەتا هەتایە لێت بێبەری دەبم و نابێ ج جاری تریش پێ بنێیتە مالەکەمەوە و شیری خۆمت پێ حەڵاڵ نابینم کە بەمنالی فرچکت پێی گرتووە..» ئەم قسانە وەک لە بەرامبەر شاخێکدا هاواریکەی ئاوهەا لەتۆمارگەی میشکمدا دەنگیان دەدایەوە ، بۆیە لەگەڵ ئەم بیرکردنەوانەدا ڕاچڵەکیم تومەز ئەم هەر قسەی دەکرد من ئاگام لێی نەبوو ، تا ئەو کاتەی زانی بیرم لای ئەو نیە بۆیە ووتی « ئەمە چیتە دەڵێی ئاگات لەقسەکانی من نیە ، بیرت بۆ کوێ لەشقەی بالی داوە ؟!.. » .. « ب .. ب .. بەڵێ ئاگام لێیە .. بڕوات هەبێ خۆشەویستیت لەدڵما سنووری بۆ نیە ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ناتوانم دەستبەرداری دایکم بم هەرچەندە قسەشی لەگەڵدا ناکەم و بڕیاریشم دابوو باوەشی ئەم بە باوەشی تۆ بگۆڕمەوە ، کەچی

من هەڵەم نیستا هەست دەکەم کە ناتوانم هات و چۆی نەکەم و ڕقی لێم ببێتەوە ، من خۆم دەزانم دووای مردنی باوکم ئەم چ کۆڵە مارگیەکی لەگەڵ ئێمەدا کێشاوە تا ئێمەی پێگەیاندووە .. تەمەنی خۆی هەموو لەسەر ئێمە داناوە ، ماندووبووە ، هەمیشە هەوڵی داوە تا گەیشتۆتە ئەم ڕۆژەی چیتر توانای ئیشکردنی نەماوە و بەم دوکانە بچووکە دەمانژیێنێ .. جگە لەمەش من هەرگیز ناتوانم هەمیشە لەماڵەوە پێ لەسەر پێ دابنێم و بەتەمبەڵی بژیم ، با هەر بەخۆشی بژیم و خەمی هیچ شتێکم نەبێ و پارەش وەک باران بۆم ببارێ و گیرفانم هەردەم گەرم بێت سوودی چیە کە من مرۆڤێکی بێ کار و تەوەزەل بم لەکۆماڵ خاڵکی پێم بڵێن ژنەکەی بەخێوی دەکا .. نەخێر .. نەء .. نیستا دەتوانم لەبیری هەرزەکاریم بزگارم بێت .. من ژیانی بەمجۆرەم ناوێ ، دایکی خۆشم خۆش دەوێ و چیتر ناتوانم لێی جیابمەوە ، من خۆم دەزانم بۆچ دەردەسەریەک بەخێوی کردووم مرۆڤ دەبێ سپلە نەبێ نەخوازملا بەرامبەر دایکیشی .. نەخێر .. نا .. ، ئەم ڕۆژە هەستم بەم تانوکە یاخود تفوبە دەکرد کەلێکمان دادەبڕێ و دایکم باسی لێوە دەکرد و دروست بوو .. بۆیە وام هەست دەکرد گەیشتمان بەیەکتر ستەمە ، بەڵام نەمدەزانی ئاخۆ دەتوانم نوالە لەیادبکەم یان نەء .. خۆ هەر دەبێ ڕۆژێک لە ڕۆژان لەیادی بکەم ئەگەر نەگەیشتین بەیەکتر .. لەگەڵ خۆم دەکەوماوە دووان بەردەوام پرسیار لەخۆم دەکەم ؟.. ئایا .. دەتوانم .. نەخێر .. ناتوانم .. بەڵام بۆ ناتوانم .. ئاخر چۆن دەتوانم .. ئاخر دەبێ بتوانم .. بەڵام چی بکەم ناتوانم نوالە لەیادبکەم .. خاڵکینە من سەرم لێ سووڕماوە .. تکاتان لێدەکەم هێشتا بەتاوای وەڵامی ئەم پرسیارەم پێ نەدراوەتەوە چونکە لێرە بەملاوە نازانم دڵم بربیار لەسەر کامە وەڵام دەدا ، ئێوەش یارمەتیم بدەن و خۆتان سەرێشک بن چ وەڵامێک بۆ خۆتان هەڵدەبژێرن .. ئا .. یاخود .. نەء ..؟!

هەولێر - شوباتی ۱۹۸۸

هەوالنامەی کتێب



گۆچێکی لەناکاو .. مەرگێکی تر

دەگێڕنەوە دەڵێن لەشاوگارێکدا ، هەبوو نەبوو منداڵێك لەدایکبوو . دایکی بەسەر منداڵەکەوە سەردەنێتەوە . دایبەرش کۆرپەکە دەپێچێتەوە و دەیدات بەدەم ئاوی سیروانەوە . کەس نازانێت بۆ ؟

دەگێڕنەوە دەڵێن ئەو شەوەی کە لەدایکبوو .. شەوێکی گوللەباران بوو .. لە پەنجەرەی نزمی ژوورەکەوە گوللەیەك ڕاست دێت و قۆڵی چەپی دەسمێنێت .. دەگڕی و ژوورەکە لە فرمێسکدا نقوم دەکات . دایبەرش بەپەلە قۆناخەکە هەڵدەگرێت و دەپێتە سەر ئاودەست و چەند منداڵێك لەمۆی کۆدەکاتەوە ، ئاوەکە بەردەداتەوە و بەسەر ئاودەستەکەدا لەم بەر بۆ ئەوبەر بازدەدات . منداڵەکان بەیەك دەنگ هاواردەکەن : دایبەرە گیان ئاوە چی دەکەیت ؟

- ترسی کۆرپەکەم دەردەکەم .

- دایبەرە گیان ئاوە چی دەکەیت ؟ ترسی کۆرپەکە دەردەکەم .

دایبەرە دوای ئاوەی ترسی کۆرپەکەی دەرکرد ، بردی و دای بەدەم ئاوی سیروانەوە .. شەپۆلەکان لووڵیان دا و کەس نەیبینییەوە .

دەگێڕنەوە دەڵێن دوای چەند ساڵێك .. لەناو جەرگەی سیروانەوە ، پیاوێکی لەش تەڕی ترس لەجەرگا نەبوو .. بەبرینێکەوە کە لەقۆڵی چەپیدا بوو سەری دەرهێنا .. شەپۆلەکان بەرەو کەنار گواستیانەوە .. هاتەدەرێ و شارێکی دروستکرد و بوو بەپاشا .

ڕۆژ هات و چوو .. شەوێکی گوللەباران .. هاوڵێکی جەرگ بڕ .. هەموو شاری خرۆشاند : پاشا شەهیدبوو . گوللەیەك لەپەنجەرەی نوشتاوەی ژوورەکەوە بەر کۆنە بڕین کەوتووە .

هەر بەو شەوە .. بەجلی ڕەش و شینەوە تارماکەی هەڵدەگرن و دەیدەن بەدەم ئاوی سیروانەوە . شەپۆلەکان وەك بەهاوڕێیەکی کۆن شادببنەوە ، لەئامێزیان گرت و بەرەو ناخ بردیان. هەر ئەو شەوە شار نوقم بوو ، خەڵکی بەپەلە هەڵاتن و لەکناری سیروان تروشکەیان کرد .. چاوەڕێی ئەون وەك عەشقێکی لەناکاو بێتەوە .. بەڵکو شارەکەشیان بۆ سەر ڕووی زەوی بێتەوە .

دەگێڕنەوە و دەڵێن لەو کاتەوە بەهەزارەها کۆرپەیان خستۆتە ئاومکەوە ، دووسەد ساڵ زیاترە کەسیان نەگەڕاونەتەوە . منیش هاتمەوە و هیچیان نەدامێ .

هاتمەوە سەر مالی چۆڵ .. ئازارم دەیڕیکاند .. خەمیش چەشنی گرێیەکی ئابەدی گەرمی گرتبوو .. هەناسەم وەك تەم و مژ سەخت و گران .. خەیاڵیشم چەشنی سیمام وڕ و ماندوو بوو .. دەرونم پڕبوو لە کۆچ و لە تینوێتی و لە بەردەڵان . ئارەزووی هیچ شتێکم نەدەکرد مەرگ نەبێت.. هەر ئەوە و نەمرییەك بەبیرهەری و عەشقم دەبەخشێت .. دەستات سەر بالی ونبوون .. گلان .

هاتمەوە دڵ پیر لەشیومن .. بۆ کونجێك دمگەرام ئەم گیانە گیرگرتوەی تێدا خاموش بکەم .. دمگەرام و کۆچێکی تێدا حەشاربدەم .. کۆچێك وەك هەناسەی گەردوون تۆرە و بەسام . گەرامەوە سەر مالی چۆڵ .. ترسێك دەرونمی تەنی و قوڵپی دەدا .. یەکسەر بەرەو دۆڵابە شکاوەکە هەنگاوم نا .. بیرەوەریم چەشنی دەرزی بەرەو ئێستام لرفەی دەکرد .. ملی دەنا . نوشتامەوە .. وەردوورد گەرام .. گەرام بۆ ووشەی شیرینی ئەو .. بۆ یادگار و بۆ نامەی هەناسە تۆز لێنیشتووی ئەو .. ئەفسووس ! چ خەونێك بوو .. چ عەشقێك .. چ کۆچێ ؟ تەنها مانگێك بوو یەکتریمان ناسی و چەشنی زەوی و ئاسمان دەستمان لێك بەردا .. تەنها مانگێك بوو ئێستر من وئبووم و ئەویش ون . من رێگای کۆچ و تانە و تەم و مژم گرتەبەر ، ئەویش رێگای بێ کۆتایی خەون و ئەفسانە .. تاریکی و خەم و برسێتی بوون بەئاشنام ئەویش وئبوو .. وئبوو چەشنی یادگاری رەنگاورەنگی منداڵیم .

کە سەیری چاوانیم دەکرد و لێی وورد دەبووەوە ، لەوە نادەچوو تازە بیناسم .

- کچێ ! من دووسەد ساڵ زیاترە تۆ دەناسم .

- خۆت پیرمەکە و منیش پیرمەکە لەگەڵ خۆتدا .

کە سەیری چاوانیم دەکرد سروشتم تێدا دەبینی بزمێکی ڕوت و قوت بوو پێدەکەنی .. ئەوە خەونی لێواولێوی پیر گومانی چەن ساڵەم بوو هاتەدی .. یاخود نەشئە و وورشە و پرشەی بەرە بەیانی کاتی منداڵی ؟ ئەوە خەنیکی تازە بوو یان گورانی ؟

تەنها مانگێك بوو ، کە لەتەکیدا دەڕۆیشتم ، جارجارە دەخۆشتامەوە و بەڕێوە عەشقم دەچنی دەکردە چاپکە گوڵ بۆی ، ئاخر من ئەمە یەکەمجارە توشی عەشق بم .. لە کوێڕاهات ؟ هەر خۆیشم نازانم چۆن بووە چەند نامەیەکی برژانگ تەڕی .. بەجێماوی .. ئەژنۆ شکاوی ناو دۆڵابە شکاوەکە؟ هەر خۆیشم نازانم چۆن لێم ونبوون و نامدۆزینەوە ؟ ئاخ چەند بەوووردی گەرام .

گەرامەوە سەر مالی چۆڵ .. هەموو شتێکم بزربوو .. کاڵێنێکی گەورە و ماڵن وەك تارمایی.. وەك تەنیایی هاتە وێزەی تەمەنم .. بەگەڵای زەردی دەرونم خۆم داپۆشی . لەکونجێکی زۆر تاریکی ئەم گەردونە تەسکەدا گرمۆڵەبووم .. چاوچاوی نادەبینی .. منیش ماندوو .. ماندوو چەشنی هەست و نەستی دڵداریکی ڕق گرتوو .

کۆچێکی لەناکاو دوای عەشقێکی لەناکاو پێکابوومی و لالی کردبووم . برسێتی لە ئاسمانەوە دەباری من دەبینی .. باوکێك چاو بەفرمێسك دەخولایەوە و جگەرگۆشەی بێ هەناسەی خۆی ببوە جەستەی .. بریندێکم بینی هێندە قوڵ بوو چاوانی ماندووەدەکرد و وچانی نەبوو .. بەردێکی زۆر هێندە فرمێسکیان بەسەردا ڕژابون ئەرم ببوون .. لاشەیەکی زۆرم دی هەڵدەڕزین و هێشتا هەر زیندووببوون .. من گۆڕستانێکم بینی دڕی خواکانی سەرزەمین ئالای شۆڕشی بەرزکردبوەوە .. خاڵێکی زۆرم بینی نەمدەناسین .

- من نانم ناوێت سەربەستیم دەوێت .

- دایە گیان من سەرماما .

- باوکە ئێرە کوێیە ؟ کەی بۆ ماڵەوە دەچینەوە ؟

- لەشاش سەرخێزان هەر خۆم ماوم قسەی چی بکەم ؟

- دەچماوە دوو منداڵم بەجێماوە .

- لە کەسیان خۆش نابین .. لەکەسیان .

- داپیرە گیان ! خەفەت مەخۆ ، وەرە با کۆرپەکەت بنێژین . وا سێ ڕۆژە بە باوەشتاوە .

ئەمە منم .. منم و مالێکی چۆڵ .. دەورووپشتم لەخۆم تەنیاتر .. غەریبتر .. دڵم چەشنی دارستان پیر .. ڕۆحم تینوو .. جەستەم گڕ .. دوایڕۆژم وەك هەورەکانی ئاسمانی کۆچەکەم بۆر و چڵکن . بۆ کوێ بچم ؟ بۆنی ئەو .. هەناسەی ئەو .. نامەکانی ئەو چۆن بدۆزمەوە ؟ چۆن بتوانم ئەو مانگە لە تەمەندا جارێکی تر بژێنمەوە ؟ ئەو کۆچەش کە کردم وەك ڕۆحی نەفرەتم بنێژم و نەیبینمەوە .

ئاخ ! چەند بە هەناسەساردی هاتمەوە سەر مالی چۆڵ .. ماندووم لەپیزدا وەستاوم بۆ مەرگێکی تر .

حوزەیرانی ۱۹۹۱

مەولوود ئیبراهیم حەسەن
هەولێر ١٩٧٦

ئاترسێم ، بەڵام ڕقم لێیان دەبێتەوە !

چەند هەنگاوێك لەکانییەکە وەسەرکەوتبووم و لەسێبەری داریکا خەریکبووم بە (ماجیك) وێنەم دەکێشا ! هەرچەندە من لەوێنەکێشانا ئەوندە سەرم دەرناچێ ! بەڵام ، کەس نەبوو بڵێ : وامەکە ! جێگاکەم هەورازێك بوو کە بەسەر دۆلێکی چڕی دا دەڕوانی . لەگەڵ ئەوەی کە جێگایەکی چۆلیش بوو ، بەڵام ، بۆ دڵنیایی زیاتر چاوم بەچواردەوری خۆمدا گێڕا. لەنێوان دار و بەردە زلەکان .. چەند سەر بزن و مەڕ و یەك دوو گوێ درێژ و سێ چوار ڕەشەوڵاغ دیاربوون . لەدڵی خۆمدا گوتم : ئەو مااڵتە بێ خاوەن نیە ! چاوم بەدوای ئادەمیزادێکدا گێڕا کە بەدوایانەوەبێ . کاتێ ئادەمیزادەکەم بینی ، زیاتر چاوم هۆگری تەماشابوو .. !! ئادەمیزاد .. بەڵێ ئادەمیزاد ! بەڵام ، ئادەمیزادێکی تەمەن هەشت نۆ ساڵە .. شەروالێکی بچووك و کراسێکی لەبەربوو ، کە هەنیشك و سەرچۆکی کونیان لەکراس و شەروالەکەی کردبوو .

لەوڵاتەکەی خۆما زۆر منداڵی لەبەر و لاواز و ڕووت و بێنواسم دیوە ! ئەوە دیمەنێکی بزرنیە ، بەڵام ، ئەوەی کەم دەبیندرێ و من تا ئێستا نەم دیوە ، هەڵس و کەوتی منداڵەکە بوو ، ڕاستە هەشت نۆ ساڵە بوو ، بەڵام ، لەجوڵان و سوڕانا .. لەگەڵ ئاژەڵەکاندا لەپیرێکی هەشتا نۆمەت ساڵەی ئێسك ساغی دەکرد ، وەك سەرۆکە بەدوای کەر و بزنەکان غڵۆردەبۆوە ، ماوەی نەدەدا لەیەك دابڕێن و لەم کێوە پەڕاگەندەبن ! زۆر بەڵەش سووکی دەتگوت تەشوی بادراوە ، چواردەوری ئاژەڵەکانی دەکرد . کەبزنێك ! گوێ درێژێك دادەبڕا .. هەوڵی دەدا زوو بیگێڕێتەوە نێو مێگەل . بەڕاستی زۆر ماندودەبوو ، کەچی هەستم ڕاگرت نەداریك لەئاژەڵەکان دەدات و نەجوێنێکیش بۆ ماخۆ و خێوی بەستازمانەکان هاوڵەدەکا !

یەك یەك و دوو دوو ئاژەڵەکان تێنوێتی بۆ لای کانییەکەی هێنان . بەدوایانەوە ئادەمیزادێکی بچکۆلانەش تێنوێتی ڕایکێشا !! کاتێ لەکانییەکە نزیکبۆوە منی بەدیکرد . بەڵام ، من بەدیکردنەکەی چی لە جوڵە و ڕەنگ و ڕووی منداڵەکە نەگۆڕی ، چۆکی دادا و دەستە ناسکۆڵەکانی دایە بەرخۆی و بێنی بەکانیەوە نا و ئاوێکی شوانانەی خواردەوە !

بەرکانییەکە گیای سەوزتر و گەاڵی دارەکانی تەڕتربوون . ئاژەڵەکان لەو دەورە گیرسانەوە ، من وردەوردە خامە ڕەنگاوڕەنگەکانم دەسوڕاند و تیچاوێکیشم هەر لە منداڵەکە بوو. بەڕاستی ئاودەم حازم دەکرد ، وێنەکێشێکی ئاوتۆ بوام ، توانیبام تێکڕای جوڵە و هەڵسوکەوتی ئەم ئادەمیزادە چکۆلانەیەم کێشابا ! یان شاعیرێك بوام ، ناسکترین شیعرم بۆ ئەم ڕەنجدەرە ئاوارەیە نووسیبا ! هەرنا کامێرەیەکی سینەمایم بوایە ، تێر .. تێر وێنەی هەموو جوڵەیەکی ئەم منداڵەم گرتبایە و چاوی کامێرام لەسەر نەگواستبایەوە . بەڵام ، چی ! هەزار (حاز) بەیەك (هەیتم) ناہێ !! من حازم دەکرد دەروونی ئەم منداڵە کوردە هەژار و پەڕاگەندە چکۆلەیە

بخوێنمەوە ! دیارە ئاویش حازی دەکرد ، بزانێ من بەم تەنیاییە لەم شوێنە چی دەکەم !! جولاو .. سوپا و لێم نزکبۆوە ، وەک بەرخۆلەیەکی دەستەمۆ لەتەکمەوە بەکپی دانیشت . هەلم چنگکەوت بیدوێنم . گوتم: شوانە بچکۆلانەکە ماندونەبی ! بازمردەنایەکی پاک و لەسەرخۆ گوتی : خوا عافووتکا .

من وێنایەکم دەکێشا کە پێشتر ناوی « ئاواتمان » م بۆ هەڵبژاردبوو ، لەسەر کاغەزەکە دوو کۆتر و دوو گوڵە گەنم و دوو خونچە و خۆر و ئەستێرەیەك سەریان پێکەوە نابوو . دیارە ئەمانەش بەخامەی رەنگاورەنگ کرابوون - وێنەکە هەر بەسەوزی خورابوو - بۆیێ دەترسام ! شوانە بچکۆلانەکە تەماعی تێگیرێکات و گرنانگەی لێ دابگرێ و داوام لێبکا ! بۆشم نەدەکرا دڵی بشکێنم ! لەخەساردی خۆشم شارەزابووم ، دەزانی بۆم ناکرێ جارێکی تر وێنەکە دروستکەمەوە. جا من نەختێ بەهۆی چاوتەنگی خۆمەوە وام بێردەکردەوە و دەترسام ! بەڵام ، منداڵەکە گاڵیك لەمن ئارامتربوو ! شتی وای بەبێردانەدەمات !! یەك دوو کتێبی ئەستوورم لەکن بوو کە وێنەکەم لەسەر دەکێشان ، منداڵەکە دەستیدایە یەکێکیان و گوتی : ئەمنیش کتێبی وەهام هەبوو .

- ئەی چیت لێکرد ؟

- بەجێمان هێشت ، دایکم گوتی هاوێشتیانە ناو لۆری عەسکەری ، بردیان .

- کتێبەکەتیان برد ؟

- ئا .. لەگەڵ هەموو شمەکەکان .

- باشە بۆ ناتهێنان ؟

- ئاخر پێمان قوتارنەبوو ! خۆ بەترومبێلی نەهاتین !! شاوبوو هەر هەندەمان پێهات بەدووی کەر و هێسترەکی داکم گوتی : هەر بەخۆمان قوتاربین !

- باشە بۆ هەلاتن !!

- هەرنەهاتباین دەیانکوشتین !!

- بۆ دەیانکوشتن ؟

- داکم گوتی : دەرێن ئەنگۆ پێشمەرگان !

دەمویست پرسیاری زۆرتری لێبکەم ، بەڵام ، هەستمکرد شڵەژاوم ! دیاربوو منداڵەکەش هەستی بەتێکچوونی من کردبوو ، وەک شەرم لە منداڵەکە بکەم ، بێدەنگ بووم . بەڵکە ماوەیەك دێمەوە سەرخۆ .

شوانەکە لەم ماوەیەدا یەك دووجار ئاژەڵەکانی گردکردەوە و وەک جاران دەهاتەوە تەنیشتم و کپ دادەنیشت .

ئەمجارەیان کتێبێکی تری بەدستەوە گرت و پەڕەپەڕی وەرگێڕا . لەم وابوو ئێستایە بە خامە رەنگاو رەنگەکان دەکەوێتە خەت خەتۆکی لەسەر کتێبەکە و لاسایم دەکاتەوە ؟ بەڵام ، خوا هەڵناگرێ ئاو لەمن بەئسوڵتربوو ، ئەمەشیانی نەکرد و لەو مازەندەیەش سەرچێ چووم !

دیسان ئارەزووی پرسیارکردنم جولاو و پرسیم :

- دەزانی بخوێنیەوە ؟

- نەء .

- بۆ ؟

- ئاخر دەرسی مە نیە !

- باشە .. سەفی چەندی ؟

- سفی سێ !

- حازدەکەی بخوێنی ؟

- تازە لەکێ بخێنم ، داکم گوتی : مەکتەبەکەشیان سوتاند !!

شتی نوێم نەدەبیست ، بەڵام ، لەزاری یەکێکی ئاوتۆم دەبیست ، کە زوو زوو تاقەتی زیاتر پرسین و گوێگرتنی لێدەستاندم !

کە لەچاوەکانی ئەم شوانە وردەبووەوە زۆر منداڵی هاوتەمەنی ئەم نادەمیزادە خوێن سوورەم دەهاتنە بەرچاو ، کە هەرێەکەی بەجۆرێك پادەبوێرن ! هەموو کەرەستە و ئامرازێکی

خوێندن و زانیاردنیان بۆ ئامادەکراوە و هەوشی قوتابخانەکانیشیان پر لە گوڵە و سارە سالیش کە دەردەچن ، دیاری جوان و ناسک لە مامۆستا و دایک و باوک و کەس و کاریان وەردەگرن و هەموو شەوێک خەون بەسالی تازە و جارێکی تر کردنەوەی قوتابخانە دەبینن .

خەریکبوو هەستم بەدوای پرسیاری بێ وەڵامدا بپرۆا و لەخۆم دابڕێ ! کە دەنگی فرۆکە گیرامیەوە ! وام بەبیرداهات ، کە ئێستا ئەم منداڵە وەک هەموو گەورە و بچوکێک هەوڵی خۆشاردنەوە دەدا و دەشڵەژێ ! من لەجێگای خۆم نەجوڵام ، بەڵام ، وام لە منداڵەکە چاوەڕێ نەدەکرد . کەچی وەک پشیلەیەکی کەمۆ هەر تەنیا چاوەکانی دەجوڵان بێ ئەوەی تێکبچێ و ترس بەڕووی یەوە دیاربێ ، سەیری فرۆکە (بێ خوێن و دەمارەکانی !!) دەکرد .

لەدڵی خۆمدا گوتم : ڕەنگە شەرم لەمن بکا بۆیێ خۆی ناشارێتەوە ، پێم گوت :

- خۆ ناترسێی ؟

شانێکی هەڵتەکاند ! باوکم بۆ بوختان بەم ئادەمیزادە بەجەرگ بکەم ، بەخوا هەر لەسروشتی خۆیەوە چاوقایم و نەترسە ! وەک زۆر منداڵی تر لەم وڵاتە چاوی لەئێو ئەم کارەساتانە کراوەتەوە ! شەرمی چی ؟ کەی ترس لەشەرم دەگەڕێتەوە ! هەمری درێژبێ ، لەدوارۆژ دەبێ بەپیاوێکی بەناو و لێهاتوو ! خەریکبووم وەک فالچی لەڕەنگ و ڕوو و هەڵسوکەوتی دوارۆژیم دەخوێندەوە و زۆر نەخشەی بەرز و دیارم بۆ دەکێشا !!

فرۆکەکان چەند جارێک دابەزین و ئاگریان لە دوڵەکە هەڵستاند . لەگەڵ دەنگی تەقینەوەی ناپالمەکان داربەڕووەکان دەهەژان و گەڵایان لێ دەوەریە سەشان و ملی ئێمە ، فرۆکەکان پاش ئەوەی ئاگری دڵی خۆیان هەڵپشت و هەرچیان لەدەست هات کردیان لەچاو بزربوون . لێم پرسییەوە :


- وادیارە لەفرۆکە ناترسیی !!

بەنارەزییەوە گوتی :

- ناترسێم ! بەرانەکێنێ ڕقم لێیان دەبێتەوە !

- بۆچی ؟

- ئەدی بابم تایارە نەیکوشت !!



هەوالنامەی کتێب

بزلووك

- بەشی دووەم -

خوێنەرانی هێژای (یەکگرتن) !

لە یەکێك لە ژمارەکانی رابردوودا کۆمەڵێك وشەی ناوێزە و ناموّی کوردەواریمان لەژێر ناونیشانی (شەوشام) دا پێشکەشکردن ، لەم ژمارەیەشدا خەرمانەیەکی دیکەتان لەمجۆرە پەیڤانە پێشکەش دەکەین :

چەقچەق : لەچەمە خۆرسکەکاندا دەبوێ ، بالأی مەترونیوێك دوومەتر دەبێت ، بۆ ئالأشی خانوو بەکاردەبرێ لەلادێکانی گەرمیان و دەوروبەری قەرەچوخ ئالاشێکی زۆر (پرووکە) .

داناش : ساوار و بریۆش و نیسك و نۆك ، کە زستانان زەخیرەدەکرێ ، داناشی مالی پێدەووترێت .

قرتۆك : بەدوای پسۆك دەووترێت .

هۆم : سنووری نێوان زەویەکان جیادەکاتەوە .

بۆزی : جۆرە چاروگەیەکە لەموو دروست دەکرێ و زۆر زەبر و بەتامەنە ، جۆلاکان دروستی دەکەن .

سەردەسکانی : جۆرە لێدانەوەیەکی هەواییە لەیاریی (قاشنوانێ) .

ڕەشکە : شێوەی تۆری هەیە ، لەموو دروست دەکرێ ، قاسڵ و کای پێ دەکێشرێتەوە ، وەکو یەکەیەکیش لەهەندێ شوێنی کوردستان بەکاردەبرێ (ڕەشکەی کا بە دە پەنجاییە) .

سەرمکۆ : عازەب ، کچی لەخۆگەڕاوە ، قەیرە .

دوکان : دێراوی شینایی ، (لاحە) .

دالیە : کاتی پێوانەکردنی گەنم یان جۆ لەجیاتی ژمارە (٢٠) بەکاردەبرێ .

زیادە : کاتی پێوانەکردنی گەنم یان جۆ لەجیاتی ژمارە (١٣) بەکاردەبرێ .

کولکە ڕێن : ئەوجۆرە ڕنینەیە کە لەکاتی ڕنیندا دەست لەبارێ پێنەگەیشتوو نەپارێزی .

شەقڵە : هەراش ، جۆرێکە لەدار بۆ دارەڕاکردنی خانوو بەکاردەبرێ و زۆر ئەستوور نین ، زیاتر درێژ و باریکن .

مەد : دارێکی پتەو و ئەستوورە ، لەدارەڕاکردنی هەر خانوێك بەچەند مەدێك دارەڕادەکرێ پاشان سەرتایە و شەقڵەی لەسەر ڕێزدەکرێ و بەئالاشی تر سەری دەگیرێ .

سەرتایە : ئەویش جۆرە دارێکە ، زیاتر درێژ و باریکن و بەشێوەیەکی گشتی ڕاست و بێ لق پۆن ، بۆ نموونە : سپیندار .

دەفەزار : باقۆ ، نەخۆشگرتوویەکی زگماك یان هەمیشەیی .

پێپەست : بەپاڵپەستۆ (قورسایی) خستنە سەر زەوی تەڕ و فشۆڵەو شوێنە پێپەست دەبێ .

رەقال : باسك بۆ سەگ ، بنێس بۆ مرۆڤ (لاواز) .

کۆلیس : بەمالاتی بێ شاخ دەووترێت .

کوریس : بە جوانوو یان جاشکەری بێ بژ دەووترێ .

شەش تەقەلکردن : ئەو جۆرە دورمانە شاشایە کە بەخێرایی پیادەچن (کفن بۆ مردوو هەمیشە شەش تەقەل دەکرێ) .

پلیت : بۆ ئەوەی جل زوو هەلنەوەشێ ئەوا ڕاستە دروومانی زۆربەی جل وبەرگ بەدەست یان ماکینەی دروومان پلیت دەکرێ .

کایتە : داری چامە ، زۆربەیان بە پال و پۆ و خوار و خێچن و بۆ دارەیرا بەکارنابرێن ، بەڵام بۆ سووتاندن خراپ نین .

ووشکەجاوکردن : جوینی نان بەووشکی (بێ پێخۆری) یان زۆرجار وەکو وەسف بەکاردەبرێ (خولە خۆشی نایەدەزانی بۆ قسەکانی ووشکەجاو دەکرد) .

لیکاون : بەمرۆڤێك دەووترێت لیکی دەم وپلی بێتەخوارێ ، زۆرجار منال لیکاون یا (لیرگاون) دەبێت .

بەرزهار : بەسەرەوەی بەر و خوار زگ دەووترێت بەرزهار .

شوونك : ئەو بەردە درێژە لوولەییەیە کە لەجۆنیدا شتی پێ وورددەکرێ ، لەسەر هەندێ چاك و ئیمایش (شوونك) هەیە مرازدار هاڵی دەدات بۆ ئەوەی بزانێ مرازی چۆنە ! بۆ نموونە: (پیرداود) لەناوچەی هاولێر شوونکی هەبوو خەڵکی هاڵیان دەدا بۆ زانینی بەختیان ، ئەگەر وەستابا ئەوا بەختیان سپی بوو (بەحسابی خۆیان).

جۆنی : لەدار دروست دەکرێ و لە هاونگ دەچێ ، شتی لەناو وورددەکرێ ، وەك مازوو و سیچکە .

هەوێز : ئەو شوێنەیە هەموو ڕۆژێ مێگەلی لێ ڕادەگیرێ بۆ دۆشین و حەساندەوە ، بەو قشیلەش کە لەم هەوێزە کۆدەکرێتەوە هەر دەووترێت هەوێز ، بۆ نموونە : دوو شەو هەوێزم لەباجی ڕەیحان خواستەوە .

هێزەدان : لەقور دروست دەکرێ ، بازۆر شێوە دروست دەکرێ ، هێزەی تیا دەپارێزرێ .

خورك لێدان : ئاسن کە ماوەیەك لەژێر زەوی بشاردرێتەوە یا لە بواریکی شێدارادا بێت خۆرکاوی دەبێت ، واتە ژەنگ دەگرێت .

مرك لێدان : ئەو کاڵ و پەلانەی لەخۆری دروست دەکرێن ، ئەگەر بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بەرخۆر نەدرێن و خاوێن نەکرێنەوە ئەوا مرك لێیان دەدا و کون کونیان دەکاو دەیانبرزێنێ .

فەتیرە : جۆرە نانێکە بەسێل دروست دەکرێ، بەڵام پەق نابێتەوە و زۆر هەڵناگیرێ ، زیاتر ڕۆژانە دەخورێ و بە (نانی فەتیرە) ناسراوە .

کەرکەراژۆ : جۆرە یارییەکی منداڵانەیە و زۆر باوە لەکوردەواریدا .

شکاندنەوە : جۆرە کارێکە لە کشتوکاڵدا ، بۆ نموونە تەماتە لە کاتێکی دیاریکراودا ئەگەر نەشکێنرێتەوە ئەوا شۆڕدەبێتەوە ناو دێراو و بەرمکەی دەبڕێ .

سەرشکاندن : جۆرێکە لەکاری کشتوکاڵی ، کاتێك شتێك بچنرێ و یەکسەر بارانی بەدوادا بێت ئەوا خانەکان پێویستیان بە سەرشکاندن هەیە ، ئەگەر نا ئەوا جیکری هەرشتێك بێ گۆڕ دەبێ جا تەماتە بێت یا خەیار یا هەر تۆوێکی چنراوبێت .

کەمە : بەو تەختە بازنەییەی میرابی سەرمند یان بێژنگ دەووترێ . لانکیش دوو کەمەی هەیە کە لەشێوەی نیوبازنەدان .

دوولا : بەو جۆگەیە دەووترێت دوو شان ئاو بدات ، ئەمە کاتێك دەبێت کە زەوییەکە ڕاست بێت .

یەك لا : بەو جۆگەیە دەووترێت کە لا ئاو بدا لەزەویی خواری لالێژدا .

لبن : خشت ، لەقور دروست دەکرێ و شێوە و قەبارەی جیاجیای هەیە .

قالب بر : لەدار دروست دەکرێ و لبنی پێ دەبڕدرێتەوە ، واتە قالب بۆ لبن دروستکردن .

چاوناگر : چاوڕۆنکە ، بەپیروپوش و سووتەمەنی ناسك دەووترێ کە سەرمتا بۆ ئاگرکردنەوە بەکاردەهێنرێت .

بزلووك : ئەو پارچە دارە پتەوە بچووکە قەڵەم شێوەیە کە دەمرێتە دەمی بەرخی مژۆکەوە بۆ ئەوەی نەتوانێ لامژی بکات ، بەمجۆرە بەرخە دەووترێت بزلووك لەدەم .

□□□

مەدحەت گاگەیی

کاتێ چووم بۆ دەرەوەی وڵات لە کەسایەتییەکانی میللەتەکەم نزیکترکەوتمەوە

پرسیار : هاوڕەگەین بزانین ئەو سەرچاوانە کامانەن کە لەداهێنانی هونەریی خۆتدا پشتیان پێ دەبەستیت ؟

وەڵام : نەک هەر ئێستا ، بەڵکو هەموو کاتێک سەرچاوەکانی هونەری من ژیان - خۆی بووە . بەڵام لەهەر یەکێک لەو قۆناغانەی کە پێیدا ڕۆیشتووم ، ئاشکرایە گۆشەنیگای هونەریم گۆڕانی بەسەردا هاتووە . بەڵای منەوە ، زەمینەی ڕۆشنبیری و ماسەڵەی تەکنیک و بەردەوامبوون لە کارکردندا سێ شتی زۆر گرنگن لە پەرەسەندنی چاوی هونەریی هونەرمەنددا . هەموومان دەزانین ڕۆژ هەر ڕۆژە و مانگ هەر مانگە و ئاوێش هەر ئاوە ، بەڵام سەیردەکەی هونەرمەند ئەگەر دەسەڵ جارێک بچێتە سەر ڕووبارێک ، بێگومان هەر جارێک لەو جارانە بەشێوەیەکی دیکە، بەشێوەیەکی جیاواز لەجاری پێشوو وێنەی ئەو ڕووبارە دەکێشێ . ئەم گۆڕانەش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە پەرەسەندنی زەمینەی ڕۆشنبیریی هونەرمەند و فراوانتربوونی ئاسۆی بینین و فەرهەنگ و ئازموونەکانیەوە هەیە .

من کە لەپەیمانگای بەغدابووم ، بەچاوێک وەکو چاوی کامێرا تەماشای ژیان و شتەکانم دەکرد : بەڵام لەکارکردندا بەشێوەیەکی ئێکسپرێسیۆنیزم (تەعبیری) دامەزراندەوە . بۆ نموونە ، حەسار ، هەژار ، سوالکەر ... بەچاوێکی کامێرایی دەبینین ، بەڵام دەگۆڕین ؛ بەو شێوە فۆتۆییەی نەدەهێشتەوە ؛ بەڵای منەوە گرنگترین شت لایەنە تەعبیرییەکە بوو .

کاتێ چووشم بۆ دەرەوەی وڵات ، بۆ ئیسپانیا ، ئیدی لەو کەسایەتییانەی ناو وڵاتەکەم نزیکترکەوتمەوە ؛ زیاتر بەناو فیکر و بابەتەکاندا قوواڵبوومەوە . بەڵام لەهەمان کاتدا بینینە تەعبیرییەکەم (لەئیسپانیاش هەر) ون نەکردبوو ، بەڵامەوە گرنگ بوو . ئەوەی ئێستا دەیکەم ئەبستراکت ، تەعبیری نیە . بەڵای منەوە تەعبیری (ئێکسپرێسیۆنیزم) قۆناغێکە . ئێستا دەمەوێ تابلۆیەکی وا بکەم کە نە خۆش بێ و نەناخۆش بێ ، واتە تەعبیر لەخۆشی و ناخۆشی نەکات . چونکە ئەم ماسەڵایە ، خۆشی و ناخۆشی ، شتێکی کاتییە ؛ بەسەردەچێ .

پرسیار : ئایا دەتوانیت دەستنیشانی ئەو چەمک هونەرییە بکەیت کە لە ئیسپانیا لەبارەی (تەعبیرییەت) هەتبوو ؟ ئایا بینینێکی تایبەتیی خۆتت لەبارەی ئەم پێیازەوە هەبوو ؟

وەڵام : بەڵێ . من شوێن پێیەکم هەبوو . هەڵبەتا من لەو قۆناغەدا زیاتر تابلۆی ڕەش و

سیم دەکرد . هەموو کەرستەکانیش لەدەرووبەری خۆماوە هەلدەهێنجان . بەلام سەیر لەوەدا بوو ، کە لەسالی ١٩٨٠ دا گەرامەوە عیراق و کاتێ جەنگ دەستی پێکرد ، ئیدی ئەمە وەک ئەوە وابوو کە من لە خەوێک بێدارببووبێتەوە و خۆمکام بەراست گەرابێ ! بۆمباباران ، سووتانی خانوو ، مالوێرانی .. هەموو ئەم کارەساتانەی جەنگ بۆ من بوونە خالێکی تازە ! وایان لێکردم کە من لەمەودووا شتی نوێ بکەم ، بەشێوەیەکی تازە کاربکەم . ئەم شەپە کە هات ، منی داچڵەکاند .

خۆشەویستە ، بام خودابێ ، بەردبێ ، کچ بێ ، گوڵ بێ .. تەنانەت ئەگەر سەگێکیش بێت ، لەکاتی تابلۆکێشاندا ، هەموویان بەخۆت دادەنێی ! وەن دەبی لەناو ئەواندا ، خۆت دەدۆزیتەوە لەناو ئەواندا . ئەم بینینەشم پەیوەندیی بە پەروەردەی پۆژهەلاتیانەی ژیانی رابردووی لای خۆمانەوە ، هەروەها بەتراژیدیای ژیانی ئەمرۆمانەوە هەیە . بەکورتیەکەی ، تەسەوف هەر ئەوە نیە دینی بێت ! تەسەوف ئەوینە ، پاکبوون و پاک مانەوەیە لەناست خۆ دا .

پرسیار : کاتێ لەئیسپانیاوە گەرایتەوە بۆ کوردستان کارە هونەرییەکانی هونەرمەندە کوردەکانی عیراقت چۆن دەبینی ؟

وەلام : بەراستی ، ئەمە گیروگرفتی گەورەی ئێمەیە ، کەسمان ئاگای لەکەسمان نیە . کارە هونەرییەکانمان زیاتر تاکەرەوانەیە ، هەرکەسێک بۆ خۆی هەوڵ دەدا . ئێستا بۆ نموونە ، ئەو قوتابیانەی کە لەپەیمانگای بەغدادا لەگەڵ یەکتربووین ! لەکوێن ؟ چی دەکەن ؟ نازانم . ئەو کاتیش کە لەئیسپانیاوە گەرامەوە عیراق ، بەشێوەیەکی گشتی کاری هونەرمەندە کوردەکانم نەدی . نەء .

پرسیار : تۆ ، ژیانی پۆژانەت و بینینی هونەریت سروشتێکی پۆحی و تەسەوفکارانەی هەیە . ئایا پەنگدانەوەی ئەم دیاردەیە بەسەر کارە هونەرییەکانتەوە چۆن شی دەکەیتەوە ؟

وەلام : من لەو بڕوایەدام کە دوو زات هەیە . یەکێک لەو زاتانە ، کە فرۆید باسی دەکا ، مەسەلە سایکۆلۆژییەکەیە ، زاتێکی دیکەش هەیە ، کە لایەنە تەسەوفکارییەکە دەگرێتەوە ، قوولترە : سایکۆلۆژیەتی مرۆڤ و هەموو دیاردەکانی دیکەی پەیوەندیداری مرۆڤ و ژیان و پۆح دەگرێتەوە . ئەوەی کە فرۆید باسی دەکا ، (هەستی ئاگا) و (هەستی ناناگا) و هتد ، زاتێکی زۆر قوول نیە ! بەڵام زاتەکەی دیکە هێندە قوول و فراوانە کە هەست دەکەی لەناستیدا کوێری . ئەگەر بیناسی ، ئیدی چاوت دەگرێتەوە و دەگەیتە ئەوەی کە بەراستی خۆت بناسیت . ئیتر ئەگەر ئەو زاتە فراوانە بناسیت ، تێکەڵ بەخۆت دەبی ، تێکەڵ بەخۆشەویستی دەبیت ، ئینجا ئەم خۆشەویستی و

پرسیار : کەواتە ، ئایا دەتوانین پێبازی ئەبستراکت (تجرید) بەرامبەر بە تەسەوف دابنێین ؟

وەلام : تا پادەیەک ، ئا . چونکە لە تابلۆی ئەبستراکتدا هیچ بابەتێکی دیاریکراو نابیندرێت . بۆ نموونە ، وێنەی ئەم پەرداخە ناکێشێ ، بەڵکو وێنەی ئەم پەرداخە و ئەم مێزە و ئەم پەنجەرەیە و لەهەمان کاتدا وێنەی خۆشت دەکێشێ . واتە هەمان مەسەلەی تەسەوفکارییەکە ، کە خۆت لەناو هەموو شتێکدا دەبینی . ئیتر ئەمە گرنگ نیە چ ناوێکی بۆ دادەنرێت . بەڵام لەهەموو شتێک گرنگتر ، کارە هونەرییەکەیە . هونەرمەند ئەگەر تابلۆکەی تابلۆیەکی هونەری بێت ، ئیتر با سوریالی بێ ، با تەعبیری بێ ، با ئەبستراکت بێ .. هەرچیەک بێ . گرنگ ئەوەیە کە هونەرمەند لەگەڵ خۆی پاستگۆ بێت ، ئەو پاستگۆییەش باش بێت و لایەنی باشەی تێدابێت ! هونەرمەند بتوانی گوڵێک بەپاکییەوە بدات مرۆڤ . ئەمە گرنگ .

پرسیار : بەڕای تۆ پێوەندێکانی (پاستگۆیی) و (باشی) لەکاری هونەریدا کامانەن ؟

وەلام : ئێمە هەموومان دەزانین کە شارستانیەتە کۆنەکانی سۆمەری و بابلی و هتد ، چەندین هەزاران ساڵ بوو خۆلیان لەسەر نیشتبوو ، بەڵام ئەمرۆ جوانیی کارە هونەرییەکانی ئەم شارستانیەتانە دەرکەوتن . ئیتر ، با ئەمرۆ کۆمەڵ دیسانەوە خۆڵ بێتە سەر کارە هونەرییە جوانەکان ، با ئەمرۆ ئەوروپا خۆڵ بێتە بان تابلۆی هونەرمەندە ڕەسەنە کوردەکان لە دوورەوڵاتیدا ، با هەموو دنیاش بەپێ بچنە سەر تابلۆکانمان ، بەڵام پۆژێ لە پۆژان ، لەداهاتوودا ، ئەوەی کە پاکە : دەمێنێتەوە . وانیە ؟

ئێستا من ناتوانم بڵێم من ڕاستگۆم . ناتوانم، ناتوانم بڵێم کە برادەرێکی هونەرمەند (لە فەرهەنگی یان لەکوێ هەیە) لەبەر ئەوەی کە کاری هونەریی بازرگانی دەکات ، ئێستر ئەو برادەرە هونەرمەندە ناڕاستگۆیە . نەء . لەوانەیە دووای ماوەیەکی دیکە ، ئەو گاڵیک لەمن ڕاستگۆتر بکەوێتەوە . مەسەلەکە ئەوە نیە کە بڵێی ٢ + ٢ دەکات چوار . بەڵام هەندێ شتیش هەن دیارن ؛ خۆماندووکردنت ، گەرانت .. هتد . هەرچۆنێک بێ، تەنیا پاشەڕۆژمان دەزانێ کە ئەمڕۆ کێ ڕاستگۆ بووە و کێ نا ؟ چونکە ئەمڕۆ ڕەهەندی هونەریی کوردی لەخاڵی سفرە لەچاو ڕەهەندی هونەریی جیهانیدا . وانیە ؟

پرسیار : هێڵ و ڕەنگ بۆ تۆ ، لەکارە هونەرییەکانتدا ، چی دەگەیەنن ؟

وەڵام : هێڵ ئیمزای هونەرمەندە . کاتێ هێڵێک دەکێشی وەک ئەوەیە کە ئیمزای خۆت بکەی . هێڵ کێشان بۆ من پەیوەندیی بە دڵ لێدانی خۆمەوە هەیە ، پەیوەندی بە سایکۆلۆژیەت و زەمینەی ڕۆشنبیریی تایبەتی خۆمەوە هەیە کە لەسەر تابلۆکەمدا شێوەیەکی دیکە وەردەگرێ : شێوەی نیگاری جۆراوجۆر . ئێستر ڕەنگ و ڕووبەڕووی تابلۆش ، بەهەمان شێوە . هونەرمەند هەیە ، بۆ نموونە ، بەپێلاو چوتە سەر تابلۆکەی خۆی ، هونەرمەند هەیە بەسەتڵ بۆیەی داڕشتۆتە سەر تابلۆکەی خۆی . ئەمڕۆ ، سەردەمی ئێمە هونەری زۆر ئازادکرد . بەتایبەتی بیکاسۆ ، کە پەنجەرەیەکی تازەی بەڕووی هونەرمەنددا کردەوە . هونەرمەندی ئەمڕۆ لە سنووری هێڵ و ڕەنگ و چوارچێوە بەتەواوەتی ئازادبووە . پەیوەندییەکە بۆتە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی نێوان مرۆڤ و هونەر .

پرسیار : ئێستا کە ڕووت کردۆتە کارکردن بەپێی ڕێبازی ئەبستراکت ، چۆن کارە تەعبیرییەکانی پێشووت هەڵدەسەنگێنی ؟

وەڵام : لەو ئەزموون و کارانەی پێشووم پەشیمان نیم . هەموویان یادگاری خۆمن ، یادگاری خۆشم - بەخۆشی و ناخۆشیەوە - بەشتێکی پیرۆز دادەنێم . من باوکم لەمنالی زۆر لێی داوم ، ئەم لێدانە ، هەرچەندە بۆ من نسکۆیەک بووە ، بەڵام یادگارێکی خۆمە و خۆشم دەوێ . ناسپێتەوە . ئێستر تابلۆکانی قۆناغی ڕابردووشم، تابلۆی منن ، قۆناغێکی دیاریکراوی هونەری منن.

خۆ ئێستاشم هەر لەداهاتوودا دەبێتە قۆناغێک ، وەک ئەوانی پێشووی لێ دێ . هونەرمەند هەمیشە پێویستە هیوای ئەوەی هەبێت کە شتێکی باشتر بکات ، نەبێتە دیلی ئیشی خۆی ، ئازادبێ ! من باوەڕم وایە کە هەرگیز لە چوارچێوەیەکدا نامێنمەوە .

پرسیار : ئەزموونە مرۆڤایەتیەکان (ئەزموونەکانی ژیانی خۆت) چ پایە و ڕۆلێکیان لەداهێنانی هونەرییتدا هەیە ؟

وەڵام : جاران دەچووم بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئێش و ئازارەکانی خەڵکم وێنەدەکێشا . وانیە ؟ ئەو ئێش و ئازارانەم دەگواستەوە سەر تابلۆکانم ، بە ڕوونییەوە تەعبیرم لێ دەکردن ، بەڵام ئیشەکانی ئێستام ، ڕاستە ئێمە ئەمڕۆ لەناو تراژیدیادا دەژین ، بەڵام من دەماوێ خێرێک بدەمە ئەو تراژیدیایە ، گوڵێک ، ڕۆشناییەک . ئێمە ئەمڕۆ کۆستمان کەوتووە و بەربووینەتەوە ، منیش بە تابلۆکانم دەماوێ بەخۆم و بەخەڵکەکە بڵێم کە باوەڕیکمان بەوە هەیە کە سەبەینێ هەڵدەستینەوە . من بەم ئیشانەی دووایی هەمیشە دڵخۆشییان دەدەماوە . ڕاستە خۆم لەناخۆشیدا دەژیم ، دوور لە خاک ، دوور لەکەس ، تەنیا ، دەربەدەر .. بەڵام ئیشە هونەرییەکانم دەبێ لەسەرووی ئەم شتانەوە بن . هەمیشە چۆرە گەشبینییەک دەبەخشمە خۆم و نەتەوەکەم ، تەنانەت دەیبەخشمە مرۆڤێکی سوێدی و یابانی و هەموو بینەرێکی دیکە کە تەماشای تابلۆکانم دەکات . بینەری ئاوروپی کە تابلۆکانم دەبینێ ، پێم دڵێ : هەست بەئارامی دەکەم ، هەست بەخاموشی دەکەم ، کە بێگومان هەموو کەسێک پێویستی بەم ئارامییە هەیە . چونکە مرۆڤی ئاوروپیش ، هەر وەکو ئێمە ، گیروگرفتی خۆیان هەیە . پێویستە وشەیەکی پیرۆز بدەینە مرۆڤ . ئەمەم لەلا گرنگ نیستا .

توانای دۆزینەوە و بینینی ئەزموونە تایبەتییەکانی ژیانی خۆم و ژیانی گەلەکەم لەناو تابلۆکانمدا پەیوەندیی بەزیرەکیی بینەرەوە هەیە؛ لەسەر ئەوە ڕاوەستاوە کە ئایا (کێ ،

تەماشای تابلۆکە دەکات . هەژارێك ، برسییەك ، لادێیەك ، تەنانەت بەرامبەر ئەو تابلۆیانەی پێشووم (کە جاران پرسمی ئەوم دەکرد) تێ ناگا . چونکە ئەو برسییەتی ، پێویستی بەشتی تر هەیە ، نەك تابلۆ . وانیە ؟ لەوانیە ئەوەکانی داهاتووی ئەم کەسانە ، بینەوە تەماشای ئەم کارە هونەرییانەی من بکەنەوە، ئەمەش بەجۆرێکی دیکە و بەچاوێکی دیکە . ڕاستە، من لەم کارانەی دووایيمدا ئەو شتانە بەشێوەیەکی دیار و ڕاستەوخۆ ڕەسم ناکەم کە لەژیانی خۆمدا و لەژیانی ڕۆژانەی کوردستاندا ڕووددەدەن ، بەڵام کە تابلۆکانم دروست دەکەم ، دەساوێ بەهایەکی هونەریی بەرز ببەخشمە ناتەوەکەم : گەرمییەك ، خۆشەویستیەك ، گوڵێك ، خۆرێك .

پرسیار : چەمکی (بەرپرسیاری) و (شۆڕش)، بەڕای تۆ، پەیوەندییان بە هونەرمەندەوە چیە ؟


وەڵام : هونەرمەند بەرپرسیارە بەرامبەر بەتراژیدیای نەتەوەکەی . چەنێك ئێش و ئازارمان زۆرین ، پێویستە هوشیاریی هونەری و ڕووناکبیریمان دە ئەوندە و زیاتریش بەرزبێتەوە . مێژوو لەوانیە جوتیارێك لە هەمبەر چارەنووسی میللەت بەرپرسیار نەکات ، بەڵام هونەرمەند لەهەمبەر ئەم چارەنووسە بەرپرسیارە . بۆ نموونە ، پێنەدۆزێك پەنجا جار پەنجا پێڵاوت بۆ دروست دەکات و هیچیش بەرپرسیار نیە ، بەڵام هونەرمەند بام یەك تابلۆش دروست بکات : بەرپرسیارە ! بەرپرسیارە لەئاست ئەو کارەی دەیکا . ئەم بەرپرسیارییەش بەرپرسیارییەکی کاتی نیە ، بەڵکو پێویستە بەرپرسیارییەکی مێژوویی بێت .

مەسەلەی شۆڕشیش لە هونەردا ئەوە نیە کە هونەرمەند چەك بگرێتە دەست و دوژمن بکوژێت و خاك ئازادبکا ، بەڵکو ئەو شۆڕشەیە کە بۆ نموونە شاعیر لەڕێگای وشەوە ، نیگارکێش لەڕێگای هێڵ و ڕەنگەوە شۆڕش بکات : نەك شۆڕش بکاتە سەر بزووتنەوەیەکی سیاسی . چونکە ئەمە کاری کەسێکی دیکەیە . من هونەرمەندم ، وانیە ؟ کەواتە من بەرپرسیاری ڕەنگم ، بەرپرسیاری هێڵ و فیگەرەکانم . کەواتە من لەڕێگای هونەرەوەیە کە شۆڕش دەکەم ، نەك لەڕێگای قەڵەمڕەوی دیکەوە .

تێبینی

ئەم هەڵپەیڤینە لەڕۆژی ٢٢-٥-١٩٩٢ لە ستۆکهۆڵم لەماڵی هونەرمەند لەسەر کاسێتی میکرۆکاسێت تۆمارکراوە و لەئارشیفی (ف . پیربال)دا پارێزراوە .

ooo











ملاحەت كاكەيى



مەحمەت کاکەیی



ملاحەت کاکەیی

پێشانگایەک بۆ
٣٠ هونەرمەندی شێوەکاری کوردستانی خواروو
لە ئاری مونشین لە ئەڵمانیا

مامەڵەکردن بەهەست و وێژدان و بیرێکی مرۆڤانەوە کارپێکردنێکی (معارسة) جوان و بەهێزە بۆ ژیان . ئەگەر بەو هێزە جوانەشەوە دەربڕین و دروستکاری بێتە ئەنجام ، ئەوا هونەرێکی بەرز لەدایک دەبێت و ئەمایش بۆ خۆی دەبێتە نووسینێکی ڕاستەقینە بۆ مێژوو .

کارپێکردنی هونەر خۆشییەکە و لەهەمان کاتدا بەرپرسیارییەکی گەورەشە ، زۆر جاریش دەبێتە ئەرک و غەمێکی قورس ، چونکە دەبێتە پالپشت بۆ جوانی و خێر ، ئەوش خۆی لەخۆیدا بەربەرەکانێکردنی شەڕە بەگشت هێز و هاوچەرخبوونێکییەوە.

لە ١٨-٩-١٩٩٢ موە تاکو ١٨-١٠-١٩٩٢ هۆڵەکانی کۆشکی (زایدل قیلا) لەشاری مونشین لەئەڵمانیا ژمارەیەکی زۆری تابلۆکانی (٣٠) هونەرمەندی شێوەکاری کوردی گرتبووە خۆی ، کە کارەکانیان لەکوردستانی خواروو بەرهەمهێناوە و نیشتاش هەر لەوێ دەژین . ئەو هونەرمەندانە دژوارترین و سامناکترین کاتیان لەگشت مێژووی کورددا بەچاو بینیوە ، کاتێک کە نزیکبوو کورد لەڕەگ و ڕیشەوە هەڵبکەندرێ و بوونی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و کولتووری وێران بکردرێ . ئەمەش لەساڕەتای ١٩٨٨ موە تاکو ساڕەتای ساڵی ١٩٩١ .

ناوەڕۆکی کارە هونەرییەکان پێکهاتبوون لە هاوار ، نائارامی ، ئازارێکی قوڵ . ئەم ناوەڕۆکانە لەنێوان ڕەنگە زەقەکان و هێڵە تیژ بەیەکاچوومکان و شێوەی مرۆڤە کووڕبوومکان و بەیەک لەساڕ یەک کەوتوومکان و دەم وچاو قیژاوییەکاندا دەبینران .

هەموو کارەکان فیگوراتیف بوون ؛ واتە هونەرمەند بۆ دروستکردنی بابەتەکەی شێوەیەکی دیاریکراو هەڵدەبژێرێ و مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و لەهەمان کاتیشدا لەنێوانیوە حاڵەتە تایبەتییەکانی خۆی بابەتەکێکی هونەری نزیک لەخودی خۆیاوە پێ دەردەبڕێت .

مرۆڤ ، زەوی و خانووماڵ لەکارەکاندا لەگشت شێوەکانی دی پتر دووبارە دەبوونەوە ، هەروەها شێوە و سیمبۆلی ئاشکرای دیکەی وەک باڵندە ، بەتایبەت کەو و کۆتر ، و ئاژەڵ ، هەروەها چیا و تابلۆنیش لەبڕێکی زۆری کارەکاندا دەبینران . هەموو شێوە و سیمبۆلەکان بەڕوونی و ئاشکرا وێنەیان نەکێشرابوو ، بەڵکو زۆربەیان شێوەیەکی ئەبستراکتیان بەخۆوەگرتبوو . بەئابردنی هونەرمەندی شێوەکاری کورد بۆ شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا یاخود نیمچە ئەبستراکت دەگەڕێتەوە بۆ پێویستی هونەرمەند بۆ بەکارهێنانی ئەو شێوانە لەبابەتەکەیدا یاخود دەربڕینی حاڵەتە تایبەتییەکانی خۆی لەدووتوێیاوە.

هونەرمەند گەر بیەوێ تابلۆ دروستکات ،

وینەی کارەساتەکە (ان) ناکۆشێت ، بەڵکو پتر بەشداری (ان) تیادا دەکات . خودی هونەرمەندەکە ، لەساتی بەشداربوونی لەبینای کارەکەدا و دیاریکردن بەرەنگ و هێڵ و شێوەی گشتی کارەکە وەکو خۆی بیەوێت و بیگونجێنێ لەگەڵ ناوەوەی خۆیدا ، فاکتەرێکی زۆر گرنگە .

کارەکان بەشێوەیەکی گشتی حالەتێکی سایکۆلۆژی قورس و تووندوتیژیان بەسەردا زاڵبوو و هەستێکی غەمگین و ناڕامیان بەبینەر دەبەخشی . سەرباری نزیکایەتی کۆی ناوەرۆک و ئەتموسفیری گشتی کارەکان لەیەکدی ، جیاوازییەکی زۆریش لەرووی تەکنیک و توانای هونەری و شێوازی هونەرییانەوە بەدی دەکرا . تابلۆکان بەکۆمەڵێ تەکنیکی هونەری جیاجیا دروستکرابوون . بۆ نموونە ، بەکارهێنانی رەنگی زەیتی لەسەر تەختە و لەسەر قوماش ، هەروەها رەنگی ئەکریل و رەنگی ئاوی و پاستیل و قەڵەمی رەش و قەڵەمی رەنگاورەنگ و قەڵەمی جاف و مارکەب ، هەڵکۆڵین لەسەر تەختە و لەسەر (زینگ) .

کاتێک بینەر بەرامبەر تابلۆیەک دەوەستێت و تەماشای دەکات ، هێندەی بیر لە خۆگونجاندنی خۆی و تابلۆکە و بەخشینی مانایەک بۆ ناو دەکاتەوە ، ئاوڕدەدە بیر لەبارودۆخی هونەرمەندەکە لەکاتی کردنی کارەکەدا ناکاتەوە بەتایبەت پێشانگایەک کە لەشارێکی ئاوڕوپی نیشان بدرێت ، بینەر هیچ کاتێک بیر لەوە ناکاتەوە کە ئەم کارە لەدۆخێکی دژواردا دروستکراوە و هونەرمەندەکەی هیچ هێمنی و ئارامییەکی نەبووە و بازارێکی وەهاش نزیکی نەبووە کە هەڕ شتێکی بوێت بیکرێت .

پاساودان (تبریر) لەهونەردا نییە ؛ کاری هونەری دەبێت کارێکی تەواوبێت ، هەڕ لاوازی و کەم و کوڕتیەکیشی تێدابێت دەگەڕێتەوە بۆ هونەرمەندەکە خۆی نەک بۆ نەبوونی کەرەسەی هونەری یاخود دژواریی بارودۆخ . ئەمە جار و دژواریی یاساکانی هونەرە ، یا دەبێت هونەرمەند بیت یاخود نەبێ . کە هونەرمەندیش بووی دەبێت زۆرشت تەحەمول بکەیت ، بەتایبەتی تەنیایی و ناموبوون .

بەگشتی کارەکان ئاستی هونەریی بەرزیان تێدابوو ، لەگەڵ ئەوەشدا کاری تێدا بەدی دەکرا کە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا نەدەگونجا و هێشتا هەستی ڕاهێنانی (تمرین) تێدا ئاشکرابوو . سەرجەمی کارەکان کۆمەڵێ پێبازی هونەریی جیاجیان لەخۆگرتبوو ، وەکی پێبازی ڕیالیزم ، سوریالیزم ، دەربڕینخوازی و دەربڕینخوازانەیەکی ئەبستراکت . ئەگەرچی لەناو تابلۆیەکدا چەند شێوەیەکی ئەبستراکت یاخود نیمچە ئەبستراکت بەدی دەکرا ، بەڵام لەکۆی کارەکانی پێشانگاکەدا تابلۆیەکی تێدا نەبوو کە ئەبستراکتی پێ بگوترێت . ئەمەش دیاردەیەکی ئاساییە لەکاری ئەم هونەرمەندانەدا ، چونکە هونەرمەند کاتێک کاری ئەبستراکت دەکات کە سەربەستی حالەتەکانی خۆی لەخۆبەستنەوە بەشێوە یان بابەتەوەی پێ گرنگتربێت .

تێکڕای کاری ئەم هونەرمەندانە دەربڕینی بارودۆخێکە ڕ لەشێوەی بابەتێکی زەق و ئاشکرادا یاخود لەنێو مامەڵەکردن لەگەڵ چەند شێوەیەکدا بۆ دەربڕینی حالەتە خودییەکانی هونەرمەند خۆی . لەهەردوو حالەتەکەشدا هونەرمەندەکانی پێشانگاکە شێوەی ئاشکرا و نیمچە ئەبستراکتیان لەکارەکانیاندا بەکارهێناوە .

هونەرمەندان مەحەمەد سالیم ، عالی کەریم ، عەدنان شینۆ و ئاری بابان پێبازی سوریالیزمیان بۆ کارەکانیان هەڵبژاردووە ، ئەمەش بۆ خۆی خەیاڵێکی بەرفراوان و ئەتموسفیرێکی خەوالوی دەوێت . مەحەمەد سالیم و عالی کەریم ڕ وەکو ئەتموسفیری ڕەنگی کارەکانیان ، کە شین دەگرێتە خۆی ڕ وەک بەکارهێنانی شێوەی تیژی وەک بڵاچە و شکاندن و هاروەها بەکارهێنانی سیمبۆلی تایبەت وەک کاو ، زۆر لێکەوە نزیکن .

ئاری بابان زۆر بایەخی بەبابەت داوە . وێنەی مرۆڤەکەی و پاپیلکەکەی لە ناوەڕاستی کارەکەیدا نەخشیوە ، ئەمەش خستۆتە نێو ئاسمانی ڕەنگاوە کە بەگشتی شێوەی خاونێکی ناڕەحەتی دروستکردووە .

سوریالیستی عەدنان شینۆ ڕەخنەگرانە و دەربڕینخوازانەیە . ئاوێش بایەخێکی زۆری بەبابەت و بینای شێوەی گشتیی تابلۆکەی داوە ؛ لێرەدا مەبەستمان لەشێوەی ناڕاستەوخۆ و تەماوی تابلۆ گەورەکەیەتی کە لەسێ پارچەی بایەکاچوو پێکهاتووە و تیایاندا کۆمەڵێ خاڵی زۆری کۆکردۆتەوە ؛ وەک ڕاکردوو و مانگرتوو لەبەرامبەر تابلۆندی شارە گەورەکەدا . لەبەشی ناوەڕاستی تابلۆکەشدا دیمەنێکی گەورەی لەسروشتی بێ گیان بەسەر یەکدا کەوتووی دروستکردووە کە خوێنیان بەسەر بەشی سێیەم و

خوارەوەی تابلۆکەدا لێ دەکێت ، کە ئەویش بریتییە لە دیمەنێکی جوان لەچیا و چۆل و گوڵ و سەوزەڵا .

گەر عەدنان شێنۆ ناوی هاڵەبجەشی لەکارەکەیدا نەنابایە ، ئاشکرایە بۆ چاو کە ئەو دەیەوێت بڵێت چی . ئەمە کارێکی واقیعی و دڵتەزێنە . کارەکانی تری عەدنان شێنۆ هونەرمەندی سوریالی (هنری ماگریت) مان وەبیردەهێنێتەوە . شێواز و تەکنیکی هونەرمەندی شێوەکار بۆ دروستکردنی کارێکی هونەری جودایە لە شێواز و تەکنیکی نووسەرێ یا مۆسیقاژەنێ یان سەماکەرێ یاخود شانۆگەرێک . تابلۆ کیانێکی ئارامە (ساکن) ، کاتی کارکردن جوڵێنراوەیە و کاتی تەواوبوونیشی بەئارامی دەمێنێتەوە . جوولەی دواتری لەبەرامبەر بینەردا دروست دەبێت ، ئەو چاوەی کە توانای بینینی هەبێت . ئەم کارانەش کاریگەری جیاوازیان بە سەرچاوەی تاکەبینەر (المشاهد الواحد) هەیە ، ئەمەش بەخودی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ توانای هونەرمەند لەدروستکردنی کارە هونەرییەکەی و تەکنیکی و شێوازی دەربڕینی و داڕشتنی .

دوو تابلۆکەی عەلی جۆلا بینەر بەرامبەر خۆی ڕادەگرن و زۆری لێدەکەن کە بەوردی سەرنجیان بدەن و لێیان ڕابمێنن . ئەو دوو تابلۆیە خاوەنی تەکنیکی هونەریی بەرزن و لە دەربڕین و داڕشتنیشدا ئاستێکی هاوچەرخیان هەیە . عەلی جۆلا زۆربەی پانتایی کارەکانی کورتکردۆتەوە و تەنها جەندی لەسەر ئەوە کردووە کە خۆی دەیەوێت بە بینەری نیشان بدات . پاشان کۆمەڵێ شێوەی بەرهێنکی زەوی ئاسا داپۆشیوە لەکاتێکدا کە پێشان وێنەیانی کێشاوە . ئەو چاوی بینەر بەسەر تابلۆکەیدا ئەکشێنێ و بۆ ئەو شێوەی کە خۆی دەیەوێت ئاڕاستەی دەکات .

لەهەردوو تابلۆکەیدا پارچە بەرهێنکی سووری لەناوەندا داناوە ، کە دەبێت بەرچاوی بینەر بکەوێ . پاشان بەنەرمییەوە پاڵ بەچاوەوە دەنێت بۆ بەشەکانی تری تابلۆکە و بینینی ئەو شێوە ئەبستراکت و نیمچە ئەبستراکتانەی کە وێنەیانی کێشاوە ، دوای ئەوەش بەرهێنکی دی داپێوشیون . عەلی جۆلا لەیەک کاتدا هەم هونەرمەندە و هەم بینەرێکی هەستیار .

هونەرمەند چیمەن ئیسماعیل یش کۆمەڵێ جەستەی مرۆڤی بەیەکاچوونی بەشێوەی جیاواز بەکارهێناوە . هەر جەستەیەک لە جەستەکان بەهێلێکی ڕەشی ئاشکرا لەوەکەی تر جیاکردۆتەوە و هەموویان یەک جۆرە دونیای ڕەنگی تێکەڵاویان بەخۆوەگرتووە و کۆی کارەکە ئەوە بەبینەر دەگەیەنێت کە ئەم مرۆڤانە لەیەک حاڵەتدا بەشدارن ، ئاوێش دەم و چاوەکان نیشانی دەدا : (هاوارە) . جەستەکانی تابلۆکە کەوتوونەتە ناو گۆمێک لەڕەنگی سەوزی جۆراوجۆرەوە . چیمەن ناوی (هاڵەبجەی) ی لە تابلۆکەی ناوە . تابلۆکە بەگشتی جەستەیەکی یەکگرتوو و ئازادە لەشێوە و ڕەنگدا ، ئاستێکی بەرزی هەیە لەداڕشتندا . ئازادبوونیشی لەیاسا ئاکادیمییەکان ڕادەیەکی بەرزی هاوچەرخبوونی پێ بەخشیوە . ئەم تابلۆیەی چیمەن دونیای هونەرمەندی نیتالی هاوچەرخ (میمۆ پالاندینو) مان دەهێنێتەوە یاد .

هێزی هونەرمەند لەدەوڵەمەندیی ڕۆحی و ڕووتی و ئاشکرایی ڕوانگەی هونەرییەکە ، هەروەها لەتوانای بۆ دروستکردنی کارە هونەرییەکەی . هونەرمەند بەهەستێکی ناسک و تواناوە لەگەڵ کارەساتەکان مامەڵەدەکات .

ئاکۆ غەریب دونیایەکی تایبەتی خۆی هەیە . ئەو هونەرمەندێکی بەتوانا و خاوەن ڕەنگ و شێوە و دیدگایەکی (منظور) بەرزە و دەتوانێ لە تابلۆکانیدا دونیایەکی ڕەنگی تایبەت بۆ خۆی دروستکات . کارەکانی جۆرێکن لەڕیالیزم کە تێکەڵاوی کردووە بە دەربڕینخوازی . ئاکۆ توانیویەتی بۆ هەموو ماوەیەک هەستی تایبەتی خۆی بدات ؛ جوڵانەوەی هەوا ، ساردی بەفر ، نەرمی قوماش ، تووندوتوڵی ماسوڵکە ... هتد . توانیویەتی لەهەردوو کارەکەیدا ئەو هەستی ساردی و تووندوتیژی سروشت و بەرهەڵستکردنی گیان لەبەرهەم بەبینەر بگەیەنێت ، بەڵکو پتر ژیان و جموجوڵیشی پێ داون . ئەتموسفێری کارەکانی چەند پارچەیەک لەفلیمی (یۆڵ - ڕێگا) ی یەلماز گۆنای دەرهێنەرمان بیردەهێنێتەوە .

یەکێک لە سیماکانی هونەرمەندی کوردی هاوچەرخ ئەوەیە کە زۆربەیان (وێنەکێشن) (ڕسام) وەک لەوەی هێڵکار (مخطط) یان پەیکەرتاش یان هونەرمەندی گرافیک بن . گرافیک هونەرێکی تازەیە لەبزووتنەوەی هونەری شێوەکاریی کوردیدا . ئەوانەی لەکوردستانی خواروو هونەرمەندی گرافیکن بریتین لە : مەدحەت مەحمود عالی ، سەروەت ئەنوەر ، ڕەمزی قوتبەدین و لەم پێشانگایەشدا ناوی گوهدار سالح پش چووە پاڵیان.

زاراوەی گرافیك پەیوەندی زۆری بە (هێڵ) وە هەیە ، واتە هونەرمەندی گرافیك بەپلەی یەکەم هونەرمەندی (هێڵ) ـە .

لەم پێشانگایەدا سێ ئیشی گرافیکی گوهدار و پێنج ئیشی ساروەت ئاتوەری تێدابوو . گوهدار هێڵەکانی بەوپەڕی سادەیستی و هاستیارییەوە کێشاوە . تەواو کۆنترۆڵی شێوەکانی پێکردووە و بەپێی پێویستی خۆی گۆڕانکاری تیاکردووە . بۆ دروستکردنی چەند بابەتێك کە پەیوەندی بەمرۆڤەوە هەبێت ، گوهدار مرۆڤی بۆ کارەکانی هەڵبژاردووە و بەهێڵ ماملەی لەتەکدا کردووە و چەند هێڵێکی بەیەکاچوو ، بەپەل ، بەهێز و ئازاد شێوەی مرۆڤێکی بەبیر دەهێناند ، ئەمەش ژیانێك و قۆناغێکی رۆحی و شێوەیەك لە دەربڕینخوازیی تازەی بە کارەکانی بەخشیوە .

کارەکانی ساروەت هار بەشێکیان چیڕۆی تایبەتی خۆی هەیە ، ئاو کارانەی کە لەسار تەختە هەلیکەندوون سادەکاری (بسیط) نەك سکاری و تازەگەریی لێ بەدیدەکرێت . ساروەت جگە لەرەش و سپی رەنگی تریشی ، وەك سوور و ساوز و زەرد ، لەرووبەرەکانیدا بەکارهێناوە . ئەمە ئاوەندەی تر جوانی بەکارەکانی بەخشیوە . ساروەتیش هەم رووبەر و هەم هێڵی کورتکردۆتەوە و تەواو لەتەکادیمیەت ڕزگاریکردووە . بابەتی کارەکانی دەم و چاو و خانوو و ماڵن ، دوورن لە (انشاء) ی فۆتۆگرافی . لەکارەکانی تریدا کە لەسار (زینگ) هەلیکەندوون زیاتر بایەخی بەوردکاری داوە . بۆ ئەم وردکارییانەش تەکنیکی کارەکە زۆر یارمەتیدەرە وەك لەهەلکەندن لەسار تەختەدا . لەم کارانەدا کە ئەتموسفێرێکی تریان لەخۆ گرتووە بە بەراوردکردنیان لەگەڵ ئاو کارانەی کە لەسار تەختە هەلیکەندوون ، بابەتەکان پتر ئاشکرابوون .

هونەرمەندانی پۆژهەلات بەگشتی و هونەرمەندی شێوەکاری کورد بەتایبەتی ڕەنگ لە کارەکانیاندا زۆر بەکاردەهێنن . ماملەکردنیان لەگەڵ ڕەنگدا زۆر زیاترە تا لەگەڵ ڕەش و سپی یان لەگەڵ شێوە یان هێڵدا . پێم وایە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەست و (مزاج) ی گەرمی مرۆڤی پۆژهەلاتی و هەروەها بۆ کاریگەری ئاو و هەواش . ڕەنگ و مۆسیقا وەکو یەك پەیوەندییان بەهەستاوە هەیە . دونیای پۆژهەلات دەولەمەندە بە مۆسیقا و سەما و ڕەنگ ، بۆیە بەکارهێنانی ڕەنگ لە کاریکی هونەرییی هونەرمەندێکی کورددا حالەتێکی سروشتییە لەگەڵ هەست و نەست و بارودۆخی دەروونی هونەرمەندەکەدا دەگونجێ .

بینەری ئاوروپی ئاوەندە کاری هونەرییی ڕەش و سپی و تۆنەکانی بینوە کە چاوی لێیان تێڕبووە و وای لێهاتووە زۆر جار لێیان هالبێت و بەدووی کاری ڕەنگیدا چاوبگێڕێت . ئەمەش وایکردبوو ئەم پێشانگایە بینەری زۆر ڕووی تێبکات . بەتایبەت لەکارەکانی ئاراس عبدالکریم کە هێجگار دەولەمەندبوون بەڕەنگ . تابلۆکانی پڕ ڕەنگ و (شفاف) ن و دونیایەکی پڕ هەست و مۆسیقای هەیە و زۆر نزیکە لە ڕۆحی ڕۆژهەلاتەوە . ئاراس شێوەکانی سادەکردۆتەوە و لەگەڵ ئەتموسفێرە ڕەنگاوییەکەیدا گونجاندوویەتی ، ئەمەش بەچەند هێڵێکی ساکار و ئازاد کە لە ڕۆحی منال و دونیای (پاول کلێ) یەوە نزیکە .

هەروەها ڕەنگە پرتەقالی و شینەکانی دڵشاد ساحیبقران و ئازادیی پەك ڕەنگەکانی و هێڵ و ڕەنگەکانی سالمان ئیسماعیل کە هێز و جۆشێکی دەربڕینخوازی بەکارەکانی داوە و ئاسمانە زەرد و پرتەقالییە گەورەکەی نووری ماحموودیش کە بەفڕە و زۆر بە بەهێزییەوە پیریکردۆتەوە ، ڕۆح و جوڵانەوەیەکی باردەوامی باو ڕووبەرانە داوە . دونیای (سامان کەریم) یش ئەرم و ناسکە ، لەکاتێکدا کە چوارگۆشە بچکۆلەکانی بەقەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ بەشێوەی دار و دەم و چاو پیرکردۆتەوە . هێز و توانای (هاوڕێ ئەنوەر) بەسار ڕەنگ و بارچەستەکردن و دووری و کۆنترۆڵی بەسار تابلۆکە و جوڵانەوەکەیدا ، هەروەها ئاو هاستە پاییزییەی کوێستان جەمال . ئەمانە هەموویان کۆماڵێ هاستی بەرزن کە ئەم هونەرمەندانە بەڕەنگ دەریان بڕیوە .

هەندێ دوورکەوتنەوە لەدونیای ڕەنگ و بەرەو نزیکبوونەوە لەبابەت و بیری تابلۆکە لای (حسام حەکیم) لە تابلۆی (نووستووەکان) دا کە بە قەڵەمی (مرەکەب یاخود جاف) ی ڕەش نیگاری کێشاوە زۆر بەکەمی تروسکایی سپی لەقەراغی شێوەی مرۆڤ و کۆت و زنجیرەکەی جێهێشتبوو ، ئەمەش بۆ لێك جیاکردنەوەیان .

مەحامەد سالیی کۆماڵێ شێوەی هاندەسیی چڕی نیگارکێشاوە و لەپێشی کارەکەشیەوە منداڵێك دیارە کە بە دەزووییەك چۆلەکەیەکی بەستووە . بێگومان مەحامەد سالیی دەیەوێت لەڕێوان ئەم بابەتەوە بیرێك بەبیەر بڵێت .

بینەر تازوو بەلەشیا دێ کاتێک لەتابلۆکەی (هدی) ڕادەمێنێ ، کە چۆن ئەو شێوە (هەم مرۆڤ و هەم کرم) وەها بچوک بچوک لەچەند کونێکی جیاوازەوە لە سێوێکی گەورەوە دێنەدەرێ و لەولاشەوە لە پەنجەرەیەکدا مریشکێک چاودێری دۆخەکە دەکات .

هونەرمەندان حسام حەکیم ، هدی ، مەحمەد سالمی و ئاری بابان زیاتر قوربانیان خستۆتە سەر بیر لە تابلۆکانیاندا ، بەڵام ئەوزاد خوارەحم و سعاد ستار هەولیان داوە شێوەیەکی ئاشایی بۆ کارەکانیان پەیدابکەن . ئەوزاد پارچە هێلەکێکی بەئاسمانی تابلۆکەیەوە لکاندووە و بەچەند تەلێکێش بەخواروو‌ی تابلۆکەیەوە بەستۆتەوە و لەخواروو‌ی تابلۆکەشیدا کۆمەڵێ کەرەسەی بەکارهێناوە کە پووبەرێکی گرژ و پڕ چڕ و لۆچیان دروستکردووە . ئامە تەنیا کارێکە کە بۆ (فالەستین) کراوە . سعاد ستار قوماشەکەی دڕاندووە و شێوەی نیمچە مرۆڤ یا خاچی لێ دروستکردووە و بەبێ چوارچێوەش هەڵیواسیوە .

جگە لەم هونەرمەندە ناوبراوانە ، ئامانج کامیل ، حیکمەت هیندی ، سەرهەڵ شاوقی ، ئەکرەم عەلی ڕەمەزان ، عبدالرحمن وطید ، ستار عەلی ، جۆش ڕزگار شاوقی ، عیماد عەلی ، کاوە بابان پێش بەشداریان لەم پێشانگایەدا کردووە . بەگشتی دەکرێت بگوترێت کە هونەرمەندانی ئەم پێشانگایە گشت تەکنیک و ڕێبازێکی هونەرییان لەپێناوی بابەتدا بەکارهێناوە . ئەمەش زۆربەی کارە هونەرییە ئەوروپی و ئەمریکییەکان ، کە لەپێناوی گەشەساندنی تەکنیک و ڕێبازی هونەریدا کاردەکەن ، جیادەکاتەوە . هاوەها ئەم کارانە بەئامانجی خستنە بازاڕی هونەر دروست نەکراون ، بەڵکو پێداویستییەکی هونەری و مێژوویی خولقێنەری ئەم کارە هونەرییانەیە ...

شایانی باسە ، ئەم پێشانگایە بێ هەوڵدانی دڵسۆزانەی کۆمەڵێ لە ئەندامانی مالبەندی ڕاگەیاندنی کوردستان لەشاری مونشین (Kurdistan Informationzentrum) بەتایبەتی ئینگە ڕۆک ، کامەران فەتاح ، هونەرمەندی شێوەکاری ئالمانی هێندرێک قیت کۆپف ، ئاراس فەتاح و کاژاو ... ئەدەکرا بەئەنجام بگەیەنرێت .

ئەم پێشانگایە ئێوارەی ڕۆژی ١٨ ـ ٩ ـ ١٩٩٢ کاتژمێری هەشتی ئێوارە بە ئامادەبوونی چەند مانگ بۆ ڕێکخستنی پێشانگاکە و تابلۆکان دوا . لەکۆتایشدا لەپەیامی ئەم کارە لەئەوروپا بەگشتی و ئالمانیا بەتایبەتی دوا . پاشان ئاراس فەتاح بەزمانی کوردی بەچەند دێڕێکی جوان بەخێرهاتنی میوانەکانی کرد و لەڕۆڵی هونەر و گرنگێتی و گاریگەریی لەسەر کۆمەڵگە و لەناو مێژووەدا ، بەتایبەت لە هەندەران ، وە مەسەلەی ناسنامەی کورد لەئەوروپا دوا . لەدواییدا چەند ووشەیەک دەربارەی پێشانگاکە و ڕێباز و تەکنیکی هونەریی تابلۆکان بەزمانی ئالمانی لەلایەن نووسەرێ ئەم ووتارەوە پێشکەشکرا . لەکۆتایشدا بەچەند پارچە مۆسیقایەکی قەشەنگ لەلایەن ئیقبال ماهبەی یەوە و هەندێ گۆرانی دەنگخۆش فەرامەرز پێشانگاکە ڕازێنرایەوە . پاش ئەم سەرهتایە بینەرانی ئالمانی و کورد بۆیەکەمین جار لەهەندەران بەدیتنی پێشانگای هونەری شێوەکاریی کورد شادبوون .

١٢ ـ ١٠ ـ ١٩٩٢
ئالمانیا




عەلی جولا

هەوالنامەی کتێب



چیمەن ئیسماعیل




عەدنان شینۆ



ئاکۆ غەریب



گوهدار سالح



سەروەت ئەنوەر

هەژار


(حەمید دەرویش)

سالی ١٩٥٤ لەشاری کەرکوک لەدایکبووە . دیپلۆمی هونەرە جوانەکانی بەغدای لەسالی ١٩٧٥ دا وەرگرتووە ، هەروەها دیپلۆمی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان لە شاری فلۆرەنسا لەسالی ١٩٨٠ دا و دیپلۆمی Maitrise لەبارەی هونەری پلاستیکی لەیەکێك لەزانکۆکانی شاری پاریس لەسالی ١٩٨٩ دا

پێشانگاکانی :

١٩٧٢ هونەری ئێکسپریسیۆنیست لەشاری هەولێر .
١٩٧٣ سالۆنی ئامۆژگای هونەرە جوانەکان لە بەغدا .
١٩٧٥ گراڤوور (کۆلینکاری) ، بەغدا .
١٩٧٧ گراڤوور ، لە (جمعیة الفنانین العراقیین) ، بەغدا .
١٩٧٩ لەگەڵ هونەرمەندانی دیکەی کورد ، فلۆرەنسا (ئیتالیا) .
١٩٨٠ لەسەد سالەی سەربەخۆیی ئیتالیادا ، شاری فلۆرەنسا .
١٩٨١ لەگەڵ هونەرمەندانی دیکەی کورد ، ڤیەننا .
١٩٨٢ لەگەڵ هونەرمەندانی دیکەی کورد ، پاریس .
١٩٨٣ لەگەڵ هونەرمەندانی دیکەی کورد ، ئەمستردام .
١٩٨٣ لەگەڵ هنەرمەندانی مۆنتمانیخ ، پاریس .
١٩٨٥ ناوروز ، ڤینیز ، ئیتالیا .
١٩٨٧ پووپل گالێری و دیکسۆن گالێری ، لەندەن .
١٩٨٧ مێزۆن دو لا رادیۆ ، پاریس .
١٩٨٨ ئەنستیتووتی کورد ، پاریس .
١٩٨٩ ئێسپاس ١٣ ، ستراسبۆرگ (فەرەنسا)
١٩٩٠ ئێسپاس ئوو . ڤێ . نا ١٨٠ ، پاریس .
١٩٩١ شەقامی مۆنت - سونیس ، پاریس .
١٩٩١ فۆروووم دێ هالس ، پاریس .
١٩٩٢ پێشانگای ژیگناك ، لەشاری Gignac .

کاك هەژار (حەمید دەرویش) ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتیە لە کۆمەڵی هونەرمەندانی کورد لە فەرەنسا A.A.P.K.F کە ئەمە ناونیشانەکەیتی : 45 , Rue Boinod , 75018 Paris , France



هەژار

هەوالنامەی کتێب



هەژار

مەژار

مەژار

هەوالنامەی کتێب

نازادییەکی پرسی

چ چارەسەری چ دەکات ! دەنگ رەنگی لم وەردەگرێت و چراش پالتۆی خۆی .
مانفای خۆشەویستم ! هەموو شوێنێ هار مانفایە ! سارای ولات و پووبارە گەوجەکانی ئەم کێشوەرەش .
(دوێنێ) لەسار چارچافێکی سپی داندرابوو ، زەرەهات و هوردوخاش بوو .
دوێنێ کە گەڕامەوە مانفای یەکەم ، دەستم بۆ دەستی بەرد درێژکرد ! غوباری (دارەتوو[1]) سلاوی لێ دەکردم - هەموو هار غەریب بووین - بالای گولەبەڕۆژەیی (2) مۆمیابوو ! دەستی بۆ ئاسمان درێژکرد ، ڕیشە زبرەکەی خوای پێ نیشاندام ، ئاسمان دوور بوو . شەوی ملکەچ ، گۆپاڵ لەدەست ، بەناچاری دەگەڕایەوە ! هاندێ ئەستێرەی بێ مانا سلاویان لێ دەکردم .
کەسم ناناسیەوە ، کەس نەیناسیمەوە ، کەسیش ناناسمەوە .
ئالێرەوە دەڕوانمە ئازادییەک بەقەراغی دونیادا تێدەپەڕێ ، ئازادییەکی برسی ، لەسار شۆستەدا ، ناو لەپی بەبارتاقای نەخشەی جیهان بۆ دلۆپە میوایەک کردۆتەوە .
لە لاڕێدا : دەشت و دەر بێکەس ، چیا و چۆڵ ئاوارە ، تەپ و تۆز بێ ماودا ، ئاسمان بێ هودە . ڕێگا دەچڕا ، گوند کوێرەوەبوو ، شارۆچکە خوای گرمۆڵەدابوو ، شار لەسار گوێسەبانەی ژیاندا ، سەیری شەفەقی دەکرد . گڕۆگیا ژاکاو ، پووش وپەڵاش بێ مانا ، خۆڵ و کەستەک وەک تارمایی بەپانتایی ژیاندا بڵاوببوونەوە .
ووتم : کاکی خۆم ئێرە کوێیە ؟
ووتی : تۆش غەریبی !
ووتم : ئێرە ولاتەکەی خۆمانە ؟
ووتی : منیش غەریبم .
ژیان چیربووەوە وەکو خاڵێکی تر .
منیش کەسێکی تر .
سارم شۆڕکردەوە بیرە کۆنەکە و هاوارمکرد . چرکەیەکی دی ، زایەڵ ، بووەوە دەنگێکی تر . ووتم : ئالێرەوە شەفەق جارگی خۆی شاق دەکات .

۲۲ ـ ۹ ـ ۱۹۹۲
فەرهاد

---

(1) دارەتوو : کۆمەڵە گوندێکە ، بەزۆرەملییەکی هاوچارخ ناوەکی پێ ڕەوابینرا .
(2) بالای گولەبەڕۆژەیی : هێمایەکە بۆ موختاری گوندی (زەردک) .

A Quarterly Cultural and Theoretical Review

YEKGIRTIN

Published by Yekgirtin Cultural Centre

19 16 93

Address: Yekgirtin, P.O. Box 227 , 15 02 Kobh. V. Danmark

